# مێژووی هۆیەلی گەیاندن

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ئێرڤینگ فانگ

# مێژووی هۆیەلی گەیاندن

## شەش شۆڕشی زانیاری

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

گۆران سەباح

ناوی کتێب: مێژووی هۆیەلی گەیاندن – شەش شۆڕشی زانیاری
نووسینی: ئێرڤینگ فانگ
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٨٣
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٦٥٨ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# پێڕست

**شۆڕشی یەکەم - نووسین**

داهێنان و نووسین ..... 17
نووسین لەسەر خشتی سوورکراوە ..... 18
پێشڤەچوونی مەعریفە ..... 19
پێست، ئێسک و پاپیرۆس ..... 21
پاپیرۆس لە میسر ..... 23
پاپیرۆس لە ژێر دەستی یۆنانییەکان ..... 25
پارچمێنت ..... 26
کەرستەکانی تری نووسین ..... 27
یۆنانەکان ..... 28
لە ئاکامی چاخە کۆنەکاندا ..... 29
سەردەمی ئاژاوە ..... 33
برەودان بەکولتووری زارەکی ..... 35
ئاگەدارییەکەی سوقرات ..... 36
لە یۆنانەوە بۆ ڕۆما ..... 37
یەکەم کتێبخانە ..... 37
چرای ئەقڵ ..... 38

**شۆڕشی دووەم - چاپ**

پشێوی لە ئەوروپا ..... 41
سەرچاوەکانی هەواڵ ..... 44
ڕیفۆرمەیشن و ڕینێیسانس ..... 45
دیارییەک لە چینەوە ..... 46
بنەڕەتەکان ..... 49
نەبوونی شۆڕشی زانیاری ..... 49
کاغەز دەچێتە ڕۆئاوا ..... 50

٣٠٠ پێستەی مەڕ بۆ یەک ئینجیل ........ 51
کتێب و زانکۆکان ........ 52
یەکەم زانکۆ ........ 53
کولتوورێکی نوێی کتێب ........ 55
سانسۆر ........ 57
سزادان لەبەر بڵاوکردنەوە ........ 58
پۆستە لە چاخەکانی ناوەڕاستدا ........ 59
خزمەتگوزارییە پۆستەییەکان بۆ شارۆکە و جلی شایستە ........ 61
خزمەتگوزاریی پۆستەیی وەک بازرگانییەک ........ 62
لێرە شتێکی نوێ، لەوێش شتێکی نوێ ........ 65
پێشڕەوانی ڕۆژنامە ........ 65
یەکەم ڕۆژنامە ........ 67
چاپ و خوێندەواری ........ 68
چاپکردن بەزمانی سادەی خەڵک ........ 69
بۆ بەخوێندنەوە سەرم بێشینم؟ ........ 70
بزوێنەرەکانی چاپ و خوێندەواری ........ 71
خوێندەواری و یەکسانی ........ 73
ئایا گۆتنبێرگ زانیاریی لەبارەی چینەوە هەبوو؟ ........ 73
پێشکەوتنی ئەوروپا ........ 74
گۆتنبێرگ چیی دەزانی؟ ........ 75
تایپی گوێزراو لە چین و کۆریا ........ 78
دەسکەوتی گۆتنبێرگ ........ 80


## شۆڕشی سێیەم - هۆیەلی ڕاگەیاندن


پشێویی سەدەیەکی نوێ ........ 85
گۆڕان بەرەو شارەکان ........ 86
شۆڕش مەینەتیشی لەگەڵ خۆی هێنا ........ 87
سێ شۆڕش ........ 88
کرێکارە منداڵەکان ........ 89
گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان ........ 91
پشت پێ بەستنی جەماوەری ........ 92

چاپ بۆ هەموو کەسێک ..... 93
گۆڕانەکانی چاپ ..... 94
ستریۆتایپ "پلێتی چاپ" ..... 95
ڕێکخستنی تایپ ..... 96
ئۆفسێتی لیسۆگرافی ..... 97
کاغەز بۆ هەموو کەسێک ..... 97
پەڕە کاغەز بەبەردەوامی ..... 98
وانەیەک لە زەردەواڵە ..... 99
پەمپی زانیاری ..... 100
بازرگانیی ڕۆژنامە ..... 101
پێنی پرێس ..... 102
ڕاپۆرت ..... 104
لەدایکبوونی ئۆبژێتی (بابەتی بوون objectivity) ..... 105
پێشڤەچوونەکانی ژووری تایپ ..... 106
فۆتۆگراف لە ڕۆژنامەکاندا ..... 108
ڕۆژنامەوانیی ئازاد ..... 109
ڕۆژنامەوانیی کۆنترۆڵکراو ..... 110
ئافرەت دەتوانێت تایپ بکات ..... 111
یارمەتیدانی هێنانە دەرەوەی ئافرەت ..... 112
ئۆفیسە کۆنەکە ..... 112
داهێنانی ئامێرێکی نووسین ..... 113
ئامێری شۆڵز ..... 114
ئافرەت گوزارەیە لە کار ..... 115
کوێرتی ..... 116
"گەر هەر کەسێک ئارەزووی لێ بێت..." ..... 117
دروستکردنی داوا ..... 117
بناوانی ئاگەداری ..... 118
وشەکە بڕێتییە لە "ئاگەداری" ..... 120
ئاژانسی شاباش و ئاگەداری ..... 121
کەتەلۆگ و داودەرمانی ماف پێ دراو ..... 123

ناوە نوێیەکان ..... 123
ئامێری زیاتری شاباش ..... 124
ڕێکلامی ڕادیۆیی ..... 125
شاباش لەسەر تەلەڤزیۆن ..... 126
دانانی پێوەرەکان ..... 126
چارەسەرکردنی کێشە پۆستەییەکان ..... 127
سەرۆکی پۆستەکان و بڵاوکەرەوەکان ..... 128
خزمەتگوزارییەکانی پۆستە بۆ ڕۆژنامەکان ..... 129
گواستنەوەی نامە ..... 132
ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی ..... 134
فۆتۆگرافی ..... 135
ڕەگەکانی لە سەردەمی کۆندا ..... 136
بنچینەی کیمیاویی فۆتۆگرافی ..... 136
داگوێر و تالبۆت ..... 137
پلێتی تەڕی فۆتۆگرافی ..... 139
وێنەگرتنی جیهان ..... 139
فۆتۆی حەیابەرەکان ..... 141
فۆتۆئینگرێڤینگ ..... 142
کۆپی (ئیستنساخ) ..... 143
سەیری پێشەوە بکە ..... 143
هەواڵە تازەکان ..... 144
ڕۆژنامەکان دەگۆڕێن ..... 145
هێما کۆنەکان ..... 146
یەکەم تەلەگراف ..... 147
"خوا چیی خوڵقاندووە؟" ..... 148
وێستەرن یونیەن دەبێتە پێشەنگ ..... 149
ڕۆڵەکەی لە گەیاندنی زانیاریدا ..... 151
ئاژانسەکانی هەواڵ ..... 153
گۆڕانەکان لە خزمەتگوزاریدا ..... 155
دەنگەکان لەسەر تەلێک ..... 156

خۆتێهەڵقورتێنەر و فریادڕەس 156
"بەڕێز واتسۆن وەرە ئێرە، پێویستم پێتە" 158
ئاخۆ چینە نزمەکان دەتوانن بەکاری بێنن؟ 160
تەلەفۆن وەک ڕادیۆیەکی سەرەتایی 161
ئۆپەرەیتەرەکانی تەلەفۆن 163
پێ نانە سەدەی بیستەم 164
سیگنالەکان (نیشانەکان) لە هەواوە 164
هەندێ لە کاریگەرییەکانی ڕادیۆ بەسەر کۆمەڵگەوە 167
بناوانی ڕادیۆ 168
مارکۆنی 169
پێشبڕکێ 170
کەشتیی تایتانیک 172
دەنگ 173
هەواداران بایەخی پێ دەدەن 174
فیلمەکان لەدایک دەبن 175
فیلمەکان وەک ئالیەتێکی گەیاندن 178
چۆن فیلم دەستی پێ کرد 179
ئەدیسۆن فەرمان بەداهێنانێک دەدات 180
پرۆجێکشنی (نیشاندانی) وێنەی جووڵاو 181
فیلمە نیشاندراوەکان دێنە ئەمەریکا 182
فیلمە سەرەتاییەکان 183

**شۆڕشی چوارەم - خۆشی**

ئاسوودەیی گشتی 185
پارە لە هەژارانەوە 187
ڕۆژنامە چێژ بەخشەکان 188
زیادکردنی ڕەنگ 189
کۆوار خەڵکی بەش بەش کرد 190
سەرەتاکانی کۆلۆنیالەیی ئینگلیزی 190
پلێیجیەریزم باو بوو 191
کۆوارە پێنج، دە سەنت باوییەکان 193

خۆشی لەسەر پلێتێک ..... 194
دەسپێکی موزیکی تۆمارکراو ..... 195
هیچ شتێک حەزی لێ ناکات ..... 196
ژووری فۆنۆگرافەکان ..... 197
فۆنۆگراف وەک کەلوپەلی ناوماڵ ..... 199
سەما و جاز ..... 200
ئەوپەڕی سافی ..... 201
موزیکی تۆمارکراوی هەڵگیراو ..... 203
چیرۆکی شریت ..... 203
ئەڵمانەکان دەچنە پێشەوە ..... 204
ئالیەتێک بۆ ڕۆژنامەنووسان ..... 205
شێوازی نوێ ..... 206
وەشاندن ..... 207
پەراوێزخستنی گوێگر ..... 208
یاسای ڕادیۆ لە ١٩٢٧دا ..... 209
شاباشەکان ..... 211
سیاسەتی وەشان لە وڵاتانی تر ..... 212
تۆڕەکان ..... 212
مرۆڤ بوو بەخاوەن کامێرای خۆی ..... 214
پێشڤەچوونە تەکنیکییەکان ..... 214
کۆداک ..... 215
پێشڤەچوونی زیاتر ..... 216
ئەو وێنانەی درۆ دەکەن ..... 217
هۆلۆگرام hologram (وێنەی سێ دووری) ..... 219
فیلمەکان چیرۆک دەگێڕنەوە ..... 220
فیلمی ٥ سەنت باوی ..... 220
ترس لە فیکرە شۆڕشگێڕییەکان ..... 221
بازاڕێک بۆ چیرۆکە سادەکان ..... 223
ئەکتەرەکان ..... 224
سیستمی بەرهەمهێنان ..... 226

وێنە جووڵاوەکان لە وڵاتانی تردا 226
هـاتنـی دەنـگ 226
هـاتنـی ڕەنـگ 230
ئەستێرەکان و فیلمەکانیان 231
سـانسـۆر 233
پرسە سیاسییەکان 234
سەیرکردنی فیلم لە ناو ئۆتۆمۆبێلدا 235
داخلکردنی تەلەڤزیۆن 237
بڵاوکرنەوەی خشتـە 238
دروستکردنی فیلم بەهەرزان 239

**شۆڕشی پێنجەم - چەرداخی ماڵ**

پێوەندی و گەیاندن لە چەرداخ 241
چی لە خانوو دەکات ببێتە ماڵ؟ 242
پێوەندییەکان کەم دەبنەوە 243
فراوانکردنی چەرداخی ماڵ 244
کێشەکانی بەکارهێنانی زۆری میدیا 245
گەیاندنی نامە بۆ ماڵ 247
گەیاندن بۆ ماڵ بە بەلاش 247
بەستە، کەتەلۆگ و نامەی نەناسراو 248
گۆڕانـەکان 249
بەکارهێنانی نوێی تەلەفۆن 250
ڕێکخستنەوەی کۆمپانیاکانی تەلەفۆن 251
تەلەفۆنی دەستی 252
تەلەفۆنی گیرفان 253
تەلەفۆنی نوێ وێنە دەگوازێتەوە 254
خزمەتگوزاریی هەمەجۆر 254
بێ دەست لێدان دەگەیتە خەڵک 256
خۆشگوزەرانیی "بەلاش" 257
وەشانە سیاسییەکان 258
کاریگەریی کولتووری 258

باشترکردنی دەنگ ........ 259
ڕادیۆ خۆی دادەهێنێتەوە ........ 260
ستیزن باند ........ 261
تەماشاکردنی بلووری فاڵگرتنەوەی ڕادیۆ ........ 262
سوودەکانی وەشان ........ 262
وێنە TV لە ژووری دانیشتن ........ 263
ئەو کاتەی لە تەماشاکردن سەرف دەکرێت ........ 264
ڕەگە زانستییەکانی تەلەڤزیۆن ........ 265
تەلەڤزیۆنی ئەلیکترۆنی ........ 267
خەڵک بەتەلەڤزیۆن ئاشنا دەکرن ........ 269
شەڕ لە پێناو ستانداردەکان ........ 270
ئێچ دی تیڤی ........ 272
بنەما بازرگانییەکان ........ 272
بەرنامەدانان ........ 273
کات، شوێن و گرێ ........ 274
زنجیرە دراماکان ........ 275
زنجیرە کۆمیدییەکان ........ 276
کام بەرنامە بۆ منداڵانە؟ ........ 277
بەرنامەی گفتوگۆیی و ئینفۆتێینمێنت ........ 278
سەیری بەرنامە بە پارەیە ........ 279
تراجیدیا لە ژووری دانیشتن ........ 280
هەواڵ لە ڕادیۆ ........ 282
دوو ڕەگەکەی هەواڵەکانی تەلەڤزیۆن ........ 283
داپۆشینی کوشتنی کەنەدی ........ 285
بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان ........ 286
خۆپیشاندانەکانی دژە شەڕ ........ 287
"شەڕ لە ناو ژووری دانیشتن" ........ 288
تەلەڤزیۆن ڕۆژنامەی ڕۆژنامەوانیی نییە ........ 289
هەندێ جار گوندێکی جیهانییە ........ 290
چەرداخی بێتەل ........ 291

دوو ئەسپەکەی ترۆژان ... 292
چۆن کێبڵ دەستی پێ کرد ... 293
پێشەنگەکانی CATV (کا تیڤی) ... 294
هێنانە کایەی بەرنامەکان ... 297
گەشەی سەرەتایی کێبڵ ... 297
مافی فرۆشتن لە شارەکان ... 299
تیڤی بە پارەی بێ کێبڵ ... 300
کاسێتی ڤیدیۆ، کتێبێکی نوێ ... 300
سوودەکانی ڤیدیۆ لە ماڵەوە ... 301
هەوڵدان بۆ تۆمارکردنی تەلەڤزیۆن ... 302
یەکەم ئامێری ڤیدیۆ ... 303
کۆکردنەوەی هەواڵی ئەلیکترۆنی ... 304
سینەما لە ماڵەوە ... 305
داهاتوویێیەکی نێزیک ... 306
بڵاوبوونەوەی لە سەرانسەری جیهاندا ... 307
فراوانبوونی بناخەی ڤیدیۆی ڕۆژنامەوانی ... 309
چەتەی ڤیدیۆ ... 310
"داگیرکەری کولتووری" ... 311
بڵاوبوونەوەی بەرهەمی ڤیدیۆیی ... 311
دروستکردنی تۆمارکەری نوێ ... 312
ڕادیۆ و تۆمارکردن ... 314
باشترین بەرهەمی دەنگ ... 314
ئێستاش هەر کتێبمان هەیە ... 316

### شۆڕشی شەشەم - ڕێی گشتی

جەنجاڵی هاتوچۆ ... 319
ئیختیارەکان ... 321
تێکەڵبوون ... 324
گەیاندن لێکمان جودا دەکاتەوە ... 325
پێوەندی لە دوورەوە ... 327
کۆمپیوتەر لە سەروبەری تەقینەوەیدا ... 329

ئالیەتێکی گەیاندن ........ 329
کۆمپیوتەر چۆن دەستی پێ کرد ........ 331
بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان لە ڕێگەی کۆمپیوتەری کەسییەوە ........ 332
کۆوارەکان خوێنەرەکانیان دەکەنە ئامانج ........ 333
مەڵتی میدیا، کتێبێکی نوێتر ........ 334
مەڵتی میدیا چییە؟ ........ 336
سیدی ڕۆم ........ 337
زانینەکانی سەر سیدی ڕۆم ........ 339
وەشانی تایبەتی لە ڕێگەی کێبڵەوە ........ 339
تێد تێرنە دێتە مەیدانەوە ........ 340
کەناڵە نوێیەکان ........ 342
هۆم شۆپینگ ........ 343
وەرگرتنی مۆڵەتی کێبڵ ........ 344
کێبڵی بە پارە ........ 345
کێبڵی بێتەل ........ 347
تەکنۆلۆجیای گواستنەوەی زانیاری ........ 348
بەرنامەدانان لە ڕێگەی ڕیشاڵی ئۆپتیک ........ 349
شوێن پێیەکان لەسەر جیهان ........ 350
دیدە جوگرافی- سیاسییەکان ........ 351
خەڵکی ئەوسەر و ئەمسەری دنیا پێک دەگەن ........ 353
گۆڕانەکان لە پێکهاتەی ڕاپۆرتە هەواڵ ........ 353
سەرەتاکان ........ 355
ئینتەلسات ........ 357
کۆنفرانس لە ڕێگەی تەلەفۆنی ڤیدیۆییەوە ........ 358
وەشانی ڕاستەوخۆ ........ 359
تێکدانی سگیناڵەکان (تەشویش) ........ 360
تەلەپۆرت ........ 360
سنوورێک بۆ ئاسمانی بێ بن ........ 361
هاتوچۆی ئەلیکترۆنی ........ 362
کێ لە ماڵەوە کار دەکات؟ ........ 363

سوودەکانی کارکردن لە ماڵەوە ........ 363
تەلەسەنتەر ........ 365
ئێمە لە داهاتوو لە کوێ بژین؟ ........ 365
چی بەسەر شارەکان دێت؟ ........ 366
ئینتەرنێت ........ 367
کێ خاوەنی ئینتەرنێتە؟ ........ 369
تۆڕی فراوانی جیهانی ........ 370
پارەی ئەلیکترۆنی ........ 371
بۆردی چات و ئیمەیل ........ 372
پێشاندانی کۆنترۆڵ ........ 374
گرووپەکانی زانیاری ........ 375
شاباشکردن ........ 376
هێڵەکانی چات ........ 377
ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان ........ 378
ڕادیۆ لەسەر ئینتەرنێت ........ 378
سندووقی ئیمەیل لە ناو کۆمپیوتەر ........ 380
شێوازی نووسین ........ 382
فاکس ........ 383
فاکسیمێل خێرا ........ 383
"فاکس" لە ناوێک زیاترە ........ 384
ئەسڵی فاکسیمێل ........ 385
بەکارهێنانەکانی فاکس ........ 387
چوونە ئەوسەری ڕێگە گشتییەکە ........ 388
تاقیکردنەوەی کیوب ........ 389
تەلەتێکست و ڤیدیۆتێکست ........ 390
خزمەتگوزارییەکانی سەر ئینتەرنێت (ئۆنلاین) ........ 392
چالاکییە تێکەڵکراوەکانی تر ........ 393
ئەگەرەکانی تێکەڵبوون ........ 394
قۆرخکردنی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن ........ 395
هەواڵی ئۆنلاین ........ 396

ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی ........ 396
تەلکۆس، ڕۆژنامەکان و بڵاوکراوەی هەواڵ ........ 397
فرۆشتنی هەواڵ لە جیاتی ڕۆژنامەکان ........ 398
بەکۆمپیوتەرکردنی ڕۆژنامە ........ 399
دابەشکردن لەسەر ئاستی نەتەوەیی ........ 400
پوختە ........ 401
بەسەرکردنەوەی شەش شۆڕشەکەی زانیاری ........ 402
پێوەندی و گەیاندن لە سێ سەردەمدا ........ 403

شـۆڕشـی یەکەم

# نـووسین

## داهێنان و نووسین

لەگەڵ چاندنی دانەوێڵە و ماڵیکردنی ئاژەڵان، ڕاوچییان، ماسیگران و مرۆڤگەلی ئاسایی توانییان وەک کۆمەڵگەی سەقامگیر ڕەگ داکوتن و لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر پێشبینیی بەخێوکردنی خۆیان بکەن. ڕەوەندەکان لە دۆڵ و دەلتای بەئاو نیشتەجێ بوون و ژیانیان وەک ژیانی بێ گرفتی جووتیاران دەگوزەراند. ئەو شوێنانەش بریتی بوون لە دەلتای نیل لە میسر، شان بەشانی لێوارەکانی ڕووباری ئیندوس لە باکوری ڕۆئاوای هیندستان، ڕووباری زەرد لە چین، هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات لە ناوچەی میزۆپۆتامیا کە ئێستە پێی دەگوترێت عێراق، سۆمەرییەکان نیشتەجێ بوون. کۆمەڵگەکان پەرەیان سەند، داگیرکارەکان ئەو کۆمەڵگەیانەیان یەک خستەوە، ئەمەش حکومەتی بەدوادا هات و بازرگانی بڵاو بووەوە. قەشەکان داوای دیاری و خەڵات بۆ خواوەندەکان دەکرد و کۆکەرەوانی باجیش پەیدا بوون و داوای باجی زۆرتریان کرد. هەموو ئەو دان و وەرگرتنانە پێویستیان بەنووسین و هەڵگرتنی تۆمارەکان بوو.

لەسەر چ شتێک ئەو هەموو تۆمارە، ڕۆژمێر و گرێبەستانە، و باری ژمێریاری و گرێبەستەکانی زەوی پارێزران؟ بۆ ئەوەی شێوازی پاراستن و هەڵگرتنەکەش کردەیی بێت، دەبووایە ئەو شتە گوێزراوە، هەڵگیراو، هەمیشەیی، خێرا دروستکراو و هەرزان بێت. دەبووایە نووسین جێگیر بێت، تاکو گرێبەستێک، دۆکیومێنتی حکوومەت، یان ڕاگەیەنراوە ئاینییەکان بواری گۆڕانیان بۆ نەمێنێتەوە. دۆکیومێنتنووسەکان ئەوەی پێویستیان بایە بۆیان دابین دەکرا، تەنانەت لەم قۆناخە سەرەتاییەی مێژووشدا، داواکارییەکانی



گۆران سەباح (٢)

بەکارهێنەران، بەلای تەکنۆلۆجیادا دەچوو. نووسین بوو بەرێچکەی پێشکەوتن. ئامێرەکان شتی سادە و ساکار بوون. ئەو شتانە نەبوون کە مرۆڤی کۆن پاشان بەکاریان هێنان.

وێنەی جووڵەکانی لەش کە ناسراو بوو بە کو وان ku-wan لەلایەن چینییە کۆنەکانەوە هاتنە کایەوە و بوونە هۆی دروستبوونی پیکتۆگراف pictograph، واتە ئەو هێما وێنەییانەی کە بۆ یەکەم جار لە ئاسیای ڕۆئاوا پەیدا بوون. هۆزە بنەچە ئەمەریکییەکان شێوازی هەڵکەندنیان لە شێوەی پیتی V ی ئینگلیزی یان بۆیەکردنی دار بەکار دەهێنا بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان. لە ئەمەریکای باشووردا، ئامێری چۆرتکە بەکار دەهێنرا بۆ ژماردنی تۆمارە ئاڵۆزەکان. بەڵام وێڕای سانا گواستنەوەی ئەو میدیایانە، بەکارهێنانیان سنووردار بوو.

## نووسین لەسەر خشتی سوورکراوە

نیگارەکانی ئەشکەوتی چۆڤێت بەم دواییانە لە فەرەنسا دۆزرانەوە. تەمەنی ئەو نیگارانە دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر. بەڵام تەمەنی نیگارەکانی لاسکۆکس و ئەڵتامیرا نیوەی تەمەنی نیگارەکانی چۆڤێت دەبن. بەڵام دەبێ تەماشای ناوچەی بە پیتی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستیش بکەین، بەتایبەتی ناوچەی میزۆپۆتامیا بۆ گەشتێکی درێژ لە پێناو بەرهەمهێنانەوە و هەڵگرتنی زمانی قسەکردن، کە ٨ هەزار ساڵ پ. ز لەلایەن سۆمەرییەکانەوە داهێنراوە. تابلۆی قوڕی بچووکی سێگۆشەیی، بازنەیی، خڕ و هێماکانی تر دروست دەکران بۆ گەیاندنی واتای مەڕ، پێوەرەکانی دانەوێڵە، عەمباری نەوت و کاڵا بازرگانییەکانی تر. ئەو هێمایانە وەک چەند ناوەندێکی پاراستنی ڕێژەی کاڵاکان خزمەتی کۆمەڵگەیان کرد بەمەبەستی گڵدانەوەی سەرچاوەکانی کۆمەڵگە و دابەشکردنەوەیان بەسەر خەڵکیدا. وەک چەند هێمایەکی پلەدار بەلای ئەندامە بژاردەکانی نێو کۆمەڵگە، هەندێ جار لە شوێنەکانی ناشتنیش دادەنران. هێماکان بۆ واتای ئەو دیارییانەش بەکار دەهێنران کە بۆ پەرستگەی خواوەندەکان دەنێردران، یان وەک بۆ حوکمڕانێک دەهات، یانیش وەک باشترین شانازی دەدرانە کۆکەرەوەی باج.

هەر کام لە شێوەی هێماکان مانای خۆی هەبوو. بەدەیان هێمای جیاجیای قوڕین، کاری بژاردنیان پێ دەکرا، بۆ ماوەیەکی ئێجگار زۆر کە خۆی لە ٥ هەزار ساڵ دەدات. لە دەوروبەری ٣٧٠٠ ساڵ پ. ز.دا، هێماکان لە ناو قوڕی شێوە تۆپی ناوئاخنراو و جۆرێک لە نامە هەڵدەگیران. ڕەنگە ئەم شێوازە هەندێ بێزارکەر بووبێت؛ چونکە هەرکە هێماکان لە ناو تۆپەکان مۆریان لێ دەدرا، بەهیچ شێوەیەک نەدەزانرا ناو تۆپەکە چیی تێدایە تا تۆپە

قوڕەکە نەشکێنرابا. ژمێریارە سۆمەرییەکان درکیان بەوە کرد دەتوانن بەدوو ڕێگە بزانن ناو تۆپەکان چییان تێدایە، ئەوانیش: یان لە ڕێگەی نووساندنی هێمایەکی تر بەنەرمە ڕووی دەرەوەی تۆپە قوڕەکە یانیش لە ڕێگەی جێهێشتنی هێمایەک لە ڕووی دەرەوەی تۆپەکە بەهۆی ئامازەی پەنجە پێش ئەوەی قوڕەکە ڕەق بێت. هەنگاوی دواتری نووسین بریتی بوو لە نووساندنی هێمایەک بەسەر تابلۆ ڕاستەقینەکە لە جیاتی دەسکاریکردنی. لەو پارچانەی کە لە مۆزەخانە جیهانییەکان هەڵگیراون، هێماکان لەگەڵ واتاکان یەک ناگرنەوە، ئەمەش گوزارشت لە هەنگاوێکی گرینگ دەکات ئەویش بیرکردنەوەی دەرهەستە abstract thinking. لەبەرئەوەی هێماکانی ڕووی دەرەوە واتاکانیان هەڵگرتووە، چی تر پێویستی بەوە نەدەکرد هێما لە ناوەوەی تۆپە ئاخنراوەکە بکرێت، تەنانەت پێویستی بەوەش نەدەکرد هێما لەسەر تۆپەکە خۆی دروست بکرێت. بەبێ هێماکان، دەتوانرا تۆپەکە بکرێتە شێوەی مێزی کراوە و هەر کەسێک پێویستی پێ با دەیتوانی زانیاریی لە سەر تۆمار بکات.

سۆمەرییەکان لەسەر بەرد یان پارچە ئاسنیش شتیان تۆمار دەکرد و وەک مۆرێک بەکاریان دەهێنا و بەتابلۆ قوڕینەکانیان دەدا. بۆ نموونە بەسوراحییەکی شەڕابیانەوە دەنووسان، بەواتای خاوەنداریەتی. ئەم شێوازی مۆرە بووە هۆی دروستکردنی مۆری لوولەیی، کە بەسەر تابلۆ قوڕینە تەڕەکانیان دەدا. بەدرێژاییی تابلۆکە دەنووسا و شێوازێکی تایبەتی وەردەگرت، وەک ئامێری چاپەمەنی ئەم سەردەمەی ئێمە وا بوو.

## پێشڤەچوونی مەعریفە

دەوروبەری ٣١٠٠ پ. ز سۆمەرییەکان ژمارەیان داهێنا، سیمبولی مەڕومالاتیان جیا کردەوە لە ژمارەی مەڕومالات. بۆیە هەندێ لە توێژەران پێیان وایە، هەردوو نووسین و زانستی بیرکاری پێکەوە سەریان هەڵداوە. نووسینە سەرەتاییەکانی سۆمەرییەکان پیکتۆرگراف بوون، نیگاری سادەی شتەکان بوون. هەڵکەندنە شوێنەوارییەکان لە ئوروک دەریان خستووە کە سۆمەرییەکان پەرەیان بەنووسینی ئایدیۆگرافی ideographic داوە: واتە وێنەیەک یان سیمبولێک لە مانای شتێک زیاتری هەبووە، سیمبولێک وەک چەمکێکیش بەکار هاتووە. نووسین وەک ئامێرێک پێش کەوت و توانیی ئایدییەکان بگەیەنێت. لەو کاتەی سۆمەرییەکان ژمارەیان داهێنا، هەنگاوێکی زیاتری پێشوەچوون لەگەڵ نووسینی فۆنەتیک phonetic: واتە سیمبولێک واتای دەنگی بزوێنێک و نەبزوێنێکی هەبووە، بەمەش زمانی نووسین و قسەکردنیان تێکەڵ بەیەکدی کردووە. سۆمەرییەکان نووسینی برگەشیان

داهێناوە، وەک شێوازی مۆدێرنی کانا kanaی ژاپۆنی کە تا ئێستە وەک سیستەمی ئەلفوبێ نییە.

بابلییەکان کولتووری سۆمەری و ئەکەدییەکانی پێش خۆیان وەرگرتووە و گەیاندوویانەتە لووتکە. بابیلۆنییەکان وەک سۆمەری و ئەکەدییەکان لەسەر تابلۆی قوڕ بە شێوەی پیتی V نووسیویانە. هەروەها بڕگەسازیشیان هەبووە syllabary "هەر سیمبولێک بڕگەیەک بووە، بزوێنێک و نەبزوێنێکی لە خۆ گرتووە". هەروەها نووسینیان لەگەڵ ئایدیۆگرافی تێکەڵ کردووە. بابیلۆنییەکان هزرە ئاینییە دەرهەستەکان و هزرە فەلسەفییەکانیان تۆمار کردوون. ڕووەک، ئاژەڵ، کانزا و جۆری بەردەکانیان پۆلێن کردووە. مەعریفەیان لە زانستەکانی بیرکاری، گەردووناسی و تەلارسازی بەرەوپێش بردووە. بەڵام بەپێچەوانەی بیری شیکارییانەی یۆنانەکانی دوای خۆیان، بابیلۆنییەکان لۆجیکیان لەگەڵ ئەفسانە و پووچگەرایی تێکەڵ کردووە.

یەکێ لە بەناوبانگترین دۆکیومێنتەکانی مێژووی میزۆپۆتامیا، کۆدە یاساییەکەی حامورابییە، کە لە سەدەی هەشتی پێش زاین بەزمانی سامیی بابیلۆنییەکان نووسراوە، کە لەسەر پایە ئەستوورەکانی پەرستگەکان هەڵکۆڵدرا بوون. لە نێو نێزیکەی ٣٠٠ یاسا لە نێو "شای بەهێزی چوار چارەگەکەی جیهان"، سیستەمێکی ستانداردی نووسین بوو بۆ ئەو زەوییانەی ئەو داگیری کردبوون، کە سووریا و ئێرانی ئێستای دەگرتەوە.

ئەو شێوە نووسینە لەلای سۆمەرییەکانەوە دەستی پێ کرد، دواتر لەلایەن میسرییەکانەوە بەکار هێنرا. چۆن گەیشتە ئەوێ، ئەمە نەزانراوە. ڕەنگە بەهۆی بازرگانییەوە گوێزرابێتەوە کە لە سەردەمی پێش مێژووش بازرگانی هەر هەبووە. نووسینی هیرۆگلیفی زیاتر بۆ نووسراوە پیرۆزەکان بەکار دەهێنرا، لەسەر گۆڕ و گڵکاری میسرییەکان دەبینرێت. هیرۆگلیفی بۆ تۆمارکردنی مێژووی هەر حوکمڕانێک بەکار دەهات، نەک وەک ڕێگەیەک بۆ نەمرە ئاساییەکان تا لەگەڵ یەکتر قسە بکەن. میسرییەکان دووەم زمانی نووسینیان هێنایە کایەوە، ئەویش ڕێنووسی هیراتیک hieratic "واتە نووسینی هیرۆگلیف بەشێوەی کێرسیڤ" بۆ نووسینە ئاینییەکان. لە هیراتیکەوە ڕێنووسێکی نوێ دروست بوو بەناوی دیمۆتیک demotic بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانە وەک پاراستنی تۆمار و باس و خواسەکان. دیمۆتیک تێکەڵەیەک بوو لە وێنە و نووسینی فۆنەتیکی. میسرییەکان سیستەمی نووسینیان بەچەشنێک پێشڤە برد، قسە و باسی نووسراویان کردە بەشێکی فراوانتر لە ناو کۆمەڵگە، بەڵام هێشتا هەر ئاڵۆز و زەحمەت بوو سەرەدەری لێ بکەی، ئەمە بێگومان گەیاندنی جەماوەری mass communication بوو.

هەنگاوی دواتر سەرهەڵدانی ڕەوتێکی پێشکەوتووی نووسین بوو لەودیو ئیدیۆگرافی سیمبولییەکان. ئەمەش سیستەمێکی گرێدانی سیمبولەکانە بۆ هەردوو زمانی نووسین و قسەکردن. لە وشەیەکدا، ئەلف بێ هەبوو. نەسۆمەرییەکان و چینییەکان و نە میسرییەکانیش، ئەو هەموو ئەو داهێنانەی بەکاریان هێنان بۆ نووسین، سیستەمگەلێکی سادە و پراکتیکی نەبوون کە تێیاندا یەک سیمبولی نووسراو واتای یەک دەنگی بیستراو بدات، بۆیە تێکەڵەی سیمبولە بینراوەکان واتای ئەو شتەی دەدا کە دەبیسترا. هەنگاوی دواتر برێتی بوو لە ئەلفوبێی فۆنەتیکی.

## پێست، ئێسک و پاپیرۆس

ئێسک و پێستی ئاژەڵ، گەڵای دارخورما و پەلکی داربەڕوو، دار و شەمێ، بەرد و ئاسن، لوولپێچ "گوێچکە ماسی" و مەڕمەڕ، ئاوریشم و لۆکە، بەردەسپی و عاج لە کەڵبەی فیل، ئەمانە هەمووی بەکار هێنراون بۆ هەڵگرتن و پاراستنی یادگارییەکانی مرۆڤ.

نووسینی تری میدیا لە سەر تابلۆی مسی زەرد و کاغەزی لە پێستە دروستکراو دەنووسرانەوە. شاکاری ئیلیاد Iliadی هۆمەر باس لە پەیامی نووسراو لەسەر دار دەکات. لە سەردەمی ڕۆمەکاندا، شەمێ و دار بۆ نووسین بەکار هاتوون. لەبەرئەوەی شەمێ گەرم دەکرێت و دووبارە خۆش دەکرێتەوە، جارێکی تر بەکاریان دەهێنایەوە: ئەمەش یەکەم بەرنامەی بەرهەمهێنانەوەی شت بووە recycling. وەڵامی نامەیەک ڕەنگە لەسەر هەمان نامە بنووسرابایەوە ئەگەر پەیامنێرەکە چاوەڕێی کردبا. بەرپرسان لە حکوومەتی یۆلیۆس قەیسەردا ئەم جۆرە تابلۆ شەمێیانەیان بەکار هێناوە بۆ ئامادەکردنی بەڵافۆکی ڕۆژانە و لە کۆڕێکدا پێشکێشیان کردووە: بەڵافۆکی ئاکتا دیورنا Acta Diurna قۆناخی پێش ڕۆژنامەکان بووە.

لیستی وشەکانی نووسین، شێوازی خۆیان وەرگرت. پلینی باس لە نووسینی سەرەتایی دەکات لەسەر گەڵا و پەلکی درەخت. بەکارهێنانی گەڵای درەخت بۆ دروستکردنی لاپەڕەی کتێب لە پراکتیزەکردنی نووسین لەسەر گەڵای دارخورماوە سەرچاوەی گرتووە. وشەی li-brary واتە کتێبخانە لە وشەی liber لاتینییەوە هاتووە کە بە واتای ناواخنی پەلکی دارە.

لە وشەی بوک bocی ئینگلیزە ساکسۆنەکان کە بەمانای پەلکی دار دێت وشەی book دروست بووە واتە کتێب. وشەی volume واتە بەرگ لە وشەی revolve لاتینییەوە هاتووە. کاغەزە لوولدراوەکانی پاپیرۆس papyrus دوای کردنەوەیان دەخوێندرانەوە. وشەی paper کاغەز – ڕۆژنامە لە وشەی پاپیرۆسەوە هاتووە. وشەی پاپیرۆس بە یۆنانی پێی دەگوترێت

بیبلۆس byblos، ئەویش لە شاری بیبلۆسی فۆنیسیاوە هاتووە کەماڵی ئەو بازرگانە زەرییاییانە بووە کە بەکارتۆن پاپیرۆسیان بۆ شارەکانی یۆنان هێناوە. لە وشەی بیبلۆسەوە وشەی bible دێت بەواتای کتێب یان کتێبەکان.

لە ڕۆهەڵاتی نێزیکەوە بگرە تا دەگاتە سۆمەری و میسرییەکان، ئەو ئامێرەی کە زۆر باو و ئاشنا بووە بۆ نووسین برێتی بووە لە تابلۆی قوڕین. هەندێ جار ئەو تابلۆیانە لە شێوەی مێز، و هەندێ جاریش وەک شێوەی لەفی لوولدراو دروست دەکران. مووسا دە ئامۆژگارییەکەی لەسەر تابلۆی بەردین پێ گەیشتووە، کە هەندێ لە زانایان پێیان وایە ئەو تابلۆ بەردینانە تابلۆی قوڕی وشککراوە بوونە لەبەر تیشکی خۆر. تۆمارە مێژووییەکان ڕەنگە لەو کتێبانەدا پارێزرا بن کە لە زنجیرەیەک تابلۆی قەبارە جیاواز ، لە ئینجێکەوە تا ١٢ ئینجی چوارگۆشەدا، پێک هاتبن.

مەرەکەب و ئامێرەکانی نووسین، زۆر پێش سەدەکانی مێژوو هاتوونەتە کایەوە. خۆڵەمێشی بەرئاگردان کۆ دەکرایەوە و لەگەڵ ئاو و هەندێ بنێشتی سروشتی و لینجاوی ڕووەک تێکەڵ دەکرا بۆ بەرهەمهێنانی مەرەکەبێکی چاک. پارچە قامیشێک یان کەزیی قژی ئاژەڵێک وەک پێنووس بەکار دەهات.

زمانی نووسینی سیستەماتیک لە سەردەمی سۆمەرییەکان دەستی پێ کرد، کە قامیشیان بەکار دەهێنا بۆ دروستکردنی هێماکان لەسەر تابلۆ قوڕینەکان. سۆمەرییەکان بۆ چارەسەرکرنی کێشەی پرشکی مەرەکەبی قەمیشەکە، کاتێ لەسەر تابلۆیەکی قوڕی تەڕ بەکار دەهێنرا، ئامێرێکی نووسینیان لە سەری کوتراوی مێخ دروست کرد، لە ئەنجامدا ئەو شێوە نووسینە هاتە کایەوە کە ئێستە ئێمە بەکیونیفۆرم cuneiform دەیناسین. لە نێو ئاگر یان لەبەر تیشکی خۆر وشک و ڕەق دەکرایەوە، بەهەزاران ئەو تابلۆ قوڕینانە بۆ ئەم سەردەمەی ئێمە ماوەنەتەوە، کە ماوەی دروستکردنیان لە چاو کاغەز، زۆری پێ دەچێت.

هەرچەندە کەرستەی قوڕ نووسینی هەمیشەیی و پاراستنی تۆمارەکانی، پێشکێش بەمرۆڤ کرد، هەروەها ماوەی مانەوەشیان زۆر بوو، بەڵام دوو خاڵی لاوازی وەک نەگونجاوی و کێش سنوورێکی بۆ ئەو خزمەتەی قوڕ دانا. ئەوانەی تۆمارەکانیان دەنووسی و دەیانپاراست داوای شتێکی جیاواز لە قوڕیان کرد، کەرستەیەک کە زۆر و هەرزان و، کێشەکەی سووک بێت و لە ماوەیەکی کەمیشدا ئامادە بکرێت.

## پاپیرۆس له میسر

میسرییه کۆنەکان قامیشێکیان له دەلتای ڕووباری نیل دۆزییەوه که پێیان دەگوت پاپیرۆس، که بەپەلکەوه ١٠ پێ بەرز دەبووەوه. جووتیاران بەلەم و کوخیان لەو قامیشەوه بۆ خۆیان دروست دەکرد. ویل دورانتی مێژوونووس بەشێوەیەکی ناشیرین باسی ئەو شته دەکات و دەڵێ: "ئەو شته پووچ و بێ مانایەیه" که شارستانیەتی لێ دروست بووه. کرێکارەکان قامیشەکانیان دەکرد بەدوو لەتەوه، ئینجا به ڕیز هەردوو لەتەکەیان بەپێچەوانەی یەکتر لەسەر یەک دادەنان، بەنەرم بەچەکوش بۆ ماوەی دوو سەعات دەیانکوتان، دواتر لەبەر خۆر وشکیان دەکردەوه. لوولپێچێک یان عاجێک بەکار دەهێنرا بۆ خۆشکردنی پەڕه دروستکراوەکان. بەرهەمی ئەم کۆششه سووک بوو بەڵام چەند ساڵێکی خایاند. بەهۆی کەتیرەوه پەڕەکانیان بەیەکتر دەنووساند و لەفێکی کاغەزیان لێ دروست دەکرد. بەباشی دەپێچرایەوه بۆ گواستنەوه و هەڵگرتن. نووسەران پەڕه پاپیرۆسەکانیان له یەکتری توند دەکرد و درێژییەکەی دەگەیشته ٣٠ پێ زیاتر، که له دارێک، ئاسنێک یان عاجێک لوولیان دەدا. هەروەها پەڕه بچووکەکانیشیان لەسەر یەک دادەنا و لاتەنیشتێکیان کون دەکرد و بەداوێک توندیان دەکرد، ئەمه شێوازی سەرەتایی دروستکردنی کتێب بوو.

کاتێ ئێمه درک بەوه دەکەین تەنانەت له سەردەمی خۆشماندا ئەوانەی دەتوانن له چەند جۆره سیمبولێک بگەن وەک زمانەکانی بەرنامەی کۆمپیوتەری، ئەوا سوودێکی هەیه له نێو ئەو کۆمەڵگەیانەی زۆر پشت بەکۆمپیوتەر دەبەستن، بێ هیچ ئاستەنگێک دەتوانین ئەوەی له میسر ڕووی دا بەرز بنرخێنین چونکه گۆڕانێک هاته کایەوه ئەویش: نووسین تەنیا له ژێر کۆنترۆڵی قەشەکان نەما و پەرت و بڵاو بووەوه. میسر له ژێر حوکمڕانی فیرعەونەکان له دەوروبەری ٢ هەزار ساڵ پ. ز.دا قۆناخێکی گواستنەوەی بەخۆوه بینی له پاشایەتیی ڕەهاوه بۆ سیستەمێکی یەکسانتری ڕێکخستن که هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی پاپیرۆس وەک کەرەستەیەکی گفتوگۆکردن و گەیاندن. جڵەوی دەسەڵات له چینێکی ڕێکخراوی تۆکمەوه، فیرعەونەکان و قەشەکانی پەرستگەکانی تیبان، بووه هۆی لامەرکەزیبوونی حوکم. ئەو حکوومەتەی که لەسەر کۆنترۆڵی ڕەها و ناوەندیی فیرعەونەکان وەستابوو، بێ هێز بوو، کاتێ بەرپرسه کەمبەکانی میسر له دووریی (تێبز)ەوه توانییان ڕێگەیەک بدۆزنەوه بەهۆیەوه بتوانن باس و خواسەکانی خۆیان بەیەکتری بگەیەنن.

قۆناخی گۆڕان له پشتبەستن بەبەردەوه بۆ پشتبەستن بەپاپیرۆس و گۆڕانەکانی دامەزراوه سیاسی و ئاینییەکان کاریگەرییەکی بێ وێنەیان هەبوو لەسەر شارستانییەتی

میسری. میسر خێرا ملکەچی ئەو داگیرکەرانە بوو کە ئامێری نوێیان هەبوو بۆ هێرشکردن.

داگیرکەران بریتی بوون لە هیکسۆسییەکان Hyksos، هەندێ جار پێیان دەگوترا پاشای شوانەکان، بۆ ماوەی سەدەیەک حوکمی خوارووی میسریان کرد و ڕەنگە ئەوان ڕەچەڵەکی عیبرییە کۆنەکان بووبن، کە نووسینی واتاداریان لەمەڕ ئەو چەند سەدەیەی خۆیان بەجێ هێشتووە.

هەر تەنیا ئەوە نەبوو میسرییەکان درکیان بە سوودە ئیدارییەکانی پاپیرۆس کرد. زۆربوونی نووسین لە دوای بەعیلمانیبوونی نووسینەوە دەستی پێ کرد، هەروەها لەبەر زۆریی بیرۆکە و چالاکییەکانیش بوو، زیاتر شتەکان دەنووسرانەوە. نووسین لەسەر پاپیرۆس خێراتر و ساناتر تەنانەت ڕاحەتتریش بوو، بەبەراورد لەگەڵ نووسین لەسەر بەرد بەپێنووسی ئاسنین. بیرۆکەکان ڕۆشنتر بوون. لە هەمان کاتیشدا، ئاینی نوێ لە میسر سەری هەڵدا، وەک یەکتاپەرستیی فیرعەون ئەخناتون. مرۆڤ لە سەرەتای تۆمارکردنی مێژوودا بوو، بەڵام بەڵگەکانیش دەری دەخەن کە ناوەندێکی گواستنەوەی باس و خواسەکان پێشتر بەکارهێنەرانی بە هێزتر کردبوو.

چەمکەکانی کات و شوێن، گرینگیی میدیا بۆ شارستانییەت پێشان دەدەن. ئەو میدیایەی جەخت لەسەر کات دەکاتەوە، ئەوانەن دروستکردنیان کاتێکی زۆری پێ چووە وەک پێستی مەڕ، قوڕ و بەرد. کەرستە قورسەکان خۆش دەکرێن بۆ پێشخستنی تەلارسازی و پەیکەرسازی. ئەو میدیایەی جەخت لەسەر شوێن دەکاتەوە، سووکن و بەکاتێکی کەم دروست کراون وەک پاپیرۆس و کاغەز. ئەوەی دووەمیان بۆ ناوچەی فراوان و لە ناو ئیدارە و بازرگانیدا بەکەڵک بوو. داگیرکردنی میسر لەلایەن ڕۆمەکانەوە بووە هۆی هەڵگرتنی پاپیرۆس، کە بنچینەی ئیمپراتۆریەتێکی فراوانی ئیداری دانا.

ئەو شارستانییەتەی قوڕی بەکار هێناوە، وەک شارستانی سۆمەرییەکان، کاریگەریەکەیان سنووردارە و وابەستەن بەئاین و ئەخلاقەوە، کە کەمێک گۆڕانی بەسەردا هات. لەلایەکی ترەوە، ئەو شارستانییەتەی پاپیرۆسی بەکار هێنا، وەک شارستانیی ڕۆمەکان، هاندەربوون بۆ بنیاتنانی ئیمپراتۆریای گەورە و زیاتر وابەستە بوون بەگۆڕانی بەهاکان، وەک بەهای یاسا و ئیدارە و سیاسەت. ئاشنایەتیی نووسین سیحری وشەی ئاخاوتنی خستە لاوە و دەسەڵات و نەریتی گەورەکانی بەرەو زانست و عیلمانیەت ڕاپێچا.

ئەو قامیشانەی لە درێژاییی قەراغ ڕووباری نیلدا کۆ دەکرانەوە، میسریان کردە کارگەیەکی کاغەز بۆ شارستانییەتەکانی تر بۆ نێزیکەی ٣ هەزار ساڵ، کە ئەمەش

ماوەیەکی ئێجگار زۆرە. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی خوێندەواریدا، ئەو کەشتییانەی بەندەری شاری ئەسکەندەریەیان جێ دەهێشت بەکارتۆن پاپیرۆسیان بۆ ئەسینا، ڕۆما و سەدان شاری تر دەگواستەوە.

## پاپیرۆس لە ژێر دەستی یۆنانییەکان

پاپیرۆس سنووری کاریگەریی شارستانیی یۆنانی فراوانتر کرد چونکە یۆنانییەکان سەرچاوەی فێرکردنی زۆربەی خەڵکی سەر زەریای ناوەڕاست بوون. ئەو پتۆڵییانەی Ptol-emies حوکمڕانیی میسریان دەکرد و کۆنترۆڵی پیشەسازیی پاپیرۆسیان کردبوو بەڕەچەڵەک یۆنانی بوون. کلیۆپاترای شاژنی میسر نەوەی یەکێک لە جەنەڕاڵەکانی ئەسکەندەرییە بوو. پاپیرۆس زۆر بەکار دەهێنرا لە ناو هێلنییەکاندا. هەرکە کاریگەریی یۆنان زاڵ بوو بەسەر میسر لە ژێر حوکمڕانی پتۆڵییەکان، یۆنانییەکان دەستیان گرت بەسەر بەندەری شاری ئەسکەندەرییەی میسر و بوو بەسەرچاوەی بڵاوکردنەوەی کتێب بەهۆی پاپیرۆس و ئەلفوبێی فۆنەتیکی وەک دوو کەرەستەی نووسینی هزرەکان. خودان مەعریفە و ئایدییەکان گەشتیان کرد بۆ جیهانی هێلنی و بەدەوڵەمەندی گەڕانەوە.

لە میسر و میزۆپۆتامیادا، نووسەران، بەرنامەداڕێژەرانی جیهانی کۆن، لە پلەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتیدا بوون چونکە نووسین ئاڵۆز بوو و زۆر خوێندنی دەویست بۆ فێربوونی. پیشەی نووسین سەرنجی چینە بەرزەکانیشی ڕاکێشا. بۆ کۆیل و مرۆڤی ئازاد خوێندەواری بەهرەیەکی شایستە بوو، ڕێگەیەک بۆ ژیانێکی باشتر. خوێندەواران، ئەوانەی دەیانتوانی گرێبەست بنووسن و بخوێننەوە، چاودێریی مامەڵە بازرگانییەکانیان دەکرد، هەروەها بەشدار دەبوون لە ئاڵوگۆڕکردنی سەرنجە سیاسییەکان. بۆیە خوێندەوار کەسانی زۆر کاریگەر بوون. نەخوێندەوارەکان لە کاتی پێویستدا بۆ ئەنجامدانی کارێکی نووسراو نووسەریان بەکرێ دەگرت.

لە نێو یۆنانی و ڕۆمییەکاندا، لەبەرئەوەی ئاسانکاریی فۆنەتیک نهێنیی پیشەی نووسینی نەهێشت، کۆیلەکان ڕادەهێنران بۆ ئەوەی ببنە کۆپیکەر، خوێنەر، لە ڕۆما ببن بەسەرپەرشتیاری کتێبخانە.

بۆ ئافرەتی کۆیلەی خوێندەواری ماڵەوە، ژیانی نووسەر تا ڕادەیەکی زۆر باشتر بوو لەوە کارێکی زۆر لە ناو کێڵگەکاندا بکات، هەروەها بێ شک زیاتریش دەمانەوە. نووسەر "ئافرەتی کۆیلەی خوێندەوار" لایەنی ژمێریاریی خێزانەکەی کۆنترۆڵ دەکرد، لای خۆی دەینووسی چەند شت کڕاوە، چەند فرۆشراوە، چەند پارە دراوە و چەندیش وەرگیراوە بۆ

فلآنە کەلوپەل. نووسەر بڕی ئەو گەنم و مەڕانەی حیساب دەکرد کە دەنێردرانە بازاڕ، ئەو بڕە پارەیەی تۆمار دەکرد کە بەکۆکەرەوەی باج و قەشەکان دەدرا. نووسەرە میسرییەکان، کە بازرگانی ئەوان خوێندەواری بوو، خۆیان لەوانی تر لە پێشتر دەزانی، خوێندەواری زۆر بەپەرۆش و جیدی بوون. لەبارەی ڕەوشی نووسەرە میسرییەکانەوە لە لوڤەر، ویلّ دورانت بەم شێوەیە مەزندەیان دەکات:

نووسەر زۆر سەرنجی دەدا و پیشەوەر بوو. بای ئەوەندەی دەزانی کە مەترسیدار نەبێت. ژیانی دووبارە بوو، بەلآم دلّی خـۆی بەنووسـینی وتارێک دەدایەوە لەسـەر بوونی ئەو کرێکارانەی بێ وچان کار دەکەن، شکۆمەندیی شازادانەی ئەوانەی خۆراکیان کاغەزە و خوێنیشیان مەرەکەبە.

## پارچمێنت Parchment

پاپیرۆس، سنووری خۆی هەبوو. ئەو قەمیشانەی بەدرێژاییی قەراخ ڕووباری نیل دەهێنران و کتێبەکانیان پێ دەنووسرایەوە، دواجار دەشکان و چاکیش نەدەکرانەوە. ئەمڕۆکە چەند پاپیرۆسێکی کەم لە نێو کتێبخانەکان ماونەتەوە، ئەوانیش زۆر بەوردی پارێزراون. هۆکارێکی تریش پاپیرۆسی زۆر سنووردار کردبوو، ئەوە بوو کە سەرچاوەکەی تەنیا لە میسر بوو. بەلآم شتێکی درێژخایەنتر و لە هەموو جیهانیش هەبوو هاتە کایەوە.

ئەو شتە پارچمێنت بوو، لە پێستی مەڕ، بزن یان گۆلک دروست دەکرا. پێستەکە لە تووک و موو و خوری پاک دەکرایەوە ، دواتر بەبەرد خاوێن دەکرایەوە و لە نێو کەلس و گەچ دادەنرا. نووسەرە کۆنەکان ڤێلەمیشیان vellum بەکار دەهێنا، پێستەیەکی تەنک و نەرمی بەرخ یان بێچووی لە دایک نەبووبوو.

چەشنی پاپیرۆس، پارچمێنتیش وەک کتێبەکانی ئەوسا لوول دەدرا، لاتەنیشتێکیان پەڕ دوای پەڕ توند دەکرا، یانیش وەک پەڕەکانی کتێب پێکەوە دەبەسترانەوە، ئینجا پەڕەکان دەبڕدران و ڕێک دەخران بۆ ئەوەی بەباشی هەلّدرێنەوە. هەردوو پاپیرۆس و پارچمێنت بەجۆرێک دروست دەکران بۆ کۆکردنەوەیان و ئەرشیڤکردنیان. هەردووکیان بەشێوەیەکی ڕێژەیی هەرزان بوون و بەئاسانی دەگوێزرانەوە. پارچمێنت چەند سوودێکی هەبوو. دەتوانرا لە هەردوو ڕوویەوە بنووسرێت، پتەو بوو و زۆریش دەمایەوە، بۆیە مندالآنی قوتابخانە و گەشتیاران زۆر ستایشیان دەکرد، بەلآم نووسەرەکان کەمتر کەیفیان پێ دەهات چونکە نووسین لە پارچمێنت هەندێ ماندووبوونی دەویست. دەتوانرا دووبارە بەرهەم بهێنرێتەوە، چونکە دەتوانرا مەرەکەبەکەی لێ بەتالّ بکرێت و دووبارە لەسەری

بنووسرێتەوە. گەورەترین سوودی ئەوە بوو کە دروست دەکرا لە هەر شوێنێک مەڕی لێ بووایە. پاپیرۆس تەنیا لە دۆڵی نیل دەڕوا. پارچمێنت بەرگەی کاتی زیاتری دەگرت لە چاو پاپیرۆس. دۆکیومێنتە پارچمێنتییەکان تا ئێستەش نەفەوتاون، بەڵام نێزیکەی هیچ پاپیرۆسێک لە سەردەمی کۆندا نەماوەتەوە.

هەردووکیان بۆ چەندان سەدە بەردەوام بوون، وەک دوو کەرستەی نووسین لە بری یەکتر بەکار دەهاتن. بەپێی هەلومەرجی سیاسی، ئابووری و کولتوورییەکان بەکار دەهێنران. بەکارهێنانی کۆدێکسی codexی پارچمێنت "کتێب دروستکردن بەهۆی برین و ڕێکخستن و نووسین لەسەر هەردوو دیوی پەڕەکانی پارچمێنت پێی دەگوترێت کۆدێکس" فراوان و زۆر بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت. لە سەدەی دووەمی پاش زایندا، مەسیحییەت پەرەی بەنەریتێکی بەهێزی نووسین دا بەهۆی بڵاوکردنەوەی چوار بەرگی ئینجیل بەیۆنانی لەسەر کتێبی کۆدێکسی پارچمێنت، دواتر لە سەرانسەری جیهان بەزمانێکی سادە بڵاو بووەوە.

نەریتی نووسین بەهێزتر کرا لە سەدەی سێیەمدا کاتێ سکۆلەرەکان، هەوڵی دۆزینەوەی پێوەندییەکیان دا لە نێوان باوەڕە ئاینییە عیبرییەکان، کە لە بنەمای مەسیحییەتدا بوون و، هەروەها فەلسەفەی یۆنانی، کە لە بنەمای ژیانی ڕۆشنبیریی ئیمپراتۆری ڕۆمەکاندا بوو. لەم ماوەیەدا، پراکتیزەیەکی نوێی نووسینەوەی شتەکان زاڵ بوو بە سەر نەریتی بەردەوامی قسەکردنی گەلانی یۆنانی و عیبرییەکان.

لە فۆنەتیکی ئەلفوبێی یۆنانییەوە، کە توخمێکی زۆر سەرەکیی شۆڕشی یەکەمە، ئەلفوبێی ڕۆمییەکان پەیدا بوو، لەویشەوە ئەلفوبێی تری شارستانییەتی ڕۆئاوا پەیدا بوون وەک ئەلفوبێی زمانی ئینگلیزی.

## کەرستەکانی تری نووسین

پاپیرۆس سەلماندی کە کەمتر بەرگەی ئەو ئەلفوبێیە دەگرێت کە لە شارستانییەتی یۆنان و ڕۆمەکاندا باو بوو. لەوپەڕی جیهاندا، کولتوورێکی تر، کۆنتر و تۆکمەتر لەوەی یۆنان، دەمێک بوو فێری ئەوە بووبوون پشت بەکەرستەیەکی بێ ئەلفوبێ ببەستن، پشت بەکاغەزێک ببەستن کە دروستکردنی هەرزانتر بێت، کە ڕۆژێک دادێت پاپیرۆس و پارچمێنت و هەموو کەرستەکانی تری نووسین دەسڕێتەوە. وڵاتی چینیش. کە چەندان جۆر کاغەز و شێوازی چاپیان داهێنا، هەرگیز نابێتە هۆی هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی زانیاری.

کـاغـەز لە درەخـت دروست نەدەکـرا تا دوو هەزار سـاڵ تێ نەپەڕێ، بـەڵام بەئەزمـوونی خۆیان لەگەڵ کەرەسـتەکان، کاغەز دروستکەرە چینی و ژاپۆنییەکان پەلکی توتڕکیان بەکار هێنا بۆ دروستکردنی کاغەز کە تا ئەمڕۆش زۆر بەباشی ماونەتەوە.

شارسـتانییـەتە هیندییەکان لە مەکسیکەوە بگرە تا دەگاتە ئەمەریکای باشوور ناواخنی پەلکی چەند درەختێکیان بەکار هێناوە بۆ نووسین. توخمەکانی ناو کتێبەکانیان ماوە بەڵام مژدەبەخشەکانیان فەوتـاون. مژدەبەخشێکی ئیسپانی لە نیوچە دوورگەی یوکاتان ئەمەی لە سەدەی شەشەمدا نووسیوە "ئێمە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر کتێبمان دۆزییەوە کە بەچەند جـۆرە پیتـێک نووسـرابوون، بەڵام لەبەرئەوەی جگە لە ئەفسـانـە و شـتی پڕوپووچ لەبارەی شەیتانەوە هیچی تریان تێدا نەبوو، هەموو کتێبەکانمان سووتاند".

لەگـەڵ حـوکـمی ئاگـراوی ئیـسـلام لە سـەدەی حـەوتەمـدا، لە ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاست و ئەفەریقیای باکوردا، هەناردنی پاپیرۆس لە میسرەوە بۆ ئەوروپا زۆر کەم بووەوە. مـارشاڵ ماکلوهان باسی ئەوەی کردووە کە ئەمە بووە هۆی لاوازبوونی بیرۆکراسییەت، ڕێگەی چاک و شارەکان.

لە ئەوروپا، ئەوساکە چەند سەدەیەک بوو پەرستگەکـان بەرپرسـیاریەتیی مـەعریفـە و زانیارییـان لە ئەستۆ بوو. کاتێ پەرستگەکان لە چاخە تاریکەکانی شارستانییەتی ڕۆژئاوا لە ئەوروپا دروست کران، ڕاهیبەکان monks، بەتایبەتی سەرۆک ڕاهیبەکان Benedictines پیشـەی نووسـینیـان گرتە دەست. لە نێو ئەرکەکانیاندا، بەرپرسیاربوون لە نووسـینەوەی زانیارییەکانی سەر پاپیرۆسە کۆنەکانی نێو کتێبخانەکان لەسەر کاغەزی پارچمێنتی نوێ کـە لە ناو یان لـە نێـزیک پەرسـتگەکـە ئامـادە دەکـران. بوون بە نووسـەر چی تر واتـایەکی پڕوپووچی نەبوو، بگرە ڕاپەڕاندنی کاری خوا بوو.

## یۆنانەکان

یۆنانەکان سیستەمی باڵەخانەیان لە دراوسێکان و تا دەگاتە ڕۆژهـەڵات وەرگرت، لەگەڵ ئەو سیستەمە تەلاری زۆر نایابیان دروست کرد. هیرۆدۆت، مێژوونووسی یۆنانی، پێمان دەڵێت فونیسییەکان Phonicians نووسـینیان بەجیهـانی هێلنی ئاشنا کرد. مێژووەکە لە نێوان ١١٠٠ تا ٨٠٠ پ ز. بوو. یۆنانییەکان دەنگی بزوێنیان زیاد کرد و ئەلفوبێی فونیسییان فراوان کرد و ڕێک خست تا ئەلفوبێیەکی یۆنانی بێ وێنەیان لێ دروست کرد.

یۆنانییەکان قسەکردنیان شی کردەوە بۆ چەند توخمێکی تاکەکەسی. ئەوەی کۆمـەڵگە دەتوانێت بیکات، ئەوانی تریش دەتوانن هـەمـان کـار بکەن. ئەلفـوبێیـەکە بـە تەواوی کۆپی

نەکـراوە و هـەندێکیش گـۆڕاوە بەڵام فـۆرمـێکی بێ وێنەی وەردەگـرت لە هـەر شــوێنێکدا بووایە. ئەلفـوبێیـەکە دەیتوانی خزمـەتی هـەمـوو زمـانێک و هـەمـوو شـێـوە زارێک بکات. تا کۆتاییی سەدەی پێنجەمی پ.ز. زۆربەی وڵاتە هـێلنییـەکان ئەلفوبێی خۆیان هـەبوو. یەکەم جـار یۆنانەکان پیتـەکانی خۆیان لە شێوەی پیتـەکانی فونیـسییـەکان دروست کـرد. بەپێی قــســەی هـیـرۆدۆت، شــا کــادمــوس Cadmus داهـێنەری ئەفـســانـەییی ئـەلفــوبێ، ڕەنـگە پەناهـەندەیەکی لە خەڵکی فونیسیا بووبێت.

بەکارهـێنانی نووسـینیان زۆر فراوانتر کرد تـا ئەودیوی بازرگانیکردنی شوانە سـامییـە کۆنەکان و زەریاوانە فونیسییەکان. تا وای لێ هـات نووسـین، فەلسـەفە، میـتافیزیک، مێژوو، زانست، بیـرکـاری، پزیشـکی، سـیـاسـەت و هونـەرەکـانی گـرتەوە، تـەنانەت بۆ نووســینی کۆمیدی و تراجیدیش بەکار هـات. یۆنانەکان بەدوای دیدێکی دەرهـەستی ڕاستییەکی پاک و جـوانییــەکی پاکـدا دەگـەڕان. یۆنـانەکـان زۆر زیرەک بوون لـە بیـرکـردنەوەی لۆجـیکی، شـیکردنەوە و ئـەقـڵانییـەت و بیرۆکـەی سـادە و گشـتی، ئەمـانە هـەمـووی شـارسـتـانییـەتی ڕۆئاوایـان ڕۆشن کـردەوە. بەهـۆی جـیـاکـردنـەوەی مـرۆڤ لە کـارەکـانی، لـە جـیــهــانی دەوروبەری، مـرۆڤ توانیی خـەیاڵی بۆ سروشت بچێت، وەک شـتـێکی جیـاواز لەوانی تر. سـروشـت بابەتێک بوو شـایەنی لێکۆڵینەوە بوو، ئەمــەش مـانای پابەندبوون بە پاپیـرۆس و گفتوگۆی زارەکیی زیاتر کرد.

## لە ئاکامی چاخە کۆنەکاندا

کـۆکردنـەوەی مـەعـریفـە، بەڕێگەیەک. کـە ڕەنگە سـیـفـەتی شـۆڕشی زانیـاریی پێ بدرێت سـەرەتایەکی کـزی هـەبوو لە جـیـهـانی هێلنی لـە کاتی سـەدەی هەشـتـەمی پ.ز.دا، کـاتێ ئەلفـوبێی فـونیـسـیـیـەکـان ڕەگی داکـوتا لە خــاکی ئێگیـان Aegean. ئەو مـاوەیە دوای سەرهەڵدانی یۆنان بوو لە چاخە کۆنەکاندا.

بۆ مـاوەی چوار سـەدە چیرۆکگێڕەوەکان ئیلیاد و ئۆدیسێی، داسـتـانە چامـەییـەکـەی هۆمەریان بەشێوەی زارەکی دەگێڕایەوە. بەڵام لەبەر پەیدابوونی ئەلفوبێ و بەردەستبوونی پاپیرۆس، دواجار ئەو چامەیە نووسرایەوە. شـۆڕشی زانیاری هێزی کۆ کردەوە لە مـاوەی سـەدەی پاشـتـر، کاتێ یـەکـەم نـەوەی خوێنەر هاتە کـایەوە. لە مـاوەی سێ سـەدەی دوای ئەوەدا، بەلێشـاو ئایدیای ڕۆشنبیری، هونەری و سیـاسی پەیدا بوون کە جیـهـان هـەرگیز لەوەو پێش بـەخۆوەی نەبینیـبوو و تا ئەوسـاکـەش زۆر کـەم بیـر لەو بوارانە دەکـرایەوە. لە سـەدەی حـەوتەمی پ.ز.دا، یۆنانەکان دەبووایە پاپیرۆسـیـان هـەبووایە. لە تەواوی جیـهـانی

زەریای ناوەڕاستدا، وشەکانی سەر پاپیرۆس بووە هۆی تەقینەوەی مەعریفە هەرکە کتێبە لوولدراوەکان گەیشتنە دەستی ئەو سکۆلەرانەی خۆیان تەرخان کردبوو بۆ زانیاری. ئەرستۆ نەیدەتوانی ئەو هەموو زانیارییە کۆ بکاتەوە بەبێ ناوەندێک بۆ تۆمارکردنی شتەکان لەسەر کەرستەیەکی هەڵگیراو. زانست و بواری پزیشکی بەبێ ئایدیا و بەرەنجام و ڕاپۆرتی نووسراوی تاقیکردنەوەکان لەسەر کەرەستەیەکی گوێزراو هەرگیز پێشڤە نەدەچوون. لە سەردەمی ئەرستۆدا لە سەدەی چوارەمی پ.ز. یۆنانییەکان، بەتایبەتی ئەسینایییەکان، خوێندنەوەی گشتییان هەبوو، چەند کتێبێکیان کۆ کردبووەوە، هەروەها کتێبخانەشیان هەبوو.

تەقینەوەی شیعری لیریکی یۆنانی کە لەسەر پاپیرۆسی هەرزان نووسراون. بە ئاسان گەیشتنی پاپیرۆس بووەتە هۆی کۆپیکردنی کتێبەکان و یەکەم کۆکردنەوەی تایبەت ڕووی داوە. لە سەدەی پێنجەمی پ.ز.دا، لە یۆنان بازاڕێکی کتێب هەبووە. لە شارەکاندا، خەڵکی ئازاد دەیانتوانی بنووسن و بخوێننەوە. ئەسینایییەکان لە ٣٣٠ پ.ز.دا کۆگایەکی گشتییان هەبووە بۆ کتێب. ئەمە لە سەردەمی ئەرستۆ بووە، بەپێی سترابۆی مێژوونووسی یۆنان، ئەرستۆ یەکەم کۆکەرەوەی کتێب بووە. ئەمە ئەرستۆ بوو کە شاکانی میسری فێری ئەوە کرد کتێبخانە دروست بکەن لە جیاتی هەڵگرتنی کتێبەکان بەتاکوتەرایی، لەبەر هەوڵی ئەرستۆ بۆ کۆکردنەوەی کتێب، ئێمە ئەمڕۆ وشەی museum مان هەیە بەواتای مۆزەخانە.

لەگەڵ ئەرستۆدا، جیهانی یۆنانییەکان لە شێوەی زارەکییەوە گۆڕا بۆ عادەتی خوێندنەوە. ئەرستۆ بەپێی توانا زۆربەی هەرە زۆری مەعریفەکانی جیهانی پۆلێن کرد. "هەروەها تێبینیی ئەوەشی کرد کە نووسین بەسوود بووە بۆ بەدەستهێنانی پارە و بەڕێوەبردنی ئافرەتانی ناوماڵ." ئەوانی تر کاریگەریی زۆریان هەبووە لە بوارەکانی وەک بیرکاری، پزیشکی، گەردوونناسی، جوگرافیا و بایۆلۆجی. ستایل بەزمانی قسەکردن و نووسین ئاشنا کرا. دوای ئەرستۆ، جیهانی هێلنی واقیعێکی نوێی بەخۆوە بینی، جۆرە کولتوورێکی نووسین شانبەشانی کولتوورە زارەکییەکە کاری دەکرد. ژیان چی تر وەک پێشتر نەبوو. لە ڕوویێکەوە، یەکەم شۆڕشی زانیاری کۆتایی پێ هاتبوو، سەرکەوتووش بوو، هەرچەندە لە ڕووی پێناسەکردنەوە شۆڕشی سەرکەوتوو، هەرگیز کۆتایی پێ نایەت. لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە، ئەوەی یۆنانییەکان کردیان تەواو بێت. خاڵی هەرە لاوازی هزری یۆنانی پشتبەستن بوو بەو شتانەی کە لە ئەنجامە لۆجیکەکانەوە، لە سەرنجدان، تاقیکردنەوە و ئەقڵانییەتەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەمەش وای لێ کردن باس لە جیهانێکی

وەستاو بکەن، ئەو جیهانە لە ژێر ئاسمانێکی نەگۆڕدا بوونی هەیە. ئەو ئەنجامانەی لە ئەگەرە ناڕاستەکاندا سەرچاوەی گرتووە دەبێتە ڕێگر لە بەردەم زانستیی ڕۆئاوا و ناهێڵێت لە چاخی ناوەڕاستدا دەربازی بێت.

ئێستە، سیمبولی نووسراو بۆ ناساندنی قسەکان و بەدەستەوەدانی زانیاری، یارمەتیی یۆنانەکان و دواجار گەلانی تریشی دا خۆیان حوکمی خۆیان بکەن، بازرگانی بکەن و باوەڕی ئاینی دەرببڕن. جێگیرکردنی وشەی زارەکی، هەلومەرجی مرۆڤی گۆڕی. نووسین بیرکردنەوەی دەرهەستی خستە سەر توانای مرۆڤایەتی.

داهێنانی زمانی نووسین بەچەندان سەدە پێش کەوت، سنووری چەند ناوچەی بڕی. تا گەیشتە سیستەمێکی مۆدێرنی ئەلفوبێ. دروستکردنی شێوازێکی تری گەیاندن، نووسین بوو بەپێویستییەکی پراکتیزەیی، بەڵام بەئەزموونێکی کەم.

تاقیکردنەوەی زۆربەی تەکنۆلۆجییەکانی گەیاندن، ڕەوتێکی هێواشی پێشڤەچوون پێشان دەدات کە بەپێشکەوتنێکی تیژ و لە ناکاو دەدرەوشێتەوە. شارستانییەتی سەرەتایی یۆنانییەکان بەم شێوازە پێش کەوت، بەهێواشی هەنگاوی دەنا، بەڵام لە ئەنجامی شۆڕشی سیاسی، کۆمەڵایەتی و گۆڕانە ئابوورییەکانەوە تەقییەوە، ئەو گۆڕانانەی کە پێوەست بوون بەهەموو بوارێکی ژیانی مرۆڤ، کە تێیدا، شۆڕشی زانیاری بەشێکی بچووک بەڵام لە جێ و کاریگەر بوو.

ئاساییە کە وا دابنێین بڵاوبوونەوەی نووسین لە نێو کۆمەڵگەدا زۆر خێرا بوو چونکە ڕێگەیەکی زۆر هەستیاری گفتوگۆکردن و ئەرشیڤکردنی زانیاری بوو. کۆیلەیەک فەرمایشتەکانی حوکمڕانی پارێزگایەکی پەسند دەکرد، کۆیلەیەکی تر پەیامی دەگواستەوە لە نێوان جەنەراڵێک لە مەیدانی شەڕ و خێزانەکەی لە ماڵەوە، سێیەم کۆیلە لە نێوان دوو بازرگان ڕای دەکرد بۆ ئەوەی کاڵاکان بە نرخێک بفرۆشێت، ئەمانە هەمووی بەهۆی نووسینەوە وەک تۆماری مامەڵەکردن ماونەتەوە. بازرگانی لە دەرەوەی گوندەکان زۆر پشت ئەستوور بوو بەبڵاوبوونەوەی نووسین. هەروەها بەرپرسەکانی حکوومەت لە پێشدا زۆر دۆکیومێنتی نووسراویان خۆش ویستووە، خۆشەویستییەک کە چەندان سەدە بەردەوام بووە.

دەوڵەت شاری یۆنان، بەتێپەڕبوونی چەندان سەدە بووە دیموکراسییەکی سنووردار. ئەو دەوڵەت شارە ناوی ئەسینا بوو، سنووردار بوو چونکە بەشێک لە دانیشتووانەکەی مافی بەهاوڵاتیبوونیان هەبوو. ئازادیی نووسین و سیاسی برێتی بوون لە ڕەگەکانی گەشەی ئەو شتەی کە هیگڵ بەکۆمەڵگەی مەدەنی ناوی دەبات، شتێکی جیاواز لە حکوومەت.

بڵاوبوونەوەی دیموکراسی، ڕەنگە شتێک قەرزاری بڵاوبوونەوەی خوێندەواری بێت.

تەنانەت دوورخستنەوەی کەسێکی چارە نەویستراو لە ئەسینا بۆ ماوەی دە ساڵ، تەنیا ئەو کاتە ڕێی تێ دەچوو ئەگەر ٦ هەزار پیاو هەریەکە ناوی ئەو کەسەیان لەسەر پارچەیەک بەرد نووسیبا. دوور لە نهێنیی هونەری کە لەلایەن بژاردەیەکی تایبەتی ڕاهێنراوەوە ئەنجام دەدرا، نووسین توخمێکی سەرەکیی دیموکراسییەتی یۆنان بوو.

"ئەوە ئێمەین لە نێوان ڕووباری فەیسس و پایەکانی هیراکلیسدا دەژین"، ئەفلاتوون ئەمەی نووسیوە و سوقرات لێی وەرگرتووە، لە کونجێکی بچووکی زەوی دەژیا، "ژیان لە دەوری زەریا وەک ژیانی مێروو و بۆق وایە لە دەوری زەلکاودا." زۆربەی یۆنانەکان لە کۆمەڵگەکانی سەر لێوارەکاندا دەژیان، لە کەنارەکانی ڕۆهەڵاتی ئاسیای بچووک و زەریای ڕەش درێژ دەبووەوە تا دەگاتە بەرەکانی ڕۆئاوای زەریای ناوەڕاست، کە لەوێ بەزەریای ئەتڵەسی دەگاتەوە. ڕەنگە ئەسینایییەکان سەرکردەی کولتوور بووبن، بەڵام بێگومان ئەسینا تاکە سەنتەری کولتوور بووە. دوور لە ئەسینا، لە هەزاران کۆمەڵگەی ژێردەستەدا کە شارستانییەتی هێلنییان پێک هێناوە، شیعر و پەخشانی یۆنانی، مێژوو، فەلسەفە، بیرکاری و هونەری ڕەوانبێژی لەدایک بووە.

لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە یۆنانییەکان زمانێکیان بەکار دەهێنا، هەم زمانی نووسین و هەم هی قسەکردن بوو، کە بۆ ماوەی هەزار ساڵ بەردەوام بوو. بۆ بەرز نرخاندنی مانای ئەمە چییە، بزانە چەند زمانی ئینگلیزی گۆڕاوە لە ماوەی شەش سەدەدا لە نێوان ئێمە و (چۆسەر)دا، تەنانەت لە ماوەی چوار سەدەدا لەوەتەی شکسپیرەوە. هەرچەندە یۆنان هەرگیز ئیمپراتۆریایەکی وەک هی میسر و فارس و ڕۆمییەکان نەبووە، جیهانێکی هێلنی هەبووە هاتوچۆی بەهۆی کەشتییەکان لەسەر زەریای ناوەڕاست، کە هێڵی خێرای پیاوە گەورەکان بووە. سەبارەت بەو مەعریفەیەی کە لەسەر پاپیرۆس و لەمەڕ گەشتیاران لە ڕێگای زەریای ناوەڕاستەوە ڕاگوێزراوە، ئەم دەریایە شایەنی ئەوەیە وەک یەکەم ڕێگەی خێرای زانیاری لە جیهاندا دانی پێدا بنرێت.

دوای خوێندن لە ئەکادیمییەکانی ئەسینا و شارەکانی تردا، قوتابییان دەگەڕانەوە کونجەکانی ئەو جیهانە فراوانەی هێلنی. ئەو گفتوگۆیانەی کە لە نێوان ئەواندا بەردەوام بوو، تەنیا دەکرێ ئاماژەی بۆ بکرێت. زۆربەی پسپۆڕە یۆنانییەکانی بواری زانست بەتەنیا کاریان دەکرد. بەشێوەیەک کە هەندێ گرێبەستی نووسراویان دەکرد و کتێبی یەکتریان دەخوێندەوە و ڕوونیان دەکردەوە، چونکە ئەوان ئەلفوبێیان دەزانی و پاپیرۆسیشیان لە بەردەست بوو. شتێکی زۆر سروشتییە کە بەنووسین قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد.

سکۆلەرە یۆنانییەکان بەڕوونی دەیاننووسی و نووسینەکانیان دەبووایە لەلایەن هاوتەمەنەکانی خۆیانەوە بخوێنرێتەوە یان بەدەنگی بەرز بۆ خەڵکی بخوێندرایەتەوە.

بەهۆی دیموکراسی لە کۆمەڵگەی هێلنی خوێندن لە قوتابخانە پێشفەچوو بۆ کوڕ و کچە ئازادەکان. فێربوون بەهۆی زۆر دووبارەکردنەوەوە بوو، بەڵام بنەڕەتێکی زۆر باشی خوێندەواری بوو. ئەم بووە هۆی خولقاندنی توانایەکی گەورەتر بۆ وەرگرتنی زانیاری، هەروەها بووە هۆی تێنوویەتی و پەرۆشی سەپاندنی یەکسانی لە ناو کۆمەڵگە و ئەمەش گەیاندنی بە دوادا هات.

## سەردەمی ئاژاوە

لە هەموو شۆڕشێکدا هەر وایە، کاتێ تۆوەی شۆڕشی زانیاری لەسەر خاکێکی ناڕێک بە ئاژاوە دەپرژێنێت، ڕەگی ڕووەکەکان دەبێ زۆر بە قووڵی ڕۆبچێ. ئەمە لە ئەسینا وا بوو، یەکەم شار بوو لە یۆنان، چونکە ڕەوشی ئابووری و سیاسییەکەی باڵی بەسەر ناوچەکانی ئاتیکا Attica دا کێشابوو، پێش ئەوەی شارستانییەتی یۆنان بگاتە لووتکە.

خاوەن زەویوزارەکان، ئەریستۆکراتەکانی ئەسینا، ئەو هاوولاتییانە بوون کە جڵەوی دەسەڵات بە دەستی ئەوانەوە بوو و دەسەڵاتی شایان وەک سەرۆک کەم دەکردەوە. ئەم ئۆلیگارشییانە، لە شارۆکەکاندا لەوپەڕی خۆشیدا دەژیان، مرۆڤی ئازاد و کۆیلەیان دەنارد بۆ کێڵانی کێڵگەکانیان. چینی دووەمی زەنگینەکان بریتیبوون لە چینی مامناوەندی پیشەوەرەکان، بازرگانەکان و مرۆڤە ئازادەکانی دیکە کە لەلایەن ئەریستۆکراتەکانەوە کاریان پێ دەکرا، لە بەرامبەردا، ئەوانیش کاریان بەهەژارترین مرۆڤی ئازاد دەکرد. ئەوانەی لە ئاستە هەرە نزمەکاندا بریتی بوون لە کۆیلەکان.

ئەندامانی تری ئەم سیستەمە دەرەبەگایەتییە تێکەڵاوە، ئەوانە بوون کە خاکی بەردین و نالەباری یۆنانیان دەکێڵا. خوردە هاتە کایەوە و شوێنی کاڵای گرتەوە، ئەمە بۆ زۆر کەس کارێکی کارەساتبار بوو. ئەمە شۆڕشی ئابووری زۆر خێرا کرد. پارە جیهانی ئابووری هەژاند. بازرگانی بووە ناوەندێکی زۆر کاریگەر بۆ بێزارکردنی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی، ئەمە لە دوای هەزارەی دووەم لە ئەورووپاش کاریگەری خۆی هەبوو بەسەر سیستەمە دەرەبەگایەتییەکاندا. ئەو کەسەی لە ڕێی بازرگانییەوە نانی پەیدا دەکرد هەردەم تامی خۆشتر بوو لەو نانەی کە بەئارەقە پەیدا دەکرا. بازرگانی ئەو مرۆڤانەی ئازاد کرد کە چاویان لە خاکی گەورەکانیان بوو و لەسەر دەستی ئەواندا دەژیان، لەڕێی بەخێوکردنی مەڕومالات و جووتیاریدا دەژیان. بەپێی تێپەڕبوونی کولتوورەکان و چەندان سەدە، خەڵکی

کاری بازرگانییان دەکرد لە شوێنە دوورەکاندا بۆ ئەوەی گوزەرانیان باشتر بکەن. گرینگ نەبوو بەختیان چۆن دەبێت، ئەوەی بەزیندوویی بگەڕاباوە ماڵ دەوڵەمەندتر دەبوو. گەر بەڕاستی بەپیری دیموکراسییەوە نەچووبان، بەلایەنی کەم چەند هەنگاوێکیان ناوە بۆ تەختکردنی سوودەکانی سیستەمی ئەریستۆکراتی.

بازرگانی بەهۆی زەریا و زەوییەوە لە شوێنە دوورەکاندا، بەکارهێنانی نووسینی بەرەو پێشەوە برد. خۆ نەدەکرا هەموو بازرگانە دەوڵەمەندەکان خۆیان لەگەڵ کاڵاکانیان چووبانە بەندەرە دوورەکان. دواتر کاری شەڕاکەت دەستی پێ کرد، کاڵاکان دەنووسران و پێشکێش دەکران، دۆکیومێنتەکان هەڵدەگیران و بەباشی دەنووسرانەوە بۆ ئەوەی بازرگانەکان ڕاستگۆیی خۆیان دەربخەن.

ناردنی پیاوان بۆ شەڕ لە شوێنە ئابوورییە دوورەکاندا. چەندان شەڕ بەرپا بوو لە نێوان دەوڵەت شارەکاندا و لەگەڵ ئیمپراتۆریای بەهێزی فارس لەلای ڕۆهەڵاتدا. لە کۆتایی سەدەی شەشەم بۆ کۆتایی سەدەی حەوتەم، پێنج ئیمپراتۆریای گەورە ڕووخان، ئەوانیش: ئاشووری، میدیا، بابلی، لیدیا و میسر، لەگەڵ لەناوچوونی چەندان ستەمکاری یۆنانی. لە نیشتماندا، دڕندەی نهێنیی دراکۆ هەبوو، کە وشەی دراکۆنیەنی هێنایە ناو زمان. چاکسازییەکانی سۆلۆن ئاماژەیەک بوون بۆ هەنگاوهێنان بەرەو دیموکراسی کە لەلایەن کلێسینەکانەوە لە ئەسینا دامەزرا لە ٥٠٧ پ.ز.، دواتر لە شارەکانی تریشی گرتەوە. بەڵگەیەک لەسەر ئەوەی خوێندەواری چووە نێو بەڕێوەبردنی کاروبارەکان ئەوە بوو ئەسینایییەکان سەدەیەک دواتر داوای ئەوەیان کرد کە قازییەکان نابێ "یاسای نەنووسراو" لەسەر کەس جێبەجێ بکەن.

سپارتا ڕەتی کردەوە گەیاندنی نووسراو لە خۆ بگرێت، بەڵام ئەسینا پەرۆشییەکی زۆری پێشان دا چونکە باوەڕی بەوە هەبوو کە خوێندەواری خۆی ئەوە مسۆگەری دەکات کە هیچ کولتوورێک لە پێش ئەوی تردا نییە. لیکێرگس، کە دامەزرێنەری دەستووری سپارتییەکانە، هەرچەندە زۆر چاکسازیی کرد، بەڵام نووسینی قەدەخە کرد. بۆ ئەمەش هۆکاری خۆی هەبوو.

مێژووی درێژی ستایشی خۆی لە نەریتی ڕۆژئاوادا بەرهەمی پەرۆشی ئەوانەیە کە خۆیان دەنووسن، بەڵام هەرگاڤ لایەنێک هەبووە، کەمتر گوێڕایەڵی سروشتیی ڕێبازەکەی بووە و دژی نووسین وەستاوەتەوە. سپارتییەکان پێیان وابوو کە هەڵسوکەوتی باشی تۆمارنەکراوی هاووڵاتییان، هەرچەندە لە مێژوو ون دەبێت، شایەنی کتێبێک بوو پڕ بێت لە میسالیەتی ناواقیعی.

## برەودان بەکولتووری زارەکی

کۆمەڵگەکانی پێش خوێندەواری، مێژووی خۆیان پاراستووە بەو شتەی کە ئێریک هاڤلۆک ناوی لێ دەنێت "یادگارییە زیندووەکانی ئەو خەڵکە زیندووانەی کە گەنج بوون و دواتر پیر بوون و دواتریش مردن." ئەم کارەیان کرد بەهۆی کولتوورە زارەکییەکەیانەوە، ژیانیان دەوڵەمەند دەکرد و یادگارییەکانیان بەشێوازی زارەکی بەهێزتر دەکرد و لە ڕێگەی چیرۆکە شیعر و چیرۆک و گۆرانییەوە دەمایەوە.

لەبەرئەوەی تەکنۆلۆجیایەکی وەک نووسینیان نەبوو، گەلێ لە کولتوورە زارەکییەکان فەوتان، هەروەک ویل دورانت ئاماژەی پێ دەکات:

هۆزە سادەکان زۆربەی ژیانیان بەتەنیا بردووەتە سەر، بەوە خۆشحاڵ بوون کە هیچ مێژوویەکیان نییە، هەستیان دەکرد زۆر کەم پێویستیان بەنووسینە. یادگارییەکانیان بەهێزتر بوو ئەگەر بەنووسین نەبووایە، فێر دەبوون و دەیانگێڕایەوە، دواتر بەهۆی گێڕانەوە بۆ منداڵەکانیان بەجێ دەما، جا هەر شتێک گرینگ بووایە بەڕێگەی تۆماری مێژوویی زارەکی و گواستنەوەی کولتووری، بۆ نەوەکانی خۆیان جێ دەهێشت.

نووسین بەلاوە نرا، بەڵام بێگومان شوێنی کولتووری زارەکیی یۆنانی گرتەوە. نووسینی سەرەتایی لە ئەلفوبێی نوێی یۆنانیدا بەمەبەستی خوێندنەوە نەبوو بگرە بەمەبەستی بیستن بوو، یان ئەوەتا بەگۆرانی یان لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە یان بەهۆی ژێیەکانی ئامێرە موزیکییەکانەوە بەخەڵکی دەگوترا. ڕەوانبێژێ، زۆر گرینگ بوو بۆ کاروبارە سیاسییەکان، وەک هونەرێکی قسەکردن فێری خەڵکی دەکرا. خوێندنەوە لە بۆنەکاندا لە شوێنە گشتییەکاندا بوو. ئەمە ڕایەکە ئەفلاتوون دیالۆگەکانی نووسی، بەڵام وەک گفتوگۆ نووسرابوونەوە. یۆنانییەکان چەند لە قسەکردن و چەندیش لە نووسین فێر بوونە ئەمە شتێکە ڕوون نییە. تەنیا لەوە دڵنیاین کە زۆربەی مەعریفەکان بۆ یەکەم جار نووسرانەوە بەمەبەستی خوێندنەوە بوو لەلایەن خوێندەوارەکانەوە. نووسین هانی بیری ڕەخنەیی دا، بەپێچەوانەی یادگاری گێڕانەوە، کە کێشی شیعر خزمەتێکی باشی کرد. خوێندنەوە بۆ شیعر گونجاو بوو و نووسینیش بۆ پەخشان.

لە قسەی مێژوونووسە یۆنانییەکاندا، گۆڕانێک لە گەیاندنی زارەکییەوە بۆ گەیاندنی نووسین بەدی دەکەین. هیرۆدۆت، سوسیدیس و خینۆفۆن، چاوشایەتەکانی قسەکردنیان کردووەتە دۆکیومێنت، چەند سەرچاوەیەکی کەمی نووسینیان بەکار هێناوە، بەڵام ئەوان خۆیان شتەکانی خۆیان نووسیوەتەوە. سوسیدیس توانی چەند پەیامێک بنووسێت.

نووسینی پەیام و ڕێککەوتنەکان وەک هیرۆدۆت زیاتر پێویستی بەبەڵگەی زارەکی بووە نەک نووسراو.

## ئاگەدارییەکەی سوقرات

لە ئەفسانەکاندا هاتووە، کاتێ تۆس، خواوەندی خەیاڵ، داهێنانی نووسینی بە تامۆسی فیرعەونی میسر ڕاگەیاندووە، تامۆس سەرکۆنەی داهێنانەکەی کردووە؛ چونکە قوتابییەکان "ئێستە ئالیەتێکیان لە دەستە بۆ هەڵگرتنی زانیاری بەبێ گرفت، ئەو کاتە ئەو قوتابییانە خۆیان کاری نووسینیان جێبەجێ دەکەن، مەشقی یادگارییەکانیان پشتگوێ دەخەن." بیرخستنەوەی ئەم چیرۆکە لاوازە، سوقراتی کۆنە پارێزگار بەکاری هێناوە بۆ دەربڕینی نائومێدی بەرامبەر بە نووسین:

داهێنانەکەتان دەبێتە هۆی بیرچوونەوە لە ڕۆحی ئەوانەی فێری شت بوونە، چونکە کەمتر پراکتیزەی یادگارییەکانیان دەکەن و زیاتر پشت دەبەستن بەنووسین، بەجۆرێک کە بەهۆی هێماکانی رووخسار شتیان بەبیر دێتەوە نەک بەهۆی ناخی خۆیانەوە، خۆیان شت بەبیر خۆیان ناهێننەوە، ئێوە شتێکتان داهێناوە چارەسەرێکی خەیاڵی نییە بۆ یادگاری بگرە چارەسەرێکی شت بەبیر خستنەوەیە. ئێوە لە پێش چاوی قوتابییەکانتان توێکڵی ژیری پێشان دەدەن، نەک ناوەڕۆکەکەی، لە نەبوونی فێربووندا گوێتان لە زۆر شت بووە، قوتابییەکان زیاتر فێر دەبن کاتێ لە زۆربەی شتەکان هیچ نازانن، هەروەها ئەو کاتە مامەڵە لەگەڵیان زەحمەت دەبێت چونکە تەنیا فێری رووی ژیری بوونە نەک کاکڵی ڕاستەقینەی ژیری بۆ خۆی.

سوقرات بەدروستی پێشبینیی ئەوەی کردووە کە یادگاری لاواز دەبێت بەهۆی پشتبەستنمان بەنووسین. زۆربەی کۆمەڵگە زارەکی و گوێگرەکان، لە ڕابردوو و ڕانەبردوو، بەهرەی بیرهێنانەوەیان زۆر بەهێزە کە لە دەرەوەی کولتووره تەکنۆلۆجییەکانی ئێمەوەن. ئەمە بۆ یۆنانییەکان شان بەشانی لە دەستدانی بەهرەی بیرخستنەوە رووی دا، هەروەها نەریتی زارەکی خۆی کەم بووەوەوە. بڵاوبوونەوەی خەڵکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار لە سەرانسەری جیهانی هێلنی، نووسین وردە وردە نەریتی زارەکیی کاڵ کردەوە کە ئەمەش کاری لە هەموو شتێک کرد، تەنانەت کاریگەریی لە سەر بگێڕەوەکانی چیرۆک و خوێندنی ڕەوانبێژیش هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەندە یۆنانییەکان بەداهێنانی خوێندەواری ناسراون و بنەمای خوێندەواری و بیری مۆدێرنن، بەڵام هێشتا شێوازی زارەکی بەسەر نەریتەکەیاندا زاڵ بوو.

## له یۆنانەوە بۆ ڕۆما

هزرە زارەکییەکان هەر لەلای قسەکەر دەمانەوە. وشەکان هەرگیز بەتەواوی سەرچاوەکانیان جێ نەدەهێشت. نووسین، لەلایەکی ترەوە، لە نووسەر جیا دەبێتەوە. لە ڕێگەی نووسینەوە یۆنانەکان ئایدیای بابەتی بوونیان هێنا کایەوە، جوداکردنەوەی زانا و زانراو لە یەکتری. ئەمە سەرەتای بیرکردنەوەی بابەتییانەی میتۆدی زانستی بوو.

زمانی یۆنانی بۆ ماوەی هەزار ساڵی تر زمانی پەروەردە، دیپلۆماسیەت، ئەدەب و زانست بوو لە ڕۆهەڵاتی زەریای ناوەڕاست. ڕۆمییەکان دەوڵەت شارەکانی یۆنانیان داگیر کرد، بەڵام کولتووری ئەوانیان وەرگرت. ڕۆمییەکان لە ڕووی دەسەڵات و مەنسەبەوە شوێنی یۆنانییەکانیان گرتەوە، سوپایەکی زۆر فراوان و بیرۆکراسییەتێکی گەورەیان بنیات نا . بەجۆرێک جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست کە هیچ ستەمکارێکی دەوڵەت شاری یۆنانی ئەم جۆرە دەسەڵاتەی نەبوو. داگیرکردنی میسر لەلایەن قەیسەرەوە پاپیرۆسی مسۆگەر کرد بۆ بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆرەکەیان. ڕۆمەکان شتیان دەنووسییەوە و تۆمارەکانیان دەپاراست.

باشە ئەو میکانیزمی یاسا و ئیدارەیە چی بوو ڕۆمییەکان پشتیان پێ دەبەست؟ کاغەز، یان تەواوتر بڵێین پاپیرۆس... نەخشاندن لەسەر بەرد کاری قەشەکان بوو. ڕۆمییەکان حەزیان لێ بوو خۆیان بەسەردەمەکانی دوای خۆشیان بناسێنن. بەڵام سەربازەکان بەڕێوەبەری بێ کەڵک نەبوون. دەبووایە مامەڵە لەگەڵ ئێستە بکەن. ئەلفوبێ و کاغەز، سوپا دروست دەکات، نەک ئەو بیرۆکراسییەتەی سوپا بەڕێوە دەبات. کاغەز شانیشنی خود لە دوورەوە دروست دەکات.

کاتێ ژمارەی دانیشتووان دەگاتە قەبارەیەکی دیاریکراو، بۆ نموونە، حکوومەت ناتوانێت بەبێ تۆماری نووسراو فراوان بێت. ئەو پەیامنێرە مرۆییانەی پشتیان بەیادگەکانیان دەبەست سنوورێکی توندیان بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا دەسەپاند. گەیاندن دەبێ سەرچاوەیەکی زۆری بۆ تەرخان بکرێت، پێش ئەوەی کەرتە سەربازی و ئابوورییەکان دەست بەناڵین بکەن.

## یەکەم کتێبخانە

پەرستگە میسرییە کۆنەکان بەشێوەیەکی سەرەکی نووسین و مەراسیمە ئاینییەکان و شێوازی پەرستنی ئاینەکانیان کۆ دەکردەوە. کتێبخانەکانی ناو پەرستگەکان پێیان دەگوترا خانووەکانی ژیان. ئەو شتە کەمەی ئێمە لەبارەی ئەوانەوە دەیزانین لە نووسەرە

یۆنانییەکانەوە بۆمان ماوەتەوە. ئەو نووسینانە ئەرشیف کرابوون، نەک لە نێو کتێبخانە هەڵگیرابن. میسرییەکان خوێندەوارییان بەبەشێک لە پەروەردە نەدەزانی، بگرە بەخولێکی تایبەتی ڕاهێنان دەزانی بۆ حکوومەت یان بیرۆکراسییەتی پەرستگە. قەشەکانی ناو پەرستگەکان پاپیرۆسیان قۆرخ کردبوو، بەڵام هەندێ لە نووسینەکان ڕەنگە لەسەر پارچمێنتیش بووبن. هیچ شتێک نەماوەتەوە.

زانیاری ئێمە زیاتر لەبارەی کتێبخانەکانی ئاشووری و بابلییەکانەوەیە، چونکە کتێبەکانیان لەسەر تابلۆ قوڕینەکان بۆ چەندان سەدە ماونەتەوە. کۆنترین لیستی کتێب هی سۆمەرییەکانە، ٦٢ ناوونیشانی ئەدەبیی تێدایە. یەکەم کتێبخانەی گرینگ لە نەینەوا دروست کرا لەلایەن شایەکانی سەدەی حەوتەم و هەشتەمی پ. ز.، لەلایەن شا سارگۆنەوە دەستی پێ کرد، لەلایەن سەنحاریبەوە درێژەی پێ درا و لەلایەن نەوەکەی ئوسەربانیپالەوە فراوان کرا کە بەشێوەیەکی سیستەماتیکی ئەدەبی ئاشووری و بابلییەکانی کۆ کردووەتەوە. زۆر بەڕێکی دابەشی کردوون و هەر کتێبێک بەپێی شوێنەکەی ژمارەیەکی بۆ داناوە. ئەمە یەکەم کتێبخانەی کۆکردنەوەی کتێب بوو لە جیهان، کە نێزیکەی ٢٠ تا ٢٥ هەزار تابلۆی تێدایە. داگیرکردنی بابل لەلایەن ئاشوورییەکانەوە باری کۆکردنەوەی کتێبی باشتر کرد، چونکە ناوچەی داگیرکراو تەرخان کرا بۆ نووسینی کتێبە قوڕینەکان لەسەر ڕێزمان، شیعر، مێژوو، زانست و ئاین. کتێبخانە دروست کرا بۆ خزمەتکردنی کڵێسە و دەوڵەت، بۆ پێشخستنی مەعریفەی زانستی، هەروەها بۆ برەودان بەناوبانگی شا. کتێبخانەکەی ئوسەربانیپاڵ کۆپیستەکانی کۆ کردەوە، ستافێکی کتێبخانەی هەبوو، هەروەها سیستەمێکی کەتەلۆگی هەبوو بۆ تۆمارکردنی دۆکیومێنتی ئاینی، مێژوویی و زانستییەکان. پرسیاری گەیشتن بەو کتێبانە ڕوون نییە، چونکە ئەمە کتێبخانەیەکی شایانەی تایبەت بوو وەک مەرجەع بەکار دەهێنرا. ئەوانەی پلەدار بوون لە ناو دادگە دەستیان دەگەیشتە کتێبەکان، بەڵام پێ ناچێت کە ئەو ئیمتیازە بۆ سکۆلەرەکانیش هەبووبێت.

لەودیو ئەو پرۆژە مەزنەوە، دەبێ تەماشای یۆنانەکان بکەین. لە دەوڵەت شاری پێرگاموم کە ئێستە دەکاتە ڕۆئاوای تورکیا، ئەم شارە ناسرابوو بەوەی خۆیان تەرخان کردبوو بۆ هونەر، ئەوانەی لە کتێبخانەی ئەوێ کاریان دەکرد، چیرۆکێکی سەیریان هەیە گوایە نەوەی باو و باپیرانی کلیۆپاترا بوونە لە سەردەمی فیرعەون پتۆڵمی. وا پێ دەچێت پتۆڵمی ئیرەیی بەو کتێبخانەیە بردووە کە شا ئومێنسی دووەم دروستی کردووە، بۆیە دەرگەی پاپیرۆسی لەسەر داخست. چیرۆکەکە بەم شێوەیەیە: ئومێنس هانی بەرهەمهێنانی زیاتری

پێستەی ئاژەڵان دا، بەم شێوەیە پارچمێنت هاتە کایەوە بۆ پێشبڕکێی پاپیرۆس و دواتر کاغەز.

کتێبخانە مەزنەکانی جیهانی هێلنی، لەلایەن پتۆڵمییەکانەوە دامەزراون لە دەسپێکی سەدەی سێیەمی پ. ز. ئەویش کتێبخانەی ئەسکەندەریە بوو کە وەک زانکۆیەک خزمەتی دەکرد، وەک سەنتەرێکی توێژینەوە، هەروەها خانەیەکی چاپەمەنی هەبوو کە کۆپلە خوێندەوارەکانی بە نووسەر دادەمەزراند. کەشتییەکان لە ئەسکەندەریە دەگەڕان بەدوای ئەو دەستنووسانەی کە لە کتێبخانە نەبوون. لە بەرزترین ئاستدا، لە سەدەی یەکەمی پاش زاین، کتێبخانەکە لە هەر کتێبێک لە جیهان کۆپییەکی هەبوو، هەروەها فەرهەنگ، ڕێککەوتننامەکان و ئینسایکلۆپیدیاشی تێدا بوو.

لە سەدەی چوارەمی پاش زایندا، ڕۆما بەلایەنی کەم ٢٨ کتێبخانەی هەبوو کە هەریەکەیان زیاتر لە ٢ هەزار کتێبی تێدا بوو. کتێبخانەکان دابەش کرابوون بەسەر کەرتی یۆنانی و ڕۆمییەکان. لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتەکەدا، کۆکردنەوەی کتێب زیادی کرد و دواجار کتێبخانەی تایبەتیی زەنگینەکانیش پەیدا بوو.

کتێبخانەی ئەسکەندەریە بەشێکی وێران کرا لە ٤٨ پ. ز لە کاتی شەڕی سەر شەقامەکان لە ڕاپەڕیندا دوای ئەوەی یۆلیۆس قەیسەر شارەکەی گرت. وەک قەرەبووکردنەوە بۆ کتێبە لەدەستچووەکانی ناو مۆزەخانە و کتێبخانەکە، ئەنتۆنی لە کتێبخانەی پێرگاموم نێزیکەی ٢٠٠ هەزار کتێبی بەدیاریی دا بەکتێبخانەی ئەسکەندەریە، کە موڵکی دەوڵەتی ڕۆما بوو. هەندێ کەس ئەنتۆنیان تۆمەتبار کرد بەدانی موڵکی دەوڵەتی ڕۆما بەشێوەیەکی نایاسایی وەک دەربڕینی هەست و خۆشەویستی بۆ کلیۆپاترا.

هەموو ئەو چیرۆکانەی باس لە وێرانبوونی کتێبخانەی ئەسکەندەریە دەکەن، مشتومڕی زۆریان لەسەرە. بەپێی یەکێک لەو چیرۆکانە، کتێبخانە بەناوبانگەکە لەلایەن بزووتنەوەیەکی تووڕەی مەسیحییەکان لە سەدەی پێنجەمدا ڕووخێنراوە. لە سەدەی دوازدەمدا، چیرۆکێک بڵاو بووەوە کە ئەم کتێبخانەیە لەلایەن موسڵمانەکانەوە وێران کراوە.

## چرای ئەقڵ

لە جیهانی تاریکیدا، یۆنان چرای ئەقڵی داگیرساند. نووسین ڕێگەی بەو چرایە دا بۆ هەموو نەوەکانی داهاتوو بدرەوشێتەوە. یەکەم شۆڕشی زانیاری، شۆڕشی نووسین بوو. بەهێواشی جیهانی هێلنی، دواتریش شارستانییەتی ڕۆئاوا، لە کولتوورێکی تایبەتی

زارەکـیـیـەوە گـواسـتـەوە بـۆ کـولـتـووری کـاریگەری نووسـین. لـەم مـاوەیـەدا، لە دەوروبـەری سـەدەی هـەشـتـەمەوە بۆ سـەدەی چوارەمی پ. ز. یەکـەم جار لە جیهـان دیموکراسـی، واتە لە دەوڵەت شـارەکـانی یۆناندا سـەری هەڵدا. لە سـەدەی سـێیـەمی پ. ز.دا، نووسـین لە هـەمـوو کونجێکی پەروەردەییی جیهانی هێلنیدا پەسند کرا وەک ناوەندێک بۆ فێربوون و گەیاندن. خوێندنەوە لە قوتابخانەکاندا فێری قوتابییـان دەکرا. بەشـێکی زۆری کۆمـەڵگەی یۆنانیی گرتەوە. کتێبە پاپیرۆسییەکان کۆ دەکرانەوە و لە کتێبـخانەکاندا دادەنران. یەکەم شۆڕشـی زانیاری سەرکەوتوو بوو.

داهـێنـانی نـووسین وای لـە خـــەڵکی کـــرد زانـیـــاریـی ورد بەدەست بێـن و بینێـــرن بـۆ شوێنەکانی تریش، هەر ئەمەش وای کرد بەپێی تێپەڕبوونی کات ئەو زانیارییانە وردە وردە بۆ ئەقڵەکـانی سـەدەکانی تر بگوازرێنەوە، تا گـەیشـتنە ئەقـڵی ئەمڕۆی ئێمـە کـە ئـێسـتـە سوودی لـێ وەردەگرین. گۆڕانـە گەیاندنی و سـیاسـییـەکان بەردەوام دەبن لە سـەردەمـێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

کـــاتـێ نووســین بەکـــار هات بـۆ هەڵگرتـنی زانـیـــاری، مـــرۆڤ چی تـر پێـــوەنـد نەبـوو بەسنوورەکانی یادگە. زانـیـاری لەوسـاکـەوە هیچ سـنوورێکی نیـیـە. بەڕای ئەو نووسـەرە یۆنانییانەی کە چوونە ئەودیو گەیاندنی ئاساییەوە، چوونە نێو زانست، فەلسەفە و ئاینەوە ناوەندێک ڕێگەی پێ درا بۆ پاراستن و مـانەوەی ژیانیـان. ناوەندێک زیاتر لە پیکتـۆگرافـە سادەکانی سەر دیوارەکان. نووسین وای کرد وردەکاریی هزر و بیرەکانی ئەوان بۆ نەوەی دوای خـۆیان بمێنێتـەوە، بۆ ئەوەی ئەو پێویستـییـەی مرۆڤ قـایل بکات کـە هـەردەم حـەزی لەوەیە یادی بکرێتەوە، بەبیر خەڵکیدا بێتەوە.

## شۆڕشی دووەم

# چاپ

### پشێوی لە ئەوروپا

بێ ئومێدی دایکی نوێبوونەوەیە. سەدە تاریکەکانی شارستانییەتی ئەوروپا نێزیکەی هەزار ساڵی خایاند، بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەدا، گۆڕانەکان بەڕوونی دەستی پێ کرد. کەمێکی سەدەی سەهۆڵبەندان لە سەرەتای سەدەکەدا دەستی پێ کرد. چاخی سەهۆڵبەندان دانەوێڵەی کەم کردەوە و خەڵکی هەژار کرد و لەبەر برسییەتی و نەخۆشیی دەمردن. قسە و باس لێرە و لەوێ لە خەڵکی دەبیسترا کە هەندێ کەس گۆشتی تەرمی مرۆڤیان هەڵواسیوە بۆ خواردن و تەنانەت هەندێکی تر منداڵەکانی خۆیان دەخوارد.

تاعونێکی کوشندە سەرەتا لە چین و هیندستان دەستی پێ کرد، دواتر بەهەموو ئاسیادا بڵاو بووەوە تا تەواوی ئەوروپاش. تۆپەڵەی ڕەش لە قەبارەی هێلکەیەک لە بن هەنگڵ و ناوگەڵدا چەکەرەی دەکرد، خوێن و کێمی لێ دەچۆڕایەوە، ئەوجا دوومەڵ و زیپکە و پەڵەی ڕەش لەسەر ڕوو دەردەکەوت، تا و ئازارێکی زۆری لەگەڵدا بوو. نەخۆشییەکە پێنج ڕۆژی دەخایاند و تووشبووەکەی دەکوشت. لە نێوان ١٣٤٨ و ١٣٥٠دا، مردنی ڕەش یەک لە سێی خەڵکی کوشت. پێ دەچێت تەنیا لە ئەوروپا ٢٠ ملیۆن کەس بەو نەخۆشییەوە مردبن، بەڵام کەس بەتەواوی ژمارەکە نازانێت. هەرکە تەرمی مرۆڤ بەلێشاو دەبرانە گۆڕستانەکان، شارەکان چۆڵ بوون. زۆربەی قوربانییەکانیان خەڵکی پاریس و فلۆرێنس و ڤیەننا بوون. تەواوی گوندەکان لەناوچوون. چاوەڕێی مردن لە هەموو کەس دەکرا.

ئەوەی زیندووش بوو گێژ و وڕ بوو، تووشی پشێوی کۆمەڵایەتی و ئابووریی بووبوون. خەڵکی دەستیان کرد بەتاوانی گەورە و تووشی گرفتی گەورە بوون وەک خاووخلیچکی،

چاوبرسییەتی و داوێنپیسی و بێ ڕەوشتی. تاعونە کوشندەکە بەهۆی کێچ، مشکەکوێرە و جورجەوە بڵاو بووەوە کە لە هەموو شوێنێک پەرتەیان کردبوو. وێڕای ئەمەش، باس و خواسی تر لە نێو زیندووەکان پەیدا بوو. شەیتان شانبەشانی جووەکان بەنەعلەت کرا. ئەمە کوشتاری بەدوادا هات، بەڵام هەندێ دەنگی ئاقڵ ئاماژەیان بەوە دا کە کار وا بڕوات هەموویان پێکەوە بەتاعون دەمرن. بەڵام وەک بڵێی بکوژانی شەڕی پێشووی خاچپەرستان و وێرانکاریی تاعون هێشتا بەس نەبوون، ئەوروپا دەستی بەشەڕێکی تری سەد ساڵە کرد، ئەویش شەڕێکی فاشیلی خاچپەرستان بوو.

هێشتا ماوە. خۆراک لە کەمی بدا. هەروەها کانزاکانی ناو کانەکانیش ڕوویان لە کەمی کرد. پارە شوێنی خزمەتگوزارییەکانی سەردەمی دەرەبەگایەتیی گرتەوە، کە ئەمەش باری ئابووریی بۆ زۆر کەس گەلێ خراپتر کرد. لە سەرانسەری فرەنسا و ئیتاڵیادا، تاقم و باندی نایاسایی بەهۆی کاری تیرۆریستی ترس و تۆقینیان بڵاو کردەوە. دە ساڵ دوای بنبڕبوونی تاعونە کوشندەکە، شەپۆلی دووەمی دەستی پێ کرد، کەمتر خەڵکی کوشت بەڵام ترس و ڕاڕاییی زۆر لە ناو خەڵکی نایەوە. شەپۆلی دووەمی تاعون بەچارەنووسێکی کارەساتبار باڵی بەسەر تەواوی ئەوروپادا کێشا. شەپۆلی سێیەمی تاعون لە ساڵی ١٣٧٣دا دەستی پێ کرد.

دووبەرەکی و لێک جیابوونەوە لە نێو پاپایەکانی ئەڤیگنۆن و ڕۆمادا سەری هەڵدا. ڤاتیکان بەهۆی گەندەڵییەوە لە پاپاکانەوە تا دەگاتە قەشەکان لاواز بوو، بەڕەڵاییی سێکسی و جووتبوون کەوتە نێوانیانەوە. هەڵسوکەوتی سێکسی لە نێوان قەشە و ڕاهیبەکاندا بووە هۆی داخستنی کۆمەڵگە ئاینییەکان لە ئینگلتەرا، هەروەها ڕیسوایی و ئابڕووچوون شوێنەکانی تریشی گرتەوە. ئەم سەدەیە، سەدەی قامچی لەخۆدان Flagellant بوو، سەدەی شۆڕشی جووتیاران بوو، هەروەها سەدەی ڕەوشتە سەیرەکان oddity بوو وەک خولیای سەماکردن کە وای لە گەلانی ڕێیناڵد، هۆڵەندا و فلاندەرز کرد تا ئەوپەڕی شێتی و ماندووبوون سەما بکەن، سەماکردنەکە بازدان و قیژاندن و ڕوانگە ئاینییەکانیش لەگەڵدا بوو. خەریک بوو هەموو شتێک لێک جیا ببێتەوە.

نەخۆشییەکان و پشێوییەکانی سەدەی چواردەم بەدەر نەبوو لە ئاکام. لە ماوەی پەنجا ساڵی سەرسەرهێنەردا، سات دوای سات شتی سەیر ڕووی دەدا، لە ماوەیەکی کەمدا، لەلایەن هەندێ کیمیاگەری نەناسراوەوە، وزەکان تازە کرانەوە، ئایدیاکان تەوقی چاخە تاریکەکانیان شکاند و پێیان نایە جیهانێکی نوێ و مرۆڤ دووبارە گەڕایەوە سەر هۆش و ڕێڕەوی خۆی.

له سـەدەی چواردەم لە ئینگلتـەرادا، جۆن وایکلیف ڕابەرایەتیی پێوەندیی ڕاسـتەوخۆی مــرۆڤ لەگــەڵ خــوای کــرد، یاوەرانــی وایکلــیف بێ وچان و هـۆشــیــارانە وەرگــێــڕانە ئینگلیزییەکەی ئینجیلیان کۆپی و کۆپی کردەوە، وایان دەزانی بەم کارە خۆیان لە گوناهی نەبوون بەئۆرتۆدۆکس و لە ترسی مردن ڕزگار دەکەن. هێندەی نەبرد لە سەدەی داهاتوودا، بیــروڕاکــانی جــۆوانی ئارک Joan of Arc لە هـەمــوو شــوێنێک دەنگیــان دایەوە. کــچــە جووتیارێک بوو هەڵسا بەتێکەڵکردنی پەرۆشییە ئاینییەکان لەگەڵ هێزێکی نوێی هەستی نیـشـتـمـانپەروەریـەتی و دەسـەڵات لە مـەیدانی شـەڕدا، ئەمـە هەمـوو فـرەنسـای هەژاند. ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆما ڕووی لە کزی کرد، دواجار نەتەوە –دەوڵەتەکان شوێنیان گرتەوە.

پاپا بۆنیفەیسی هەشـتەم لێدوانێکی پاپای بڵاو کردەوە، "بۆ ڕزگاربوون لە گوناه هـەموو مرۆڤێک پێویسـتـە گوێڕایەڵی پاپا بێت." لە دەڤـەرە بچووکترەکاندا، زۆرێک لە پیاوماقووڵان شکۆمـەندی و لووتبـەرزییـەکەیان نەما کـاتێ گەورەییی خـۆیان بەسـەر چینی ڕەشـوڕووتدا Third Estate دەسەپاند، چینی ڕەشوڕووت هەموو ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە پیاوی ئاینی یان پیاوماقووڵ نەبووبان.

بەڵام بـازرگــانی لـە ســەرەتادا بوو لـە ســەرنج و هێزی خــەڵکیــدا، پەرۆشـی هـەبـوو بۆ دامـەزراندنی شـارۆکە، شـار، زانکۆ و بانک و داهێنان، هـەروەها کـەشـتـییـە قـارەمـانەکان دەچوونە ناو ئەو زەریانانەی کە تا ئەوسا نەدۆزرابوونەوە. خێڵێکی کۆچەری مەغۆلی Mon-gol horde لە دەروازەی لای ڕۆژهـەڵاتی ئەوروپا پەنجەرەیەکیان کردەوە بەڕووی چین کە لەلایەن پیاوانی مامناوەندی فارس و عەرەب داخرابوو کە ئەو پیاوانە هەردەم بەشی خۆیان لە بازرگانی وەردەگرت.

لە ناو وڵاتیـشـدا، پیـاومـاقـووڵان و خـانەوادەکان بەشـێـوازێکی نوێ خـانوویان بۆ خـۆیان دروست کرد بۆ شـوێن گرتنەوەی ئەو خانووانەی کە لە بنمیچدا کونێکی بچووکیان هەبوو بۆ چوونە دەرەوەی دووکـەڵ. دووکەڵکێش بەدرێژاییی دیوارەکان بۆ ئاگردانەکان لە ژوورە تایبـەتەکـاندا دروست کران. بۆ یەکەم جـار، ئەندامـانی خێـزانە خانـەوادەکان خـۆیان لە خزمەتکارەکانیان لە هۆڵە گشتییەکان جودا کردەوە کە سـەردەمێک هەموویان لەو هۆڵە کۆ دەبوونەوە بۆ خۆ گەرمکردنەوە. ئەمە هەنگاوێکی سـەرەتا و بچووک بوو بۆ حـەزی مرۆڤ لە سەربەخۆیی. زۆربەی خەڵک نەیاندەزانی سەربەخۆیی چییە.

## سەرچاوەکانی هەواڵ

هەواڵە دوورەدەستەکان لە دەستی سێیەم و چوارەمی قەشە گەڕۆکەکان، سەربازەکان، ڕێبوارەکان، پەیامبەرەکان و ئەو کەشیشانەوە دەگەیشتن کە لەلایەن پاپاوە دەسەڵاتیان پێ درابوو بەڵگەنامەی لە گوناه خۆشبوون بەخەڵکی بفرۆشن pardoners. زۆربەی خەڵکی ئەوسا یان نەیاندەزانی یانیش بایەخیان نەدەدا بەوەی خەڵکی شوێنەکانی تر چۆن گەشت دەکەن. چەند مرۆڤێکی کەم کە چانسی خوێندەوارییان هەبوو، زۆر شتیان لەبەردەست نەبوو، بیخوێننەوە، بۆیە خوێندەواری پلە و پایە و بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو. زۆربەی خانەوادەکان، تەنانەت شایەکانیش، نووسین و خوێندنەوەیان نەدەزانی. سەرەک قەشەکانی چاخی ناوەڕاست هانی نەخوێندەواریی گشتیان دەدا. کەس نەیدەتوانی ئینجیل وەرگێڕێتە سەر زمانی وڵاتی خۆی، چەند پیاوێکی ئاینی نەبێت کۆپی ئینجیلیان بەزمانی لاتینی هەبوو. بەڵام پلە دانان بۆ ئەوانەی کەمێک خوێندن و پەروەردەیان هەبوو دەستی بەتەشەنەکردن کرد.

زۆربەی زانیارییەکان لە ڕێگەی گوێ، قسە و قسەڵۆک، شانۆگەرییە ئەخلاقییەکان، وتارە ئاینییەکان، بەستە و هەڵبەستەکانی گێڕاوە ballad و چیرۆکەکان دەگەیشتە مێشک، بەڵام لێرەش تەکنۆلۆجیا گۆڕانکاری هێنا کایەوە. کاغەزی هەرزان و بەرهەمی خۆماڵی شوێنی پاپیرۆسیان گرتەوە. داهێنانی دیمەنی جوان و سەرنجڕاکێش هاوکاریی چاوە پیر و وەڕەسەکانیان دا زیاتر بخوێننەوە.

لە کۆتاییی سەدەکەدا، خوێندەواری بەتێستێک دانرا بۆ زیرەکی. وەک پێشتر سنووردار بوو، نووسینی جەماوەری دوو هێندە زیادی کرد. بۆ سکۆلەرەکان، سەرەڕای بوونی ئینجیل، گەلێک کتێبی جۆراوجۆرتر هەبوون لەسەر هونەر و زانستەکان، لەگەڵ بابەتە ڕۆمانسییەکان و بابەتە گوێزراوەکانی تر. وشکە سۆفییەکان، پەیامبەرانی زانکۆ، پەیامنێرانی بازرگانەکان و سیستەمی پۆستەییی نوێی خێزانی تاسۆ Tasso بناغەی خزمەتگوزارییەکانی نامە گۆڕینەوە لە ئەورووپادا دانا.

چەند سەدە ناکۆکی لە نێوان هێزە مەسیحی و موسڵمانەکاندا کاریگەریی قووڵی هەبوو لەسەر بڵاوبوونەوەی زانیاری، بەڵام هەموو جاریش هەر نەرێنی نەبوو. گۆڕانی تۆلیدۆ To-ledo، سەنتەری کولتووری مەغریبی و جووەکان، بۆ ئێل سید El Cid لە سەدەی یازدەمدا کتێبخانەکانی خۆی لە ڕۆئاوای ئەورووپادا کردەوە. لە سەدەی چواردەمدا، تورکە عوسمانییەکان زاڵ بوون بەسەر حوکمڕانی بێزەنتینییەکان لە گالیپۆلی، کە پاشماوەیەکی

ئیمپراتۆریای ڕۆما بوو و، جێگیر بوون لە دەروازەی ئەوروپادا. قوستەنتینییەیان دەگرت لەو کاتەی گۆتنبێرگ خۆی هێڵی چل و دووەمی ئینجیلی لە چاپ دەدا. بێزەنتییەکان زیاتر لە کۆنترۆڵی عوسمانییەکان دەترسان لە چاو ڕقیان لە دەسەڵاتی ئۆرتۆدۆکسی ڕۆما، بۆیە سکۆلەرە بێزەنتییەکان، دەستنووسە کلاسیکەکانی یۆنان و ڕۆمایان هێنایە دەرەوە کە زۆربەی سکۆلەرەکانی ڕۆئاوای ئەوروپا ئاگایان لەو دەستنووسانە نەبوو. ئەمە بووە هۆی گەڕان لەو شوێنانەی لە ژێر کۆنترۆڵی بێزەنتییەکان بوون بۆ دۆزینەوەی دەستنووس، پەیکەر، کارە شوێنەوارەکانی تری کولتوورە کۆنەکان. کڵێسە پشتگیری گەڕانی کرد بەدوای گەنجینە کۆنەکاندا، ڕای گەیاند هەر ڕاپۆرتێک لەبارەی فێربوونە کلاسیکەکانەوە کە بەزمانی لاتینی و یۆنانی نووسراون و هیچ مانایەکیان نییە بۆ خەڵکی گشتی، بدۆزنەوە.

لە سەدەی چواردەمدا، دانتی the divine comedy نووسی. پێترارک بەرهەم کلاسیکییە لاتینی و یۆنانییەکانی بەچاخی نوێ پێشاندا. دەڵێن چاخی مرۆڤایەتی لە ١٣٤٨دا لەدایک بووە کاتێ پێترارک ئەو نووسینانەی دۆزییەوە کە لەلایەن سیسیرۆوە نووسرا بوون، ئەو نووسینانەی کە بۆ چەندان سەدە کەس پێیانی نەزانی. چیرۆکەکانی بۆکاشیۆ بەردی بناخەی ئەدەبی مۆدێرنیان دانا.

## ڕیفۆرمەیشن و ڕینێسانس

ئێرە زەوییەکی بەپیت بوو بۆ گۆڕان، بۆ چاکسازیی کڵێسە Reformation هەروەها بۆ بووژاندنەوە Renaissance ، ئەم زەوییە بەدۆزینەوەی دەستنووسە کلاسیکە یۆنانییەکان و ڕۆمەکان ئاو درا. ئەمە مانای ئەوە نییە بڵێین دەستنووسەکان دەستاودەستیان کردبێت. نەخێر ئەودەست و دەستیان نەکرد. مارتن لوسەر ئابڕووی دیسیدێریەس ئیراسمۆس، لە بلیمەتترین هیومانیستەکان (Humanist: شارەزا لە وێژە و فەلسەفەی لاتینی و یۆنانی)ی سەردەمی خۆی، وەک خەونبینێک برد. هیومانیستەکان، کاتێ پشتگیریی چاکسازیی کڵێسەیان کرد، پرۆتێستانتەکانیان خۆیان و گفتوگۆکانیان لەسەر دۆزەخ بەکۆنەپەرستانی داوونەریتەکانی چاخی ناوەڕاست زانی.

مشتومڕی نێوانیان بۆ چەندان سەدە لە ژێر چەندان ناودا بەردەوام بوو، تا ئەمڕۆکەش بەردەوامە لە نێوان هیومانیزمی عیلمانی و فەندەمێنتالیزمی ئایینیدا. لەگەڵ ئەمانە و چەندان مشتومڕی تر جیهانی ناوەڕاست داڕزا و ڕووخا. تا ئەوساکەش ڕووخانی ڕۆم ئەوەندە قووڵ و ئەوەندە تەواو نەبوو. ئەو شازادانەی دەیانویست سەرنجی هیومانیستەکان

بەلای قارەمانیەتی خۆیان ڕابکێشن چەندان دەستنووسی قەدەخەکراو و نوێیان لە ژێر دەستی قەشەکان بۆ ئاشکرا کردن، هەروەها دۆزینەوەی دەستنووس لە هەر شوێنێکی تر بووایە بەکەڵک دەهات بۆ دروستکردنی کتێبخانە کەڵکی لێ وەردەگیرا. هەموو بۆچوونەکان بەپێی دەربڕین و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانیان دەگەڕێنەوە سەر داهێنانەکەی گۆتنبێرگ.

چاپ ئیمپراتۆریەتە بەهێز و نەگۆڕەکەی چینی بێزار نەکرد. سەرەتای چاپ لە ئەورووپای ناوەڕاستی سەدەی پازدەدا ڕەنگە سەرە داوێکی لاواز بووبێت، ئەگەر هەڵومەرجی ئەورووپا ئامادە بووبێت بۆ گۆڕان. بەڵام بەپێچەوانەوە بوو، چونکە ئەورووپای سەدەی پازدە ئەورووپا بوو، سیستەمێکی کارامە لەلایەن زێڕنگرێکی ئەڵمانیەوە دامەزرا، کاری بۆ ئەو هێزانە دەکرد کە جیهانیان دەلەنگاندەوە. دووەم شۆڕشی جیهانی چاپکردن بوو.

## دیارییەک لە چینەوە

کاغەز باوترین و خۆماڵیترین شت بوو. بەقەد کۆمپیوتەر، دیسکی دیجیتاڵ و خولگەی سەتەلایتەکان لە زەویی شایستەیە و دەبێ شانبەشانی ئەوان باس بکرێت. ئێستەش، سەرەڕای ئەو هەموو داهێنانە ئەلیکترۆنییە، بێنە بەرچاوت ئەگەر کاغەزمان لێ ببڕێت وەک ئەوە وایە پەلکێشت بکەنەوە بۆ چاخە تاریکەکان، کاتێ چارلماگنی ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆمییەکان کە هەرگیز فێری نووسین نەبوو، هەرگیز گوێشی لە کاغەز نەبووە، پێوەرێکی بۆ نووسین دانا بۆ مسۆگەرکردنی ئیمپراتۆریەتەکەی.

کاغەز (پەڕەی نووسراو) ڕینێسانسی لە سەرانسەری ئەورووپادا بڵاو کردەوە. کاغەز گڕی ئاگری ڕیفۆرمەیشن، دژە ڕیفۆرمەیشن، هەموو گۆڕانی سیاسی، ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆشتر کرد.

بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی کاغەز، دەبێ ئاگەداری ئەو هێزە بین کە تەکنۆلۆجیای گەیاندن لەسەر ژیانمان پێڕەوی دەکات. ئەگەر بێنینە بەرچاومان بزانین بواری ئابووری، ئاینی و تەنانەت ژیانی کەسیمان، هەروەها پەروەردە و زانست و بواری پزیشکی بەبێ کاغەز چۆن دەبێ لەو ڕۆژگارەی ئێمەدا. کاغەز تا ڕادەیەکی زۆر یارمەتیدەر بووە بۆ خوێندەواری. چونکە خوێندەواری و چاپ بۆ یەکتر خۆراک بوون. ئەمڕۆ ڕۆژنامە بەردەوامە وەک بنەمایەک بۆ ئازادیی بیر، چونکە لە نەتەوە هەرە دیموکراسییەکاندا بوونی هەیە، بەڵام کەمتر لە ڕێژیمە ستەمکارییە چەوسێنەرەکاندا بەدی دەکرێت. ئەمە بەڕێککەوت نییە کە هەندێ حکوومەت، کاتێ زوڕنای ئازادیی ڕۆژنامەوانی لێ دەدەن، زۆر بەتوندی کۆنترۆڵی پێداویستیی چاپی ڕۆژنامە دەکەن.

بۆ ئەوەی بزانین کـاغـەز بـۆ ژیانی ئێـمـە چەندە گـرینگە، چەندە ڕوونـە لەبەرچاومـان، پێـویستـە تەنیـا سـەیری لاپەڕەی ڕۆژنـامـەکـان بکەین و بزانین ئەو وشـانە چین لەسـەریان نووسـراوە و چاوێکیـان پێـدا بخـشـێنین. ئەو شـتـانەی وشـەکـانی سـەر ڕۆژنامـەکـان پێشکێشمـان دەکەن لە بن نایەن. ئامانجی بەم دواییانەی سـەدەی بیستـەمی ئێمـە برێتی بوو لە نـووسـینگەیەکی بێ کـاغـەز. بەڵام ئامـانجـەکە نـووسین بووە لەسـەر کـاغـەز خـۆی. ئێستـەش "دە سـاڵی بەسـەردا تێ پەڕیوە"، کە بۆ چەندان دەیە بوونی هـەبووە و هـەرچەندە بەم دوایـیـانە بزووتنەوەیـەک هـەبوو بەو ئاراسـتـەیەدا کـە کاغـەز نەمـێنێت، بـەتایبـەتی لە پاراستنی تۆمارەکان و داتابەیسەکان.

## بنەڕەتەکان

چینییە کۆنەکان ئێسک و قەڵغانی کیسـەڵیـان هەڵدەدڕی بۆ پەیامـەکان و هەندێ جاریش وەک ئامـێرێک بەکـاریان دەهێنا بۆ بەخت خـوێندنەوە. ئیـمپراتۆرە سـەرەتاییـیەکانی چین پەیامەکانیان لەسـەر جۆرە بەردێکی سەوز لە شێوەی مێز تۆمـار دەکرد، بەڵام بنەماڵەکان و بەرپرسە باڵاکانی حکوومـەت لەسەر کەڵبـەی فیل پەیامـەکانیان تۆمار دەکرد، بەڵام دیارە هیچ یەکـێک لەمـانە لە ڕووی ئابوورییـەوە کـردەیی نەبوو بۆ ڕاگـەیاندنێکی بەربڵاو. ئەوەی چینییەکـان پێویسـتیـان پێی هـەبوو شتێکی ئامـادە و بەدەستـهێنانی زەحمەت نەبوو، ئەمـە باشتر بوو لە بەردی سـەوزی بەنرخ و خۆشکردنی کەڵبەی فیل. کەرەستەیەکی باشتریان بۆ نووسین دۆزییەوە ئەویش برێتی بوو لە قەمیش، کە مێزیان لێ دروست دەکرد و بەپێنووسی لە قـەمـیش دروسـتکراو یان بەدارێکی نووک تیـژ لـە وارنیـشی ڕەشـیـان هـەڵدەهێنا و لەسـەریان دەنـووسـی. قـەمـیـشـیـش سنووری خـۆی هـەبوو. زۆربوونی تـۆمـارەکـان لەسـەر قەمیش بەحکوومەت نەدەکرا جێگۆڕکێیان پێ بکا.

چینییەکـان فلچـەیان لە مـووی حوشـتـر دروست کـرد، کە بـەنەرمی لەسـەر ئاوریشم یان کـاغـەزی لە ئاوریشم دروسـتکراو دەینووسـی. ئەو کـەرەسـتـانەی نووسین، هـەرچەندە گـران بوون، سـوودی گـەیاندنیـان هـەبوو چونکە دەتوانرا بەلوولدراوی هـەڵبگیرێن و بگوێزرێنەوە. نووسـینی چینی، کۆنترین زمـانی نووسین تا ئێستـەش بەکار دێت، هـەر پیتێک، وشـەیەکی جـودا لە وێنـەیـەک یان چەند وێنـەیەکی دەسکاریکراو پێک هـاتبـوون. چینیـیـەکـان تا ئەمڕۆکەش ئەلفوبێی فۆنەتیکییان نەبووە. سـەرەتای وشـەی نووسراوی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ٢٧٠٠ پ.ز.، نێزیکەی ٣ هـەزار سـاڵ پێش پەیدابوونی ڕۆژنامە.

داهێنانـی کـاغـەز لە چـین لەسـەر دەسـتـی تسـای لونی خـەسـیـو هـاتە کـایەوە کـە وەزیری

کاروباره گشتییەکانی ئیمپراتۆر بوو لە ساڵی ١٠٥ پاش زاین. هەرچەندە ڕەنگە ئەم داهێنانە لەسەر دەستی یەکێکی ترەوە بووبێت. لە دیدی پێگە بەهێزەی ئەودا، ئاساییە بڵێین حکومەت پێشوازیی لە داهێنانەکەی ئەو کردووە؛ چونکە کاغەز پێویستییەکی گرینگ بووە. چونکە ناکرێ مەزندەی ئەوە بکەین هەر حکوومەت هەبووبێت خۆزگەی ئەوەی نەخواست بێت کەرەستەی زیاتری هەبێت بۆ تۆمارکردنی زانیاری و ڕاگەیاندنی بڕیارەکان.

داهێنەرە زیرەکەکە ڕەنگە سەرنجی دابێتە زەردەواڵە کاتێ ڕووەک دەهاڕێت تا دەبێتە تڵپە و ئینجا پانی دەکاتەوە بۆ دروستکردنی هێلانەکەی. داهێنەر پەڕۆی پارچە پارچە کردووە و دواتر لە ئاودا چۆڕاندوویەتی تا کردوویەتی بەهەویر، دواتر لەسەر شتێکی پان پانی کردووەتەوە، دواتر لێ گەڕاوە تا هەویرە تەنکەکە وشک بووەتەوە. لە ئاکامدا هەویرە تەنکەکە کاغەزی لێ دروست دەبوو، دەتوانرا بەهەر قەبارەیەک بێت ببڕێت و لەسەری بنووسرێت. ئەزموونی زیاتر دەری خست کە کەتان، گوش و تەنانەت تۆڕەکانی ماسیش و پەلکی دار توانرا بەکار بهێنرێن بۆ دروستکردنی کاغەز. فڵچەی لە موو دروستکراو وەک ئامێری نووسین بەکار دەهات دوای هەڵێنانی لە مەرەکەبی ڕەش.

هیچ گومانی تێدا نییە کە داهێنانی کاغەز لەلای چینییەکانەوە، دواجار گەیشتووەتە ئەورووپا. تا چەند چاپەمەنی جیهان قەرزاری چینە ئەوە پرسێکە دواتر باسی لێوە دەکەین. هەرزان، زۆر و ئاسان لە بەکارهێناندا، کاغەز بووە پێداویستییەکی سەرەکیی بۆ بژاردە ئاینی، بیرۆکرات و سکۆلەرە چینییەکان. کاغەز یارمەتیدەر بوو لە دامەزراندنی کۆنفۆشیۆنیزم لە ئەدەبی کلاسیکدا. قەشە بووزاییەکان کاغەزیان بەشتێکی بەهادار دەزانی بۆ ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی باوەڕەکانیان وەک مەسیحییەکان کە پارچمێنتیان دۆزییەوە و دواتر کاغەزیان بەکار هێنا بۆ باوەڕە شایستەکانیان. چینییەکان وشەکانیان لەسەر پارچە دار هەڵدەکەنی، دواتر مەرەکەبیان پێدا دەکرد و لەسەر پارچە کاغەز چاپیان دەکرد و وەک نوشتە و چاوەزار دەیانفرۆشت.

ئەو کەلوپەلانەی لە کاغەز دروست دەکران بریتی بوون لە پێڵاو، کڵاو، قایش، پەڕۆ، کاغەزی دیوار، کاغەزی شت پێچانەوە، پەردە، کاغەزی ئاودەست، تەنانەت ئەو قەڵغانەی کە بۆ خۆپاراستن لە تیری دوژمن بەکاریان دەهێنا. چینییەکان چاپکردنی پارەی کاغەزیان دۆزییەوە، ئەمەش سەرنجی مارکۆ پۆلۆی ڕاکێشا، کە حەزی زانینی هەبوو لەبارەی هەموو شتێکەوە، هەر شتێک کە بۆ میتۆدی چاپ شیاو بووایە حەزی لێ بوو بیزانێت. تەنیا لەبارەی چەکی بانکەوە نووسیویەتی. بەداخەوە، حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی چین

بایەخێکی زۆریان بەپارەی کاغەز داوە. دوای چەندان شەپۆلی گرانی گوزەران، ئینجا لە ساڵی ١٤٢٥ وازیان لە بەکارهێنانی هێناو بەکاریان نەهێنانەیەوە، تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە.

## نەبوونی شۆڕشی زانیاری

چینییە داهێنەرەکان، لە نێو گەلێ شتی تردا، ناسراون بەوەی یەکەم جار ئەم شتانەیان داهێناوە خۆشکردنی ئاسن، ستیل و سەعاتی میکانیکییان بەکار هێناوە، چەتر، قیبلەنما، فانۆسی سیحری، پردی هەڵواسراو، چەرخەی خڕەک، عارەبانەی دەستی، فەخفووری، پەڕەشوت، کۆلارە، کۆنکان، داوی ڕاوەماسی، وێسکی، باڕووت و سەنعەتی چاپکردن.

هەندێ لەو داهێنانانە ئەورووپایان هەژاند. بۆ نموونە، باڕووت یارمەتیدەر بوو بۆ رووخاندنی سیستەمی دەرەبەگایەتی و دروستکردنی سوپای هاوولاتییان، چونکە ئەسپسوارێک نەیدەتوانی بەرامبەر تۆپ و تفەنگ بوەستێتەوە. هەروەها قیبلەنما ئاماژەی بەرێگەی جیهانێکی نوێ کرد. هەروەها چینییەکان ڕشتەیان بەئیتاڵییەکان دا.

هەر لەو سەردەمەدا یۆنانییە کۆنەکان پێشبڕکێی ئایدیا سیاسییەکانیان دەکرد. شان بەشانی فراوانبوونی مەعریفە لە گەلێ بواری تردا، هەروەها چینییەکانیش تیۆریی پزیشکی، بیرکاری، فەلسەفە و تەکنۆلۆژیایان بەرەو پێشەوە برد، لەم بوارانەدا زۆر لە پێش ڕۆئاواوە بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا لە چین هیچ ئەگەرێک نەبوو بۆ گۆڕانی ڕادیکاڵی. مشتومڕی ئازاد لە کۆمەڵگەیەکی کراوەدا وجوودی نەبوو. ڕەنگە بنەماڵەکان بگۆڕابان، بەڵام حوکمی ئیمپراتۆری هەر بەنەگۆڕی دەمایەوە.

بۆ ماوەی ٥٠٠ ساڵ، کاغەز تەنیا لە چین دروست دەکرا. پاشان قەشە بووزییەکان نهێنیی دروستکردنی کاغەز و مەرەکەبیان بۆ کۆریا و ژاپۆن گواستەوە، لەوێ هونەری کاغەز دروستکردن بەشێوەی بێ وێنە پێش کەوت. هەندێ لە جوانترین کاغەزە دەستکردەکانی جیهانی ئەمڕۆ، هی ژاپۆنییەکانە، بەمیتۆدە کۆنەکانی چەند سەدە لەمەوبەر چنراون. ژاپۆنییەکان کارەکتەری چینییەکانیان بەکار برد، بەڵام زمانی نووسینی خۆیان بەرەو پێش برد بەهۆی زیادکردنی دوو کۆمەڵە کارەکتەر بەپشتبەستن بەبڕگەکان، بەم شێوەیە زمانێکیان بەرهەم هێناوە کە ئێستە بەیەکێک لە سیستەمە هەرە ئاڵۆزەکانی نووسین دادەنرێت. سێ فۆرمە جیاوازەکەی نووسینیان زۆرجار لە یەک ڕستەدا بەکار دەهێنرێن.

## کاغەز دەچێتە ڕۆژئاوا

دروستکردنی کاغەز گەشتێکی درێژی بەرەو ڕۆژئاوا ئەنجام دا. کاتێ عەرەبەکان لە ساڵی ٧٥١دا سەمەرقەندیان داگیر کرد، لەناو ئەوانەی بەدیلیان گرتن چەندان کاغەز دروستکەری چینییان، دۆزییەوە. بەپێی یەکێک لە گێڕانەوەکان پیاوەکان ئارەزوومەندانە دەسبەرداری نهێنیی پیشەکەیان بوون، گێڕانەوەیەکی تر باسی ئەوە دەکات کە لە ژێر ئازار و دارکاری دەسبەرداری نهێنییەکەیان بوون. لەوانەوە عەرەبەکان فێری هونەری کاغەز دروستکردن بوون. کارگەیەکی گەورەی کاغەز دروستکردن لە سەمەرقەند دامەزرا، پاشان گوێزرایەوە بەغدا و دیمەشق، کە بۆ ماوەی چەندان سەدە کاغەزیان بۆ ئەوروپا دەنارد. شارستانییەتی ئیسلامی لە لووتکەدا بوو. حەزی بەناوبانگبوونیان بۆ فێربوون تێر بوو بەهۆی ئەو هونەرە نوێیەوە. تەنانەت لە میسریش کاغەز شوێنی پاپیرۆسی گرتەوە. نامەیەکی بەئەدەبی سەدەی نۆیەم بۆ سوپاسگوزاری بەم وشانە کۆتایی دێت "ببوورە پاپیرۆس." وا پێ دەچێت نووسەرەکە داوای لێبووردن دەکات لەوەی کە کاغەزی نوێ و جوانترەکە بەکار ناهێنێت. لە پەڕاوێزێکی دەستنووسە تۆقێنەرەکاندا بۆ مێژووی کاغەز، تەرمە مۆمیاکراوەکان لە نێو گۆڕ دەردەهێنران بۆ ئەو کاغەزانەی پێیانەوە پێچرابوونەوە.

کاتێ مەغریبییەکان کاغەز دروستکردنیان گواستەوە بۆ ئیسپانیا لە سەدەی دوازدەیەمدا، پێشبینیی چەرخی ئامێرسازییان دەکرد بەهۆی نووساندنی مۆرێک بەدەسکی water wheel. جگە لە هۆڵەندا، کە زۆر ئاشی هەوایی لێ بوو، water wheel بوو بە بەشێکی جیانەکراوەی کاغەز دروستکردن تا سەرەتای سەرهەڵدانی steam power لە سەدەی نۆزدەدا.

یەکەم کارگەی کاغەز لە ئەوروپای مەسیحیدا لە فرەنسا دامەزرا، لە سەدەی بیستەم لەلایەن ژان مۆنتگۆڵفەر، خاچپەرستێک بوو، یەکێک لەو زیندانییانەی ژێر دەستی موسڵمانەکان لە دیمەشق بەڵام ڕای کردبوو، لەوێ وەک دیلێک لە کارگەیەکی کاغەز کاری کردبوو. هونەری کاغەز دروستکردنی لە نێو ئاشەکاندا دامەزراند لە فابریانۆ، ئیتاڵیا، دواجار لە سەرانسەری ئەوروپا بڵاو بووەوە. کاغەزی چاخی ناوەڕاست، بەهۆی ناسکی و ڕوویەکی ڕەقتر لە پارچمێنت، مەرەکەبی باشتر دەگرت.

هیچ کام لەو بەرهەمانە هەرزان نەبوون، بەپێی پێوەرە مۆدێرنەکان. خاڵی هەرە باشی ئەوە بوو کە برێکی زۆر پەڕۆ هەبوو بەبەراورد لەگەڵ پێستەی مەڕ و گۆلک. بەکارهێنانی پارچمێنت و جۆری هەرە باشی پێستە بەردەوام بوو، بەباشترین شێوە چاپ دەکران و

بەرهەم دەهێنران لەلایەن قەشەکانەوە کتێبی کاسۆلیکی ڕۆمییەکانیان پێ دەنووسییەوە.

فراوانیی بازرگانی دەستی پێ کرد لە ئەوروپا لە کۆتاییی سەدەی سێزدەیەم، بەهاوکاریی ژمارە و کاغەزی عەرەبی بۆ نووسینی گرێبەست، دڵنیاییەکان (تأمینات)، وەسڵ و بارەکان، هەروەها وەسڵی ئاڵوگۆڕکردنیش.

بەرهەمی کاغەز خزمەتی پێویستییەکانی بازرگان، بیرۆکرات و کاربەدەستەکانی کرد، هەروەها خوێندەواری تەشەنەی کرد و بوار زیاتر ڕەخسا بۆ گەیاندنی زانیاری، خەڵکی زیاتر خۆیان نامەیان دەنووسی.

بەلای بیرە زیاتر پارێزگارییەکاندا، کاغەز جێی گومان بوو، بەرهەمی کولتووری بێ باوەڕەکان بوو. بۆچوونەکان لەم ڕووەوە یەکیان گرت و زۆر کەس لە ناو کڵێسە پێشوازییان لە کاغەز کرد کاتی چاپکردنیان، بەڵام ئیمپراتۆر فرێدریکی دووەم لە ساڵی ١٢٢١دا بڕیاری دا هەر دۆکیومێنتێکی نووسراو لەسەر کاغەز، هیچ لایەنێکی یاساییی تێدا نییە. لەوساکەوە پارچمێنت بۆ چەندان سەدەی تر هەر بەکار هێنرا. خزمەتی کڵێسە و دەوڵەتی کرد، زۆربەشی لە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتدا بوو، بەتایبەتی لە ژێر دەسەڵاتی قەشەکاندا کە بەکارهێنەرانی سەرەکیی پارچمێنت بوون.

لە هەر ڕووداوێکدا، کاغەز لە ئەوروپا زۆر بەکار نەدەهات تا چاپ نەهاتە کایەوە. کەمی خوێندەواری داوای کاغەزی کەمتر دەکردەوە. ئەگەر کاغەز چاپی کاریگەر کردبێت، ئەوە چاپ بوو کە کاغەزی بە زۆربەی ئەوروپییەکان ئاشنا کرد. دواجار، چاپخانە ڕۆژی کاغەزی کردەوە. پارچمێنت زۆر گران بوو بۆ بڵاوکردنەوەی زۆر، هەروەها زۆر نەمریش نەبوو مەرەکەب بەباشی هەڵمژێت.

## ٣٠٠ پێستەی مەڕ بۆ یەک ئینجیل

بۆ ٢١٠ کۆپیی یەکەم ئینجیلی گۆتنبێرگ، ٣٠ کۆپییان لەسەر پارچمێنت بوون، ١٨٠یان لەسەر کاغەز. هەر کۆپییەکی لە پارچمێنت نێزیکەی ٣٠٠ (پێستە) مەڕی دەویست. بۆیە شتێکی سەرسام نەبوو کە پارچمێنت بۆ چاپکردنی کتێب تەمەنی کورت بوو تا ساڵی ١٥٠٠ زیاتر خۆی نەگرت. بەڵام بۆ ئەو ١٨٠ کۆپییەی ئینجیل لەسەر کاغەز، جۆری کاغەزەکە زۆر باش بوو بەبەراورد لەگەڵ ئەم کاغەزەی ئەمڕۆ کە ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر ئینجیلێکی گۆتنبێرگ، لە ساڵی ١٤٥٥ چاپ کرا، زۆر باشترە لەو ئینجیلەی کە لە ساڵی ١٩٩٧ چاپ کراوە.

پەرۆشی و حەزی خەڵک بۆ خوێندەواری، بەهۆی پەیدابوونی کتوپڕی کاغەزەوە بوو.

کاتێ ئاشی کاغەز بڵاو بووەوە، بەهەمان شێوەش چاکسازیی ئاینی بڵاو بووەوە. کاتێ بەردەوام نرخی کاغەز لە دابەزیندا بوو، پێشکەوتنی چاویلکە دروستکردن بووە پاڵەپستۆیەک بۆ خوێندەواری. چاویلکە بۆ یەکەم جار لە سەرەتای سەدەی چواردەیەمدا پەیدا بوو، دوای سەد ساڵ بەشێوەیەکی گشتی بەردەست بوون. بەکارهێنانیان کاری ڕۆژانەیان درێژتر کرد بۆ کۆپیستەکان و خوێنەرەکان. داوای دەقەکان زیادی کرد.

لە نۆرمبێرگ لە سەدەی چواردەیەمدا، ئەو پیاوەی یەکەم ئاشی کاغەزی دروست کرد لە ئەڵمانیا، ناوی ئولمان سترۆمەر بوو، بۆ ئەوەی خۆی وەک قۆرخکەرێک دووپات کاتەوە، داوای بەڵێنی نهێنیی کرد لە کارمەندەکانی کە هەرگیز بۆ هیچ کەسی تر کار نەکەن جگە بۆ خۆی و بۆ ئاشەکەی. ئەوەی بەدوای ئەمەدا هات یەکەم مانگرتنی کرێکاران بوو کە لە مێژوو تۆمار کرابێت. سترۆمەر مانگرتنەکەی تێک شکاند بەهۆی گرتنی کرێکارەکانی تا وازیان هێنا. بۆیە ئێمە ئەمە دەزانین؛ چونکە کەسێک ئەمەی لەسەر کاغەز نووسیوەتەوە.

## کتێب و زانکۆکان

لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمادا، زۆربەی خەڵک نەیاندەزانی کتێب چییە، بەڵام پەخشان و شیعرە کلاسیکەکان زۆر دەوڵەمەند بوون، بۆ ژمارەیەکی کەمی دانیشتوانی ئیمپراتۆریەتەکەی یۆنان یان لاتین و دەیانتوانی کۆپیی دەستنووس بکرن. دەیانتووانی چامەی شیعری هۆمەر و ڤێرگل بخوێننەوە، تراجیدیا و هەجووەکان، وتارە سیاسییەکان، پرسیارە فەلسەفییەکان، بیرە ئاینییەکان و کۆکراوەی مەعریفی زانستی بخوێننەوە.

لە قووڵایی چاخە تاریکەکاندا، ئەو بەرگانە ون بوون، بۆ تا هەتایە شێردرانەوە، یانیش لەناوچوون. چەند خاڵێکی پەرت و بڵاو بوو لە تاریکیی ئەدەبی ئەورووپیدا بەدیار کەوتەوە، ئەویش تێبینی چەند ڕەبەنێک بوو کە لەسەر ئینجیل لەسەر پێستە تۆماریان کردبوو، هەروەها چەند وتارێکی ئاینیش دۆزرانەوە، لە هەندێ شوێندا کۆپییەکی کارە کلاسیکەکانی یۆنان و ڕۆماش دۆزرانەوە. بەرهەمهێنانی کتێبی ڕەبەنەکان (monks) تەنیا تایبەت بوو بەسکۆلەرەکانی کڵێسە و ئەو قوتابخانانەی کە ڕەبەنەکان بەقوتابییە ئاست سەرەتاییەکانیان دەگوتەوە، هەندێ جاریش بۆ ئەو کوڕانەی کە بڕیار درابوو ببن بەڕەبەن. بۆ نێزیکەی هەزار ساڵ، لە ڕووخانی ڕۆماوە تا سەرەتای چاپخانە، ڕەبەنەکان زانیارییەکی زۆریان هەڵگرتبوو.

ڕەبەنەکان، کە پشتیان کووڕ بووبووەوە لەسەر مێزەکانی نووسینەوە، زۆر بەوردی و جوانی بە دەستنووسەکانیان دەنووسییەوە و لە شێوەی کتێب بەرهەمیان دەهێنان بۆ

کتێبخانە و کاتیدراڵەکان. ڕەبەنەکان عادەتیان بوو بەمنگەمنگ یان بەدەنگی بەرز دەیانخوێندەوە، نەک بەبێدەنگی، بەدەنگ خوێندنەوەی دەستنووسەکان لەلایەن ڕەبەنەکانەوە هۆکارێکی گەیاندنی زارەکی بوو کە دواتر بەقەڵەم لەسەر پارچمێنت نووسرانەوە.

## یەکەم زانکۆ

دامەزراندنی زانکۆ ئەورووپییەکان لە سەدەی دوازدە بەولاوە بووە کۆتاییهێنانی چاخی ٧٠٠ ساڵەی ڕەبەن و قەشە. چاخێکی عەلمانی تر کە دوای ئەمە هات، چینێکی مامناوەندیی خوێندەواری بەخۆوە بینی و داواکاری بۆ هەموو جۆرە کتێبێک ڕووی لە زیادی کرد. ئەو خانەوادانەی دەیانزانی ئەدەب چییە، نەیاندەخوێندەوە بگرە بەدەنگی بەرز بۆیان دەخوێندرایەوە و ئەوانیش گوێیان بۆ شل دەکرد. هەرچی ئەندامانی چینی مامناوەندیش بوو ئاشنا بوون بەنووسین و خوێندنەوە کتێبیان دەویست. هەڵەیەکی یەکجار زۆر لە کاتی کۆپیکردن و دووبارە کۆپیکردنی کتێبەکان ڕووی دەدا. تا سەردەمی گۆتنبێرگ کتێبەکان پێک نەهاتبوون لە بەرگەوە بۆ بەرگ.

دامەزراندنی زانکۆ، کە لە ساڵی ١١٥٨ لە بۆڵۆگنا دەستی پێ کرد، قۆرخکردنی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کتێب، لەلایەن رەبەنەکانەوە، مەعریفە و زانیاری هەژاند. قۆرخکردنەکە بەخێرایی بێ هێز کرا بەهۆی باری گۆڕان و چوونە ناو ئەو شارۆکە زانکۆیانەی کە کتێبفرۆشی تایبەت و کۆپیستە عەلمانییەکانی لێ بوون و بەدەستنووسە پرۆفیشناڵەکان scriveners.

هەرکە سەنتەرەکانی ژیانی رۆشنبیری لە ڕەبەن و دێرەکانەوە گۆڕا بۆ زانکۆ، بازرگانانی کتێب و کۆپیستەکان بازاڕیان گەرمتر بوو، لەلایەن مامۆستا و قوتابییەکانەوە هان دەدران. کتێبفرۆشەکانی زانکۆ مۆڵەتیان هەبوو و بەکارمەندی ناو زانکۆدا دادەنران. سوودیان لەو خاڵە وەرگرت؛ چونکە لە گەلێ باج دەرباز بوون و مافی ئەوەیان هەبوو لە ناو دادگەی زانکۆدا دادگەیی بکرێن، هەروەها لە ئاڵوگۆڕکردنیش بۆیە کۆنترۆڵێکی توندی زانکۆیان پەسند کردبوو. لەبەرئەوەی مۆڵەتی تایبەتیان هەبوو بۆ فرۆشتن ئەوانەی دەرەوە بەهیچ جۆرێ ڕکابەرییان پێ نەدەکرا. زانکۆ نرخی کتێبی جێگیر کرد، بەتایبەتی بۆ قوتابییان ئەوەندە هەرزان بوو زۆربەی قوتابییەکان دەیانتوانی بیکڕن. کتێبفرۆشەکان زیاتر دەوری بەرپرسیاریەتییان دەبینی نەک تەنیا فرۆشیار، بەرپرسیاریەتیی کتێبەکان چونکە چەندان نەوە مامۆستا و قوتابی پشتیان بەو کتێبانە دەبەست. کتێبفرۆشەکان قازانجێکی زۆریان هەبوو لە بەکرێدانی کتێبەکان. قوتابییە هەژارەکان بەچەند کەسێک

کتێبێکیان دەکڕی یانیش بەدەست کتێبەکانیان کۆپی دەکرد. ئیلیزابێس ئیسنستێن بەراوردێک دەکات لە نێوان چاپی سەرەتایی و چاپی مۆدێرن:

... زۆر خەسڵەتی نایاب هەیە لە شۆڕشی سەرەتای چاپی مۆدێرندا. لەم ڕووەوە پرۆسەی زۆر و یەک بەدوای یەک هەبوون لە سەدەی پازدەدا، هەروەها لە سەردەمی چاپی کۆمپیوتەری و ڕێبەری تەلەڤزیۆنیدا کۆتاییان پێ نەهات... بۆ نموونە سەنتەرە بازرگانییەکانی کۆپیکردن پەیدا بوون لەگەڵ سەرەتای زانکۆ مۆدێرنەکان، زۆربەیان وەک کۆشکی پەڕاوگە لە نێزیک زانکۆکانی چاخی ناوەڕاستدا کرانەوە.

قوتابیی زانکۆ سەرەتاییەکان لە دەرەوەی دیراسەی ئاین و یاسادا کەم شتی تریان دەخوێندەوە. ئەمە چەرخی ئاین و فەلسەفە بوو، هەروەها ئەم چاخە هەوڵدانی تێدا بوو بۆ سەلماندنی باوەڕ لە ڕێگەی عەقڵەوە. گەلێ دێر چەند کتێبێکیان لە دەرەوەی دیراسەی ئاین بەرهەم هێنا. لە ڕاستیدا، ڕەنگە ڕەبەنەکان بۆیان نەبووبێت ئەو کارە بکەن، هەرچەندە لە هەندێ دێردا نووسینە عەلمانییەکانی نووسەرە ڕۆمییەکان کە بەتەواوی کۆپی کرابوون، بۆیە چاخەکانی دواتر زۆر بۆ ئەم کارە سوپاسگوزار بوون.

لەگەڵ پەیدابوونی دەقی سکۆلەرەکان زۆر بەکەمی لە دووکانەکانی چاپدا، سکۆلەرە گەڕۆکەکان کەمتر پێویستیان بەوە بوو دوور بڕۆن بۆ ڕاوێژکردنی دەقە جۆراوجۆرەکان، هەروەها چی تر بەپێویستیشیان نەزانی ئەوەندە جەخت لەسەر یەک کار بکەنەوە. دواجار دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخسا چەندان مەرجەعی دەقەکانیان پەیدا کرد.

خوێندنەوە لە دێرەکانی چاخی ناوەڕاستدا هەردەم ئەم مانایەی خوێندنەوەی ئێستەی نەبوو. خوێندنەوە، یان lectio، عادەتەن بەو مانایە دەهات کە سەرۆک بۆ قوتابییەکان بخوێنێتەوە. کتێبەکانی ئەو سەردەمە دەبووایە بەدەنگی بەرز بخوێندرێنەوە. تێچووی کتێبەکان و ژمارەیەکی سنوورداری خوێنەر هیچ بوارێکی نەهێشتەوە. دەستنووسێکی قوتابخانەیەکی سەردەمێکی دوای ئەو چاخە بەم شێوەیە ئەم حاڵەتەی کورت کردووەتەوە:

" ئایا تۆ سکۆلەری، چی دەخوێنییەوە؟"

"من ناخوێنمەوە، گوێ دەگرم."

"گوێبیستی چی دەبیت؟"

"دۆناتوس یان ئەسکەندەر، یان لۆجیک یانیش موزیک."

لەگەڵ سەرهەڵدانی بەرهەمهێنانی کتێب، ئەدەب زیاتر لە کونجێکدا بەتەنیا دەخوێندرایەوە نەک کۆمەڵێک دانیشن و بۆیان بخوێندرێتەوە، ئەمە نموونەیەکی سیستەمی گەیاندنی جەماوەرییە کە خەڵکی لە یەکتر جودا کردەوە.

## کولتوورێکی نوێی کتێب

لە پاڵ کارە ئاینییەکاندا، پرینتەرەکان دەقەکانیان بۆ منداڵانی قوتابخانە چاپ دەکرد و کتێبیشیان چاپ دەکرد لەمەڕ بابەتی جۆراوجۆر بۆ گەورەکان، لەو بابەتانەش ڕێبەر و نامیلکە بوون بۆ ڕێکخستنی ژیانی خێزان، پێ دەچێت ئەم چەشنە بابەتانە جەماوەریان زۆربێت. جا ئەمانە بەدەنگی بەرز خوێندرابنەوە یانیش بەتایبەتی، ئاکامەکەی برێتی بوو لە ئەخلاقیەتێکی بەکۆمەڵ کە سەرچاوەکەی دووکانەکانی پرینتەر بوون.

پەیتا پەیتا داوا گەلێ کتێبی جۆراوجۆر زیادی کرد، بەتایبەتی بۆ ئەدەبی کلاسیک و کتێبەکانی لەمەڕ زانست، زۆربەیان هی هیندستان و سەنتەرە کولتوورییەکانی عەرەب بوون. کۆکردنەوەکان بچووک بوون. گەورە قەشەیەکی فەرەنسی سەدەی چواردە کتێبخانەیەکی هەبوو نێزیکەی ٧٦ کتێبی تێدا بوو. نووسەرەکان چەندان بابەتیان داپۆشیبوو. یەکەم پرینتەری ئینگلتەرا کەسێک بوو ناوی ویلیەم کاکستۆن بوو کە زمانی ئینگلیزی نەک لاتینیی هەڵبژارد بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبە ڕۆمانسییەکان بۆ چینە بەرزەکان، هەروەها بازاڕێکی ئامادەشی دامەزراند.

کتێبەکانی لەمەڕ مەعریفەی جیهانی، زۆربەیان دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی سێزدە و بەنووسین یانیش لە لاتینییەوە وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی فرەنسی و زمانی سادەی خەڵک بۆ ئەوانەی کە زانیارییان کەم بوو. ئەمانە کتێبی ئامادەکراو بوون و بۆ ماوەی چەندان سەدە لە هەموو وڵاتێکدا وجوودیان هەبوو. پیاوێکی سەدەی چواردە لەسەر ئینجیل چەند کتێبێکی بەرهەم هێنا لەسەر ڕۆمانس، ئاژەڵان و هەجوو، لەسەر گەردووناسی، جوگرافیا، مێژووی جیهان، مێژووی کڵێسا، ڕەوانبێژی، یاسا، پزیشکی، کیمیا، ڕاو، شەڕ، موزیک و ژمارەیەک بابەتی تایبەتی تر.

تەنانەت پێش گۆتنبێرگیش، بەردەستبوونی کاغەز یارمەتیی بڵاوبوونەوەی خوێندەوارییدا بەناو چینێکی نوێی بازرگانان، کە ئامادە بوون کتێب بخوێننەوە لەسەر چەند بابەتێک لە چیرۆکەکانەوە بگرە تا دەگاتە کارە ئاینییەکان. چاپی لەبەرگرتنەوە، کە پەڕێکی تەواوی لەسەر پارچە دارێک دەنەخشاند، جۆرێکی گوێزەرەوەی لێ بەرهەم هات. پارچە کاغەزی لە جل دروستکراو یان پێستە یان کاغەز، لەسەر یەک لا چاپیان لەسەر دەکرا و لەسەر یەکتری سەفت دەکران و دەبوون بەکتێب. کتێبە سەرەتاکانی لەم جۆرە تەنیا وێنە بوون و زۆربەشیان لەبارەی ئاینەوە بوون. دواتر دەقی نووسینیان لێ زیاد کرا.

ئەو کەسانەی دەیانتوانی کتێب بکڕن وەک کەرستەی شلەمەنییەک مامەڵەیان لەگەڵ

کتێبـەکان دەکرد؛ چونکە بەهـاکانیـان دەپاراست زیاتر لـە شـتـە کەسـیـیـەکان، بۆ ئەوەی دواتریش بەپارە بیفـرۆشنەوە ئەگەر پێویسـتیان بەپارە بێت. ئینجیلەکان گەنجینەی خێزان بوون بۆ ئەوەی لە وەسیەتنامەکاندا ئاماژەیان پێ بکرێت و بۆ نەوەی دواتر بگوێزرێنەوە. لە نەبوونی کتێبخانەی گشتیدا، کەسانی خوێندەوار کتێبیان لە یەکتری وەردەگرت.

ئەو نووسـەرانـەی لە خـانەوادەی بەرز نەبوون هـەر بەهـەژاری مـانەوە. بەبێ یاسـای مـافی کۆپیکردن خەونیـان بەژیانی شایانەوە نەبینی، تەنیـا پشـتیان دەبەست بەپاراستن و کڕینی زەنگینەکان تا ئەو کـاتـەی دەسـتنووسـێکیـان ڕاسـتـەوخـۆ فرۆشـتـە کـتێبفـرۆشـێک. میـلتن دەسـتنووسـی "paradise lost"ی بە ٥ پـاوەند فـرۆشت، بەبـەڵێنی ئەوەی هـەمـان نرخـی پێ بدرێت ئەگـەر چاپەکـەی بفـرۆشـێت. چاخـی ناوەڕاست گۆڕانێکی هێـواشـی بەخـۆوە بینی بەرەو دان پێدانانی نووسـەرەکان کە بەشێکە لە گۆڕانی نەریتی زارەکی بۆ نەریتی نووسین.

لە چاخـەکـانی ناوەڕاسـتـدا، نووسـەرەکـان زۆر بایەخـیـان بەوە نەدەدا ناویـان لەسـەر کـارەکـانیـان بنووسن. پرینتـەرەکـان دەبووایە لە دوای ئەو کـەسـانە بگـەڕێن کـە بەڕاسـتی کـتـێـبـەکـیـان نووسـیـوە. چونکە پرینتـەرەکـان خـۆیان کـتـێـبـیـان نەدەنووسی... بەڵام ستانداردەکان خێرا گۆڕان. نووسەرە هاوچەرخەکان، کە ناویان لەسەر سەدان و هەزاران کۆپیی کتێبەکانیان دەنووسی، بۆیان دەرکەوت کە ئەمە ناوبانگیان بۆ پەیدا دەکا.

خوێندنەوەی کتێبەکان لە سەردەمی ڕینێسانسدا زیاتر وابەستە بوو بەخەباتی دەسەڵات نەک خۆشـەویسـتیی فێربوون. سیسـتـەمی کۆنی سـەدەی ناوەڕاست پێویسـتی پسـپۆڕیی سـەربازیی کـەم کـردەوە، کـە تێیـدا پسـپـۆڕی سـەربازی دەبوو بەخـانەوادە، لـە بری ئەوە بیرکردنەوەی لۆجیکی، بەهرە ئیدارییەکان و مـەعریفـەی یاسا بازاڕی هـەبوو. بۆ کەسـانی چینـی بەرز ئەم گـۆڕانە سـوودی زۆر نەبوو. پیـاومـاقـوولێکی ئینگلیـز لە سـەدەی حـەڤـدە نووسیویەتی:

بە جـەسـتـەی خوا سـوێند دەخۆم، کوڕەکـەم دەبێ خـۆی هـەڵبـواسـێت لە بری خـوێندنی پیتەکان. چونکە بەم شێوەیە دەبێتە کوڕی خانەوادە بەباشی، کوڕێک بەباشی و ژیرانە ڕاو بکات و باز بگرێت. بەڵام خوێندنی پیتەکان با بۆ کوڕە هـەژارەکان بێت.

گۆڕان بۆ ئەوان زەحمەت بوو، بەڵام هـەر ڕووشی دا.

هێمای سـەردەمانی دواتر شـتـە نوێیەکـانی ساڵی ١٦٦٥ بوو، حکوومەتی فرەنسی هـانی کۆوارێکی وەرزیی دا بەناوی دو سـێڤـانتـۆس، یەکـەم کـاری وەرزی بوو بۆ پێـداچوونەوە و خوێندنەوەی کتێبەکان.

## سانسۆر

لەگەڵ چاپکردنی کتێب لە ئەوروپا سانسۆری توند پەیدا بوو بۆ ئەو شتانەی کە چاپ دەکرا. بڵاوکردنەوە بەتەواوی لە ژێر دەستی دەسەڵاتدا بوو. پرینتەرەکان زۆر لە دەسەڵات دەترسان، چونکە دەسەڵات لەمەڕ پرینتەر ژیانی لەسەر دادەنا بەو ڕێگە تۆقێنەرەی کە لەلایەن کڵێسا و دەوڵەتەوە دانرابوو. کتێبە نوێیەکان عادەتەن لە زمانی خۆماڵی دەنووسرانەوە، ئەوانیش هەندێ جار قەدەخە دەکران.

پێش ماوەی چاپکردن، هەندێ خەڵک لە ئەوروپا جگە لە سکۆلەرەکان خوێندەوار بوون، بۆیە کڵێسا چی تر پابەند نەبوو بەقسەی ناو کتێبەکان، چونکە بەکەرەستەی کاری سکۆلەرەکان دادەنرا. بەڵام مەترسیی ئایدیای نوێ ئەوە بوو کە ئەوانەی لە دەسەڵات بوون ڕەنگە بڕوایان بەو ئایدیانە کردبا.

ئەو هەڕەشەیەی چاپ بۆ سەر دەسەڵات ئەوە نەبوو کە خەڵکێکی زۆر فێری خوێندنەوە دەبن و دەبێتە هۆی نائارامی و ئاژاوە بگرە مەترسییەکە ئەوەیە کە دەسەڵاتداران خۆیان فێری ئایدیا نوێیەکان ببن و لە ڕێ لابدەن. سەرکردەی کڵێساکان زۆر نیگەران بوون لەبارەی ئەو شتانەی لە زاری ئەو قەشانەوە دەردەهات کە بەزمانی سادە بۆ خەڵکی دەدوان. ئەمە دەوروبەری ساڵی ١٤٧٨ گۆڕا کاتێ کۆپییەکی سادە و ڕوونی ئینجیل لە ئەڵمانیای خواروو بڵاو کرایەوە. لێرەدا ئاستەنگێکی ڕاستەوخۆ بۆ دەسەڵاتی کڵێسا وەک تاکە وەرگێڕ وشەکانی خوا پەیدا بوو. ڕۆما وەڵامی دایەوە بەهۆی فەرمانێک بۆ داخستن و گرتنی هەموو پرینتەر و کڕیارەکان و خوێنەرانی کتێبەکان. لە مێینز، کە لەوێ چاپکردن لەدایک بوو، گەورە قەشە کۆمیسیۆنێکی پێک هێنا بۆ ئەوەی مۆڵەت بدەن بەچاپکردنی بۆچوونە نائۆرتۆدۆکسییەکان.

حکوومەتەکان بەخێرایی بەوەیان زانی کە چاپکردن کۆنترۆڵی ئاسانترە لە قسەکردن، چونکە چاپ دەتوانرێت غەرامە بکرێت و دەستی بەسەردا بگیرێت، دەکرێ کاغەز سنووردار بکرێت، ڕۆژنامەکان دەکرا سانسۆریان لەسەر دابنرێت و کتێبەکانیش دەتوانرا بسووتێنرێن. چاپ گەیشتە ئەو ناوچانەی کە پێشتر بۆچوونی نائۆرتۆدۆکسییان تێدا بوو، هەروەها کاربەدەستانی حکوومەتیش ئامادە نەبوون، بۆ پەیامە بەلاغییەکان کە پێش ئەوان بەمەرەکەب لەسەر کاغەز بەرهەم هێنرابوون.

کڵێسا گومانی لە چاپکردن هەبوو بەهەموو زمانێک، جگە لە زمانی لاتینی. ئۆپۆزیسیۆنی کڵێسا زۆر بەکەمی شتیان دژی کڵێسا چاپ دەکرد. ئەوەی ڕاستی بێت، جگە لە هەندێ کتێب کە گومانی گومڕابوونیان لێ دەکرا، چاپکردن بەگشتی هان دەدرا.

چاپکردن بەزمانی سادەی خەڵک کێشەکەی گەورەتر بوو، چونکە خەڵکی لە دەستەی دەسەڵاتداریەتی دادەبڕاند و ئەوانەشی کە لە دەسەڵات بوون و دەستی نووسینیان هەبوو لەوان جودا دەبوونەوە. کاتێ پرینتەرەکان خۆیان وابەستە کرد بەچاپکردنی چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان و نووسینە بەجۆشەکان، گرفتیان کەمتر نایەوە، بەڵام هەردوو دەسەڵاتی مەدەنی – ئاینی پشتگیریی چاپکردنیان نەکرد بەزمانی سادەی خەڵک؛ چونکە پێیان وابوو ئەمە ئاستەنگ بۆ دەسەڵاتەکەیان دروست دەکات. سەبارەت بەنووسینی سکۆلەرەکان بەزمانی لاتینی یان یۆنانی بۆ سکۆلەرەکانی تر، چەند نارەزاییەکی کەم هەیە، چونکە خەڵکی بەگشتی پێوەندییان بەوەوە نەبوو.

## سزادان لەبەر بلاوکردنەوە

سووتاندنی کتێب جلەوێکی باشی، مەگەر هەرکات کاریگەر نەبووبێت، کۆنترۆڵ بوو کە ماوەی سەدەیەکی خایاند. نووسین زۆر کاریگەریی هەیە، نابێ لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە پشتگوێ بخرێت. هەرکە نووسین بلاو بووەوە، سێبەرەکەشی لەگەڵی بوو ئەویش کۆنترۆڵکردنی نووسینەکان بوو. لە گەلێ کولتووردا لە ماوەی چەندین سەدەدا، نووسین زۆر سنووردارکراو و بەهێزێکی خەیاڵی بەرهەم دەهێنرا و دەگەیشتە چەند کەسێک. ئەم کارە خۆی نەگرت و بووە هۆی پشێوی. بەرسڤە هەرە بەناوبانگەکان، ئاگری ڕیفۆرمەیشنی خۆشتر کرد، ئەو سنوورانەی سەردەمی چاخەکانی ناوەڕاست بوو لەسەر خوێندنەوەی ئینجیل و چاپکردنی بەهەر زمانێک جگە لە زمانی لاتینی. هەر تەنیا کتێب سووتاندن و سووتاندنی ئیندێکسی کتێبە قەدەخەکراوەکان بەس نەبوو. یاسایەکی پاپایی لە ساڵی ١٥٠٢دا فەرمانی دا هەموو ئەو کتێبانە بسووتێنن کە دەسەڵاتی کلێسا دەخەنە ژێر پرسیارەوە. لە ساڵی ١٥١٦دا ئەنجومەنی پێنجەمی تەلاری ڕۆما چوارەم یاسای دەکرد بۆ قەدەخەکردنی چاپکردنی هەر کتێبێک بەبێ ڕەزامەندی کلێسا.

پێش داهێنانی چاپ، ڕێچکەیەکی ئاینیی ئینگلیزیی سەدەی چواردە، لۆلاردییەکان، ئینجیلیان وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی لەسەر ئەو تیۆرەی کە خوا ڕاستەوخۆ قسە دەکات، بۆ خەڵک بەزمانی دایکیی خۆیان، بەم شێوەیە هەموو کەسێک دەتوانێت لە پەیامی خوا بگات. ئەم بۆچوونە دژە ئۆرتۆدۆکسییە بووە مایەی نانەوەی مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئەوەی کە ئەمە کارێکی هەڕەمەکییە، بۆیە لەلایەن دەوڵەت و کلێساوە دژایەتیی کرا لە سووتاندنی یەکەمیان و هەڵواسینی دوایەمیان.

کلێسا و دەوڵەت بچووک نەبوونەوە بەهۆی سیاسەتی بلاوکردنەوە و مردن. کاتێ ویلیەم

تیندەیلیی هیومانیست کۆپییەکی وەرگێڕدراوی ئینجیلی نوێی بەزمانی ئینگلیزی چاپ کرد، دەستەی باڵای دادگەی تووڕە کرد. گیرا، بەند کرا بەتۆمەتی بۆچوونی دژی ئاین و دواتر لە سێدارە درا. دواتر تەرمەکەی هەڵواسرا و سووتێنرا. سێر جۆن ئۆڵدکاسڵ، کە ناسراو بوو بەشێوازی گاڵتەبازیی شکسپیر، یەکەم کەس بوو هەڵواسرا و سووتێنرا، دووبارە کڵێسا و دەوڵەت پێگەی خۆیان بەهێز کردەوە.

لە ئیسپانیا، کاتێ کۆڵۆمبس خۆی ئامادە دەکرد بەکەشتی گەشت بەنێو زەریا بکات بەرەو ئیندایس، دەسەڵاتی ئەو کات کتێبەکانی دەسووتاند. لە سەرانسەری ئەوروپادا، دەسەڵاتەکانی کڵێسا و دەوڵەت بەتوندی پرینتەرەکانیان چەوساندەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی کە کتێب و نامیلکەکان بێ ڕەزامەندیی ئەوان بڵاو نەکرێنەوە. غەرامە، زیندانی، قامچی، کوتان و حوکمی لە سێدارەدان جێبەجێ کران لەسەر ئەو پرینتەرانەی گوێڕایەڵی ئەوان نەبوون. لەو کاتەی باستیلییەکان لە شۆڕشی فەرەنسی ڕووخا، زیاتر لە ٨٠٠ بڵاوکەر، نووسەر و کتێبفرۆش لەوێ بەند کرابوون.

شوێنێکی بێ وێنە و دوور لە هەوری تاریکی سانسۆر بریتی بوو لە هۆڵەندا دوای ئەوەی خۆی لە ئیسپانیا ڕزگار کرد لە سەدەی حەڤدەدا. کتێبفرۆشەکان و ڕۆشنبیران لە وڵاتانی ترەوە هەڵاتن بۆ شارە ئازادترەکانی هۆڵەندا، چونکە لە وڵاتی خۆیان کتێب بڵاوکردنەوە قەدەخە بوو، بۆیە لە هۆڵەندا کتێب بڵاو دەکرایەوە و بەقاچاخ دەچووە ئەو وڵاتانەی کە کتێبی لێ قەدەخە بوو.

## پۆستە لە چاخەکانی ناوەڕاستدا

لە کاتی چاخە تاریکەکان و سەرەتای چاخەکانی ناوەڕاستدا، کاتێ مەعریفە و خوێندەواری لە ئەوروپا جڵەوی دەسەڵاتی کڵێسادا بوون، خزمەتگوزاریی پۆستە زۆر کەم بوو بگرە هەر نەبوو. خەڵکێکی کەم دەیانتوانی بخوێننەوە، خانەوادەکان شانازییان بە نەخوێندەوارییەوە دەکرد، پێیان وابوو یادگەی بەهێز بێ هێز دەبێت ئەگەر مێشک زۆر پشت ببەستێت بەوشەی نووسراو. چەند جووتیارێک گەشتیان کرد و ئەو شتە کەمەی فێر بووبوون لە شوێنی لەدایکبوونیان گواستیانەوە بۆ شوێنی تر. ئەگەر هەر شتێکیان هەبووایە، ڕەنگە نەیانتوانیبا بۆی بگەڕێنەوە، چونکە ئەوانەی لەو گوندە بچووکانەدا دەژیان نەیاندەزانی لەودیو گرێکەوە چی هەیە، یانیش لە کاتی سووڕانەوە بە ڕێگە سەختەکانیدا تووشی چی دەبن. ئەو شوێنانەی دەستیان نەدەگەیشتێ زیاتر وەک خەیاڵێک بوو نەک واقیع. بەلای ئەوان جیهانێکی تەخت و بەهەشت لە ئاسمانە و دۆزەخیش لە قووڵاییی

زەویدایە. دێوەکان هەموو جیهانییان تەنی بوو، لەگەڵ ئەو ناکۆکییەی لەگەڵ گریفنەکان gryphons (ئاژەڵێکە سەر و باڵی هەڵۆ و کلک و جەستەشی شێر بوو) و پیگمییەکان pyg-mies (جۆرێکە لە شامپازییە زلەکان).

تا گەورەکانیان نەیانبردنە شەڕی خاچپەرستان، جووتیارەکان هاوسەرگیرییان دەکرد، منداڵەکانیان بەخێو دەکردن و هەر لەو شوێنەی لێی لەدایک بوونە دەمردن، چونکە ئەوانە موڵکی خاکەکە بوون. گومان لەوەدا نییە کە قسە و قسەڵۆکیان هەبووە بەقەد ئەم سەردەمەی ئەمڕۆی ئێمە، بەڵام زۆر بەدەگمەن هەواڵیان لە شوێنە دوورەکان پێ دەگەیشت، ڕەنگە هەر پێشیان نەگەیشتبێت. نەیاندەتوانی ئەو وڵاتە پێناسە بکەن کە لێی دەژیان، نەیاندەزانی چ ساڵێکە، تەنانەت نەیاندەزانی لە چ سەدەیەکدا دەژین. ژیان ئەو کاتە دەستی پێ دەکردەوە لە کاتی وەرزەکانی چاندنی ڕووەک و تۆوکردنی دانەوێڵە، هەروەها لە کاتی فیستیڤاڵە ئاینەکانیشدا. بۆ زۆربەی هەرە زۆریان، بیری سەربەخۆ وجوودی نەبوو. بیرۆکەی ئازادی و هەڵبژاردنی حکوومەت زۆر ئاڵۆز و زەحمەت بوو بەقەد هەڵبژاردنی ئاینێک. تۆ تەنیا بەس خۆت بووی.

کاتێ ئیمپراتۆریەتی ڕۆم ڕووخا، لەگەڵ خۆیدا سیستەمی پۆستەییی ڕۆماشی وێران کرد. بێگومان جووتیارەکان پێویستیان بەخزمەتگوزاری پۆستە نەبوو. بەزەحمەت بابایەک هەبووایە پێویستی بەپۆستە بووایە.

یەکێک دەبووایە هەوڵی زانینی تەمەنی بدایە؛ چونکە نەکۆلێج، نەقوتابخانەی گشتیی نەبوو، تەنانەت حوکمڕانەکان و زۆربەی پیاوە ئاینییەکان بێ ڕەوشت بوون، بێگوێ (ئیهمال) و داوێنپیس بوون. خانەوادە و کاربەدەستان نەخوێندەوار بوون و شانازیشیان پێوە دەکرد. خوێندنەوە و نووسین بۆ پیاوانی ئاینی و کارمەندانی کڵێسا بوون (پیشەیەکی زۆر بەهەند نەبوو)، هەروەها بۆ هەندێ ئافرەتی ڕۆشنبیریش بوون. بەرپرسێکی کۆمەڵایەتی گاڵتەی بەو شتانە دەکرد و بەسووکی دەزانین.

لە سەدەی دوازدەدا، دێرەکان پێوەندییان لەگەڵ یەکتر دەکرد. ناوەندێکی هەرە چاکی بڵاوکردنەوەی قسە و قسەڵۆک و زانیاری ڕۆتیولا rotula بوو واتە هەواڵنامەیەک بوو لەسەر پارچە پارچمێنتێک دەنووسرا، کە بۆ دێرەکەی تر دەگوازرایەوە، سەرۆکی ئەو دێرەش قسەی لەسەر ئەو هەواڵە دەکرد و شتێک یان دوو شتی بۆ زیاد دەکرد لەبارەی ڕووداوە ڕاستەقینەکان، هەرچەندە خوێنەر ئەم شتانەی بە"ڕاپۆرتی گشتی دەزانی و ئەوەشی تێدا بوو کە دژە مەسیحییەت لە بابل لەدایک بووە." هەرکە ڕۆتیولا هەموو دێرەکانی تەواو دەکرد، درێژتر دەبوو.

## خزمەتگوزارییە پۆستەییەکان بۆ شارۆکە و جلی شایستە

دامەزراندنی زانکۆکان و گەشەی شارۆکە و سیستەمی ئابووری سنووری ڕاگەیاندنی نووسراوی فراوان کرد. بازرگانەکان، ڕێبوارەکان، حاجییەکان و خاچپەرستەکان هەواڵ و پەیامی تایبەتییان لەگەڵ خۆیان دەبرد کاتێ گەشتیان دەکرد بۆ ئەوروپا و ڕۆهەلاتی نێزیک. لە زانکۆی پاریسدا، سیستەمێک لە سەدەی سێزدە سەری هەڵدا کە یارمەتیی دانانی بەردی بناخەی خزمەتگوزاری نیشتمانیی پۆستەیی دا. هەموو مامۆستایان و قوتابییانی زانکۆکان بەخت یاوەریان دەبوو، ئەگەر بەپیاوی ئاینی حسێب کرابان. بەم شێوەیە بەشێوازی شاهانە دەپارێزران، هەروەها بەسەلامەتی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا کاتێ گەشتیان دەکرد، هەروەها باجیان لێ وەرنەدەگیرا کە هاوولاتییانی تر دەبووایە بەرگەی بگرن. لەگەڵ ئەوەشدا، دەسەلاتی شاهانە قوتابییانی لەوە قەدەخە نەکرد کە لە ماڵەوە بۆ پارە بنووسن، ئەمەش نەریتێکی چاخی ناوەڕاست بوو چەند سەدەیەک مایەوە. قوتابییەکان لەبەرئەوەی تەنیا بەر یاساکانی شا دەکەوتن و بەدەر بوون لە دادوەری لۆکال، لە ژیاندا بوونەوەری کەم دەرامەت و بێدەنگ بوون، بەباشی لەلایەن ئەو کەسانەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا کە قسەیان لەسەر دەکرا، دوای دزی و ئەتک و دەستدرێژیی سێکسی و کاری بێ ئەخلاقییان بەرامبەر کەسانی تر ئەنجام دەدا.

بۆ گواستنەوەی نامە و پارە لە نێوان و قوتابییان و دایکان و باوکانیاندا، زانکۆی پاریس بڕیاری دا سیستەمێکی پەیامبەر دامەزرێنێت، کە هەمان مافی شاهانە و لێخۆشبوون لە باجیان بۆ دابین کرا کە قوتابییان و کەسانی خاوەن بیر سوودیان لێ بینی. لە ئەنجامی ئەو هەوڵە چاکەدا، کاری کەم بایەخی پەیامبەری، وێڕای مووچەکەی، بوو بەکارێکی زۆر خوازراو یان ئەگەر وردتر بەم شێوەیە بڵێین کارکردن وەک پەیامبەر ئیمتیازێکی باش و ویستراو بوو. بۆ ئەوەی هەردوولا کاری خۆیان بەباشی بەڕێوە ببەن، پەیامبەر و بەڕێوەبەرەکانی سوێندیان دەخوارد و گرێبەستێکیان مۆر دەکرد. دوای چەند ساڵێک، داهاتی خۆیان زیاتر کرد لە ڕێگەی هێنانی هەواڵی بیانییەکان، کەسانی دەرەوەی ناوچەی خۆیان. بە پشتگوێخستنی پێوەندگەکان، هەندێ پەیامبەر ڕێگەکانیان درێژ کردنەوە بۆ ئەوەی بگەن بەو قازانجە زۆر و باشە. ئیدارەی زانکۆکانیش لە تاوەرە دروستکراوەکان لە کەڵبەی فیل هاتنە خوارەوە و بۆ ئەوەی دڵنیای بکەنەوە کە زانکۆش داهاتێکی بەرکەوێت لە خزمەتگوزاری پۆستەیی.

بەرژەوەندییە بازرگانییەکان لە شار و شارۆکەکاندا تەشەنەیان کرد. ئەمە بووە هۆی

بەستنی گرێبەست بۆ پاراستنی بازرگانییان لەگەڵ جیهانی دەرەوە، بەتایبەتی لە بەرامبەر ڕێگرە چەکدارەکان و دەرەبەگەکاندا چونکە هەر کاڵایەک بەخاکی ئەواندا تێپەڕ بووایە باجیان لێ وەردەگرت و هەندێ جاریش دەستیان بەسەردا دەگرت. گرێبەستەکان خزمەتگوزاری پۆستەییشی دەگرتەوە لە نێوان شارۆکەکاندا. شارۆکە زەنگینەکان سیستەمێکی دادگەیان دامەزراند، ئەمەش پێویستی بەپەیامبەرێکی جودا هەبوو بۆ گەیاندنی بڕیارەکانیان. زۆرێک لە تاقمە دەسەڵاتدارە پیشەوەر و بازرگانەکان دەیانویست خەڵکی بنێرنە شوێنەکانی تر بۆ گەیاندنی زانیارییەکانی خۆیان. بەکورتی، ئەوەی کەم بیری لێ دەکرایەوە لە سەردەمی دەرەبەگایەتی و نەخوێندەواری لە ئەورووپا بووە پێویستییەک لە سەردەمی گەشەی ئابووری کە لە دوای سەردەمی نەخوێندەواریدا هات.

سەلامەترین ڕێگە، بەڕاستی تاکە ڕێگە، بریتی بوو لە گەشتکردن بەکۆمەڵ. لە چاخەکانی ناوەڕاستدا، گەشتیارێکی تەنیا زۆر دەگمەن بوو. هەرگاف ئەو گەشتیارە نێردەی کاری شا بوو، کە ڕاهێنرا بوو بۆ دووبارەکردنەوەی وشە بەوشەی پەیامە درێژەکان. ئەم جۆرە پەیامە نە ون دەبوون نە تەزوویریش دەکرا.

## خزمەتگوزاریی پۆستەیی وەک بازرگانییەک.

ڕەنگە پێشبینیی ئەوە کرابێت کە هاووڵاتییەکی ئاسایی حەز بکات بەخێرایی نامەیەک بۆ هاووڵاتییەکی ئاسایی تر لە شوێنێکی تر ببات، بڵێ ئاشقێک ویستوویەتی شتێک بۆ خۆشەویستەکەی بنێرێت، دەگەڕا بەدوای هەر کەسێک لە ڕەبەنەکان کە وەک ڕۆتیولایەکی پێ بووە بۆ پەیامبەرێک بۆ بازرگانەکان بۆ ئەوەی نامەیەکی بۆنداری بەرامبەر بە خوردەیەکی زیو بۆ بەرێت.

پەیامبەرە نیزامییەکان ئەرکیان گواستنەوەی پۆستە بوو بۆ ڕێکخراوەکانیان. بەڵام لە دەرەوە نامەی تریشیان وەردەگرت، یەکەم جار بەنهێنی دواجار بە ئاشکرا، بەڵام بەمۆڵەتی ڕێکخراوەکانیان. لە کۆتاییدا، ئەم بازرگانییەی دەرەوە بووە بەشێک لە ئەرکەکانیان. ئەو ڕێکخراوانەی پەیامبەرەکان کاریان بۆ دەکردن قازانجیان لە کاری دەرەکی ئەوان دەکرد. لە سەدەی چواردەدا، نامە بازرگانییەکان لە نێو شارە بەندەرییەکانەوە بۆ کۆمەڵەی هانسیاتیک دەگوازرانەوە. لەساڵی ١٥٠٠دا ڕێگەی نامە بۆ ئەورووپاش کرایەوە.

جۆری خزمەتگوزارییەکە زۆر جار لەسەر بەخت دەوەستا. لە کاتێکدا خزمەتگوزاری هەندێ ڕێگە زۆر باش بوو، بەڵام ناوچەیەکی زۆری کێشوەرەکە پشتگوێ خرابوو. کرێی پۆستە بردن بەرز بووەوە، هەندێ جار دەگەیشتە قوربانی ڕوحی کەسەکە، لەگەڵ ئەوەشدا

زۆربەی کـرێیــەکـە لەلایەن وەرگـری نامــەکــەوە دەدرا. ئەگــەر نووســینی نامــەیەک بۆ خـۆشـەویسـتـێکی دوور کە ڕەنگە عاشـقـەکـەی تووشی قـەرز کردبایە، ئەوا عـاشـقـەکـە بەهەڕەمەکی نامەکەی نەدەنووسی.

کاتێ نامەکەی پەیشنس برێتن گەیشت، ئەگەر گەیشتبێت، ئەوا برایەکەی زۆر خـۆشحاڵ دەبێت بـەدەسـتی بگات. بـەڵام سـەرسـام دەبێت ئـەگـەر بێـتـو کـرێی نامـەکـە بدات. ئەمـە یارمەتیی دەدات لەوە بگات کە سیستەمە پۆستییەکان بەگران نامەی بۆ دەهێنن.

ڕکابەری لە نێوان سیسـتەمـە پۆستەییەکاندا سـەری هـەڵدا. هـەندێ جار زۆر پۆسـتەچی هـەبـوون، ڕکـابـەرییـەکـە زۆر سـەیر دەبوو. دەبـووە هـۆی سکاڵا بـەرزکـردنەوە بۆ دادگـە و توندوتیژی لەسەر هێڵە خێراکان.

لە سـەدەی چواردەدا، خـێـزانێکی ئیـتـاڵی بەنـاوی تاسـۆ خـزمـەتگوزارییـەکی تـایبـەتی پەیامبـەریی دانا کە بۆ مـاوەی چەند سـاڵێک لە سـەرانسـەری ئەوروپا کاری دەکرد. تاسی وشـەیەکی ئیتاڵییە بەمـانای badger واتە قۆرەبەشـە دێت، پەیامبـەرەکە وەک سـیـمـبـولێکی دەسـەڵات پێستی قوربەشەی بەنێوچەوانی ئەسپەکەیەوە دەنووسـاند. دواتر، پەیامبـەرەکان جلی شین و زیویان لەبەر دەکرد. کـاتێ بازرگانیـیەکە خـێری دایەوە، خێـزانەکە باشـتر ناوبانگیـان دەرکرد بەناوێکی ئـەڵمانی ئەویش تاکسیس Taxis بوو کە لە هـاوسـەرگیری سـێرن و تاکسـیسـەوە هاتووە. کـارکـردن لە ژێر ڕێنوێنییـەکـانی ئیـمـپـراتۆری پیـرۆزی ڕۆمەکان، کۆمپانیاکە سیسـتەمێکی خێرای پۆستەیی لە ناوەڕاسـتی ئەوروپا دروست کرد، وەک جۆرە دەربڕینێک بۆ خزمەتکردنی ئیمپراتۆرەکان، ئەفسـەران و بازرگانەکان.

لەبەرئەوەی خزمـەتگوزاریی پۆسـتەیی لە وڵاتێکدا تەنیا بـەهـۆی مـۆڵەتی حوکمـڕانەکەی دادەمـەزرا، بووە کـاری شـا بەڕێوەبەرێک دەسـتنیـشـان بکات نەک وەک ئێسـتـە کە شـارێک کۆمپانیایەکی بازرگانی کێبڵی تـەلەڤزیۆنی بەکرێ بگرێت. لە بەریتانیا، ئەم بازرگانییە پێی دەگوترا کێڵگە، ئـەوەی کارەکەشی دەکرد پێی دەگوترا جووتیار. لە پاڵ ئـەو خزمەتگوزارییە نوێیە تایبەتییانە، خزمەتگوزارییەکانی حکوومەت بەردەوام بوون. لـە ئاکامدا، هـەموویان لە یەک نووسـینگەی پۆسـتـەییی دەوڵەتدا یەکیـان گرتەوە، ئەم کـارە لە سـاڵی ١٦٧٢ لە فـرەنسـا دەسـتی پێ کرد. بـەڵام هـەندێ خـزمـەتگوزاریی تایبـەتی هـەر بـەردەوام بوون. مـێژووی پێش UPS و فێدراڵ ئێکسپرێس زۆر قووڵ بوو.

لە ١٦٧٢دا، ئاسـایی بوو پارە لە ڕێگەی پۆسـتـەی تۆمارکراودا بنێرێ، ئـەمە یەکـەم کاری لەم جـۆرە بوو. خـێـرا دوای ئەوە، خـزمـەتگوزاری پۆسـتــەی پێچـراو دەسـتی پـێ کـرد. خزمەتگوزاری پۆستـەی تایبەتی بۆ شاری پاریس لە سـاڵی ١٦٥٣ مـۆڵەتی پێ درا. نامەکان

لە ناو زەرفی نامەی بەپارە دادەنران، ئەمە یەکەم شێوازی پۆستەی بەمۆر بوو، ئەوجا سندووقی کۆکردنەوە لە تەواوی شارەکەدا پەیدا بوو. بەڵام پرۆژەکە فەشەلی هێنا.

لە ساڵی ١٦٨٢دا، ویلیەم دۆکرا دەستی بەخزمەتگوزاریی تایبەتی پۆستە کرد لە لەندەن لەگەڵ پێنییەک بۆ مۆر و پێنج سەد سندووقی کۆکردنەوەی پۆستەکانی دانا، سندووقەکان بۆ ماوەی یەک سەعات بوو، ڕۆژانە شەش تا دە نامە دەهات. حکوومەت تەداخولی کرد و دۆکرای دادگەیی کرد. پاشان گرتی و، دەستی بەسەر کارەکەیدا گرت، بەخێرایی کۆتایی بەو خزمەتە باش و هەرزانەی دۆکرا هێنا. نەوەیەک دواتر لەندەنییەکی تر هەوڵی دا خزمەتگوزارییەکی پۆستەی لەو شێوەیەی دۆکرا دامەزرێنێت، بەڵام حکوومەت هەمان بەزمی دۆکرای بەویش کرد. خزمەتەکە بەخێرایی سەرکوت کرا. دوای ئەوە، هیچ کەسی تر لە هەر کونجێکی ئەورووپا بۆ ماوەی دوو سەدە هەوڵی ڕکابەری حکوومەتەکەی نەکرد. لە سەرەتای مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکاندا، هەندێ خزمەتگوزاری تایبەتی نامە گەیاندن نامەی لە نێو شارەکاندا بەیەک پێنی دەگەیاند، هەروەها شاباشیان دەکرد کە دەتوانن خزمەتێکی باشتر لە هی حکوومەت پێشکێش بکەن لە نێوان بۆستن و فلادەلفیا، بەڵام لە ساڵی ١٨٥١دا دادگەی باڵا یاسایەکی دەرکرد دژی ئەو کارە لەسەر بنچینەی ئەوەی ئەم کارە حکوومەت لە داهاتی مۆری پۆستەیی بێ بەش دەکات. کۆنگرێس کارەکەی قۆرخ کرد کاتێ ڕای گەیاند هەموو ڕێگەکان بۆ ناردنی پۆستە بەکار دەهێنرێن. جۆری ئەم کارەی حکوومەت مەسەلەیەک نەبوو. کات گۆڕان دروست دەکات. لە هەوڵی بەلاوەنانی ڕکابەریەتی، خزمەتگوزاریی پۆستە هیچ کات ئەوەندە بەسوود نەبوو.

لە ناو نەتەوە موسڵمانەکاندا، کۆتر زۆر بەکار دەهات بۆ گەیاندنی هەواڵ. بەهەزاران کۆتر لە کاتی شەڕی خاچپەرستەکان بەکار هێنران. لە ئەورووپا، تا ئەم سەدەیەش، کۆتر پەیامی دەگواستەوە بەتایبەتی زانیاری. ناسان ڕوسچیلد، کە سەرۆکی بانکی خێزانی لقی لەندەن بوو، دەڵێن لەسەر بازاڕی بۆرسە یەکێکی کوشت کاتێ کۆترێک یەکەم هەواڵی شکستی ناپلیۆنی لە واتەرلو بۆ هێنا. ئەوانی تر کۆتریان بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی بزانن کامە ئەسپ پێشبڕکێیەکەی بردووەتەوە. جولیەس ڕۆیتەر دەستی کرد بەخزمەتگوزاریی نێودەوڵەتیی هەواڵ کە بەوە ناسراوە کە کۆتری بەکار هێناوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە هێڵەکانی تەلەگرافدا هەبوو لە نێوان بەرلین و پاریسدا.

## لێرە شتێکی نوێ، لەوێش شتێکی نوێ

یەکەم جار، کەس وای نەدەزانی کە خەڵک مافیان هەیە بزانن، بەڵام بەئاشکرا دەیانەوێت بزانن. جولیسە قەیسەر فەرمانی دا کە تۆمارێکی هەواڵێکی ڕەسمیی حکوومەت و ڕاگەیاندنەکان دەبێ لە سەرانسەری ڕۆما بڵاو بکرێتەوە. ئەمە پێی گوترا Acta Durna (مامەڵەی ڕۆژانە)، ڕۆژنامەیەک بوو لەسەر ڕووداوی ڕۆژانە لە ناو ئەنجومەنی پیران لەگەڵ مەسەلەکانی تری حکوومەت کەوا پێیان وابوو دەبێ خەڵک ئەمانە بزانن. ئەو هەواڵنامانەی لە نێو ئاکتادا هەبوو لەلایەن نووسەرە کۆیلەکانەوە کۆپی دەکرانەوە بۆ ئەوەی بەتایبەتی لە تەواوی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمادا بڵاو بکرێنەوە، کە لە لووتکەی دەسەڵاتدا لە سکۆتلەنداوە تا میسری دەگرتەوە، ئەمە ئاستێکی بڵاوکردنەوەی هەواڵ بوو کە بۆ ماوەی هەزار ساڵ وێنەی نەبوو.

لە چین، چەند سەدەیەک دواتر ڕۆژنامەیەکی لەم جۆرە، بەتیپاو tipao ناسرا (ڕاپۆرتی کۆشک)، ڕاگەیاندنە ڕەسمییەکان و هەواڵی لە پارێزگا دوورەکان بۆ سەرکردایەتییە بیرۆکراتییەکان دەگواستەوە، نەک بۆ خەڵکی ئاسایی، کە زۆربەیان نەخوێندەوار بوون. بڵاوکردنەوەی ئەو (تیپا)وە، یەکەم جار بەدەستی چاپ دەکران یان لەسەر دار دەنووسران، بەردەوام بوو تا کۆتایی ئیمپراتۆریەتی مانچو لە ١٩١١. هەرچەندە تیپاو زۆریان بەفراوانی بڵاو نەدەکرایەوە، بەفۆرمێک لە فۆرمەکان بۆ ماوەی دوازدە سەدە بەردەوام بوو.

## پێشڕەوانی ڕۆژنامە

کاتێ گەشەی سیستەمی ئابووری شوێنی دەرەبەگایەتیی چاخەکانی ناوەڕاستی گرتەوە، بازرگان و کاربەدەستە حکوومەتییە خوێندەوارەکان بەدوای هەواڵ و زانیاریی خێرا و دروستدا دەگەڕان لەو شارە دوورانەی پێوەست بوون بە بازرگانی، ڕووداوە سیاسییەکان یانیش لەبارەی ئەنجامی شەڕەکان. لە ناوەڕاستی سەدەی پازدەدا، لەو کاتەی کە جۆهانس گۆتنبێرگ دەستی بەچاپکردنی ئینجیل کرد، هەواڵنامەی دەستنووس جارێکی تر لە ئەورووپا سەری هەڵدایەوە، کە لە سەردەمی ئیمپراتۆریای ڕۆمەوە لەناو چووبوون. یەکەم جار بەهەڕەمەکی دەنێردران دواتر لەسەر بنەمایەکی ڕێک دەنێردران، ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ پۆستە گەیاندنی هەفتانە.

جارجارە نامیلکەی چاپکراو، بڵاو دەکرایەوە، کاتێ یەکێک بیویستبا هەواڵێک یان ڕاگەیاندنێکی بەهەموو خەڵکی بگەیەنێ. پەنجا ساڵ دوای داهێنانەکەی گۆتنبێرگ، هەواڵنامە سیاسییەکان، هەندێکی لە فۆرمی بەستەدا، یان بەچاپکراوی یانیش

بەدەستنووس دابەش دەکران لەو شوێنانەی چاپکردن بەهۆکارێک لە هۆکارەکان بەردەست نەبوو بۆ وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی زانیاری. نامیلکەکان هەندێ جار ڕاپۆرتەکانیان لە فۆرمی بەستەی کێشدار بڵاو دەکردەوە، ئەمەش نەریتی بەستەبێژانی بەدوای خۆدا هێنا کە لە شارۆکەیەکەوە دەچوونە یەکێکی تر لە ڕێگەی گۆرانی چڕینەوە، پارەیان دەس دەکەوت، گۆرانییەکانیش هەواڵی بەکێش و سەروا بوون. سوپاس بۆ نامیلکە چاپکراوەکان، کە بۆ یەکەم جار، بڕێکی زۆری زانیاری بەسەر خەڵکێکی زۆردا بڵاو دەکرایەوە لە ڕێگەی لەبەرگرتنەوەی خێرا و دروستی کۆپییە بنەڕەتییەکە. هەندێ نامیلکە بەفرەنسی پێیان دەگوترا canards کاناردس، کە هەواڵی کاری شەیتانی، موجیزەکان، دێوەکان، کارەساتەکان و هاتنی ئەستێرە کلکدارەکانیان بڵاو دەکردەوە.

دواتر، خوێندەوارەکان توانییان هەواڵەکتێب newsbook چاپکراو بخوێننەوە، کە لە چەندان پەڕ پێک هاتبوو، عادەتەن لەسەر یەک بابەت بوو، هەندێ جاریش بەوێنەی داری یانیش بەدەقی نامەکان ڕوونتر دەکرایەوە. ڕەنگە بابەتی هەواڵەکتێب حاڵەتێک یان ڕووداوێک بووبێت کە یەکێک لە دەسەڵاتدا ویستبێتی سەرنجی خەڵکی ڕابکێشێت، وەک سەرکەوتن لە شەڕ یان پلانی ئاهەنگی هاوسەرگیری شاهانە. لە ڤینیسیا زیاتر پەڕەهەواڵ newssheet پەیدا بوو. ئەمانە باسی دەنگوباسی شار و قسە و قسەڵۆکی قاوەخانەکان لەگەڵ هەواڵی کورتی سەربازی و سیاسییان لە چەندان شاری ئەوروپی، جگە لە ڤینیسیا، بڵاو دەکردەوە. سەرەتاییترین پەڕەهەواڵ، پارچە کاغەزێک بوو، کەمێک لەو کاغەزەی ئێستە ٨ ١/٢_ ١١ بیکەیت بەدوو لەتەوە، بچووکتر بوو، کە هەردەم لەسەر ڕووێکی کاغەزەکە شتەکان چاپ دەکران. لە ئیتاڵیا، خوردەیەکی بچووک پێی دەگوترا گازێتە پەڕەهەواڵێکی پێ دەهات. دوای ئەوەی زۆربەی ڕۆژنامە سەرەتاییەکان بەگزێت gazettes ناسرابوون.

جەماوەری ئەو پەڕەهەواڵانە، کە جارجارە بڵاو دەکرانەوە، هەندێ جار بێ ناونیشانیش لە ژێر ناوی خوازراوەوە لە ژێر چاودێریی حکوومەت یان هەنگاوێک لە پێش پۆلیس، بووە هۆی داهێنانی بیرۆکەی ڕۆژنامە newspaper، بڵاوکراوەیەک بوو کە بەهەمان ناو دەردەچوو بەڵام کاتێکی دیاریکراوی هەبوو، سەرچاوەیەک بوو بۆ نوێترین و جۆراوجۆرترین هەواڵ، ئەمە پڕۆژەیەکی تایبەتی بوو، بۆ زانیاری پشتی بەحکوومەت یان هیچ ڕێکخراوێکی تر نەدەبەست. ئەم ئایدیایەکی زۆر جوان بوو، هەرچەندە زۆرجار سەلامەتیش نەبوو. لە سەدەی حەڤدەدا، پەڕەهەواڵەکان فراوان کران و بوون بەڕۆژنامە.

## یەکەم ڕۆژنامە

سکۆلەرەکان ناکۆکن لەسەر ئەوەی کامە ڕۆژنامە یەکەم جار دەرچووە. ڕەنگە هەواڵی وەرزییانەی لاتینی بێت، بەناوی مێرکیورەس گالۆ – بەلگییەس لە کۆڵن چاپ کرا لە ١٥٩٤ دەستی پێ کرد. هۆڵەندا و سویسرا دەڵێن ئێمە یەکەم کەس بووین لە جیهاندا، ڕۆژنامەمان دەرکردووە. ئەوەی کۆکن لەسەری ئەوەیە ئایدیای ڕۆژنامە خێرا لە ڕۆئاوای ئەوروپادا بڵاو بووەوە. گەیشتە کۆڵۆنییە ئەمەریکییەکاندا لە ساڵی ١٦٩٠، کاتێ بێنجامین هاریس یەک ژمارەی Public occurances لە بۆستن دەرکرد، پێش ئەوەی دەسەڵاتە کۆڵۆنیالەکان پێی دابخەن. هاریس ڕاهاتبوو بەو جۆرە مامەڵانە، چونکە لە لەندەنەوە هەڵاتبووە بۆستن، چونکە لە لەندەن دەسەڵاتداران دەستیان بەسەر بڵاوکراوە سیاسییەکەیدا گرت.

پرینتەرەکان لە ئەمەریکای سەدەی هەژدەدا ژیانیان زەحمەت بوو تا ڕۆژنامەیان وەک سەرچاوەی داهات دۆزییەوە. ئەو پرینتەرەی دەستی بەکارێک دەکرد دڵنیای دەکردەوە کە ڕۆژنامەکە بەشێک بێت لە بەرهەمەکانی ئەو، هەرچەندە ڕەنگە ئەو تاکە بەشداریکەری وتارەکان بووبێت. وەرگرتن لە ڕۆژنامەکانی تر بووە کارێکی باو. ئەمە زانیارییەکانی دەپاراست لە دڕاندن و ونبوونی ڕۆژنامەکان.

سەرهەڵدانی ڕۆژنامەی ڕۆژانە ئارەزووی خەڵکی زیاتر کرد بۆ ویستنی زانیاریی نوێ. لێرە شتێکی نوێ و لەوێ شتێکی نوێ، دەکران بە هەواڵ.

بازرگانیی چاپەمەنی گەشەی کرد، پەڕەکانی هەر تەنیا هەواڵی بازرگانییان تێدا نەبوو بگرە شاباشیشی لەگەڵدا بوو. چاپەمەنیی سیاسی شانبەشانی ئەمە گەشەی کرد. بڵاوبوونەوەی خوێندەواری، کە چاپکردنی ئەم بوارەی ڕەخساند، لە سەدەی حەڤدە و هەژدە بووە هۆی دروستکردنی هەواڵ لەبارەی کاروبارە گشتییەکان و دانانی بنکەیەکی ڕای گشتی کە حکوومەتەکان لە ترسی دەسەڵاتی خۆیان پشتگوێیان خستبوو. لە ئەوروپا، نەتەوە دوای نەتەوە لەناوچوونی مافە ئیلاهییەکانی شایەکانیان بەخۆوە بینی. لە بەردەمی هاواری خەڵک بۆ چاکسازی و دەنگیان دژی شێوازی بەڕێوەبردن بڵند کردەوە، هەروەها بە پەرۆشەوە دەچوون بۆ سەنگەرەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەو مەبەستانە. لە کۆڵۆنییە ئەمەریکییەکاندا، دەرچوونی یاسای باج لە ساڵی ١٧٦٥، کە ئەرکێکی گرانی خستە ئەستۆی چاپکردنی هەواڵ، ئاگری پێش بەرپابوونی شۆڕشی خۆشتر کرد.

ناکرێ شۆڕشی فرەنسی، ئەمەریکی و بەریتانی ببەستینەوە بەئینجیلە ٤٢ هێڵییەکەوە

کە بەهۆی چاپەوە لە مێینز لە ساڵی ١٤٥٥، هاتە کایەوە، چونکە لە یەکترییەوە دوورن. بەڵام دەکرێ ئەو شۆڕشانە ببەستینەوە بە پەڕەهەواڵ، ڕۆژنامە و نامیلکە سیاسییەکانەوە، چونکە ئەوەندە لە یەکترەوە دوور نین.

ئاکامێکی بێ نیازی چاپکردنی هەواڵ، جا چ لە هەواڵەکتێب، هەواڵنامە، پەڕەهەواڵ یان ڕۆژنامەوە بێت ئەوە بوو وردە وردە دەسەڵاتی لاواز کرد و تێکی شکاند. چاپکردنی هەواڵ یارمەتیی پەڕاوێز خستنی چەمکی مافە ئیلاهییەکانی شایەکانی دا. هەرکە زۆرجار لە مێژووی کاروبارە مرۆییەکاندا دووبارە دەبێتەوە، بڵاوبوونەوەی ناوەندێکی ڕاگەیاندن دەسەڵاتی سیاسیشی دابەش کرد. چاپکردنی هەواڵ زۆر بەپەرۆشەوە چاوەڕێی کرا، تەنانەت لەلایەن ڕەشوڕووتە نەخوێندەوارەکانیشەوە کە تەنیا گوێیان لەو ڕاپۆرتانە دەگرت کە بەدەنگی بەرز دەخوێندرانەوە، تا وای لێ هات ئەوانەی لە دەسەڵاتدا بوون ناچار بوون هەواڵ بڵاو بکەنەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بن لە بەدەستهێنانی لایەنگیری. ئەوە بوو شا جەیمسی یەکەمی ئینگلتەرا هەستی بەو پێویستییە کرد، هەرچەندە زۆر زەحمەت و تاڵ بوو، "گەڵێ پلە لە ژێر پێی خۆمان بنێین" و بڕیارەکەی چاپ بکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان. بەلایەنی کەم بۆ ماوەیەکی زۆر، کەس پشتگیریی لە بڕیارەکەی نەکرد. هیچ دژە بۆچوونێک ڕێگەی بەمەرەکەبی پرینتەر نەدا.

ئامێرێکی نوێی ڕاگەیاندن، ڕەنگە شوێنی شتێکی بەسوود یان خۆش بگرێتەوە. ڕۆژنامە، ئامێرە نوێیەکەی ڕاگەیاندن، شوێنی هەندێ پێوەری گەیاندنی زارەکیی گرتەوە. خەڵکی بواریان بۆ ڕەخسا و حەزیان لێ بوو، زانیاری لەبارەی خۆیانەوە بخوێننەوە نەک گوێیان لێ بێت. قسە و قسەڵۆک لە بری ئەوەی لە ناو کڵێسا گوێیان لێ بێت، خەڵکی بەهۆی خوێندنەوەی ڕۆژنامە لە ماڵەوە دەستیان دەکەوت. ژیانی تایبەتی تەشەنەی کرد، هەرکە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و پێوەندییە دراوسێیەتییەکان کاڵ بوونەوە.

ناڕەزایی لەبارەی "بێدەنگی"ی خوێنەرانی ڕۆژنامە لە قاوەخانەکانی سەدەی حەڤدەم ئاماژە بەوە دەکەن شتە چاپکراوەکان کاریگەرییان لەسەر هەندێ فۆرمی کۆمەڵایەتی هەبوو.

## چاپ و خوێندەواری

چاپ خوێندەواریی بڵاو کردەوە. خوێندەوارییش چاپی بڵاو کردەوە. پێکەوە جیهانی مۆدێرنیان دروست کرد. لە ئەوروپا، بۆ ماوەی هەزار ساڵ، لاتینی زمانێکی نێودەوڵەتی و زمانی دیپلۆماسییەت بوو، وەک زمانی چینی لە ڕۆژهەڵاتی دوور و ئینگلیزی لەم سەردەمەدا

لە هەمــوو جیـهاندا بـاون. لاتینی زمـانـی سکۆڵەرەکان و قوتابییـان بوو، زمـانـی کتـێب بوو، زمانێک بوو بۆ قسـەکردن لەگەڵ خـوا بەکار دەهات. پایەی جیهانی نەگۆڕی ناوەڕاست بوو. دواتر چاپ هـات، لەگەڵ پەیدابوونی چاپ کتێبەکان بەزمانی سادەی خەڵک، بەچەندان زمان کە لەسـەر شـەقامەکانی ئەوروپادا قسـەی پێ دەکرا بڵاو کرانەوە.

## چاپکردن بەزمانی سادەی خەڵک

کـەمتر لە پەنجـا ساڵ دوای ئەوەی گۆتنبێرگ نێزیکەی ١٠ ملیـۆن کۆپی لەو کتـێبـانە چاپ کرد کە لە ئەوروپادا چاپ کرابوون، ئەمـە لە ڕووی ئەو بڕە خوێندەوارییەی ئەو کات هـەبوو ژمـارەیەکی سـەرسـوڕهێنەر بوو. ژمـارەکە بـەرز بووەوە بۆ ١٥٠ تا ٢٠٠ ملیـۆن لە کـۆتاییی سەدەی داهـاتوودا . ئەو کتێبانەی بەزمانە سـادەکانی خەڵکی ئەوروپادا چاپ دەکران وزەی بەو زمـانانە دا . بەهـۆی پشـتگوێخسـتنەوە، زمـانە سـادەکانی وەک گێیلیک و پرۆڤێنچـال، زمـانی سـادەی قسـەکردن بوون، بـەڵام بەدەگمـەن پێیـان دەنووسـرا . لەگـەڵ گـۆڕانی چاپ بەزمـانی سادەی خـەڵک، بەتێپەڕبوونی چەند سەدەیەک خـودی زمـانی لاتینی، شـانبەشـانی زمانی کلاسیکەکانی تر کە سـەردەمێک زانینی سکۆڵەرەکانی بەرز کردبوو، زمـانی یۆنانی و عیبری جگە بۆ نوێژە فەرمییەکان چی تر بەکار نەدەهـاتن.

چاپ بەزمـانـی سـادەی خـەڵک بووە هـۆی پەیدابوونـی پێوەرەکـانی ڕێنووس و یاسـاکـانی سـینتـاکس. کـاتێ بۆ یەکـەم جـار ڕێنووس داهـێنرا ، وشـەکـان چۆن دەخـوێندرانەوە ئاوا دەنووسـران، کە دەکرێ لە گوێی پرینتـەرێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاواز نووسـرابنەوە؛ چونکە چۆن گوێیان لێ دەبوو ئاوا دەیاننووسین. بەپێچـەوانەی وردەکارییەکانی زمـانی لاتینی. لە کـاتی خۆیدا ، ئینگلیزی و زمانە سـادەکانی تـر پێکهاتەی ئۆرسـۆگرافی و سـینتاکسیـان بۆ دروست بوو کە لەوساکەوە بوونەتە مایەی نائومێدیی نەوەی داهـاتوو.

بەچاپ بوونـی کتێب، خـوێندەواری تەشـەنەی کرد. هـەرکە خـوێندەوارییش فـراوان بوو، داوای کتێب زیاتر بوو. ئەمە چیرۆکێکە کە لە مێژوودا دووبارە بووەوە.

چاپە نـوێیـەکـان... ڕەنگە وردە وردە بۆ مـرۆڤی چینە نزمـەکـان هـاتنە بەردەست چونکە پێشـتـر چاپە نوێیەکان تەنیـا بۆ چینە بـەرزەکان بـوون. لە بری ئەوە، گۆڕانەکان لە ئەقڵ و بۆچوونە جـیاوازەکان زیاتر بوو، بەهـۆی زیاتر چاپکردنی ئـەو شـتـانەی کـاریگـەری لەسـەر توێژەکـانی کـۆمـــەڵگەدا هـەبوو. بۆ نموونـە لە ئینگلتــەرای ســەدەی پازدەدا ، بـازرگــان و دەستنووسـە پڕۆفیشناڵەکان دەستیان کرد بەبازرگانیی کتێبە دەستنووسـەکان کە پێشـتر پـەسـندبوون بـەلای نـانـەوا و بـازرگــــانەکــــان، پارێزەران، پیــــاوە گــــەورە و تـەنـانـەت

کاربەدەستانیشەوە.

ئەو خەڵکە سادانەی لەبەر خوێندنەوەی کتێب پشتیان کوور بووبووەوە ئێستە لە بەرزترین پلەی ئەنجومەنەکانی حکوومەت دانیشتوون. کاتێ توانای خوێندنەوە و نووسین لە پایەی دەسەڵاتی کەم کردەوە، ئەو ئەریستۆکراتانەی سووکایەتییان بەخوێندەواری دەکرد. ئینجا بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ کتێب و خوێندەواریدا کرد. بۆ ئەوەی پەیڕەوی دەسەڵاتەکانی خۆیان بکەن، کە پێیان وابوو تەنیا مافی ئەوانە و خوا پێی داون. لەگەڵ گۆڕان لە هەڵسوکەوت بەرامبەر بەخوێندنەوە هەندێ جار شتی سەرسڕهێنەریش بەدی دەکرا کە خوێندنەوە چێژی لێ دەبینرا، ئەوەی ڕاستی بێت فێربوونی مەعریفە بوو بەمایەی خۆشی.

چاپ بەزمانی سادە، خوێنەرە فرەنسییەکانیشی بەو ئاقارەدا برد، خۆیان بەبەشێک لە فرەنسا بزانن، هەروەها وای لە خوێنەرە ئینگلیزەکان کرد هەست بکەن کە بەشێکن لە ئینگلتەرا. ئەم هۆشیارییە نەتەوەییە بەدەگمەن هەبوو کاتێ خەڵکی خوێندەوار تەنیا بەزمانی لاتینی دەیانخوێندەوە و زمانی سادەی خەڵک لەهجەیەکی دان پێدانەنراو بوو.

## بۆ بەخوێندنەوە سەرم بێشینم؟

چاپ و دوای ئەویش خوێندەواری، یەکێکن لە خاڵە وەرچەرخانە هەرە مەزنەکان، ئەگەر لە هەرە مەزنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی نەبن. لە چاخەکانی ناوەڕاستدا، زۆربەی خەڵک نەخوێندەوار بوون. ئەوەی پێویست بوو دووکانێکی نوێ بکاتەوە بەدوای وێنەیەک دەگەڕا بۆ ئەوەی لەسەر دەرگەی دووکانەکە بدات. کڵاودروستکەرێک کڵاوێکی بۆیە کرد. بۆچی سەری بێشینی فێری خوێندنەوە بێت؟ هەروەها بێ بوونی شتێک بۆ خوێندنەوە هۆیەکی ئەوتۆ نەبوو خەڵک خۆی فێری هونەرە زەحمەتەکان بکات.

بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج سەد ساڵ ئەم دەسکەوتە (توانای نووسین و خوێندنەوە) لە ئەوروپای ڕۆئاوادا دەگمەن بوو. ئەگەر بەوە بزانین کە ئەو هەموو کاتە هیچ کەسێک، لە خوار شا و ئیمپراتۆرەکاندا، نەیدەتوانی بخوێنێتەوە و بنووسێت، ئەوا تووشی شۆک دەبین. چارلماگن فێری خوێندنەوە بوو، بەڵام هەرگیز نەیتوانی بنووسێت. مێزی لە شەمێ (مۆم) دروستکراوی لە ژێر سەری دادەنا و بەردەوام پراکتیزەی دەکرد، بەڵام گوتی نەیتوانی بەسەریدا زاڵ بێت.

ئەو خوێندەوارییەی هەشبوو زۆربەی بۆ پیاوەکان بوو. ئافرەت چاوەڕێی خوێندنی لێ نەدەکرا و تەنیا ڕێژەیەکی زۆر کەم دەیانتوانی بخوێننەوە. لە نێو ئافرەتانی چینی هەژاردا،

خوێندەواری وجوودی نەبوو. بەڵام بۆ هەردوو ڕەگەز چاپ شتێک بوو گوێی لێ بگرن، کاتێ کتێبێک لەلایەن یەکێک دەکرایەوە و بەدەنگی بەرز دەخوێندرایەوە.

لەگەڵ هاتنی نامیلکە ئاینی و سیاسییەکان بەزمانی سادەی خەڵک، نەک زمانی لاتینی، هیچ نەڵێین لەبارەی خودی ئینجیلی پیرۆز، کۆششێکی قارەمانانە بۆ نووسینی وشەکان لەسەر پەڕێک بۆ هەندێ بوو بەکارێک خۆیان لە پێناو بەخت دەکرد. بڵاوبوونەوەی چاوەڕێنەکراوی شتە چاپکراوەکان، هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی خوێندەواری، لە بەرامبەردا بازاڕی کتێب و شتە چاپکراوەکانی تر گەرم بوو، ئیدی بازنەکە فراوانتر بوو. هەروەها خوێندەواری پێوەری هزری سەربەخۆی هێنا کایەوە بۆ دەسەڵات و سامان لە جیهانێک کە بۆ چەندان سەدە سیستەمی دەرەبەگایەتی پێشکەوتنی تاکە کەسیی ئیفلیج کردبوو. لە هەندێ حاڵەتدا، ڕەنگە حەزێک لە دایک بووبێت بۆ چاپکردن بۆ ئەوەی شتێک بەوانی تر بڵێ. هەروەها جووتیارەکانیش زانییان وانەکانی مەسیح بەڕاستی باسی چی دەکەن، باسی هەژار و چەوساوەکان دەکەن.

هەڵوێستی قۆرخکاری ئینجیل و زمانی لاتینی لە کڵێسادا بەهۆی چاپەوە لەناوبرا و لەوێ بازاڕێکی بەربڵاوی بۆ ئینجیل بەزمانی سادەی خەڵک پەیدا کرد و خەڵکی بەتەواوی چوونە ناوی لە ڕێگەی وەرگێڕانە سادەکەیەوە... کاریگەریی دۆزینەوەی چاپ ئاشکرا بوو لە شەڕە دڕندانە ئاینییەکانی سەدەی شازدە و حەڤدەدا.

## بزوێنەرەکانی چاپ و خوێندەواری

چاپ و خوێندەواری دوو بزوێنەر بوون یارمەتیی گرگرتنی ڕیفۆرمەیشنی ئاینی، ڕینێسانسی عەلمانی، ڕوحی ناشنالیزم و گەشەی ئابوورییان دا. پاڵەپەستۆیەکی ڕەوتی کڵێسای پرۆتستانتی گڕ و تینی بەچاپەکانی سەرەتا دا، خێراتری کرد و ئاکامی ئەوتۆی لێ کەوتەوە. ئینجیلەکان، نامیلکەکان و وتارە ئاینییەکان بەدەستی نوێ و ڕەق دەنووسرانەوە. لە ماوەی چەندان سەدەدا چاپەمەنییەکان سیستەمی دەرەبەگایەتیی شا و باڕۆنەکانیان تێک شکاند. قەشەکان ئەو بایەخە گرینگەی جارانیان نەما، بۆ شیکردنەوەی ئینجیل. پێکهاتەی دژواری کۆمەڵایەتی کە چارەنووسی مرۆڤی لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە دیاری دەکرد لەناو چوو کاتێ مرۆڤ بەهۆی خوێندەوارییەوە دەسەڵاتی هاتە دەست و وێرا خۆی لە قەرەی ئاراستە نوێیەکاندا بدات. چاپ خەڵکی زیاتر وورووژاند و هان دا بەنێو زەریاکاندا بگەڕێن، وەک ئەم سەردەمەی ئێمە تەلەڤزیۆن خەیاڵی خەڵکی فراوان کرد بۆ گەڕان بەنێو بۆشاییی ئاسماندا.

کاتێ چاپەمەنییەکان بەلێشاو شتی چاپکراویان هەڵڕژاند، ویستی خوێندەواری وەک تا بڵاو بووەوە، بەملیۆن ئەوروپی منداڵەکانیان بردە پۆلەکانی خوێندن و خۆشیان دەستیان کرد بەفێربوون.

چاپ بووە هۆی دەرگە والاکردن بۆ ئایدیاکانی هیومانیزم کە جەختیان لەسەر ژیان نەک نەمری دەکردەوە. هەروەها دووبارە فێربوونەوەی شتەکانی ڕۆم و یۆنانییە کۆنەکان سەرچاوەی گرت لەو کتێبانەی لە کاغەز دروست دەکران، کتێبی ئاسان گوێزراو، چاپەمەنییەکان، هەروەها سکۆلەر و قوتابییەکان پێکەوە چوونە زانکۆ نوێیەکان. لەگەڵ شەش دەیەی بڵاوکردنەوەی ئینجیلە ٤٢ دێرییەکە، زیاتر لە دوو دەرزەن زانکۆی تر دامەزران. تەنیا لە دوو دەیەی نێوان ١٤٦٩ و ١٥١٦دا، شەش کۆلێجی تر لە زانکۆی ئۆکسفۆرد و کامبریجدا کرانەوە.

ئەم هەموو پێشکەوتنانە بوونە هۆی سەرهەڵدانی دەگمەنترین دیاردەی کولتووری و بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری کە بواری فێربوون و شارستانییەتیان گۆڕی. فیساگۆرسییەکان چوار سەد ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح هەوڵی ئەمەیان دا بەڵام سەرنەکەوتن. بۆیە لە سەدەی سێیەم و چوارەمی پاش زایندا، مانیچییەنس، ستۆیکەکان و ئێپیوکیریەنسسییەکانیش هەوڵیان دا. بەڵام هیومانیستەکانی سەدەی شەشەم سەرکەوتنێکی بەرچاویان لەو ڕووەوە بەدەست هێنا، بەجۆرێک کە سەرکەوتنەکەیان بێ وێنە بوو. ئەمانە ئایدیۆلۆجیای تریان بەدوادا هات و سوور بوون لەسەر دارشتنەوەی داهاتوو وەک ئەقلانیەتی سەدەی حەڤدەم، ڕۆشنگەریی سەدەی هەژدەم، مارکسیزم لە سەدەی نۆزدە، هەروەها لە سەدەی بیستەمیش ئیمپیریزم (empiricism) تیۆرییەکی فەلسەفییە: تاقیکردنەوە و بەسەرهاتی هەستی، سەرچاوەی زانینە، پراگماتیزم (prag-matism) فەلسەفەیەکە: باشی و خراپی هەر ڕێبازێک یان بیروڕایەک دەکەوێتە سەر ئەنجامەکانی و دیتێرمینیزم (determinism) فەلسەفەی پێشەکی بڕیاردراو: کرداری مرۆڤ و چۆنیەتیی ژیانی بەدەست خۆی نییە بگرە بۆی بڕاوەتەوە. هەریەک لەم ئایدیۆلۆجییانە ڕەوتی ڕووداوە گەورەکانی گۆڕی، بەڵام هیچ کامیان ناگەنە دەسکەوتەکانی هیومانیستەکانی سەردەمی ڕینێسانس.

بەهۆی حەزی زانینەوە، ڕەنگە بەڕێککەوتیش بووبێ، دەسخەتی مۆدێرن بەماوەیەکی کەم لە دوای ئەوەی چاپ گەیشتە ئەوروپا لەدایک بوو و کتێبی دەستنووس مرد. متمانە درایە داهێنەری خەتی ئیتالیک، ئاڵدوس مانوتیەسی پرینتەر لە شاری ڤینیسیا ئەمەی داهێنا کە تا ئێستە ئێمە پێی دەڵێین خەتە جوانەکەی ئیتاڵی. هونەری نووسینی نامەیەکی

سەرنجڕاکێش بەشێوازی پێنووسی مرۆڤ بوو بەدەسکەوتێک، لە ناو خوێندەواران مایەی سەرسڕمان بوو.

## خوێندەواری و یەکسانی

کاتێ چاپ لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا بڵاو بووەوە (وردتر بڵێین، بڵاوبوونەوەی چاپ کۆتایی بەسەدەکانی ناوەڕاست هێنا)، ڕاگەیاندنی نووسراویش بڵاو بووەوە، بەڵام ڕاگەیاندنی زارەکی وەک سەرچاوەیەکی دەنگی گەیاندنی زانیاری لەناو نەچوو. وتار خوێندنەوە بەردەوام بوو، هەروەک شانۆگەرییە گەڕۆکەکان و هەواڵ لە شێوەی بەستە و بەئاوازی خۆش بەردەوام بوو. بەجۆرێک لە جۆرەکان، کولتووری زارەکی و نووسین شانبەشانی یەکتر تا ئەم ڕۆژگارەی ئێمەش وجوودیان هەبووە و هەیە.

بڵاوبوونەوەی چاپ لە سەرانسەری جیهاندا، وەک بڵاوبوونەوەی ئامێرگەلی تری گەیاندن لەو شوێنانەی کە بژاردەی دەسەڵاتدار سنورداریان نەکردن، بووە هۆی یەکسانکردنی کاریگەرییەکانی ژمارەیەکی زۆری بەرهەمهێنەر بۆ گەیاندنی زانیاری بەخەڵکانێکی زۆر، بەتایبەتی ئەوانەی زانیارییان بەکار دەهێنا. بەکورتی، بڵاوبوونەوەی چاپ بووە هۆی سەرهەڵدانی لامەرکەزی لە دەسەڵاتدا و کاریگەرییەکانی. ئا لێرەدا خاڵی دەسپێکی ڕەوتێکی ترە کە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا پێی دەوترا پۆستمۆدێرنیزم، هەرکە سکۆلەرەکان و نووسەرانی تر چەندان باکگراوند و ڕوانگەی جۆراوجۆریان هێنا کایەوە بۆ ئەو جیهانە سنووردار و سەختەی پێشوو و ڕووبەڕووی بۆچوونە پەسندکراوەکان بوونەوە. لەگەڵ چاپ و خوێندەواری کە خۆراکی یەکتر بوون، خوێندەواری خۆی وەک ئالیەتێکی ڕاگەیاندن خزمەتی کرد.

## ئایا گۆتنبێرگ زانیاریی لەبارەی چینەوە هەبوو؟

فرانسیس باکۆن گوتی، چاپ، قیبلەنما و باڕووت سێ داهێنان بوون جیهانیان گۆڕی. هەریەک لەم داهێنانانە هی چینییەکان بوون. ئێمە تەنیا لە ڕووی تایپۆگرافییەوە (چاپکردنی وشەکان بەپیتەکان و تایپی گوێزراوە) بیر لە چاپکردن دەکەینەوە. ئەوەی ڕاستی بێت، چاپکردن زۆر لە پێش تایپۆگرافیدا پەیدا بووە. چینییەکان کتێبیان چاپ کردووە، بەهۆی نەخشاندنی پیتەکان لەسەر تەختەدار. فێنگ تاو، ئەو کەسەی هونەری چاپکردنی تەختەیی یان خیلۆگرافی xelography ی باشتر کرد، لە مێژووی چیندا بەگۆتنبێرگی ڕۆژئاوا دادەنرێت. هەڵکەندنی پیت و وێنەکان لەسەر تەختەدار بۆ ئەوەی مەرەکەب بەباشی بگرێت بنەمای چاپ بوو لەسەر تەختە، کە چەندان سەدە پێش داهێنانی

تایپی گوێزراو لە چین هەبووە. هەرچەندە چینییەکان تایپێچاپی گوێزراویان داهێنا، بەڵام کەم بەکاریان دەهێنا.

مۆری بەمەرەکەب لە شارستانییەتە کۆنەکانی ناوچەی زەریای ناوەڕاستدا بەکار هاتووە کە دەگەڕێتەوە بۆ ٤٠٠٠ پێش زاین. ڕەنگە ئەسکەندەری گەورە ئەو مۆرانەی گواستبێتەوە هیندستان لە کاتی داگیرکردنیدا. ئەو بازرگانانەی گەشتیان لە نێوان هیندستان و ئاسیای ڕۆهەڵاتدا دەکرد ڕەنگە مۆریان بەچینییەکان ئاشنا کردبێت، سنووڕێکیان دانابوو بۆ کۆپیکردنی ئەو کتێبانەی چاپیان دەکردن، بەپێچەوانەی ڕۆئاوا کە ژمارەیەکی زۆری بۆ خەڵک کۆپی دەکرد.

ڕۆمییەکان لە سەدەی یەکەمی پ. ز.دا درکیان بەوە کرد دەشێ مۆری چاپکراو بەکار بهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی تایپێمێز یان دەقی باش. بەڵام، ئەو فیکرەیە نەگەیشتە هیچ شوێنێکی تر. هیچ مەرەکەبێکی شیاو بەردەست نەبوو، هەروەها پاپیرۆس و پێستەی مەڕیش، گران بوون و بۆ چاپ دەستیان نەدەدا. هەروەها داوا کەم بوو بۆ تیراژێکی زۆری کتێبەکان یان دۆکیومێنتەکان. خوێندەواری بەربڵاو نەبوو، نووسەرەکان دەیانتوانی شتە نووسراوەکان بەدەستی کۆپی بکەن ئەگەر پێویست بان.

کارێکی باشە ئەوروپا لەگەڵ چین بەراورد بکرێت، کە حکوومەتی کەم لێ بووە، بەڵام حکوومەتی ناوەندی بەهێز بووە، چونکە لە چین کارگەی کاغەزی چاپکردن لەدایک بوو، بەڵام هەر لەوێش چاپکردن پشتگوێ خرا. دەبێ ڕەوچاوی ئەوە بکەین کە حکوومەت لە چین تاکە دەسەڵات و کۆنترۆڵ بووە. لە چین، لە سەردەمە سەرەتاییەکاندا، چاپکردن یان بەکاروبارە ئاینییەکان یانیش بەحکوومەت دەبەسترایەوە. پیتە ئایدیۆگرافییەکانی چینی لەسەر پارچە قەمیش هەڵدەکەنران، دەیانکرد بەچاوەزار بۆ ئەوەی گورگ و پڵنگەکان لە خۆیان دوور خەنەوە، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیش بەکاریان دەهێنان. توێژاڵی قەمیشیان بەکار دەهێنا بۆ هەڵکەندنی ناو، تەمەن و ڕووی گەشتیارەکان. لەو کاتەی مۆر و مەرەکەب بەرەسمی کران بەیاسا، حکوومەت پاسەپۆرتە سەرەتاییەکانی بەکار دەهێنا بۆ ڕێکخستنی هاتوچۆ، وەک مۆڵەتدان بەهاتنە ژوورەوە لە دەروازەی شاردا.

## پێشکەوتنی ئەوروپا

ئەوروپا چەندان توخمی سەرەکیی خستە سەر داگیرکردنی کیشوەرەکە لە بواری چاپەوە. وەک تێبنی دەکرێ، ئەمە سەردەمی پێشکەوتنی ئەوروپا بوو، لە سەرەتای گۆڕانی عەلمانی و ئاینیدا بوو، سوپاکەی لە شەڕی خاچپەرستان گەڕایەوە، ئایدیای نوێ لە ناو شارەکاندا

پەیدا بوو. بەپێچەوانەی چین کە لەبارێکی سەختی حوکمی ئیمپراتۆریدا چەقی بوو، ئەوروپای سەدەی پازدە زۆرانبازی لەگەڵ گۆڕان دەکرد. لە سەدەی دوازدە بەولاوە، زانکۆ پەیدا بوون، سکۆلەرەکانی ناو زانکۆ پێویستیان بەکتێب بوو.

پێشکەوتنی ئاینییش هەبوو. بەهۆی وەرگێڕانی ئینجیل بۆ سەر زمانی سادەی ئەڵمانی، ڕەبەنی سەدەی ئۆگستاین بەناوی مارتن لوسەر، دەرگەی بۆ خەڵکی والآ کرد. شتێکی سەیر بکەن، ئەویش ئەوە بوو خۆیان وشەکانی خوایان بەو زمانەی ڕۆژانە قسەیان پێ دەکرد خوێندەوە و هەرکەسە و بەتەنیا وەڵامی خوای دەدایەوە. جەماوەرەکەی زۆر فراوان بوو لەگەڵ ئەو خانەوادانەش کە زمانی لاتینییان نەدەزانی، لوسەر بەو زمانە ئەڵمانییەی خەڵکی نووسی کە لە منداڵییەوە قسەیان پێ دەکرد. ناوەندی چاپ شوێنی ئەو ئینجیلە دەستنووسەی گرتەوە کە بەزمانی سادە لە دەستی هەمووواندا بوو.

ئەوروپا ژمارەیەکی زۆر خوێندەواری زیاد کرد لە نێو بژاردەکاندا. هەر خێرا لوسەر گوتەکانی خۆی دژی سیستەمی لە گوناه خۆشبوون، بەبزمار لەسەر دەرگەی کڵێساکاندا هەڵواسی، ئیدی بۆ یەکەم جار پۆستەر، نامیلکە و کاریکاتێر لە سەرانسەری ئەڵمانیادا بڵاو بوونەوە و دواتریش لە تەواوی ئەوروپا پەرت و بڵاو بووەوە. چاپەمەنییە بەردەستەکان نەیاندەتوانی زۆر بەخێرایی کتێب و نامیلکە چاپ بکەن.

لەگەڵ ڕیفۆرمەیشنی ئاینی ئارەزووی خوێندنەوەی کتێبی ئاینی زیادی کرد، هەروەها داوا بۆ چاپکردن لە سەردەمی ڕینێسانسدا زیادی کرد، بۆ خوێندنەوەی کارە کلاسیکە دۆزراوەکانی یۆنان و فێربوون لە هەموو بوارێکدا پەرەی سەند. ئەم برسییانەی فێربوون تێر نەدەبوون بەقەڵەمە هێواشەکانی کۆپیستەکانی ناو دێرەکان و بەشی پشتەوەی دووکانی کتێبفرۆشەکان.

یەکگرتنەوەی چاپ لەگەڵ شتە ئاینییەکانی ڕیفۆرمەیشن و هیومانیزمی ڕینێسانس بووە هۆی لێک ترازاندنی عەقڵیەتی (تێگەیشتنی زاڵ) سەدەکانی ناوەڕاست کە بۆ ماوەی چەندان سەدە پێگەی قایم کردبوو. گۆڕانی تێگەیشتن لە بۆچوونەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و پەیدابوونی کیمیاگەری و و شتە تازەکانی وەک ئەدەب، ئەخلاقییات و سیاسەتەکانی یۆنانی کلاسیک ڕینێسانسی لە چاخەکانی ناوەڕاست جیا کردەوە.

## گۆتنبێرگ چیی دەزانی؟

چی چاپکردن لەلای جۆهانس گۆتنبێرگ ئاشکرا بوو، پێش ئەوەی ئەو سیستەمە دروست بکات کە ئینجیلە ٤٢ دێرە بەناوبانگەکەی پێ بەرهەم هێنا؟ یان ڕوونتر بڵێین، ژمارەیەک لە

داهێنانەکانی چینییەکان، یان هەموو داهێنانەکانی ئەوان بەلای ئەو زێڕنگرە ئەڵمانییە ئاشنا بوون کە نازناوی هەرە هەژێنترین داهێنانەکانی جیهانی پێ دراوە؟ کاتێ گۆتنبێرگ چاپی داهێنا، ڕەنگە ناوی کسای Cathay بیستبێت (کسای ناوی وڵاتی چین لە سەدەکانی ناوەڕاستدا). پرسیاری ڕاستەقینە ئەوەیە، ئایا ئاگەدار بووە لەو چاپەی کە لە چین داهێنرا، چەندان سەدە پێش ئەو؟ ڕەنگە وەڵامەکە هەرگیز نەزانرێت، بەڵام ئەمە یەکێکە لە نهێنییە هەرە گەورەکانی مێژوو کە بەبەڵگەکانی تەراتێنمان پێ دەکەن.

بەرهەم و تەکنۆلۆجیای ڕۆهەڵات لە چینەوە گەیشتە ڕۆئاوا بەهۆی ئەو بازرگانانەی بەڕێگەی سیلک ڕۆد بەنێو شارە بەناوبانگەکانی وەک سەمەرقەند، بەغدا و دیمەشق گەشتیان دەکرد. بەتەواوی ڕوون نییە ئاخۆ داهێنانی تایپۆگرافی، تایپێچاپی گوێزراو و چاپی لە قاڵبدان لە ڕۆهەڵاتەوە گەیشتبێتە ئەوروپا، بەڵام کتێبی چاپکراوی سەر تەختەدار بەباشی ڕێگەیان بەرەو ئەوروپا دۆزیوەتەوە پێش کارە بەراییەکانی گۆتنبێرگ لە سەدەی پازدەدا، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە کتێب ئەوساکە چاپ کرابوون. هەندێ چاپکردن لەسەر تەختەدار لە ئەورووپاش کراوە.

لە ڕاستیدا، کۆنترین کتێب کە تا ئێستە مابێتەوە بریتییە لە کتێبێکی ئاینی کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٨٦٨، بەناوی the Diamond Sutra، لەسەر ڕۆڵێک کە ١٦ پێ درێژە، کۆپییەکی چینییە لە نووسینی بووزییەکانە. دوو کۆپی لەو کتێبە دۆزراوەتەوە، یەکێکیان لەسەر بەرد و ئەوی تریشیان لەسەر تەختەدار چاپ کراوە. لە ناو هەزاران دەقی بووزی لە ژێرزەوینێک لە بیابانی ڕۆئاوای چین دۆزراونەتەوە. لەو بیابانەدا شێوازی وشککردنەوەی ئەوساکە ئەو دوو کۆپییەی لە ڕزین و فەوتان دەرباز کردووە.

لە چینی ئیمپراتۆریەتدا، کتێبێک کە لەسەر کاغەز یان ئاوریشم نووسرابوو تا سەدەی دەیەم لوول درابوو، کاتێ یەکەم جۆری کتێبی پێچراو پەیدابوو، ئەمە سەردەمی پێش دوورینەوەی کتێب بووە. کتێبێکی تر لەسەر یەک پارچە کاغەزی درێژ نووسراوە و پێچراوەتەوە، بەڵام وەک هەموو کتێبە چاپکراوەکانی سەر تەختەدار، تەنیا لەسەر یەک ڕووی پەڕەکە چاپ کراوە. قەدی کتێبەکان بەیەکترییەوە دەنووسێنران بۆ ئەوەی لە کاتی خوێندنەوەدا پەڕەکان هەڵبدرێنەوە.

ناوەڕۆکی هەموو کتێبەکان دەبووایە ئاشکرا بێت بۆ کاربەدەستانی حکوومەت، چونکە سانسۆر واقیعێکی ئاشکرای ژیانی سکۆلەرە چینییەکان بووە، بەسەدان سکۆلەر زیندەبەچاڵ کراون، لەلایەن یەکەم ئیمپراتۆری بنەماڵەی چین Chin (کۆنترین بنەماڵەی وڵاتی چین)، هەروەها هەر کتێبێکی دۆزیباوە دەیسووتاند.

سـەبارەت بەشـتـە چاپكراوەكـانی تری چین کـە لە ڕێگەی سـیلك ڕۆدەوە گـەیشـتـوونەتە ڕۆئاوا، دەتوانین تەنیا بەتێڕامـان باسیـان لێوە بكەین. لەگەڵ چالاكبوونی بازرگانیدا، پێ دەچێت كۆنكان كە لەسەر تەختـەدار دروست كرابوون و وێنەی ئاینی لە ڕێگەی كەشتـییە بازرگـانیـیـەكـانەوە كـە بەئازادی لـە نێـوان ئەوروپا و ڕۆژهـەلاتی دوور هـاتوچۆیان دەكـرد، گەیشتبنە ئەوروپا. بێگومـان بازرگانەكانی تریش كۆنكانیـان لەگەڵ خۆیاندا بردووە كاتێ چوونەتـە دەرەوەی شـار یان دەرەوەی شـوێنی نیشـتـەجێـیـان. یاریی كـۆنكان لە سـەدەی چواردەدا لە ئەوروپادا پەیدا بووە؛ چونكە مامۆستایەكی ڕەوشت لەو سـەردەمەدا نارەزایی هەبووە لەسـەر یاری كۆنكان لە فیستیڤاڵەكان و هەڵواسینی وێنەی نابەجێ و ناپەسندەكان لە كڵێسەدا.

هـەرچەنـدە چاپكردن لـەسـەر تەختـەدار لە ڕۆژهـەلاتی دووردا هـونەرێكی بـاو بووە، بەڵام ئاشنا بووە لە ئەوروپای چاخە تاریكەكاندا، ئەوسا لە ئەوروپا ڕەبەنەكان زۆر خۆگر بوون و بەدەست كۆپی دەسـتنووسـەكـانیـان دەكرد. لە نێوان ئەوروپا و چینـدا جیـهـانی ئیسـلامی هـەیە، كـە لـەبەر هۆكـاری ئاینی ڕەتی كـردەوە ئـەدەبی خـۆی چاپ بكـات. یەكـەم ئامـاژە بەداهێنانی چینییـەكان لە ناو ئەدەبی ئـەوروپیدا لە سـاڵی ١٥٤٦دا بـووە، سـەدەیەک دوای ئەوەی گۆتنبێرگ ئینجیلە ٤٢ دێرییـەكەی چاپ كرد. ئەویش لەلایەن مێژوونووسی ئیتاڵی بەناوی جـۆڤـیـوس بـاس كـراوە. جـۆڤـیـوس وای بۆ دەچێت چـاپكردنی كـتـێب لە چینەوە گەیشـتبێتـە ئەوروپا لە ڕێگەی گەشـتیـارە پورتوگالییـەكانەوە، لەبەر هەندێ چاپكردن لە ئەوروپا لە چینەوە سەرچاوەی گرتووە.

مـێـژووی زانراوی كـاغـەز بەڵگەیەكـە لەسـەر ئەوەی كـە تەكنۆلۆجـیـای چاپ ڕەنگە گـوازرابێـتـەوە. مـژدەبەرەكـان و گـەشـتـیـارانی تر زانـیـاریی ئەوەیان گـواسـتـووەتەوە كـە چینیـیەكان كاغـەزیان داهێناوە، یاریـیـان بەكۆنكانـی چاپكراو كردووە، پارەی كـاغـەزیان سـەرف كـردووە، هەروەها وێنەی ئاینییـان چاپ كردووە. بۆیە ڕێی تێ دەچێت بگەینە ئەو ئەنجامەی كە موژدەبـەرەكانیش ئەو مـەعریفەیان هـەبووە كـە ژمارەیەكی زۆر كتێب لە چین چاپ كراون.

پێش گۆتنبێرگ، ژمارەیەک گەشتیاری ئەوروپی كە لە هەشت كەمتر نەبوون و یەكێكیان ماركۆ پۆلۆ بووە، وەسـفی پـارەی كاغەزی چاپكراویان كردووە. پاپا ئینۆسـنتی چوارەم لە ناوەڕاسـتی سـەدەی سێـزدەمـدا، نوێنەرێكی بەناوی جـۆن پلانۆ كـارپینی بۆ گـراند خـان ناردووە. جۆن بەنامەیەک گەڕاوەتەوە كە مۆری شێوازی چینییەكانی پێوە بووە، بەمەرەكەب لەسـەر كـاغـەز چاپیـان كـردووە بەدوو سـەدە پێش گۆتـنبێـرگ. لە هەمـان كـاتدا، چەندان

زیندانیی ئەوروپی، بەئافرەت و پیاو، لە پایەتەختی مەغۆلەکاندا ژیاون. بەڵام تا ئێستە ئەم نهێنییە لێڵە.

هیچ بەڵگەیەکی دۆکیومێنتی ئەرێنی نییە تا ئێستە ئەمە نیشان بدات. تەواوی چاپکردن لەسەر تەختەدار لە ڕۆژهەڵاتی دوورەوە هاتووەتە ئەوروپا. بەڵام بەڵگەی بەهێز هەیە دەمانگەیەنێتە ئەو گومانەی ئاخۆ لە ڕێگەی ڕووسیا، لە ڕێگەی ئەوروپییەکان لە چین، لە ڕێگەی ئێران یان لە ڕێگەی میسرەوە هاتووەتە ئەوروپا. ڕەنگە لە ڕێگەی هەندێ یان هەموو ئەو کەناڵانەوە بووبێت. کاریگەریی چاپکردنی سەر تەختەدار، هاتووەتە نێو جیهانی ئەوروپاوە لە سەردەمی ئیمپراتۆری مەغۆلەکان و ساڵەکانی دوای ئەو ئیمپراتۆرییەتەش، هەروەها بەشێکی ئەو چاپ بووە وردە وردە بووەتە هۆی پێشکەوتنی ئەو چالاکییە کە لە هەمان کاتدا ڕێی خۆش کردووە بۆ داهێنانەکەی گۆتنبێرگ.

لە سەدەی سێزدەدا، جەنگیز خان و سوپا مەغۆلییەکەی دیواری حوکمی ئیسلامی شکاندووە و دەرگەی ڕۆژهەڵاتی بۆ ئەوروپا واڵا کردووە بۆ ماوەی یەک سەدە، تا ڕووخانی مەغۆلەکان. ئەوەی ئەوروپا لە تۆقینی خۆیدا درکی پێ نەکردووە ئەوە بوو مەغۆلەکان هەموو بەربەستەکانیان شکاند و دەرگە واڵا کرا بۆ گەیاندنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شانشینێکی زۆر شارستانی ڕۆژهەڵات ئەویش وڵاتی چین بووە.

کاتێ مەغۆلەکان ڕاپێچی شانشینە دوورەکەی خۆیان دەکرێنەوە، خەڵکی نەخوێندەوار بوونە. بێ ئەوەی بزانن بەرەو ڕۆژئاوا چوونە، ئەو گەلانەیان داگیر دەکرد کە چاپیان دەزانی، لەگەڵ ئەو قەشە بووزییانەی کە هونەری چاپکردنیان بەکار هێناوە بۆ کۆپیکردنی sutras، کە بریتییە لە چەند دەستنووسێکی ئاینی پڕە لە دەقی گێڕانەوە و نوشتە و چاوەزاری. مەغۆلەکان ئەوەی دەیانویست بۆ بووژاندنەوەی کولتوورە شکستخواردووەکەیان بەدەستیان هێنا. ناوەڕۆکی ئەدەبی مەغۆلەکان بریتیبوو لە سووکایەتیکردن بە چینییەکان لە لای ڕۆژهەڵات و عەرەبەکان لەلای ڕۆژئاوادا. مەغۆلەکان تەنانەت ئەدەبی چینیشیان بەزمانی مەغۆلی چاپ دەکردەوە.

## تایپی گوێزراو لە چین و کۆریا

بۆ شتەکانی وەک دۆکیومێنت و کتێب، زمانە نووسراوەکانی ئاسیای ڕۆژهەڵات تا ڕادەیەک بەکەڵکی چاپ نەدەهاتن، بەتایبەتی کاتێ لەگەڵ زمانەکانی ڕۆژئاوا بەراورد دەکران. هەر پیتێکی چینی و زۆربەی پیتە ژاپۆنییەکان مانای وشەیەکیان هەبوو، کە بەسەدان هەزار وشە هەبوو. زمانەکانی ڕۆژئاوا لەسەر بنچینەی ئەلفوبێ و، کەمێک زیاتر لە دوو دەرزەن پیت پێک هاتبوون و تێکەڵ دەکران وشەیان لێ دروست دەکرا. پرینتەری چینی لە ژێر

باری هەڵەیەکی تر کاری دەکرد. پریسی بەکار نەدەهێنا. لە بری پرێس، فلچەکەی دادەگرت لەسەر کاغەزەکەی بەمەرەکەبەوە، ڕەنگە بۆ هەر داگرتنێک جارێک لە ناو مەرەکەبی هەڵدەهێنا.

لە سەدەی یازدەدا، پی شێنگی کیمیاگەر و ئاسنگەر تایپی گوێزراوی داهێنا: واتە لە قاڵبدانی کارەکتەر (پیت) لە پارچە قوڕی سوورکراوە، هەروەها لە تایپی ئاسنیندا کارەکتەرەکانی لە چوارچێوەیەکی ئاسندا لە قاڵب دەدا. لە هەر کارەکتەرە و چەندان کۆپی لە قاڵب دەدا، ٢٠ کۆپی لە وشە زۆر بەکارهاتووەکانیشی لە قاڵب دەدا بۆ ئەوەی بتوانێت لە پەڕێکی تەواودا بەیەکجار چاپیان بکات. بەداخەوە، سەرکەوتن وای لە پی شینگ کرد لە کارەکە دوور کەوێتەوە. هیچ مەرەکەبێک باش نەبوو بۆ تایپی گڵ و کاغەزی زۆر تەنکی چینییەکان، ئەمە لە دژی فیکرەکەی شێنگ کاری کرد. فیکرەیەکی زۆر نایابی وەرگێڕا بۆ داهێنانی شتێک، بەڵام نەیتوانی سیستەمی چاپکردن تەواو بکات و بیگوازێتەوە بۆ قۆناخی داهێنان، ئەوسا بەکار دەهات. پی شینگ پیاوێک بوو فیکرەیەکی هەبوو کە هی ئەو سەردەمە نەبوو. بەڵام داهێنانەکەی بەتەواوی لە بیر نەکرا. لە ١٣١٣دا، نیزیکەی بیست ساڵ دوای گەڕانەوەی مارکۆ پۆلۆ بۆ ڤینیسیا، مێژوونووسێک بەناوی وانگ چێن بەوردی باسی تایپی گوێزراوی کردووە، ئەمە بەبەشێک لە مێژووی گەیاندن دادەنرێت.

هەرچەندە پێگەی ئامادەکردنی دەق بۆ چاپ (تایپ سێتینگ: typesetting) لە چین فەشەلی هێنا، کە دواتر بووە چاپکردن لەسەر تەختەدار، بەڵام لە کۆریا بەکار دەهات چەند دەهەیەک پێش ئەوەی گۆتنبێرگ ئینجیل لە ئەڵمانیا چاپ بکات. کاریگەریی بڵاوکردنەوەی کۆرییەکان لەسەر جیهان پێ دەچێت زۆر نەبووبێت، بەڵام خۆ ناشبێ لە بیر بکرێت. لەو گۆشە دوورەی جیهانەوە لە سەرەتای سەدەی پازدەدا، شا سیجۆنگ هانی بەرهەمهێنانی کتێبی دا "بۆ ئەوەی ئەقڵ تێر بکات و سروشتی شەڕانگێزانەی مرۆڤ چاک بکاتەوە." تەنانەت حکوومەتی شاهانەی کۆریا وەزارەتێکی کتێبی دامەزراند.

ئەو شایە دوورەدەستە، فەرمانی بەسکۆلەرەکانی کرد ئەلفوبێیەکی سادە بۆ خەڵکی گشتی دروست بکەن. ئەوانیش هانگولیان hangul دروست کرد (پیتە کۆرییەکان)، سیستەمێکی فۆنەتیکی بوو لەسەر بنچینەی سانسکریتی کە لە هەژدە نەبزوێن و ١٠ بزوێن پێک هاتبوون. بۆچوونە ڕۆشنگەرییەکانی سیجۆن زۆر جیاواز بوون لە سیاسەتە بەدگومان و تەسکەکانی ئیمپراتۆرە چینییەکانی ئەو سەردەمە. زیاتر بۆ ئەدەب و پەروەردە بەکار دەهات.

ئەو تایپەی بەکار دەهات کارەکتەری چینی بوو، کە نێزیکەی ٨ هەزار کارەکتەرە وشە

بوون لە بری ئەلفوبێیە فۆنەتیکییە فۆنەتیکییە زۆر ساناترەکەی زمانی کۆری، چونکە چینی زمانی خوێندەواران بوو، وەک لاتین لە هەمان کاتدا زمانی خوێندەواران بوو لە ئەوروپا. کارگەی تایپی حکوومەتی سیجۆن دواتر تایپی مسی لێ کەوتەوە. پارچەکانی ئەم جۆرە تایپە باشتر نەبوون لەو جۆرە تایپەی کە دوای نیو سەدە گۆتنبێرگ دای دەهێنا. تایپەکە وای لە پرینتەرە کۆرییەکان کرد کارەکتەر لە دوای کارەکتەر لە قاڵب بدەن لەسەر پارچەی چوارگۆشەی تەخت، ئەم سیستەمە کاری خۆی کرد، بەڵام لە فۆرمدا دروستکردنی زەحمەت بوو. لە ساڵی ١٤٣٤دا، کتێبێک بەتایپی گوێزراو چاپ کرا، هەم بەپیکتۆگرافیای کارەکتەرە چینییەکان و سیمبولە فۆنەتیکییە کۆرییەکان کە بەئاشکرا دیارە هەردووکیان لەسەر هەمان تایپ لە قاڵب دراون.

واقیعێکی نامۆیە کە چین، کۆریا و ژاپۆن، کە زمانەکانیان زۆر زەحمەت بووە بۆ پرینتەری تایپۆگرافی، یەکەم نەتەوە بوونە هونەریی تایپۆگرافیان داهێناوە و پێشیان خستووە.

## دەسکەوتی گۆتنبێرگ

ئەوەی گۆتنبێرگ بەدەستی هێنا کە لە ئاسیادا وجوودی نەبوو بریتی بوو لە سیستەمی چاپ. توخمە هەرە ئاشکراکانی بریتین لە دووریيە کۆنترۆڵکراو و وردەکانی تایپکردنی ئەلفوبێ کە بەپارچە کانزایەکی ڕەقی دروستکراو لە ستیل پیتەکانی دەنووساند بەکاغەزەوە. ئەمانە وەک نیشانەی دوو خەنجەری کە لە چاپ بەکار دێن، مۆر و ئەو قاڵبانە بوون کە ئاشنابوون بەو کرێکارە ئەوروپییانەی کە لە پێستە خۆشکردن، ئاسنگەری و دروستکردنی دەفری زەرد و زیویندا کاریان دەکرد. گۆتنبێرگ قاڵبی چاپی داهێنا. هەموو قاڵبە کەسییەکانی گۆتنبێرگ هەمان بەرزییان هەبوو و لە یەک ڕیز بەیەک ئاست دادەنران. چوارچێوەیەکی دارین کاغەزی تایپەکەی بەتوندی دەگرت و ئامادەی دەکرد بۆ پرێس، ئەمەش شتێکی ئاشنایە بەئەوروپای سەدەی پازدە وەک پرێسی کەتان بۆ لابردنی لۆچی سەر جل و پرێسی ترێ بۆ دروستکردنی شەراب. ڕەنگە گۆتنبێرگ سوودی لەو هونەرمەندانە وەرگرتبێت کە زەیتیان بەکار دەهێنا وەک بنەمایەک بۆ نیگارەکانیان. گۆتنبێرگ شتێکی تری زیاد کرد، ئەویش مەرەکەبێک بوو لە وارنیش و زەیتی کەتان دروست کرابوو، ئەم مەرەکەبە شیاو بوو بۆ نووسینێک لەسەر تایپی کانزایی لەسەر کاغەز کە بەباشی دەخوێندرایەوە.

چەند هەوڵێک درا بوو بۆ بەرهەمهێنانی کتێب بەهۆی چاپ لەسەر تەختەدار، بەڵام

هەڵکەندنی هەر پارچە تەختەدارێک بۆ هەر پەڕێک وەها ئاسان نەبوو. گۆتنبێرگ ڕێگەیەکی باشتری دۆزییەوە بەهۆی لە قاڵبدانی هەر پیتە و بەتەنیا کە دەتوانرا دووبارە و سێبارە بەکار بهێنرێتەوە. ڕەنگە ئەم فیکرەیە لەو زێڕنگر و زیوگرانەوە وەرگیرابێت کە لە ناوچەکانی دەوروبەری مێینز دەژیان کە پارچە ئاسنی کون کونیان بەکار دەهێنا بۆ لە قاڵبگرتنی شێوەکانیان لەسەر کانزا نەرمە بەنرخەکە.

ئێمە کەم لەبارەی بەشداریی جۆهانس گۆتنبێرگەوە دەزانین، داهێنەرێک کە ناوەکەی پێوەستە بەدەسکەوتی چاپ لەگەڵ تایپی گوێزراو. زۆربەی مەرجەعەکان لە مێژوو لەبارەی ئەو ساختەن، هەروەها ناوی لەسەر هیچ لەو کتێبانە نەنووسراوە کە دەڵێن لەلایەن ئەوەوە چاپ کراوە. بەڵگەی ئەوەی کە ئەو چاپ و تایپی گوێزراوی داهێناوە قایلکەر نییە، زۆربەی بەڵگەکان سکاڵایەکی یاساییان تێدایە دژی، سکاڵاکە وەسفی سروشتی چاپ دەکات کە چۆن بووە لە زێدی گۆتنبێرگ کە مێینز، ئەڵمانیا بووە.

سکاڵایەک لە ساڵی ١٤٤٤دا ئاماژە بەدوو ئەلفوبێی ستیل دەکات، هەروەها زانراوە کە گۆتنبێرگ بەتایپی گوێزراو چاپی کردووە لە ساڵی ١٤٥٠ بۆ بڵاوکردنەوەی ئەوەی ناسراوە بەئینجیلە ٣٦ دێرییەکە، واتە هەر پەڕێک ٣٦ دێری گرتووە. لە ماوەی چەند ساڵێکدا میتۆدەکەی بۆ چاپکردن پێش خستووە، ئەمە لە دەوروبەری ١٤٥٧–١٤٥٨دا بووە. کارێکی تری هەبووە کە لەم کارەی پێشووی بەناوبانگتر بووە ئەویش ئینجیلە ٤٢ دێرییەکەیە، کە پێک هاتووە لە ١٢٨٢ پەڕی ستوونی، کە تا ئێستە ٤٨ کۆپیی لێ ماوەتەوە. ڤیکتۆر هۆگۆ دەڵێت: "خۆری گۆتیک لە پشت چاپەمەنییە درەوشاوەکەی مێینز ئاوا بوو." ئەم کارەی گۆتنبێرگ خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژوودا.

بۆ چاپکردنی پەڕێک، پارچە کاغەزێکی تەڕ لە ژێر مەرەکەبی تایپ پرێس دەکرا. ئەوجا، کاغەزەکە بۆ وشکبوونەوە هەڵدەواسرا، پاشان دووبارە تەڕ دەکرایەوە بۆ ئەوەی لەسەر ڕووەکەی تری چاپ بکرێتەوە. چاپ بەخێرایی بڵاو بووەوە. کاتێ شاگردەکان نهێنییەکانیان لە وەستاکانیان فێر دەبوون، دەچوون چاپەمەنی خۆیان دادەنا.

هونەری خۆشکەزای چاپ دروستکردنی کاغەز بوو، نێزیکەی سێ سەدە پێشتر، بەهەمان شێوە لە شارەکانی ئەوروپادا پەرش بووەوە. کاتێ مێینز لە ساڵی ١٤٦٢دا لەلایەن سوپای ئەدۆلفسی ناساودا وێران و تاڵان کرا، چاپ گوێزرایەوە بۆ ئیتاڵیا، لەوێ خانەوادەکان فشەیان بەهونەر و ئەو پیاوانەی کلێسا دەکرد کە هانی پرۆسەی فێربوونیان دەدا. لە ئینگلتەرادا، چاپەمەنی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد و کامبریج دانرا. چاپەمەنییەک لە ڕۆما دانرا لە ١٤٦٤، لە پاریس لە ساڵی ١٤٧٠، لە هۆڵەندا لە ساڵی ١٤٧١، لە سویسرا لە

ساڵی ١٤٧٢، لە ئیسپانیا لە ساڵی ١٤٧٤، لە ئینگلتەرا ١٤٧٦، دانیمارک ١٤٨٢، لە قوستەنتینیشە لە ساڵی ١٤٩٠ دانرا.

بەهەزاران دەستنووسەر لە تەواوی ئەوروپادا بەشەوانیش پشوویان نەبوو. کۆپیکردن بەدەست بۆ چەند دەیە بەردەوام بوو، بەڵام وەک ئەمڕۆ، کاڵای دەستی گرانتر بوون. لە پاریس لە ساڵی ١٤٧٠دا، ئینجیلێکی دەستنووس بەقەد پێنج ئەوەندە نرخی ئینجیلێکی چاپکراو بوو. مەتەڵێکی خۆش لەبارەی کتێبەوە لە نێو ئینگلیزەکانی چاخی ناوەڕاستدا ئەوە بوو: چۆن پارچمێنت دروست دەکرێت و چۆنیش بەپەڕەمووچکە لەسەری دەنووسرێت، بەم شێوەی خوارەوە مەتەڵەکەیان دەگوتەوە:

دوژمنێک منی لە ژیان بێبەش کرد، هێزی جەستەی لێ بڕیم، دواتر منی تەڕ کرد، لە ناو ئاودا هەڵی هێنام، دیسان دەری هێنامەوە، ئەوجا لەبەر تیشکی خۆر داینام، هەرچی موو هەبوو لە گیانم خێرا هەڵوەرین. پاشان چەقۆیەکی تیژ منی بڕی، هەموو چڵکی لەشم داماڵرا، پەنجەکان منیان پێچایەوە، هەروەها خۆشحاڵی باڵندەکان منیان جیقنەباران کرد... ئەگەر کوڕەکانی مرۆڤ من بەکار بهێنن سەلامەتتر و سەرکەوتووتر دەبن، لە دڵدا ئازاتر و لە هزریشدا قووڵتر، لە ئەقڵدا ژیرتر... لێم بپرسە ناوم چییە، سوودی من چییە، ناوی من بەناوبانگە، لە خزمەتی مرۆڤدایە، لە ناوەخۆمدا پیرۆزم.

هەندێ جار چاپی دووەمی کتێبێک، کە چاپی یەکەمی هەموو فرۆشرابوو، بەدەستی کۆپی دەکرایەوە ئەگەر چەند تیراژێکی کەم داوا کرابایە چونکە چاپکردن بەدەستی هەرزانتر بوو لە دووبارە دانانەوەی تایپ و چاپەکە. بەڵام ئیدی خۆر لەسەر دەستنووسەرە بەڕێز و پیشەوەرەکان ئاوا دەبوو. مەزندەی ئەوە دەکرا کە پرینتەرێک بەموعەدەلی دەتوانێت لە ماوەی دوو ڕۆژدا بارتەقای ساڵێکی کۆپیستێک بەرهەم بهێنێت.

لەبەرئەوەی بڕی تایپەکە سنووردار بوو و لەبەرئەوەش هێشتا پلێتی چاپ دانەهێنرا بوو، پرینتەرانی کتێب دەیانتوانی لە جارێکدا تەنیا چەند دەرزەنە پەڕێک چاپ بکەن. لە ئەنجامدا، تاکە چاپێکی کتێبێک ڕێی تێ دەچوو تەواوی تیراژەکە بەقۆپچە ببەسترێتەوە، چونکە نووسەرە خێراکان دەیانتوانی دەقەکانیان هەر لە کاتی پرۆسەی چاپکردندا ڕاست بکەنەوە.

دەستەواژەی وەک upper case، بەمانای پیتی کەپیتاڵ دەهات، lower case لەم ڕۆژگارەی ئێمە پەیدابوو واتە پیتی سمۆڵ. پیتە سەرەتاییەکان کە پرینتەرەکان لە تایپی خۆیاندا بەکاریان دەهێنا بەشێوەیەکی شاوڵی دابەش بووبوون، پیتە کاپیتاڵەکان لە سەرەوە دەبوون و سمۆڵەکانیش لە خوارەوە. ئەوەی لە پێوەری قەبارەی تایپ بزانێت بەخاڵ ڕەنگە حەزی

لەوەش بێت فێری ئەوە بێت کە خاڵێک ١٤٤مین قەبارەی پێی شا لویسی XVIی فرەنسا بوو، کە لەسەر سەکۆی لە سێدارەداندا گیانی لەدەست دا.

گەلێ لەو چاپەمەنییانەی لەلایەن کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆما دامەزران بەشێک بوون لەو هۆکارەی کە دابینکردنی کتێب، کە لە ماوەی چەند دەیەکدا لە دەستنووسەوە گۆڕا بۆ چاپ، لە تیراژی کەمەوە گۆڕان بۆ تیراژی زۆر. هەر وڵاتێکی ئەوروپای ڕۆئاوا بەلایەنی کەم سەنتەرێکی سەرەکیی بڵاوکردنەوەی هەبوو. وڵاتە بچووکە بێ شومارەکان، شارۆکەکان و کاتیدرالەکان کە لە شوێنە بەدەسەڵاتدارەکاندا هەبوون، دەسەڵاتێکی سیاسیی پارچە پارچەی لە ئەوروپا دروست کردبوو. پێشبڕکێی سیاسی دوای ئەمە و چالاک بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت چەندان دوورگەی فرە دەسەڵات و ڕکابەر دروست کرد. ئەمە هانی چاپی دا، چونکە لە هەر چاخێکی مێژوودا ئەوانەی ڕکابەری یەکتر دەکەن ناوەندەکانی گەیاندن لە دژی یەکتر بەکار دێنن.

چاپەمەنییە بچووکەکەی گۆتنبێرگ لە مێینز ڕەنگە قەترەیەک بێت ڕژابێتە ناو زەریای مێژووەوە، بەڵام پڕووشکی بۆ بازنەیەکی فراوان هاویشتووە. هەروەک ئەلفوبێی فۆنەتیک لەسەر پاپیرۆس دوو هەزار ساڵ پێشتر مەعریفەی بڵاو دەکردەوە، ئێستە چاپ ئەم کارە دەکات. لە سەدەی شازدەدا، چاپ پسپۆڕیەتی فراوان کرد، تەنانەت لە مەودایەکی فراوانتر ئایدیا و زانیاریی گەیاندە مرۆڤ.

لە داهێنانی چاپدا، گۆتنبێرگ دووبارەبوونەوەیەکی پیشەسازیشی داهێنا. ئەو شۆڕشە زانیارییەی کە ئەو لە سەدەی پازدەدا دەستی پێ کرد گوڵ دەکا لە شۆڕشی پیشەسازیی سەدەی نۆزدەدا. ئەو سەردەمەش شۆڕشێکی تری زانیاری دێنێتە کایەوە، شۆڕشێک بەهۆی داهێنانەکەی ویلیەم فۆکس تالبۆت بوو کە بریتییە لە دووبارەکردنەوەی وێنەکان، هەروەها بەهۆی داهێنانەکەی تۆماس ئەدیسۆن بوو کە بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دەنگەکان.

شۆڕشی سێیەم

# هۆیەلی ڕاگەیاندن

## پشێویی سەدەیەکی نوێ

لە دەوروبەری سەردەمی شۆڕشی ئەمەریکی و فرەنسی و چاخی ڕۆشنگەریدا، کە ئەقڵیان لەبارەی باوەڕەوە ئاو دا، شۆڕشی پیشەسازی، کۆمەڵگەی گەورە و جەماوەریی دروست کرد. زۆر شتی بۆ باشترکردنی ژیان فەراهەم کرد: لۆکەی هەرزان بۆ پۆشاک، گڵکاری هەرزان بۆ قاپ و قاچاغ، برێکی زۆر لە فێرنیچە (کەلوپەلی ناوماڵ)، خەڵووزی هەرزان بۆ کارگەکان، هاتوچۆی هەرزان بۆ خەڵک و کاڵاکان. شۆڕشی پیشەسازی دواجار چانسێک دەدا بە خەڵکی لە ژیانێکدا بژین پێشتر کەس بە چاوی خۆی نەیدی بوو. سەدەکانی پشت بەستن بە کاری دەستی و بێکاری خێرا تێ پەڕین.

شۆڕشی پیشەسازی چاپی خستە ژێر دەستی چەند دەستێکی ڕانەهاتوو. شۆڕش کتێب و کۆواری دروست کرد، کە ڕەفەکانی کتێبخانەی شارەکانی پڕ کردەوە، هەروەها ئەقڵەکانی ڕاهێنا بیانخوێننەوە. شۆڕش ڕۆژنامەی بۆ هەموو کەسێک چاپ کرد و هەموو جۆرە هەواڵێکی بە سەردا باراندن و ئیدیعای دەکرد کە هەموو کەسێک دەتوانێت وەڵام بداتەوە. هەر واش دەرچوو هەموو ئەو شتانە ئەقڵی خەڵکیان کردەوە، وای لێ کردن بە تەنیا بیر بکەنەوە، چونکە خوێندنەوە زۆرجار کارێکی بە کۆمەڵ نییە لە ناو خێزانێک یان لە ناو ساڵۆنێکی ئەدەبی لەبەرئەوەی خوێندنەوە لە تەنیایی و بێدەنگیدا لە دایک دەبێت.

## گۆڕان بەرەو شارەکان

لەگەڵ پەیدابوونی دەسەڵاتی بەهێز، ئەورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییەوە گۆڕان بۆ کۆمەڵگەیەکی ئابووریی پیشەسازی. گوندەکان بە نەخۆشی، بەدخۆراکی و سەرخۆشیی ژیانیان تێدا نەما، بۆیە چۆڵ کران چونکە پیاو، ئافرەت و منداڵ بە پێ و بە سکی برسییەوە بەرەو شارەکان وەڕێ کەوتن، ئەو شارانەی کە کارگەیان لێ دامەزرا بوو بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا بە بڕێکی یەکجار زۆر. هەمووی ڕووی لە شوێنە قەرەباڵغە پیسەکان کرد. جیهانی گوندنشینەکانی پێشوو لە وڵاتی خۆیاندا لێک ترازا، چونکە خەڵکی بە لێشاو ڕوویان لە ئەمەریکا کرد و نەک هەر تەنیا ماڵ بگرە نیشتمانیشیان جێ هێشت. بەڵام ژیان لە شارە پەرپووتەکاندا زۆر خراپ بوو، لە سەرەتای باشبوونی خۆراک و تەنگژەی نیشتەجێبووندا بوون، وەستاکان و خانەوادەکان هێشتا قامچیان لەگەڵ کرێکارەکانیان بەکار دەهێنا. بەپێچەوانەی ئەنجامەکانی مارکس و ئینگلیز بوو، چینی کرێکار شۆڕشی پیشەسازییان بە دەرفەتێک زانی بۆ ئازادی، دەرفەتێک بۆ دەوڵەمەندی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەودیو خەونی دایک و باوکیان.

شۆڕشەکە لە بەریتانیاوە دەستی پێ کرد و بە ناو ئەورووپای ڕۆژئاوا و وڵاتە ئەمەریکییە ژێردەستەکانیشدا بڵاو بووەوە، شۆڕشی پیشەسازی زۆر شتی زیاتر لە کارگە بەڵغنەکان و چرە دووکەڵی ڕەشیان دروست کرد. شۆڕش کێڵگەکانی پڕ کرد لە ئامێری کشتوکاڵی کە خاکیان خێرا دەکێڵا و دانەوێڵەیان لە ئاش دەدا بۆ ئەوەی هەموو جۆرە خۆراکێک ببەنە ناو ئەو کارگانەی کە چاوەڕێ بوون. گۆشت و ماسی پەیدا بوون کە نەوەکانی پێشوو بەو چەقۆ و چەنگاڵە تامیان نەکردبوو کە لە کارگەکانی تردا دروست دەکران. شۆڕش داودەرمانی بۆ ئەو منداڵانە هێنا کە وەختێک تەنیا لە ماڵەوە چارەسەر دەکران. ئێستە چانسێکی باشتریان هەبوو بۆ ژیان. دەژین و گەورە دەبن و لە دایک و باوکیان پتر هەڵدەکشێن.

شۆڕشی پیشەسازی پۆشاکی جۆراوجۆی فەراهەم کرد بۆ خەڵک کە وەختێک جلی زۆر شڕیان هەبوو. شۆڕش ئەمانەشی هێنا کایەوە: پارچە کاغەز، پێڵاو، تاپڕ، دەرزی، لوولە، زەرفی نامە و بزوێنەر، کەلوپەلی ناو ماڵ و فۆنۆگراف (سندووقی قەوان لێدان، گۆرانی)، کۆوار و فیلمەکان.

شۆڕش چەندان ئیختیاری بۆ ژیان زیاد کرد و ژیان بووە پارەی نەقدی ئابووری. ماوەی نێوان ساڵە مرۆییەکانی درێژ کردەوە. خوێندنی ئیجباریی لە تەواوی جیهان فەراهەم کرد و قوتابخانەکان زۆر بوون و خوێندەواری پەرش و بڵاو بووەوە. خوێندنەوەی کتێب لە

سەدەی نۆزدەدا لەگەڵ بزووتنەوەی پەروەردەی جەماوەری ئازاد بڵاو بووەوە. هۆراس مان سەرکردایەتیی ئەو بزووتنەوەیەی دەکرد لە ئەمەریکا. هەروەها سیستمی کتێبخانەی ئازاد پەیدابوو کە لە پێش شۆڕشیش ئەسڵی خۆی هەبوو کاتێ بێنجامین فرانکلین کتێبخانەی ئابوونەیی لە فلادلفیا دروست کرد. بەپێچەوانەی میراتگری زەویوزارەکان کە پێیان خۆش بوو هەردەم کرێکار نەخوێندەوار بێت، لە شوێنی ئەوە وەستاکانی لۆکە پێیان خۆش بوو کارمەندەکانیان بتوانن بنووسن و بخوێننەوە. ئەمە یەکێک لەو چەند شتە جوانەی کە دەکرێ لە خاوەن کارگەکانی ئەو کاتە بگێڕینەوە.

## شۆڕش مەینەتیشی لەگەڵ خۆی هێنا

شۆڕشی پیشەسازی نەهامەتیشی بۆ کرێکارەکان هێنا. کرێکار دەبووایە زۆر زیاتر کار بکات لە چاو کاتەکانی پێش شۆڕش، هەروەها ئەمانەش روویان دا: جودابوونەوە و لێک ترازانی خێزان، ڕووداوی ئامێرەکان، نەبوونی ئاسایشی کار، بەڕێوەبەرەکان ئامێرەکانیان لە کارمەندەکانیان لەلا گرینگتر بوون، نرخی خۆراک لەپڕ بەرز بووەوە، نەبوونی یارمەتی بۆ نەخۆش و پیرەکان. ئاوەڕۆی خراپی شارەکان چارەسەر نەدەکران و لەگەڵ ئاوی ڕووبار و کارگەکاندا تێکەڵ دەبوون. لە هەندێ شاردا دووکەڵی کارگەکان ئەوەندە چڕ بوو ڕۆژی نیوەڕۆیە وەک خۆر ئاوابووبێ وابوو. ئەفسانەیەک لە پیتسبێرگ بڵاو بووبووەوە گوایە دووکەڵ لە ڕاستیدا سوودی هەیە، چونکە میکرۆبەکان دەکوژێت و لەناویان دەبات.

لە گونددا پیاو و ئافرەت شوێنی خۆیان دەزانی، بە هەموو بارێکی ئەو سەردەمەوە، بەڵام لە شاردا شۆڕشی پیشەسازی ژیانی کردە ژیانێکی ناشەخسی و کاتی. ئەو کەمە کاتە ئازادەی مابووەوە، کرێکارەکان پارەکانیان لە بارەکاندا بە خواردنەوە سەرف دەکرد. بۆرژوازییە خاوەن دووکان و پرۆژەکان پێوەندییان کرد بە خواپێداوەکان و کرێکارەکان، بەڵام بەپێچەوانەی هەردوو چینە نەریتییەکە، بەرز و نزم، کە ڕۆژانە کەمێک پێوەندییان لەگەڵ یەکتر دەکرد، بەڵام ئاڵوگۆڕی ئایدیایان دەکرد لەسەر ژیان، چینی مامناوەند تازە پەیدا بووبوو و پێوەندیی زۆر بوو، ناکۆکی لەگەڵ کرێکارەکان ڕووی لە زیادی کرد.

بۆ هەموو چینەکان، پێوەندییە لێک ترازاوە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی شۆڕش ماوەی مارەیی ژن و مێردی پێش پێکهێنانی ژیانی هاوسەری گۆڕی، چونکە لەو شوێنانەی خێزانەکان زۆر پێکەوە نەبوون، زەواجیان بۆ کوڕ و کچ ڕێک دەخست کە زۆربەی جار بە دڵیان نەدەبوو و شیاو نەبوون بۆ یەکتری. بەڵام ڕێژەی زەواجیش لە ئەوروپای ڕۆئاوادا لە سەدەی نۆزدە بەرز بووەوە؛ چونکە هەرچەندە ژیان زەحمەت بوو، بەڵام خەڵکی بە ئومێدی

پشتگیریکردنی خێزان بوون. خێزانێکی نموونەیی پێک هاتبوون لە دایک، باوک، دوو یان سێ منداڵ، ئەمە شوێنی خێزانە زۆر و زەوەندەکانی سەردەمی پێش خۆی گرتەوە. هەروەها هەر لەم سەدەیەش بوو ئافرەت چووە ناو کارگەکان کاری کرد و دواتریش ناو فەرمانگەکان.

لەگەڵ داهێنانی گڵۆپی کارەبایی، خەڵکی شەویان تەرخان کرد بۆ کار و بەسەربردنی کاتی ئازاد، لێک ترازانی ناو خێزانەکان زیاتر بوو، وەختێک بە لێشاو لە یەکتر نێزیک دەبوونەوە بۆ ژیان.

## سێ شۆڕش

شۆڕشی پیشەسازی، کە مەرکەزەکەی ئینگلتەرا بوو، نێزیکەی هاوکات بوو لەگەڵ شۆڕشی فرەنسی کە شۆڕشێکی سیاسی بوو و هاوکاتیش بوو لەگەڵ شۆڕشی ئەمەریکی کە سەرهەڵدانی هێزێکی نوێی بەخۆوە بینی لە مێژووی جیهانی مۆدێرندا، ئەمەریکا لە ژێردەستەیی ڕزگاری بوو، ئازاد بوو و بوو بەنەتەوە. هەرسێ شۆڕش بۆ هۆشیاریی چینەکان توخمی باشیان تێدا بوو. شۆڕشی فرەنسی پەنجەی نایە سەر هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە تەواوی ئەوروپا وەک چەند ڕووداوێکی کەم لە مێژووی مرۆڤدا. بەڵام بەو ڕێگە نائەنقەستانەی لەلایەن یاسادانەرانەوە بەکار دەبران پیشەسازی ئاسانتر کرا بەهۆی ئەو یاسایانەی کە یەکەتییەکانیان هەڵوەشاندەوە و تێکەڵاویی کرێکارییان نەهێشت، ئەمەش توانای کرێکارانی بۆ ڕێکخستن کەم کردەوە. بەلجیکا، ئەڵمانیا و ئینگلتەرا ڕەزامەندییان لەسەر هەمان ئەو یاسایانە دەربڕی. لە گوندە ئینگلیزییەکاندا، پەرژینی لەوەڕگە گشتییەکان کە جووتیاران بەکاریان دەهێنان بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان و بژێوی ژیانیان پەیدا بکەن ئەوانی ڕاپێچا بۆ ناو شارە قەرەباڵغە میللییەکان، بۆ ناو کارگە و کانەکانی خەڵووز. تۆماس کارلیل، نووسەری سەدەی نۆزدە، بەم شێوەی خوارەوە وەسفی "دیمەنێکی نیوچە ترسناک"ی کاری ئاسن و خەڵووز دەکات:

شوێنێک نێزیکەی ٣٠ میل دەبوو لەلای باکورمانەوە بوو، پڕ بوو لە تەنوور، کارگەی ئاسن، بزوێنەری بەهێز و پیاوی دووکەڵاوی لێ بوو. هەرگاف چڕە دووکەڵێکی ڕەشی بکوژ دای پۆشیبوو، تەنانەت ئەو دانەوێڵەی لێشی دەڕوا ڕەش داگەڕاندبوو. لە شەواندا تەواوی ناوچەکە وەک بورکانێکی بڵێسەدار دەسووتێت، وەک بڵێی هەزاران کۆلکە داری تێدا بێت وابوو. نێزیکەی سەد و پەنجا هەزار کەس چارەنووسیان بەوێوە گرێ درابوو. لە ناو کانە کانزاییی‌ەکاندا ڕووت و قووت بوون، هەندێکیان ڕەش وەک قەلەڕەشکە تەنیا پانتۆڕیان

لەبەردا بوو، ڕووناکییان لە ئەشکەوتەکان دەدا کە دڵۆپەیان دەکرد یانیش وەردەگەڕانە کانەکان بۆ دۆزینەوەی کانزا، زۆر تامەزرۆی بیرەش بوون.. وێڕای هەموو ئەمانە پێمیان گوت کە ئەو خەڵکەی ئەوێ زۆر خۆشحاڵە: هەفتانە چل شیلینگ یان زیاتر پەیدا دەکەن، هەندێکیشیان دووشەمانیش کار دەکەن.

## کرێکارە منداڵەکان

منداڵان نازیان نەدەکێشرا و نەدەلاوێندرانەوە، بەڵام لە سەرەتای ئەو سەردەمەدا بە نیوچە گەورە دادەنران. لە پێش شۆڕشی پیشەسازی ئاسایی بوو منداڵ کار بکات، بەڵام ئەو سەردەمە نوێیە منداڵانی بەکار هێنا بۆ کارکردن لە کارگە و کانەکان؛ چونکە کرێی ئەوان هەرزانتر بوو لە کرێی باوکیان، تەنانەت لە کرێی دایکیشیان هەرزانتر بوون، بە ئاسانیش قایل دەکران. منداڵان هەروەک هەرگاف هەر کاریان کردووە، لە بواری کشتوکاڵ و کاری دەستی. ئافرەت و منداڵی کرێکار زۆر دەمێک پێش ناوهێنانی سەدەکان هەبوونە و پشتیشیان پێ بەستراوە. حوکمرانێکی ئەڵمانی لەساڵی ١٥٤٣دا بڕیاری دا ئەو دایک و باوکانەی ژوور بە کرێ دەگرن لە کەسانی تر نابێ منداڵ لە سەرووی تەمەنی نۆ ساڵییەوە لە ماڵ ڕابگرن، بگرە دەبووایە بینێرنە دەرەوە بۆ کارکردن ئەگینا دایک و باوکەکە سزا دەدران.

لە سەردەمی پێش پیشەسازیدا ژیانی منداڵ زۆر ناخۆش بوو. شۆڕشی پیشەسازی ژیانی زۆر لە منداڵانی ناخۆشتر کرد؛ چونکە لە هەتیوخانەکان، ماڵە هەژارەکان و گەڕەکە میللییەکان لەلایەن دەستەی چەتەکانەوە کۆ دەکرانەوە، چونکە پەنجەکانیان بچووک و تیژ بوو. کچە منداڵەکان بە کارگەی لۆکە دەفرۆشرانەوە، چونکە جەستەیان بچووک بوو. کوڕە منداڵەکانیش لەبەرئەوەی دەستیان باریک بوون بە کونە تەسکەکانی کانە خەڵووزەکاندا دەچوون. هەندێ جار لێیان دەدرا تا ڕۆژانە ١٢ تا ١٤ سەعات کار بکەن و بەرهەم بهێنن. لەم ئینگلتەرایەی دیکنزیدا، یاسای ڕێکخستنی کارگەکان لە ساڵی ١٨٣٣دا، دامەزراندنی منداڵانی خوار تەمەنی نۆ ساڵی قەدەخە کرد، هەروەها ئەوانەشی لە تەمەنی دوازدە تا چواردە ساڵیدا بوون ماوەی کاری ڕۆژانەیان لە ٩ سەعات تێپەڕی نەدەکرد. هەروەها بەپێی یاساکە بەڕێوەبەران دەبووایە ڕۆژانە کرێی دوو سەعاتی قوتابخانە بدەن بە منداڵەکان. تا ئەو کاتەی حکومەتەکان یاسای منداڵانی کرێکار و ڕێکخستنی کارگەکانیان پیڕۆ نەکرد، گەلێ منداڵ لەبەر بێ ئومێدی و بێ ئاسۆیی، خۆیان دەکوشت.

سەبارەت بە ئافرەتی کرێکاریش، ژیانیان بە قەد ناو ژیانی کارگەکان زەحمەت بوو،

عادەتەن ژیانیان باشتر بوو لە کارە زۆر و ماندووکەرەکانی ماڵەوە و کارە گرانەکانی سەردەمی پێش شۆڕش. هەندێ لە چاودێران هۆشدارییان دا کە ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان لە ناو کارگەکان سەربەخۆ بوون.

بەهای ئافرەت لەوەدا بوو چەند منداڵی دەبێت. ڕێژەی دانیشتووان تەقییەوە، لە ئینگلتەرا دوو هێندەی لێ هات لە نێوان ١٧٥٠ و ١٨٠٠، هەروەها لە هەمان کاتیشدا لە فرەنسا ڕێژەی دانیشتووان سەدا پەنجا زیادی کرد. بەڵام، ڕێژەی زیادبوونی لەدایکبوون ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبوو لە زیادکردنی ڕێژەی دانیشتووان بەبەراورد لەگەڵ ئەو هەموو گەنجە ئەوروپییەی مردن. لە ماوەی ١١ شەڕ، ڕووداوەکان و ئەو توندوتیژییانەی وەک ئێستە ژمارەیانی کەم دەکردەوە، بەڵام ڕێژەیەکی زیاتر بەهۆی نەخۆشی و قاتوقڕییەوە دەمردن. ئێستە شۆڕشی پیشەسازی سابوونی هەرزان کرد، مەنجەڵ و قاپ بۆ چێشت لێنان و خواردن، خۆراکی زیاتر، هەروەها زۆر خۆراکی جۆراوجۆر بۆ ئەو کەسانەی کە ستاندەردی ژیانیان بەرز بووەوە. وێڕای قەرەباڵغی و جەنجاڵی شارەکان و کێشەی زیاتری تەندروستی، خواردنی باشتر، جلی باشتر و خانووی باشتر بۆ دانیشتووان خۆگری نەخۆشییەکانیان زیاتر کرد لەلایەن خەڵکییەوە.

لە ئینگلتەرا لە دەسپێکی شۆڕشی پیشەسازیدا، چینە کەم دەرامەتەکان دەیانتوانی بە نان و پەتاتە بژین. نامەنووسێک وەسفی خواردنی ڕۆژانە دەکات "نانی جۆ، کەمێک شیر یان چا بۆ ژەمی بەیانی. پەتاتە و هەندێ گۆشت، بەڵام هەموو جارێ نا بۆ ژەمی نیوەڕۆ. ژەمی ئێوارانیش تەنیا پەتاتە بوو."

بەڵام لە ناوەڕاستی شۆڕشی پیشەسازیدا خۆراک ڕووی لە باشی کرد. فرێدریک ئێنگڵز تێبینیی کردووە ئەو کرێکارانەی مووچەی ڕۆژانەیان باشتر بووە، هەموو ڕۆژێ گۆشتیان خواردووە، ئێوارانیش گۆشتی بەراز و پەنیریان دەخوارد. هەرچەندە پەتاتە، کە لە جیهانی نوێوە دەهات، بۆ ماوەیەکی درێژ جێی گومان بوون، لە کۆتاییی سەدەی هەژدەدا جووتیارە ئەوروپییەکان وەک خۆراکی سەرەکی پەتاتەیان دەچاند لە جیاتی گەنم و جۆ، چونکە لە پارچە زەوییەکی کەم و کەمتر بە پیت، بڕێکی زۆریان بەرهەم دێنا. تا ئەو کاتەی دەردە ڕووەک دانەوێڵەی لەناو دەبرد، پەتاتە خۆراکێکی سەرەکی بوو، بە ڕێژەیەکی زۆر دەچێنرا بۆ تێرکردنی دانیشتووان کە هەر لە زیادبووندا بوو.

## گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان

کاتێ ئەندامێکی خێزان دەچووە شارێکی دوور، هەموو توخمێکی کەسایەتیی بۆ هەمیشە لەگەڵی دەچوو، جگە لە شتێکی تایبەتی لە کورتە نامەیەک، ئەویش بەدەگمەن، لە ماڵ بەجێی دەهێشت بۆ ئەو کەسانەی کە بیانتوانیبا بیخوێننەوە. بۆیە ئافرەتی گەنج مێردی دەکرد و لە ماڵ دەچووە دەر، یان پیاو ژنی دەهێنا و دەچوو بەدوای ژیانی خۆیدا دەچوو: ئەمە کاتێک بوو خۆشی و ناخۆشیی تێدا بوو. زۆربەی خەڵک نەدەچوونە شوێنە دوورەکان. زۆربەیان ژیانی خۆیان دەست پێ دەکرد نێزیکەی ١٠ میل لە دووری ئەو شوێنەی لێی لەدایک بوونە. شۆڕشی پیشەسازی، ئەم شێوازی هەڵسوکەوتەی گۆڕی، هەروەک چۆن زۆر شتی تریشی لە ژیانی خەڵکیدا گۆڕی.

ناوە ناوە توندوتیژی لە ناو شۆڕشی پیشەسازیدا ڕووی دەدا. شەڕ لەسەر خۆراک دەستی پێ کرد، کاتێ کرێکارانی کارگەکان هێرشیان کردە سەر ئەو نانەوایانەی نرخی نانیان گران کرد. بەکۆمەڵ کرێکار هێرشیان دەکردە سەر کرێکارە ڕکابەرەکانیان، وەک ئەو ڕاپەڕینەی لە فلادەلفیا ڕووی دا دژی پەنابەرە ئێرلەندییەکان. کرێکارانی کارگەی چنین لە بەریتانیا لە نێوان ١٨١٠ بۆ ١٨٢٠ هێرشیان کردە سەر ئەو ئامێرە نوێیانەی هەڕەشە بوون بۆ سەر کارەکانیان و تێکیان شکاندن. ئەم هەرایەی دژی تەکنۆلۆجیا لە بەریتانیا، دەیەک دواتر گوێزرایەوە بۆ فرەنساش. مانگرتنی پیشەسازی، هەندێ جار دەمارگیریشی لەگەڵدا بوو، سستیی ئابووریی بەدوادا هات، کاتێ بەڕێوەبەرەکان مووچەیان کەم کردەوە. هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی یەکەتییەکانی کرێکاران، وەڵامی خوێناوی و خێراییی پۆلیسین لێ کەوتەوە. شەڕی ناوەخۆی ئەمەریکا هەر تەنیا لەسەر پرسە دیارەکان نەبوو لەسەر مافی ویلایەتەکان، یەکڕیزیی نەتەوەیی و کۆیلایەتی، بگرە لەسەر هەندێ پرسی ئابووریش بوون وەک باج لەسەر کاڵا بەرهەمهاتووەکان و لەو کارگانەی کە لۆکە دەکرا بە کراس.

شەڕ، کە گەورەترین توندوتیژییە، هاووڵاتیی مەدەنی گۆڕی بوو و سوپای هاووڵاتییانی پێک هێنا. شەڕوشۆڕ چی تر تەنیا بۆ سەربازە پرۆفیشناڵەکان نەبوو. لە شۆڕشی فرەنسی هەستی نەتەوایەتی لەدایک بوو، ئەمەش ئاراستەی شەڕی گۆڕی، چونکە فرەنسییە مەدەنییەکان بوون بەبەشێک لە سوپا. لە شەڕی ناپلیۆن لە ناوچەی بۆرۆدینۆ لەسەر ڕێگەی مۆسکۆ ٧٧ هەزار کەس مردن. کارگەکانی شۆڕشی پیشەسازی، چەکی بەهێزتریان دروست کرد کە توانای کوشتنیان زۆرتر بوو. تفەنگی ئەو کاتە زۆر ورد بوون لە نیشانەدا. ڕەشاشی ماگزیم ئەو کاتە لە یەک خولەکەدا ٦٠٠ گوللەی دەهاویشت. لە

سەرەتای سەدەی بیستدا، سەربازگرتن لە کاتی ئاشتیدا بووە هۆی ئامادەکردنی لەشکری نەتەوەیی. ناوەندەکانی هۆیەلی گەیاندن پارمەتیی وروژاندنی هەستە نەتەوەییەکانیان دەدا. شەڕی یەکەمی جیهانی ئەم وروژاندنانە وای لە سەربازانی مەیدانی شەڕ کرد بێ وچان شەڕ بکەن. لەبەرئەوەی کەلوپەلی سەربازی بە ئاسانی دەگەیشتە پێشەوەی بەرەی شەڕ، لە شارەکاندا، خەڵکی مەدەنی بوونە ئامانجی سروشتیی تەواوی شەڕەکە.

"ئاگا لەخۆبوون و خۆپاراستن" ڕەگیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست، بەڵام هێزی مۆدێرنی پۆلیسی شار بەرهەمێکی تری شۆڕشی پیشەسازییە؛ چونکە قەرەباڵغبوونی شارەکان تاوانیشی زیاد کرد. لە لەندەن، سیستمی هێزی سەربازی پۆلیسی سێر ڕۆبێرت پیلْ بە جلی پۆلیسییەوە بە ناو تەواوی شارە گەورەکاندا بڵاو بووبوونەوە، هەرچەندە هەر هەموویان یەک ئەنجامیان نەبوو.

## پشت پێ بەستنی جەماوەری

داوای کرێکار زیادی کرد، نەک هەر تەنیا لە کارگەکان بگرە لە کەرتی کشتوکاڵیشدا، بۆ ئەوەی شارە برسییەکان تێر بکەن. خێزانەکانی ناوچە لادێییەکان ژیانی خۆیان دابین دەکرد بەهۆی جووتیاری و کاڵاگەلێکەوە کە خۆیان بەرهەمیان دێنان و بۆ خۆیان کەلوپەلی ناو ماڵ و پۆشاک و ئامێرە پێویستەکانیان بۆ خۆیان بەرهەم دێنا، هەندێ کەلوپەلی تریشیان بەهۆی گۆڕینەوەی کاڵاکانی خۆیان لە ناو بازاڕەکاندا بەدەست دێنا. ئەو هەژارانەی کە کێڵگەیان نەبوو تەنیا بەو مووچە کەمەی کە دەیانتوانی بەدەستی بێنن بەڕێوەچوون. خەڵکی ناو شارەکان زۆرجار کاری وەک دارتاشی و جووتیارییان نەبوو، لە جیاتی ئەو کارانە کاری جۆربەجۆرییان دەکرد. پێش شۆڕشی پیشەسازی، خێزانە جووتیارەکان چەندان کاریان بە یەکەوە دەکرد، نەک تەنیا یەک کاری پسپۆڕی خۆیان یان تەنیا دانەوێڵە چاندن بەڕێوەچوون، یانیش تەنیا ئاژەڵ بەخێوکردن. خەڵک کاڵایان زیاتر بەرهەم دێنا لەبەر خواستی زۆر، یان کڕینی کاڵاکان کە شوێنی دروستکردنیان ئەوەندە لێیانەوە دوور نەبوو. هەندێ جار لە جیاتی مووچەی کرێکار کاڵا دەدرا بە کرێکارەکە، ئەمەش ئاڵوگۆڕییەکی هەژاریی ئابووری بوو.

شۆڕشی پیشەسازی، زنجیرەیەک پشتبەستنی جەماوەریی خستە شوێنی ئەم سیستمە ئابوورییەی نێوان وەستا و کرێکار. بڕێکی زۆری کەرستەی خاو دەگوێزرایەوە بۆ ناو کارگەکان، کارگەکانیش بە خەڵوز، نەوت یان گاز کاریان لەسەر ئەو کەرستانە دەکرد. بڕێکی یەکجار زۆر کاڵا لەلایەن ئامێرە تازەکانەوە بە یەک جار بەرهەم دەهات و لە ڕێگەی

سیستمێکی ڕێکخراوی گەیاندنەوە بەسەر سەنتەرەکانی شاردا دابەش دەکران، لە بازاڕیش دەفرۆشرا و لە ڕێگەی هۆیەلی ڕاگەیاندن و ناوەندەکانی گەیاندنەوە ڕێکلامی بۆ دەکرا. کاڵا تازە بەرهەمهاتووەکان، وەک گڵۆپ و ئۆتۆمۆبێل و بەرهەمەکانی دانەوێڵە، بەو بەکاربەران دەفرۆشران کە چی تر نەیاندەتوانی کاڵا بۆ خۆیان بەرهەم بهێنن. سیستمی پشت بەیەکتری بەستان سەرکەوت، سەرکەوتنەکەش بەردەوام بوو چونکە هەر لایەنە و کاری خۆی دەکرد.

چاودێر ئەلیکسیس دو تۆکڤیل کاتێ سەردانی شاری پیشەسازیی مانچستەر، ئینگلتەرا دەکات، دەنووسێت " مرۆڤی شارستانی هێندەی نەماوە بگەڕێتەوە سەردەمی وەحشیگەری."

هەر ئەو خەڵکانە بوون لە ئەوروپای ڕۆئاوا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، هەندێ جار لە ڕەگوڕیشەی خۆیان دەپچڕان و دەخزانە ناو جیهانی بێ بەشی و ئیختیارەکانەوە، هەندێ جاریش دەلەرزین و لە پەلوپۆ دەکەوتن، لەبەرئەوەی خۆیان لە قەرەی تەکنۆلۆجیای گەیاندن دا و چوونە ناویەوە، بۆیە ژیانیان زەحمەتتر بووبوو. ئەو تەکنۆلۆجیانەی گەیاندن کاری لە سەردەمی مۆدێرنیزم کرد کە شۆڕشی پشەسازی پاڵێکی توندی پێوە نا، بەڵام ئاماژەش بوون بۆ سەردەمی پۆست مۆدێرنیزم کە دوای سەردەمی مۆدێرنیزم هات. سێیەم شۆڕشی جیهانی لە بواری هۆگەلی ڕاگەیاندندا کرا.

## چاپ بۆ هەموو کەسێک

شۆڕشی فرەنسی، پشتی بە وشەی چاپکراو بەست بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی ئازادی، یەکسانی و برایەتی. لە پێناو بەدەستهێنانی دەسەڵات، شۆڕشگێڕەکان دەبووایە ئەو چینە ڕەشوڕەتەکە بەهێز بکەن کە لە ماوەی چەندان سەدەدا هەر لە نەهامەتیدا ژیابوون و بێ هێز و سەرکوت کرابوون. زۆربەی جووتیارەکان نەخوێندەوار بوون، بەڵام دەیانتوانی تەماشای پۆستەرەکان بکەن و گوێ لە شت خوێندنەوەی ئەوانی تر بگرن.

زۆربەی خەڵک لە ئەوروپا و ئەمەریکای باکوردا نەیاندەتوانی بخوێننەوە، تەنیا نووسینیان دەزانی. وێڕای ئەو ژمارە کەمەی کە ڕۆشنبیر بوون، زۆربەی پیشەوەرە دەستییەکان ناوی خۆیان دەزانی بنووسن و بخوێننەوە، لە کاتێکدا زۆربەی ئافرەت، کرێکارە کەم بەهرەکان و جووتیارەکان نەیاندەزانی.

میتۆدەکانی چاپ خۆیان نەگۆڕان. پێ دەچێت ئاسایی بێت کە تەقینەوەی تەکنۆلۆجیا کە سیستمی چاپی بە ئەوروپا و دواتر بە هەموو جیهان ئاشنا کرد لە ڕەوتی داهێنان و

جـوانكاريدا، بەردەوام بێت بۆ ئەوەی وەڵامی داوا بە جـیـدییـەکـان بداتەوە. بەڵام لە نێـوان ١٤٥٠ و ١٨٠٠دا کـەمێک گۆڕانکاریی سـەرنجـڕاکـێش لە پیـشـەسـازیی چاپدا ڕووی دا. پرینتـەرەکـان بەبەردەوامی تـایـپـیـان بە دەست دەکـرد. ئامـێـرێکی چاپـی نموونەیی لە سـەعـاتێکدا زیاتر لە ١٠٠ بـۆ ١٥٠ کـاغـەزی چاپ نـەدەکـرد. لە دەسـپـێکی شـۆڕشی پیشـەسـازیدا چاپ بەڕێژەیەکی یەکجار زۆرتر دەکرا کـە لە وەتەی سـەردەمی گۆتنبێـرگ ئەوەندە زۆر چاپ نەکرابوو.

## گۆڕانەکانی چاپ

لە دوای ١٨٠٠دا، گۆڕانی خێرای تەکنۆلۆجیـا لە پیشـەسازیی چاپدا، یارمـەتیی گۆڕانی سـەرجـەم شـێـرازەی کـۆمـەڵگەیدا. ئاین لـە هـەردوو بەری دەریای ئەتڵـەسـیـدا سـەرچاوەی سـەرەکی فـێربوون و خـوێندنـەوە بوو بۆ پیـاوان و هەندێ ئافـرەت. بەڵام چاپ زیاتـر هـانی خوێندەواریی دا، مەعریفەی فراوان کرد، خەڵکی ئاسـاییی گلاندە ناو کاروبارە گشتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر زیاتر لە سەردەمەکانی پێشوو؛ چونکە لە جیهانێکی ئاڵۆزتر هـەوڵیان دەدا بە ژیان ڕابگەن.

کاریگەرییەکانی چاپ زۆر بەرچاو بوون؛ چونکە بوونە هۆی کاری زۆر داهێنەرانە... بۆیە پێویستـمان بەوە نییە "بە سـەرجەم جیناتی مرۆڤدا بچینەوە" بۆ ئـەوەی شرۆڤـەی "سەدەی ژیری" بکەین. ... هەروەهـا ڕەنگە ژوورێک دروست بکەین بۆ تەکنۆلۆجیـای نوێی چاپ کـە خۆراکی بۆ هزر دروست کرد، توانا و وزە ئەقڵییەکانی زیاتر بەگەڕ خست.

شـۆڕشی پیشـەسـازی زەوینـەی خـۆش کرد بۆ چاپکردنی بابەتـی جـۆراوجـۆر بە لێشـاو، بەرهـەمێکی زۆری چاپکراو بەنرخێکی زۆر هـەرزان. یەکەم جـار ئامێری ڕۆڵی کاغـەز پەیدا بوو، کە کاغـەزی بە بەردەوامی دروست دەکرد و بڕی کاغەزی بەردەسـتی زیاتر کرد. لەگەڵ ئەوەشـدا بەردەسـتبـوونی کـاغـەز بەپێی پێـویست بۆ چەند دەیەیەکی دواتـر هـەر کێشـە بوو؛ چونکە هێشتا هـەر لە پەڕۆ دروست دەکرا.

لە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەدا، ئامـێری چاپەمـەنیی ئاسن، کـە ئاسـانتـر بوو بۆ کـار و بەرهـەمیشی باشتر بوو، شوێنی چاپەمەنـی داری گرتەوە. چاپخانەی نوێڵ شـوێنی میـتۆدە کـۆنەکەی چـاپی گرتـەوە کە بەهـۆی بادانی بورغـییـەکـانەوە کـاغـەزەکـانی پرێس دەکـرد. چاپەمـەنی هەڵمی لە ساڵی ١٨١٠ کاری دەکرد. چاپەمـەنییە سلیندەرە خولاوەکـەی ڕیچارد هـۆی، کە سـوودی لە ڕۆڵەکانی هـەواڵە چاپی ئامـێرەکانی کاغەز دروسـتکردن وەرگرتبـوو، شوێنی ئامێری سلیندەری چاپی گرتەوە، ئەمەش تیراژ و لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی زیاتر کرد

و زیاتریش بڵاو بوونەوە. لە سەعاتێکدا ١١٠٠ یەک لای لاپەڕەی ڕۆژنامە چاپ دەکرا. فرێدریک کۆنینگ بە یەک جار دوو ئامێری چاپی دانابوو، بۆ ئەوەی هەردوو لای پەڕەکان بە یەک جار چاپ بکات. لە ساڵی ١٨٢٧دا، لە سەعاتێکدا ٧ هەزار پەڕ بەهۆی ئامێرە مۆدێرنەکانی چاپدا چاپ دەکران، هەرچەندە ئەم تەکنۆلۆجیا بە سستی بڵاو بووەوە و ڕۆژنامەی چاپکراو هێشتا هێز و خۆگریی زۆری دەویست.

کۆمەڵگەش گۆڕا. بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، جەختکردنە سەر پەروەردەی بنەڕەتی بۆ هەمووان، دەرگەی خوێندەواریی بۆ زۆرێک لە خەڵکی ڕەشوڕووتی ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا واڵا کرد. لە بەریتانیا، پەرلەمان لە ساڵی ١٨٧٠دا یاسای خوێندنی ئیجباری دەرکرد. وڵاتە ئەوروپییەکانی تر و دواجار ئەمەریکاش هەمان یاسایان دەرکرد. ئیتر وای لێ هات چاپەمەنی زۆر بوو و بەرهەمی چاپکراو کەوتە بەر دیدی خوێنەرێکی زۆر. لە کۆتاییی سەدەکەدا، چاپەمەنییە گەورەکانی (هۆو) لە سەعاتێکدا ٧٢ هەزار کۆپی چاپ دەکرد.

هەر تەنیا کاغەز نەبوو کە هەردەم لە کەمیی دەدا. پرینتەرەکان تووشی تەنگژەی تایپی سەرەکی بوونەوە. بڵاوکەرە بچووکەکان نەیاندەتوانی پارە بدەن بە تایپی پێویست بۆ تەواوی چاپەکەیان. ئەمە واتە بە جارێک چەند پەڕێکیان چاپ دەکرد، دواتر هەمان پەڕیان بەکار دەهێنایەوە بۆ چاپکردنی شتی تر. لەوەش خراپتر، تایپی سەرەکی دواجار چی تر پاڵپەستۆی سزای خراپ دەرچوونی لەسەر نەما و پرۆسەی چاپی دووبارەکردنەوە سست بوو.

## ستریۆتایپ "پلێتی چاپ"

ستریۆتایپ گەلێ لە کێشەکانی تایپی چارەسەر کرد. ڕۆژنامەی تایپ لەسەر پارچە مقەبای وەک کاغەزی نەرم لەسەر حەسیرێک ڕادەخرا. لە حەسیرەکەوە، یەک یان زیاتر تیلماسکی قوڕقوشمی لەسەر پەڕەکان پرێس دەکران. ئەو تیلماسکەی کە ڕۆژنامەکەی چاپ دەکرد، یەک جار بەکار دەهات و چی تر پێویست نەبوو، لە شوێنی تر دەتوێنرایەوە و بۆ شتی تر بەکار دەهاتەوە.

پەیدابوونی پرۆسەی ستریۆتایپ لە کاتی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا چەندان کۆپیی کاغەزیی دابین کرد، کە توانا و خێراییی چاپیان زیاتر کرد. ئەمە بووە هۆی ئەوەی شێوازی ستوونی لەسەر کاغەز پێڕۆ بکرێت کە بەشێوازی گۆڕەکان ناسراوە، کە لە کاتی پرێسکردندا کاغەزەکان ستوونی دەبڕدران. ئێستە سەردێری فرە ستوونی، قاڵبی دار، یان

نەخشە ئاسنییەکان و دواتریش فۆتۆگراف رووخساری رۆژنامەیان باشتر کرد. پلێتی چەماوەیی لە ساڵی ١٨٥٤دا هاتە کایەوە، بە بەرفراوانی بەکار هات، پەڕەکان دادەنران بۆ ئەوەی بە جووتە لە دەوری سلیندەرێک بئاڵێندرێن، بۆ ئەوەی بەهۆی چاپی خولاوە لەسەریان چاپ بکرێت.

لە ساڵانی ١٨٨٠ەکاندا میتۆدێکی نوێ، ئەلیکترۆتایپ، جۆری چاپی باشتر کرد، لە تایبەتی چاپی فۆتۆگراف، کە لەسەر شاشەیەک دەخرانە سەر پلێتێکی مسین پاشان بە ترشەڵۆک دەشۆرایەوە. شێوازی چڕی و زۆری هێنا کایەوە کە پێی دەگوترێت نیو تەنێ. کێشەی چۆنیەتی دانانی وێنە لەسەر رۆژنامە و کۆوارەکان چارەسەر کرا و بەپێی کات باشتریش دەبوو. خەڵکی خۆشحاڵ بوون وێنە لەسەر هەواڵەکانیان ببینن. چونکە وێنە و هێڵکارییەکان لە ئاگەدارییەکانیش پەیدا بوون، ئاگەداریچییەکان زۆر بەجوانی ئەم کارەیان ئەنجام دەدا.

## ڕێکخستنی تایپ

بەهۆی زۆریی تەکنۆلۆجیا و خێرایی چاپەمەنییەکان، سسترین بەشی چاپ ئێستە برێتی بوو لە ڕێکخستنی تایپ، پیت بەپیت بەپێی هەلومەرجی کارەکە. گەلێ لە داهێنەران هەوڵیان دا ئامێرێک دروست بکەن ئەم کارە بکات. مارک توێین پارەیەکی زۆری زەرەر کرد کاتێ هەوڵەکەی بۆ داهێنانی ئامێرێکی لەم جۆرە فەشەلی هێنا. یەکەم ئامێری میکانیکی داڕشتنی پیتەکان لە ساڵی ١٨٨٦دا دروست کرا لەلایەن پەنابەرێکی سەعاتچیی خەڵکی ئەڵمانیاوە بەناوی ئۆتمار مێرگانتلەر. ئامێرەکە پێی دەگوترا لینۆتایپ Linotype؛ چونکە بە یەک جار هێڵێکی تەلیسمی گەرمی تایپی لە قاڵب دەدا. پاشان هەر قاڵبێک بۆ هەر پیتێک لەو هێڵەی تایپەدا بەشێوەیەکی ئۆماتیکی دەگەڕایەوە شوێنە ئەسڵییەکەی خۆی.

لە پێشکەوتنەکانی تردا ئەمانەش هەبوون: دوو سلیندەر لەسەر هەردوو ڕووی کاغەز لە یەک کاتدا شتیان چاپ دەکرد، مقەسێک ڕۆڵەکانی دەبڕی بۆ پەڕی ڕۆژنامەیی، فۆڵدەرێکی میکانیکی پەڕەکانی لێک جیا دەکردەوە، بەستێنەرێکیش داوی لە هەر کۆمەڵە ڕۆژنامەیەک دەدا و دەیبەستەوە و ئامادە دەبوو بۆ پێشکێش کردن.

سیستمی کلاسیکیی چاپ بەچاپی پیتدار ناسراوە. پیتەکان مەرەکەبیان بەسەر دادەکرا، دواتر لەسەر کاغەز پرێس دەکران و نووسینەکە دەردەچوو.

### ئۆفسێتی لیسۆگرافی offset lithography

سیستمێکی جیاواز لەگەڵ چاپکردن دەستی پێ کرد لەسەر ڕووی بەردێکی تایبەتی ئامادەکراودا. لیسۆگرافی وردە وردە باو بوو تا ئەمڕۆکەش، شوێنی تیپی چاپەمەنیی لە زۆربەی بڵاوکراوەکاندا گرتەوە. لەسەر بنچینەی ئەو ڕاستییەی کە نەوت و ئاو تێکەڵ نابن، وێنەیەکی فۆتۆگرافی لەسەر پلێتێکی کانزایی دروست دەکرێت، واتە وێنەی لەسەر پەڕێک کە تیپەکانی ڕێک خراوە. پلێتەکە پڕ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو شوێنانەی کە تایپ کراوە (یاخۆ هێڵەکانی گرافیک) مەرەکەب نامژێ، بەشی باکگراوند (عادەتەن بەشی سپیی پەڕەکە) مەرەکەب نامژێ. ئۆفسێتی لیسۆگرافی لە باوترین فۆرمیدا، وێنە بە مەرەکەبەکە دەگوازرێتەوە سەر ڕۆلەرێکی لاستیکی، کە پاشان وێنەکە دەخاتە سەر کاغەزەکە. لەم سیستمەی چاپی فۆتۆگرافیدا، ئامێری تیپ ڕێکخەری فۆتۆیەکە شوێنی لینۆتایپ دەگرێتەوە.

لە ماوەی سەدەیەکدا کە لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی، شۆڕشی ئەمەریکی و شۆڕشی فەرەنسی دەستی پێ کرد، جیهانی ڕۆژئاوا گۆڕانێکی گەورەی بەخۆوە بینی. چاپ ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لە هەرسێ شۆڕشدا بۆ خۆیشی بەشێک بوو لە شۆڕشی زانیاری. لە پەڕەکانی تری ئەم کتێبەدا بۆمان دەردەکەوێ چۆن چاپ یارمەتیی فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی دا کە لەلایەن شۆڕشی پیشەسازییەوە بەرهەم دەهێنران. نامیلکەکانی وەک کۆمۆن سێنسی تۆم پێین، گڕی شۆڕشەکانی بڵاو کردەوە و شۆڕشی ئەمەریکیی لێ دەرچوو. هەروەها چاپ فرەنسای بە ئاگا هێنایەوە و هەموو ئەورووپای هەژاند کاتێ جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤی بڵاو کردەوە.

### کاغەز بۆ هەموو کەسێک

لە کۆتاییی سەدەی حەڤدەدا، کاتێ مووچەی کاغەز دروستکەرێک لە نێوان دوو تا سێ شیلینگ بوو لە هەفتەیەکدا، بەندێکی کاغەز (٥٠٠ پەڕ) بە ٢٠ شیلینگ دەفرۆشرا، کە دەکاتە نێزیکەی مووچەی دوو مانگ. ئەمە بووبووە هۆی گرانبوونی نرخی چاپ. بۆ بڵاوبوونەوەی خوێندەواری، نرخی کاغەز دەبووایە دابەزێت.

لە سەردەمی ژێردەستەییدا زۆربەی ڕۆژنامە ئەمەریکییەکان کاغەزیان لە ئەورووپاوە بۆ دەهات. ئاشە کاغەزەکانی ویلایەتە ژێردەستەییەکانی ئەمەریکا بچووک بوون و باش نەبوون. سێ پیاو ڕۆژ هەتا ئێوارێ کاریان دەکرد ٣ هەزار پەڕە کاغەزی بچووکیان

دروست دەکرد کە جۆرەکەشی زۆر خراپ بوو. بێنجامین فرانکلینی ماندوویی نەناس، کاتێک پرینتەرێکی فلادەلفیا بوو، بەوەش ناسراوە کە دەستی هەبوو لە دروستکردنی ئاشی زۆرتری کاغەز، هەرچەندە بەهۆی شۆڕشی ئەمەریکییەوە بەرهەمهێنانی کاغەز وەستا و ژمارەیەکی زۆریش لە ڕۆژنامەکان لە بڵاوکردنەوە وەستان.

## پەڕە کاغەز بەبەردەوامی

کاغەز لە هەموو شوێنێک تا ساڵی ١٧٨٩ بە بەندی بچووک بچووک دروست دەکرا. نیکۆلاس ڕۆبێرت، بەڕێوەبەری ئاشێک لە فرەنسا، بیری لە پەڕە کاغەزی بەردەوام کردەوە لەسەر یەک ئامێر بەبەکارهێنانی تەونێک بۆ هەڵگرتنی تڵپاوە تەڕەکانی کەرەستەی کاغەز. هاوکاریی دارایی لە دوور لە ئینگلتەرا وەردەگرت ناویان فۆردرینەر Fourdrinier بوو. داهێنانەکە، بە ئامێری فۆردرینەر ناسراوە، دەیتوانی لە دوو ڕۆژدا بارتەقای سێ مانگی کاری دەستی بەرهەم بهێنێت. دوای دە ساڵ باشتر بوون، ئامێری فۆردرینەری کاغەز دروستکردن کاغەزی بەبەردەوامی بەرهەم دێنا، بۆ چاپکردنی هەواڵی لە بن نەهاتوو. ئەو سەردەمەی ڕۆژنامە پشتی دەبەست بەبەندی بچووکی کاغەز و چاوی لە دەستەکان بوو بەسەر چوو. پرۆسە جیاوازەکانی کاغەز دروستکردن هەمووی لە ناو یەک ئامێردا بە یەک جار کاریان دەکرد. لەگەڵ چاپەمەنی بەهێزی هەڵمی، تیراژی ڕۆژنامەکانیش زیاتر بوون. لە دەیەیەکی دواتردا، سەردەمی پێنی پرێس کاغەزی خستە بەردەست نەدیتکانەی کە هەرگیز بەم شێوەیە زانیارییان وەرنەگرتبوو.

لە ئەوروپا و ویلایەتە ژێردەستە ئەمەریکییەکاندا، پێویستیی بە کاغەز بۆ چاپکردنی کتێب و ڕۆژنامە کاری کۆکردنەوەی پەڕۆی زیاتر کرد. هەر بۆ کەیفی خۆیان هەندێ لە گەڕەکە لاچەپەکان یارمەتیی کۆکردنەوەی پەڕۆیان دەدا. زۆربوونی دانیشتووانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بووە هۆی زیادکردنی داوا بۆ جلوبەرگ، وەڵامی ئەو داوایە زۆرە درایەوە لە شۆڕشی پیشەسازی بەهۆی کارگەکانی ڕستن و چنینەوە، هەروەها لە ئەمەریکاش بەهۆی کارگەی لۆکەی ئێلی وایتنی. ئەمە لە بەرابەردا دابینکردنی پۆشاکی گەرم زیاد کرد. هێشتا پەڕۆ سەرچاوەی کاغەز بوو، هەروەها ئەم زنجیرە ڕووداوانە بووەی هۆی کەمێک چارەسەرکردنی تەنگژەی کەم کاغەزی بەهۆی ئاوابوونی سەدەی نۆزدە.

دابینکردنی پۆشاک بۆ ئەو دانیشتووانە نوێیە مەحاڵ بوو... لە شاری لانکاستەر لە ئینگلتەرا، هەوڵەکانی کارگەی لۆکە و ڕستن و چنین ئەو بۆشاییەیان پڕ نەدەکردەوە، بەڵام دواتر لە ١٧٩٠ کارگەیەکی گەورەی لۆکە لە ئەمەریکا دامەزرا... ئاکامێکی تری

بەرهەمـهێنانی لۆکـە ئەوە بوو کە جلی گـەرمـوگوڕ و پەڕۆشـی زیاد کرد. پەڕۆ کەرسـتـەی خـاوی کـارگـەی دروسـتـکردنی کـاغـەز بوو... لـە سـاڵی ١٨٣٩دا، بڵاوکـردنەوە بـوو بە شـۆڕشـێک. شـتـی چاپکراو ئێسـتـە هەرزان بـوو. بۆ یەکـەم جـار لە مـێـژووی مـرۆڤـدا خوێندەواری هەموو ئاست و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی گرتەوە.

ئێـسـتــە داوا زیادی کـرد. بەڵام ئەو هەمــوو کـاغــەزە لە کـوێ بێت؟ داوا بـووە هۆی کـۆکردنەوەی پـەڕۆی زیاتر. کـاغـەز دروسـتکەرانی ئەمـەریکی، پاڵەپسـتـۆی بڵاوکـەرەوانی ڕۆژنامـەیان لەسـەر بوو، لە ئەوروپا بەدوای پـەڕۆدا دەگـەڕان. پروسـیـا و ڕۆمـا لە دوای فـرەنسـا هەناردنی پەڕۆیان قـەدەخـە کرد. هەرکـە نرخـەکان بەرز بوونەوە، ئەمـەریکییـەکان ملـی ئاسـیـایان گـرتـە بەر بۆ پەڕۆ، لـە چین، ژاپۆن و هیندسـتـان پـەڕۆیان دەکـڕی، بەڵام کێشەکە هەر بەردەوام بوو و بڵاوکەرەوانی شێت کردبوو.

لە پاڵ ئاشنابوونی کـتـێبی چاپکراو، داوای کـاغـەز لە گـەلێ بواری تـری نوێدا سـەری هەڵدا: خـوێندن و خـوێندەواری بڵاو بووەوە، گرێبەست و مـامـەڵەی بازرگانی ئاڵۆزتر بوون، نووسـین دوو هێندەی لێ هات، هـەروەها داواکــاری بۆ کــاغــەز زۆر گــەشــەی کــرد بۆ بەکـارهێنانی شـتـە نائەدەبییـەکان لەلایەن بازرگـانان، بەرگـدرووەکـان، بەقـاڵەکـان و فرۆشیارەکانەوە. زۆر جۆری نوێی بازرگانی هاتنە کایەوە کە پشتیان بە کاغەز دەبەست: پیشەکان، دروستکەرانی کارتۆن، کۆنکان دروستکەران، پۆستەرچییەکان و ئەو کارانەی کە ئەرکەکانیان بە کاغەز نەبووایە نەدەچووە سەر، وێڕای سکاڵا نووسین لە نێوان بازرگانە ڕکابەرەکاندا.

## وانەیەک لە زەردەواڵە

پرۆسـەی کلۆراینـی سـپیکردنەوە وای لە ئاشـەکان کرد پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگ، پەت و هـەمـوو پارچە پەڕۆیەکی سکراب بەکار بێنن، بەڵام هێشتا هەر بەس نەبوو. شـتێکی نوێ پێویست بوو. ئەو شـتـە نوێیـە لە ڕاسـتـیدا سـەدەیەک پێـشـتـر دۆزرا بـووەوە. لە سـاڵی ١٧١٩دا، زانایەکی فرەنسی بەناوی ڕێنی دو ڕێمەر، ئامۆژگاریی کاغەز دروسـتکەران دەکات کە لە جۆرە زەردەواڵەیەکی بچووک فێر بن کە هێلانەی خۆی لە داری وشک دروست دەکات کاتێ دارەکە لەگەڵ لیکی خۆی تێکەڵ دەکات و دەیکات بە شلەیەکی هەویر ئاسا. زەردەواڵەکە بە تەنکی هەویرەکـەی پان دەکـردەوە، دەزووزی لەسـەر یەکی لێ دروست دەکـرد کـە زۆر لە کاغەز دەچوو. کەمێک سوود لەو فیکرەیە وەرگیرا و تڵپاوی داریان بەکار هێنا تا دوا جار کـاغەز دروسـتکەرێکی ئەڵمانی بیرۆکەکەی وەرگرت. یەکە ئامێری تڵپاوی دار لە سـاڵانی

١٨٤٠ەکـان دروست کـرا، هـەروەها لە کـۆتاییی سـەدەی نۆزدەدا، دوای ئەوەی پرۆسـەکـان بەرەو پێش بران فایبەرەکان لە یەکتر جیا کرانەوە و تڵپاوەکەیان لەگەڵ مادەیەکی کیمیاوی تێکەڵ کرد، تڵپاوی دار بنچینەی دروستکردنی کاغەز بوو. نرخ بە خێرایی دابەزی. ئەو تڵپاوی دارەی لە ساڵی ١٨٧٥ بە پاوندێک و ٨١ سەنت دەهێنرا، لە ساڵی ١٨٩٧ بوو بە ٢/١١ سەنت دەکڕدرا.

دوا جار جیهان سەرچاوەیەکی نوێ و هەرزانی کەرستەی خاوی بۆ کاغەز دەس کەوت. پێشکەوتن لە بەرهەمە میکانیکییەکان و دابینکردنی کەرستە یەکەم هێزی لە مێژوودا دروست کرد، ئەویش پێی دەڵێن پێنی پرێس penny press.

## پەمپی زانیاری

لەبەر هەستیاریی سیاسی و ئاینی لە وڵاتدا، گەلێ لە ڕۆژنامە سەرەتاییەکان هەواڵەکانیان چڕ کردەوە لەسەر ئەو شتانەی کە لە وڵاتانی تردا ڕوویان دەدا. بڵاوکەر دەچووە زیندان ئەگەر هۆشیار نەبووایە، ڕەنگە بە هەڵە حسێب کرابا ئەگەر حکوومەتێکی نوێ دەسەڵاتی بگرتایەتە دەست. بڵاوکردنەوەی هەواڵ هەردەم مەترسیدار بووە. تەنیا لە پاریس لە کاتی شۆڕشی فرەنسیدا ٣٥٠ ڕۆژنامە دەردەچوون، بەڵام تەنیا چوار ڕۆژنامە لە سەردەمی دواتری ئیمپراتۆریەتدا دەردەچوون. هێشتا گۆڕانکاری هەر بەردەوام بوو.

دوای ئەوەی ڕۆژنامە بەو ئینگلتەرایە ئاشنا بوو کە فرە لایەنی و ناکۆکی باڵی بەسەردا کێشابوو، لەو کاتەی کە شا چارلسی یەکەم سەر بڕا، ڕۆژنامەکان هەواڵی ڕووداوە سیاسییەکانیان لەناو ئینگلتەرادا بڵاو دەکردەوە. ڕۆژنامەکانی ئینگلتەرا نەک هەر تەنیا لە ئۆفیسدا نووسیاریان هەبوو، بگرە پەیامنێریشیان هەبوو کە لایەنی کەم ئافرەتێکیشیان لەگەڵدا بوو دەچوونە دەرەوە پرسیاریان دەکرد و زانیارییان کۆ دەکردەوە. ئەو ڕۆژنامانەی سەدەی حەڤدە و هەژدە هێڵکاری و وێنەشیان لەگەڵدا بوو، هەروەها ژمارەیەکی زۆر مانشێت لە سەرەتای پەڕەکاندا بەرچاو دەکەوتن. ڕۆژنامەکانی لەندەن بە زۆری لە قاوەخانەکان دەفرۆشران چونکە لەوێ تاڕادەیەک کەشوهەوا سەلامەت و لەبار بوو بۆ گفتوگۆ و مشتومڕی سیاسیی بەئاشکرا. هەروەها ڕۆژنامەفرۆشی کچ و کوڕیش هەبوون لەسەر شەقامەکاندا.

ئەسپ و عارەبانەی پێشکەوتوو، ڕێگەوبانی باشتر و شەمەندەفەر یارمەتیی فراوانکردنی هێڵەکانی دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکانیان دا لە قاوەخانەکان کە بووبوونە شوێنی سەرەکیی ڕۆژنامەکان لە وەتەی سەردەمی کرۆموێلییەکان.

سـويد لە سـاڵی ١٧٦٦دا یاسـای ئازادیی ڕۆژنامـەوانیـی دەرکرد. دواتـر، لە ئەمـەریکای نوێدا یەکەم هەموارکردنی دەستوور ئازادیی ڕۆژنامەوانیی مسۆگەر کرد. نەتەوەکانی تر لە مـاوەی سـەدەیەکی دواتردا بەڵێنیـان دا کـە ڕۆژنامـەکـان سـەربەخـۆ بن و دوور بن لە دەسەڵاتی حکوومەتەوە، بەڵام لە نەتەوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاواز بوو.

پرینتەرەکانی وەک بێنجامین فرانکلین ڕای گشتییان بە ئاگا دەهێنایەوە دژی حکوومەتی شـا، زۆرجـار دەخزانە ناو ویلایەتێکی تری ژێردەسـتـە بە تایبـەتی پێش بەرگ سـوورەکـان (سـەربازی بەریتـانی لە کاتی شـۆڕشی ئەمـەریکیدا). جـۆن پیتـەر زێنگەری پرینتـەر، دوای ئەوەی ڕەخنەی لـە حـاکمی ویلایەتێکی ژێردەسـتـە گرت، بەتۆمـەتی ناوزڕاندن و تەشـهـیر دادگــەیی کــرا. بـەهـۆی هـەوڵـەکــانی ئانـدرو هامــیلتــۆنی پارێزەری زێنگەر، دەســتــەی سـوێندخۆرانـی ناو دادگە پێرۆ گوێیان بەو ڕێنوێنییـانەیان نەدا و ئەو تەوقـەیان شکاند کە تەنیا دادوەر دەتوانێت بڕیار بدات ئاخۆ بڵاوکراوەیەک خیانـەتی تێدایە یان نا، بۆیە زێنگەر بێ تاوان دەرچوو. ئـەوسـاکە ڕۆژنامـەکان لە هـەر سـەردەمێکی تر زیاتر، هێـزێک بوون بۆ ئازادی. جێی سـەرسڕمـان نییـە ئەگەر بڵێین هـەر بـیرۆکەی ڕۆژنامـەوانیی چاپکراو بوو وای لە حکوومەت کرد یاسای مافەکان دەربکات، نەک ئەوەی تۆماس جیفرسن، کە وەختی خۆی نووسـیبـووی ئەگەر زۆری لێ بکەن بۆ ئیـختـیارکردن ئەوا ئەو ڕۆژنامـە بەسـەر حکوومـەتەوە ئیـختـیار دەکات، دواجار لە دڵەوە نەخۆش کەوت بەهـۆی ئەوەی ڕۆژنامـەکان ڕای گشـتـییان وروژاند و بەئاگا هێنایەوە.

## بازرگانیی ڕۆژنامە

پرینتەرێک ڕۆژنامە، کتێب و بڵاوکراوەی وەرزیی چاپ دەکرد وەک ئالیەتێک بۆ هێشتنەوەی کارمـەندەکانی و دابینکردنی کـەلوپەل و پێداویسـتـییـەکانی چاپخـانەکەی. لە ناوەڕاسـتی سەدەی نۆزدەدا، گۆڕان بەرەو ڕۆژنامەوانیی فـراوانتر و هـەواڵ لە ڕێگەی تەلەگرافەوە بووە هـۆی بەگــەڕخــسـتنی سـەرمـایەی زۆرتر و بەرهـەمـهـێنانی ڕۆژنامــەی زیاتر و داهـاتێکی باشـتریشیان لێ دەس دەکەوت. لە جیهانی نوێدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامـە یارمەتیی بەردەوامبوونی پرینتەرەکانی دا لە کارەکەدا.

لە ڕاسـتـیـدا چاپ لە سـەدەی هەژدەدا لـە ئەمـەریکا پێش نـەکـەوت تا پرینتـەرەکـان سـەرچاوەیەکی نوێی داهـاتیـان نەدۆزییـەوە، ئەویش ڕۆژنامـە بـوو. دوور لە زێدەکانیـان، لە ناوچە چڕەکـاندا لـە ڕووی دانیـشـتـووانەوە، پێشـانگەکـان هەسـتـیـان بەوە کـرد دەبێ پێوەندییـان بە جیـهـانەکەی ترەوە ببڕن، لەبەر هـەندێ، ڕۆژنـامـە لە ئەمـەریکا لە چاو هـەموو

شوێنێکی تری جیهان زیاتر پێش کەوت.

ڕۆژنامەکان لە شارانی گەورەتردا خۆیان جیا کردەوە لە چاپخانەکان، لە هەموو سەردەمێکی تر زیاتر، هەواڵ بوو بە شتێک کە دەکرێ لە کەرستەی خاوی ڕاستییەکان دروست بکرێت و بە قازانج بفرۆشرێتەوە.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی خوێندەواری، تەکنۆلۆجیای چاپکردن و پێشکەوتنی ڕۆژنامەی مۆدێرن، دواتر بیرۆکەی مۆدێرنی هەواڵ خۆی، سەری هەڵدا. لە ڕاستیدا، لە نێوان ١٧٨٠ و ١٨٣٠دا، گەشەی بڵاوکراوەی وەرزی، هەواڵنامە و ڕۆژنامەکان زۆر بوون لە ئەوروپا بەچەشنێک کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی هەواڵ هاتە گۆڕێ، ئەویش خوێندنەوەی هەواڵ بوو بۆ هەموو خەڵک.

دەهە بەراییەکانی سەدەی نۆزدە دوو جۆرە پێشکەوتنی ڕۆژنامەیان بەخۆیانەوە بینی. ئاگەدارییەکانی ناو ڕۆژنامەکان بازرگانی بوون. ڕۆژنامەوانیی حزبی پەرەی بەکۆمەڵە بۆچوونێک دەدا لەگەڵ ئەو کاندیدانەی بەو حزبەوە پابەند بوون. یەک کۆپی ڕۆژنامەیەک شەش سەنتی تێ دەچوو و ڕەنگە لە ساڵێکدا دەیکردە ١٠ دۆلار، کەچی کەسێکی ئاسایی ڕەنگە ڕۆژنامەی هەر نەبینیبێ و ڕەنگە هەر نەشیزانیبێ کە شتێک وجوودی هەیە بەناوی ڕۆژنامە.

## پێنی پرێس Penny Press

(پێنی پرێس واتە: ڕۆژنامە بەیەک پێنی)

پێنی پرێس سێیەم جۆری زیاد کرد، ئەویش ڕۆژنامە بوو بۆ چینی کرێکار. بەیەک پێنی ڕۆژنامەی جەماوەری نەک هەر تەنیا ڕکابەری لەگەڵ جۆرە کۆنەکەی ڕۆژنامە کرد، بگرە پێشبڕکێی لەگەڵ ئەو کێک و شتە بچووک و سێوانە دەکرد کە لە بازاڕ لەسەر شەقامەکان بەیەک پێنی دەفرۆشران. کۆپییەکانی ڕۆژنامەی Sun لە نیویۆرک لە ساڵی ١٨٣٣ لە قەراغ شەقامەکاندا دانران. ئەمە کاریگەرییەکی بەرچاو و دەسبەجێی هەبوو لەسەر خوێنەر و خوێندنەوەی ڕۆژنامە. لە نێوان ١٨٣٠ و ١٨٤٠دا ژمارەی ڕۆژنامە ڕۆژانەکان دوو هێندە زیاتر بوو و ڕۆژنامە هەفتانەکانیش دوو هێندەی زیادیان کرد. سەرجەم تیراژی ڕۆژنامە ڕۆژانەکان گەیشتە چوار هێندە. هەروەها ژمارەی دانیشتووانیش بەرز بووەوە، بەڵام زۆر خێرا نەبوو.

پێنییەک یان دووان هەواڵی لەسەر خەڵکی نائاساییی دەهێنایە بەردەستی ئەو خەڵکە ئاسایییانەی کە هیچ زانیارییان نەبوو لەسەر بازرگانی یان سیاسەتی پارتیزانی، بەڵام

دەیانتوانی بخوێننەوە و حەزیان لێ بوو تێر بن. ڕۆژنامەوانیی جەماوەری بایەخی دا بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی ئابڕووچوون و هەروەها تاوان و هەواڵە سەرنجڕاکێشە مرۆییەکانی تر.

داهات بەشێوەیەکی سەرەکی لە فرۆشتنی تیراژ و ئاگەداریی ناو ڕۆژنامەکانەوە دابین دەبوو، نەک لە ئابوونەی حزبی سیاسی و کڕێیەکان کە لە ڕۆژنامەی حزبیدا هەبوون. پێنی پرێس گەیشتە ئەو خەڵکانەی کە قوتابخانەکانیان بەتوانا بوون لە خوێندنەوەدا، بەڵام ئەوەندە تێنووی وەرگرتنی زانیاری نەبوون. پیاوماقووڵانی شارەکان ئەم ڕۆژنامە جەماوەریانەییان بە ئالەیەتێک دەزانی، وەک ئەو ڕۆژنامە بچووک و پڕ وێنانەی ناو سوپەرمارکێتەکانی ئەمڕۆ، کۆپییەکی لێ بکڕن و دواتر ئەندامانی ماڵەوەیان پێ دڵخۆش بکەن.

کاتێ ڕۆژنامەی سەن Sun بۆ یەکەم جار لەسەر شەقامەکانی نیویۆرک دەرکەوت، تیراژی هەر یازدە ڕۆژنامە لە تەواوی شارەکەدا بریتی بوو لە ٢٦٥٠٠ دانە لە ساڵی ١٨٣٥، سەن بە تەنیا ڕۆژانە ١٥ هەزار دانەی لێ دەفرۆشرا، هەر دانەی بەیەک پێنی، سوپاس بۆ چاپەمەنییە نوێیە زۆر خێراکان. ڕۆژنامەی بە دوو پێنی ڕکابەری دەکرد، ڕۆژنامەکانی Evening Transcripy و herald خێرا بەدوایدا هاتن، کە هەرسێ ڕۆژنامە ڕۆژانە ٤٤ هەزار دانەیان لێ دەفرۆشرا.

بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەران، ئەو ڕۆژنامانە زانیاریی جیاوازیان بڵاو دەکردەوە، هەواڵەکان گرینگ نەبوون، بەڵام شتیان خۆشی تێدا بوو. بڵاوکەرەوەکان نەدەترسان لە تۆمەتی وەک دڵڕەقی و ورووژاندنی شتە هەستیارەکان. لە خوار ئەو جۆرە هەواڵانەوە جۆرێکی نوێی زانیاری پەیدا بوو کە زۆر گرینگ بوو، هەروەها زۆریش سەرنجڕاکێش بوو کاتێ تەواوی خەڵک سەیریان دەکرد، بەتایبەتی ئەو ئاگەدارییانەی کە جەماوەر هەموو سەیریان دەکردن. گەیاندنی جەماوەری ئاگەداری جەماوەریی ئاسان کرد، ئەمەش بووە هۆی زیادکردنی ئارەزووی خەڵک بۆ شت کڕین و خەرجکردنی پارە، کە لە بەرابەردا ئەمە بووە هۆی بەرهەمهێنانی کاڵا بەبڕێکی زۆرتر.

لە ئاگەدارییەکانی ناو ڕۆژنامەی پێنی باوییەکاندا، هەروەها لە فرۆشتنی کاڵاش مامەڵەکان فۆرمێکی دیموکراتییان بەخۆوە بینی، هەروەها ئاگەداری بۆ هەموو چین و توێژێک هەبوو، بازرگان بۆ کارە بازرگانییەکان، پارێزەر بۆ کارە یاساییەکان، کڕیار و دووکاندار بۆ کاڵا جۆربەجۆرەکان، بۆیە ڕۆژنامە وای لە خەڵکی کرد کە خوێنەر ڕۆژنامە بە پێویستییەکی سەرەکیی ڕۆژانەیان بزانێت.

ڕۆژنامە مۆدێرنەکان هەرسێ جۆر ڕەنگ دەدەنەوە: ڕۆژنامەی ئاگەداری، ڕۆژنامەی سیاسەتی پارتیزانی و ڕۆژنامەی جەماوەری.

## ڕاپۆرت

هاتنە کایەی هێڵی شەمەندەفەر و پێشڤەچوونەکانی تر لە بواری گواستنەوەدا، فرۆشی تیراژی زیاتر کرد. هۆگەلی باشتری گواستنەوە شارۆکەی نوێیان دۆزییەوە، لەگەڵ ئەوانیشدا ڕۆژنامەی لۆکال پەیدا بوو. شانبەشانی هێڵەکانی شەمەندەفەر تەلەگرافی وایەری پەیدا بوو، ڕۆژانە ڕاپۆرتی نوێ دەنێردرا لە شوێنە دوورە دەستەکانەوە بۆ نووسینگەی ڕۆژنامەکان.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا زانیاریی بڵاوکراوەی پێشوو لە سەرچاوەکانی دەرەوە وەردەگیرا و ستوونەکانی ڕۆژنامەیان پێ پڕ دەکرایەوە. ڕۆژنامەکان چیرۆکە هەواڵ و وتارە کۆنەکانی ڕۆژنامەکانی تریان بڵاو دەکردەوە کە لە ڕێگەی پۆستەوە دەنێردران بەڕێگەی ئەو سیستمەی لە لایەن بێنجامین فرانکلینەوە داهێنرا بۆ ئەوەی نووسیارەکانی ڕۆژنامەکان بە بەلاش ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێو یەکتریدا بکەن. هەتا نیوەی کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا، کۆکردنەوەی هەواڵ لەلایەن پەیامنێرانەوە زۆر باو نەبوو کەم کەس بەکاری دەهێنا. پاشان تەلەگراف هاتە ناو بوارەکەوە، ئالیەتی خستە بەردەست بۆ ڕاپۆرتی نوێ لە شوێنە دوورەکاندا. ئەو ڕاپۆرتانە ئارەزووی خەڵکی زیاتر کرد بۆ داواکردنی هەواڵی زیاتر و زیاتر.

هەواڵ خۆی زیاتر بەهایەکی بۆ دروست بوو وەک پێویستییەک جیا لەوەی تەنیا بنەمایەک بۆ لایەنێکی سیاسەتی پارتیزانی دابین بکات. وەک بەرهەمی جۆ یان ئاوریشم، هەواڵیش بوو بە بەرهەمێک، هەروەها لە ناو ڕۆژنامەش مەرەکەب لەسەر کاغەز بوو بە بەرهەم، هەروەها ئەو ئالییەتانەی کە ڕۆژنامەکانی پێ دەپێچرایەوە.

ئەوجا وەک ئێستە، ڕاپۆرتەکان بەهایان زیاتر دەبوو کاتێ پەیامنێرەکە لە شوێنی ڕووداوەکە ئامادە دەبوو، کە کەرستەی دەناردەوە لەسەر بنچینەی بینینی ڕاستەوخۆی خۆی و ئەو وەڵامانەی کە لە پرسیاری کەسایەتییە سەرەکییەکانی هەر درامەیان دەستی دەکەوت، تەنانەت جەنەراڵەکان و لە مەیدانی شەڕدا یان دیپلۆماتەکان لە دادگەی بیانیدا. پراکتیزەی لێکۆڵینەوەی چالاکانە و خێرا بەدوای ئەمەدا هات و ئەمەش وای کرد فرۆشی ڕۆژنامەکان زیاتر بێت و زیاتریش بەدوای هەواڵدا بگەڕێن. لە وەڵامدا، یان بەرگری لەخۆکردن، ڕێکخراوەکانی پۆلیسی حکوومەت یانیش دەزگاکانی بازرگانەکان چەندان

ڕێگە فـێـر بوون بۆ ئەوەی لـەگـەڵ پرسـیـارەکـانی پـەیامنێـران ڕێ بکـەن، ڕێگەکـان لە دروستکردنی پێوەندیی گشتییەوە بگرە تا دەگاتە ئەو ڕێکخراوانەی کە دەستیان بۆ خۆ باشتر کرد و کارەکانیان بەرەو پێشەوە برد.

هاریکاریکردن لە کۆکردنەوەی هەواڵ دەستی پێ کرد، پێش پەیدابوونی تەلەگراف، بەڵام ئەو کـارانـە ڕێککەوتنی کـورت بـوون. بۆ نموونـە، بۆ هاوبـەشی و بەشـداریکردن لە نرخی بەلەمـێک. بەهۆی لابردنی بـەربەسـتی کـات بۆ گـواسـتنەوەی هـەواڵ، تەلەگـراف وای کـرد ڕۆژنامـە بگاتە هـەمـوو ئەو شـوێنانەی کـە مـەودای وەشـانی تەلەگرافـەکە دەگـەیشـتێ، بەڵام ئەمـە کـارێکی زەحـمـەت بوو، بـۆیە هـاوکـاریکـردن زۆر گـرینگ بـوو بۆ کۆکـردنەوەی هـەواڵ. دەیەکانی دوای بڵاوبوونەوەی تەلەگراف، پەیامنێری تەلەگرافی سەربەخۆی بەخۆوە بینی بۆ دامەزراندنی دەزگایەک تەنیا کاری بۆ ئاژانسەکانی هەواڵ دەکرد، بەتایبەتی ئەسۆشیەتد پرێس لە ئەمەریکا، ڕۆیتەرز لە ئینگلتەرا و هاڤاس لە فرەنسا.

## لەدایکبوونی ئۆبژێتی (بابەتی بوون objectivity)

لەبەرئەوەی ئاژانسێکی هەواڵی هاریکار پەیدا بوو بۆ خزمەتکردنی ڕۆژنامە موشتەرییەکان و بووە هـۆی پەیداکـردنی مـوشـتـەریی زیاتر، وای لێ هـات ئاژانس هـەوڵ بدات هـەمـوو موشتەرییـەکانی دڵخۆش و ڕازی بکات، یان لایەنی کەم زۆربەیان، کە زانیارییـان دەویست لەسـەر هـەمـوو پرسـێکی سـیـاسی و گـەرمـوگـوڕ. دڵـخـۆشکردنی زۆربـەی هـەرە زۆری موشتەرییەکان خۆی وەرگێڕا بۆ گواستنەوەی ڕاستییـەکان (facts) کە کەمترین بۆچوونی پەیامنێرانی تێدا بێت. ڕاپۆرتی ئۆبژێتی، کـە شـتێکی نوێ بوو، لەدایک بـوو. نووسـینی هـەواڵێکی کارامە و لێهاتوو بوو بە شانازی و ئەمـەش وای کرد ڕاستییەکان بەرز ببنەوە و بۆچوونەکانیش دابەزن و حسێب نەکرێن لە ناو ڕاپۆرتدا. بەڵام هێشتا کار مابوو بکرێ ئەگەر بڵاوکردنەوەی هەموو هەواڵەکان لە ڕێگەی ئەلەتریکەوە بێت.

پێنی پرێس داوای بەرژەوەندیی هەمـوو کـەسێکی دەکـرد، لۆجیکییـانە واتە دژی هـەر بەرژەوەندییەکی تایبەتیی هەر کەسێک دەوەستایەوە، بێگومان جگە لە بەرژەوەندییەکانی خۆی، کە دەچووە قـاڵبی ئەو دەربڕینانەی کـە سـیاسـەتیـان بەبێ جیاوازی بوو لەبارەی هەمووانەوە.

قوتابخانەی مۆدێرنی ڕۆژنامـەوانی مشتومڕی ئەوە دەکات کە ئایا ئۆبژێتی چی تر باوی مـاوە وەک یەکـەم جـار، سـەری هـەڵدا و ئامـانجـەکانی پێکا، ئامـانجی بەرهـەمێک بوو بۆ ئاژانسـتـەکانی هـەواڵ و بەرهەمی تەلەگـراف بوو. سـەرچاوەی هەوڵەکـانی ڕۆژنامـە بۆ

هەوڵدانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ئۆبژێتی دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو مشتومڕەی کە جۆن میلتۆن فراوانی کرد و دەڵێ: "ڕاستی ئەو کاتە سەردەکەوێ کە بەرامبەر هەڵەیەک بێت"، بۆیە دەبێ هەموو بۆچوونەکان ڕێگەیان پێ بدرێ، ئازادانە دەرببڕدرێن.

ئازادیم بدەرێ بۆ زانین، بۆ ئاخاوتن و بۆ ئەوەی بە پێی ئەقڵم بەئازادی گفتوگۆ بکەم... با ڕاستی لە مەیدان بێت، ئێمە بێ ئەوەی ئاگامان لێ بێت بەهۆی مۆڵەت پێدانی و قەدەخەکردنی، گومان لە بەهێزییەکەی ناهێڵین. لێ گەڕێ با هەبێت و هەڵەش ڕکابەریی بکات. ئەوەی ڕاستی بزانێت با بەخراپترین شێوە لە قسەیەکی ئازاد و کراوەدا بیدرکێنێت.

لە ماوەیەکدا کە بە مانگ حسێب ناکرێت، بگرە بەچەند دەیەیەک، زۆربەی ڕۆژنامەکان ئەوە فێربوون کە ڕێچکەی بێلایەنیی ئەسۆشیەتد پرێس بگرن، شێوازێکی بێلایەنانەی ڕاپۆرت نووسین، بۆچوونیان بۆ سەروتار جێ هێشت. ئەمڕۆکەش زۆر گفتوگۆ و مشتومڕ هەیە لەسەر ئەوەی ئایا ئۆبژێتی وجوودی هەیە یان تەنیا شتێکی خوازراوە و ئارەزووی هەبوونی هەیە.

## پێشفەچوونەکانی زووری تایپ

تەکنۆلۆجیا هەرگیز هەر بە نەگۆڕی نامێنێتەوە، لە ناو پیشەسازییەک. کاتێک ڕۆژنامەکانی نیویۆرک چاپەمەنییە بزۆکەکانی (هۆو)یان چەور دەکرد، ڕۆڵی گەورەی کاغەزی هەڵدەگرت و پارچە لە قالبدراوەکانی دەگوشی، بڵاوکەرەوەکان لە شارۆکە بچووکەکان لە سەرانسەری ئەمەریکا هێشتا مەرەکەبیان دەخستە ناو پەڕێکی تایپکراو بەجارێک بێ ئەوەی پارچە پەڕێکی تەڕی لەسەر دابنێن و دەستێک بەرۆڵی تایپەکەوە بنێن و کاغەزەکەش نزم بکرێتەوە بۆ ئەوەی پێک ڕابگەن. پاش چەند سەعاتێک لەم پرۆسەیە، بڵاوکەر، نووسیار، پرینتەر، وێڕای قۆڵ و باسکێکی ماندوو، کۆپییەکی باشی ڕۆژنامەی چوار پەڕی یان هەشت پەڕییان بۆ ئامادە بوو بۆ تیراژی ژمارەیەک.

سنووره میکانیکییەکان لە سەرەتای دەیەکانی سەدەی نۆزدەدا، زۆربەی ڕۆژنامەکانی بە چوار پەڕی بچووک دەردەکرد. کۆپی سەرووتار بە ستوونی باریک باریک قەرەباڵغ بوو و بە هێڵی شاوڵی چێوە دەکران، ئاگەدارییەکان بە شێوازی تایپی خوازراو چاپ دەکران، بە باشترین شێوە بە وێنە ڕوون دەکرانەوە. هەرچەندە پارچە ئاگەدارییە بچووکەکان گەورەتر بوون لە وێنەکانی ڕوونکردنەوە، ڕۆژنامەکان بە دەگمەن وێنەی گەورەی ڕوونکردنەوەیان بەکار دەهێنا. لە ساڵی ١٨٢٠دا، ڕۆژنامەی لەندەن ئۆبسێرڤە یەک پەڕی بە تەواوی بە وێنە

پڕ دەکردەوە، کە هەوڵ و ماندووبوونی کەمتری دەویست. کێشەکە ئەوە بوو، تێکەڵکردنی کاغەزی خراپ و مەرەکەبی خراپ، وێنەکانی ڕوونکردنەوەیان زۆر لێڵ و تەڵخ دەکرد. ئەوەی ڕاستی بێت ڕۆژنامەکان ئەوەیان ڕەت کردەوە ئاگەداری بە وێنەی گەورە و تایپی گەورە یان ستوونی زۆر بڵاو بکەنەوە، ئەمە دوای دەمێک لە پێشڤەچوونەکان لە پرۆسەکانی چاپکردن، هەروەها نەخشاندنیش ڕێگەی بەو کارە تازانە دەدا. دواجار، ئارەزووی ئاگەداریی شوێن بەدەرکەوتەوە بەڵام ئەمجارە نیازی بازرگانیی لە پشتەوە نەبوو.

پێنی پرێس کە هەر لە سەرەتاوە دوایەمین ئاکامی تەکنۆلۆجیای چاپ بوو. لەدایک نەدەبوو بەبێ ئامێری فۆردرینەر کە تەونێکی بەردەوام و یەکجار زۆری کاغەزی داهێنا، یان بەبێ چاپەمەنیی بزۆکی (هۆی) کە بواری بەکارهێنانی مەرەکەبی لەسەر کاغەز، بەخێرایی و بەهەرزانی ڕەخساندبوو. نەیدەتوانی ئەوەندە گەشە بکا بەبێ پەڕۆی لە قالبدراو کە دەیتوانی تایپ ئازاد بکات و چەندان کۆپیی پەڕێک، تەنانەت خێراتریش بەرهەم بهێنێت.

لە ساڵانی ١٨٧٠ەکان، ڕۆژنامەکان پلێتی بۆیلەر و چاپی ئامادەیان لە خزمەتگوزارییەکانی سەندیکا دەکڕی. ئەوەی پێشتر قاڵبی حەسیر (شتەکان ئامادەبوون بۆ گواستنەوەی تیلماسی جیاکردنەوەی دێرەکان بۆ چاپەمەنی)ی چیرۆکەکان، ستوونەکان یان وێنەکانی ڕوونکردنەوە و ئەوەی دواتر حەسیری تەواوی پەڕەکە بوون. هەردووکیان شوێنیان دەهێشتەوە، بڵاوکەر دەبووایە بەکەرستەی لۆکال پڕی بکاتەوە. هەروەها وێنەی ئەسڵی و بنەڕەتیی ڕۆژنامەکەی دەبڕی و بچووکی دەکردەوە، جۆرێک لە لێکچوونی پەڕەکانی دروست دەکرد کە تا ئێستەش هەر هەیە.

جۆزیف پولیتزەر، پەنابەرێکی هەنگاری، یەکەم بەشی هونەریی ڕۆژنامەی دامەزراند لە ڕۆژنامەی نیویۆرک وێڵد لە ساڵانی ١٨٨٠ەکان. وێنەی زۆر جوانی بەکار دەهێنا، ئەمەش بووە هۆی زیادکردنی تیراژەکان. هێڵی چوارچێوە و پرۆسەی هافتۆن و وێنەی ڕاستەقینە شوێنی هەڵکەندن و لە قاڵبدانی وێنەیان گرتەوە لە هەواڵ و ئاگەدارییەکاندا. گۆوارەکان خێراتر لە ڕۆژنامەکان دەستیان کرد بەبەکارهێنانی وێنەی مۆدێرنی ڕوونکردنەوە؛ چونکە جۆری باشتری کاغەزی گۆوار باشتر و نەرمتر بوو بۆ دانانی وێنە. ئینگلتەرا ڕۆژنامەیەکی وێنەیی هەبوو بەقەد فۆتۆگرافی کۆن بوو، بەڵام پەڕەکانی بۆ چەندان دەیە هەر بەوێنەی لە قالبدراو پڕ دەکرانەوە، چونکە هیچ ڕێگەیەک نەبوو بۆ بەرهەمهێنانەوەی وێنەیەک لە ڕۆژنامەیەکدا.

## فۆتۆگراف لە ڕۆژنامەکاندا

کێشەکە لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا چارەسەر کرا، بەهۆی پرۆسەی هافتۆن (پرۆسەی وێنە شووشتنەوە)وە کە تێیدا فۆتۆگراف خۆی لە خۆیدا فۆتۆگراف بوو، ئەمجارە لە ڕێگەی شووشەیەک دەخرایە سەر پلێتێکی لە زینک دروستکراو. پلێتەکە بە ئەسید دەشۆردرایەوە بۆ جیاکردنەوەی لایە تاریک و ڕووناکەکان. شوێنە ڕووناکەکان، بەهۆی ئەسیدەکەوە خورابوون، مەرەکەبیان نەدەگرت. ئێستە فۆتۆگرافی و چاپ بە تەواوی تێکەڵی یەکتر بوون. بۆیە هونەری ڕۆژنامەوانی وێنەی خێرا بەدوایدا هات.

لە چەند ساڵێکی کەمدا، ڕۆژنامە بە تەواوی گۆڕا. لە سەدەی نوێدا، ئامێرەکانی لینۆتایپ شوێنی تایپی هاندسێتیان گرتەوە لە ژووری تایپدا، دووکانی دواوەی شاری گەورەی ڕۆژنامەکان، لە کاتێکدا تایپڕایتەر شوێنی قەلەمی پەیامنێرانی گرتەوە لە پێشەوەی دووکانەکە. هەروەها لەسەر مێزی پەیامنێران، لە تەنیشت تایپڕایتەر، تەلەفۆنێک هەبوو. لەسەر ڕەفکەیەکی نێزیکدا، ڕەنگە کامیرایەکی لێ با. چارەگە سەدەیەک دواتر، لە پشت دەرگە، تەلەتایپ دانرابوو بۆ نووسینی هەواڵە دوورەکان.

کۆتاییی سەدەی نۆزدە فراوانبوونی زنجیرەی ڕۆژنامەی بەخۆوە بینی. ئەو ڕۆژنامانەی هی خێزانێک بوون بە دەستەی ڕۆژنامەکان فرۆشران، هەروەها ئەمە هەندێ جار بووە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی میدیا کە لە ماوەی سەدەیەکدا چەندان فۆرمی جیاوازی چاپ و گەیاندنی ئەلیکترۆنیی لە خۆ گرت بۆ ئامادەکردنی هەواڵ بۆ سەر هێڵی خێرای زانیاریی گەیاندن.

لە دەیەکانی دوای شەڕی جیهانیی دووەمدا، ڕۆژنامەکان لە قاڵبی چاپ کراوەوە گۆڕان بۆ سیستمی ئۆفسێتی لیسۆگرافی. ئەمڕۆ، هیچ ڕۆژنامەیەکی سەرەکی یان بە دەگمەن ڕۆژنامەیەکی بچووک نییە پشت بە لیدێکی گەرموگوڕ نەبەستێت. سادەیی، قایلکەری و نرخی کەمی فۆتۆ دانان، هەموویان زۆر ڕوون و ئاشکران.

جاری یەکەم، سیستمی تایپی تەلەگرافی بەکار دەهات، بۆ گەیاندنی ئەو تێکستانەی بەهۆی وایەری خزمەتگوزارییەکانەوە یان لەلایەن پەیامنێرە لۆکالەکانەوە دەنووسران. ئەمانەش سیستمی زۆر کۆن بوون. هیچ کۆمپیوتەرێک تێکستی بۆ کۆمپیوتەرێکی تر نەدەنارد.

لە سۆنگەی پێشکەوتنە تەکنۆلۆجییەکانی سەدەی نۆزدە لە بواری چاپەمەنییەوە، ستیریۆ تایپ، فۆتۆگرافی و لیسۆگرافی تێکەڵ کران بۆ گۆڕینی بەرهەمی ڕۆژنامە ڕۆژانەکان کە

ڕەنگە گۆتنبێرگیش ئەم بەرهەمەی بەنامۆ زانیبا کە بەهیچ شێوەیەک لەو بەرهەمەی ئەمڕۆ نەدەچوو کە ئێستە هەموو بەیانییەک لەسەر مێزەکانمان دەیبینین. داهێنانەکانی تریش دەستیان هەبووە لە دروستبوونی ڕۆژنامەی مۆدێرن، لە سەرووی هەموویانەوە تەلەگراف و تەلەفۆن، کە ڕاپۆرتە هەواڵەکانیان دەگوێزایەوە، هەروەها کۆپیکردن کە وێنەی دەگواستەوە، هێڵی شەمەندەفەر و ئۆتۆمۆبێل وباڵەفڕ کە ڕۆژنامەکانیان دەگواستەوە. تایپڕایتەر و کۆمپیوتەر زۆر گرینگ بوون لە گەیاندنی زانیاریدا، گڵۆپی کارەبایی کارکردنی بە شەو ئاسایی کرد، بەڵام واشی لە خوێنەر کرد کە دوای تەواوبوونی کاری ڕۆژی بە ئاسانی لە شەودا ڕۆژنامە بخوێنێتەوە.

## ڕۆژنامەوانیی ئازاد

تەکنۆلۆجیا زیاتر بەرپرسیار بوو لە زۆری ڕۆژنامە و پێنی پرێس، کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا بوو بە ڕۆحی شۆڕشی گەیاندنی جەماوەری. نەتەوەیەکی نوێ و فراوان هەوای پاکی تاکگەراییی هەڵمژی، لە ئاکامی سەرمایەگوزاریی بازاڕی ئازاد و دیموکراسیدا سەربەخۆیی سیاسیی بەدەست هێنا. ئەمە کەشوهەوایە پرۆژەی نوێی ڕۆژنامەوانیی هێنایە گۆڕێ. ئەوەی کە بوونی نەبوو لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا برێتی بوو لە ترسی سیاسی کە دەبێتە هۆی ئیفلیجبوونی ڕۆژنامە.

لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا، فراوانبوونی پەروەردەی خۆڕایی و ئیجباری، وێڕای گەشەی کتێبخانە ئازادەکان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی خوێندەواری فرۆشی کۆوار و ڕۆژنامەکانی زیاتر کرد، تەنانەت ئەگەر خوێنەر حەزی لە شتێکی سادەش بووایە. ڕەنگە ئاوا وردتر دەبین ئەگەر بڵێین گەشەی خوێندەواری ئاگری گەشەی ڕۆژنامەکانی خۆشتر کرد، لەچاو ئەوەی بڵێین ڕۆژنامەی هەرزان و سادە و ساکار بووە هۆی زۆربوونی خوێندەواری.

ئەو ڕۆژنامانەی بەیەک پێنی بوون... وای لە ڕۆژنامە کرد بۆ ماڵەوە بکڕدرێت نەک لە یەکتریی وەربگرن و لە یانەکاندا بخوێننەوە.

لە ماوەی سێ دەیەدا لە ١٨٧٠وە بۆ ١٩٠٠، ژمارەی فرۆشی ڕۆژنامەی ڕۆژانە شەش هێندە زیادی کرد. ژمارەی ڕۆژنامە ڕۆژانەکان چوار هێندەی لێ هات.

هەر تەنیا ستوونەکانی ڕاپۆرتە هەواڵەکان نەبوون کە خۆیان لە قەرەی پرسە سیاسیی و پرسە کەسییەکان دەدا. بۆچوونە گشتییەکان و ستوونووسە سیاسییەکانی وەک Dear Abbey کاریان لە ڕای گشتی کرد. هەروەها هەڵبژاردنی فۆتۆگرافەکان و پەڕی کارتوونی

سەروتاریش کاریگەریی خۆیان هەبوو. هەروەها هێڵ و نووسینی کۆمیدی، لە ئۆرفانی ئانی پارێزکارەوە بگرە تا دەگاتە دونسبێری لیبرال کاریگەرییان لە سەر ڕای گشتی هەبوو.

## ڕۆژنامەوانیی کۆنترۆڵکراو

ڕۆژنامەکان پەمپی زانیاری بوون بۆ جیهان. لە سەدەی هەژدەدا لە ئەمەریکای باشوور و ئاسیادا پەیدا بوون، لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا لە ئەفریقیا هاتنە کایەوە. گەلێ لەو ڕۆژنامانە بوون بە دەنگی گرینگ و بەهێز، نەک هەر تەنیا زانیارییان بەو ڕۆشنبیرانە دەدا کە تینووی هەواڵ بوون، بگرە کاریگەرییان هەبوو لەسەر سەرکردەکانی دارایی و حکوومەت، کاریگەرییان لە ڕەوتی مێژوو کرد. تەکنۆلۆجیا دەبێ هەردەم بەشێک بێت لە مەسەلەکە.

ئەو میتۆدەی کە بەهۆیەوە ڕۆژنامەکان بەرهەم دەهێنران و دابەش دەکران هەردەم ئەو ئەرکانەیان قووڵتر کردووەتەوە کە ئێستە پێیان دەگوترێت مەرجی ئەخلاقیی ڕۆژنامەوانی. زانیاریی میدیا بوو بە واقیعی ناو کۆمەڵگە، چوونە ناو پرۆسەکانی حکوومەتەوە، هەروەها ئەو زاراوانەیان داهێنا کە گوزارە لە پێوەندیی نێوان دەسەڵات و خەڵک دەکەن، تەنانەت لە کۆمەڵگە تۆتالیتارییەکانیش.

لەو وڵاتانەی سیستمی حکوومەتیان ڕەها بوو، جا باڵی ڕاست یان چەپ بێت، جۆرێکی جیاوازی ڕۆژنامە پێشڤە چوو. ئەو ڕۆژنامانە زۆر سیاسی بوون و سیاسینە، تەنیا بۆچوونەکانی حکوومەتیان بڵاو دەکردنەوە و دەکەنەوە. لە کۆمەڵگە کۆنترۆڵکراوەکاندا، ڕۆژنامەکان شانبەشانی ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن، کۆوار و کتێبەکان هەرگاڤ زۆر گرینگ و زۆریش مەترسیدار بوونە ڕێگە بدرێت بە نووسیار یان بڵاوکەر یان نووسەر شتێک یان لێدوانێکی خەتەر بڵاو بکاتەوە. ناوەندەکانی گەیاندن بە چەکی حکوومەت دادەنران، وەک سیستمی پەروەردە، یان وەزارەتی کشتوکاڵ کە تەنیا لە ژێر ڕکێفی یەک دەسەڵاتدا کاریان پێ دەکرا.

پێوەندیی ناکۆکی نێوان ڕۆژنامەوانی و حکوومەت، لە ناو کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا نرخی هەبوو. هەر ئەو پێوەندییەشە ڕۆژنامەی وا لێ کردووە بەئالیەتی چاودێریکردن و ڕێبەریکردنی خەڵک دابنرێت. هەواڵ زۆر گرینگ نییە بۆ ڕۆژنامەیەکی کۆنترۆڵکراو. چۆنیەتی تێگەیشتن لە هەواڵەکە هەردەم زۆر گرینگ بووە بەلای حوکمڕانە ڕاڕا و بەدگومانەکانەوە.

## ئافرەت دەتوانێت تایپ بکات

ئەو تایپڕایتەرەی کە چەندان ساڵ زۆر بەچاکی خزمەتی ئێمەی کرد، ئێستە لە کار کەوتووە و لە کۆگای دەزگاکاندا یان لە ناو کۆنەی ناوماڵەکاندا تۆزی لەسەر نیشتووە. لەو شوێنەی ئەو ئێستە کۆمپیوتەرێکی لێیە، مۆدێرنتر و جیاوازتر دێتە پێش چاو بەدەر لە جۆری کیبۆردەکەی کە لە هیی تایپڕایتەر دەچێت. زەحمەتە بهێنینە پێش چاومان کە تایپڕایتەر بەشێک بووە لە هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام کرۆکی چەندان گۆڕانی گرینگ بووە لە شێوازی ژیانی ئێمەدا. تایپڕایتەر بووە هۆی بنیاتنانی ئۆفیسی بازرگانی. دەکرێ بگوترێ تایپڕایتەر ناوەندە مۆدێرنەکانی گەیاندنی بازرگانیی هێنایە ئاراوە. تایپڕایتەر ڕێزمان و ڕێنووسی گرینگ کرد و هەر ئەویش وای کرد فەرهەنگەکان بفرۆشرێن.

## یارمەتیدانی هێنانە دەرەوەی ئافرەت

گرینگتر لە هەمووان، تایپڕایتەر یارمەتیی ئافرەتی ئازادی دا چی تر چاوی لە دەستی پیاو یان خێزانەکەی، باوکی، برای، مێردی، مام و خاڵی و باوەمێر و بێوەژنەکان نەبێت بۆ پارە. وای کرد ئافرەت بێتە دەرەوە و لە ناو دەزگاکان کار بکات. هەروەها هۆکاری تریش هەبوون ڕۆڵی خۆیان گێڕا. مشتومڕ لەسەر ئەوە هەیە کە داوا بۆ فەرمانبەریتی، نەک تایپەڕایتەر، ئافرەتی هێناوەتە دەرەوە بۆ ناو دەزگاکان.

گڵۆپی گازیی سەر شەقامەکان، کە شەقامەکانی بۆ ئافرەت سەلامەتتر کرد تا لە قوتابخانەی ئێواراندا دەوام بکەن، بەشێک بوون لە دروستکردنی سەربەخۆیی بۆ ئافرەتان. هەر کامەیان هۆکارێکی زۆر گرینگتر بێت لەوانی تر، بە ئافرەتکردنی فەرمانبەرەکان ئاوەکانی کۆتاییی سەدەی نۆزدەی شێلو کرد، ئێستەش ئاوەکان هەر شێلو دەکات لە کاتێکدا پێمان ناوەتە سەدەی بیست و یەک. داهێنان و بڵاوبوونەوەی کەلوپەلەکانی ناوماڵ وەک سەلاجە و قاپشۆر بووە، هۆی ئەوەی ئافرەت زیاتر ببێتە تایپڕایتەر. کاری تایپکردن ئامادە بوو لە سەرەتای بزووتنەوەی ئافرەتان کە دەرگەی پێشڤەچوونی لەسەر نیوەی کۆمەڵگە والا کرد. دەرگەکە ئێستەش بەتەواوی نەکراوەتەوە، تەنانەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش، بەڵام کێلۆنەکە شکێنراوە.

بڵاوبوونەوە لە ڕێگەی جیهانیی بازرگانیی تایپڕایتەرەوە، چەندان کارمەندی تری پێویست بوو کە یەکەم جار خۆیان ناسرا بوون بە تایپڕایتەر، ئەمەش بووە هۆی بەرپابوونی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی کە ئاکامی زۆر پێشبینینەکراوی لێ کەوتەوە. هەندێ

پێیان وایە کە هیچ شتێک بەقەد ئەوە گرینگ نەبووە کە لە چارەکی کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا ئافرەت لە پشتی مێزێکەوە دانیشتووە و تایپی کردووە. هۆکاری ئەمەش برێتی بوو و برێتییە لە گەیاندنی پەیامەکە.

## ئۆفیسە کۆنەکە

ئۆفیسی بازرگانی لە ١٨٧٠یەکاندا زۆر لەم سەردەمەی ئێستە جیاواز دەهاتە بەرچاو. ئەلەمنیۆمی پێویست نەبوو، پێش سەردەمی کارەبا، دارە ڕەنگ تاریکەکان یارمەتیدەر بوون لە شاردنەوەی ئەو چڵک و بۆراتیی و دووکەڵەی بەهۆی چرا نەوتییەکانەوە لەسەر مێزەکان دەنیشت. مێزی بە چەکمەجە زۆر پێوانەیی بوون. دەفرەکانی تف ڕۆکردن گۆشەکانیان داگیر کردبوو. هیچ ئامێرێکی لێ نەبوو، هیچ ئافرەتێکی لێ نەبوو جگە لەو نووسەرەوانەی کە لە شەودا ڕەنجیان دەکێشا. بازرگانەکان و فەرمانبەرە پیاوەکان نامەیان دەنووسی بەو پێنووسەی کە جارجارە لە شووشەیەکی پڕ مەرەکەبیان هەڵدێنا بۆ نووسین. پێش ئەوەی کاغەزی کاربۆنی بێتە ئاراوە، نامەکانیان کۆپی دەکرد بەهۆی تەڕکردنیان لەگەڵ پەڕۆیەکی تەڕ و بە ڕووی کاغەزێکی بەتاڵیانەوە دەنووساندن. کوڕەکانی ناو ئۆفیس نامەکانیان بۆ ئۆفیسەکانی تر یان بۆ نووسینگەی پۆستە دەگواستەوە.

تایپڕایتەر لە کارکردنی یەک ڕۆژیدا زۆر زۆر ماندوو دەبوو؛ چونکە هەمووی بەدەست دەنووسی. هەروەها شوێنی دەستنووسیشی گرتبووەوە. بەڵام لەبەرئەوەی پیاوی گەنج بە پارەیەکی کەم ئەو کارەی نەدەکرد، دواجار ئافرەت بازنەکانی شکاند و بە پارەیەکی کەم لە ناو ئۆفیسەکاندا بە تایپڕایتەر کاری دەکرد. گەیشتنی ئافرەت بەناو ئۆفیسەکاندا بووە هۆی گۆڕانی شتەکانی تری ناو ئۆفیسەکان. ئیتر دەفری تف ڕۆکردن نەما. ئەو دارە تاریکەش نەما کە هەموو چڵکی ئۆفیسی هەڵدەگرت و دەشاردەوە.

کاتێ یەکەم شەپۆلی تایپیستی ئافرەت هاتە ناو ئۆفیسەکانی کارەوە لە ساڵانی ١٨٩٠ەکان، کارگەکانی دروستکردنی دەفری تف ڕۆکردن ڕوویان لە تاریکی کرد و هێماکەیان خوێندەوە. لەم کارەیاندا ڕاست بوون. لەوەش گرینگتر جلوبەرگی جوانی ئافرەتان لە ناو ئۆفیسەکاندا بووە هۆی شۆڕشی جل دروستکردن لە کارگەکاندا. چیی لەبەر کردووە؟ هەموو کچە جووتیارێک حەزی لێ بوو گوێ بگرێت لەوەی کچە تایپیستەکان چی لە بەر دەکەن. چونکە ئافرەتی تایپیست بوو بەمرۆڤێکی لێهاتوو کارامە. بوون بە مۆدێل. ئەوانیش حەزییان لێ بوو شێوازی تازەتر بهێننە ئاراوە. جگە لە کارەکەی، تایپیست کارێکی نوێی هێنایە ناو کۆمەڵگەوە ئەویش دروستکردنی جلوبەرگ بەجوانترین

شـێـوە، هەر ئەمـەش بوو کـە ئافـرەتی تـایپـڕایتــەر بوو بەبابـەت لای هەمـوو کـارگـەیەکی میکانیکیی جل دروستکردن.

## داهێنانی ئامێرێکی نووسین

لە ســاڵی ١٧١٤دا، ئەندازیارێکی ئینگلیــز بەناوی هێنری مــیڵ بۆ یەکـەم جـار لەلایەن حکوومەتەوە مـافی پێ درا بۆ دروستکردن و فرۆشتنی ئامێرێک کە پیتەکانی یەک لە دوای یەک لەسـەر پەڕە کـاغەزێک دەنووسی، هـەرچەندە هیچ تۆمـارێک نییە بڵێت ئەو ئامـێرەکەی دروست کردووە. زیاتر لە نیو سەدە پاشتر چەندان کـەس کەرسـتـەی ئامێری نووسـینیـان دروست کرد کە لە ناویاندا نەمساوییەکە، سویسرییەک، فرەنسییەک و ئیتاڵییەک هەبوون.

پاڵنـەرێکی بەهـێـز لە پاڵ دروســتکردنی ئەو ئـامـێـرە سـەرەتـاییـیـانـە هەبوو: نووســینی پیـتـەکـان لـەسـەر کـاغـەز، تەنانـەت کـوێریش دەیتـوانی لە ڕێگەی سـەر پەنجـەکـانیـیـەوە بیـخـوێنێـتـەوە. ئەو پێشکەوتنانەی لە کـارەکان بەسـوود بوون بۆ جیـهـانی بازرگانی (وەک خێرایی نووسین یان سانا کارکردن) بۆ مـاوەی سەدەیەک پشتگوێ خـران. بەکارهێنانی ئامـێرەکان وەک ئـالیـەتێکی کـارکردن ئەو کـاتە زۆر بەرز نرخێنرا، کـاتێ نـرخی قـەڵەم بوو بەیەک پێنی.

پاڵەپەستۆ بۆ بەرهەمهێنانی ئامـێرێکی چاکتری نووسین دوای فراوانبوونی هێڵەکانی تەلەگـراف هات، سـیـمـبـولێک بوو بۆ خـێـراکـردنی ڕەوتی شـۆڕشـی پیـشـەسـازی. کـاتێ تەلەگرافـەرێک دەیتوانی بە کـاتێکی زۆر کەم پەیامـێک بنێرێت و دەشیـتوانی هـەر بەخێرایی لە کۆد و ناوەڕۆکی پەیامە هاتووەکان بگات، نەیدەتوانی زۆر بە خێرایی بینووسێت. بیرۆکە لە بیـرۆکـەی تر لـەدایک دەبوو کـاتێ داهێنـەرەکـان لە ڕێگەی باشــتـربوونی تۆڕەکــانی گـەیاندنەوە گـوێیـان لـە شت دەبوو یان دەیانخـوێندەوە لەبارەی هەوڵەکـانی دروسـتکردنی ئامـێرێک کە بتـوانێت پیت ڕاسـتـەوخـۆ لەسـەر کـاغـەز تایپ بکات. زۆرێک لـە داهێنەران دەسـتیـان تاقی کردەوە، بەڵام یان دیزاینەکە یـانیش جۆری کارەکە خراپ بوو. هیچ یـەکێک لە داهێنانەکانیان سەرکەوتوو نەبوون.

پیـاوێکی فرەنسی لە سـاڵی ١٨٣٣ مـافی پێ درا بۆ دروسـتکردنی ئامـێرێکی نووسین کە تێیدا کـاغەز جێگیر دەبوو، بەڵام ئامێرەکە دەجووڵا، بیرۆکەیەکی پێش ئەو سەردەمە بوو، بیـرۆکـەیەک کـە IBM سـەدەیەک دواتر لەدایک دەبێت لەگـەڵ جـۆرە ئامـێـرێکی خـڕ. چەند ســاڵێک دواتر، فـرەنسـییـەکی تر ئامـێـرێکی نووسـینی داهێنا کە بـەپیـانـۆ دەچوو، دواتر داهێنانێکی ڕووسی بەدوادا هات کە زیاتر لە ئامێری وشککەرەوە دەچوو.

## ئامێری شۆڵز

پەنجا و دووەمین ئامێری نووسین کە مافی دروستکردنی پێ درا جیاواز بوو. کریستۆفەر شۆڵزی داهێنەر، پرینتەر و نووسیاری ویلایەتی میلاوکی بوو، بە باوکی نووسینی تایپی مۆدێرن دادەنرێت، هەرچەندە چەند هاوڕێیەک یارمەتییان دا لە دروستکردنی یەکەم تایپڕایتەر لە ساڵی ١٨٦٧ . بیرۆکەکەیان ئەوە بوو ڕوویێکی تایپەکەیان بە قەبارەی دەزوویەکی باریک بڕێ کە دەیتوانی لە شوێنێکی دیاریکراوی کاغەز بدات وەک دەزووەکانی پیانۆ. پارچە کاغەزێک بە پلێتێکی شووشەوە دەنووسێنرا لەگەڵ پارچە کاربۆنێک لە پشتەوەی، لەگەڵ هەر کلیلێک کە لە دواوە بۆ پێشەوە دەجووڵایەوە پیتێک دەنووسرا. میکانیزمی کارکردنی سەعاتی کاغەزەکەی بە درێژاییی ئامێرەکە پاڵ دەدا. شۆڵز ناوی لە ئامێرەکەی نا تایپڕایتەر. پێش ئەوەی تەواو بن، خۆی و هاوڕێکانی نێزیکەی پەنجا مۆدێلی جیاوازیان ئامادە کرد.

لە ساڵی ١٨٧٣دا، ئەو ئامێرەی کە گرووپەکەی شۆڵز بەردەوام باشتریان دەکرد بە تایپڕایتەرێکی مۆدێرن دەچوو. بۆردێکی کلیلی هەبوو لە چوار ڕیز پێک هاتبوو لەگەڵ پیتەکان، ژمارەکان و خاڵبەندی، تاڕادەیەک وەک ڕێکخستنی ئەم سەردەمەی ئێمە بوو. دەفرێکی تەنکی ڕەش ئامێرەکەی دادەپۆشی. کاغەز لە دەوری سلیندەرێک دەپێچرا کە بۆ پێشەوە و دواوە دەچوو. جیاوازیی سەرەکی لە تایپڕایتەرە مۆدێرنترەکان ئەوە بوو کە شریتی تایپەکە دەچووە پێشەوە بەرامبەر خوارەوەی ڕۆلەرەکە لە ناو ئامێرەکەدا. لەبەرئەوەی کەسەکە پرینتەرەکەی نەدەبینی و نەیدەزانی چ تایپ دەکا، تا هێڵی سێیەم یان چوارەم ئینجا نووسینەکەی لێ بەدیار دەکەوت.

یەکەیتی ڕۆئاوایی (وێستەرن یونیەن) داوای ژمارەیەکی زۆر ئامێری کرد بۆیە شۆڵز و هاوکارانی پەنایان بردە بەر کۆمپانیای ڕێمنیگتۆن، کە چەکی دروست دەکرد، ئامێرەکانی دەبەست و ئامێری کشتوکاڵیی دروست دەکرد، کە هەموو بەرهەمەکان پێویستیان بە تەواوی کەلوپەلەکانیان بوو بۆ بەستنیان. میکانیکی ڕێمینگتۆن دیزاینی شۆڵزی باشتر کرد، تایپڕایتەرەکەی لەسەر ستوونێک دانا، هەروەها پەیدانێکیشی بۆ دانا بۆ هاتوچۆ وەک عارەبانە. لە ناو ئەوانەی کە سەرسام بوون بەتایپڕایتەر مارک توێین بوو، کە ڕۆمانی (تۆم سەیوار) یەکەم ڕۆمان بوو تایپ کرا.

لە ماوەی ٢٥ ساڵی داهاتوودا، تایپیستەکان خۆیان پێیان گوترا تایپڕایتەر، وەک ئامێرەکان وا بوون. چونکە داهاتووی تایپڕایتەر (ئامێرەکە) لێڵ بوو و مووچەی تایپیستەکانیش زۆر نەبوو، هەموو گەنجێک حەزی لێ نەبوو بەو پیشەیە دەست پێ بکات.

## ئافرەت گوزارەیە لە کار

لە ساڵی ١٨٨١دا، لقێکی YWCA لە شاری نیویۆرک بیرۆکەیەکی داهێنەرانەی هەبوو، ئەویش هەشت ئافرەتی گەنجی فێری تایپ کرد بۆ ئەوەی بچنە ناو جیهانی کارەوە. هەندێ ڕەخنە لەو هەوڵە بوێرانەیە گیرا، چونکە ئەمە گوزارە بوو لەوەی ئافرەت تەواوی ڕۆژ لە تەک ئەو پیاوانە کار بکەن کە قەد نەیاندەناسین و هیچ چەشنە پێوەندییەکیان پێکەوە نەبووە. هیچ کامیان سڵیان نەکردەوە لە خولێکی شەش مانگیی فێربوونی تایپ. هەر هەموویان بە خێرایی لە فەرمانگە بازرگانییەکان وەرگیران.

ئەم تەکنۆلۆجیا نوێیە، ئامێری نووسین، دەرگەی کاری والا کرد. مووچەی لەو کارانەی تر زۆرتر بوو کە بۆ ئافرەتان هەبوو، هەروەها هەلومەرجی کارکردنیش خۆشتر بوو. ئەمە یەکێک لەو کارە دەگمەنانەی بۆ ئافرەتان کە دەبووایە ئافرەتەکە خوێندەواریی هەبێت. ئافرەت لە سەرانسەری وڵاتدا ڕژانە ناو فەرمانگەکان. نەک هەر تەنیا بوونە تایپیست، بگرە نووسەری دەستخەت و سکرتێرەیان لێ دەرچوو، کە دوو کار بوون تایبەت بوون بە پیاوان. هەندێ ئافرەت، هەستیان کرد بەو کارە نوێیە پارەی زیاتریان دەس دەکەوێت، بۆیە خۆیان چوون دەزگای تایبەتیان کردەوە تایبەت بە تایپکردن و نووسینی دەستخەت. ئامادەبوونی ئەوان هانی ئافرەتی زیاتری دا و ژمارەیەکی زۆرتریان چوونە ناو فەرمانگە بازرگانییەکان بۆ کار.

ئێستە بازاڕی تایپڕایتەر تەقییەوە. تایپڕایتینگ لە ساڵانی ١٨٨٠ەکان بۆ یەکەم جار گەیشتە ئەوروپا و دواجار تەواوی جیهان. چین و ژاپۆن پاشکەوتن، چونکە بۆ ئەوان زەحمەت بوو تایپڕایتەرێکی ١٠ هەزار کارەکتەری دروست بکرێ بۆ زمانەکەیان.

وردەوردە تایپڕایتەر باشتر دەبوو. ڕێمینگتۆن توانیی کلیلی سمۆڵ و کەپیتاڵ دروست بکات. جۆت تی ئاندەرود تایپڕایتەرێکی دروست کرد کە بۆ پێشەوە پیتەکانی دەنووسی، بەم شێوەیەش کەسەکە لە کاتی نووسیندا پیتەکانی دەبینی. لە ساڵی ١٩٠٦دا، کۆمپانیای تایپڕایتەری ڕۆیال یەکەم تایپڕایتەری خۆی بەرهەم هێنا، کە لە بازاڕدا لە پێش هەموو شتێکەوە بوو. لێدانی پیتەکان بە تەواوی دیاربوو لە کەسەکە. تا کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی، نێزیکەی سەد کۆمپانیای تایپڕایتەر دەستیان بە کار کردبوو.

کەرستە و ئامێرەکانی تری کار دوای تایپڕایتەر کەوتنە ناو ئۆفیسەکانەوە: کاغەزی کاربۆنی، شریتی چاپی مەرەکەبدار، ستێنسیڵ، ئامێری ڕاستکردنەوە، میمۆگراف، ئامێری زیاد کرد، ئامێری ژماردن، ئامێری زەرفی نامە، ئامێری چێکی نووسین و

سندووقی پۆستەیی. جگە لە سەرسامییەکەی، توانای گەیاندن بە ڕوونی لەسەر کاغەز لە ڕێگەی تایپەوە بوو بە پێوەرێکی کار. قوتابخانە بۆ فێرکردنی تایپ کرانەوە، قوتابخانە حکوومەتییەکان کلاسی تایپیان کردەوە، پێشبڕکێ ساز دەکرا بۆ خێراترین کەس لە تایپ. لە ساڵی ١٩٤١دا، تۆماری تایپڕایتەری دەستی ڕەشاشێک بوو لە یەک خولەکدا ١٤٢ وشەی دەنووسی.

ئاسایی بوو کە زۆریی تایپڕایتەر دواتر لەگەڵ خێرایی تەلەگراف تێکەڵ کرا بۆ ناردنی پەیام بۆ شوێنە دوورەکان. ئاکامی کردەیی لە ساڵانی ١٩٢٠ەکان بریتی بوو لە تەلەتایپڕایتەر، کە زۆر هاوڕێ بوو لەگەڵ نەوەی ڕۆژنامەنووسان. هەرچەندە ئامێری کۆپیکردن و پرینتەری کۆمپیوتەر کە چەندان پێوەری مۆدێرنیان هێنا کایەوە و چەندان داتایان هەڵدەگرت، ئێستەش لە سەرانسەری جیهان تەلەتایپ هەر بەکار دێت، نەک هەر تەنیا لە ناو ڕۆژنامەکاندا بگرە لە فەرمانگە حکوومەتییەکانیش، بازرگانەکان، ئاژانسەکانی گواستنەوەی کەلوپەل و بەشەکانی کەشناسی.

## کوێرتی QWERTY

بابەتی تایپڕایتەر نابێ بەبێ ناوهێنانی ڕێکخستنی کیبۆردەکەی بەجێ بهێڵرێت. تایپڕایتەرەکان و کیبۆردەکانی کۆمپیوتەر کە دواتر بەکار هات پێی دەڵێن ڕێکخستنی کوێرتی (QWERTY)ی پیت و ژمارەکان. ئەم ناوەش لەوەوە هاتووە ئەگەر سەیری سێیەم ڕیزی کیبۆردی کۆمپیوتەر بکەیت بە پیتەکانی Q W E R T Y دەست پێ دەکات. زۆربەی کیبۆردەکانی پێشوو بەپێی ڕیزبەندی ئەلفوبێوە دروست کرابوون بۆ ئاسان فێربوون. پێش داهێنانی کلیلی گۆڕاو، کلیلی پیتی سمۆڵ و کاپیتاڵ جیاواز بوون.

کریستۆفەر شۆڵزی داهێنەر و براکەی کیبۆردێکیان دروست کرد بۆ ئەوەی دوو جووتی پیتێک لەسەر یەک کلیل بنووسرێت. لە ساڵی ١٨٧٣دا، شریتەکانی تایپ لە پێشەوە بوون و ئاسان جامیان دەکرد. دواتر کیبۆردی کوێرتی دانرا بۆ ئەوەی ئەو شریتانەی کە پیتەکانیان هەڵگرتووە کە زۆرجار بە تێکەڵاوی دەچنە سەرەوە وەک (th, ti, ie, as) یان زۆرجار پێکەوە وەک (and, or,of,as,the) دەردەکەوتن، بێنە کاتی چاپکردن بە ئاراستەی پێچەوانەی یەکتر. وێڕای ئەمەش، ڕێکخستنی ئەم کیبۆردە دەستی چەپان زیاتر دەخوازێت لە کاتێکدا زۆربەی کەسەکان ڕاستەن. بۆ نموونە پیتی a دەبێ بێهێزترین پەنجە بینووسێت، لە کاتێکدا کە پیتی j لە هەموو پیتێک کەمتر بەکار دێت، دەکەوێتە خوارەوەی پەنجەی بەهێزی مرۆڤ.

ئەمڕۆکە تایپڕایتەری خێرای کارەبایی و کیبۆردی ئەلیکترۆنیی کۆمپیوتەر هیچ بەربەستێکیان لە بەردەم هێواشیی نووسیندا نەهێشتووەتەوە. زۆر ڕێکخستنی هەستیارتر پێشنیاز کراون بە تایبەتی کیبۆردی دڤۆراک Dvorak بەڵام خەڵکی بە گشتی بەم کیبۆردەی ئێستە ڕاهاتوون بۆیە ڕەنگە هەر لەگەڵ ئەودا ڕێ بکەن.

ڕەنگە تایپڕایتەر وەک ناوەندێکی گرینگی گەیاندن لە سەروبەندی مردنی بێت، بەڵام بە چەندان ڕێگەی واتاداردا وەک هێمایەک هەر دەمێنێتەوە.

## "گەر هەر کەسێک ئارەزووی لێ بێت..."

ئەگەر هەر ناوەندێکی گەیاندن وجوودی هەبێت کە بتوانێت ژمارەیەکی بێ شومار پەیام لە ڕێگەی ناوەندەکانەوە بۆ خەڵکێکی زۆر بنێرێت، ئەوا ئەمە ئاگەداری بووە. لە ناو ئەو پەیامانە ئاگەدارییەکان بوون کە پەرەیان بە سیفەتی کاندیدەکان دەدا بۆ پۆستە سیاسییەکان و لایەنە باش و خراپەکانی پرسەکانیان دەخستە بەردەم کۆمەڵگە. هەر کەسێک گومانی هەبێت لە ئارەزووی یەکسانی، دەبێ ئەوە بێنێتە بەرچاوی کە چی وجوودی هەبووە لە کۆمەڵگە ئازاد و کراوەکاندا. کۆمەڵگەیەک بێنە بەرچاوت، تێیدا چەند کەسێک ڕێگەیان پێ بدرێت ژمارەیەک کاڵا و خزمەتگوزاریی ئاگەداری بکەن، ئەوا بێگومان ئەو کاندیدانەی تێدا نییە کە بۆ پۆست یان پرسە سیاسییەکانی ڕۆژگار ڕکابەری یەکتر دەکەن.

## دروستکردنی داوا

شۆڕشی پیشەسازی، کە گەلێک جۆری کاڵای بۆ چینی کرێکار هێنایە کایەوە، پێویستی بە شتی زیاتر لە بەرهەمی جەماوەری و دابەشکردنی جەماوەری هەبوو. هەنگاوی دواتری زنجیرەکە، بازاڕی جەماوەری پێویستی بە ئاگەداری بوو، نەک تەنیا بۆ ڕاگەیاندنی بوونی کاڵاکان، بگرە بۆ قایل کردنی کڕیارەکان کە پارەکەیان لەو کاڵایەدا سەرف بکەن. ئاگەداری دەبووایە داوا دروست بکات.

پێش ئاگەداری، کە ناوەندیی بڵاوکردنەوەی بڕێکی زۆری کاڵایە، بێ وێنەیی کاڵایەک سەرچاوەی فرۆشتنی بوو، بۆ نموونە ئافرەتێک لە ڕێگەی کارتۆنێکەوە دەزانێت کە ئافرەتێکی تر چ کڵاوێکی لەسەر کردووە. ئێستە، چەند نەوەیەک دواتر، کچ و کوڕانی نەوەی ئەو ئافرەتە لە ناو کابۆیەک نامرن ئەگەر لە ڕێگەی هاوڕێیەکییەوە یان ئاگەدارییەکەوە نەیبینن. ئاگەدارییەکان باسی کاڵا تازەکان دەکەن.

ئاگەداری شوێنی بریکاری فرۆشتنی گرتووەتەوە، بەڵام ئاگەداری زۆر یارمەتیی فرۆشتن دەدات.

نیشاندانی سەرەتاییی فرۆشیار کەسی و تایبەتی بوو: ئەمە فیتە بۆ تۆ (تاک)... بەڵام نیشاندانی ئاگەداری بۆ هەمووانە: ئەم کڵاوە فیتە بۆ ئێوە (کۆ)... ئاگەداری ئەو کاتە سەرکەوتنی بە دەست هێنا کە توانیی بەکاربەران قایل بکات و کاڵاکانیان پێ بناسێنێت.

تەپڵ لێدەرێک لەگەڵ پارچەیەک سیرامیک شێوەی توخمێکی مرۆڤیان دەکرد لە پێوەندی نێوان فرۆشیار و کڕیار، ئەمە شێوازی ئاگەداریی کۆن بوو بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاگەداریی مۆدێرن، لەناو چوو. لە سەرەتا سەدەی نۆزدەدا، ئاگەداری دەموچاوی مرۆڤی کەم بوو. لە جیاتی مرۆڤ، هێڵکاری لە ستوونێکدا ئەوەی دەخستە ڕوو کە کڕیار پێویستە چی لەبارەی کاڵاکان بزانێت. دوای ئەوەی پرۆسەی ستریۆتایپ ئاگەداریی لە خۆ گرت، هەندێ لە ئاگەدارییەکان ڕەهەندێکی مرۆڤیان نیشان دەدا لەگەڵ سکێچێک کە بەکاربەرە دڵخۆشەکان نیشان دەدا یان بێتی کرۆکەر و ئانت جێمیمای ڕووخۆشیان نیشان دەدا. ڕادیۆ دەنگی بۆ ئاگەدارییەکان زیاد کرد، بەڵام تەلەڤزیۆن دەموچاو، دەنگ و جووڵەشی زیاد کرد، بۆیە موشتەری، بێ بەش مایەوە لە گەیاندنی ڕاستەوخۆ و چەندان گرووپی وەک سەرچاوە هەبوو جا چ دوور یان ئەفسانە بووایە.

## بناوانی ئاگەداری

هەروەک پەندە کۆنەکان دەڵێن، شتەکان چەند زیاتر بگۆڕێن ئەوەندە وەک خۆیان دەمێننەوە. یەکەم ئاگەداری زارەکی بوو، لە سەردەمی کۆندا بانگەشەکاران لە بازاڕەکاندا بەدەنگی بەرز کاڵاکانیان بۆ موشتەری وەسف دەکرد. هەندێ لەو ئاگەدارییانەی ئێستەش هەر تەنیا بەدەنگە و زارەکییە. شەوێک تەلەڤزیۆنەکەت داگیرسێنە و تەماشا بکە: گوێت لەوە دەبێت کە بانگکەرەکان بەهاوارکردنەوە وەسفی ئۆتۆمبێلەکان دەکەن بۆ موشتەرییەکان. لە سەردەمی میسرییە کۆنەکاندا، ئاگەداری بەشێوەی سەرنجێک لەسەر پاپیرۆس دەکرا بە تایبەتی بۆ کۆیلە هەڵاتووەکان. لە جیاتی شتێک بۆ فرۆشتن، چەند ئاگەدارییەک لەسەر کۆیلە هەڵاتووەکان، گرێبەستی خزمەتکار، لەگەڵ پێشکێشکردنی پاداشت بڵاو دەکرانەوە، ڕەنگە ئەمە یەکەم ئاگەداری نووسراو بێت. ئەو جۆرە ئاگەدارییانە لە هەموو سەدەکانی کۆیلایەتیدا بڵاو دەکرانەوە، ئەمەش لەبەر هۆیەکی مەنتقی: ئەو بەشە بەهایانەی موڵک تامیان لە ژیانی خۆیان نەدەکرد، بۆیە کەللە و قاچیان بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی شتێک بکەن لە ژیانیاندا.

لە سـەردەمـی یۆنانی کـۆنـدا، بەڵگەنـامـە هەیە دەیسـەلمێنێت کـە ئاگـەدارییـە کـۆنەکـان بەدەنگی بـەرز خـوێندراونەتـەوە، بەهاوارکردنـەوە ناوەڕۆکی ئاگەدارییەکانیـان بۆ خـەڵکی نەخـوێنـدەوار دەخـوێنـدەوە، هـەروەهـا ئـەو پیـاوە، پەیامـەکـەی لە سـینـگ و پشـتی خـۆی هەڵدەواسی، ئەمە یەکەم داهێنانی ئاگەداری بووە لە شـاری کارتێیج. شوێنەوارنـاسەکان پێیان وایە تەلاری پۆمپێی کە هەمووی ڕووخاوە، شوێنێکی وەک ئاژانسی ئاگەدارکردنەوە بووبێت؛ چونکە پڕ بووە لە ئاگەداری بۆ شـانۆکان، ڕووداوە وەرزشـییـەکان و پێشـبڕکێی شەڕوانە زڕێپۆشەکان.

چەنـد سـەرچاوەیـەک هەن لەسـەر ئاگـەداری لە سـەردەمـی چاخـە تاریکەکـانـدا، کـاتێ خـوێندەواری بەسـووک سـەیر دەکـرا. ئەو سـەردەمـە ئـاگـەداری دز و جـەردەی بە قـەد موشتـەری بۆ شتەکان پەیدا دەکرد. گەشـەی ڕەوتی ئابووری لە چاخەکانی ناوەڕاستدا ئەم بۆچوونەی گۆڕی. ئاگەدارییەکان پێیان دەگوترا (سیکویس siquis) لە شوێنە گشتییەکاندا هەڵدەواسـران، زاراوەکـە لـە وشـەی لاتینی (Si Quis) هاتـووە، واتە (ئەگـەر هـەر یەکـێک) چونکە زۆر لە ئاگەدارییەکان بەوە دەست پـێ دەکەن " ئەگەر هـەر یەکێک بزانێت...." یان " ئەگەر هەر یەکێک ئارەزووی لێ بێت...".

بە مـاوەیـەکی کـەم دوای داهێنـانی تایـپی گـوێزراو لـە ئەوروپا لە نـاوەڕاسـتی سـەدەی پانزەدا، ئاگەدارییە چاپکراوەکان پەیدا بوون. پەڕە هەواڵەکانی سەدەی شازدە هەندێ جار ئاگەدارییـان تێدا بوو. بۆ نمـوونە ئاگەداری بۆ کتێبێک، یان دەرمـانی نەخـۆشـییـەک کە لە گیاوگۆڵ دروست دەکرا. لە سەدەی حەڤدەدا، بازرگانەکان کاغەزیان دابەش دەکرد کە نەک هـەر تەنیـا وشـەی چاپکراوی لەسـەر بوو بگرە وێنـەیەکیشی لـەسەر کێشـرابوو، بە دەسـتی پیتەکان نووسرا بوونەوە و چوارچێوەکانیان زۆر خەیاڵی بوون.

بڵاوکـراوەیەکی فـرەنسی بۆ ئـاگـەدارییـە گـشـتـیـیـەکـان وەک نـاوەندێک بۆ ئـەوانەی دەیانویست ئاگەداری بکەن لە ساڵی ١٦١٢دا بڵاو کرایـەوە، پێی دەگوترا Les Pettites Af- fiches واتە (ئاگەدارییە بچووکەکان)، ئێستەش چاپ دەکرێت وەک پیشەیەک بۆ ئاگەداریکردن و ئاگەدارییە یاساییەکان. بە کۆنترین بڵاوکراوەی جیهان دادەنرێت کە تا ئێسـتـە بەردەوام دەردەچێت. لـە ئینگلتـەرا، زنجـیـرەیەک ڕۆژنامـەی ئاگەداریکردن، پێـیـان دەگوترا CityMercury، بەلاش دابەش دەکران.

ئاگەداریی چاپکراو لەو سـەردەمـەدا زۆرجـار بۆ فـرۆشـتنی کتێب بوو (پرینتـەرەکـان ئەو کـاتە نەک هـەر تەنیا ئاگەدارییـان پرینت دەکرد، بگرە کتێبیشـیان دەکرد)، بۆ مەزاتەکـان، خـانوو بۆ کرێ، بۆن و بەهارات بۆ فـرۆشـتن، هـەروەهـا ئەو کـالآیانەی کە تـازە بە کـەشـتی

دەگـەیشـتن، لەگـەڵ پاداشـت بۆ ئـەو کـەسـانـەی ئەسـپـە هەڵاتـووەکـان یان شـاگـردە هەڵاتووەکانیان دۆزیباوە. دووکاندارەکانی وەک جل فرۆشتن و کەلوپەلی ناومال ئاگەداری چاپکراویان بۆ نەدەکرا، هەرچەندە شـتـە مـوجـیـزەکـان ڕەنگە ئاگـەدارییـان بۆ بـکرایە. ئاگەداری، وەک ئەم سەردەمەی ئێستە، بۆ شتە ونبووەکان بڵاو دەکرایەوە.

## وشەکە برێتییە لە "ئاگەداری"

وشـەی ئاگـەداری advertisement لە کۆتاییی سـەدەی حـەڤدەدا پەیدا بوو، شـوێنی وشـەی ئامۆژگاریـیـەکانی advices گرتەوە، ئەویش شـوێنی وشـە کۆنترەکەی گرتەوە siquis. وشـەی ئاگەداری لە ئینجیل و شانۆگەرییەکانی شکسپیردا هاتووە بەمانای ئاگەدارکردنەوە یان پێ ڕاگەیاندن.

لە ڕێنوێنییەکانی سـەردەمی ڕۆمییەکانەوە بگرە تا دەگاتە بڵاوکردنەوەی لێدوانەکان بە ئینگلیزی لە سـەدەی هـەژدەدا، ڕێنوێنییـەکانی دەرەوە ئاگـەداری بوون بۆ داواکارییـەکان و پێـشکێشـەکان، هەروەها نـاسـاندنی شـوێنەکـانی کـارکـردن. یەکەم بۆردی ئاگـەداری، لە بەریتانیا بە تەختەی ئاگەدارنامە hoarding ناسرابوو، کە لەلایەن بازرگانێکی جلوبەرگ لە لەندەن لە ساڵی ١٧٤٠ هێنرایە ناو بازاڕەکانەوە.

شـۆڕشی پیشـەسـازیی سـەدەی نۆزدە، دەرگـەی بۆ ئاگـەدارییـەکان واڵا کرد؛ چونکە کـارگـەکـان هەردەم بـەکاربـەریان لەو کـاڵایانەی بەرهـەمـیـان دەهێنان ئاگـەدار دەکـردەوە. هاوارکەرانی ناو شـارۆکەکان ئەوەندە باویان نەما، بگرە ئاگەدارییەکان لەسـەر دیوار لە هەمـوو شوێنێک هەڵدەواسـران، هەندێ جار لە نیوەی شـەودا ئەم کارەیان دەکرد بۆ ئەوەی پۆلیس یان خـاوەن موڵکەکان (دیوارەکان) پێیـان نەزانن. ساندویچ مـان (کەسـێک تەختـەی ئاگەداریی لە پشـتی و سینگی دەدا و دەگەڕا) گەڕایەوە، شـۆستـەکان پڕ کرانەوە، بۆردی ئاگـەداری گـران بوو؛ چونکـە بوو بەناوەنـدێکی زۆر گـرینگی گـەیانـدن بۆ فـرۆشـتـنی ئەو کاڵایانەی لە کارگەکان دەهاتنە بازاڕەوە.

بەڵام بەرهەمی زۆر و دابەشکردنی گشتی کۆنترۆڵ ناکرێت، بەبێ کۆنترۆڵکردنی سێیەم بواری ئابووری: داوا و بەکاربردن... میکانیزمی گەیاندنی زانیـاری بەژمـارەیەکی زۆری بەکـاربەر پێش کـەوت لەگەڵ یەکـەم ناوەندی گـەیاندن: چاپەمـەنی پێشکەوتوو، پۆسـتـە لە ڕێگەی شەمەندەفەرەوە.

شـەڕی ناوەخۆ ئەو کـارەی بەکۆتا هێنا لەلایـەن گەلێ ڕۆژنامـەی ئەمـەریکییـەوە. چی تر شاباشەکان لە یەکەم لاپەڕەی ڕۆژنامەکان دانەدەنران؛ چونکە هەواڵی شەڕ زۆر گرینگ بوو

و نەدەکرا لە لاپەڕەکانی ناوەوە دابنرێت. دوای شەڕ، لاپەڕەی یەکەم پڕ بوو لە هەواڵ، چەندان ستوون و مانشێتیان لە خۆ دەگرت. ئەمەش فرۆشی ڕۆژنامەکانی زیاتر کرد. بۆ ماوەیەک یەک یان دوو پەڕەی یەکەم شاباشیان تێدا بوو، بەلام لە زۆربەی ڕۆژنامەکاندا شاباشەکان دەخرانە پەڕەکانی ناوەوە. لە شوێنەکانی تری جیهان، شاباش لە پەڕی یەکەم هەر بەردەوام بوو، بەڵام ئەم کارە لە ئەمەریکا باوی نەمابوو.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، ئاگەدارچییەکان ئالیەتێکی تریان دۆزییەوە بۆ کارەکەیان ئەویش بریتی بوو لە سیستمی پۆستەیی، کارەکە بە هاوکاریی شتێکی نوێ زیاتر پەرەی سەند ئەویش مۆری پۆستە بوو. ئەمە ڕێگەی بە ئاگەدارچییەکان دا کە وێنە و هێڵکاریی ڕوونکردنەوەش بڵاو بکەنەوە، کە هەردووکیان لە ڕۆژنامەکان تا کۆتاییی سەدەی نۆزدە هەر باو نەبوون. پرینتەری جارنامەکان circulars ئەوەندە زۆر خێرا بوون و سوودیان لەو دەرفەتە وەرگرت.

لە دوا سالانی سەدەی نۆزدەدا، کۆواری شاباشەکان بوو بەناوەندێکی نیشتمانیی سەرەکی بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر کالاکان. فرۆشتنی کالا بە پایسکیل، وەک ناوەندێکی میسالی گواستنەوە، یەکەم هەڵمەتی شاباشی نەتەوەییی کالاکان بوو. سەرکەوتنی ئەمە بووە هۆی فۆرمێکی نوێی گواستنەوەی کالاکان، ئەویش ئۆتۆمۆبێل بوو. بڵاوکەری کۆوارەکە ئێستە بەقەد ناوەڕۆکی کۆوارەکەی لە خەمی بەکاربەرانی کالادایە.

## ئاژانسی شاباش و ئاگەداری

ئالیەتێکی نوێی شاباش و ئاگەداری لە سەدەی نۆزدەدا بریتی بوو لە ئاژانسی شاباش، دیاردەیەکی ئەمەریکی بوو بە ئەوروپا و دواجار بە سەرانسەری دنیادا بڵاو بووەوە. بیرۆکەی ئاژانس لە سەرەتای سەدەکەدا لە فرەنسا دەستی پێ کرد، لەوێ بڵاوکەرەوانی ڕۆژنامەکان قەبووڵکردنی ڕاستەوخۆی شاباشەکانیان بە شانازی و گەورەیی دەزانی. لە جیاتی ئەمە، ڕۆژنامەکان چەند شوێنێکیان لە ڕۆژنامەکە دەفرۆشتە بەڵێندەر و خاوەن کالاکان بۆ شاباش. بیرۆکەیەکی هاوشێوەی ئەمە دواتر لە ئاژانسە ئەمەریکییەکاندا بەکار هات. لە ولاتە یەکگرتووەکاندا، یەکەم شێوازی ئاژانسی شاباشکردن بازرگانێکی سەربەخۆ یان هەواڵفرۆشێک بوو کە وەک کارێکی لابەلا شاباشی قەبووڵ دەکرد و لە ڕۆژنامەکەی بڵاوی دەکردەوە. جگە لە شوێنە بازرگانییەکان کە ئاژانسەکان هیچ خزمەتێکیان پێشکێش نەدەکرد.

هەنگاوی دواتری ئەو ئاژانسانە بریتی بوو لە کەمکردنەوەی نرخی شاباشەکانی کالا

فرۆشراوە نەتەوەییەکان، ئەمەش وای کرد کارگەیەک بە دەرزەن یان سەدان شوێنی جیاجیا لە ڕۆژنامەکان بکڕێت بۆ زیاتر شاباشی کاڵاکانی. ئاژانسەکە درکی بەوە کرد ئەگەر پەڕێک تەرخان بکات بۆ شاباشەکان، ئەوا بۆ کارگەکان پارەیەکی کەمتری تێ دەچێت. خاوەن ئاژانسەکان جەختیان لەسەر مەعریفەی خۆیان کردەوە لەبارەی ئەو میدیایەی کاری لەگەڵدا دەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی کە فرۆشیان زۆر بوو، واتە ڕۆژنامەیەک یان کەناڵێکی ڕاگەیاندن کە ڕازی بێت ئەگەر نرخیش بەرز بێتەوە.

هەندێ بڵاوکەرەوانی کۆوار شاباشیان ڕەت کردەوە، بەڵام هەندێکی تریش بە خۆشحاڵییەوە قبوڵیان کرد. زۆربەیان تووڕە بوون لەوەی کە پرسیاریان زۆر لێ دەکرا دەربارەی فرۆشیان. کاتێکی بریکارێکی شاباش بە ناوی جۆرج ڕۆوێل، پرسیاری لە جێبەجێکاری هەفتەنامەی هارپەر کرد لەبارەی فرۆشیان، وەڵامیان ڕەتکردنەوەی شاباشەکەی بوو.

بەتێپەڕبوونی کات، بریکارەکان چالاکیی تریان پێشکێش کرد، وەک نووسینی شاباش و ئاگەداری، پلانی هەڵمەتگێڕان تا گەیشتە ئاژانسی شاباشی پڕ لە خزمەتگوزاری کە ئێستە لەم سەردەمەی ئێمەدا بەردەوامە. کۆمپانیاکانی Ayer .W. N،Lord &Thomas J Walter Thmopson ،Son& ئاژانشی شاباشی پێشەنگ بوون کە خزمەتگوزاریی زیاتریان پێشکێشی ئەو کەسانە کرد کە شاباشیان دەویست. لە ناو شاباشچییەکانیش ئەمانە بوون Heinz .L. H، Eastman Kodak، Roebuck< Quaker Oats،Sears و کۆمپانیای Na-tional biscuit، ئەمانە هەمووی ئەمڕۆکە کارگەی زەبەلاحن.

زۆربوونی بەلێشاوی ژمارەی کۆوارەکان یارمەتیی گەشەی دیاردەی شاباشکردنی دا لە کۆتاییی سەدەی نۆزدە و سەرەتای بیستدا. نەخشی هافتۆن زۆر گرینگ بوو بۆ شاباشچییەکان. گەلێ بەرهەم، لەلایەن بازرگانەکانەوە لە مێشکی خەڵک دەچەسپێنران، بەوێنەکێشان وێنەیان بڵاو دەکرایەوە تا فۆتۆگرافی هافتۆن ژیانی بەوێنەکان دا.

شاباشکردن چووە ئەوپەڕی پیشەکەی تەنیا لە کۆتاییی سەدەی ڕابردوودا، ئەویش بەداهێنانی نەخشاندنی فۆتۆ. شاباش و وێنەکان لەگەڵ یەکتر تێکەڵ دەکران و بەم شێوەیە بەردەوام بوون... شاباشی وێنەیی و وێنەی ناو هەواڵەکان لە گەیاندنی زانیاریدا زۆر کارا و کاریگەر بوون، کە لەم سەردەمەی ئێمەشدا زۆر پێویستن بۆ ئەم جۆرە کولتوورەی ئێستە.

## کەتەلۆگ و داودەرمانی ماف پێ دراو

کەتەلۆگی نامەی ڕاستەوخۆ ناوەندێکی تر بوو بۆ شاباشی (ڕێکلام)ی کاڵاکان. کۆمپانیای Montgomery Ward لە ساڵی ١٨٧٢دا یەکەم کەتەلۆگی فرۆشتنی کاڵای بڵاو کردەوە کە لە نامیلکەیەک گەورەتر بوو. کەتەلۆگی کۆمپانیای Roebuck،Sears و ئەوانی تریش گەیشتنە ئەو گوندە بچووکانەی کە پێداویستییە سەرەکییەکانی کەم دەگەیشتێ، ئیتر هەناسەی ژیان بۆ ئەوێش چوو. ئەمانە بوونە بەشێکی گرینگ لە یادگەی جەماوەری ئەمەریکییەکان.

چانسی بردنەوەی بریکانە و دەرمانە ڕێ پێدراوەکان بۆ فرۆشتن بوون، ئەمەش وای لە شاباش کرد ساختەی بکەوێتە ناو، بەڵام هەر کاری باشیان دەکرد. بۆ نموونە کۆمپانیای Yale و Harvard زۆر قەرزدار بوون لەبەر شاباشی ئەو بەریکانانەی بڵاویان دەکردەوە.

سەبارەت بە دەرمانەکانیش، ئەمە پرسیاری لەسەرە، گەر هەر بەرژەوەندییەک لە پاڵ دەوڵەمەندبوونی فرۆشیارەکان و ئاسایش بۆ بڵاوکراوە نوێیەکان هاتبنە ناو شاباشەکان بۆ چارەسەرکردنی خێرای نەخۆشییەکانی مرۆڤ بەدەر بووە لە ساختەکاری. بانگەشەکان هەر وەک خۆیان مانەوە تا ئاژانسەکانی حکوومەتی فیدراڵ دەسەڵاتی ئەوەی درایە. داوای ڕاستییەکانی شاباشەکان بکات لەسەر دەرمانەکان. هەندێ ڕۆژنامە بێ ئەوەی کەس پێیان بڵێت خراپترین شاباشە ساختەکارییەکانی دەرمانیان قەدەخە کرد. هەوڵێکی گرینگ بۆ ڕێگەگرتن لەو شاباشە بووە هۆی لەدایکبوونی بڕیارێک لەلایەن کۆواری Ladies Home لە ساڵی ١٨٩٢دا کە هیچ جۆرە شاباشێکی پزیشکی بڵاو نەکاتەوە. سەرنووسیاری کۆوارەکە بەناوی Edward W Bork دواتر هەندێ شاباشی دەرمانی بڵاو کردەوە کە زۆر باو بوون بەڵام پێش بڵاوکردنەوەی لە تاقیگە دەرمانەکەی دەپشکنی، ئینجا شاباشەکەی لەسەر بڵاو دەکردەوە. کاتێ ئاشکرا بوو کە زۆربەی چارەسەرەکان کحول و مۆرفین و کۆکاینیان تێدایە خەڵکی بەیەکجاری حەپەسان. بەسەدان هەزار دایک لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو شڕوبانەی کە مۆرفینیان تێدا بووە منداڵەکانیان لە ددان ئێشە ڕزگار کردووە. یاسای دەرمان و خۆراکی فیدراڵ لە ساڵی ١٩٠٦ دەرچوو، چارەسەرێک بوو بۆ شاباشە ساختەکان.

## ناوە نوێیەکان

گەلێ کەس هەن ئێستەش ئەوەیان دێتە بیر کە گەلێ کاڵا هەبوون بە نەپێچراوەیی دەفرۆشران. تورشی و سوپ لە ناو بەرمیل دەفرۆشران. بۆن و شڕوبەکان لە ناو بوتڵی گەورەتر دەهێنرانە دەرەوە. ناوە نوێیەکان، ئەگەر وجوودیان هەبوبێت، زۆر بەکێشە بوون

تا هەڵمەتە نەتەوەییەکانی شاباش دەستی پێ کرد و چەندان وشەی داهێنا بۆ کاڵاکان وەک بەرهەمەکانی ئاردی میدال گۆڵد، ئاردی پیلسبێریێ، دانەویڵەی کێلۆگس، تووتنی ئەمەریکی، شیری بەتامی بۆدرن، سوپی کامپێل، خۆراکی هێنز ٥٧، بنێشتی ریگلی، فیلمی کۆداک. سوپی کامپێل پارەیەکی زۆری لە هەڵمەتە شاباشییەکەیدا سەرف کرد، دەڵێن سکرتێری کۆمپانیاکە بە خەزنەداری گوتووە " باشە، ئێمە زۆرمان لەو پارەیە قازانج کرد، ماڵ ئاوا."

کۆمپانیای ناشنال بسکیت، کە لە ساڵی ١٨٩٨ دا دەستی بە شاباش کرد، شۆڕشێکی دروست کرد بۆ پێچانەوەی خۆراک لە رێگەی شاباشکردن بۆ پاکی و تازەیی خۆراک، پێچانەوەی بە کاغەزی پاک و هەڵگرتنی لە ناو دۆڵاب و کارتۆندا. لە ماوەیەکی کورتدا، هەڵمەتی شاباشەکان بووە هۆی ئەوەی دووکاندارەکان چی تر شت لە ناو بەرمیل و مەنجەڵی سەر کراوە نەفرۆشن، کە خەڵکی شارۆکە بچووکەکانی ئەمەریکا تا ئەو کاتەش هەر لە دەوری کۆ دەبوونەوە و دەیانکڕی. بەرمیل و مەنجەڵی سەر کراوە باوی نەما و قوتوو و کارتۆن هاتنە گۆڕێ. دووکاندارەکان چی تر کەرەیان لە ناو تەشتی سەر کراوە نەدەفرۆشت. سابوون بە کاغەز دەپێچرایەوە و ناوێکی نوێی رەنگاورەنگی لەسەر دەنووسرا. تەنانەت خێزانە جووتیارەکانیش کاتێ دەچوونە بازاڕ خۆراک و کەلوپەلی پێچراویان دەکڕی. کۆوارەکان لەم رووەوە دەورێکی باڵایان هەبوو.

جۆن واناماکەری بازرگانی کاڵای وشک لە ویلایەتی فلادەلفیا شاباشی کرد بۆ نرخە جێگیرەکانی قۆپچە و کەتان، لە کاتێکدا دووکاندارەکان بە کەیفی خۆیان نرخیان دادەنا بەپێی گیرفانی موشتەری شتیان دەفرۆشت. ئەو بازرگانە جۆن پاوەرزی شاباشنووسی بەکرێ گرت، کە یەکەم شاباشنووس بوو لەو سەردەمەدا، هەرکە بازرگانی تەشەنەی کرد، بازرگانەکانی تریش وانەیان وەرگرت.

## ئامێری زیاتری شاباش

شاباشەکانی دەرەوە پەرەیان سەند. کارت لەسەر جامی ئۆتۆمۆبێلەکانی سەر شەقام و پاسەکان دەدران و هەروەها شەمەندەفەرەکانی ژێر زەوی سەرنجی نەفەرەکانیان زیاتر رادەکێشا. هیچ شارێکی پیشەسازی بەدەر نەبوو لە بۆردی ئاگەداری و شاباش، هیچ بەڵگەیەکیش بەدەستەوە نییە کە هیچ شارێک ویستبێتی شاباشی نەبێت. یەکەم هێمای کارەبایی لە ساڵی ١٨٩١دا بوو بە درێژاییی شەقامی برودوێی لە نیویۆرک، کە خێرا بە شەقامە گەورە سپییەکە ناسرا؛ چونکە رووناکیی بۆردە گەورەکانی شاباشکردن لەسەر

شەقامەکە نەک تەنیا بوو بەسیمبولی نیویۆرک، بگرە بوو بەسیمبولی تەواوی ئەمەریکا. گڵۆپی شەمعەی درێژ لە ساڵی ١٩٢٣ پەیدابوون و پەیامەکانیان بە ڕووناکی ڕەنگاوڕەنگ نیشان دەدا.

پیشەسازیی شاباش (ڕێکلام) خێرا چووە ناو لێکدانەوە و زانستیی ڕەفتاری و دەروونزانی لە سەرەتای سەدەی بیستدا. فرۆشتن بوو بە زانست و داوایەکی زۆری بۆ پەیدا بوو و سەرکەوتنی زۆری هەبوو کاتێ هونەری فرۆشتن لەگەڵ دەروونزانیی ئامارەکاندا تێکەڵ کرا وەک لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی بازاڕ.

لەگەڵ گەشەکردنی نەتەوەکە، ژمارەی شاباشچییەکانیش زۆرتر دەبوون. هەروەها قەبارەی شاباش و بودجەی شاباشکردنیش زیادی کرد. لە نێوان ١٩٣٩ و ١٩٥٦دا، ژمارەی شاباشچییە نەتەوەییەکان سێ ئەوەندەی لێ هات و ژمارەی ئەو نیشانانەی کە لە ڕێگەی شاباشەوە دەیانفرۆشتن چوارهێندە زیادی کردی.

شاباش دروشمی بیرخەرەوەی هێنا گۆڕێ، وەک ئەوەی کۆداک دەڵێت "تۆ دوگمەکە داگرە، ئەوەی تری خۆمان تەواوی دەکەین". هەروەها ئاوازەکانی سەر ڕادیۆ، کە دواتر نەریتی هەڵبەست خوێندنەوەی بەدوادا هات کە سەدەیەک پێشتر لە کۆوارە ئینگلیزییەکان سەری هەڵدابوو.

## ڕێکلامی ڕادیۆیی

ڕادیۆ لە ساڵی ١٩٢٢دا بوو بە ئالییەتێک بۆ شاباش. ئەمە بەتەنیا بووە هۆی تەقینەوەی گەشەی پیشەسازیی ڕادیۆ، بەڵام بیرۆکەی شاباشی وەشانکراو کەمتر دەفرۆشرا. دەزگاکانی وەشاندن نیگەران بوون لەوەی هەستی حکوومەت، کە مۆڵەتیان لێ وەرگرتووە، چۆن دەبێت لەبارەی ئەو قسەیەی ڕۆبێرت هوڤەر (ئەوساکە وەزیری بازرگانی بوو) کە دەیگوت: "ئێمە بە دەستووری شاباش نغرۆ بووینە". دەزگاکانی وەشاندن و شاباشچییەکانیش نیگەران بوون لەو شاباشانەی کە دەهاتن وەشاندن بێ ئەوەی کەس ئاگای لەوە بێت کێ پەیامەکە وەردەگرێت و چ کاریگەرییەکی دەبێت، یان ئاخۆ هیچ کەس سەرنجی دەدا شاباشەکان. وەڵامێکی دڵخۆشکەر هات پێش کاتێ شاباشێک بڵاو کرایەوە بۆ ماکیاجەکانی مینیرالاڤا. کچە ئەکتەری بەناوبانگ بەناوی ماریۆن داڤیس لە شاباشەکە بەشدار بوو باسی ئەوەی دەکرد " من چۆن ماکیاج بۆ فیلمەکان دەکەم". ئەمە بە سەدان موشتەری زیاد کرد بۆ ماکیاجەکە.

ئەلبێرت لاسکەر، کە کەسێکی گرینگ بوو لە پیشەسازیی شاباش لە ناوەڕاستی سەدەی

بیستـەمدا، ئاژانسـەکـەی بەناوی Lord&Thomas دامـەزراند و دواتر لەگـەڵ ڕادیۆ یەکی گرتـەوە. ئاژانسـەکـەی بەرپرسـیار بوو لە گـەلێ بەرنامـە سـەرەتاییـیەکانی ڕادیۆکـان، لە هەمـووشـیان بـەناوبانگتر برێتی بوو لە Amos "n" Andy. سـاڵانی ١٩٢٠ەکان گـەشـەیەکی خـێرای پیـشـەسـازیی ڕادیۆی بەخـۆوە بینی، ئیت ڕادیۆ بووە تاکـە ئامـێری سـەربەخـۆ و دڵخۆشکەری مـاڵەکان. خەرجییەکەی تەنیا کڕینی ڕادیۆ بوو. دوای کڕینی سێتێکی ڕادیۆ ئیتر هەر گوێت لە شاباش بووایە لەسەر شێوەی ئاواز و هەڵبەستی خۆش و ڕازاوە. بۆ ئەو کەسانەی کە زۆریان بە دەستی گرانییە گەورەکەوە ناڵاندبوو ئەم خەرجییە هەر هیچ نەبوو. نرخی شـتـەکـان لەسـەر شـاباشـەکـانی ڕادیۆ ئاشکرا نەدەکـران تا سـاڵی ١٩٣٢ . ئاوازە خۆشەکانی وەک " بیبسی و کۆلا ئامـادەن، دوازدە ئاونس، ئەمـە هەر زۆر زۆرە..." لە دڵ و دەروونی هەمـوو کـەسـێکدا بوو، بەقـەد گۆرانیـیەکانی وەک هیت پاراد دەگـوترانەوە. ئەو دێرانە تەنانەت لەسـەر شـەقـامـەکـانیش دەنووسـرانەوە، وەک هێـمـا بـەناوبانگەکانی Burma Shave کە مۆتۆڕسوارەکان بە درێژاییی هێڵە خێراکانی ئەمەریکادا دێر دوای دێر دەیانخوێندەوە.

## شاباش لەسەر تەلەڤزیۆن

دروشـمـەکان دەبووایە داهێـنەرانە و نوێ بان، شاباشی شـتێک بکەیت کـە گرینگتـر بێت لەو ئاگەدارییانەی بۆ فرۆشتنی کاڵاکان بڵاو دەکرانەوە. شـاباشچییەکان پێش هەمـوو کەسێک لە ناو کۆمەڵگە درکیـان بەوە کرد کـە خەڵکی حەز دەکات هەرگاڤ شـتی خـۆی بەبیر خـۆی بێنێتەوە. ئەمـە ئەوە شی دەکاتـەوە بۆچی ئەوانەی بیست جار شـاباشێکیان دیبێت ئامـادە بوون دابنیـشـنـەوە و بیکەن بە بیـست و یـەک جـار. هەروەهـا ئەوەش ڕوون دەکـاتـەوە بۆچی منداڵان تەمـاشـای بەرنامـەکـانی تر ناکـەن و بەڵام کـە شـاباش دێت یەکسـەر دەچنە دیار تەلەڤـزیۆنـەکـە. لەم ڕۆژگـارەدا، بیـرۆکـەی زیاتر، وزە، هەوڵ و کـۆشـش و پارە لە زیـاتر شـاباشـەکانی تەلەڤزیۆن خـەرج دەکرێت نـەک بەرنامەکانی.

## دانانی پێوەرەکان

لەگەڵ پیشـەسازیی شاباشدا، کۆششێکی زۆر درا بۆ دامـەزراندنی پێوەرە ئەخـلاقییـەکان. لە کۆتاییی سـەدەی نۆزدەدا، جـۆن ئی پاوەرز، ئەو کـەسـەی بووە بڵاوکـەرەوەی THE MA-TION، هەڵمـەتێکی دەست پێ کرد بۆ باشترکردنی کۆپیی شـاباش. گوتی "مـامەڵەیەکی باش لە شـاباش، بەواتایەکی تر بـاجێکی کەم هەردەم کـەمـتر ڕەچاو دەکرێت لەچاو گوتنی

شتی شیاو بۆ خەڵکی شیاو بە ڕێگەیەکی پەسندکراو."

یانەی AGATE لە ساڵی ١٨٩٤دا لە شیکاغۆ دامەزرا، کەسانی ناو پیشەسازیی شاباش لە یەکتر نێزیک کردەوە بۆ ئەوەی باسی خاڵە گشتییەکان بکەن. یانەی چەشنی ئەمە لە شارەکانی تریش کۆبوونەوە، دواجار ئەمانە بوونە هۆی دروستبوونی ڕێکخراوی نیشتمانی و نێودەوڵەتی. ویلایەتی نیویۆرک یەکەم ویلایەت بوو یاسایەکی دەرکرد بۆ قەدەخەکردنی شاباشە ناشایستەکان. ڕەخنەگرانی شاباش باسی ئەوەیان کردووە کە شاباش کۆمەڵگەی چڵێس و پارەپەرست کردووە، شاباش ژیانی شێواندووە بەهۆی یەکسانکردنی خۆشی لەگەڵ خاوەندارێتیی شتەکان، مرۆڤی وا لێ کردووە ئەوەی هەیبێت پێی ڕازی نەبێت و هەردەم داوای شتی زیاتر بکات، مرۆڤی بێ بڕوا کردووە. توێژەران پێیان وایە هەر ئەمەریکییەکی ئاسایی لە کاتی بەئاگابووندا لە هەرسێ خولەکێک جارێک شاباشێک دەبینێت یان گوێی لێ دەبێت، واتە ٥٠٠ شاباش لە ڕۆژێکدا.

ئاکامی بە نائەنقەستی شاباشەکان بووەتە پەیامێکی ناخۆش بۆ ئێمە. شاباشەکان بڕوامان پێ دەکەن هەست بکەین ئەوەی دەیکەین یان دەمانەوێ هەمانبێ لە بەرژەوەندیی ئێمەدا نییە، بۆیە ئەوەی ئێمە دەمانەوێ و بەڕاستی پێویستمان پێیە نەمانزانیوە و شاباش پێمان دەڵێت. هەرکات باسی ئەوە دەکرێت کە شاباشە چاپکراوەکان و لەسەر تەلەڤزیۆنەکان وایان لێ کردووین پارە زۆر سەرف بکەین، ئەگەر ئەوان نەبوونایە ئەوا دەمانتوانی پارەی زیاتر بۆ ڕۆژەکانی پیرێتیمان پاشەکەوت بکەین، هەر ئەمەش بووەتە هۆی دڵنیاییی ئاسایشی کۆمەڵایەتیی پیرەکان و مووچەی بەساڵاچووان.

ئەگەر هەموو لێدوانکەرەکان لەسەر ئەم بابەتە کۆک بن لەبارەی هەر شتێک، ئەوەیە کە شاباش برێتییە لە ئالییەتێکی گەیاندن کە ناکرێ کاریگەرییەکەی لەسەر کۆمەڵگە پشتگوێ بخرێت، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە شاباشخوازەکان لە هەموو میدیاکاندا لە ئەمەریکا بەتەنیا زیاتر لە ١٠٠ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا خەرج دەکەن.

## چارەسەرکردنی کێشە پۆستەییەکان

باجی پۆستە لە ئینگلتەرا و ویلایەتە کۆلۆنیالەکان بەرز بوو، ئەمەش گەیاندنی سنووردار کردبوو. کولونیالیستەکان پۆستەیان بەجۆرێکی تری باج کۆکردنەوە دادەنا، هەر کاتێکیش بیانتوانیبا باجەکەیان نەدەدا، هەروەها مەسرەفی پۆستەیان دەخستە سەر کۆبوونەوەکانیان و دەیانگوت "باج بەبێ نوێنەرایەتی بوونی نییە". ئەوەی بەدوای ئەم بارەدا هات شۆڕش بوو و میللەتێکی نوێ دروست بوو.

لە سـەردەمی كـۆلۆنیـالیـزمـدا، كـاتی هەواڵەكـان زۆرجـار دەكـەوتە سـەر خـێـرایـی كەشـتییـەكـان. نووسـیارەكـانی یەكەم ڕۆژنامـەكـانی ئەمـەریكای باكور دەبووایە دوو مـانگ چاوەڕێ بكەن بـۆ هەواڵەكانی ئـینگلتـەرا. خێراترین كەشـتی بەلەمـە كـارتۆن هەڵگرەكـان بوون، پۆسـتـەیان هەڵدەگرت، ڕەنگە هەندێ نەفـەر و بارێكی سـووكـیشـیـان هەڵگرتبـا. لەبەرئەوەی ڕێگەوبان كەم بوون و زەحمەت بوون بۆ گواستنەوەی شت، شتێكی ئاسایی بوو هەواڵی ویلایەتێكی كۆلۆنی بگاتە ویلایەتێكی تر بەڕێگەی ڕۆژنامەی لەندەن و كەشتییەكان لە ئینگلتەراوە. لەم ماوەیەدا، ئەو ڕۆژنـامـانەی لـە شارۆكەكان بوون و هەواڵیـان بە پۆسـتـە بڵاو دەكـردەوە، بە تایبـەتی لە دەرەوە، ناوبـانگیـان زیاتر بوو لەو ڕۆژنامـانەی ڕاسـتـەوخـۆ نەیاندەتوانی هەواڵ بەپۆستە بنێرن. ڕۆژنامەیەكی ئاسایی ئەوسا ڕۆژنامەیەكی خراپە، بە پێی ستانداردی ئەمڕۆ. لاپەڕەی یەكەم تەرخان كرابوو بۆ هەواڵەكانی ئەوروپا بوو لەبارەی سـیـاسـەت و شـەڕەكـان، لـەو ڕۆژنامـانەوە كـۆپی دەكـران كـە لە ئینگلتـەراوە دەگـەیشتن. سـتـوونەكـانی تری هەواڵ بەو هەواڵانە پڕ دەكرانەوە كە لە ڕۆژنامـەی كۆلۆنییـەكـانی ترەوە وەردەگـیران، لەگـەڵ ناوەڕۆكی هـەندێ لەو نامـانەی كـە لە خـوێنەرانەوە وەریان دەگـرتن و پێشكێشـی نووسیارەكـانیـان دەكردن بۆ چاپكردنەوە، هەروەهـا لەگەڵ هەواڵێك یان دووان لەسـەر قسـە و قسـەڵۆك لەگەڵ هـەر هەواڵێكی ڕاستی نـاوەخۆ. ئەگەر ئەو جـۆرە هەواڵانەش نەبووایە، ئەوا بـەشـیـعر یان لە هـەر شـوێنێكی بەتاڵی تر بە شـاباش پڕ دەكرانەوە. هـەركـە سیـاسـەتەكـانی پێش شـەڕی سـەربەخۆیی گەرمتر بوون، نامە چاپكراوەكـان زیاتر سیـاسـی بوون، لەلایەن ناوێكی خوازراوەوە لە سیاسـەتی ڕۆما ئیمزا دەكران وەك كاتۆ، سیسرۆ یان بروتوس.

بێنجـامین فـرانكلین، پرینتـەر و وەشـانكار، سـەرۆكی پۆسـتـەش بوو، ئەم پۆسـتـەی بەكـار هێنا بۆ ناسـاندنی ئەو گۆڕانانەی كە بۆ یەكـەم جار لە خزمـەتگوزاریی پۆسـتـەیی سـەردەمی كۆلۆنی زیاتر بوون. سیستمێكی سادەی ژماردنی بۆ سـەرۆك پۆستەكان دانا، لێكۆڵینەوەی لەگـەڵ پۆسـتـەبەرەكـان دەكرد ئەگـەر لە خـەت دەرچووبان، بەپێی توانای خـۆی ڕێگەكـانی كورت كردەوە، گواسـتنەوەی پۆسـتـە لە ڕێگەی كەشـتیی بار نەهێـشت، پارەی لەسـەر ئەو ڕۆژنامـانە حسـێب كرد كە پێشـتـر بەلاش پۆسـتـەیان بۆ دەچـوو، هـەروەهـا ئەوەی لە توانای دابوو كردی بۆ ئەوەی كاروباری سیسـتـمی پۆستەیی بچێتە چوارچێوەیەكی بە پارە. پاشـا دەریكرد بە تۆمەتی چالاكییە شۆڕشگێڕییەكانی لە ساڵی ١٧٧٤ ئەنجامی دا. ساڵێك دواتر كۆنگرێسی كیشوەری داوای لە فرانكلین كرد سیسـتـمێكی پۆسـتـەیی بەجیا دامـەزرێنێت، ئەمە باشترین ڕێگە بوو بۆ گەیاندنی زانیاری بۆ ئەو كۆلۆنییانەی سەربەخۆییان دەویست.

یەکەم زانستناسی گرینگی ئەمەریکا، یەکەم داهێنەری گرینگ، یەکەم کەسایەتیی گرینگی ئەدەبی، یەکەم دامەزرێنەری نەخۆشخانە، یەکەم کۆمپانیای ئاگر بەشێوەی ئارەزوومەندانە، دامەزرێنەری ئەکادیمیا کە بووە زانکۆی پێنسیلڤانیا، هەروەها ئەندازیاری سیستمی سیاسیی ئەمەریکی، یەکەم سەرۆکی گشتیی پۆستەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێن (بێنجامین) فرانکلین بوو. جۆرج واشنتن بەم قسەیە بەناوبانگە، لەبارەی یەکەم باڵیۆزی ئەمەریکا بۆ فەرەنسا کە دەڵێ: " ئەمساڵ لە پاریس گوێمان لە بێنجامین فرانکلین نەبوو. دەبێ نامەیەکی بۆ بنووسین".

## سەرۆکی پۆستەکان و بڵاوکەرەوەکان

خزمەتگوزاریی پۆستە دامەزرا بۆ گواستنەوەی نامە نەک ڕۆژنامە. یاسا هیچ قسەیەکی نەبوو لەسەر ناردنی ڕۆژنامە بەپۆستە، بۆیە هیچ باجێک یان نرخێک جێگیر نەکرابوو. سەرۆکی پۆستە چەندی بوویستبا بەپێی زیادکردنی ژمارەی ڕۆژنامەکان، زیادی دەکرد. تەنانەت سەرۆکی پۆستەکانیش دەبووایە پشت ببەستن بەو کەسانەی پۆستەکەیان دەگەیاند. بڵاوکەرەوەکان نەیاندەتوانی لە شوێنە دوورەکان ئابوونەیان کۆ بکەنەوە یان تەنانەت بزانن کەی ڕۆژنامە لە ڕێگەی پۆستەوە نەنێرن؛ چونکە نەیاندەزانی ئابوونەدارەکە مردووە یان شوێنەکەی جێ هێشتووە. پۆستەچی هەبوو بۆ گەیاندنی ڕۆژنامەیەک، داوای زیادەی دەکرد لە ئابوونەدارەکە و پارەکەشی دەچوو گیرفانی خۆی بوو. پۆستەچییەکان هیچ مووچەیەکی حکوومەتییان نەبوو. داهاتیان لەسەر ئەوە بوو وەرگرانی نامە و ڕۆژنامەکان چەندیان دەدەنێ، سیستمێکی زۆر سەرکەوتوو بوو دوای ئەوەی مۆری پۆستە داوای ئەوەی کرد پۆستەنێر دەبێ پارە بداتە پۆستەچییەکە بۆ گەیاندنی نامەکانیان. تا ساڵی ١٨٦٣ کۆنگرێس دەنگی نەدا بەدابینکردەی کرێی پۆستەچییەکان و هیچ حسێب نەدەکرا لەسەر گەیاندنی پۆستە بۆ شارەکان. تا ئەو کاتە، ئەوانەی کە نەیاندەویست کرێی پۆستەکانیان بدەن داوایان لە سەرۆکی پۆستە دەکرد، نامەکە لەلای خۆیان دابنێن وەک نووسینگەی پۆستە. ئەگەر نێرەرەکان پارەیان دابایە بۆ نامەکانیان، نرخەکە تەنیا بای ئەوە بوو کە نامەکە دەگەیشتە نووسینگەی پۆستە، نەک بە شوێنی مەبەست.

سیاسەتەکانی فرانکلین زۆربەی ئەم چەشنە کێشانەی بنبڕ کرد، دابین کرا بۆ ئاڵوگۆڕی بەلاش لە نێوان نووسیارەکان و، داوای لە سەرۆکی پۆستەکان کرد کرێی ئابوونەی ڕۆژنامە کۆ بکەنەوە. بەهۆی ئەو سیاسەتانەوە، نووسینگەی پۆستەی ئەمەریکای کۆلۆنی هەنگاوێک چووە پێش سیاسەتەکانی پۆستە لە ئینگلتەرا.

ڕەنگە وەشانکارێک ڕۆژنامەکانی بۆ بگەیەنرابایە شوێنی مەبەست، ئەگەر بەرتیلێکی دابا، بەڵام پلانێکی باشتر خۆی قوت کردەوە. بۆچی بڵاوکەرەوە خۆی نەبێت بەپۆستەچی؟ بڵاوکەرەوەکان گێریان گۆڕی و بوون بەپۆستەچی، باشترین ڕێگە بۆ گەیاندنی ڕۆژنامەکانیان، ئەمەش ژیانی زەحمەت کرد بۆ بڵاوکەرەوەکانی تر. هەندێ پۆستەچیی بڵاوکەرەوە ڕۆژنامەکانی خۆیان دەگواستەوە بێ ئەوەی بە نووسینگەی پۆستەدا تێپەڕ بێت. ئەوانی تر نووسینگەیان بەکار دەهێنا، ئەمەش بڵاوکەرەوەکانی لە پێشبڕکێکە دوور خستەوە.

یەک لەو سوودانەی کە وەشانکاران دەبوون بە پۆستەچی، بریتی بوو لە گەیاندنی پۆستەکانیان بە ئاسانی، واتە بە بەلاش دەیانناردن و ئیمزای خۆیانیان لەسەر بوو. یاسای پۆستەیی بەتایبەتی لەسەر ناردنی ڕۆژنامە بەمەش نەوەستا، بەڵام ڕێگەشی بەپۆستەچییەکان دا پۆستە بازرگانییەکانیان بەئاسانی و بە بەلاش بنێرن، کە ئەمەش زۆرجار پەیامنێریان بەکار دەهێنا بۆ ڕۆژنامەکانیان، ئەوەی ڕاستیش بێت ڕۆژنامەکان خۆیشیان ئەو کارەیان دەکرد. هەروەها هەواڵی تازەیان پێ دەگەیشت، پێش ئەوەی ڕکابەرەکانیان دەستیان بگاتێ. بوون بە پۆستەچی وای لە بڵاوکەرەوەکان کرد کرێ کۆ بکەنەوە، هەرچەندە شارۆکە بچووکەکان پارەی زۆریان بەپۆستە نەدەدا و سەرۆکی پۆستە مووچەیەکی وای نەبوو، نێزیکەی نازناوی نوێنەری حکوومەتی پێ درابوو.

بەپێچەوانەوە، هەر جۆرە حکوومەتێک ئەوسا لەسەر دەسەڵات بایە هانی سەرۆک پۆستەکانی دەدا بۆ ئەوەی دەست بکەن بەدەرکردنی ڕۆژنامە. باشە بۆ نا؟ دەکرێ بڵێین سەرۆکایەتی پۆستە کەمتر پۆستێکی سیاسی بوو، بۆیە حکوومەت دەیزانی کە سەرۆکایەتی پۆستە زۆر خەتەر نییە. خزمەتگوزاریی پۆستە هەواڵەکانی چارەسەر کرد هەم لە ڕێگەی گواستنەوەی بڵاوکراوەکان و هەمیش لە ڕێگەی سوودی خزمەتگوزارییەکانی پۆستە بە بڵاوکراوەکان کە دەسەڵاتیش پێی خۆش بوو ئەو کارە سەر بگرێت. سەرۆک پۆستەکان فەرمانگەکانی خۆیان بەکار هێنا بۆ زیادکردنی ژمارەی ڕۆژنامەی خۆیان و ڕۆژنامەی حزبەکانیان.

پێوەندییە سیاسییەکان بەردەوام بوون، دوای ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەدایک بوو. سەرۆکەکان سەرۆک پۆستەکانیان لە حزبە سیاسییەکەی خۆیان تەعین دەکرد، ئەو پیاوانەش لە بەرابەردا بڵاوکەرەوەکانی هەمان حزبیان دەکردە سەرۆک پۆستەکانی ناوخۆ، ئەمانە هەمووی بەشێک بوون لە یارییەکی سیاسی مەزن ئەویش بریتییە لە "پشتم بخورێنە منیش هیی تۆ دەخورێنم".

## خزمەتگوزارییەکانی پۆستە بۆ ڕۆژنامەکان

هەردوو دەزگا، چاپەمەنی و پۆستە، شانبەشانی یەکتر پەرەیان سەند، هەریەکە تەواوکەر و دروستکەری ئەوی تر بوو. ئەو سیاسەتانەی ئەوسا ڕادەپەڕێنران ئێستاش کاریگەریی خۆیان هەیە و کاریان پێ دەکرێت. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٨٢٠دا سەرۆکی گشتیی پۆستە بە سەرۆکە لۆکالەکانی ڕاگەیاند هانی ئابوونەدارەکان بدەن بڵاوکراوەی لۆکال وەربگرن لە جیاتی ڕۆژنامەی شارە دوورەکان. ئەمە بووە هۆی ئەوەی نووسیارەکان ژمارەی ڕۆژنامەی لۆکال زیاد بکەن، جۆرێک ڕۆژنامە کە ڕۆژنامەی شارە گەورە دوورەکان نەدەگەیشتە ئاستی. تا ئەم کاتە، زۆربەی ڕۆژنامەکانی وڵات لاسایی چاپەمەنیی شارەکانیان دەکردەوە لە جەختکردنە سەر هەواڵی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی، ڕووداوە ناوەخۆییەکانیان پشتگوێ خستبوو. تا ئەمڕۆکەش، هەواڵی لۆکال بنچینەی هەموو ڕۆژنامەکانە، بەتایبەتی ئەوانەی لە کۆمەڵگە بچووکەکان دەردەچن.

فەرمانگەی پۆستە گەلێک خزمەتگوزاریی دابین کرد بۆ چاپەمەنی: گواستنەوەی خێرای هەواڵەکان، دابەشکردنی ڕۆژنامەکان، فرۆشتنی ڕۆژنامە لە ڕێگەی ئابوونە و نامە هەڵگرەکانەوە، نرخی هەرزانی پۆستە، لە ناو شارۆکەیەکدا دابەشکردن بەلاش بوو، دەستاو دەستکردنی ڕۆژنامەکان لە نێوان نووسیارەکان بە بەلاش، تەنانەت گرێدانی پێوەندیش لەگەڵ بڵاوکەرەوە بیانییەکاندا. ئاڵوگۆڕی بەلاشی ڕۆژنامەکان لە نێوان نووسیارەکان یارمەتییەکی تایبەتی بوو لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا. کۆنگرێس سووی ئاسانکارییەکانی پۆستە بۆ ڕۆژنامەکان لە ساڵی ١٨٧٥دا بە کۆتا هێنا، بەڵام نرخی پۆستەی پلە دوو هەر بەردەوام بوو.

پێش دروستبوونی خزمەتگوزاریی هەواڵ، وەک ئەسۆشیەتد پرێس، ئاڵوگۆڕکردنی ڕۆژنامەکان تاکە ناوەندی گرنگ بوون بۆ گواستنەوەی زانیاری لە شوێنە دوورەکان و تەنانەت لە شوێنە تەسک و بچووکەکانیشدا، ڕۆژنامەی بچووک هەبوون. هەواڵی دەرەوە بوو بەخاڵی سەرەکیی زۆربەی ڕۆژنامەکان، هەروەها گەلێ لە ڕۆژنامەکان بەتەواوی پارتیزانی بوون، سەرنووسەرەکانیان بەدوای هەواڵ و لێدوان دەگەڕان بەتایبەتی لە واشنتن، کە هاوکاریی پرسی حزبەکەیانی دەدا. لە هەمان کاتدا، چاپەمەنیی پارتیزانی واشنتۆن و نیویۆرک ئەو شتانەیان بڵاو دەکردەوە کە پشتگیریی بۆچوونەکانیانی دەکرد. هەرکە ئەسۆشیەتد پرێس پێ گەیشت لە نیوەی کۆتاییی سەدەی نۆزدە، ئەم کارانە باویان نەما.

## گواستنەوەی نامە

چەندی پێ دەچوو تا هەواڵێک لە کۆتاییی سەدەی هەژدەدا بڵاو دەکرایەوە، ئەمە ڕەنگە حوکمی لەسەر بدرێت بەهۆی درێژبوونەوەی کاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە ناو ڕۆژنامەکان لە چەندان شاردا. لە ٤ تەمووزی ١٧٧٦دا سەربەخۆییی ئەمەریکا لە فلادەلفیا ڕاگەیەندرا، چوار ڕۆژ دواتر لە ڕۆژنامەی فلادەلفیا ئەم هەواڵە چاپ کرا. پێنج ڕۆژی پێ چوو تا لە ڕۆژنامەی بالتیمۆر دەرکەوت، ٦ ڕۆژی پێ چوو تا گەیشتە ڕۆژنامەی نیویۆرک، ١١ ڕۆژ بۆ ڕۆژنامەی هاتفۆرد، ١٤ ڕۆژ بۆ بۆستن، ١٨ ڕۆژ بۆ واتەرتاون، ماسەشوسەس. بێگومان دەقی ڕاگەیاندنەکە زووتر گەیشتە هەندێ لەو شارانە، بەڵام سەرنووسەرەکان چاوەڕێیان کرد تا خشتەی پرسەکانی دوای ئەویان دانا، بۆ بڵاوکردنەوە.

شەڕی نیو ئۆرلیەنس شەش هەفتە دوای مۆرکردنی پەیمانێکی کۆتاییهێنان بە شەڕی ١٨١٢، ڕووی دا. لە کاتێکدا هیچ کاریگەرییەکی نەبوو لەسەر پەیمانەکەی ئاشتی، شەڕی نیو ئۆرلیەنس ناوبانگی جەنەراڵ ئاندرو جاکسنی بەهێزتر کرد. بێنە بەرچاوت مێژوو چۆن دەبوو ئەگەر ئەوسا هەواڵی پەیماننامەکەی ئاشتی یەکسەر گەیشتبا، بێگومان ئەو شەڕە ڕووی نەدەدا.

ناوەندەکانی گەیاندن بە ئاشکرا تیراژی ڕۆژنامەکانیان سنووردار کردبوو، چونکە ڕۆژنامەی زۆر کێشی زیاد دەکرد بۆ سەر باری پۆستەچییەکە. لەو شوێنانەی ڕێگەوبانی لێ بوو، واگۆنی چوار چەرخە یان عارەبانەی چوار چەرخە نامەکانی دەگواستەوە. پۆستەچییەکان نامە کێشی زیادەی ڕۆژنامەکانیان قبووڵ نەکرد، مەگەر بەسەرگرانی نەبێت، بۆیە ڕۆژنامەکان لە خاڵی کێشکردندا لەسەر یەک کەڵەکەیان دەبەست. هەندێ جار جانتا پڕ ڕۆژنامەکان لە ئۆفیسدا لادەبران بۆ ئەوەی شوێن بۆ نەفەر و جانتاکەی بکەنەوە. سەربارەت بە کۆوارەکانیش، سەرۆکی پۆستە دەسەڵاتی هەبوو دابەشیان نەکات ئەگەر ڕێک نەکەوتبا یانیش کارەکە بە ئاسانی نەچووبایە سەر.

نووسیار و خوێنەر ڕوویان کردە بەکارهێنانی عارەبانەی زیاتر، وەک ئۆتۆمۆبێلێک بوو دوای ساڵی ١٧٨٥ هەموو خەڵک بەکاری دەهێنا، کاتێ کۆنگرێس هانی فەرمانگەی پۆستەی دا خزمەتگوزارییەکانی فراوان و خێرا بکات. دروستکردنی ڕێگەوبان بۆ پۆستە لە ناوچە نەگونجاوەکاندا بووە هۆی سەرهەڵدانی عارەبانە بۆ گێڕانی ڕۆژنامەکان. یەکەم ڕێگەی پۆستە بە درێژاییی ناوچەکانی باکور و باشوور بوو. هاوتەریب بوون لەگەڵ بەری ڕۆژهەڵات. دواتر، ڕێگەکانی پۆستە لە شارەکانی سەر بەری ڕۆژهەڵات درێژ بوونەوە بەرەو

ڕۆئاوا چوون. گەشەی زیاتری ڕێگەکانی پۆستە برێتی بوو لە بەستنەوەی ڕاستەوخۆی شار و شارۆکەکانی ڕۆئاوا بە یەکتری. لە هەر شوێنێک ڕێگەی پۆستە نەبووایە، ڕۆژنامەش کەم دەبوو.

سیناتۆر جۆن کالهۆن لە ساڵی ١٨١٧دا زەختی لە کۆنگرێس کرد "وڵات بەهۆی سیستمێکی ڕێگەوبان و کەناڵەکانەوە بەیەکتری ببەستێتەوە... بەم شێوەیە هاووڵاتییانی ڕۆئاوا هەواڵەکانی بۆستن دەخوێننەوە کە هێشتا گەرمایی چاپەمەنییەکەیان پێوە دەمێنێت. پۆستە و چاپەمەنی شا دەماری جەستەی سیاسەتن."

سەرەتاکان و پێشکەوتنی خزمەتگوزاریی پۆستە لە ئەمەریکا دەبێ هەردەم وەک کارێکی ڕۆمانسی بخوێنرێتەوە. کەس شتێک فێر نابێت لە پۆستەچییە پیادەکان، یان لە ناو عارەبانەکاندا بە ناو دار و بەرد دەکەوتن، بە شاخ و دەشتەکاندا دەچوون، لە سیستەمی پێشەنگی پۆستەوە دەچوونە شوێنە دوورەکان بێ ئەوەی هەست بەڕوحی پێشەوایی بکەن، هەروەها ڕێزێکی بەردەوام هەیە بۆ ئەو پیاو و ئافرەتانەی ئەو کاتە دژوارانە.

سیستمی پێشەنگی پۆستە کە بەئەسپ ئیشی پۆستەی دەکرد، پۆنی ئێکسپرێس (Pony Express)، کە تەنیا ١٨ مانگی خایاند، بارێی گرانی هەواڵی بەهەردوو ئاراستەدا دەبرد. لەبەر نرخەکەی کە دۆلارێک تا پێنج دۆلار بوو بۆ هەر ئاونسێک، بەکەمی نامە دەنێردران. لە جیاتی ئەوە، نامەی بازرگانی و هەواڵەکان عارەبانەکەیان پڕ دەکردەوە. تەنیا یەک ئەسپسوارێکی پۆستەی پۆنی ئێکسپرێس لە کاتی کارکردنیدا کوژرا، هەرچەندە هەندێکی تریش بەسەختی بریندار کران. شاباشێکی ئەوساکە بۆ کارمەندی پۆستەی پۆنی ئێکسپرێس لە ڕۆژنامەکاندا بەم شێوە بوو:

ساڵێک دوای شەڕی ناوخۆ دەستی پێ کرد، تەلەگراف لە سەرانسەری وڵات بڵاو بووەوە و پۆنی ئێکسپرێس باوی نەما و بزر بوو. تەلەگراف شوێنی گرتەوە، وەک جۆگەیەکی ورد و لە کاتی خۆیدا شتەکانی دەگەیاند لە نێوان ناوەوە و سان فرانسیسکۆ بۆ ئەوانەی پارەی باشیان بدابا. "زانیاری" لە کالیفۆرنیاوە دەگەیشتە میسر و شوێنەکانی ڕۆهەلات بەچەند خولەکێک. بەڵام نامەی ئاشقان هێشتا چەند هەفتەیەکی دەویست لە لێوارێکەوە بۆ لێوارێکی تر، ئەویش لە ڕێگەی کاروانسەراوە بە ناو نیکاراگوا و پەنامادا.

سەبارەت بە ڕۆژنامە و کۆوارەکانیش، ڕێگەی شەمەندەفەر بەرەو ڕۆئاوا فراوان کرا و ئەمەش زۆربەی کێشەکانی وەک دواکەوتن و دڵنیا نەبوون لە گەیشتنی هەواڵەکانی چارەسەر کرد. شەمەندەفەرەکان بارێکی زۆر لە ڕۆژنامەیان هەڵدەگرت و بەخێراییەکی گونجاویش دەگەیشت.

پارەبازەکـان زانیـارییـان لە هەواوە دەقـۆسـتـەوە. ئەو پەیامـبـەرەی یەکـەم جـار هەواڵی دەهێنا و دەبووە هۆی دابەزین و هەسـتـانی نرخی لۆکـە ئـەوا قـازانجـێکی باشـی دەکـرد چونکە خێرا و یەکەم کەس بووە هەواڵەکەی ڕاگەیاندووە. کاتێ فەرمانگەی پۆستە فەشەلی هێنا لە گەیاندنی زانیاری بەخێرایی و سوودی لێ بکەوێتەوە، کۆمپانیای تایبەتی بۆ خێرا گەیاندنی زانیاری هاتنە گۆڕێ. ئەو کۆمپانیایانە (بەقەد پۆستەی گشتی و کۆمپانیای فیدراڵ ئێکسپرێسی ئێستە ڕەواجیان هەبوو) فاکتەری زۆر گرینگ بوون لە گەیاندنی زانیاری تا ئەو کاتەی تەلەگراف پەیدا بوو. شانبەشانی ئەو خزمەتگوزارییانە، گرووپەکانی بڵاوکەرەوەکان هەواڵیان ئامادە دەکرد و پێکڕا هەموویان دەگەیاندە شوێنی مەبەست. لە کاتی شەڕی ئەمەریکا لەگەڵ مەکسیک، چەند ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی باکوری ڕۆهەڵات پارەیان دەدا بە ئەسپسوارەکان، بەلەمی خێرا، شەمەندەفەرەکان، هەروەها هێڵەکانی تەلەگراف گورزێکی بەهێزیان لە پۆستەی ئەمەریکی وەشاند.

## ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی

ئەگەر ڕێساکانی پۆستە لە هەر وڵاتێکدا تێکەڵوپێکەڵ بووبن، کێشەکە کەڵەکە بوون و تێکەڵاو بوون لە نێوان لە وڵاتەکاندا. هەر وڵاتە و کۆمەڵێک یاسای خۆی هەبوو، نرخ و باج و پێوانەی کێشی خۆی هەبوو، تەنانەت گومانیشی هەبوو لە پۆستەکانی وڵاتانی تر، هەرچەندە هاریکاری لە نێوان وڵاتەکان مایەی خۆشحاڵیی وڵاتان بوو.

نامەیەک بۆ ئینگلتەرا (لە ئەمەریکاوە) بە بیست و چوار سەنت بوو، ئەگەر کێشەکەی لە نیو ئاونس زیاتر نەبا، کێشی ئاونس و نیوێک بە ٤٨ سەنت بوو. بۆ یۆنان بە ٥٧ سەنت بوو، ئەگەر کێشەکەی لە نیو ئاونس کەمتر بووایە و بە کەشتیی بەریتانی بەڕێگەی ساوسامپتنەوە چووبا. ئەو کاتە کرێیەکان پێشەکی دەدران. ئەگەر نامەیەک بەکەشتییەکی ئەمەریکی بۆ برێمن چووبا، ئەوا خاوەن نامەکە دەبووایە پێشەکیی بیست سەنت بدات بە فەرمانگەی پۆستەی ئەمەریکا و دواتریش پارەی تەواو لە وەرگرەکە دەسەندرا. کۆی گشتیی کرێیەکە ٥٧ سەنتی تێ دەپەڕاند، ئەگەر کێشی نامەکە زیاتر بووایە لە چارەگە ئاونسێک.

وڵاتان پەیماننامەی هاوبەشیان لە نێوان خۆیان مۆر کرد. نەتەوە بەهێزەکان هەوڵیان دا ببن بەخاڵی ترانزێت نەک هەر تەنیا بۆ داهاتی پۆستەیی بەڵکو بۆ زیادکردنی پاڵەپەستۆی سیاسیش، چونکە ئەگەر پۆستەی نەتەوەیەک لەلایەن وڵاتێکی ترەوە لە ترانزێت با ئەوا دەستی دەکەوتە ژێر سەری ئەو وڵاتە. هەموو وڵاتەکان، بێهێز و بەهێز، پێشوازییان لە

کرێیی ترانزێت دەکرد.

لە کۆبوونەوەیەکی نێودەوڵەتی لە بێرندا، سویسرا لە ساڵی ١٨٧٤، یەکیەتیی پۆستەی جیهانی لەدایک بوو. یەک نرخ دانرا بۆ پۆستەی دەرەوە، هەر وڵاتە و پولی خۆی دەفرۆشێت بەڵام پۆستەی دەرەوە بە بەلاش دەنێردرێت، وڵاتان چی تر نەیانتوانی هەڕەمەکی کار بکەن، هەروەها گیروگرفتەکانی نێوانیشیان بە گفتوگۆ چارەسەر دەکرد. لە ئەنجامی پەیمانەکەدا، نرخ دابەزی، خزمەتگوزارییەکان باشتر بوون، گەیاندنی پۆستە چی تر نەبووە چەکێک لە دەستی دەسەڵاتە زلهێزەکان. نووسینگەی نێودەوڵەتیی یەکەتییەکە لە بێرن دانرا، ئێستەش هەر لەوێ ماوەتەوە.

وەک مۆری پۆستە، ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی لەسەر پۆستە بووە بەشێک لە شۆڕشی گەیاندنی جەماوەری. یەکیەتی پۆستەی جیهانی، وانەیەکی فێری خەڵکی جیهان کرد، لەوەی چۆن نەتەوەکان سوود وەردەگرن کاتێ هەموو پێکەوە بۆ ئامانجێکی پڕ لە ئاشتی کار دەکەن.

## فۆتۆگرافی

فۆتۆگرافی بەرچاوترین و بگرە زاڵترین توخمی سەردەمی ئێستەی زانیارییە. کەمتر لە دوو سەدە تەمەنیەتی، بووەتە بەشێک لە ژیان، بەجۆرێک وای لێ هاتووە بەبێ ئەو کۆمەڵگە بەڕێوە ناچێت. لە سەدەی شازدە لە ئیتاڵیا، ژووری تاریک، ئێستاش هەر ژوورێکە، وێنە و نیگاری لێ دەکرا. بۆ تۆخکردن و ڕووناککردنەوە وێنەکە، هونەرمەندان عەدەسەیەکیان لەسەر کونە دەرزییەک دادەنا. بۆ پاراستنی وێنەکەش لەسەر پارچە کاغەزێک دایان دەنا. کێشەی ژوورێک لە ناو خانوویەکدا ئەوەیە تۆ دەتتوانی تەنیا ئەو شتە ببینی کە پێچەوانەی ژوورەکەیە. ئەگەر ژوورەکە گوێزراو بووایە دەتتوانی بە کەیفی خۆت ببیەیتە هەر شوێنێک. لە سەدەی حەڤدەدا، ژووری گوێزراو دروست کران، عادەتەن جۆرێک بوو لە ڕەشماڵ. کاتێ بەکارهێنەران (زۆربەیان نیگارکێش و ئەندازیاری وێنە بوون) هەستیان بەوە کرد پێویست ناکات لە ناو ژوورەکە بوەستن و وێنەکەیان بگرن، بۆیە ژوورە تاریکەکە بچووک بووەوە بەقەبارەی سندووقێک بە دەستی هەڵدەگیرا، ئەمە سەرەتاکانی ئەو کامێرایەی سەردەمی ئێمەیە. هەر سندووقێک کونە ڕۆشنەیەک، عەدەسەیەک، هەندێ جار ئاوێنەیەکیشی هەبوو. لەگەڵ پارچە شووشەیەکی تەخت کە وێنەی لەسەر دادەنرا.

ئامێرێکی بچووکتر لەو سندووقە دروست کرا کە پێک هاتبوو لە شووشەیەکی بلووری لەسەر پارچە مسێک دادەنرا نەک پارچە کاغەز. سەیرکردن بەناو شووشە بلوورییەکە،

هونەرمەندەکە دەیتوانی وێنەکە لەسەر کاغەزێک بگرێت. بەڵام ئەم وێنەیە هێشتا زۆر کاری دەستیی دەویست، وێڕای بۆچوونەکانی هونەرمەندەکە، هیچ ڕێگەیەکی تر نەبوو وێنەکە دووبارە بکرێتەوە.

## ڕەگەکانی لە سەردەمی کۆندا

ئەم تەکنەلۆجیایە ڕەگێکی کۆنی هەیە. شەقامێکی ڕووناک لە شارێکی کۆن بێنە بەرچاوت. ژوورێکی تاریک لە ناو خانوویێک بێنە بەرچاوت. کونێکی بچووک لە دیوارێکی بەرامبەر شەقامێک بێنە بەرچاوت. خەڵک لەودیو کونەکەوە هاموشۆ دەکەن. ئەگەر لە ناو ژوورەکە دانیشیت لە بەرامبەر کونەکە سەیری دیوارەکە بکەیت، ڕەنگە وێنەی کەسەکانی ئەودیو کونەکە بە ئاوەژوویی ببینی. لەبەرئەوەی جیهان پڕە لە ژووری تاریک و کونی بچووک لەسەر دیواری ژوورەکان، ئەم دیاردەیە لەمێژە درکی پێ کراوە. ئەرستۆ لە سەدەی چوارەمی پێش زاین باسی کردووە. سکۆلەری عەرەب بەناوی ئەلحازن لە سەدەی یازدە هەندێ بە درێژی باسی لێوە کردووە. دواتر، لیۆناردۆ داڤینشیش باسی کردووە. دەسپێکی فۆتۆگرافی، ئەو ژووره تاریکە (camera obscura) بوو، کە لە وشەی لاتینیەوە هاتووە cam-era بەواتای ژوور و obscura بەواتای تاریک.

## بنچینەی کیمیاوییی فۆتۆگرافی

دۆزینەوە کیمیاوییەکان دواجار سەرەداوێکی بەدەستەوە دا بۆ تێرکردنی ئەو حەزە قووڵەی گرتنی واقیع وەک خۆی، نەک بە قەڵەمێک وێنەی بکێشرێت بگرە بەشتێک واقیع ببینی کە پێی گوترا "قەڵەمی سروشت". بۆ ماوەی هەزاران ساڵ، سەوزەوات سەوز دەبن. ڕەنگی کراسێک لەبەر تیشکی خۆر کاڵ دەبێتەوە. ئەوەش زانراوە کە هەندێ خوێی زیو لە دەرەوە ڕەش دەبوو. هۆکاری ئەمە، هەندێ پێیان وابوو، پێوەندیی بە هەواوە هەیە یان بە گەرمیی تیشکی خۆرەوە. ئەوان بەهەڵەدا چووبوون. نەهەوا و نە گەرمییەکەش بوو. هۆکاری گۆڕانەکە ڕووناکی بوو. زانایەکی ئەڵمانی بە ناوی جۆخانس شولز، تێبینیی کرد کە بوتڵێک پڕ لە پێکهاتەی زیو ڕەنگەکەی دەبێتە ڕەنگی بنەوشەیی ئەگەر بخرێتە بەر ڕووناکیی خۆر. بۆ تاقیکردنەوەی تیۆرەکەی کە هۆکاری گۆڕانەکە ڕووناکییە نەک گەرمی، چەند پارچە کاغەزێکی لە شێوەی نامە لە کاغەزێکی ڕەش بڕی. شولز بوتڵەکەی (کە پێکهاتەی زیوی تێدا بوو) بە کاغەزەکە داپۆشی و لەبەر تیشکی خۆری دانا. هیچ شوێنێکی زیوەکە نەگۆڕا بوو جگە لەو شوێنانەی کە کاغەزەکە دڕابوو. پاش ماوەیەک

ڕەشاتییەک لە زیوەکە پەیدابوو لەو شوێنانەی کە کاغەزەکە دڕابوو.

تۆماس وێجوود، کە خێزانەکەی گڵکاری بەناوبانگی دروست کرد، توانیی چەند فۆتۆگرافێک چاپ بکات بەهۆی دانانی گەڵا درەختێک لەسەر شووشەیەک لە بەرامبەر ئەو کاغەزەی بە مادەی کیمیایی بەکار دەهات، پاشان خستیە بەر ڕووناکی. بۆ ئەوەی وێنەکان بە میوانەکان پیشان بدات ناچار بوو چەند فیلێکی بەکار هێنا بۆ ئەوەی بە چرکەساتێکیش بێت وێنەکە پیشان بدات، ڕووناکیی کزی مۆمی بەکار هێنا. ئەم پرۆسەیە دەتوانرا بەکار بێت بۆ کاتێکی دیاریکراو، پێش ئەوەی هەموو وێنەکە ڕەش داگەڕێت.

لە ساڵی ١٨٢٧دا، بەتەواوی یەک سەدە دوای دۆزینەوەکەی شولز، هەروەها دوای دەیەیەک لە تاقیکردنەوەی مادە کیمیاوییەکان، داهێنەرێکی فرەنسی بەناوی جۆزیف نیپێس ژووری تاریکی بەکار هێنا بۆ بەرهەمهێنانی یەکەم فۆتۆگرافی ڕاستەقینە لە جیهاندا، ئەویش وێنەی حەوشەکەی بوو لەودیو پەنجەرەکەیەوە. لەسەر پلێتێکی مسی زەرد شۆرایەوە. کاتی دانانەوەی هەشت سەعاتی پێ چوو، پێ دەچێت تیشکی خۆر لە هەردوو لای پلێتەکەی دابێت لە سەرەوە تا خوارەوە.

## داگوێر و تالبۆت

لە گەشتێکی بۆ پاریس، نیپێس چاوی بە لویس داگوێر کەوت کە نیگارکێش و دەرهێنەری شانۆ بوو، هەروەها هەوڵیشی دەدا وێنەیەک بگرێت. دواجار ئەم دووە بوون بە هاوشانی یەکتر. دوای مردنی نیپێس، داگوێر بەردەوام بوو لە باشترکردنی پرۆسەکە، ئەوە بوو لە ساڵی ١٨٣٧دا فۆتۆی بەرهەم هێنا کە جۆرەکەی زۆر سەرسوڕهێنەر بوو، ژیان بەکەمێک ڕووناکی و سێبەرەوە. فۆتۆیەکە، لەسەر پلێتێکی مس و تێکەڵکراو بەزیو، خرایە بەر دووکەڵی یۆد، چینێکی هەستیاری ڕووناکی زیوی یۆدی دروست کرد. داگوێر ناوی ئەم ئەنجامەی بەناوی خۆیەوە کرد: داگوێرۆتایپ. پلێتێکی نیشاندراو دوا هەنگاوی وێنەیەکی تەواو بوو. هیچ لایەنێکی نەرێنیی نەبوو.

کاتێ داگوێر لە فرەنسا خەریکی تاقیکردنەوەی بوو، زانایەکی ئینگلیزی بەناوی ویلیەم فۆکس تالبۆت بێ ئومێد بووبوو لە دەست سەرئێشەکانی ئامێری وێنە نیشاندان کە پێی دەگوترا camera lucida . هەندێ سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە گرتنی چەند فۆتۆگرافێکی یەک بەدوای یەک لە ڕێگەی دانانی چەند شتێکی وەک گەڵای درەخت، پەڕەمووچ ڕاستەوخۆ لەسەر کاغەزێکی نیوچە ڕۆشن کە بە کلۆریدی زیو کاری لەسەر دەکرا. ئەم میتۆدە وێنەی بە خراپی دەگرت، شوێنە تاریک و ڕووناکەکان هەڵدەگەڕانەوە. کاغەزە نیوچە ڕۆشنەکە

ڕێگەی بە فۆکس تالبوت دا هەر چەند وێنەی ویستبا دەیتوانی بیگرێت، ئەمە شتێک بوو داگوێر نەیدەتوانی ئەنجامی بدات. فۆکس تالبۆت خێرا دەستی کرد بەگرتنی وێنەی باڵەخانەکان، ئەم بابەتەکەی هەڵبژارد، چونکە پێویستی بەڕووناکی بوو. دوای چەند ساڵێک لە پێشکەوتنی مادەی کیمیاوی و بەکارهێنانی لە فۆتۆگرافیدا، توانیی وێنەی خەڵک بگرێت، کە بە کەسەکانی دەگوت ڕەق ڕاوەستن و نەجووڵێن، چونکە وێنەکان پێویستییان بە وەستانی کەسەکە بوو بۆ ماوەیەکی درێژ.

هەردووکیان، هونەرمەندی فرەنسی داگوێر و ڕووەکناسی ئینگلیزی، فۆکس تالبوت، بەجیا کاریان دەکرد و یەکتریان نەدەناسی، کەچی بەهەمان شێواز و هەمان ئامێر و مادەی کیمیاوی وێنەیان دەگرت. تاکە جیاوازییان ئەوە بوو کە جۆری وێنەکانی داگوێر زۆر باشتر بوون. جیاوازییەکی تر ئەوە بوو، فۆکس تالبوت دەیتوانی زۆر وێنە کۆپی بکاتەوە لە وێنە خراپەکانی.

کێشەی تاریک دەرچوونی وێنەکان کاتێ لە ژوورێکی ڕووناک سەیریان دەکرد لە ساڵی ١٨٣٩ چارەسەر کرا، بەهۆی دانانی مادەی سیوسۆلفێتی سۆدیۆم (کە تا ئێستەش بەکار دێت و ئێستە پێی دەڵێن هیپۆ) لەسەر وێنە ئامادەکراوەکە و دواتریش بەئاو دەیانشوشتەوە. دۆزەرەوەی ئەمە کابرایەک بوو ناوی سێر جۆن هێرچل بوو، زانایەکی ناوداری ئینگلیز و هاوڕێی فۆکس تالبوت بوو، هەر ئەویش وشەی فۆتۆگرافی تاشی لە شوێنەی وشەکەی فۆکس تالبوت کە فۆتۆجینیک درووینگ بوو، هەروەها وشەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤیش کردە کۆپیی هەڵگەڕاوە و دووبارە هەڵگەڕاوە.

فۆتۆگرافەرە تازە پێگەیشتووەکان خێرا پەرەیان بەکارەکە دا و باشتریان کرد. لە ساڵی ١٨٤٧دا، تەنیا لە پاریس نیو ملیۆن پلێتی فۆتۆگرافی بەکار هات. هەرکە کامێرای بچووکتر دروست کران، قەبارەی پلێتی فۆتۆگرافی بچووکتر دەبووەوە. مادەی کیمیایی نوێ ڕووناکی پلێتەکەیان هەستیارتر کرد، بۆیە کاتی وەستانیان لە بەردەم کامێرا کەم کردەوە. عەدەسەیەکی وێنەگرتن لەلایەن جۆزیف پێتزڤا لە نەمسا دروست کرا کاتی وەستان لە بەردەم کامێرا کەم کردەوە بۆ ٣٠ چرکە. یەکێک لە تاقیگەرە سەرەتاییەکانی ئەمەریکا ساموێل مۆرس بوو، کە دواتر خێرا بەناوبانگ بوو بەهۆی داهێنانی ناوەندێکی نوێی گەیاندن ئەویش برێتی بوو لە تەلەگراف.

فۆتۆگراف نەک هەر تەنیا لەبەر تیشکی خۆر لەسەر شەقامەکان دەگیرا، بگرە لە ژوورەوەش لە ناو ستۆدیۆ تازەکاندا کە لە هەموو شوێنێک کرانەوە. فۆتۆگرافەرەکان، بە داگوێرۆتایپیست ناسرا بوون، بازرگانییەکی ڕۆشنیان ئەنجام دا و ئەم کارەیان لە

نیگارکێشەکان دوور خستەوە.

لە ساڵانی ١٨٥٠کاندا، نرخی فۆتۆگرافێک زۆر دابەزی کە پیاوێکی ئاسایی دەیتوانی بیگرێت. وێنەی خێزانی باو بوون، بەتایبەتی وێنەی منداڵان، بەشێک لەبەر ئەوە بوو تا ماوەیەکی زۆر وێنەکان دەمانەوە. گەلێ منداڵ بە نەخۆشیی کوشندەی وەک سوورێژە دەمردن کە ئێستە ئەو نەخۆشییە کۆنترۆڵ کراوە. یەکێک لە شاباشە یەک دێرییەکان برێتی بوو لە: " خۆت لە ناو دەچی با سێبەرەکەت بمێنێتەوە". فۆتۆگرافەرەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا شاباشیان کرد ئامادەن وێنەی مردووان لە ناو کفندا بگرن.

## پلێتی تەڕی فۆتۆگرافی

ناساندنی پلێتی تەڕی فۆتۆگرافی لەلایەن فرێدریک ئارچەر لە ساڵی ١٨٥١ شوێنی داگوێرتایپ و تالبوتایپی گرتەوە. هەستیارییەکی گەورەتری دابین کرد و کاتی وەستانی زۆر کەم کردەوە بۆ هەر شتێک کە وێنەی بگیرێت. وای کرد لە یەک پلێتدا چەندان کۆپی بگیرێت، ئەمە نەدەکرا لە داگوێرتایپدا. لەلایەکی ترەوە، پرۆسەکە ئاڵۆز و ناڕێک بوو. وێنەکان دەبووایە لەسەر پلێتێکی تەڕ دابنرێن و یەکسەریش وشک دەبوونەوە، بەڵام وێنەکە دەرنەدەچوو. دەبووایە مادە کیمیاوییەکان بەخێرایی لە تاریکیدا تێکەڵ بکرێن.

ئەمە گوزارە بوو لەوەی کە فۆتۆگرافەکان دەبێ هەردەم ژوورێکی تاریک لەگەڵ خۆیان بگێڕن. بۆ گرتنی وێنەیەک لەسەر پلێتێکی تەڕ، فۆتۆگرافەر پلێتێکی شووشەی بە شلەیەکی ڕوون و چڕ و لینج دەهنوو. دواتر، پلێتەکە قاتێک یۆدی زیوی ڕووناکی لێ دەدرا. ئینجا پلێتەکە یەکسەر لە ناو کامێرا دادەنرا بۆ ئەوەی وێنەیەک بگرێت. دوای گرتن، پلێتە شووشەکە، هێشتا تەڕ بوو، جێگیر دەکرا و لەسەر شوێنێک دەشورایەوە.

## وێنەگرتنی جیهان

کاتێ بەوەیان زانی لە دەستیان دێ بەڕێگەیەکی نوێ مێژوو تۆمار بکەن، گەشتیارەکان دەبووایە زۆر چاوەڕێ بکەن تا کامێرە گرانەکە و ژوورە تاریکەکانیان لەگەڵ کەلوپەلەکانی لەگەڵ خۆیان بە جیهاندا بگێڕن. لە ١٨٥٤دا، ئەلبومێکی فۆتۆگرافی پەیکەری میسرییە کۆنەکان بڵاو کرایەوە، ئەمە بۆ یەکەم جار بوو کە خەڵک ئەم وێنانەی دەست کەوێت. وەک کتێب لە چەند لاپەڕەیەک پێک هاتبوو، فۆتۆگرافی ڕاستەقینەی تێدا بوو. چاپکردنی فۆتۆیەکان لە کتێبێک و لەگەڵ نووسینی شتێک لەگەڵی چاوەڕێ کرا تا هونەریی نەخشاندنی فۆتۆ لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا پەرەی پێ درا، دوای ئەوەی ڕۆژنامە و

کۆوارەکان پڕ بوون لە فۆتۆگراف. لەو کاتەدا، خەڵک دەیتوانی سەیری وێنەکان بکات کە لە شێوەی کتێب هەموویان پێکەوە بەسترابوونەوە. فۆتۆگرافی گەشتیاری لەسەر سلاید شۆ ئامادە کرابوون.

بەڵام هێشتا کارێکی ئاڵۆز و بێ سەروبەر و زەحمەت بوو. فۆتۆگرافەرەکان پێویستیان بەواگۆنێک بوو بۆ هەڵگرتنی سەدان بوتڵی مادەی کیمیاوی لەگەڵ پلێتی شووشە، قاپ، پێوەرەکان، ڕەحەتی و مەنجەڵی ئاو و لەگەڵ خۆیان بیگێڕن، ئەمە ئەگەر باسی کامێرا و عەدەسە و ستاندە گرانەکان نەکەین.

فۆتۆگرافەرەکان لە سەردەمی کۆلۆنیزەیشن گەشتیان دەکرد، لە سەردەمی شەڕوشۆڕدا، لە ناو وڵاتیش خەڵکی حەزی دەکرد لەبارەی سەرکەشییە نیشتمانییەکان لە دەرەوە شت بزانێت. ڕۆجەر فێنتن لەگەڵ جەیمس ڕۆبیرتسنی ئینگلیزی خۆیان و ژوورێکی تاریک لە ناو واگۆنێکی داپۆشراو بەرەو شەڕی کریمین لە ساڵی ١٨٥٥ وەڕێ کەوتن. فیلیس بیتۆی ئیتاڵی و ڕۆبێرتسن کارەساتی پاش ڕاپەڕینەکەیان تۆمار کرد دژی بەریتانییەکان لە هیندستان. بیتۆ چووە چین بۆ ئەوەی وێنەی شەڕی ئۆپیەم بگرێت، پاشان چووە ژاپۆن، کە تازە بە ڕووی جیهانی دەرەوە واڵا کرابوو و بیانییەکانیش زۆر پێی سەرسام بوون. لە ساڵی ١٨٥٨دا، یەکەم فۆتۆگرافی ئاسمانی گیرا لە باڵۆنێکی گەرمی ئاسمانی.

بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، خەڵکی سەلامەت لە ماڵەکانیاندا کۆمەڵێک لەو دیمەنانەیان بینین کە لە شەڕەکان ڕوویان دەدا. پاشان خێرا شتی زۆرتریان بینی لە ڕێگەی وێنەی کارەساتەکان لە مەیدانی شەڕی ناوخۆی ئەمەریکادا. فۆتۆگرافەرێکی پۆرترێتی بەناوبانگی نیو یۆرک، فۆتۆگرافەری تری بەکرێ گرت بۆ ئەوەی هاوکاری یەکتر بکەن و ژیانیان بخەنە مەترسییەوە، بەخۆیان و واگۆنە شڕوشەپرێوەکانیان و پلێتی شووشە بچنە مەیدانی شەڕەوە. لە کۆتاییی شەڕی ناوخۆدا، نێزیکەی حەوت هەزار فۆتۆگرافیان گرت دەربارەی مەیدانی شەڕ و پێگەکان، زیندوو مانەوەی سەربازان و مردنیان، ئەفسەران و پیاوان، چەک و کەلوپەلی شەڕ. فۆتۆگرافەکانیان لایەنە خراپەکانی شەڕی نیشان دا، شەڕێکی دڕندانە، پڕ لە نەهامەتی و تۆقاندن کە هیچ ئامانجێکی لە پشتەوە نەپێکێنرا. برادی خۆی نیوە گیان کرا لە شەڕی بوڵ ڕەن. فۆتۆگرافەکانی تر دوای برادی کەوتن بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکانی مەیدانی شەڕ.

دوای شەڕ، ژمارەیەک فۆتۆگرافەر چوونە لای ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی بەردەوام بن لەو شتەی کە چەند ساڵێک بوو بووبوو بە نەریتی دۆکیومێنتەری بینراو. ٣٠٠ تا ٤٠٠ پاوند ئامێری و پلێتی شووشە و مادەی کیمیاوییان لەسەر پشتی ئەسپێک بار کرد، ڕۆیشتن لە پێناو

تۆمارکردنی شتەکان بۆ نەوەکانی داهاتووی هیندییە ئەمەریکاییەکان، بۆ ئەوەی وێنەکان لە ئەقڵی مرۆڤی داهاتوو بچەسپێن بێ ئەوەی یەک مرۆڤی ئەو سەردەم بمێنێتەوە، بۆ داهاتووی شەمەندەفەر، کانەکان، دانیشتووان و لادێیەکان. وێنەکانی ویلیەم هێنری جاکسۆن لە ساڵی ١٨٧١دا گیراون یارمەتیی هەوڵێکی سیاسیی دا بۆ دامەزراندنی یەلۆستۆن وەک یەکەم پارکی نیشتمانی. ڕەنگە ئەمە یەکەم جار بووبێت فۆتۆگرافی کاریگەریی هەبووبێت لە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا. بەڵام دوا کاریگەریش نابێت.

## فۆتۆی حەیابەرەکان

ڕۆژنامەنووسان درکیان بەوە کرد فۆتۆگرافی نەک هەر ناوەندێکە بۆ خستنە ڕووی زانیاری بگرە بۆ وروژاندنی سۆزیش بەکار دێت. جاکۆب ڕیس، پەنابەرێکی دانیمارکی بوو وەک پەیامنێری پۆلیسی شاری نیویۆرک دامەزرا، سوور بوو لەسەر ئاشکراکردنی مرۆڤایەتیی هەژاران کە زەنگینەکان پشتگوێیان خستووە. ڕیس هەردووک وێنە و وشەی بەکار هێنا بۆ خستنە ڕووی بارودۆخەکانی گەڕەکە هەژارەکان. ئەو یەکەم کەس بوو درکی بەوە کرد فۆتۆگراف دەتوانێت یارمەتیی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بدات. ڕیس بەدوای ئەرکە کەسییەکەی کەوت تەنانەت کاتێ ئامێرە سادەکەی فلاشەکەی ژمارەیەکی نووستووی لە ژوورێکدا دەترساند، یان لە ڕاستیدا ئاگری لە خانوویەک بەر دا. کاتێ خۆی دەخستە ناو ئاگر بە باڕووتی فلاشەکەی، ئەمە داهێنانێکی نوێ بوو کە بۆ یەکەم جار ڕێگەی بەگرتنی ئەو وێنانە دا کە تا ئەو کات بە تاریکی دەشێردرانەوە. گڵۆپی فلاش تا ساڵی ١٩٢٥ دانەهێنرا، بەڵام باڕووتی فلاش دەیتوانی یەک ژوور بەتەواوی ڕووناک بکاتەوە. هەندێ جار بەگەڵێ ڕێگەی جیاواز دادەگیرسا.

کتێبەکانی ڕیس: "چۆن نیوەکەی تر دەژین"، "منداڵی هەژاران" بوونە بەشێکی گرینگ لەو کۆششەی بەحەیابردن ناسرابوو، چونکە خۆی لە قەرەی زۆر پرس و بابەتی هەستیار و خەتەر دەدا و دەیخستنە بەر دیدەی کۆمەڵانی خەڵک. وشەی حەیابەرە وەک ڕیسواکردنێک وابوو بۆ ئەو جۆرە نووسەرانە، بەڵام ئەوانەی خوازیاری چاکسازی بوون بەشانازییەوە قبووڵیان دەکرد.

یەکێک لە جێگرەوەکانی ڕیس، سۆشیۆلۆجیس، لویس هاین بوو، ژیانی ناخۆشی پەنابەرەکانی تۆمار کرد کە لە ئەوروپا دەهاتنە دەرەوە و بەرەو دوورگەی ئێلیس دەچوون. لەوێ لە شوێنە پیسەکان، یان لە دووکانی شیرنەمەنی کاریان دەکرد و بەجەرەجەر دەیانتوانی پارەی لەتە نانێک پەیدا بکەن و بیخۆن. لە ١٩٠٨دا، هاین دامەزرا وەک لێکۆڵەر

له لێژنەی نەتەوەییی منداڵە کرێکارەکان. هاین گوتی "ویستم ئەو شتانە نیشان بدەم کە دەبێ ڕاست بکرێتەوە." بەتایبەتی جەختی لەسەر ئەو منداڵانە دەکردەوە کە دەنێردرانە، بۆ ڕووەک چاندن کار لە کارگەکان و کانەکانی خەڵووز. لە هەموو شوێنێک تیشکی دەخستنە سەر. فۆتۆیەکانی لە ناو کۆوار، کتێب و سلاید شۆکانی وانەکان دەرکەوتن، هەروەها لە پێشانگەی گەشتیارەکانیش پێشان دەدران. بڵاوکردنەوەی فۆتۆیەکانی ئەو بوو پاڵەپەستۆ دروست کرد و یاسای منداڵە کرێکارەکان دەرچوو کە منداڵەکانی لە کانەکانی خەڵووز و کارگەکان هێنا دەرەوە و خستنیە ناو قوتابخانە.

ڕیس و هاین پێشەنگی فۆتۆگرافەرە کۆمەڵایەتییە دۆکیومێنتەرییەکان بوون. لە کاتی گرانییە گەورەکەی سالانی ١٩٣٠یەکان، دۆرۆسیا لانگ، والکە ئیڤانس و بێن شان لەسەر هەمان نەریت بەردەوام بوون. لەبەر هەست و سۆز و تووڕەبوون لە نەریتە کۆمەلایەتییەکان و سیستمی دادوەریی کۆمەڵگە، وێنەی جووڵاوی دۆکیومێنتەر کۆمەلایەتی پەیدابوون، بە تایبەتی لە بەریتانیا و ئەمەریکا، بەڵام دەربڕینێکی پڕ بەها بوو لە سەرانسەری جیهاندا.

## فۆتۆئینگرێڤینگ photoengraving

هەندێ وێنەی دۆکیومێنتەری ڕێچکەی خۆیان لە ناو کۆوارە وێنەییەکاندا دۆزییەوە. بەناوبانگترینی ئەو کۆوارانە، کۆواری life بوو کە یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٦ بڵاو کراوە، بەڵام چاپکردنی وێنە خۆی گەلێ زووتر دەستی پێ کرد. لە ڕاستیدا، بەقەد فۆتۆگرافی کۆنە. کۆواری هەفتانەی ئیلوسترەیدت لەندەن نیوز لە ١٨٤٢ دەستی بەبڵاوکردنەوە کرد بە نەخشاندنی داری، عادەتەن لە سکێچەکانی هونەرمەندان وەردەگیرا لەسەر تەختە دارێک. هەندێ ڕۆژنامە دەیانتوانی وێنە بەرهەم بهێنن.

هەڵکۆڵەرانی وێنە زۆر نێزیک بوون لە کرێکارانی دار تا هەڵکۆڵەرانی مۆدێرنی فۆتۆ. لە ساڵەکانی بەراییدا، نیگارەکان و فۆتۆگرافەکانی داگوێرۆتایپیان هەڵدەکۆڵی وەک هەڵکۆڵینی دار. هەروەکو پێشتر باس کرا، داگوێرۆتایپ وێنەی تاک تاک بوون. بڵاوکردنەوەی ڕاستەقینەی فۆتۆگرافەکان ڕێی تێ نەدەچوو بەبێ پێشخستنی تەکنۆلۆجیایەک کە بتوانێت فۆتۆی ئاسایی بگرێت و بەهۆی هافتۆنەوە بگۆڕێت بۆ وێنە، یان بەهۆی تۆنی مشکە کە لە ناو مەرەکەب هەڵدێنرا و لەسەر هەمان کاغەز چاپ دەکرا. فۆتۆئینگرێڤینگ لە ئینگلتەرا دەستی پێ کرد، بەڵام ئەنجامەکانی خراپ بوون تا ساڵی ١٨٧٨ کاتێ فرێدریک ئیڤس لە زانکۆی کۆرنێل پرۆسەیەکی هافتۆنی دروست کرد کە فۆتۆگرافی بۆ خانەی بچووک بچووک پارچە کرد بۆ ئەوەی مەرەکەب وەربگرن، بە

بەردەوامی لە ڕووناکییەوە بۆ تاریکی دەجوولێنران. هافتۆن وشە و وێنەی پێکەوە سازاند، بووە هۆی یەکێک لە پێشکەوتنە هەرە گەورەکان لە مێژووی گەیاندنی جەماوەریدا کە بەناوی "ڕۆژنامەوانیی فۆتۆگرافی photojournalism" ناوی دەرکرد. ئێستە فۆتۆگراف دەتوانرا چاپ بکرێ، بەڵام باو نەبوون لە ناو ڕۆژنامەکان تا جۆری چاپکردنی هەواڵ، کاغەز خۆی، باشتر بوو لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا، بەڵام، فۆتۆگرافەکان بەرچاو دەکەوتن لە پەڕەکانی بڵاوکراوە و کۆوارە هەفتانەییەکاندا. یەکەم ڕۆژنامە فۆتۆگرافی چاپ کرد بەناوی شارۆکەی شانتی، لە گرافیکی ڕۆژنامەی نیویۆرک دەیلی لە ١٤ی ئاداری ١٨٨٠ بڵاو کراوە. لە کۆتاییی سەدەکەدا، فۆتۆگراف بەشێوەی ئاسایی لە ناو ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا بڵاو دەکرایەوە.

داهێنانە نوێیەکان بەردەوام بوون، هەرکە تەکنۆلۆجیا دەرفەتی واڵا کرد بۆ زانستی فۆتۆگرافی. ویلهێلم ڕۆنتگن تیشکی Xی دۆزییەوە لە ساڵی ١٨٩٥ . فۆتۆکانی تیشکی X، ساڵێک دوای دۆزینەوەکە پەیدا بوون.

## کۆپی (ئیستنساخ)

هەرچەندە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستدا گشتگر بوو، فەرمانگەی کۆپی دەگەڕێتەوە بۆ سەر لیستی داهێنانە تازەکانی زانیاری، ئالییەتێکی تری گەیاند کە دانیال جەی بورستن ناوی لێ نا " دووبارەکردنەوەی ئەزموون"، کە توخمێکی دیاری کۆمەڵگەی دیموکراسییە.

یۆنانییە کۆنەکان ئەزموونیان لەم بارەیەوە هەیە بەهۆی کارەبای جێگیر کە زاخیان لە حەریر دەخشاند بۆ چڕکردنی مووەکانی قژ. سەرنجدانی سیستماتیکی لە سەدەی نۆزدە دەستی پێ کرد لەگەڵ پێکهاتەی کیمیاویی کارەبا. لە سەدەی بیستدا، زاناکان توێژینەوەیان قووڵ کردەوە بۆ پێکهاتەی ڕووناکی کە پێی دەگوترێت photoconductivity. توێژینەوەکانی پێوەست بەم بابەتە لە تەلەڤزیۆن ئەنجام دراون.

وەک پزیشک و پارێزەری ماف پێدراو ڕاهێنراوە، چێستەر کارلسن لە تاقیکردنەوەکانی بەردەوام بوو بۆ ئامانجێکی دیاریکراو ئەویش دۆزینەوەی ناوەندێکی باشتر بوو لە کاغەزی کاربۆن بۆ کۆپیکردنی دۆکیومێنتەکان. زۆربەی کارەکانی لە موبەقی باڵەخانەکانی شاژنەکانی لە نیویۆرک ئەنجام دەدا لە کاتی گرانییە گەورەکە بە هاوکاریی زانایەکی ئەڵمانی کە پەنابەر بوو، یەکەم وێنەی جێگیری بەهەرم هێنا دوای سێ ساڵ تاقیکردنەوە. ناوی لە داهێنانەکەی نا xerography کە وشەیەکی یۆنانییە بەواتای نووسینی وشک. داهێنانەکەی لەگەڵ مەرەکەبی هیندی تێکەڵ کرد، ئەمانەشی بەکار هێنا: دەستەسڕێک،

کـاغـەزی شـەمـێ، گلۆپێک، سـولفـێـر (مـادەیەکی کـیـمـیـاوییـیـە)، شلەی قـەوزەی سـەوز، سلایدێکی شووشەی مایکرۆسکۆب و پلێتێکی کانزاییی بچووک.

کارلسن داهێنانەکەی لە کۆمپانیایەکەوە بۆ ئەوی تر دەگێڕا، بەڵام هەریەکەو قسەیەکی هەبوو کە پێی دەڵێت "بەپەرۆش نەبوون بۆ کار". کۆمپانیایەکی بچووک کە دواجار خێرۆخ Xerox دروست کرد و یەکەم مۆدیلی لە ١٩٥٠ فرۆشت، کۆپییەک بوو کە کاغەزی تەختی بەکار دێنا. سەرکەوتنی خێرۆخ ٩١١٤ (واتە کۆپییـەکان لە ٩-١٤ ئینچ زیاتر بوون) زۆر هەستیار بوو. لە ماوەی شەش ساڵدا، ٦٥ هەزار کۆپیی فرۆشران. ئەمڕۆکە نێزیکەی ٢٠ کۆمپانیای جیهانی ساڵانە نێزیکەی بای ٥٠ ملیار دۆلار کۆپییە و کەلوپەلەکانی دەفرۆشن.

پرینتـەری لێزەری، ئامـێری کـۆپیکردن، هەروەها قـەڵەمی سـووک، کە زانیـاریی لە ڕێی ڕووناکـیـیـەوە دەگـوازێتـەوە، پەرەیـان سـەند لەسـەر بنچـینەی هەمـان بنەمـاکـانی فـۆتۆی کارەبایی.

## سەیری پێشەوە بکە

لە کۆتاییی سـەدەی نۆزدەدا، فۆتۆگرافی لە هەندێ تاقیکردنەوەی حـەزی زانینەوە گۆڕا بۆ ناوەندی گـرینگ بۆ تۆمـارکـردنـی ڕووداوەکـان. وێنەکـان لە ڕۆژنامـە و گـۆوارەکـاندا بڵاو دەکـرانەوە. فـۆتۆگـرافی وەک هونەرێک وردە وردە گـەیشـتـە ناو خـەڵکی. فـۆتـۆگـرافی خۆشـەویسـتان لەسەر مێز دادەنرا و بە دیوارەوە هەڵدەواسرا و دەخرایە ناو گیرفانەوە. زاناکان لە چەندان بواردا کامیرایان بەکار دەهێنا بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەکان.

هەنگاوێکی گـرینگی نوێ خـەریک بوو بنرێت، بگرە هـەرە گـرینگتـرین هەنگاو بـوو بۆ زۆربەی خـەڵک. ئەویش بوون بە خـاوەنی کامـێـرای هەرزان و سـانا لە بەکارهـێنان بوو. لە سەرەتای سەدەی بیستدا، خەڵکی ئاسایی کەیفیان بەوە دەهات کامێرایان بەدەستەوەیە و هەڵیان گرتووە.

## هەواڵە تازەکان

تەلەگراف ئەو ڕێگەیەی گۆڕی کە زانیاری بەنێو کۆمـەڵگەدا بڵاو دەکردەوە. پێشتر، چەند هەواڵێکی لابەلا لە شـوێنـە دوورەکـانـدا دەتوانرا بانگەواز (هەڵاڵە) بڵاو کـرابایەوە، یان بەهۆی خـێـراییی ئەسـپـێکی خـێـرا، پەیامـە ئاڵۆزەکـان بەو وایەرانـە دەگـوێزرانـەوە کـە بەهەزاران مـیلیـان دەبڕی بە کـاتێکی کـەمی ئەسـپـەکـان. تەلەگـراف ناوەندێکی نوێ و زانسـتـیی گـەیاندن بوو، هـەرچەندە زۆربەی خـوێندەوارەکـانی سـەدەی نۆزدە نەیاندەزانی

کارەبا چییە یان چۆن کار دەکات. تەلەگراف، یەکەم بەکارهێنانی پراکتیکیی کارەبا، گەیاندنی لە گواستنەوە جیا کردەوە. بۆ گفتوگۆ و گەیاندن، چی تر پێویست نەبوو پەیامەکان هەڵگرین و بگوازرێنەوە.

## ڕۆژنامەکان دەگۆڕێن

ڕاپۆرتەکان بەتەلەگراف دەنێردران، وەک ڕێگەیەکی درێژ بۆ کەمکردنەوەی کات بۆ ئەوەی سوور بین لەسەر ئەوەی دەنگوباس چییە. لە ئەنجامی ئەم داهێنانەدا، ڕۆژنامەکان هەرگیز وەک خۆیان نامێننەوە. لە ستوونەکانی هەواڵەوە بۆ فاکتەرە ئابوورییەکان، بۆچوونەکان تەنیا لە لاپەڕەی سەروتار خۆیان دەبینییەوە. کاتێ زانیاری لەسەر ئاستی نەتەوەیی بڵاو دەکرایەوە، پێشهاتەکانی کەشوهەوا بایەخێکی زۆریان هەبوو، چونکە هەرگیز بۆچوونەکانی جووتیاران ئەمەیان دابین نەدەکرد. لە توانای ڕاگەیاندنی هەواڵ بە موشتەرییەکانی، ڕۆژنامەی شارۆکەی بچووک نێزیکتر دەبووەوە و شانبەشانی ڕۆژنامەی گەورەی شارەکان دەوەستا. لەم ڕۆژگارەی خۆماندا، ڕاگەیاندنی سەتەلایت هەمان ئەو کارەی بۆ تەلەڤزیۆن کردووە کە تەلەگراف بۆ ڕۆژنامەکانی دەکرد، هەروەها ورووژانەکانی خەڵک هەرگیز تەواو نەبوون.

تەلەگراف تەکانی بە ئابووریی نەتەوەیی دا. پێش ئەوەی ئامێری تەریبکردنی هێڵەکانی شەمەندەفەر دابنرێن، شەمەندەفەر دەبووایە لەسەر یەک چاوەڕێ بکات، ئەندازیارەکەی دڵنیا نەبوو کەی شەمەندەفەرەکە تێپەڕ دەبێت. کاتێ تەلەگراف ئەو زانیارییەی گەیاند، شەمەندەفەری زیاتر کەوتنە کار. ئەمەش کاڵای زیاتری هێنا، نرخە فرێوەکانی دابەزاند، هەروەها کار و بازاڕی جووڵاند. ئێستە پیشەسازی خواستی زۆرتری پێ دەگەیشت لە فەرمانگە دوورەکان و بەردەوام، ڕۆژانە پێوەندییان بەیەکەوە دەکرد.

ئەم تەکنۆلۆجیا نوێیە ئەو ڕێگەشی گۆڕی کە هەواڵی پێ کۆ دەکرایەوە و دابەش دەکرا. بەپێچەوانەی گواستنەوە لە ڕێگەی ئەسپەوە کە ئەم تەکنۆلۆجیایە شوێنی گرتەوە، شەمەندەفەر چەندی خوێنەر داوای کردبا، ئەوەندە ڕۆژنامە، کۆوار، کەتەلۆگ و کتێبی هەڵدەگرت. تەلەگراف بووە دڵی دەزگا تازەکان، ئامێری نوێی کۆکردنەوە، ئەمە بووە هۆی گۆڕانێکی خێرا لەوەی هەواڵ چییە و چۆن بەجەماوەر دەگەیەنرێت لە پێنی پرێسدا کە سەدەی نۆزدەدا سەری هەڵدا. تەلەگراف بووە هۆی گۆڕینی ئەو ڕۆژنامانەی کە جەختیان لەسەر بۆچوونی سۆزدارانە دەکردەوە بۆ ڕۆژنامەیەک دوور لە بۆچوون و دەرخستنی ڕاستیی ڕووداوەکان، دەرفەتێکی باشتری دا بەڕۆژنامەی شارۆکە بچووکەکان بۆ

پێشبڕکێکردنی ڕۆژنامە ڕۆژانە گەورەکان، ئەو ڕۆژنامە بچووکانەی دەرباز کرد لە پشت بەستن بە ڕۆژنامە گەورەکانی شارەکان، هەروەها شێوازی نووسینی چیرۆکە هەواڵەکانی گۆڕی. بۆ ڕۆژنامەی شارۆچکەی بچووک، توانای بەدەستکەوتنی هەمان هەواڵی ڕۆژنامە گەورەکان کارێکی گران بوو، ئەمە گۆڕا بۆ دروستبوونی هاریکاری لە نێوانیاندا. لە گەشە و بەهێزتربوونی ڕۆژنامە بچووکەکاندا، تەلەگراف ڕوونتر خۆی سەلماند کە چۆن بڵاوبوونەوەی ناوەندێکی گەیاندن دەبێتە هۆی زیاتر هاندانی مرۆڤ بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری، چونکە چی تر پێویست نەبوو تەنیا ڕۆژنامەی شارە گەورەکان بخوێنیتەوە بۆ ئەوەی هەواڵی تازەت لەبارەی دەرەوەی شاری خۆت پێ بگات.

تەنانەت دەنگۆی ئەوە هەیە کە بوچ کاسیدی و سەندانس کید، هەڵاتن بۆ ئەمەریکای باشوور لە سەرەتای سەدەکە چونکە تەلەگراف کاری ڕێگری و دزیکردنیانی زۆر بەزەحمەت و مەترسیدار کردبوو.

## هێما کۆنەکان

وشەی تەلەگراف لە زمانی یۆنانییەوە هاتووە بەواتای نووسین لە دوورەوە. هەوڵەکانی خەڵک بۆ گەیاندن لە شوێنە دوورەکانەوە بەبێ گواستنەوەی زانیاری بەجەستە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیلیادی هۆمەر، کاتێ ئاگری سەر کەشتییەکان ئاماژە بوو بەهاتن و گەیشتنی کەشتییەکان. ئەسینایییەکان ئاگریان بەکار هێناوە وەک هێمایەک بۆ ئاگەدارکردنەوەی هێرشی سپارتییەکان. ڕۆمییەکان ئاگریان بەکار هێناوە بۆ ئاگەدارکردنەوەی کەشتیی چەتەکانی دەریا. یۆلیۆس قەیسەر شێوازی فارسەکانی بەکار هێناوە: دانانی سەربازەکان لەسەر سەکۆیەک بۆ ئەوەی بەردەوام پەیامەکان بەدەنگی بەرز بێن و بگەڕێنەوە. ڕۆمییەکان و دواتریش عەرەبە بەربەرەکانێ باکوری ئەفریقا (هەروەها لە ئیسپانیاش هەبوون) هیلۆگرافییان بەکار هێنا واتە: ئاوێنەی کانزایەکی درەوشاوەکە لەبەر تیشکی خۆر شەوق دەداتەوە. لە سەدەی شازدەدا، نیشانەی ئاگر ئەو پەیامەی بە کەشتییە ئینگلیزییەکان دەدا کە کەشتیی گەورەی ئەرمادای ئیسپانی نێزیک بووەتەوە. هیندییە ئەمەریکاییەکان نیشانەی دووکەڵیان بەکار دێنا. ئینکاس سیستمێکی پەیامبەرەکانی هەبوو، هەریەکەیان بۆ ماوەی میلێک (١٦٠٩ مەتر) بەوپەڕی خێرایی ڕای دەکرد پەیامەکەی دەگەیاندە پەیامبەرێکی تر. ئەم سیستمی گەیاندنە توانیی پەیامێک ڕۆژانە بۆ دووری ١٥٠ میل بنێرێت لە سەرانسەری شانشینی ئینکاس. تا سەدەی نۆزدە کەس شتێکی باشتری لەو سیستمەی ئینکاس نەدەزانی.

کێشـەی هـەموو ئەو ناوەندانە ئەوە بوو سنووردار بوون تەنیا دەیانتوانی سادەترین پەیام بنێرن کە پێشـتر لە نێو خـۆیاندا لەسـەری ڕێک کـەوتبوون، وەک " وا دوژمن دێت". ڕێگەی ئاڵۆزتری نیشـانەکان یان ناوەندیی ئاڵۆزتر پێویست بوون بۆ گەیاندنی زانیـاریی زیاتر لە بنکەیـەکەوە بۆ بنکەیەکی تر. سـیـمـافـۆر semaphore واتە تەلەگـرافی بینـراو، جـۆرێکە لە نیشانە دانان بەهۆی دوو مـەشخـەڵ، یان دوو ئاڵا هـەریەکەی بە دەستێکەوە بۆ دانی واتای چەند پەیامـێک یانیش نامـە تاکە کـەسـیـیـەکـان. لە سـەدەی نۆزدەدا، زانیـاری لە نێـوان شــارەکــانی فــرەنســادا زۆر بەخــێـرایی دەگــوێزرایەوە، چونکە شــارەکــان بەیەکــەوە بەسـترابوونەوە بەهـۆی تاوەری سـیـمـافـۆری. سـیسـتـمـێکی بینـراو دانرا لە مـاینەوە تا نیـو ئۆرلیەنس.

## یەکەم تەلەگراف

پیـاوە ئینگلیـزەکان، چارلس ویتسـتـۆن و ویلیـەم کووک، تەلەگـرافـێکی کـردەییـان دروست کـرد. لەسـەر هێڵی شـەمەندەفـەری گرێیت وێسـتـەرنیان چەسپ کـرد، لە ئینگلتـەرا، لە سـاڵی ١٨٤٣، بەڵام گەورەترین نـاو و شـانازییـەکە بە سـامـوێل مـۆرس بڕا. کـاتێ قـوتـابیی بوو لە یال، مـۆرس فـێـری پێکهـاتەکـانی کارەبا بـوو. حـەزی بۆ تەلەگـرافـێکی کـارەبایی لـە سـاڵی ١٨٣٢ دەستی پێ کرد لەسـەر کەشـتی. مۆرس دەگەڕایەوە ئەمەریکا، دوای ئەوەی سێ سـاڵ لە ئەورووپا بوو بۆ ئـەوەی وەک هونەرمـەندێک ژیانی خـۆی دابین بکات. لە کـاتی سـوالفـەیەک لەگەڵ نەفـەرەکانی تری سـەر کـەشتییەکە لەبارەی کـارۆموگناتیسی، مـۆرس فیکرەی ئەوەی بۆ هـات کە تەزووی کارەبا دەتوانرێت بۆ بنچینەی تەلەگراف بەکار بێت. بۆیە بەنەفەرەکانی گـوت " من بەدووری نازانم کە زانیـاری لە ڕێگەی کـارەباوە دەتوانرێت بۆ شـوێنە دوورەکان بگوازرێتەوە".

جیـهان بەدڵنیـاییـیەوە ئامـادە بوو، بە تایبەتیش وڵاتە یەکگرتووەکان، گرد و دەشـتە لە بن نەهاتووەکانی خێرا بەیەکتری بەسترانەوە بەهـۆی هێڵە پێچاوپێچەکانی شـەمەندەفەرەوە.

تەنانـەت پێش ئەوەی ببـێـتـە پرۆفـیـسـۆری هـونـەر لە زانکۆی نیـویۆرک، مـۆرس دەسـتـی بەتاقـیـکردنەوەکـانی کـرد، ئـەلفـرێد ڤـێـیل هـاوکـاریـی کـرد، کـە هـەندێ جـار بەداهـێنەری هـاردوێری تەلەگراف دادەنرێت.

لە ١٨٣٨دا، مــۆرس پەیامــێکی لە ڕێگەی وایەرەوە لـە دووریی چەنـد مـیلێکەوە بۆ نیــو جـێرسـی نارد، دواتر ئەمـەی دووبارە کردەوە بۆ فـلادەلفـیـا و سێ بارەش بـۆ واشنتـۆن دی سی، بەر لـە سـەرۆک مـارتـن ڤـانبـێـرن، کـابینەکـەی و لیـژنەیەکی کـۆنگرێس. زۆرێک لە

کەسایەتییەکان پەرۆشیی خۆیان بۆ ئەم کارە دەربڕی، بەڵام ئەوانی تر گومان و ناقایلبوونیان پێوە دیاربوو و ئەم کارەی (مۆرس)یان بە شێتی لەقەڵەم دەدا مۆرس چونکە داوای لە حکوومەت کرد پارەی بۆ سەرف بکات بۆ تێستی هێڵێک لە نێوان بالتیمۆر و واشنتۆندا. پێنج ساڵ تێ پەڕی، هێشتا حکوومەت هاوکاریی مۆرسی نەکرد کە زۆریش سوور بوو لەسەر کارەکەی.

ئەو کەڵەکەترێیەی مۆرس ئەوەندە عەنتیکە بوو هەر مایەی پێکەنین بوو. ئامێری بنەڕەتیی وەرگرت، برێتی بوو لە قەڵەمێک نووسێنرا بوو بە قونکی باسکێکی چەقبەستووەوە، لەگەڵ موگناتیسێک کە پاڵی بۆ پارچە ئاسنێکەوە دەنا بۆ سەر باسکەکە. مۆتۆڕێکی شێوە سەعاتی شریتێکی کاغەزیی ڕادەکێشایە ژێر قەڵەمەکە، کە قەڵەمەکەی دەجووڵاند بەگوێرەی ئەو تەزووەی بە ناو کارۆموگناتیسییەکەدا دەچێت. مۆرس و ڤێیل بەردەوام بوون لە باشترکردنی ئامێرەکە. دواجار، ڤێیل سیستمێکی داهێنا بەبەکارهێنانی کلیلی کرتە لەسەر گەیەنەرێک، هەروەها وەرگرێک کە سیستمی کشتەک و خاڵی تێدا بوو لەسەر شریتە کاغەزەکە. لەبەرئەوەی ئامێرەکەی دەنگی زۆر بوو بۆ ئەوەی بەکارخەرەکە گوێی لە پەیامەکە بێت، شریتە کاغەزەکە چی تر بەکار نەهێنرا.

## "خوا چیی خوڵقاندووە؟"

لە ساڵی ١٨٤٣دا، کۆنگرێس ٣٠ هەزار دۆلاری تەرخان کرد بۆ تاقیکردنەوەی هێلێک لە نێوان بالتیمۆر و واشنتۆندا. کاتێ کۆنفرانسی حزبی ویگ، کۆبوونەیەوەک لە بالتیمۆر بە ساڵێک دواتر، یەکەم کاندیدی سەرۆکایەتیی خۆی هەڵبژارد، ڤێیل زانیارییەکەی بە شەمەندەفەر هەڵگرت بۆ کۆتاییی وایەری تەلەگرافەکە لە ئاناپۆلیس، لەوێ ناردییەوە بە کلیلێک بۆ مۆرس کە لە تێرمیناڵەکەی تر بوو لە کاپیتۆل. دانیشتووانی حەپەساوی واشنتۆن هەواڵی کاندیدی حزبەکەیان پێ گەیشت بە کاتژمێرێک پێش ئەوەی پەیامنێرەکان بە شەمەندەفەر هەواڵەکە دووپات بکەنەوە. ئەمە یەکەم وەشانی تەلەگراف بوو بۆ خەڵک، یەکەم هەواڵیش بوو بە گەیەنەرێکی کارەباییی ڕاگەیەنرا. هەرچەندە یەکەم جار ڕۆژنامەکانی واشنتۆن و بالتیمۆر کەم بایەخیان پێ دا، بەڵام خێرا حەوجەی بوونەوە کاتێ کاندیدێک بۆ جێگری سەرۆک تەلەگرافی بەکار هێنا بۆ ڕاگەیاندنی کاندیدێتییەکەی. ئەم ئامێرە ئەوساکە پێڕی ئەو کۆترانە بوون کە زانیارییان دەگواستەوە.

هێڵەکە بۆ بالتیمۆر لە ٢٤ ئایاری ١٨٤٤ تەواو کرا. پەیامێکی ڕەسمی نێردرا بۆ ئەوەی هەواڵی داهێنانەکە بە خەڵکی ڕابگەیەنن، قسەیەک هەیە لە کتێبی ژمارەکاندا دەڵێت "خوا

چیی خولّقاندووە؟" مۆرس کە مرۆڤێکی زۆر دیندار بوو، باوەڕێکی ئەفسانەییی هەبوو گوایە خوا ئەوی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی سیستمی گەیاندن باشتر بکات لەسەر زەوی.

مۆرس و هاوەڵانی بێ ئومێد بوون کاتێ کۆنگرێس بڕیاری دا مافەکان نەکڕێتەوە. پێشکەوتنی تەلەگراف لە وڵاتە یەکگرتووەکان، بەپێچەوانەی زۆربەی جیهان، زۆر تایبەت بوو. لە ئەنجامدا، پارەیەکی زۆری پێ پەیدا کرا. بەڵام سوودی بۆ مۆرس نەبوو، هەرچەندە ماوەیەکی زۆر لەسەر سک ڕاکێشرا و چاوەڕێی هاوکاری داراییی حکوومەتی کرد.

کۆمپانیای نوێ خێرا دامەزران و چوونە ناو بازرگانیی تەلەگرافییەوە. شێوازی فراوانکردن و بڵاوکردنەوەی هێڵەکانی تەلەگراف هەڕەمەکی بوو، بێ سەروبەر و پێوەندییان بەیەکەوە نەبوو. لە کۆتاییی ١٨٤٧دا، هێڵەکان گەیشتنە سینسیناتی، لویسڤیل و سەنت لویس. تا ئەو کاتەی وایەرەکان پێکەوە بەسترانەوە، پەیامێک لە بەری ڕۆهەڵاتەوە شەش ڕۆژی دەخایاند لە ڕێگەی پەیامبەرێکی تایبەتی، بەلەم و عارەبانەی خێرا بۆ ئەوەی بگاتە سەنت لویس. تەواوبوونی هێڵێک بۆ سان فرانسیسکۆ لە ئۆکتۆبەری ١٨٦١ نێزیکەی بە شەوێک پۆنی ئێکسپرێسی لە ویلایەتەکانی سەنت جۆزیف، میسووری و سان فرانسیسکۆ لە کار لادا، چونکە چی تر کەڵکی نەما، گواستنەوەی پەیامێک لە نێوان ساکرامێنتۆ و کالیفۆرنیا لە هاویندا هەشت ڕۆژ و زستانیش ١٠ ڕۆژی دەخایاند.

## وێستەرن یونیەن دەبێتە پێشەنگ

پێشبڕکێ لە نێوان کۆمپانیاکاندا زۆر توند بوو. لەگەڵ دەسپێکی شەڕی ناوخۆدا، شەش کۆمپانیا، هەریەک سەر بە هەرێمێکی ئەمەریکا، یەکیان گرت بۆ شکست پێهێنانی ڕکابەرەکانیان. شەڕ بۆ ئەو کۆمپانیایانەی هێڵەکانیان لە باکور بۆ باشوور بوو وێرانکەر بوو. دوای شەڕ سێ کۆمپانیا مانەوە، هەروەها لە ساڵی ١٨٦٦ یەکێکیان بەناوی وێستەرن یونیەن هەردوو ڕکابەرەکەی کڕییەوە و بوو بەیەکەم کۆمپانیای قۆرخکەری هێڵەکان لە ئەمەریکا.

هەردوو سوپای شین و خۆڵەمێشی زۆر پشتیان بە هێڵەکانی تەلەگراف دەبەست، بەڵام باشوور وایەر و کەلوپەلی کەم بوو. لە دوا شاڵاوی گرانتدا، وایەرەکان لە بارەگاکەیەوە بۆ هەموو خاڵێک ڕاکێشرا بوو، ئەمەش وای لێ کرد پێوەندی لەگەڵ سەربازەکان بکات لە بەرەی پێشەوەدا.

هەواڵی کوژرانی ئەبراهام لینکۆلن، یەکسەر بەتەلەگراف لە سەرانسەری وڵاتدا ڕاگەیەنرا، بەڵام کێبڵێکی نەقوسان بوو، هەواڵەکە ١٢ ڕۆژی پێ چوو تا بە نێو ئەتلەنتیک

(ڕۆهەڵاتی ئەمەریکا)دا تێ پەڕێ.

وایەری تەلەگراف و هێڵەکانی شەمەندەفەر بەسەر پاکی ئەمەریکادا لە ڕێی سیستمێکی گونجاو و سازاوەوە بڵاو بوونەوە، هەریەکە و سوودی بۆ ئەوەی تر هەبوو. هێڵی شەمەندەفەر کاری بۆ بەستنی وایەرەکان دابین دەکرد، ئەمەش وای کرد نرخی تەلەگراف بێتە خوارەوە. تەلەگرافیش زانیاریی زۆر گرینگی بۆ شەمەندەفەر دەهێنا کە زۆر پشتی پێ دەبەست، دەماری تەلەگراف شانبەشانی بڕبڕەی شەمەندەفەر کاری دەکرد. لەگەڵ دروستکردنی هێڵی درێژتری شەمەندەفەر، ئەندازیارەکان زۆر لەوە ئاگەدار نەدەکرانەوە کە شەمەندەفەرێک بە ئاراستەی پێچەوانە دێت. بۆیە بەریەک کەوتنی شەمەندەفەرەکان گەلێ زۆر بوو تا تەلەگراف سیستمێکی گۆڕینی هێڵەکان و کۆنترۆڵکردنیانی فەراهەم کرد. پێشکەوتنی تەلەگراف و هێڵەکانی شەمەندەفەر یارمەتیی ناوەندێکی تری گەیاندنیان دا، ئەویش سیستمی نامە بوو کە پێویستی بەگواستنەوە بوو. لە ساڵی ١٨٤٧ دەست بەفرۆشتنی پوولی ئەمەریکایی کرا، سێ ساڵ دوای ئەوەی کۆمپانیاکەی مۆرس وایەری ڕاکێشا. ئەمە هەمان ئەو ساڵە بوو کە بۆ یەکەم جار تەلەگرافی کردەیی خرایە کار، ئەوانەی کاریان تێدا دەکرد گوتیان ئەمە هەڵەکانی بەکارخەر ناهێڵێت. پەیامێکی وەک " جارێک دادوەر ببینە و لە سێدارە بدرێ. ناتوانم پیاوێک بنێرمە شوێنی تۆ"، بەم شێوەیەی لێ هات " جارێک دادوەر ببینە و لە سێدارە بدرێ. دەتوانم پیاوێک بنێرمە شوێنت".

ئێستە زانیاری لە شارێکەوە بۆ شارێکی بەخێراییەکی ئەوتۆ دەگوێزرایەوە، نرخی کاڵاکان جێگیرتر بوون، ئەمە کارێکی داوا و پێشاندان بوو لەسەر ئاستی نەتەوەیی نەک هەلومەرجی لۆکال. سوپاس بۆ تەلەگراف و هێڵی شەمەندەفەر؛ چونکە نرخی کاڵاکان دابەزین.

لە ئەوروپا، کێبڵێک بە ژێر کەناڵی ئینگلیزدا ڕاکێشرا، لە ساڵی ١٨٥١ ئینگلتەرا و فەرەنسای پێکەوە بەستوە. ئەوانی تر خێرا دەستیان بەم کارە کرد، ئینگلتەرایان بە ئێرلەندوە بەستوە، دانیمارکیش بە سوێدەوە. پاشان ئەوروپا و ئەفریقا پێکەوە بەسترانەوە بەهۆی کێبڵێک بەناو زەریای ناوەڕاستدا. لە ١٨٦٦دا، چەند هولێکی سەرنەکەوتوو، یەکەم کێبڵی دەریابڕ دانرا بەنێو دەریای ئەتڵەسیدا، ئینگلتەرا و کەنەدا بەهۆی کەشتیی گریت ئیستەرنداوە پێکەوە بەسترانەوە، کە پێنج هەندەی کەشتییەکانی تر و، گەورەترین کەشتیی جیهان بوو. کێبڵەکان لە ١٩٠٢ گەیشتنە ئوسترالیا، لە ١٩٠٦ گەیشتنە شانگاهای و چین. ئێستە، بە تایبەتی بۆ سیاسەت و بازرگانی، وڵاتە زلهێزەکانی جیهان خۆیان بە یەکترەوە بەستووەتەوە بەهۆی تۆڕێکی زانیاریی بەردەوام. ئەم تۆڕە بەهەڵە لە یەکتر تێگەیشتن، لێک

گـیـربوون یان شـەڕێک هەرچەند وێرانکەر بێت بنبـڕ ناکـات، بەڵام دەکـرێ، بڵـێین ئەو کێبڵانەی ژێر دەریا بۆ یەکەم جار گۆڕانێکی زەریاییـان دروست کرد تێیدا چۆن گەلان مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن.

## ڕۆڵەکەی لە گەیاندنی زانیاریدا

تەلەگراف لە پاڵ ناردنی زانیاریی کار و بازرگانی، بۆ شـتی تریش بەکار هێنرا. تواناکەی بۆ گـەیاندنـی زانیـاری، بە تەواوی پیـشـەسـازیی ڕۆژنامـەگـەری گۆڕی. چارەگی یەکـەمی سـەدەی نۆزدە ڕۆژنامەی بەخۆوە بینی، هەروەها گەیاندنی جەماوەری کە ڕۆژنامەکان ئەو ئەرکەیان خستبـووە ئەسـتۆی خۆیان، بەڵام لە ناوەڕۆک و دابەشکردندا سنووردار بوون. ڕاپۆرتە هـەواڵیـان زۆر بە کـەمی تێدا بوو. زۆرجـار ڕۆژنامـە لەلایەن پرینتـەرەکـانەوە بڵاو دەکـرانەوە کـە بە خـۆیان هەواڵیـان کـۆ دەکـردەوە، دواتر سـتـوونەکـانیـان پڕ کـردەوە بەو چیرۆکانەی لە ڕۆژنامەکانی بڵاوکەرەوەکانی تر چاپ دەکران.

کۆکردنەوەی هـەواڵ لە شوێنە دوورەکاندا مـەسـەلەی کات بـوو، هۆکارەکەی پێوەندیی بە ئالیـەتە هێواشەکانی گواستنەوە هەبوو. وەک هەر پەیامێک، یەکەم جار هەواڵەکە دەبووایە لە نووسـیندا کورت بکرێتـەوە. پاشان، هەواڵە نووسراوەکە دەبووایە بنێردرێتە چاپخانە بە کەشتیی، عارەبانە، ئەسپ، شەمەندەفەر، بەپێ، یان بەبەکارهێنانی چەند هۆکارێک لەمانە تا دەگەیشتـە چاپخانە. هـەواڵەکان لە کیشـوەری ئەورووپادا یان لە ناوەوەی ئەمـەریکا چەند هەفتەیەک کۆن دەبوون تا تایپ دەکران.

لەگـەڵ پـەیدابـوونی تـەلەگـراف، مــاوەی گـواسـتـنەوەی هەواڵێک لە نیـویـۆرکـەوە بۆ نیوئۆرلیەنس، بۆ بڵاوکردنەوە، لە دە ڕۆژەوە بوو بە یەک ڕۆژ. نووسەرێکی ڕۆژنامەی هیرالد نیـویۆرک گـوتـی وا دیارە شـوێنەکـە خـۆی "لەناوبراوە". نەک هەر تـەنیـا ڕۆژنامـەی شـارە گـەورەکـان هـەواڵیـان بەخـێـرایی بڵاو دەکـردەوە، بگرە ڕۆژنامـە بچـووکـەکـان و نـاوچە لادێیـەکـانیش بۆ یەکەم جار توانییـان هەواڵی نەتـەوەیی بخـەنە بەر دیدی خوێنەرەکـانیـان، پێش ئەوەی ڕۆژنامـەکـانی شـار بە پۆسـتـە بگەنە دەسـتـیـان. نووسـیـارەکـان لـە شـارە گەورەکاندا زۆر خۆشحـاڵ نەبوون کە تەلەگراف گەیشتبووە هـەموو شـوێنێک. بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی لەندەن تایمز، خۆزگەی دەخواست هەرگیز ئەو ئامێرە دانەهێنرابا.

کـاتێ سنووری بەکـارهێنانی تـەلەگراف بـەرفراوان بوو، شـارەکـانـی ناو جـەرگـەی وڵات کـەوتـنە پێشـبـڕکێی شارەکـانـی ڕۆهـەڵات. گـەیشـتـنی ئەم ئامـێرە بەیەکـسـانی بۆ هـەموو شوێنێک، بەدەرزەن ڕۆژنامەی ڕۆژانەی لە شوێنەکان زیاد کرد.

گـۆڕانکارییـەکـان لـە کـۆکـردنەوەی هـەواڵدا خـێـرا دوای ئەمــە ســەریان هەڵدا. پێش تەلەگراف، ڕێککەوتنی کورت هەبوو بۆ ئەوەی پێکەوە سوود لە سیستەمەکانی گواستنەوە وەربگرن، وەک ئەسپی خێرا لە نێوان شارە گەورەکاندا، یان بەلەم و کەشتی کە خێراتر دەگـەیشــتنە بەنـدەرەکـان. یاخـۆ کـۆتر بەکـار دەهات بۆ ئـەوەی دوایەمین نـرخی لۆکـە بەشوێنێکی تر ڕابگەیەنێت.

زۆربەی هـەواڵە نـەتەوەیی و نێـودەوڵەتیـیـەکـان لە ڕێگەی پۆســتـەوە دەگـەیشــتنە بڵاوکـەرەوەکـان بەهۆی ئاڵوێرکردنـی پۆسـتـە، بە بەلاش، لە نێـوان نووسـیـارەکـاندا. لەگەڵ هاتنی تەلەگراف، هەندێ چیرۆک لە ڕێگەی ئەو ئامێرەوە دەنێردران بۆ ڕۆژنامە لۆکالەکان. پاشان، ئەم ڕۆژنامـانانە بەپۆستە لەگەڵ ئەوانی تر ئاڵوگۆڕ دەکران، وای لەو نووسـیارانەی شارۆکەکان کرد کە هێشتا تەلەگرافیان پێ نەگەیشتبوو زانیارییەکان چاپ بکەن.

زانیارییش خۆی بەهۆی تەکنۆلۆجیاوە گۆڕانی بەسەردا هات. کۆمپانیاکانی تەلەگراف بەپێی ژمارەی وشە پارەیان دەویست، کرێی ناردنی ١٠ وشە لە نێوان نیویۆرکەوە و بۆستن لە ڕێی تەلەگرافەوە بای ٥٠ سەنت بوو، بۆیە نووسینی هەواڵ زۆر کورت کرایەوە. دوو ساڵ دوای ئەوەی مـۆرس تەلـەگـرافی داهێنا، ڕۆژنـامـەی تریبـیـۆنی نیـویۆرک سـتـوونـی هـەواڵە تەلەگـرافـیـیـەکـانی زیاد کـرد. هەندێ جـار ڕۆژنامــە ڕکـابەرەکـان ڕێک دەکـەوتن یەک پەیامنێـریان هـەبێت. خـێـرایی لە هـەواڵ کـۆکـردنەوە گـرینگتـر بوو، بەڵام بۆ دابـەزاندنی نرخــەکـان، وردەکـاریی ناو هـەواڵەکـان، دەبوونە قـوربانـی. بۆ چڕکـردنەوەی وشــەکـان، پەیامنێران هەوڵیان دەدا چیرۆکەکانیان کورت بکەنەوە بەهۆی بەکارهێنـانی کۆد و هێـما. ئەمــەش پسـپۆڕیی کـۆد و کـۆدکردنـەوەی لێ کـەوتـەوە، هـەروەها هەڵەی زۆریشـی لێ پەیدا دەبوو، بەڵام کۆمـپـانیـاکان تـاکتیکیـان بەهێزتر بوو، بۆیە هـەرسێ، پیتیـان بە یەک وشـە حسێب دەکرد. نووسیارەکان بە پەیامنێرانیان گوت هەواڵەکە بەتەلەگراف پوخت بکەنەوە و وردەکارییەکانی بە پۆستە بنێرن.

بەهۆی ناردنی ڕاپۆرتەکان بە کرتەکردنی کلیلێک، ڕاپۆرتـەکان، پێوەرێکی ستانداردیان وەرگرت، کەمتـر بۆچوونی شـەخسییـان تێ دەخرا، هـەروەها زیاتر گرینگیان بە بۆچوونی سیـاسیی خوێنـەران دەدا. چیرۆکە هەواڵەکان خێراتر دەگەیشتن و لەلایەن ژمـارەیەکی زیاتری خوێنەریشەوە دەخوێنرانەوە، بەڵام هەندێ لە خوێنەرانیشیان لەدەست دا، بۆ خۆ لە خەت دانیان لە پرسە هەستیارەکان. ئەمە سەرەتای هەوڵەکانی ناردنی هەواڵی بابەتی بوو. ڕۆژنامە ڕۆژانە نوێیەکان، پێنی پرێس، ئێستە نەک هەر وتار و بۆچوونیان دەفرۆشت، بگرە ڕاستییە بە گومانەکانیشیان دەفرۆشت کە ڕەنگە خوێنەر بڕیاری لەسەر دابان.

## ئاژانسەکانی هەواڵ

چارلس هاڤاس دەستی کرد بەخزمەتگوزاریی گەیاندنی هەواڵە لە ئەوروپا کە بارەگاکەی لە پاریس بوو، لە ساڵی ١٨٣٣، کۆتر و پۆستەی بەکار هێنا. پەیامنێرەکانی لە پایەتەختەکانی تر سەیری ڕۆژنامەکانیان دەکرد بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ، دواتر هاڤاس هەواڵەکانی پێشکێشی ڕۆژنامەوانیی فرەنسای دەکرد. بۆ ئەوەی پارەی لەبەر نەبڕێت، دەستی کرد بە ئابوونە کۆکردنەوە بۆ دەزگاکەی بۆ شاباشکردنی شوێن لە ڕۆژنامەکاندا. یەکێک لە کارمەندەکانی هاڤاس، ئەڵمانیاییەک بوو بە ناوی بێرنارد وۆڵف، ئاژانسێکی ڕکابەری دامەزراند. بەهەمان شێوە کارمەندێکی تری ئەڵمانیایی هاڤاس، بەناوی پاول ڕۆیتەر، ئەم کارەی کرد. ڕۆیتەر، بەهۆی زیرەکیی خۆیەوە زۆر سەرنجی دەدایە تەلەگراف. ڕۆیتەر، درکی بەوە کرد کە بۆشاییەک هەیە لە نێوان هێڵە نەتەوەییەکانی تەلەگراف کە لەلایەن ئەڵمانیا و فرەنساوە دروست کرابوون. بۆیە هەستی بەوە کرد دەزگایەکی گەیاندنی هەواڵ زۆر پێویستە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە. ڕۆیتەر لە ساڵی ١٨٤٩ بۆشاییەکەی پڕ کردەوە بەهۆی بەکارهێنانی کۆتر. کاتێ بەستنی تەلەگرافەکە تەواو کرا، ڕۆیتەر چووە ئینگلتەرا، لەوێ دوای چەند ساڵێک لە بێ ئومێدی، توانیی دەزگایەکی هەواڵ و شاباش دامەزرێنێت، بەهۆی بەکارهێنانی تەلەگراف، کۆتر و هێڵی شەمەندەفەر. ئەمە بووە هۆی دامەزراندنی گەورەترین ئاژانسی هەواڵ لە جیهان بەناوی ڕۆیتەرز. لە ساڵی ١٨٦٩دا، هەرسێ ئاژانسەکە، لە فرەنسا و ئەڵمانیا و ئینگلتەرا، لە جیاتی ڕکابەریی یەکتر، داپۆشینی دەنگوباسی جیهانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد، ئەمەش ڕێککەوتنێک بوو تا سەرهەڵدانی سێیەم ئیمپراتۆریا لە ئەڵماندا مایەوە.

دوای شەڕی دووەمی جیهانی ئاژانسی هاڤاس، کە پشتگیریی حکومەتی ڤیچیی دەکرد. ڕووخا. ئاژانسی فرانس پرێس، ئاژانسێکی نوێی هەواڵ، دوای ئەو شەڕوشۆڕە دامەزرا. ئاژانسی وۆڵف تا ئەو کاتە ژیا، بەڵام ئەویش لەگەڵ هێرشی سێیەم ئیمپراتۆریای ئەڵمانیا ڕووخا. لە هەرسێ ئاژانس، ڕۆیتەر بەتاقی تەنیا مایەوە.

شەڕی مەکسیک ١٨٤٦–١٨٤٨ تینوویەتیی خەڵکی ئەمەریکیی بۆ هەواڵ زیاتر کرد. لە سەرەتای شەڕەکەدا، وایەری ڕاکێشراو تەنیا ١٣٠ میلی هەبوو، دوورترین شوێنی دەگەیشتە ریچمۆند، ڤێرجینیا. تێکەڵەیەکی پۆنی ئێکسپرێس و سیستمی ساوای تەلەگراف زاڵ بوو بەسەر سیستمی پۆستەی حکوومەت لە نێوان نیوئۆرلیەنس و نیویۆرکدا. ئەم سیستمی ئێکسپرێسە زۆر باش بوو کە سەرۆک جەیمس پۆڵک هەواڵی

سەرکەوتنی ئەمەریکای لێوە زانی لە ڤێرا کروز، کە لە ڕۆژنامەی بالتیمۆر سەن بڵاو کرایەوە.

لەگەڵ پێنی پرێسدا، زیادبوونی فرۆشی ڕۆژنامە بە کڕیاری نوێ، هەرگیز پێشتر سەرنجی ڕۆژنامەکانی ڕانەدەکێشا، دوای هەواڵ پەلەیان لە بڵاوکردنەوەی ئامێرە تەلدارەکان کرد. تەلەگراف هاریکاری لە هەواڵ کۆکردنەوەی ئاسایی کرد، بەڵام پێوەندیی نێوان ڕۆژنامەی دامەزراو و کۆمپانیاکانی تەلەگراف زۆرجار پێوەندییەکی ئاڵۆز بوو. لە ١٨٤٨دا، لە سۆنگەی خێرایی تەلەگرافەوە لە ناردنی هەواڵدا، تەنیا چوار ساڵ پاش داهێنانی، شەش ڕکابەری بەهێزی ڕۆژنامە ڕۆژنامەکانی نیویۆرک، ئاژانسێکیان دامەزراند کە ئێستە پێی دەڵێن، ئەسۆشیەتد پرێس Associated Press (AP ئەی پی). وێڕای تەلەگراف، کۆتریشیان بەکار دەهێنا. خۆراکی باڵندە هەرزانتر بوو لە کرێی وشەکان.

خزمەتی کڕیارەکانی دەکرد بەبۆچوونی سیاسیی جۆراوجۆر، ئەی پی، سەرنجی کڕیارەکانی ڕاکێشا لە ڕێگەی شێوازی نووسینی هەواڵەکان: بە شێوازێک هەواڵیان دەنووسی هەرگیز لایەنگیریی پێوە دیار نەبوو. باسکردنی ڕووداوەکان بەبێ لایەنی و دوور لە بۆچوونی سۆزدارانە، شتێکی نوێ بوو لە ڕۆژنامەنووسیی ئەمەریکادا، ئەی پی بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ پاراستنی بێ لایەنی. دواجار، بابەتی بوون objectivity تۆنێکی بۆ هەواڵەکان دانا. ئەمە ئەو شێوازەی نووسینی تێک شکاند کە لە ڕیزبەندی مێژووییەوە هەواڵەکان دەنووسران بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەو هەڕەمەی ئێستەی ڕۆژنامەوانی بکا، لە جیاتی ئەو شێوازە، هەموو ڕاستییە گرینگەکان لە سەرەتای هەواڵەکەدا دەنووسرانەوە، دواتر بەپێی گرینگی، زانیارییەکانی تر دەهاتن. مەسەلەکە بەتەواوی ڕوون نییە بۆچی ئەم شێوازی نووسینەیان گرتە بەر: ئاخۆ لەبەر خراپیی هێڵەکانی تەلەگراف بووە کە جاری وا هەبووە لە ناوەڕاستی هەواڵێکدا دەپچڕا یانیش ستایلێکی تازەی نووسین بوو لەلایەن ئەبراهام لینکۆلنەوە ناساندرا کاتێ لەسەر ئیدوین ستانتۆنی نووسی کە سانسۆری خستبووە سەر بڵاوکراوەکانی تەلەگراف. ئەم ستایلە لە شەڕی ناوەخۆدا زیندوو مایەوە و تا ئەمڕۆکەش بەردەوامە.

لە گەیاندنی هەواڵدا، چی تر کات پێوەرێک نەبوو بۆ دووری. بەهۆی جیاکردنەوەی زانیاری لە گواستنەوە، تەلەگراف ئەو ڕێگەیەی گۆڕی کە زانیاریی پێ دادەڕێژرا، هەروەها ئەو ڕێگەیەشی گۆڕی کە خەڵکی لە هەواڵ دەگەیشتن و بەکاریان دێنا. تەلەگراف گۆڕانکاریی لە ناو کۆمەڵگەش کرد بەهۆی بازرگانیکردن و پەیدابوونی کاری نوێوە. بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، تەلەگراف وەک بزوێنەرێک خزمەتی کرد بە دروستکردنی یەکەم

ئالیەتی ڕاستەقینەی گەیاندنی جەماوەری لە مێژوودا: پێنی پرێس (ڕۆژنامە بە پێنییەک).

لە ڕووی مێژووییەوە، کۆمپیوتەر لە بیری ئێمەدا چی تر وەک تەلەگراف نییە، بەڵام هەموو داهێنانەکانی گەیاندن، بەکورتی لە کاری بنەڕەتیی تەلەگرافەوە سەرچاوەیان گرتووە.

## گۆڕانەکان لە خزمەتگوزاریدا

تەکنۆلۆجیای تەلەگراف پەیتا پەیتا گۆڕا. تۆماس ئەدیسۆن، ئامێرێکی دووبارەکردنەوەی داهێنا، بۆیە لە یەک کاتدا پەیامەکان بۆ چەند شوێنی جیاواز دەنێردران بەیەک ئامێری تەلدار. دوای ئەمە ئامێرێکی داهێنا کە بەیەک جار چوار کۆپیی دەردێنا، بۆیە دەکرا دوو پەیام بە سەرێکدا بڕۆن و لە هەمان کاتدا دوو پەیامی تر دەهاتنەوە. کاتێ سەرگەرمی باشترکردنی تەلەگراف بوو، ئامێری فۆنۆگرافی داهێنا. بەهەمان ڕێگە، ئەلیکسەندەر گراهام بێڵ تەلەفۆنی داهێنا.

هەرکە کارەکە بەرەو پێش چوو، ڕوونتر بووەوە کە هێواشترین گواستنەوەی پەیام ئەو کوڕەی کۆمپانیای وێستەرن یونیەن بوو کە بە پایسکیل بەناو شارۆکەیەکدا پەیدانی لێ دەدا و تەلەگرامەکانی (برووسکە) پێشکێش دەکرد. هێڵی تایبەتی ڕاستەوخۆ پێیان دەگوترا تایلاینز tielines کە لە نێوان دەزگا بازرگانییەکان و فەرمانگەکانی وێستەرن یونیەندا دادەنرا. تەلەپرینتەر هاتە ناو خزمەتگوزارییەکە بۆ ڕۆژنامەکان، بازرگانی و حکوومەت، بۆیە توانای تایپ زۆر پێویست بوو بۆ ناردنی ئەو پەیامانەی کە لەسەر کاغەزێک چاپ دەکران کە نیو ئینج پانایی بوو.

چەند ساڵێک دواتر، تەلەتایپ هاتە گۆڕێ، کیبۆردێک بوو دەیتوانی چیرۆکە هەواڵ پرینت بکات، لەسەر پەڕەکاغەزی ئامادەکراو. لە ماوەی یەک چرکەدا ١٠ کارەکتەری دەنووسی. ئەمڕۆ، پرینتەرە تەلدارەکانی کۆمپیوتەر بە بەند هەواڵ لە ڕێگەی ئەلیکترۆنییەوە دەنێرن بۆ ناو ئەرشیڤی ڕۆژنامەکان لەسەر کۆمپیوتەر، ئەمەش بەتەواوی کاغەزی نەهێشتووە. ئامێرەکانی تەلەکۆت و کوۆترۆن لەسەر مێزی دەزگاکان وای کرد پێوەندیمان بە نرخی بۆرسەکانەوە بەردەوام بێت. ئیمەیل، فاکس و تەلەفۆن لە چوارچێوەی پێشبڕکێ لەگەڵ تەلەگرافدا دەرچوون، بەڵام تەلەگرافیش کاریگەریی خۆی لە دەست نەداوە. دوای ١٥٠ ساڵ، تەلەگراف تا ئێستەش لە کاردایە و نەخراوەتە مۆزەخانەکانەوە، وەک ڕێگەیەکی سەرەکی دەمێنێتەوە بۆ گواستنەوەی فەندەکان. لە سەردەمی خۆیدا، ئامرازێک بوو بەهۆیەوە هێزە سەربازییەکان مردنی کەسێکیان ڕاگەیاند. ئەمڕۆ، سڵاوی ڕۆژی جیهانیی

دایکان یانیش پەیامی گۆرانیی جەژنی لەدایکبوون دەگوازێتەوە.

تەنانەت ئەگەر سەردەمی گەشی بوکارهێنانیشی بەسەر چووبێ، شوێنی تەلەگراف لە مێژوودا مسۆگەرە. کاتێ ئامێرێکی نوێ بوو، هێنری دەیڤد تۆرو، کە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ پێشکەوتنی پیشەسازی نەبوو، لەبارەی تەلەگرافەوە نووسیی: "ئێمە لە پەلەکردنێکی گەورەداین کاتێ تەلەگرافێکی موگناتیسی لە ماینەوە بۆ تکساس دروست دەکەین، بەڵام ڕەنگە ماین و تکساس شتێکی وا گرینگیان نەبێت تا ڕابگەیەنرێت." بەڵام بەپێچەوانەوە، ماین و تکساس زۆریان لە هەگبەدا بوو بەیەکتریی ڕابگەیەنن، هەموو کەس بەم شێوەیە شتیان بەیەکتری ڕادەگەیاند. بازرگانیی سستی خۆراک بە دڵنیاییەوە بەهەند وەرگیرا کاتێ ڕاگەیاندن داوای بازاڕی خستە ڕوو. تەلەگراف نرخە جۆراوجۆرەکانی کاڵای یەکسان کرد لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، چوارچێوەی ستاندارددی کاتی هێنا گۆڕێ. تەلەگراف وڵاتە یەکگرتووەکانی یەک خستەوە.

## دەنگەکان لەسەر تەلێک

پێش داهێنانی تەلەفۆن، کەس نەیدەتوانی قسە لەگەڵ یەکێکی تر بکات بێ ئەوەی بیبینێت. سەردانێک یان نامەیەک گونجاوترین کار بوو بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ هاوڕێیەک، هەرچەندە هەر لە کۆنەوە، سەردانکردنی نەخۆش و کەمئەندامەکان هەرگاڤ ئاسایی نەبوو. سەبارەت بە نامەش، خەمڵێنراوە کە کەسێکی ئاسایی ساڵانە تەنیا ١٧ نامەی نووسیوە.

## خۆتێهەڵقورتێنەر و فریادڕەس

بۆ ئاگەدارکردنەوە و بانگکردنی بنکەی ئاگر کوژێنەوە، دەبووایە یەکێک بە غارەغاری ئەسپ یانیش ڕاکردن بە پێ بچووبایە بنکەکە. کەس تەلەفۆنی بۆ دوکتۆر، نەخۆشخانە یان بنکەی پۆلیس نەدەکرد. گەیاندنی بازرگانی لە ڕێگەی نامە، پەیامبەر یان سەردانی کەسییەوە بوو. ژیان بەتەنیا مەترسییەکی گەورە بوو، بەتایبەتی لە لادێیەکاندا. هیچ ڕێگەیەکی ئاسان نەبوو بۆ پێوەندیکردن بەکانەکان و شوێنە بە گومانەکاندا ئەگەر شتێک لە خوارەوە ڕووی دابا. پێشڤەچوونی بیناکردن سنووردار بوو، بەهۆی نەبوونی ناوەندی گەیاندنەوە. باڵەخانە هەوربڕەکان چاوەڕێی تەلەفۆن بوون.

بە کورتی، ژیان بەبێ تەلەفۆن تەسکتر بوو، هێواشتر و سنووردارتر بوو. ئەمەش هەمیشە خراپ نەبوو بۆ کاروبارەکان، هەرچەندە کەشێکی تەنیایی دروست کردبوو، بەتایبەتی بۆ دانیشتووانی لادێیەکان.

بۆ خـێــزانێکی مــامناوەندیی ســـەردەمی ڤــیکتــۆریەن، ڕەنگە تـەلەفــۆن شــتــێکی خۆتێـهەڵقـورتێنەر بوویێت لە کاروباری ماڵ، بەڵام ڕەنگە بۆ خێـزانی جووتیـاران، ڕەنگە تەلەفۆن بەخششێکی خوایی بوویێت.

هەندێ لە ئابوونەداران تەلەفۆنیان بە سیمبولێکی پڕ بەها دادەنا کە نابێ چینە نزمەکان بەکاری بێنن، دژی ئەوە وەستانەوە کە ئەم ئامێرە بڵاو ببێتەوە بۆ سیستمی بێڵ، کاتێ ئەو تەلەفـۆنانـەی بە خـوردە کـاریان دەکـرد یانیش فـەرمـانگەکـانی تـەلەفـۆن بە ڕووی خـەڵکی گشـتیـدا کرانەوە. بەهۆی فـراوانبـوونی سنوورەکـانی قسـەکردنی کـتوپڕ لەگەڵ یەکێکی نەناسراودا، تەلەفۆن بوو بەهەڕەشەیەک بۆ پێکهاتەی چینی ڤیکتۆریەن.

تەلەفۆن هەم فریادڕەس و هەم داگیرکەر بوو، بەردەوام ئەو ڕۆڵە دوو سـەرەیەی دەگێڕا. بەهەردوو سەردا، خەڵکی لە یەکتر جیا دەکردەوە و بە یەکتریشی دەبەستانەوە بە ڕێگەیەی کۆنترۆڵنەکراودا.

ئەلیکسـەندەر گراهـام بێڵ، هەموو ئـەم شتانەی بە تەنیا نەگۆڕی. وەک تەکنۆلۆجییـەکانی تری گەیاندن، تەلەفۆن فیکرەیەکی نوێیی یەک کەس نەبوو. گەر دوو منداڵ بتوانن ژێیەک لە دوو قوتوو بئاڵێنن و بە ڕوونی لێک بگەن، ئەوا بێگومان گەورەکان دەتوانن کـارێکی باشـتر بکەن. تەلەفۆنی خۆشـەویسـتـان بەم شـێوەیە بـوو: قوتوویـان بەکار دەهـێنا، بە تەلێکی کرژ دەیانبـەسـتـەوە، دەیتـوانـی دەنگ بۆ دووریـی ١٠٠ یارد بگوازێتـەوە کـە دەکـاتە درێژیی یاریگەیەکی تۆپی پێ.

بۆ فرۆشـتنی خزمـەتگوزارییـەکـەی، سیسـتـمی بێڵ دەبووایە بڕوا بە خـەڵکی بکات کە پێویسـتیان بە تەلـەفۆنێکە بۆ کار و بازرگانی. دوکتۆر و خـاوەن کارەکانیش پێویستیان بە تەلەفۆن بوو لە مـاڵەوە. لەگەڵ بڕیاری فراوانکردن و چوونە ناو بازاڕی گشـتی و قـەرەباڵغ، بێڵ لە هەمــوو شــوێنێک شـابـاشـی کـرد کـە تەلەفــۆن بۆ حــاڵەتی تـەنگانـە و کــاروباری کۆمـەڵایەتی بەکار دێت، هەوڵـی دا ئەو وێنەیە بداتە پاڵ تەلەفۆن. دروشـمی مـۆدێرن " بڕۆ دەرەوە و قسە لەگەڵ یەکێک بکە"، سەرچاوەی لەم دروشـمـانەوە گرت بوو "ئێسـتە تەلەفۆن بۆ خـەڵکی بکە"، ڕێگەی هاوڕێیـەتی زۆرجـار بە هێڵـی تەلەفـۆنەوە بەردەوام دەبێت"، "هیچ کـچێک نایەوێت ببێتـە گوڵێکی وەک دیوار وەستـاو." تەلەفۆن شـێوازەکـانی ماوەی مـارەییی نێوان هـاوسـەرەکانی گۆڕی و هیوا و ئاواتەکانی ڕۆمانسییەتی زۆرتر کردان.

لە واشنتـۆن، ئیلیـشا گـرێی داهـێنەری هەندێ کـەلوپـەلی تەلەگراف چووە فـەرمـانگەی دادنووس بۆ ئـەوەی داوای مـافی تـەلەفۆن بکات، ئەو داهێنانەکەی ژێر بەژێر باش ئامـادە بوو و ئێـسـتـە مـافی ئەوەی هەبوو ڕێگەی پێ بدرێت ئەگـەر هەر یـەکێکی تر داوای مـافی

هەمان ئامێری کردبایە. گرێی لە داواکارییەکەی دا گوتی: " هونەری گواستنەوەی دەنگە ژێیەکان و قسەکردنم داهێناوە لە ڕێگەی تەلەگراف و تەزووی کارەباوە." بەروارەکە ١٤ شوباتی ١٨٧٩ ، ڕۆژی ڤالەنتاین بوو. هەر بە ڕێکەوت، لە هەمان ڕۆژدا داواکارییەکی تر بۆ "باشترکردنی تەلەگرافی" لەلایەن پارێزەرێکەوە بۆ بێلّ پێشکێش کرابوو. پرۆفیسۆرێکی ٢٩ ساڵ، لە سکۆتلەندا لەدایک بوو، پرۆفیسۆر بوو لە بواری فسیۆلۆجیی دەنگ لە زانکۆی بۆستن کە قوتابخانەیەکیش بەڕێوە دەبرد بۆ ڕاهێنانی مامۆستا بۆ کەڕەکان. داواکارییەکەی بێلّ برێتی بوو لە گواستنەوەی دەنگەکان کە دواتر بە میتۆدێکی سەرکەوتووی ناونراو دانرا . هەردووکیان گرێیی، تەمەن ٤١ ساڵ داهێنەری چەند ئامێرێکی کارەبایێ و، بێلّ بە جودا کاریان دەکرد لەسەر "سازانی تەلەگراف"، فریکوێنسی و تۆنی جیاوازییان بەکار هێنا بۆ ناردنی گەلێک پەیامی تەلەگرافی لە یەک کات و لەسەر یەک تەل. بێلّ شەڕە درێژەکانی ناو دادگەی بردەوە، ئەمەش چەندان داهێنانی گەیاندنی بەدوادا هات. ئەمانە هەمووی بوو بەکۆمپانیای بێلّ بۆ تەلەفۆن نەک کۆمپانیای گرێیی.

## "بەڕێز واتسۆن وەرە ئێرە . پێویستم پێتە"

بۆ پەیامێکی تەلەگرافی تەزوو دەڕوات و دەپچڕێت، ئیتر ئەمە دووبارە و سێبارە دەبێتەوە. بۆ گواستنەوەی دەنگێک، تەزوویەکی بەردەوام دەبێ چاک کاری بۆ بکرێت. بێلّ، بە هاوکاریی تۆماس واتسۆنی گەنج، دواجار توانی ئەو فیکرە کۆنە دووپات بکاتەوە کە پێشتر هەیبوو. فیکرەکە ئەوە بوو دەیتوانی دەنگی مرۆڤ "بە شێوەی تەلەگرافی" بگوازێتەوە بەهۆی تەلێکەوە ئەگەر بتوانێت تەزووی کارەبایی بگۆڕێت، ڕێک وەک چۆن پاڵەپەستۆی هەوا دەگۆڕێت کاتێ وشەکان دەگوترێن. بێلّ، مامۆستای قسەکردن، ئەوەی دەزانی کە چڕیی هەوا دەگۆڕێت لەگەڵ تێپەڕینی دەنگەکە بە ناویدا . ئامانجەکەی برێتی بوو لە دروستکردنی ناوەندێک کە بتوانێت تەزووی تێدا بگۆڕێت. بێلّ، کە دایکی و خێزانەکەی کەڕ بوون، لە دوای گوێیی مرۆڤ تەلەفۆنی هێنا کایەوە.

لە ١٠ ی ئاداری ١٨٧٦، بێلّ لە ژوورێکی ترەوە بە هاوکارەکەی گوت "بەڕێز واتسۆن، وەرە ئێرە پێویستم پێتە." بەم شێوەیە تەلەفۆن لەدایک بوو.

لە ساڵی ١٨٧٦دا، فلادەلفیا پێشانگەیەکی ساز دا بۆ یادکردنەوەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ویلایەتی کۆلۆرادۆ. بێلّ تەلەفۆنەکەی خۆی پێشان دا لەوێ، بەڵام کەس هەر تەماشاشی نەکرد تا میوانێک بەناوی دۆم پێدرۆی دووەم، ئیمپراتۆری بەرازیل بەلایدا چوو، بێلّی ناسییەوە وەک مامۆستای کەڕەکان کە لە یەکێک وانەکانی بۆستن وانەیەکی

پێشکێش کردووه و دۆک پێردش لەوێ بووه. بێڵ ئامێرەکەی بۆ دۆم پێردۆی حەپەساو شی کردەوه. کە دەڵێن سەرسامیی خۆی بەم شێوەیە دەربڕیوه " ئەی خوایە، ئەمە قسە دەکات!" حەپەساوییەکەی ئەو سەری بێڵی کڕییەوه، کە هەندێ ئەمە ڕەت دەکەنەوه، بێڵ بووه چرای پێشانگەکە.

دواجار زۆر داهێنەر و زانا داهێنانەکانی خۆیان پێش خست. بەهەمان شێوەش بێڵ و واتسۆنی هاوکاری ئامێرەکەیان پێش خست. سندووقی بنەڕەتیی تەلەفۆن لەگەڵ قەوانێک بەکار دەهات بۆ قسەکردن و گوێگرتن، تەلەفۆنی دەستی لەگەڵ وەشانکەر و وەرگرێک شوێنیان گرتەوه، بۆیە بەکارهێنەر پێویستی نەدەکرد سەری خۆی لە نێوان گوێگرتن و قسەکردندا سەری بێنێ و ببات. ئامێرێک لە شێوەی زەنگ جەختی دەکردە سەر دەنگەکە، هەروەها دیسکێکی کانزایی شوێنی هێڵکارییە تەنکەکەی گرتەوه. تەلی مسین شوێنی تەلی ئاسنی گرتەوه، بۆ بەکارهێنەر چی تر پێویستی نەدەکرد دەنگی بەتەواوی بەرز بکاتەوه.

گەشتەکەی بۆ ئینگلتەرا بۆ مانگی هەنگوینی، بێڵ هەندێ ئامێری تەلەفۆنی لەگەڵ خۆی برد. جووتێک تەلەفۆنی دایە شاژن ڤیکتۆریا، ئەمە لە ناو باڵەخانەکانی شازادەی وێڵز و دایەنەکانی منداڵەکانیاندا دەنگی دایەوه. هەروەک لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پێشاندانی ئامێرێکی بێڵ کە دەنگی مرۆڤی لێوه دێت شتێکی دڵخۆشکەر بوو، بەڵام شتێکی ناخۆش بوو بۆ پیاوه گەورەکان کە داوەت کرابوون بۆ ئەوەی قسەی پێ بکەن؛ چونکە تەلەفۆن بەئامێرێکی یاریکردن دەزانرا، شتێک نەبوو تا پیاوێکی گەورە دەستی لێ بدات، بێگومان ئەوسا ناوەندێک نەبوو بۆ گەیاندن. بەڵام لە لەندەن بێڵ ئەم ناوەندەی پێک هێنا.

سێر ویلیەم پرییس، سەرۆکی ئەندازیارانی فەرمانگەی پۆستەی بەریتانی، بە تامەزرۆییەوه بە پیر تەلەفۆنەوه نەچوو. لەم پێوەندییەدا لە بەئەنجومەنی نوێنەران وتی:

من سەیرم بەو پەسن (پیاهەڵدان)ە دێت کە لەمەڕ تەلەفۆن لە ئەمەریکاوه گوێمان لێ دەبێت، ئەمانە زیادەڕۆیین، هەرچەندە هەندێ حاڵەت هەیە لە ئەمەریکا ڕەنگە پێویست بەو جۆرە ئامێرانە بکات، نەک ئێرە. ئێمە زۆر تەتەری لێهاتوو و خێرامان هەن، کوڕی بەتوانا، شتی لەو جۆرەمان هەنە.

پزیشکی سکۆتلەندی جەیمس کلارک ماکسویل، کە تیۆرەکەی لەسەر شەپۆلە نەبینراوەکان دواجار بووه هۆی داهێنانی ڕادیۆ، ئامێرەکەی بێڵ باوی نەما، دەکرا پێکهاتەکەی بێڵ لەگەڵ ئامێرێکی تر دابنرێت. بێڵ داهێنانەکەی پێشکێشی وێستەرن یونیەنی کرد بۆ فرۆشتن و بەدەست بەتاڵی گەڕایەوه.

بازرگـانیـی تەلەفـۆن لە هەر شـارێکدا لۆکـال بوو کـاتێ تەلـەکـانـی تەلەگـراف بەسـەر کیشوەرەکەدا بڵاو بوونەوە، بەڵام ڕوون بوو ئەو گەیاندنەی دەنگ لە ڕێگەی تەلەوە دەتوانێت لە شـوێنـی بەکارخـەرەکانـی تەلەگراف بەکار بێت. کۆمـپـانـیـایەکی گەورەتری تـەلەگراف، بەهەزاران میلی تەلی تەلەگرافی کە پێشتر بە عامود دانرابـوو، خێرا وەک ڕکابەر سـەری هەڵدا، لەسـەر بنچـینەی داواکـارییـە خـەوتووەکـەی ئیلیـشـا گـرێی و پارچەی کـاربۆن و گەیەنەری مـایکرۆفـۆن لەلایەن تۆمـاس ئەدیسـۆنەوە پەرەی پێ درا، کـە دەنگێکی باشـتـری بەرهەم هـێنا لە ئامـێـرەکـانی بێڵ. بەکـارهێنەرانی تـەلەفـۆنی بێڵ مـاندوو بـوون ئەوەندەی هاوار بکەن تا دەنگیان ببیستریێت، پێویستی بەگەیەنەرێکی باشی وەک ئەوەی ئەدیسـۆن بوو. بێڵ خـەریک بوو لە کارەکەی بە دەستبەتاڵی بێتە دەرەوە، ئەگەر ئیمێلی بەرلینەر، کە ئامـێـری فۆنۆگـرافی باشـتـر کـرد، گەیەنەرێکی هەسـتـیـاری دروست نەکردبا. دواجـار، کـۆمــپــانـیــای نەتەوەیی تازە دامــەزراوی بێڵ، شکاتی لە وێســتــەرن یونیــەن کـرد، لە ڕێککەوتنێکی مێژووییدا، وێستەرن یونیەن ڕازی بوو واز لە تەلەفۆن بێنێ.

لە سـاڵـی ١٨٧٨، نیـو هاڤـن، کـۆنێکتـیکەت، بوو بـە یەکـەم شـار ئـاڵوگـۆڕی بازرگـانیی تەلەفۆنیـی هەبوو، بگۆڕێکی هەشت هێڵی و ٢١ تەلەفـۆنی هەبوو. لە ماوەی دوو سـاڵی ماف دان بە بێڵ و پەسندکـردنی داواکـارییـەکـانـی، نێـزیکەی ١٠ هەزار تەلەفـۆنی بێڵ بـەکـار دەهات. یەکەیەکی توێژینەوە و گەشەپێدان دروست کرا، تاقیگەکانی بێڵ بوونە هۆی بەرەو پێشەوەبردنی تەکنۆلۆجیای گەشەپێدان، و ئەم بوارانەشی پێش خست: تیۆریی زانیاری، دەنگ و وێنەی جـووڵاو، بـگۆڕەکـان، تیـشکی لێـزەری، فـایبـەری بژاردە، گـەیاندنەکـان، سەتەلایت و پێشکەوتنەکان لە کۆمپیوتەر و تەلەڤزیۆن.

## ئاخۆ چینە نزمەکان دەتوانن بەکاری بێنن؟

ڕێکلامێکی سەرەتایی بۆ تەلەفۆن هەوڵی دا چۆنیەتیی کارکردنی تەلەفۆن فێری خەڵکە بکا. شاباشەکە بەم شێوەی خوارەوەیە.

> "ئۆو! نەخـێـر، تەلەکـانـی تەلەفـۆن بەتاڵ نین. دەنگ لە ڕێگەی شـەپۆڵە کارەباییەکانەوە دەگوازرێتەوە. تەلەفۆن بۆ کەسی تایبەت و شیکە. خێزانێک لە ڕووی ئەخـلاقـیـیـەوە بەرپـرسـیـارە لە بەکـارهێنانـی تەلەفـۆن لەلایەن هەمـوو ئەندامـانی خێزانیـەوە. شـتێـک نیـیـە مـایەی مـەترسی بێت لەو گفـتـوگۆیەی لە ئاست سـەرتەوە ئەنجامی دەدەی. بەشدارانی ئێمـە زۆر تایبـەتن، گوێ لە کاری خەڵکی تر دەگرن لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە."

یەکەم جار، تەلەفۆن ژمارە و بەڕێوەبەرایەتیی نەبوو، تەنیا لیستێکی بەشداران، عادەتەن بەپێی کار و ئەو شتەی دەیانفرۆشت گرووپ دەکران لە لیستەکە. کاتێ لیستی بەشداران زۆر زیادی کرد، کتێب دەرچوون ژمارەی تەلەفۆنیان لەسەر بوو. تەلەفۆنکەران ناقایل بوون بەوەی تەماشای ژمارەیەک بکەن، بگرە پێیان خۆش بوو بە ئۆپەرەیتەری تەلەفۆنەکە بڵێن کێیان دەوێت قسەی لەگەڵ بکەن.

بیرۆکەی تەلەفۆن وەک ئامێرێککە هەموو خەڵک کەیفیان پێ بێت و بەکاری بێنن، چەند ساڵێکی مابوو، چونکە جارێکیان خاوەن هوتێلێک لە واشنتۆن دی سی چووە دادگە بۆ ئەوەی کۆمپانیایەکی لۆکالی تەلەفۆنی خزمەتگوزارییەکەی دانەخات، خاوەنەکە گوایە ڕێگەی بە میوانان داوە تەلەفۆن لە لۆبییەکە بەکار بێنن. لە لێسیستەر، ئینگلتەرا، بەرپرسانی تەلەفۆن سەرزەنشتی بەشداربوویەکیان کرد؛ چونکە تەلەفۆنی بۆ بنکەی ئاگرکوژێنەرەوە کردبوو بۆ ئەوەی پێیان بڵێت ئاگرەکە لە زەویی ئەو بەرنەبووە. داواکارییەک بۆ سەرۆکی گشتیی پۆستە دواتر ئەم یاسایەی لێ کەوتەوە کە ئاساییە و پەسندە تەلەفۆن بەکار بێنی لە ڕووداوەکانی ئاگر و کەوتنەوە و دروستبوونی ئاژاوەدا.

کەمتر لە ١٠ ساڵ پاش داهێنانی تەلەفۆن، کۆمپانیای ئەمەریکیی تەلەفۆن و تەلەگراف بەپێی یاسا ڕێک خران بەمەبەستی بەستنەوەی هەموو شار و شارۆکەیەک لە ئەمەریکادا، کەنەدا و مەکسیک، هەروەها بەهۆی کێبلەوە ئەو وڵاتانە بەوڵاتانی تری جیهانەوە ببەسترێنەوە. تیۆدۆر ڤێیل، خزمێکی دووری ئەلفرێد ڤێیلی هاوکاری بێڵ لە داهێنانی تەلەگراف، لە بەڕێوەبەری نووسینگەیەکی AT&T سەر بەکۆمپانیایەکی بچووکەوە بوو بە خاوەن کۆمپانیایەکی زەبەلاحی گەیاندن. ڤێیل پیشەسازیی تەلەفۆنی ستاندارد کرد کۆمەڵێ، ڕێوشوێنی گرتە بەر بۆ ئەوەی دروستکردنی تەلەفۆنێکی ڕەش لە هەموو ماڵێک. هەستا پێشنیازی کرد کە AT&Tی هەرچی کۆمپانیای بچووکی تەلەفۆن هەیە بکڕێتەوە. هەرکە AT&T سێبەرەکەی پەرش بووەوە، تاک ستانداردی باڵی بەسەر زەویدا کێشا. ئەمە هەر نەگۆڕا تا حکوومەت ئەم تەوقەی شکاند و ڕای گەیاند کە تەکنۆلۆجیا دەبێ فرە دەزگا بێت.

## تەلەفۆن وەک ڕادیۆیەکی سەرەتایی

لە پێشبینیکردنی خۆشیی ڕادیۆدا، تەلەفۆن لە گەلێ وڵاتی ئەوروپادا جێی خۆی وەک گەیەنەرێک کردەوە بۆ گواستنەوەی کۆنسێرتی موزیک بەشێوەیەکی زیندی. پیاوە زەنگینەکان پارەیان دەدا بۆ ئەوەی گوێ لە کۆنسێرتی موزیکی ئۆپەرایی و شانۆیی بگرن کە بەهۆی مایکرۆفۆنەکانی شانۆکان دەبیستران، بەشێوەیەک کە شانبەشانی تەلی

تەلەفۆن دەبەسترا و دەگەیشتە گوێیەکان. لە ژووری دانیشتنی خۆیدا، شاژن ڤیکتۆریا گوێی لەو ئۆپێرایە بوو کە لە شانۆی شاهانەی کۆڤێنت گاردنەوە ساز کرا بوو. لە لەندەن، نەخۆشە دەوڵەمەندەکانی نەخۆشخانە بەتایبەت موزیک و سروودەکانی ناو شانۆکانیان بۆ وەشان دەکرا. چەند ماڵێکیش ئەو خزمەتگوزارییەیان کڕی. لە پاریس، کۆمپانیای شانۆی تەلەفۆنی لە هاوینەهەوارەکاندا سیستمەکەی دانا و خەڵکی گوێیان لێ دەگرت. هەمان ئەو خۆشییە خێرا لە چەندان شاری ئەمەریکادا پەیدا بوو. دواتر هەلەکان فراوانتر کران و دەتوانرا گوێ لە قسەکانی ناو کڵێسا و وتارە سیاسییەکانیش بگریت. خاوەن کافتریایەکی کەنەدی ڕێگەی پێ درا مایکرۆفۆنێک دابنێت لە نێزیک حاکمێک کە دادگەییکردنی تاوانبارە بکوژەکانی بەئاشکرا بەڕێوە دەبرد. تەلێک بۆ ناو کافتریاکە ڕاکێشرا و دەوڵەمەندەکان بە هۆی ئیەرفۆنەوە دەیانتوانی بۆ ماوەی یەک سەعات بە ٢٥ سەنت گوێ بگرن لە دادگەییەکە.

باشترین بەکارهێنانی تەلەفۆن وەک ئۆتۆمۆبێلێک بۆ گەیاندنی جەماوەری، تەلەفۆنی هیرمۆندۆ بوو لە بودابست، هەنگاریا، لەلایەن ئەندازیارێکی هەنگاری نەخشەی بۆ کێشرا کە پێشتر کاری بۆ تۆماس ئەدیسۆن کردبوو. لە ساڵی ١٨٩٣وە تا ئەو ساتەی وەشانی ڕادیۆ شوێنی گرتەوە، ئەم خزمەتگوزارییە ڕۆژانە چەند بەرنامەیەکی بۆ هەزاران بەشدار بوو وەشان دەکرد، کە لە ڕێگەی ئیرفۆنەوە گوێیان لێ دەگرت. ئەم خزمەتگوزارییە ڕادیۆییە تەلدارە دەکرا لە شوێنە گشتییەکانیشدا گوێی لێ بگیرێت وەک هوتێلەکان، نەخۆشخانەکان، چێشتخانەکان و هەروەها ژووری چاوەڕێکردنی نۆرینگەکانی پزیشکان. بەرنامەی ڕۆژانە ڕاپۆرتە هەواڵی جۆراوجۆری پێشکێش دەکرد، لەگەڵ مۆزیک، خشتەی کاتی ڕووداوەکان لە بودابست و تەنانەت شاباشەکانیش لەوێ گوێیان لێ دەگیرا، ئەوەیەک بە تەواوی پێش وەشانی ڕادیۆ ئامادە کرا بۆ ڕادیۆ. هەرچەندە وتارێکی زۆر بە شێوەیەکی بەرفراوان لەبارەی تەلەفۆن هیرمۆندۆوە، پێشکێش دەکران و بڵاو دەکرانەوە، بەڵام بڵاوکردنەوەی فیکرەکە لە دەرەوەی بودابست، فەشەلی هێنا، جگە لە چەند شوێنێک نەبێت وەک نوارک، نیو جێرسی کە لەو دوو شوێنەش دوای چەند مانگێک داخرا و بەکار نەهات.

خاڵی سەرنجڕاکێش لە تەلەفۆن هیرمۆندۆدا ئەوە بوو تەکنۆلۆجیای بەردەستی تەلی تەلەفۆنی بەکار دەهێنا، دەتوانرا بەشێوەیەکی بەرفراوانتر و بۆ هەموو شوێنێک بۆ زانیاری گەیاندن و خۆشی بەکار بهێنرێت، بەپێی بەرنامەیەکی ڕێک بگوێزرابایەوە ناو هەموو ماڵێک و شوێنێکی گشتی. بەڵام دەبووایە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش زۆر چاوەڕێ بکات تا تەکنۆلۆجیاکەی تر ڕێگەی بە تەلەگرافی بێتەل دەدا دەست بە وەشان بکات.

## ئۆپەرەیتەرەکانی تەلەفۆن

ئەندازیاران توانییان لە ناو ئامێری تەلەفۆندا، سەماعەیەکی بچووک دابنێن کە ئەمە سەرەتای بناخەی بڵندگۆ بوو. توانییان گەلێ لە کێشەکانی تر چارەسەر بکەن کە لە ئەنجامی گەشەکردنی گەیاندنی خاڵ بۆ خاڵدا پەیدا دەبوون. داوا زۆرەکانی ناو بگۆڕە گەورەکان کە هەمووی بەدەستی ڕێک دەخران، ئاسان کرانەوە کاتێ کۆمپانیاکان چەندان تەلەفۆنیان زیاد کرد بۆ بگۆڕێکی تایبەتی کە پێی دەگوترا لقی تایبەتی ئاڵوگۆڕ یان PBX پی بی ئێکس. گەلێکیان تا ئێستەش هەر بەکار دێن. کۆمپانیا مۆدێرنە گەورەکان چوونە سەر تۆڕی لۆکالی ناوچەیەک یان (لان LAN) بۆ پێک بەستنەوەی سیستەمەکانی تەلەفۆنەکانیان یان کۆمپیوتەرەکانیان، بەڵام بنەمایەکە نەگۆڕا.

یەکەم ئۆپەرەیتەر (بەکارخەر: Operator)ی تەلەفۆن، کە لە سیستەمی تەلەگرافەوە وەرگیرا بوو، بریتی بوون لە کوڕە مێرمنداڵەکان. دوای ناڕەزاییەکان لەسەر تێکەڵبوونی هێڵەکان، بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای نیو ئینگلاند بێڵ و نیویۆرک تەلەفۆن فیکرەی ئەوەیان بۆ هات کە ئافرەتی گەنج دابمەزرێنن. هێشتا چەند پرسیارێک مابوو: ئاخۆ دەکرێ ئافرەتێکی گەنج لە دەرەوەی ماڵ دامەزرێت و کار بکات، چونکە ئەمە چانسی مێردکردنی دەخستە مەترسییەوە، بەڵام چانسی ڕاکردن لە ماڵەوە هەموو ڕۆژێک بۆ پەیداکردنی پارە بۆ خۆی و بە کەیفی خۆی سەرفی بکات زۆر باشتر بوو لە مێردکردن، هەرچەندە نرخی پاکەت هەرزان و هێدفۆنەکانی پێشوو تەنیا بە شەش پاوند بوون. یەکێک لە ئەرکەکانی ئەو ئافرەتانە بریتی بوو لە خزمەتگوزاری بەئاگاهێنانەوەی موشتەرییەکان کە پێی دەگوترا girls hello، ئەم کارە کۆمەڵایەتییەی زیاتر لە پیشەی خزمەتکارێکی ناوماڵ دەچوو. یەکێک لە چاودێرەکان ئەمەی بیر دێتەوە:

پێش بگۆڕە گەورەکان، کچەکان بە جۆلا دەچوون لە ناو کەشوهەوایەکی ناخۆشدا، تەلەکان بە ناو یەکتریدا تێک قژقژا بوونە، شێوەی کوتاڵێکی نەخشینیان دەکرد. بەڕاستی کوتاڵچییەکی نەخشینی قسەکردن لێرە هەموو ڕۆژێ دەچنران بۆ نێو تەلەکان.

بگۆڕی ناوەندی ئەم کێشەی بەستنەوەی هەموو تەلەفۆنێک بە هەموو تەلەفۆنەکانی تر چارەسەر کرد، بەڵام بگۆڕی ناوەندی داوای لە ئۆپەرەیتەرەکانی تەلەفۆن کرد، کە زۆر گوێیان نەدەدا و ڕانەدەگرت. کارگێڕی شاری کانساس بەناوی ئەلمۆن سترۆگەر، کە پێی وابوو کارگێڕێکی تر بەرتیلی داوەتە ئۆپەرەیتەرێکی تەلەفۆن تا بە تەلەفۆنکەران بڵێت هێڵی سترۆگەر بەردەست نییە (مەشغوولە)، ئەمەش بووە هۆی داهێنانی دایەل (dial) کردنی

(لێدانی ژماره)ی تەلەفۆن و ئاڵوگۆڕی تۆماتیکیی تەلەفۆن. یەکەم جار لە لاپۆرتی، ئیندیانا لە ساڵی ١٨٩٢ خرانە کارەوە.

لەو کاتەی پێکهاتە بنەڕەتییەکانی بێڵ لە ساڵی ١٨٩٣ ئێکسپایەر بوون، زیاتر لە چارەگە ملیۆنێک تەلەفۆن لە ئەمەریکا کاریان دەکرد، واتە نێزیکەی هەر ٤ تەلەفۆنێک بۆ هەزار کەس. لە ساڵی ١٩٠٠دا، وێڕای زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان، نێزیکەی هەر هەزار کەس لە ئەمەریکا ١٨ تەلەفۆنیان بەر دەکەوت. لە گەلێ شارۆکەدا، یەکەم تەلەفۆن تەلەفۆنێکی گشتی بوو، ئەویش لە وێستگەی شەمەندەفەر یانیش نێزیک دەرمانخانە دانرابوو.

لە هەندێ دەزگای باشتردا، فەرمانبەرێک خەڵکی بە نۆرە دەنارده ناو کابینەی تەلەفۆنەوە. پارەکەی وەردەگرت و ڕێگەی دەدا بە کەسەکە تەلەفۆن بکات. لە هەندێ شوێنی ڕاقیدا وەک هوتێلە مۆدێرنەکان، کابینەکانی تەلەفۆن پەنجەرەکانیان بەپەردەیەکی ئاوریشمی داپۆشرا بوو، زۆرجار خەڵک لێیان تێک دەچوو وایان دەزانی ئاسانسەره (مەسعەد) کە ئەمەش داهێنانێکی نوێ بوو. ئەمڕۆ لە گەلێ وڵاتدا، حکوومەتەکان ئەم سیستمە بەکار دێنن بەبێ پەردەکە.

ویلیەم گرێی لە ساڵی ١٨٨٨دا یەکەم سیستمی تەلەفۆنی دانا کە بەخورده (پارەی ئاسن) کاری دەکرد. ئەم سیستمە چووە هارتفۆرد، کۆنێکتیکەت و بانک. چەندان ڕێگەی جیاواز هەبوو بۆ بەکارهێنانیان. زەحمەت بوو بتوانی پارەکەت وەربگرییەوە ئەگەر تەلەفۆنەکەت تەواو نەکردایە و بپچڕایە. تەنانەت هەندێ کابینە هەبوو دەرگای لەسەر تەلەفۆنکەرەکە دادەخست تا ئەو کاتەی خوردەکەی دەدا ئامێرەکە و دەرگاکەی لێ دەکرایەوە، بەڵام ئەم بیرۆکەیە تەمەنی درێژ نەبوو.

## پێ نانە سەدەی بیستەم

پێش هاتنی سەدەی بیستەم، چەند تەلەفۆنێک لە شوێنە دوورەکانەوە دروست کران. بێزاریی تەلەفۆنە دوورەکان نەما بەهۆی داهێنانی ئێم ئای پەپینس لە ساڵی ١٩٠٠ بەهۆی کۆلێکی پێچخواردووی ئەڵقە ئەڵقەوە، دواتر داهێنانی لی فۆرێست لە ساڵی ١٩٠٦ شوێنی ئەمەی گرتەوە بەهۆی سێ دەفری بۆشی خاڵی لە هەوا، ئەمەش شوێنی گیرایەوە بەهۆی داهێنانی هێچ دی ئارنۆلد کە لە ساڵی ١٩١٤ دروستکردنی ئامێری دەنگ گەورەکەر am-plifier، ئەمیش بەسەرچوو کاتێ لە ساڵی ١٩٤٧دا ترانزستەر transistor داهێنرا لە تاقیگەکانی تەلەفۆنی بێڵ. چەند دەیەیەک دواتر، ترانزستەرەکان بوونە بەشێک لە ئامێری ئەلیکترۆنیی مایکرۆچیپس microchips.

تەلەفۆنی بێ تەل، دوای تێستە سەرکەوتووەکان لەساڵی ١٩١٥، دەستی بەکار کرد بۆ یارمەتیدانی سوپای زەریایی ئەمەریکا لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا . تیوەگلانی ئەمەریکا لە شەڕی یەکەمی جیهانی کتوپڕ پێویستیی باشترکردنی سیستمی گەیاندنی بەسەر ئەمەریکادا سەپاند. واشنتۆن دی سی چی تر شارێکی خەوتووی ئەودیو ئاو نەبوو. بۆ ماوەیەکی کەم لە ١٩١٨، حکوومەتی ئەمەریکی کۆنترۆڵی هەموو سیستمەکانی تەلەفۆنی کرد. فراوانبوونی خزمەتگوزاریی خێرا و بەردەوام بوو. کاری داتافۆن، بەهۆیەوە سرکێتەکانی تەلەفۆن دەیانتوانی بەخێراییەکی زۆر داتای کۆمپیوتەر بگوازنەوە، لە ١٩٥٨ دەستی پێ کرد.

سەرەڕای گومانەکان لەوەی خەڵک ٧٥ دۆلار بدەن بۆ تەلەفۆنێکی سێ خولەکی، تەلەفۆنی ڕادیۆیی لە نێوان هەردوو سەنتەرە گەورەکەی دارایی، نیویۆرک و لەندەن، لە ١٩٢٧ دەستی پێ کرد لە کاتی ساڵانی بەرزبوونەوەی باری دارایی. خزمەتگوزارییەکە ئەوەندە باو بوو پێویستی بە سرکێتی زیاتر بوو. تەلەفۆنی ڕادیۆیی خێرا گەیشتە شارەکانی تری ئەوروپاش، هەروەها لە نێوان ئەوروپا و بۆنیس ئاریسیشدا دانرا. لە هەمان کاتدا، کێبڵەکان بەسەر ناوچە شاخاوییەکان و ناو زەریاکاندا ڕاکێشران. یەکەم کێبڵی زەریایی لە ساڵی ١٩٥٦ ڕاکێشرا. کێبڵی ژێر زەریای هیند خرایە کار لە نێوان کالیفۆرنیا و ژاپۆن لە ساڵی ١٩٨٩دا. کێبڵ بەقەبارەی سۆندەی باخچەکان دەیتوانی بە یەک جار ٤ هەزار تەلەفۆن بگوێزێتەوە، کەچی کێبڵە مسییەکان کەمتر لە هەزار تەلەفۆنیان هەڵدەگرت لە جارێکدا. ئەمڕۆکە سەتەلایتەکانی گەیاندن بەهەزاران تەلەفۆن دەگوازنەوە. ڕوونی و سافیی دەنگی تەلەفۆنەکانی ئەودیو زەریاکان زۆر باشتر بووە و زۆرجار بەکارهێنەران دەڵێن ئەوەی قسەی لەگەڵ دەکەین وەک ئەوە وایە لە "ژوورەکەی تەنیشتمانەوە" بێت. بە هیچ جۆرێک باسی ئەوە ناکرێت ئەگەر تەلەفۆنێک لە سەتەلایتەکانەوە یان بە ناو زەریاکانەوە هەڵبەز و دابەز بکات.

وێڕای ناردنی دەنگەکان بە درێژایی تەلەکان، هێڵەکانی تەلەفۆن وشە و وێنەشیان دەنارد. چاپکردن لە ڕێگەی تەلەکانەوە لە بنەڕەتدا پێی دەگوترا چاپی تەلەگرافی، دواتر بوو بە تەلەتایپرایتەر teletypewriter، پاشان ئەمەش بوو بە تەلەتایپ teletype کاتێ چەندان گۆڕانکاری بەسەر ئەوەی پێشتردا هات. یەکەم جار بەکار دەهات بۆ ناردنی هەواڵ لە ڕێگەی خزمەتگوزاریی تەلەکانەوە وەک ئەی پی و ڕۆیتەر. تەکنۆلۆجیاکە بە تەکنۆلۆجیای تەلەگراف دەچێت، جگە لە خەت و خاڵەکان نەبێت، پێکهاتە ئەلیکترۆنییەکان مانای پیت، ژمارە و سیمبولەکان دەدەن.

کۆمپانیای تەلەفۆن دەزگایەکی ئاڵوگۆڕی تەلەتایپرایتەری یان TXWی بۆ ماوەیەکی کورت دانا، هەندێ جار پێی دەگوترا تەلێکس یان تویکس. بەشداران، ئەوانەی کە ئامێری تەلەتایپیان هەبوو لە ئۆفیسەکانیان، لە بەڕێوەبەرایەتیی جیاجیا لیست کران. هەرچەندە تەلێکس شوێنی گیراوەتەوە بە تەکنۆلۆجیای نوێتر وەک ئیمەیل و فاکسی ئەلیکترۆنی، تۆڕەکانی تەلێکس هێشتا لە جیهان کەڵکیان لێ وەردەگرێ. لە هەندێ وڵاتدا، بەگونجاوترین ڕێگە دادەنرێن بۆ ناردنی پەیامێک، کە ئەمەش مەبەستی هەموو کەسێکە. بەهەر جۆرێک بێت، جیهان گەڕاوە سەر بێڵ و پشتی بە "بووکەشووشەکە"ی ئەو بەست.

## سیگناڵەکان (نیشانەکان) لە هەواوە

بەکارهێنەرانی ڕادیۆ بۆ ماوەی سەدەیەک کەم وێنە بوون. لە ١٩٠٥دا، ئۆپەرەیتەری مارکۆنی لە وێستگەیەکی لێوار زەریادا خەت و خاڵ لە کەشتییەکی ناو زەریاکە وەردەگرێت. دەیەیەک دواتر، هەوڵەکانی خولیایانی ئەلیکترۆنی سەرکەوتوو بوو و نامە تەلەفۆنییەکان لە شوێنە دوورەکانەوە وەردەگیران. دوو دەیە دواتر، ئەندامانی خێزان لە سەردەمی گرانییە گەورەکەدا لە دەوری سندووقێکی قەوان لە ژووری دانیشتن کۆدەبوونەوە دەستیان بەگفتوگۆ دەکرد کاتێ گوێیان لە جاک بێنی دەبوو. (هەرگیز ئەوەندە سەیر نەبووە لەسەر تەلەڤزیۆن). چەند ساڵێکی تر تێ پەڕین، هەمان خێزان لەلای ڕادیۆیەکی شەپۆڵ کورت لە ناو موبەقەکەیان دەوەستان، هەوڵیان دەدا لەو دەنگە بگەن کە بە ناسافی باسی لە شەڕ دەکرد. نەوەیەک دواتر، مۆتۆریستێک هەواڵی تازەی ناوخۆی وڵاتی بەخێرایی بڵاو دەکردەوە. ئەمڕۆکە ڕاکەرێک لە جیهانی دەوروبەری دادەبڕێت کاتێ بەئامێری گوێ لە واکمان پارچە مۆزیکێکی کەنتری ێ دەگرێت.

ئەمان ڕێگەی جیاواز بوون بۆ وەرگرتنی سیگناڵێکی ڕادیۆیی. هەریەک لەو ڕێگەیانە بەشێک بوون لەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییەی کە ڕادیۆ بەرپای کرد.

کاریگەرییەکانی ڕادیۆ بەتەواوی دەکەونە سەر بەرنامەکانی. بۆ ئەوانەی کە قەت میدیایان نەخوێندووە، ئەم واقیعە وەک ئەوەیە کاتی خۆی خەڵکی فشەیان بەخوێندەواری دەکرد و دەیانگوت "بۆچی دەنووسی، ئەی بیرت نایەتەوە؟"

مێژووی ڕادیۆ بە دوو قۆناخی جیاوازی کۆمەڵایەتیدا تێ پەڕی، گەیاندنی خاڵ بەخاڵ وەک تەلەگرافی بەتەل دەستی پێ کرد و دواتر بووە تەلەفۆنی بێ تەل. هەر قۆناخە و ئەوی تری دروست کرد. هەریەکە و تەکنۆلۆجیا، مەبەست، دەنگ و سیستەمی ئابووریی خۆی هەبوو. تەلەگرافی بێ تەل، وەک تەلەگراف، هەمووی خەت و خاڵ بوو، پەیامێکیش لە

خاڵێکەوە دەچووە خاڵێکی تر. تەلەفۆنی بێ تەل، وەک تەلەفۆن، پێک هاتبوو لە دەنگەکان لەگەڵ پەیامێک لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر. بەکارهێنانی سەرەکییان بازرگانیی گەیاندن بوو و ئێستەش هەر ئەوەیە وەک لە کەشتییەوە بۆ لێوار زەریا. وەشان، کە ئامانجەکەی گەیاندنی زانیاری و خۆشی بەخشینە، دەنگ، مۆزیک و هەموو دەنگەکانی تریش دەگوازێتەوە، لە خاڵێکەوە بەرەو ملیۆنان خاڵی تر دەچێت.

## هەندێ لە کاریگەرییەکانی ڕادیۆ بەسەر کۆمەڵگەوە

لە هەر وڵاتێکدا، وەشان پاڵی بە هاووڵاتییانەوە ناوە لە هەموو بوارێکدا. وەشان برێتییە لە هێزی سێنتریپێتال centripetal (هێزێکە پاڵ بە خلۆکەیەک دەنێت بەرەو تەوەرەکەی) و هێزی سێنتریفوگال centrifugal (هێزێکە پاڵ بە خلۆکەیەک دەنێت بۆ دەرەوە لە تەوەرەکەی). هێزی سێنتریپێتال، نەتەوەی یەک خستەوە، دروست دەبێت بەهۆی هەوڵە جدییەکان بۆ پێکهێنانی سەرکردایەتیی حکوومەت، بڵاوکردنەوەی کەلتووری نەتەوەیی و دابەشکردنی زانیاری. بەکارهێنانی زمانی سادەی خەڵک و زمانێکی یەکگرتووی نەتەوەیی لە جیاتی دیالێکتە هەرێمییەکان، وای لە خەڵکی کرد لە یەکتر نێزیک ببنەوە. لەلایەکی ترەوە، ڕادیۆ خەڵکی لە یەکتر دوور دەخاتەوە تەنیا بەهۆی پێشکێشکردنی وێستگەی جۆراوجۆر، وەک هەر دەزگایەکی تر کاری خۆی دەکات بەڵام گەیاندنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە یەکتر جیا دەکاتەوە. تۆنی گفتوگۆی بێژەر، بیسەر بە یەک کەس دەزانێت و قسە تەنیا بۆ یەک کەس دەکات لە ناو جیهانە تایبەتەکەی ئەو کەسەدا. هەندێ جار بێژەرەکە گفتوگۆیەکی نەبینراو لە هەوادا دەکات، ئەو ڕاستییە لە بیر دەکات کە ئەمە کاری گەیاندنە نەک هەر گفتوگۆکردن. پێ ناچێت گوێگر گوێ بدەنە ئەم مەسەلە.

ڕادیۆ وەک سەرچاوەیەکی زانیاری لە سەرانسەری جیهان سەرچاوەیەکی زۆر بەهێز بوو، هەرچەندە ئەمڕۆ لە گەلێ وڵاتدا ڕادیۆ بە توندی لە ژێر ڕکێفی حکوومەتدا چاودێری دەکرێت. بەپێچەوانەی ئەمەریکا کە بەپێی یاسا قەدەغەیە حکوومەت بەرنامە بۆ هاووڵاتییان بڵاو بکاتەوە (هەندێ وێستگە خۆبەشانە وتارە سەرۆکایەتییەکان وەشان دەکەن)، گەلێ حکوومەت بە وردی وەشانەکان بەکار دێنن بەمەبەستی پێوەندیکردن لەگەڵ هاووڵاتییەکانیان. بەڵام، ئەمەریکا شانبەشانی ژمارەیەک وڵاتی تر، لەبۆ دەرەوەی سنوورەکانیان پڕوپاگەندەی ڕادیۆیی بڵاو دەکەنەوە. دەنگی ئەمەریکا بە دەیان زمان بەرنامە بڵاودەکاتەوە. ڕادیۆی لیبەرتی، فری یوروپ، یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو، سەتەلایتەکانی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و کوبا.

## بناوانی ڕادیۆ

له سـەرەتای سـەدەی نۆزدەدا، مـاوەی دۆزینەوە مـەزنەکـان لەبارەی سـروشـتی کـارەباوە، زانای ئینگلیزی بەناوی میکایل فارادی و زانای ئەمەریکی جۆزیف هێنری ڕاپۆرتیان لەمەڕ توێژینەوەکـانی خـۆیان لـەبارەی پێـوەندیی نێــوان کـارەبا و مـوگناتیس، بڵاو کـردەوە. ئەندازیارانی تەلەگراف، کاریان دەکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشـەکان، زانیارییـان خسـتە سەر. فیزیاناسـێکی سکۆتلەندی جەیمس کلارک ماکسویل بچووە ئەودیو ئەو شتەی کە بە کـارۆمـوگنـاتیـسی ناسـرابوو لەگـەڵ تیـۆریکی زۆر دوور لەبارەی شـەپۆڵە نەبینراوەکـان. هەرچەندە هەوڵی نەدا تیۆرەکەی لەسـەر بواری کـارۆمـوگناتیسی بسەلمێنێت، بەڵام ئەوانی تر هەوڵیـان دا. له سـاڵی ١٨٨٧دا، فـیـزیاناسـێکی ئەڵمـانی هێنریخ هێـرتز، پشـتگیـریی تیۆرەکـەی مـاکـسـویلی کـرد لە ڕێگەی چەند تاقـیکردنەوەیەک کـە تیایاندا تـەزووی کـارەبا بەناو هـەوا بەشـێـوەی شـەپۆڵ ڕەوانە دەکـران. تەنانـەت پێش ئەوەی هێـرتز دۆزینەوەکـەی ڕابگەیەنێت، تۆمـاس ئەدیسـۆن بەکورتی تاقیکردنەوەی بـە "دڵۆپەکردن" کرد کە بە هەمـوو ئاراسـتـەکـاندا بڵاو بـووەوە لەو تەلانەی تەلەگـراف و کـانزا مـوگناتیـسـیـیـانەی لە شـوێنە دوورەکاندا چەسپ کرابوون. هەوڵی دا کۆنترۆڵی ئـەو "دڵۆپە" ئەلیکتـرۆنییـانە بکات وەک ناوەندێکی گەیاندنی بێتـەل لە شـەمـەندەفەرێکی جـوولاودا، بەڵام فـەشـەلی هێنا، جگە لە دروستبوونی چەند سیگنالێکی هەڕەمەکی هیچی تری لێ نەکەوتەوە.

له فرنسا، ئیدوارد برانلی، کۆهیرەر (coherer)ی دروست کرد، واتە دەفرێکی شووشە بە مـادەی کـانزایی پڕ کـرابێـتەوە. تـەزووێکی کـارەبایی لە ڕێگەی هەواوە ڕەوان دەکـرا، وای دەکرد مـادەکان بچنەوە پاڵ یەک، یانیش پێکەوە بلکێن لە چواردەوری تووڵە کانزاییـیەکانی کـۆتاییی دەفـرەکەدا. ئـەمـە سـوورێکی تەواو دەکـرد تا کـارەبا بەناو دەفـرە شـووشـەکـەدا دەچوو. فیزیاناسـی ئینگلیز، ئۆلیڤەر لۆج، کۆهیرەری باشـتر کرد بەهۆی زانینی چۆنیەتیی دانانـی وەرگـر و وەشــێنەر لـەســەر هـەمــان فـریکوێنس. لە ١٨٩٤دا، لۆج دوورتـر چوو: پەیامێکی کۆدی مۆرسی لە ڕێگەی هەواوە نارد تا نیوەی زیاتری یاریگەیەکی تۆپی پێ بڕی کرد، بەڵام کۆهـیرەرەکە هێشـتا ناوەندێکی خاو بوو و نەیدەتوانی هیچ بناسـێتەوە بەڵام وزە بۆ ماوەی کورت و درێژ دەتەقییەوە.

## مارکۆنی

ماکسویل، هێرتز، برانلی و لۆج زانا بوون، بازرگان نەبوون، بەڵام تاقیکردنەوە لە گەلێ وڵاتی تردا دەستی پێ کرد بۆ دروستکردنی شتێکی پراکتیکی بەپشت بەستن بەتاقیکردنەوە ڕاگەیەنراوەکان. گوگلیلمۆ مارکۆنی، کوڕی خانەوادەیەکی زەنگین بوو، باوکی ئیتاڵی و دایکی ئێرلەندی بوو، ئەندامێکی خانەوادەی جەیمسن وێسکی بوون، سەلماندی کە بازرگانێکی زۆر توندە کاتێ بەدوای ڕێچکەی هێرتز کەوت. مارکۆنی ڕواڵ ئەو فیکرەیەی هاتە مێشک کە ڕەنگە بتوانرێت تاقیکردنەوەکانی ڕادیۆ لە ناو تاقیگە ببرێتە دەرەوە و پارەیان پێ پەیدا بکرێت.

ناوبراو بەختێکی باشی هەبوو، چونکە ئۆگەست ڕیگێ، پرۆفیسۆرێکی ناوداری بواری فیزیا دراوسێی مارکۆنییەکان بوو، ڕازی بوو ڕێ بە مارکۆنی نیشان بدات.

لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە لەسەر زەویی خێزانەکەی مارکۆنی دەستی کرد بەدووبارەکردنەوەی وەشانەکەی هێرتز بۆ چەند یاردێک (هەر یاردێک سێ پێیە). لە ١٨٩٤دا، هەمان ساڵ لۆج شتەکەی خۆی نیشان دا، مارکۆنی توانیی لە گەیەنەرێک نێزیک کەوێتەوە بۆ ناردنی تەزوو لە ڕێگەی کۆهیرەرێک بۆ بەرهەمێنانی زەنگی کارەبا: تا ٣٠ پێ دەڕۆیشت. چوونە دەرەوە، هەستی بەوە کرد دەتوانێت مەوداکە زیاد بکات بەهۆی بەرزکردنەوەی سیگناڵەکە. دوای دروستکردنی ئالیارێک، مارکۆنی توانی دەنگی زەنگەکە وەربگرێت لە دووریی دوو میل لەوبەری گردێکەوە. بەپێی چیرۆکەکە، ڕۆژێک بە ڕێککەوت بەشێکی ئالیارەکەی لەسەر زەوی جێ هێشت و بەشێکیشی لە هەوا بوو. مارکۆنی بەمە سەری سڕما کاتێ بینی سیگناڵەکە زۆر باشتر بووە. مارکۆنی بەردەوام بوو لە دروستکردنی چەندان ئالیاری تر بە هۆی هەڵە و هەوڵدانەوە. پاشان توانیی خەت و خاڵەکانی کۆدی مۆرس بۆ دووری چەند میلێک بەناو گردەکانی دەوروپشتی ماڵەکەیاندا بنێرێت.

ئەمە ئەو سەردەمە بوو کە گەیاندنەکان سنووردار بوون لەو شوێنانەی تەلەکانی تەلەگراف و تەلەفۆن کاریان دەکرد، کاتێک کەشتییەکان لە ناو زەریا هیچ ڕێگەیەکیان نەبوو بۆ وەرگرتنی زانیاری لە جیهانی دەرەوە و هیچ ڕێگەیەکیش بۆ وەرگرتنی سیگناڵ نەبوو بۆ یارمەتیدان لە کاتی تەنگانەدا. دایکی مارکۆنی درکی بەوە کرد کارەکەی مارکۆنی لە ناردنی پەیامە تەلەگرافییەکان بە بێتەل ڕێی تێ دەچێت سەر بگرێت، بەتایبەتی کەشتی بۆ کەشتی و کەشتی بۆ لێوار زەریا. بۆیە دایکی مارکۆنی داواکارییەکی پێشکێشی وەزیری پۆستە و تەلەگرافی ئیتاڵی کرد، بەڵام بووە هۆی لەناوبردنی داهێنانەکە. وەزارەت بەهەندی وەرنەگرت.

ئانی جەیمسن مارکۆنی ئەمجارە ڕووی کردە خزم و کەسە زەنگین و ناودارە سیاسییەکان. خۆی و کوڕەکەی بەئامێرەکەوە چوونە ئینگلتەرا، لەوێ مارکۆنی لە دووریی نۆ میل داهێنانەکەی تاقی کردەوە لە بەردەم بەرپرسانی پۆستە و تەلەگراف لە فەرمانگەی پۆستەی بەریتانی. ئەمجارە، بە بێتەل کارەکەی ئەنجام دا بۆ نەتەوەکە لەگەڵ گەورەترین سوپای زەریایی لە جیهاندا، ئیتر سەری چووە ناو سیستمێکی نوێی گەیاندن لەگەڵ کەشتییەکان لە ناو زەریادا. ئەو بەرپرسە بەریتانیایەی کە گاڵتەی بە تەلەفۆنی ئەلیکسەندەر گراهام بێل کرد، ناوی ویلیەم پریس بوو، کە ئەوسا سەرۆکی ئەندازیارانی فەرمانگەی پۆستەی بەریتانی بوو، هەوڵی دا لە باتی حکوومەتەکەی داهێنانەکەی مارکۆنی بکڕێتەوە، بەڵام داهێنەری گەنج، بە پشتگیریی خزمانی جەیمسن و دۆستانی ڕەتی کردەوە. لە جیاتی ئەوە، لە ساڵی ١٨٩٧دا، کۆمپانیای بێتەل و سیگنالیان دامەزراند و دەستیان کرد بەفرۆشتنی ئامێری ڕادیۆ بە سوپای زەوینی و زەریایی بەریتانیا. بۆ دەزگا بازرگانییەکانی گواستنەوە، کۆمپانیاکە نەک هەر تەنیا ئامێرەکەی پێ فرۆشتن بگرە ئۆپەیرەیتەری ڕادیۆشی بۆیان دابین کرد لەسەر بۆردی زەریا و لە وێستگەکانی لێوار زەریادا. مارکۆنی گەیاندنی بێ تەلی لە تاقیگە هێنایە دەرەوە و بردییە ناو جیهانی بازرگانی.

لە ١٩٠١دا، مارکۆنی و هاوکارانی ڕایان گەیاند کە سێ خەتی کۆدی مۆرسیان وەشان کردووتەوە بە پیتی "S" بە تەواوی بە ناو زەریای ئەتڵەسیدا لە کۆرنوێل، ئینگلتەراوە بۆ نیوفاوندلاند لە کەنەدا. هەموو کەسێک باوەڕی پێ نەکرد، بەڵام ڕۆژنامەکان خواردیان. کەمێک پاش ئەمە، لقێکی لە ئەمەریکا کردەوە، کۆمپانیای بێتەل و تەلەگرافی ئەمەریکی. دواجار بوو بە دەستەی ڕادیۆی ئەمەریکا. ساڵێک پاشتر، بەبێ پرسیار، مارکۆنی توانیی پەیامەکان بەناو زەریاکاندا بنێرێت.

## پێشبڕکێ

کۆمپانیاکە هەوڵی دا تەلەگرافی بێتەل قۆرخ بکات لە ڕێگەی فەرمان پێدان بەوێستگەکانی لێوار دەریا و ئۆپەرەیتەرەکانی سەر کەشتییەکان گەیاندن لەگەڵ ئۆپەرەیتەری غەیرە مارکۆنی نەکەن، جگە لە حاڵەتی تەنگانە نەبێت، ئەمەش مانۆڤەرێکی بازرگانی بوو کە هۆشیاریی نێودەوڵەتیی بڵاو کردەوە لە ناو دەسەڵاتەکان بۆ گەیاندنی بێتەل و مەترسییەکانی قۆرخکردنی تەلەگراف. ئەڵمانیا، کەشتییەکانی بە سیستمی خۆی بەڕێوە دەبرد، زۆر تێک چوو بەو کارەی کۆمپانیای مارکۆنی، بۆیە داوای لە زلهێزەکان کرد

کۆنفرانسێک لە بەرلین لە ١٩٠٣ ساز بکەن، لە ئەنجامدا یەکەم ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی لە جیهان لەسەر ڕادیۆ مۆر کرا. هێشتا تا ساڵی ١٩٠٨ هەر وا مایەوە، بەڵام دواتر لە هەمان ساڵ وێستگە لێوارییە نێودەوڵەتییەکان بەڕووی هەموو وەشانکارەکاندا کرانەوە.

داهێنەر و زاناکانی تر، بۆ لە لایەنی ومادییەوە بوون سەیری مەسەلەکەیان کرد، بۆیە خێرا سیستمی خۆیان بەرەو پێشەوە برد و داوای مافیان کرد و ئامێرەکەیان بەشێوەیەکی باشتر دروست کرد. داهێنانەکە لە ناو کەسانی تریشەوە کاری لەسەر کرا کەسانی وەک: ئۆلیڤەر لۆج لە ئینگلتەرا، ڕێگنال فێسندن، لی دی فۆرێست، جۆن ستۆن و ئی هاوارد ئارمسترۆنگ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا. دوای تێپەڕینی چەند ساڵێک، لە بازاڕ و ناو دادگەکاندا ڕووبەڕووی یەک دەوەستانەوە، کات و پارە و وزەیان بەفیڕۆ دەدا.

لە ١٩٠٤دا، ڕادیۆ چووە ناو مەیدانی شەڕەوە. لە شەڕی نێوان ڕووس و ژاپۆنییەکاندا، هەردوو لا ئامێری بێ تەلیان بەکار هێنا، بەڵام جۆرەکەیان یەکسان نەبوو و شێوازی کارکردنیشیان جیاواز بوو. تەلەگرافی بێتەل ڕەنگە یارمەتی هێزی دەریایی ژاپۆنی دابێت بۆ نغرۆکردنی زۆربەی کەشتییە شەڕوانەکانی ئیمپراتۆری ڕووسیا. هێزی دەریایی ژاپۆن ئامێری بێ تەلیان هەبوو. کەشتییە شەڕوانەکانی ڕووسیا دیارە پێش شەڕەکە وەشانی ڕادیۆیی خۆی ڕاگرتبوو. "کەشتییە سپییە گەورەکە"ی ڕووسیا کە نیوەی جیهانی بڕی بوو، نێزیک بووەوە لە شوێنی مەبەستی خۆی، بەڵام کەشتییەکانی ژاپۆن کە ڕادیۆیان لەسەر بوو کەمینێکیان بۆ کەشتییە سپییەکە دانایەوە. لە شەڕی گەرووی سوشیمادا، ژاپۆنییەکان نێزیکەی سەرجەم کەشتییە ڕووسییەکانیان نغرۆ کرد، خۆشیان هیچ قوربانییەکیان نەدا، ئەمە بەیەکەم سەرکەوتنی یەک لایەن دەریایی دادەنرێت لە مێژوودا. شەڕ، بەکاریگەرییەکی زۆرەوە، کۆتایی هات.

هێزە زەریاییەکانی زلهێزەکانی جیهان تەلەگرافی بێ تەلیان خستە ناو کەشتییەکانیان و پێگەکانیان لەسەر لێوار. لە ئەمەریکا، ئەگەرەکانی ڕادیۆی سوپای ئەمەریکا لە ساڵی ١٩١١ فراوان بوو کاتێ یەکەم پەیامیان لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی نارد. لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ئەو باڵەفڕانەی ڕادیۆیان تێدا بوو وەک چەکێکی سیخوڕ بەکار دەهێنران، سیگنالیان بە کۆدی مۆرس بوو. هێزی دەریایی هەر لە سەرەتاوە چاوی بڕی بووە گەیاندنی بێتەل لەبەر چەند هۆکارێکی پێشینە، بەڵام هەندێ فەرماندەی کەشتی دەریایی ئەمەریکی سەرگران بوون بە بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای ڕادیۆ، چونکە کۆنترۆڵی ڕەهای بێهێز دەکرد، کە کاپتنی زەریا هەردەم فەرمانی دەدا و هەموو شتێک لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو بوو.

## کەشتیی تایتانیک

دوای ئەوەی ئۆپەرەیتەرەکانی ڕادیۆ لەسەر دوو کەشتیی بازرگانی تێکشکاو توانییان ژیانی سەرنشینانی کەشتییەکە ڕزگار بکەن، کۆنگرێس لە ساڵی ١٩١٠ یاسایەکی دەرکرد، تێیدا داوای لە زۆربەی کەشتییە سوارییەکان کرد ئامێری ڕادیۆ هەڵگرن، بەڵام یاساکە داوای ئەوەی نەکرد کە ئۆپەرەیتەر بیست و چوار سەعات لە کاردا بێت. دوو ساڵ دواتر، کەشتییەکی "نوقم نەبوو"ی دەریایی بەناوی تایتانیک لە یەکەمین گەشتیدا خۆی بەشاخێکی بەفرین کێشا و بە خۆی و ١٥٢٢ نەفەر و دەستەی کەشتییەکە نوقم بوون خوارەوە. (مارکۆنی پلێتی خۆی بۆ ئەو گەشتە گرتبوو، بەڵام چەند پلانێکی تر ناچاریان کرد کانسڵی بکاتەوە). ئۆپەرەیتەری ڕادیۆ لەسەر کەشتییەک کە تەنیا نۆزدە میل لە دووری تایتانیک بوو، بای ئەوەندە نێزیک بوو کە هەمووان ڕزگار بکات، بەڵام وەشانەکەی کوژاندبووەوە و خەوتبوو. ئەم کارەساتە وای لە کۆنگرێس کرد یاساکەی ١٩١٠ هەموار بکات و داوای کۆنترۆڵی توندتری سەر کەشتییەکانی کرد. چەند هەفتەیەک دواتر، یاسای ڕادیۆ لە ١٩١٢ دەرچوو، یەکەم جار پشتبەستنی بە سیگنالەکان ڕەت کردەوە و داوای ئەوەی کرد کە وێستگەیەکی ڕادیۆیی دەبێ لەسەر هەموو کەشتییەک هەبێت، پێش ئەوەی وێستگەکە بتوانێت وەشانیش بکات. بەڵام، وەزارەتی بازرگانی نەیدەتوانی مۆڵەت پێدان ڕەت بکاتەوە، ئەگەر داواکارێک لە تاقیکردنەوەی توانست دەرچووبا. ئەم هەوڵە سەرەتاییە بۆ هێنانە کایەی هەندێ ڕێکخستن بۆ ئامێری بێتەل چەند ساڵەی ئاژاوەیەکی نایەوە؛ چونکە کەس خەونی بەگەشەی کتوپڕەوە نەدەبینی کە وەشانی بازرگانی بە سەر ڕادیۆیدا هێنا. شەڕەکە بەردەوام بوو تا کۆنگرێس یاسای ڕادیۆی لە ساڵی ١٩٢٧ دەرکرد.

یاسای ساڵی ١٩١٢ی ڕادیۆ ژمارەی وەشانکارە تازەکانی سنووردار نەکرد. لە ١٩١٣، ٣٢٢ وێستگەی تازەی وەشاندن مۆڵەتیان هەبوو. لە ١٩١٧، ١٣٥٨١ وەشانکار و بە هەزاران تازە پێگەیشتوو کە بێ مۆڵەت وەشانیان دەکرد. ژمارەیان زۆر لە ئۆپەرەیتەرە بازرگانییەکان زیاتر بوو. گەیەنەری پێشکەوتوویان بەکار هێنا بۆ ناردنی کۆدی مۆرس.

لە هەمان کاتدا، نەتەوەکانی وڵاتانی تریش ڕادیۆیان خستە ژێر دەسەڵاتی توندی حکوومەتەوە، لەگەڵ تەلەگراف و خزمەتگوزارییە تەلەگرافییەکان. تەنیا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناو وڵاتە گەورەکاندا ڕێگەی دەدا بە هەرسێ ناوەندی گەیاندن، چونکە پرۆژە تایبەتییەکان کەمترین دەسەڵاتی حکوومەتیان بەسەرەوە بوو.

## دەنگ

ئەگەر یەکەم بەکارهێنانی بازرگانیی ڕادیۆ لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بۆ یارمەتیدانی شت گواستنەوە بێت، بەڵام لە ڕاستیدا بازرگانیی ڕادیۆ بەشێوەیەکی بەرفراوان بازرگانیی دروستکردنی ئامێری بێتەل بوو بۆ کەشتییەکان، وێستگەگەلی لێوار دەریاکان و سیستەمی گەیاندنی سەربازی، هەروەها درزەکردنی خزمەتگوزارییەکانی گەیاندن بۆ پیشەسازیی گواستنەوە و حکوومەت.

لەم ماوەیەدا، ژمارەیەک زانا هەستان بەئەرکی جیاکردنەوەی دەنگیان لەو کێبڵە تەلەفۆنییانەی کە دەنگەکەیان دەگواستەوە ئەنجام دا. جۆن ئامبرۆس فلێمینگ زۆر بە پەرۆش بوو بەو شتەی پێی دەگوترا "کاریگەریی ئەدیسۆن" کە تۆماس ئەدیسۆن دۆزیبوویەوە لە هەوڵەکانیدا بۆ باشترکردنی وەشانی تەلەگراف. بیست ساڵ دوای ئەوەی ئەدیسۆن ڕای گەیاند، فلێمینگ بڕیاری دا ڕێچکەکە هەڵگرێتەوە، دوو دەفری ناوئاخنی یان دایۆدی دروست کرد، تەلێک و پلێتێکی کانزایی لەسەر گڵۆپێکی شووشەیی بچووک. کاتێ تەلەکە گەرم دەبوو، تەزووێکی کارەبایی، لە نێوان بارگاوییەکی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤدا ئاڵوگۆڕ دەبوو، دەگەڕایەوە ناو تەلەکە، بەڵام تەنیا لێشاوێک ئەلیکترۆنی نێگەتیڤ لە تەلەکەوە دەچوونە ناو پلێتەکە. ئەمە یەکەم ئامێری ئەلیکترۆنی بوو. ئاڵوگۆڕکردنی تەزووی شەپۆلەکانی ڕادیۆ بە تەزووی ڕاستەوخۆ دەگەڕایەوە کە یەکەیەکی وەرگر دەیتوانی بیپشکنێت. ئەم ئامێرەی فلێمینگ وای کرد ئەو قسانەی لەسەر شەپۆلەکانی ڕادیۆوە هەڵگیران، ببیسترێت، یان بپشکنرێن، بەهۆی بڵندگۆی گوێوە.

داهێنەری ئەمەریکی لی دی فۆرێست، توخمی سێیەمی زیاد کرد لە نێوان تەلەکە و پلێتەکە، پارچە تەلێک بەناو تۆڕێکی زیگزاگدا دەچوو بۆ گرتنی زۆرترین ئەلیکترۆن کە لە ناو تەلەکە دەردەپەڕین بۆ ناو پلێتەکە. دەفرە دەنگدارەکەی نەک هەر تەنیا شەپۆلە ڕادیۆییەکانی دەپشکنی، بگرە لێشاوی ئەلیکترۆنەکانی ڕێک دەخست و گەورەی دەکردن. ئێستە ئاستی دەنگەکە کۆنترۆڵ کرا. داهێنەرێکی تری ئەمەریکی بەناوی ئی هاوارد ئارمسترۆنگ ڕێگەیەکی دۆزییەوە کە دەفرە دەنگدارەکە وەک گەیەنەرێک کار بکات بۆ پەخشکردنی شەپۆلە ڕادیۆییەکان و بە هەمان شێوەش وەریانبگرێتەوە.

کاتێ داواکارییەکان لەگەڵ هەموو دۆزینەوەیەک زیادیان دەکرد، پێشبڕکێکە لەسەر ئەوە بوو کێ یەکەم کەس دەبێت قسە بەناو هەوادا بنێرێت. ڕیگنالد فیسندن، بەڕەگەز کەنەدییە و جارێکیان لە تاقیگەی تۆماس ئەدیسۆن کاری کردووە، پێی وابوو دەکرێ وەشانە

ناڕێکەکەی مارکۆنی شوێنی بگیرێتەوە بە وەشانکەر و وەرگرێکی بەردەوام، بۆ هێنان و بردنی قسە و مۆزیک بە ناو هەواوە. فیسندن پێشبڕکێکەی بردەوە بە بگۆڕێکی بەرزی فریکوێنسی کە بە هاوکاری لەگەڵ پەنابەرێکی سویدی بە ناوی ئەلیکساندەرسەن دروستی کرد کە ئەویش ئەندازیاری گشتیی کارەبایی بوو. بگۆڕە گەورەکە بە موەلیدەیەکی کارەبا دەچوو، سیگنالی بە ناو کیشوەر و دەریاکاندا دەنارد زۆر باشتر لە وەشانکەرە پەرتوبلاوەکانی مارکۆنی.

لە تاقیگەکەی لە ناوچەی برانت ڕۆک لە ویلایەتی ماسەشوستس، فیسندن یەکەم کەس بوو دەنگی مرۆڤی لەسەر فریکوێنسی ڕادیۆوە نارد، ئەم کارەی لە جەژنی مەسیح بوو لە ١٩٠٦ . جگە لە هەندێ پەیامنێر و چەند تازە پێگەیشتوویەک، بیسەرەکانی زیاتر نەبوون لە ئۆپەرەیتەرە سەرسڕماوەکانی مارکۆنی کە لەسەر کار بوون لە شوێنەکان و لەسەر کەشتییەکان و وێستگەکانی لێوار زەریا. فیسندن چەند ڕۆژێک پێشتر پێیانی گوتبوو بەهۆی پەیامە تەلەگرافەکانی ڕادیۆ، بەڵام هێشتا نیگەران بوون لە بیستنی دەنگ لە کاتی خوێندنەوەی ئینجیل لە جەژنی مەسیحدا. فیسندنیش گۆرانیی گوت، کەمانچەی ژەنی و مۆزیکی فۆنۆگرافی وەشان کرد.

ئەمە وەشانکردن بوو، وشەیەک بوو وەسفی کاری ئەو جووتیارە دەکات کاتێ مشتێک تۆو زەوییەکەیدا دەکا. خێرا وشەی ڕادیۆ شوێنی بێ تەلی گرتەوە، لەسەر بنچینەی ئەو ئایدیەی کە تیشکە کارۆموگناتیسییەکانی شەپۆلەکان بلاو دەکرانەوە لە ڕێگەی وەشانکەرێکەوە. لە ١٩٠٨دا، دی فۆرێست چووە سەر لووتکەی تاوەری ئیفڵ لە پاریس، لەوێ مۆزیکی ئۆپێرای وەشان کرد کە بە باشی دەبیسترا لە دووری ٥٥٠ میلەوە. لە وەشانکەرێک لە ویلایەتی ڤێرجینیا، AT&t سیگنالێکی بێ تەلی تەلەفۆنی نارد لە ساڵی ١٩١٥ کە یەکسەر لە پاریس و بەندەری پێرل وەرگیرا.

دی فۆرێست بڕیاری دا تەلەفۆنی بێتەل بەکار بێنێت بۆ ناردنی مۆزیک و قسە بۆ ناو ماڵی خەڵک. بە پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی گوت " چاوەڕێی ئەو ڕۆژە دەکەم کە ئۆپێرا دەچێتە ناو هەموو ماڵێک. ڕۆژێک دێ هەواڵ و تەنانەت شاباشیش بەهۆی تەلەفۆنێکی بێتەل وەشان دەکرێت. لە ١٩١٥، زۆر پێش ئەوەی وەشانکردنی شاباشەکان دەست پێ بکات، دی فۆرێست مۆزیک و هەواڵ یان ڕاپۆرتی وەرزشی وەشان کرد، هەروەها ئامێری دروست کرد بۆ وەرگرتنی ئەو وەشانە. وەشانەکانی خۆی بەکار هێنا بۆ شاباشکردنی ئامێرەکەی.

## هەواداران بایەخی پێ دەدەن

ناردنی سیگناڵەکان کێشەیەک و گوێگرتنیش کێشەیەکی تر. یەکەم جار، تاکە ڕێگە بۆ پشکنینی سیگنالە هاتووەکانی ڕادیۆ بریتی بوو لە کۆهیرەر، ئالیەتێکی تاقیگە بوو کە خەڵکی بەکاریان نەدەهێنا بۆ بیستنی دەنگەکان. دەفرە ناوئاخناکە شتێکی باشتر بوو، بەڵام لە توانای کەسێکی ئاساییدا نەبوو، بیکڕێت. یەک دەفری ناوئاخن هەندەی مووچەی یەک هەفتە بوو.

دوای ئەوەی زانای ئەڵمانیا فێردیناند لاراون ئەوەی دۆزییەوە کە چەند کریستاڵێک کارەبا دەگوازنەوە تەنیا بەیەک ئاراستەدا، داهێنەران جۆرێکی نوێی وەرگری ڕادیۆییان دروست کرد، هەندێ جار پێی دەگوترا پشکنەری کریستاڵی. کریستاڵێکی کوارتز یان گالینا، بە دووپاتکردنەوەی کارەبا بۆ یەک ئاراستە، دەیتوانی شەپۆلە ڕادیۆییەکان لە هەوادا بپشکنێت ئەگەر کریستالەکە بەر تەلێک بکەوێت لە شوێنێکی دیاریکراودا. هەواداران سیگناڵە هاتووەکانیان وەرگرت بەکۆیلێکی دروستکراو لە تەلێکی مسین بە دەوری سندووقێکی سلیندەری پێچرا بوو، پاشان دەگەیشتە گوێ. بەهەزاران وەرگر دروست کران لەلایەن کۆمپانیاکانی ڕادیۆوە، ئەمەش دروستکردنی ئاسان کرد و ئامێرەکەشی هەرزان کرد.

یەک خاڵی لاوازی هەبوو ئەویش پشکنەرە کریستالە بێ هێزەکان نەیاندەتوانی سیگناڵەکانی ڕادیۆ گەورە بکەنەوە. هەواداران بەپەنجە پاڵیان بە هێدفۆنەکەوە دەنا بۆ ناو گوێیان، بۆ ئەوەی باش گوێیان لە وێستگە دوورەکانی ڕادیۆ بێت. خۆشیی ئەوان لە بەرنامەکانی ڕادیۆوە نەبوو، چونکە بەرنامەکان زۆر دەگمەن بوون تا ساڵانی بیستەکان، بەڵام خۆشییان بەوە دەهات کە نامەیەکی تەلەفۆنی وەربگرن لە شارە دوورەکانەوە. هەوادارانی ڕادیۆ یانەیان دروست کرد کە ئامێری بێ تەلی تێدا بوو. زۆربەی ئەندامەکان ڕواڵ و پیاوی گەنج بوون. سوپای دەریاییی ئەمەریکا و ئۆپەرەیتەرە بازرگانییەکان هەوڵیان دا لەسەر هەمان شەپۆڵ وەشان بکەن، چونکە گلەییان دەکرد گوایە پەیامەکان وەربگرن، چونکە منداڵەکان لە ئاسمان تەلەکانیان تێک داوە و بۆیە پەیامەکان ناگەن. داواکارییەکانیان بۆ حکوومەت بۆ قەدەخەکردنی ئەوانەی ئەزموونیان کەمە لە ڕادیۆ لەلایەن هەوادارەکانەوە بەرگری و پشتگیریی لێ نەکرا.

یەکەم وێستگەکانی ڕادیۆ بریتی بوون لە ژووری پڕ لە کەلوپەلی کارەبایی بە نارێکی بە تەل پێکەوە بەسترابوونەوە. دەیانتوانی دەنگ و مۆزیک وەشان بکەن، بەڵام ئەمە زۆری

مـابوو چێـژەكـان تێـر بكات. بە هێـزكـردنی سـیگناڵ چاوەڕێی پێـشكەوتنی دەنگ گەورەكەرەكانی دەكرد، كە پشتیان دەبەست بەداهێنانەكانی تر، بە تایبەتی وەڵامی خێرای سووڕەكان كە لە ١٩١٢ لەلایەن ئارمسترۆنگەوە داهێنرا، ئەو كاتە تاز لە زانكۆی كۆڵۆمبیا دەرچووبوو. دووبارە دەفری دەنگداری دروست كرد بۆ ئەوەی ئەلیكترۆنەكان وەرگرێت كە لە پلێتـەكـەوە دەهاتن و بینرێتەوە بۆ ناو تەلە زیگزاگـەكـە. سـیگناڵەكـە بە هەزاران جـار دەسووڕایەوە، هەر جارە و هێزی زیاتری كۆ دەكردەوە. وەڵامی خێرای سووڕەكە سیگناڵە دوورەكـەی دەهێنا و دەنگی سـافـتـر كرد لـە ناو هێـدفۆنەكـاندا. ئەو وەشـانكـەرەكـەی كـە ماركۆنی بەكاری هێنا و ئەو بگۆڕەی لەلایەن فیسندنەوە دروست كرا و ئەلیسەندەرسەنیش تەواو شیاو بوو بۆ مۆزەخانە. كاتێ ڕادیۆ لەگەڵ دەفرێكی ناوئاخن خرایە بازاڕ، چونكە گـوێگرتـن لە ڕادیۆ لە هەواداری و كـەیف پێـهـاتنەوە بوو بەناوەندێكی چێـژ لێ وەرگـرتن، سێتە كریستاڵییەكەش باوی نەما.

چ لایەنێكی ڕادیۆیی وجوودی هەبوو لە كۆتایی شەڕی یەكەمی جیهانیدا؟

١- گەیاندنی ڕادیۆتەلەفۆن و ڕادیۆتەلەگراف لە كەشتییەوە بۆ كەشتی و لە كەشتییەوە ب وشكانی كە بۆ هەر دوو مەبەستی بازرگانی و سەربازی كەڵكی لێ وەردەگیرا.

٢- دروستكردنی ئامێر بۆ ئەم گەیاندنە.

٣- وەشانكەر بۆ وێستگە تازەكان.

٤- وەرگری سـادە، زۆرجـار لە مـاڵەوە دروست دەكران، بۆ هەواداران بۆ ئەوەی سـیگناڵە دوورەكانیش وەربگرن.

٥- ڕادیۆ لەلایەن هەندێ داهێنەر و ئەندازیارەوە پەرەی پێ درا.

وەرگرە سەرەتاییەكانی ڕادیۆ ئێسكیان سـووك نەبوو. گەورە و ناقـوڵا بوون، سندووقی گـران و چەندان دەفر، تەل و گرێی ئاڵۆزیان تێدا بـوون، پاترییـەكـان بۆنی ئـەسـیـدیان لێ دەهات، وەك پاتریی ناو ئۆتۆمـۆبێـل نەبوو. شـوێنێك بۆ سـێـتی ڕادیۆ لە ژێرزەویـن یان لە گـەراج بوو، چونكە ئەوەندە شیاو نەبوو بیـهێنیتـە ژووری دانیشتن و لەسـەر مـافـوور یان مێزێك دای بنێی. تا ئەو كاتەی پاترییە مـەترسـیدارەكـان گـۆڕان و بەسێتێكی ڕادیۆیی لە ساڵانی بیستەكان كە دەكرا بە تەزوویكی AC 110 ڤۆلتی لە ڕێگەی پلاكێكیشەوە كاری پێ بكرێ و لە دیوار ببەسـترێت، ڕادیۆ هەر لە گەراج دادەنرا. وەرگرەكان بە پارە گران بوون و ئاڵۆز بـوون لە كـارپێكردندا، چونكە چوار قـۆناخـیـان هەبوو دەبووایە پێكرا پێ بكرێت بۆ ئەوەی سـیگنـاڵەكـان و دەنگەكـان بەباشی بگـەنە گـوێ، دوای ئەوەش لە شـوێنە دوورەكـان

سـیگنالیـان بۆ مـاوەیـەکی درێژ نەدەهێنا، چونکە سـیگناڵەکـە لـە یەک فـریکوێنسـیـیـەوە دەگوێزرایەوە بۆ یەکێکی تر.

بەهێـدفۆن تـەنیـا یەک کـەس دەیتـوانی لە یەک جـاردا گـوێ بگرێت. یەکەم، بڵندگۆکـان کەمتر بوون لە هێدفۆن کە لە کۆتاییدا دەبەسترا. هیچ بەرنامەیەک نەبوو گوێی لێ بگرێ.

ڕادیۆ نەبووبوو بە بەشـێک لە ژیانی ڕۆژانەی کەسێکی ئاسایی. ڕەنگە لەبەرئەوە بێت کە خەڵک هـەرگیز گوێی لێ نەبووبێت. کێ دەیزانی یان بڕوای دەکرد بازاڕێکی گەورە بۆ بازاڕ هـەبێت؟ وەرگـرەکـانی ڕادیۆ، ئامێرگـەلێکی بێ لەزەتـی پڕ لە تەل و کـانزا بوون، خـەڵکی ئەو شتانەیان لە مـاڵەوە ڕانەدەگرت، هـەرچەندە تا ئەو کاتە ئامێری فۆنۆگراف وەک کەلوپەلێکی ناومـاڵ یان پیانۆیەک مـاڵی کـران، بەڵام چەند سەدەیەکی پێ چوو. شتێکی سەرنجدار بوو سـەیری ڕابـردووی ڕادیۆت کـردبا، بتزانـیبـا چی بووە، ئێـسـتـە بهـێنییـە بـەرچاوت چی لێ دەرچـووە. کـــاتێ نـەتەوە یـەکگرتـووەکـــان لە ســـاڵی ١٩١٧ چـووە ناو شـــەڕی یەکـــەمـی جیـهـانییـەوە، هێـزی دەریایی دەسـتی بەسـەر پیـشـەسـازیی تەلدار داگرت. شـانبـەشـانی تەلەگراف، تەلەفۆن و سـیـسـتـمە کێبڵـییـەکانی ناو دەریادا. لـەبەرئەوەی هـەندێ جار هێـزی دەریایی دەیـەویست بۆ چـەندان کـەشـتی بە یـەک جـار پەیام بنێـرێ بێ ئەوەی مـەتـرسـیی هـەبێت لە وەڵامدانەوە، چونکە وەڵامێکی هەڵە یان نەبوونی، دەبێتە هۆی گۆڕینی ئاراستەی کەشـتییەکە، یەکێک پەیدا بوو وشـەی وەشـانی بەکار هێنا بـۆ وەسفکردنی ئەو پەیامـەی کە دەچووە ناو چەندان وەرگر بێ ئەوەی داوای وەڵامدانەوە بکات. ئەمـە دەسپێکێکی باش بوو بۆ زۆربەی فاکتەرە گرینگەکانی میدیای سەدەی بیست، گـەشـەیەکی تەقێنەری یەک سـەرەی گەیاندن بوو.

## فیلمەکان لەدایک دەبن

ستیڤان سپیلبێرگ پێیانی دەگوت "بەهێزترین چەک لە جیهاندا." لە سـەرانسـەری جیهاندا، فیلـمـەکان ئەو هـەسـتـەیان لای زۆربەی خـەڵک دروست کرد کە ئەوانی تر ژیانێکی باشـتر لە ژیانی ئـەمـان بـەسـەر دەبەن، بۆیە خـەڵکی هۆشـیـار بوونەوە کە ئەمـە بۆ هـەندێک باش و بۆ هـەندێکیش دڵتـەنگ، باشترین چـارەسـەرە بۆ باشـترکردنی ژیانی خـۆیان، گرینگ نییـە ژیان باشترکردن هـەرچی بووێت.

وێنە جـووڵاوەکـان، جـووڵەی فۆتۆگرافی، گرینگترین دیاردەی کولتووری ئەو سـەدەیەیە، داهێنانێک بوو کـاریگەرییەکەی لە ڕووی سیاسی و بە دڵنیـاییـشـەوە لە ڕووی کولتوورییەوە وەک بۆمـبـێکی ئەتـۆمی وابوو. ئەگـەر جیـهـان بێ بەش بووایە لە وێنەی جـووڵاو، ژیان بۆ

زۆربەمان ژیانێکی کەم زانیاری و ناخۆش دەبوو.

ڕۆژنامـەی ئەمـەریکی تـەنیا لەلایەن ئینگلیـزەکانەوە دەخـوێندرایەوە، ڕادیۆی ئەمـەریکی تەنیا ئەو کەسـانە گوێیان لە ڕادیۆی ئەمـەریکایی دەگرت کە بە ئینگلیزی قسەیان دەکرد. بەڵام فـیلمی ئەمـەریکی شـتـێکی نێـودەوڵەتی بوو باڵی بەسـەر هەمـوو تەمـەن و زمـانە جیاوازەکاندا کێشا، یان نەتەوە و داوونەریتە جیاوازەکان. تەنانەت نەتەوەی سوماتران کە نەیاندەزانی بشنووسن دەیانتوانی لە مانای وێنە جووڵاوەکان بگەن، هەروەها دەیانتوانی ئەو شتانەی لە ناو وێنەکاندا دەردەکەون خۆشیان بوێن، ڕقیان لێیان بێتەوە یان ئاشنایان بن.

## فیلمەکان وەک ئالیەتێکی گەیاندن

چەند ڕوونکردنەوەیەک لەبارەی وێنەی جووڵاوەوە لە مێژوودا خۆیان قووت دەکەنەوە:

* هەروەک زۆربەی ئالیەتەکانی تری گەیاندن، هیچ تاکە کەسێک بە تەنیا وێنەی جووڵاوی دانەهێنا. تەکنۆلۆجیای وێنەی جووڵاو بە زنجیرەیەک هەنگاوی بچووک دەستی پێ کرد. زۆرجار تۆماس ئەدیسۆن بەداهێنەری دادەنرێت، بەڵام ئەو کەمتر لەوانی تر پێوەندیی بەو داهێنانەوە هەیە.
* هیچ بەڵگەیەک نییە کە کەسێک بەتەنیا دەستی هەبووبێت لە بەرەوپێشبردنی ئەم بیرۆکەیەدا  یان زانیـێتی لە داهاتوو چەندە گرینگ دەبێت و ئەمەی لێ دەردەچێت: ئالییەتێک بۆ گێڕانەوەی چیرۆک کە بە ملیار خەڵک لە جیهان دڵخۆش دەکات و دەورووژێنێت.
* خەڵک بەگشتی ڕۆڵێکی گرینگیان گێڕا لە سەر هەڵدانی فیلم بەشێوەی ئێستایدا. چونکە فیلمەکان هەم لایەنی هونەرییان هەیە و هەمیش لایەنی بازرگانی. بە فرۆشتنی تکیتەکان، خەڵک کاریان لە بەرەوپێشەوە چوونی کرد.
* وەک هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، وێنەی جووڵاو پێوەندیی ڕاستەوخۆی کردووە بە کەسانی ترەوە. ئەو کاتەی لە سەیرکردنی فیلمێک سەرف دەکرێت، کاتێکە لە شتەکانی تر بە دووری، لەگەڵ دوورکەوتنەوەت لە چالاکییە ڕاستەوخۆکان لەگەڵ ئەندامانی خێزان و دۆستەکانت.
* فیلم برێتییە لە زانیاری، پێکهاتەیەکی پڕ لە زانیاریی ئەم سەردەمەی ئێمەیە.
* بەتێپەڕینی کات، خەڵکێکی زۆرتر فیلم لە هەموو بوارێکدا دروست دەکەن. بەرهەمهێنان

و دابەشکردن لامەرکەزییەتیان بەخۆوە بینی کە هەرگیز وا نەبووە. ئەمڕۆکە وێنەی جوولاو نەک هەر تەنیا بەهۆی ناوەڕۆکییەوە یارمەتیی جیهان دەدات بەرەو ڕێگەی دیموکراسی، بگرە بەهۆی ئەو واقیعەشی کە فیلمەکان لە دەستی گەلێک کەسدان.

* وێنە جوولاوەکان بوونەتە هێزێک بۆ شکاندنی بەربەستگەلی ڕەگەزپەرستانە، ئاینی و نەتەوەی. یارمەتیمان دەدەن بیر و هۆشمان لەمەڕ گیرگرفتە ناوخۆییەکان فراوانتر بکەینەوە بۆ دید و بۆچوونەکانی دەرەوەی خۆشمان.

* وێنە جوولاوەکان ناکرێ بە تەنیا و دوورەپەرێز ڕەوچاو بکرێن. کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە یەکجار زۆر بووە.

هیچ هێزێکی کولتووریی لەم جۆرە نییە، بێ ئۆپۆزیسیۆن بێت. هەر لە سەرەتاوە، زۆربەی فیلمسازەکان نەیاری خۆیان هەبووە. چاکسازیخوازەکانی سەربە چینی مامناوەند، کە هێرشیان کردە سەر ئەو چینەی کرێکارانەی کە دەیانخواردەوە، لەبەرئەوە بوو، سەیری ئەو فیلمانەیان دەکرد کە تکیتەکەیان بە پێنج سەنت بوو. پیاوانی ئاینی توانییان چەند شانۆیەکی فیلم دابخەن. سانسۆری جۆراوجۆری شار، دەوڵەت و نەتەوە ڕەگیان داکوتا. سیستمی ئەمڕۆی فیلمی هۆلیوود خۆی سانسۆرە بەسەر فیلمەکانەوە، بۆ ئەوەی سانسۆرەکانی دەرەوە دوور بخاتەوە.

## چۆن فیلم دەستی پێ کرد

تەکنۆلۆجیای جووڵاندنی وێنەکان سێ ڕەگی هەیە کە دەگەڕێنەوە بۆ پێش چەند سەدەیەک. کیمیای فیلم ئێستەش ڕەگی خۆی هەیە لە ناو فۆتۆگرافی. دوو ڕەگەکەی تر بریتین لە پرۆجێکشن projection واتە نیشاندانی وێنە لەسەر دیوار) کە بنەڕەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ژووری سیحری و هەڵگێڕانەوەی وێنەکان، کە وەک بووکەشووشە دەستی پێ کرد و پشتی بەو شتە دەبەست کە پێی دەگوترێت بەردەوامیی وێنەکان. لێرەدا، لەبەرئەوەی بەچرکەیەک تروکاندنی چاو یان نەبوونی تەرکیز وێنەکەت لە کیس دەچێت، چونکە زنجیرەیەک وێنەی جێگیرە بەخێرایی لە دوو یەک نیشان دەدرێن کە دواجار وەک فیلمێک وایە.

لیلان ستانفۆردی حاکمی پێشووی کالیفۆرنیا و دامەزرێنەری زانکۆی ستانفۆرد، گرەوی لەگەڵ هاوڕێیەکی کرد لەسەر ئەوەی ئاخۆ ئەسپ لە کاتی غارداندا هەر چوار پێی بەرز دەکاتەوە یان بەردەوام قاچێکی یان دووانی لەسەر زەوییە. ویستی کۆمەڵە وێنەیەکی ئەسپێک لە کاتی غارغارێندا بگرێت. بۆ ئەم مەبەستە ئیدوارد موبریجی فۆتۆگرافەری پرۆفێشنالی بە کرێ گرت، کە پاش دانانی زنجیرەیەک کامێرا کە ٢٤ چوار کامێرا بوو بە

درێژاییی گۆڕەپانی پێشبڕکێی ئەسپ. لە ئەنجامدا لە ساڵی ۱۸۷۸دا زنجیرەیەک وێنەی گرت، کە بەخێرایی لە دوای یەکترەوە وەک فیلمێک دەهاتنە بەرچاو. (ستانفۆرد گرەوەکە بردەوە، هەر چوار قاچی ئەسپەکە لەسەر زەوی بوون لە یەک کاتدا.)

موبریج بەردەوام بوو لە تاقیکردنەوەکانی بەهۆی وێنە گرتنی جووڵەی چەندان ئاژەڵی جۆراوجۆر. کارەکەی لە پاریس لە ۱۸۸۱ نیشان دا، لەوێ فیزیاناسێکی هاوڕێی بینی بە ناوی ئیتن جولز ماری، کە توێژینەوەی لەسەر جووڵەی ئاژەڵان دەکرد، بەتایبەتی باڵی باڵندەکان. ئەو چاوپێکەوتنە وای لە ماری کرد هەنگاوێک بچێتە پێشەوە لە داهێنانی وێنەی جووڵاودا. لە جیاتی بەکارهێنانی کامێرایەکی زۆر، وەک ئەوەی موبریج کردبووی، ماری کامێرایەکی دروست کرد کە دەیتوانی زنجیرەیەک وێنە بگرێت لەسەر یەک پلێت و پێویستیی بە ئەو هەموو شتە نەبوو، چونکە لەگەڵ لێکدانی باڵەکان تێکەڵاو دەبوو.

## ئەدیسۆن فەرمان بەداهێنانێک دەدات

خێرا داهێنەران لە گەلێ وڵاتدا ئاستەنگە میکانیکییەکانیان چارەسەر دەکرد کە دەهاتنە بەردەم وێنە جووڵاوەکان. لە ناویاندا ولیەم فریس گرین بوو لە ئینگلتەرا و هەردوو برا لویس و ئۆگەست لە فرنسا. لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا، تۆماس ئەدیسۆن هاوکارەکەی بە ناوی دیکسۆن ڕاسپارد بۆ دروستکردنی سیستمی وێنەی جووڵاو، لەسەر بنچینەی داهێانی فۆتۆگرافی فەرنسی کە لەلایەن مارییەوە دروست کرا.

ئەدیسۆن لە بنەڕەتەوە بیری لە وێنە جووڵاوەکان دەکردەوە، وەک شتێک لەگەڵ دەنگ دەرکەوێت لە ژووری فۆنۆگرافییەکەیدا. کارکردن لە تاقیگەی ئەدیسۆن لە نیو جێرسی، بەو شریتە فیلمییانەی کە لەلایەن جۆرج ئیستمان دروست کرابوون بۆ کامێرا کۆداکەکەی، دیکسۆن لە ساڵانی ۱۸۹۱ و ۱۸۹۲ کامێرای جووڵاو و لوولەی فیلمی داهێنا، کە ٥٠ پێ فیلمی بە ماوەی ۳۰ چرکە بەکار دەخست. ئامێرێکی شێوەی سلیندەر، لێوارەکانی فیلمەکەی ڕادەستی هاوێنەکان دەکرد بە جووڵەیەکی کۆنترۆڵکراو و ڕێک وەک تیکەی میلی سەعات. ئەم پرۆسەیە وێنەکانی بەخێرایی پیشان دەدا، هەر جارە و بینەرێک دەیتوانی سەیری بکات.

دیکسۆن ستۆدیۆیەکی دانا کە توانای سوود وەرگرتنی هەبوو لە ڕووناکیی خۆر کە لە پەنجەرەیەکی بنمیچەکە دەهاتە ژوورەوە. دەستی کرد بەفیلم دروستکردن، زۆربەیان کاری ئاژەڵی ڕاهێنراو بوون، یارییە بەجۆشەکانی سێرک و تا دوایی، هەریەکەیان بە کورتی لە ستۆدیۆ پێشکێش دەکران.

له ماوەیەکی کورتدا، لوولە فیلمەکان لە سەرانسەری وڵات بڵاو دەکرانەوە، ئەوەندە بەخێرایی کە گەیشتنە لای ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەدیسۆن کۆ دەبوونەوە. چوونە ناو ژووری ئەو فیلمانە دوای ژوورە سەرکەوتووەکەی ئەدیسۆن بۆ فۆنۆگرافی، جیاوازییەکە ئەوە بوو کە ئازادانە دانیان بە کارەکەی ئەدیسۆندا نەدەهێنا. موشتەرییەکان بۆ چوونە ژوورەوە ٢٥ سەنتیان دەدا، بەو پارەیە تکێتەکیان وەردەگرت و بە خێرایی سەیری ناو پێنج ئامێریان دەکرد. بە مۆتۆڕە کارەباییەکە دەستیان پێ دەکرد، لە کونەکەوە سەیریان دەکرد و، لەوێ سیحرەکەیان دەبینێ. بینەر سەیری سندووقێکی دەکرد بۆ ئەوەی چوارچێوەکانی فیلمەکە ببینێت کە پێیدا تێ دەپەڕی.

## پرۆجێکشنی (نیشاندانی) وێنەی جووڵاو

هێشتا نەگەیشتبووە پرۆجێکشنی وێنەی جووڵاو. ئەمەیان زۆر خێرا هات پێش، بەڵام یەکەم جار لە ئەمەریکا نەبوو. دیکسۆنی داهێنەر ئامێری تەماشاکردن لە کونەوەی دروست کرد mutoscope، بە زنجیرەیەک کارت کە بە دەسکێکەوە گیرا بوون، سوودێک بوو بۆ ئەو کوڕانەی دەیانتوانی ئاکشنەکە تا ئاستێکی جێگیر هێواش بکەنەوە کاتێ فیلمی لیتل ئیجیپت سەمای هوچی کوچی، پێشکێش کرد. دیکسۆن میتۆسکۆپێکی جیاوازی دروست کرد لە فیلمەکەی پێشتری بۆ ئەوەی لەگەڵ کارەکەی ئەدیسۆن داهێنانەکە تەواو بکات. ئەم میتۆسکۆپانە ئێستەش هەندێ جار لە باڵەخانە کۆنەکاندا دەبینرێن.

لە فەرنسا، برایانی لومێر (واتە لویس و ئۆگەست) کە خاوەنی کارگەی بەرهەمی فۆتۆگرافی بوون، کینتۆسکۆپێکیان بینی لە پاریس و ئیتر بۆی دانیشتن بۆ باشترکردنی. ئەم کارەیان بەهۆی سیناماتۆگراف ئەنجام دا، واتە کامێرایەکی تێکەڵ بە پرینتەری فیلم و پرۆجێکتەر. بۆ ئەوەی شوێنی مۆتۆڕە کارەباییەکەی ئەدیسۆن بگرنەوە، لومێرەکان ئامێرێکی بچووکیان دروست کرد بۆ ئەوەی بتوانن بیبەنە هەر شوێنێک بیانەوێت فیلمی لێ دروست بکەن. کینترۆگرافە گەورەکەی ئەدیسۆن داوای لە پێشکێشکەران دەکرد لە ستۆدیۆ بەدیار کەون. لەو شوێنەی فیلمەکانی ئەدیسۆن دیمەنێکی سەکۆکەی نیشان دەدا، فیلمەکانی لومێر وەک دیمەنێک بوون لە پەنجەرەوە لێی بڕوانێ. وێڕای ئەمەش، لومێرەکان توانیان فیلمەکانیان لەسەر سکرین بۆ بینەر نیشان بدەن، بەڵام کینتۆسکۆپی ئەدیسۆن هەر جارە و یەک بینەر دەیتوانی سەیری بکات.

یەکەم فیلمیان، لەسەر ئەو کرێکارانەی کارگەکانیان جێ دەهێشت، لە ئاداری ١٨٩٥ دروست کرا و لە پێشانگەیەکی تایبەت نیشان درا. لە ٢٨ دیسێمبەری ١٨٩٥، لومێرەکان

یەکەم وێنە جووڵاوەکانیان نیشان دا لە بەردەم بینەرێک (کە پارە هاتبوون) لە ژێرزەوینی کافتریایەکی فرنسا. لە بەرامبەر یەک فرانک، بینەران بەرنامەیەکی بیست خولەکییان دەبینی کە لە دە فیلم پێک هاتبوو، لەگەڵ پیانۆیەک و هەندێ قسە لەلایەن باوکای لومێرەوە. تاکە دەنگێکی تر دەهاتە بەرگوێ وسپەوسی بینەر بوو. لە هەموو کاتێکدا، خەڵکی لە دەرەوەی کافتریاکە نۆرەیان گرتبوو بۆ ئەوەی سەیری فیلم بکەن. بەم شێوەیە فیلمەکان لەدایک بوون.

ڕۆژنامەیەکی بەجۆشی پاریسی بڵاوی کردەوە " لەگەڵ ئەم داهێنانە نوێیەدا، مردنی چی تر شتێکی ڕەها نییە، تەنیا کۆتاییە. ئەو خەڵکەی لەسەر سکرین بینران لەگەڵ ئێمە دەبن، دوای مردنیان دەجووڵێن و هەر زیندوون." دوو مانگ پاشتر، فیلمە نیشاندراوەکان لە لەندەن نیشان درانەوە. دوو مانگی تری پێ چوو، لە نیۆیۆرک پێشکێش کرانەوە.

## فیلمە نیشاندراوەکان دێنە ئەمەریکا

بینەرەکانیان هەر تەنیا لە زەنگین و چینی مامناوەند نەبوون، بگرە زۆربەیان لە چینی هەژار بوون. هۆڵەکانی مۆزیک، هەردەم مۆزیکی ڤۆدڤێلیان لێ دەدا، زۆرجار بە خەڵکی چینی مامناوەند پڕ دەبوونەوە، بەڵام هەموو ئەندامێکی چینی مامناوەند نەدەچوونە سەیری هیچ جۆرە شانۆیەک. هەستێکی قووڵی ئەو شتەی پێی دەگوترێت ئەخلاقی چینی مامناوەند، لەسەر بنچینەی باوەڕە ئاینییەکان و ئەو داوونەریتانەی لە سەردەمی شاژنە ڤیکتۆریا بوو کە زۆربەی ئەمەریکییەکانی دوور خستبووەوە لە شانۆ.

خەڵکی هەژار نەیاندەتوانی پلیتی هۆڵی مۆزیک بکڕن، کە دواتر ئەکتەر، گۆرانیبێژ، سەماکەر، جەگلار (ئەو کەسەی کۆمەڵێک شت فڕێ دەداتە ئاسمان و وەک سوورێک دەیانگرێتەوە) و سەگە ڕاهێنراوەکان کارەکانیان لێ پێشکێش دەکرد. بۆ خۆشیی شەوانیش، هەژاران، جگە لە بۆنەیەکی تایبەت، تەنیا بۆ پیاسەکردن پارەیان هەبوو.

خاوەنەکانی هۆڵی ڤۆدڤێل، ژووری فۆنۆگراف و کینتۆسکۆپەکان پێشبینییان کرد کە ئەو موشتەرییانەی بە پەرۆشەوە ئەو پارەیەی بە دەستیان دێنا، خەرجیان دەکرد بۆ ئەوەی وێنەیەکی جووڵاو ببینن لە ناو سندووقێک ڕەنگە پارەی زیاتریش خەرج بکەن، ئەگەر وێنەکان لەسەر سکرینێکی گەورە نیشان بدرێن. ئەو وانەبێژانەی قسەکانیان لەسەر سلاید نیشان دەدا بەوەیان زانی کە وێنە جووڵاوەکانیش بەمجۆرە نیشان بدرێن و سەرنجی خەڵکێکی زۆر ڕابکێشێن. بەهەر جۆرێک بێت، ئەو پرۆسانە پێویستیان بە پرۆجێکتەر هەبوو، بیانکڕن یانیش کۆپی لەبەر بگرنەوە. لە شارەکاندا، دووکان، چێشتخانەکان،

هۆڵەکانی سەماکردنیان دەکردە خانووی ڤۆدڤێل، یانیش ژوورێکیان چاک دەکرد، چەند کورسییەکی داریان لە پێشەوە ڕیز دەکرد لە بەردەم سکرینەکە، کە ڕەنگە شتێک زیاتر بووبێت لە دیوارێکی سپی. برایانی وارنەر کورسییان بەکرێ دەگرت کە پێویست بوون بۆ تازیە و سەیرکردنی فیلمەکان. پرۆجێکتەرەکان فیکە و هۆڕیای بینەریان نەهێشت، بەڵام کێشەیەکی گەورەتر برێتی بوو لەوەی کە جۆری فیلمەکان باش نەبوو. بینەر زوو بێزار بوو لە نیشاندانی ناسافیی وێنەی سەماکەران و ئەکتەرەکانی تر.

## فیلمە سەرەتاییەکان

مێژووی وێنە جووڵاوەکان لەگەڵ ژیانی ڕاستەقینە دەستی پێ کرد. یەکەم سلاید بۆ ناو خەیاڵ پێش تەواوبوونی سەدەکە گەیشت، ئەویش لەلایەن فرانسیس دوبلەری فرەنسییەوە بوو. زنجیرەیەک سەرباز، تەقەکردن و کەشتیی شەڕی تێکەڵ کرد لەگەڵ تەلاری دادوەریی فرنسا و پیاوێکی قژ خۆڵەمێشی، ناوی لەمە نا فیلمی قەزیەی درافوس، ئەو سکاندەلە سیاسی و سەربازییە بەناوبانگەی کە فرنسای هەژاند. بای ١,٩٨ دۆلار کەرستە، دوو فۆتۆگرافەر لە لووتکەی شەڕی ئەمەریکا و ئیسپانیا نوسخەیەکی شەڕی سانتیاگۆ بێیان دروست کرد. پەتیان بەکار هێنا، کەشتییان بەناو ئاودا ڕادەکێشا کە یەک ئینج قووڵ بوو، بە بەردەمی کامێراکەدا دەچوو کاتێ تەقەیەک دەکرا، خۆبەخشێکیش لە دەرەوەی کامێراکە دووکەڵی جگەرەی بەسەردا دەکرد.

یەکەم فیلمەکانی لومێر و ئەدیسۆن ڕاستی بوون، دیمەنەکانی ژیانی ڕاستەقینە بوون: خەڵکی لە ناو پارک، کرێکارەکان لە کاتی جێهێشتنی کارگەکانیان، پیاوێک فلوت دەژەنێت، منداڵێک شیری پێ دەدرێت، مارشێکی سەربازی. بەڵام بینەر بێزار و ماندوو بوو لە سەیرکردنی ئەم شتانە. ڕەنگە وێنە جووڵاوەکان وەک هەر داهێنانێکی تر کۆتاییان پێ هاتبا. ئەوەی جیاوازییەکەی دروست کرد برێتی بوو لە خەیاڵ. فیلمە دۆکیومێنتەرییەکان زیاتر ڕێزیان دەگیرا نەک سەیر بکرێن. سامویل گۆلدنی بەرهەمهێنەر دەڵێت " ئەگەر پەیامێکت هەبوو، لە ڕێگەی وێسترن یونیەن بینێرە." مایەی سەرسڕمانە هۆلیوود بەکارگەی خەونەکان ناسراوە.

## شۆڕشی چوارەم

# خۆشی

### ئاسوودەیی گشتی

ڕۆژە خۆشەکانی ڕابردوو هەرگیز بەو شێوەیە خۆش نەبوونە، جگە لە چەند ڕۆژێکی بەختەوەر. بۆ بەرزکردنەوەی شەڕانگێزیی نۆستالوجیا لەو شتەی کە بەڕاستی وجوودی هەیە نەک هەر تەنیا ژیانێکی زەحمەت و ڕاڕا بۆ زۆربەی خەڵک ئاشکرا دەکات، بگرە ئەخلاقییەتێکی گشتی کە زۆر جیاواز نییە لەوەی خۆمان جگە لە پلەی ڕێگە پێدان نەبێت. پێنی پرێسی سەردەمی ڤیکتۆری ئەمەریکی لاپەڕەکانی بە سکاندەل پڕ دەکردەوە. چینی کرێکار بە کەیف و خۆشی ڕایان دەبوارد. لە خانووەکانی ڤۆدڤیل و تەنانەت لەو کۆنسێرتە بە هەرا و هۆسەکانیش کە لە ناو ساڵۆنەکاندا ساز دەکران. خۆشییە پڕ لە تاوانەکانی دەوڵەمەندان هەندێ جار وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەیکەن، خۆیان ئاشکرا دەکەن، بەڵام لەلایەکی ترەوە زەنگینەکان ڕایان دەبوارد لە ڕێگەی بەشداریکردن لە ئۆپێرا، شانۆکان، سەماکردن و ئێوارەخوانی تایبەتی، ئەو شتانەی کە ئەمڕۆکەش دەوڵەمەندان هەر سازی دەکەن.

شۆڕشی پیشەسازیی سەدەی نۆزدە لە ئەمەریکا خەڵکی لە گوند و شارۆکەکان هێنایە شارەکان، بۆ ئەوەی لە شارەکان کارێکی مووچەدار بدۆزنەوە. زۆرجار نەگبەت بوون، مووچەی جگە لە جووتیاری لە چارەگی کۆتاییی سەدەکە بەرز بووەوە لە کاتێکدا خەرجی گوزەران لە دابەزیندا بوو. ساتەکانی کارکردن کەم کرانەوە. شتێکی ئاسایی بوو بۆ کرێکاران ئێوارەی شەمان پشوو وەربگرن لەگەڵ ڕۆژانی یەکشەمە. فیکرەی پشووەکانی هاوین سنوری خێزانە دەوڵەمەندەکانیشی دەرباز کرد.

هەژاری لە گەڕەکە میللییەکان و بن کەپر و ڕەشماڵەکان زۆر بە باشی دۆکیمێنت کرا. زۆر کەمتر شت لەبارەی خۆشیی ژیانی گشتی دەگوترا. ئەو خەڵکانەی لە ناو کوخەکاندا دەژیان ڕیزیان بەستا بوو لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی شاردا، بچووبانە هەر شوێنێکی تر ژیانیان هەڵنەدەسووڕا. لە سەرەتای هەمان سەدەدا، لامپای کارەباییی شەوی لە گۆشەی شەقامەکاندا ڕووناک کردەوە و ڕووناکیی ڕەنگاوڕەنگ دووکان و کافتریاکانی درەوشاندەوە و یارمەتیی سەلامەتبوونی شەقامەکانی دا کە پێشتر هەر لە سێبەری ڕووناکییە گازەکاندا تاریک و ترسهێنەر بوون. خۆشیی پیاسەیەکی شەوان، زۆر بەڵگە نییە لە گەڕەکە دەوڵەمەند و مامناوەندەکانی ئەمەریکا، هێشتا هەر لە گەڕەکە هەژارەکانی شارەکانماندا و بەتایبەتی لە شارەکانی جیهانی سێیەمدا هەبوو، لەوێ ژیان قسەی کۆمەڵایەتی و سوالفەکردنی تێدا نەبوو لە ماڵێکی ئاسایی ئەمەریکیدا، هەروەها هەڵاتن لە شوێنی قەرەباڵغ یان لە تەنیاییدا لەلای ئەو خێزانانە زۆر بوو.

ڕووناکیی گڵۆپەکان نیشانەی ئەوە بوو کە ڕۆژی کارکردن بەسەر چوو و کاتی ڕابواردن و خۆشی هاتووە.

کارەبا وای لە خەڵکی کرد نەک تەنیا شەوان لە دەرەوە هەست بەسەلامەتی بکەن، بەڵکو ژیانیان لە شەوان خۆشتر، ئاسانتر و هەرزانتر بوو لە جاران. سیستمی ئەو موەلیدانەی کە چرا کارەباییەکانی شەقامەکانیان بە شەو ڕووناک دەکردەوە وای لە پیاسەکەران کرد لە ناو شار و گەڕەکەکانیدا بسووڕێنەوە. لەسەر شەقامەکاندا، شتێکی نوێی هاتە کایەوە پێی دەگوترا ڕیزە دووکان.

لە بەستنەوەی بازرگانیی شار بە قەزا و ناحیەکاندا، ئۆتۆمۆبێلی کارەبایی ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو و زیاتر گەشەی بە بازرگانی دا، هەروەها وای لە خەڵکی کرد بچنە ناوەڕاستی شار، شت بکڕن و لەوێشەوە بچنە قەزاکان بۆ ئاسوودەیی و خۆشی.

بۆ ماوەی چەند سەدەیەک، پێشانگەی لۆکاڵ و فیستیڤاڵی ئاینی خەڵکی لە یەکتر نێزیک کردەوە، بۆ ئەوەی پێکەوە ئاسوودە بن و خۆشی ببینن. ئێستە پێشانگە نیشتمانییەکان و زنجیرە پێشانگە لە جیهاندا، لە ئەمەریکا لەگەڵ پێشانگەی سەدەیی فلادەلفیا لە ساڵی ١٨٧٦ دەستی پێ کرد، کارێکی خۆشی و شادیبەخش بوو. پێشانگەکان وەک سەنتەرەکانی زانیاری لەبارەی جیهانی نوێی پیشەسازییەوە دەستیان پێ کرد، بەڵام خێرا بوونە شوێنی خۆشی و ئاسوودەیی خەڵک. پارکەکان دروست کران بۆ یارییە نوێیەکانی وەک بەیسبۆل و چەند شارێکی یاریی وەک کۆنی ئایلاندی نیویۆرک.

## پارە لە هەژارانەوە

داهاتی لە سەرەتادا فیلمە نیشاندراوەکان لە هۆڵەکانی میۆزیکەوە سەرچاوەی نەگرتبوو، هەرچەندە لە سەرانسەری وڵاتدا ئەو شانۆیانە تەنیا بۆ چینی مامناوەند و بەرز بوون کە دواتر گۆڕان و بوون بەشوێنی فیلم پێشاندان. پارە لە گیرفانی هەژاران دەردەهێنرا لە شارەکاندا، زۆربەیان لە گەڕەکە قەرەباڵغە میللییەکاندا دەژیان و لە کارگە ساردوسڕ و تاریک و پڕ مەترسییەکاندا کاریان دەکرد، کە چەندان سەعات کاریان دەکرد و مووچەشیان زۆر کەم بوو. یان لە ماڵەوە بە گرێبەست کاریان دەکرد و مووچەیان کەمتریش بوو لە کارگەکان.

بێگومان هەژارەکان لە بەر دەستکورتی ئاسوودەیی و خۆشییان نەدەبینی، بەڵام بۆ شانۆ خۆیان دەگۆڕی و دەچوون. بەڵام ئەگەر ڕۆژانە دۆلارێکت هەبووایە، ڕەنگە حەزت کردبا لە شەوانی شەمان پێنج سەنتت سەرف کردبایە لە ناو خەڵکێکی زۆر شاد بووبای. ئامێرێک هەبوو بۆ تێستکردنی بەهرەت یان هێزت، ئەم ئامێرەت بەیەک پێنی بەکار دەهێنا . دەتتوانی بەیەک پێنی گوێ لە موزیکێکی فۆنۆگرافی بگریت. دەتتوانی بەیەک پێنی سەیری وێنە جووڵاوەکان بکەیت، یان باشتر لەوەش لەگەڵ هاوڕێ و دراوسێکانت لە ژوورێک دانیشتبای بەپێنج سەنت سەیری بەرنامەی فیلمەکانت کردبا کە لەسەر دیوار بە پرۆجێکتەر نیشان دەدران. لیۆد مۆریس زۆر دەمێک نییە ئەمەی خوارەوە نووسیوە:

لە گەڕەکە میللییەکانی شارە گەورەکانی ڕۆهەڵات و ناوەڕاستی ڕۆئاوادا ژمارەیەکی زۆر پەنابەر هەبوون. زۆربەیان زمانی ئینگلیزییان نەدەزانی، نەیاندەتوانی ڕۆژنامە، کۆوار یان کتێب بخوێننەوە. بەڵام لە ڕێگەی وێنەکانەوە بەئاسانی لە ماناکان دەگەیشتن. بۆ دڵخۆشکردن و ئاسوودەکردنی ئەوانیش، پێویستیان بەزمانێکی نوێ نەبوو. کارێکیان کرد نەخوێندەواری و نەریتەکانی ئەمەریکایان لە چوارچێوەی شەرم هێنایە دەرەوە، بازنەی بکوژی تەنیایی و گۆشەگیرییان لە کۆمەڵگە شکاند. دانیشتووانی ژێر ڕەشماڵەکان، کرێکارەکان لە دووکانە گەرمەکاندا، دەیانتوانی کەمێک لەو کەشوهەوا نالەبارەی خۆیان دوور بکەنەوە هەوایەک هەڵمژن، بەپێی گیرفانی خۆیان پارە سەرف بکەن بۆ خۆشی. سەیرکردنی وێنە جووڵاوەکان بەیەک پێنی بازاڕی گەرم بوو، وەک ئاژانسێک بۆ زانیاری و فۆرمێکی هەرزانی خۆشی و چێژ وەرگرتن. لە بچووکە لادێییەکاندا، خەڵکی لەلایەن ڕێبەرێکەوە بەناو شاردا دەگێڕدران و چاویان بەخەڵکی دیکە دەکەوت. دەزگایەکی گشتی بۆ ئەم کارە بوو بەکارێکی گەورە، هەروەها بوو بەئالیەتێکی کۆمەڵایەتی بۆ بینینی هێزە

نەژمێردراوەکانی ناو کۆمەڵگە.

کاتێ شۆڕشی پیشەسازی بەهێز بوو، نەک هەر تەنیا زانیارییەکی زۆر بگرە خۆشییەکی زۆریشی بەخـەڵکی بەخـشی. سـوپاس بۆ هێڵـەکانی کۆکـردنەوەی خـەڵک و تەکنۆلۆجـیا، خـەڵکی ئیـتر توانیـیان کـامـێرا بکڕن و وێنەی یەکتـر و بۆنەی سـاڵانەی یەکتـر بگرن. ڤیکترۆلایان لە ژووری دانیشتن دادەنا. کۆوار و ڕۆمـانیان کڕی. لـە سەدەی نوێدا، هەفتەی جارێک دەچوونە پێشانگەی وێنە. هەندێکیـان دەگەڕان بەدوای یارییە پێنج سـەنتییەکان. پیشەسـازیی ئاسوودەیی و خۆشی بەخشین گەشەی کرد، هەستی بەوە کرد دەبێ خۆشیی خەڵک تێر بکات، ئەمەش بەچوارەم شۆڕش دادەنرێت لە جیهاندا.

## ڕۆژنامە چێژ بەخشەکان

ساناترە ڕۆژنامە بەناوەندێک بزانین بۆ گەیاندنی زانیاری ئەگەر درکمان بەوە کرد ڕۆژنامە بۆ هەتا هەتایە نەبووە، بۆیە بەردەوام لە گەشەکردندایە. باپیرە گەورەمان زۆر بەزەحمەتی خشـتەی بەیانیـان دەزانیێ. ئەوەی پێی وایە خوێنەرانـی ڕۆژنامـە وازیان لە ڕۆژنامـە هێنا و بوونـە بینەری تـەلەڤــزیۆن دەبێ وا دابنێن کــە ڕۆژنامــەکــان هەر لـەبەر هـەمــان هـۆ لە سەردەمێکدا قەدەخە کراون. لە ١٩١٠دا، ماکس ویبەری کۆمەڵناس دەپرسێت:

کاریگەری ڕۆژنامـە چییە لەسەر جۆری خوێندنەوەی عادەتەکانی مرۆڤـی مۆدێرن؟ لەسەر ئەم پرسـیارە چەندان جۆرە تیۆر داڕێژران. هەروەها مشتومڕ هەبوو لەسەر ئەو ڕایەی کە ڕۆژنامە جێگەی کتێب دەگرێتەوە.

هـەموو خوێنەرانی ڕۆژنامە و بێگومان هـەموو بینەرانی تەلەڤزیۆنیش زۆر گوێ نادەنە ئەو ڕاپۆرتەی لەسـەر ڕووداوەکانی ژیانیان ئامادە دەکرێت، ئەو ڕاپۆرتانە هەندێ جار پێیـان دەگـوترێت "هـەواڵی ڕاسـتـەقینە". ڕۆژنامـە و تـەلەڤزیۆن جـۆرە جـەمـاوەرێکیـان هـەیە زۆر پێــوەست نین بـەو هـەواڵە ڕاســتــەقـینانەوە . ئەو خــوێنەرانەی ڕۆژنامــە زۆرتر ســەیری مـانشـێتـەکـانی لاپەڕەی یەکـەمی ڕۆژنامـەکـان دەکـەن و ئیـتر خێـرا دەچنە سـەر نەرمـە هەواڵەکان (هەواڵە خۆشەکان)، ئەمە خۆشترین چێشتی ئەوانە، زۆر حەزیان لەو لاپەڕانەیە کە مەتەڵ، کەلووەکان، بەسەرهاتەکانیان تێدایە. هەروەها هەواڵە وەرزشییەکانیش هەردەم دەچوونە ڕیزی نەرمـە هـەواڵەکان و خـەڵکی زۆر حـەزیان لەو بوارە بوو بەتایبـەتی گۆڵەکان. دواتر بەرنامـەکانی تەلەڤزیۆن، لیـستی فیلمـەکـان، شـوێنی بەقـالەکان، زانـیاری لەبارەی مـۆلـەکـانیش هـاتنە ناو ڕۆژنـامـەوە. بۆ ئەم خـوێندنـەوانە، ڕۆژنامـە هـەبوو کـە دەهـاتە بەر دەرگـەکەت. سـەبارەت بە هـەواڵە ڕاسـتـەقینەکـانیش، بابـەتە جدییـەکـان زۆربەی جـار لە

تەنیشت قسە و قسەڵۆک و شتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، سکاندەل و ڕووداوی پۆلیس دادەنران. ڕۆژنامە لۆکالەکان بەتەنیا لەسەر هەواڵە جدییەکانی ڕۆژانە نەدەژیان. خەڵک بە گشتی بابەتی بەچێژیان خۆشی دەویست، بۆیە وەک ئەم سەردەمەی ئێستە ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکان پڕ بوو لەو جۆرە شتانە.

## زیادکردنی ڕەنگ

لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا، ڕەنگ بەدیار کەوت، بەڵام ستوونە ڕەش و سپییەکان لە ناو ڕۆژنامە هەر هەبوون. ئەو لایەنەی ڕۆژنامەی مۆدێرن، شتە خۆشەکانی یەکشەمە، زیاد کرا کاتێ پێشڤەچوونی چاپی ڕەنگاوڕەنگ وای لە ویلیەم ڕاندۆلف هێرست کرد پاشکۆیەکی کۆمیدی لە ساڵی ١٨٩٦ چاپ بکات. ڕەنگە کۆمیدییەکان دەستیان پێ کرد کاتێ بڕیار درا مەرەکەبی زەرد بەکار هێنرا بۆ جلێکی زۆر سەیر کە کرابوو بەر کوڕێکی کارتۆنیی کۆمیدی، ئەم کۆمیدییە بەناوی هۆگان ئالی بوو. ئەم ڕێچکەیە یەکسەر بڵاو بووەوە و دواتر ناسرا بەمنداڵە زەردەکە. لەوەش زیاتر، جۆری هەواڵی هەستیار لەو ڕۆژنامانەی هێرست و پولتیزەر بڵاو دەکرانەوە کە نازناوێکیان لەگەڵدا بوو ناسراو بوون بە ڕۆژنامەوانیی زەرد. دەستەواژەیەکی ناحەز و ڕووشکێن خرایە سەر ئەو پارچە کۆمیدییە، هەر ئەمەش وەستاندی. سەبارەت بەڕەنگە کۆمیدییەکان، ئەو کاتە هەموو شتە کۆمیدییەکانی یەکشەمە بە چەندان ڕەنگی جۆراوجۆری تۆخ چاپ دەکران. کتێبە کۆمیدییەکان ڕێچکەی کۆوارەکانیان گرت.

نیویۆرک وێڵدە دوو سەنت باوییەکەی پولیتزار ڕۆژانە ١,٥ ملیۆن تیراژی بوو، ئەمەش یەکەم ڕۆژنامەی جەماوەریی ئەمەریکا بوو. بەپێچەوانەی زۆربەی ڕۆژنامەکانی سەردەمی خۆی، ڕۆژنامە وێڵد World لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لیبرال بوو. چەندان ڕاپۆرتە هەواڵی گەرمی تێدا بوو (مانشێتەکانی وەک "خۆشەویستانی لیتیل لۆتا" و "بە دیانکردن بە خوێن")، داپۆیشنی هەواڵ. زۆربوونی فرۆش وای کرد پەیامنێر "نیلی بلی" (کە ناوی ڕاستی خۆی ئیلیزابێس کۆچرێن بوو) بنێرن بۆ خانەی شێتان وەک نەخۆشێک بۆ ئەوەی ڕاپۆرت دروست بکات، هەروەها لە ١٨٨٩دا ئەو پەیامنێرە نێردرا بۆ سەرانسەری جیهان بەکەشتی، شەمەندەفەر، ئەسپ و بەلەم بۆ ئەوەی پێوانەی گەشتە خەیاڵییەکەی فینیس فۆگ بۆ هەموو جیهان بە هەشتا ڕۆژ بشکێنێت. نێزیکەی یەک ملیۆن خوێنەر گرەویان کرد لە مەزندەکردنی ئەوەی چەند ڕۆژی پێ دەچێت. نیلی بلی بە ٧٢ ڕۆژ هەموو جیهانی کرد.

## کۆوار خەڵکی بەش بەش کرد

کۆوار ڕێگەی خۆش کرد بۆ ڤیدیۆ کاسێت، ڕادیۆی دوای شەڕ تەلەڤزیۆنی کێبڵی بەهۆی ئەو شتانەی پێشکێشی خوێنەرانی دەکرد: ئەو شتانەی دەیانویست وردتر لە ڕابردوو پێشکێشی دەکردن. ئێستەش بە ملیۆنان کەس خوێنەری کۆوارن، بەڵام بەهەزاران کۆواری تایبەت بەبوارێک تەنیا بەهەزاران خوێنەریان هەیە. بۆ نموونە، کۆواری بازرگانی بە ناوی پیزا و پاستا، کۆواری بەکاربەر بەناوی لیڤینگ ویز تینەیجەرس. دووکانی ڤیدیۆ کاسێت موشتەرییەکانی بەش بەش دەکرد کاتێ تەنیا ئەو شتەی بەکرێ دەدا کە داوای لەسەر بوو لە شەوانی یەکشەمە بۆ ئەو موشتەرییەی کە جارێک چووەتە ناوەڕاستی بیجۆ، کە هەرگیز سڵی لە کرێیەکەی نەدەکردەوە. وێستگەکانی ڕادیۆ و کێبلی کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن ئیختیاری زۆر زیاتر دەخەنە بەر دەست بینەر.

بەهەموو شێوەیەک، وەرگرانی ڕادیۆ میدیا زیاتر بەکار دێنن، بەڵام ئەزموونی میدیایی کەمتر لەگەڵ ئەو کەسانە ئاڵوگۆڕ دەکەن کە دەیانناسن. کۆواری "زە گلۆبەل ڤیلیجس" زیاتر بەتاوەری بابل دەچێت. لە نێو کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا، زیاتر کۆوار بەش بەش بوو.

### سەرەتاکانی کۆلۆنیالەیی ئینگلیزی (ویلایەتەکانی ئەمەریکا لە ژێر دەستی ئینگلیزدا بوو)

لە ئینگلتەرای لە سەرەتای سەدەی هەژدەدا، کۆوار لە ڕۆژنامە لەدایک بوو، ڕۆژنامەش لە سەرەتای سەدەی پێشوودا لە هەواڵنامە و نامیلکەکان لەدایک بوو. بڵاوکەرەوەی یەکەم کۆواری هەفتانە بەناوی "زە ڕیڤیو"، لە کاتی بڵاوکراوەکاندا، یان ئەوەتا هێشتا لە ژوورەوە بوو یانیش لە دەروازەی هاتنە دەرەوەی زیندان بوو. ئەمە دانیال دێفۆ بوو، هێشتا ڕۆبنسن کرۆسۆی نەنووسی بوو."زە ڕیڤیو" خێرا تاتلەر و سپێکتەیتەری بەدوادا هات، بە وتاری زۆر باش چاپ دەکران کە تا ئێستەش دەخوێندرێنەوە.

دوای ئەمانە لە ئینگلتەرا، یەکەم کۆوارەکانی ئەمەریکا، لەلایەن بێنجامین فرانکلین و پرینتەرە ڕکابەرەکەی لە فلادەلفیا بەناوی ئاندرو برادفۆرد چاپ دەکران، لە ساڵی ١٧٤١ دەرکەوت. زۆربەی ئەو کۆوارە سەرەتاییانە چەند ژمارەیەکی کەمیان لێ دەرچوو لەبەر نەبوونی پارەی تەواو بۆ مانەوەیان، نەبوونی ئامرازیی گواستنەوە، ئامێری خراپی چاپکردن. بەپێچەوانەی ڕۆژنامەکان، سیستمی پۆستە هیچ خزمەتی دابەشکردنی کۆواری نەکرد، مەسەلەکە ئەوە نەبوو گەیاندنی کۆوار نرخی گرانتر بوو، بگرە لە هەندێ شوێندا دابەشی نەدەکرد لەبەرئەوەی بار بەگرینگتر و لە پێشتر دادەنرا لە کۆوار.

لانی کـەم یەک بڵاوکەری مـاسـەشوسـتـەس چەندان جـار داوای کرد دار، پەنیـر، بەراز، دانەوێڵە و بەرهەمی تر بدات لە جیاتی پارە.

نووسـیـار داوا لە هـەمـوو ئەوانە دەکـات کـە پارەی بـۆ ڕۆژنامـە و کـۆوارەقـەرزەدارن، تا قەرزەکەیان بدەنەوە، کەرە لە جیاتی بڕێکی کەمی پارە دەدرا، ئەگەر بە چەند ڕۆژێک هاتبا.

بەشێک لەو کێشـەیەی بڵاوکەرەوەکانی کۆوار تووشی دەبوون نـەبوونی شـاباش و پشت بەستن بوو بەتیـراژەکـەیان بۆ ژیان. کـێـشـەیەکی تر نرخی ئابوونەی سـاڵانە بـوو. نرخی کۆوارێک لە سـاڵانی پێش شۆڕشی ئەمەریکادا هێندەی کرێی چوار پێنج ڕۆژی کرێکارێکی کێڵگە بۆ لە سـاڵانی دوای شـۆڕشـیش زۆرتری لەسـەر دەکەوت. کۆوار بۆ هـەژار نەبوو، بۆ کەسێک بوو کە پارەی هەبووایە.

ڕۆژنامەیەکی ئەمەریکی کرێکار، ئارەقی لێ دەچۆڕاوە، سەرقاڵ و کراسـەکەی هەڵکرابوو بۆ کار، بەڵام کۆواری ئەمەریکی خانەوادە، جدی، سۆزداری و بڕواپێکەر بوو.

کۆوارە سـەرەتاییـەکانی ئەمـەریکا، هەفتانە، مـانگانە و وەرزییـانە چاپ دەکران. ئەمـانە وەک قەبارەی ڕیدەرس دایجێستی ئەمڕۆیە، لە ٦٤ لاپەڕە پێک هـاتبوون، پتر لەسـەر کاغەزی ڕەق و زبر بەقـەبارەی ئەمڕۆ چاپ دەکران. ئەو وێنە ڕوونکردنەوانەی بەکار دەهـاتن لەسـەر تەخـتـە دارێک چـاپ دەکران، هـەرچەندە کـۆوارە دەوڵەمـەندەکـان سـتـیل یان لەسـەر مس دەیاننەخشاند، بەتایبەتی ئەگەر بڵاوکەرەوە خۆی نەخشێنەر بووایە. تێچووی تاکە پلێتێکی نەخـشـێنراو بـەقـەد تێـچـووی ناوەڕۆکی بـڵاوکـراوەیەک دەبـوو. هـەرچـەندە کـۆوارە ئەمـەریکییـەکان لاساییی هاوشـانە ئەوروپی بەتایبەتی بەریتـانیاییـەکانیـان دەکردەوە، بۆ نموونە کۆواری نیو وێڵد New World گەلێک توخمی پێویستی کەم بوون بۆ باشـترکردنی ناوەڕۆکی کۆوارەکە، بەتایبـەتی هونەرمەندی لێهـاتوو و چاپێکی باش. لە ئەنجامـدا، ئەوەی لە دەرگەی بڵاوکەرەوە دەهاتە دەرەوە زۆرجار ستایلەکەی زۆر ڕێک نەبوو.

## پلێیجیەریزم باو بوو

(پلێیجیەریزم plagiarism: دزینی نووسین یان فیکرەی کەسێکی تر)

کۆوارە سـەرەتاییە ئەمەریکاییەکان زیاتر قەرزباری مقەستی نووسیاران بوون تا قەڵەمی نووسەران. زۆرجار ناوەڕۆکی نامیلکەیەک، کتێبێک، وتارەکانی ڕۆژنامـە، شیعر، نووسین و شتە خـەیاڵییـەکان لە کۆواری ترەوە وەردەگیران، بەتایبـەتی لە کۆوارە ئینگلیـزییـەکان. پلێیجیەریزم نەک هـەر تەنیا باو بوو، بگرە دوو سـەدە پێشـتر شـتێکی یاسـایی بوو، چونکە پێیـان وا بوو دووبارە بڵاوکـردنەوەی لە شـوێنێکی تر زانیـارییـەکـە زیاتر بڵاو دەبێـتـەوە.

دیارترین وتار و بڵاوکراوەی ئەو سەردەمە زوو یان درەنگ لە کۆوارە ئەمەریکاییەکاندا دووبارە بڵاودەکرانەوە. لە زۆربەی مێژوویدا، کۆوار نووسینی ئەدەبیی دەخستە بەر دیدی خوێنەرانی، چونکە نەیاندەتوانی کتێب بکڕن. ڕاستت دەویّ، بڵاوکەرەوەیەکی کتێب دوودڵ لە بڵاو کردنەوەی بەرهەمی نووسەرێک ئەگەر پێشتر لە ڕێگەی کۆوارەکانەوە شوێنی خۆی لە دڵی خوێنەراندا نەکردبایەوە. بەرهەمەکەی مافی کۆپیکردنی پارێزراو نەبوو، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، پێوەست نەبوو بەسەرچاوەی بنەڕەتی. بەڵام لە سەدەی نۆزدەدا، کۆوارەکان کاری نووسەرانیان چاپ دەکرد، پێیان دەگوترا کۆوارنووسەکان، کە تەنیا بۆ کۆوار دەیاننووسی.

فراوانبوونی ئەمەریکای نویّ لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، هاوکات بوو لەگەڵ فراوانبوونی ژمارەی هەموو جۆرە کۆوارێکی ئەمەریکی. لەو کاتەی پێنی پرێس پەیدا بوو، کۆواری گشتیی مانگانە هەبوون، هەفتانەی ئەدەبی، بۆچوونی وەرزی، کۆواری تایبەت بۆ ئافرەتان، کۆواری ئاینی و ئەو کۆوارانە هەبوون کە جەختیان دەکردەوە لەسەر هەرێمێکی دیاریکراوی وڵاتەکە. گەلیّ لە ڕۆژنامەکانی یەکشەمان لە ڕاستیدا چاپی یەکشەمەی ڕۆژنامەی ڕۆژانە نەبوون، بگرە کۆواری جیاجیا بوون. پاشکۆکانی یەکشەمان لە ڕۆژنامە ڕۆژانەکانی شارە گەورەکاندا، بەتایبەتی نیویۆرک تایمز، لەسەر ئەو ڕێچکەیە بەردەوام بوو.

یەکەم کۆوار کە بازاڕی گەرم بوو، ئەو کۆوارە بوو کە تەختەی داری بەکار دەهێنا بۆ وێنە ڕوونکردنەوەییەکان. کۆواری پێنی لەبارەی کۆمەڵگە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی بەسوود لە ١٨٣٢ بۆ ١٨٤٥ لە ئینگلتەرا بڵاو کرایەوە. بۆ هونەرمەندان و کرێکارە خوێندەوارەکان دەنووسرا، ئامانجی سەرەکیی برێتی بوو لە پێشڤەبردنی ئەقڵ و هەڵسوکەوتیان.

بە ناوبانگترین کۆواری ئافرەتان ناوی لەیدی بووک Lady Book بوو، لە ئەمەریکا لەلایەن پیاوێک بەناوی (لویس جودی)یەوە بڵاو دەکرایەوە، کە بۆچوونەکانی لەسەر ئافرەتان و یەکسانی و ڕەگەزی یەکسان هەرگیز پێشتر کەس خۆی لە قەرەیان نەدابوو. سەرنووسەرەکەی ناوی سارا جۆیلن هییل بوو بۆ ماوەی ٤١ ساڵ. تیراژی برێتی بوو لە ١٥٠ هەزار دانە، ئەمە بۆ ئەم کۆوارە تیراژێکی یەکجار بەرز بوو. ئەم کۆوارە تێکەڵەیەک بوو لە کورتە چیرۆک، شیعر، وتار، هەروەها ئامۆژگاری لەسەر بابەتی گرینگ، زۆر بڵاو دەکرایەوە بۆ نەهێشتنی بەهەڵە تێگەیشتن و چۆنیەتیی نەهێشتنی توندوتیژی. لەگەڵ ئەوەشدا، چەند لاپەڕەیەکیان جیّ دەهێشت بۆ ئەو ئافرەتانەی کە بەهرەی ئەدەبییان هەیە

تاکو دەرفەتیان هەبێت ڕای خۆیان بڵاو بکەنەوە. لە نێو ئەو ئافرەتانەدا هاریت بیچەر ستۆو بوو، کە دواتر ئانکڵ تۆبس کابینی نووسی. ئەوانەی بەشدارییان دەکرد لەو کۆوارە بریتی بوون لە یمەرسۆن، لۆنگفێلو، هۆڵمز، هاوسۆرن، پۆو و لیستێکی درێژی نووسەرە ئەمەریکاییەکان. دواجار، کۆواری لەیدی بووک کەوتە دواوەی کۆواری تر کە ناوبانگیان زیاتر دەکرد. کۆوارێکی تر هاتە شوێنی ئەو کە ئەمەیان سێیەم کۆوار بوو لەو سەردەمە، ئەویش ناوی کۆواری ئارگۆسی Argosy بوو. بڵاوکرانەوە و پاشان ڕاوەستانی ئەم کۆوارانە و ناوبانگ دەرکردن و دواتر کەوتنیان بووە بەشێک لە مێژووی کۆواری ئەمەریکی.

لە ١٩٠٠، لانی کەم ٥٠ کۆواری نەتەوەییی دەردەچوون کە تیراژی هەریەکەیان لە سەرووی ١٠٠ هەزار دانە بوو، لە کۆوارە مانگانە جۆر باشەکان و گرانەکانەوە بگرە وەک سێنچری و هارپەرس کە تایبەتی ڕۆشنبیران بوون تا دەگاتە هەفتانە هەرزانەکان کە پڕ دەکرانەوە بەبابەتی خەیاڵی، ڕۆمانسی و سۆزداری، هەروەها سوپاس بۆ تەکنۆلۆجیای نوێ، لەگەڵ چەندان وێنەی جۆراوجۆر.

## کۆوارە پێنج، دە سەنت باوییەکان

بڵاوکەرەوە فرانک مونسی تیراژی کۆوارە جەماوەرییەکانی زیاد کرد بەهۆی فرۆشتنیان بەنرخێکی کەمتر لە تێچووی چاپکردنیان، هەر دانەی بە پێنج یان دە سەنت دەفرۆشت، بەڵام قازانجی لە شاباشەکان دەکرد. بەئەنجامدانی ئەم کارەش، بازاڕی خوێنەری زۆر گەرمتر کرد کە پێشتر زۆر پشتگوێ خرابوو.

کۆواری هەرزان ڕێچکەی بڵاوکەرەوەکانی گۆڕی لە جەختکردنە سەر بابەتەکان، لە بنەڕەتدا، زیاتر جەختیان لەسەر کۆپیی سەروتار دەکردەوە. لەگەڵ هاتنی هاوکاریی شاباشەکان، ئاراستە گۆڕا و زیاتر گرووپی بەکاربەرییان تێ خست. قازانج لە ڕووی بەرزبوونەوەی نرخی بڵاوکردنەوە لە قەبارەی زۆرەوە پەیدا بوو، بەتایبەتی لە نێو ئەو خوێنەرانەی کە داوای پرۆفایلێکی تایبەتیان دەکرد بۆ شاباشەکانیان.

تەنانەت نموونە هەیە لە سەدەی دوازدەش کە کۆوار لیستی تیراژی خۆی بەئابوونەدارە کۆنەکان سەرف دەکرد، چونکە پێیان وا بوو ئەوان کەمتر لە شاباشەکان پارە سەرف دەکەن. خۆشی لە خوێندنەوەی هەندێ کۆوار دەبووایە بخرێتە بەرچاو.

چەندە مایەی سەرنج بووە کە ئەم ناوەندەی ڕاگەیاندن لە چاو هەموو ناوەندەکانی تر کە بەباشترین بژاری گەیاندن دادەنرا، کەچی ڕەتی دەکاتەوە کە لەلایەن کەسێکەوە بژاری کرابێت و سەرنجڕاکێش بووبێت.

## خۆشی لەسەر پلیتێک

هەر نەتەوەیەک، هەر هۆزێک مۆزیکی خۆی دروست کردووە. ئاوازەکانی، گۆرانییەکانی، ئامێرە مۆزیکەکانی دروست کردووە و لە ڕەگی کولتووری خۆیەوە هەڵقوولاوە. بۆیە مۆزیک لە ڕوحی گەلانەوە پەیدا بوو، بەلایانەوە گرینگتر بوو لە هەر کارێکی تر. هاوڕێ، خێزان و دراوسێکان خۆشییان لە یەکتری وەردەگرت لە ڕێگەی چڕینی گۆرانی و پەنجەژەنیارەکان.

ئەمڕۆ، تەکنۆلۆجیا مۆزارتمان پێ دەناسێنێت و دواترین گۆرانیی پۆپ بەگوێماندا دەچرپێنێت، ئەمانە سیفەتە جیهانییەکانی ژەنینی موزیکیان پەرش کردووەتەوە بەجۆرێک وەک بڵێی ئێمە خۆمان دروستیان دەکەین. بەپێچەوانەی سەردەمەی باو و باپیرانمان، نەریتی گۆرانی گوتن یان خوێندنەوە بۆ یەکتری لە یاسایەک زیاتر بێ وێنەترە. بۆچی هەوڵ هەیە بۆ سازان کاتێ ئەوانەی پێش ئێمە زۆر لە ئێمە باشتریان کردووە و ئێمەش دەتوانین بە ڕوونی گوێیان لێ بگرین؟ ئێمە هەڵوەستەیەک ناکەین بۆ ڕەچاوکردنی ئاکامێکی نائەنقەست لە گوێگرتن لە باربرا ستریساند، بەڵام گوێ لە خوشکمان ناگرین، ئەمە دۆڕاندن و لەدەستدانی پێوەندیی خێزانییە. سەدەیەک لەمەوبەر:

ماڵ سیفەتێکی بزری هەیە. خۆشییە گشتییەکان خێرا و بەرێژەیەکی زۆر زیاد دەکەن، بەڵام خۆشی بە تەنیا و تایبەتی کەم دەبێتەوە و زەحمەت دەبێت، تەنانەت توانای وەرگرتنی ئەو خۆشییانە بێ هێز و وشکە.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێکمان ئەو ڕێگەیەی ژیان دەگرینە بەر، کاتێ جۆرە مۆزیکێکی جیاوازمان هەبێت لە مۆزیکی سەدەیەک پێش ئێستە. بێگومان، خۆشییەکانی سەردەمی کۆن بەتەواوی پستگوێ نەخراون. ئێستەش پیانۆ و گیتاری سەردەمی کۆن هەر دەژنرێت. گۆرانی میللی و کیبۆردی ئەلیکترۆنی لە ئاهەنگەکاندا بەکار دەهێنرێن.

شانبەشانی داهێنانی دەستەخوشکەکەی، تەلەفۆن و فۆنۆگراف (بۆ یەکەم جار لەوەتەی مرۆڤ دەستی بە قسەکردن کردووە)، دەنگیان گەیاندە ئەو شوێنە دوورانەی کە خەڵک دەبووایە تەنیا بەهاوارکردن بیگاتێ. ئێستە خەڵکی هەر هەوڵ بۆ ئەوە نادات هزرەکانی خۆی بنووسێتەوە، بگرە هەوڵ بۆ ئەوەش دەدەن کە ستایل و ئاوازی قسەکردنیان بڵاو بکەنەوە و ناوبانگی پێ دەربکەن. دەنگ و کار گرینگن لە مێژووی سەدەی بیستدا، کە لەسەر دیسک و تەسجیل تۆمار دەکران. بێگومان دەنگە تۆمارکراوەکانمان لە فیلم و ڕاپۆرتە هەواڵەکانی سەر تەلەڤزیۆن گوێ لێ دەبێت.

سەدەیەک زیاتر لەمەوبەر فۆنۆگراف، بەقسەی ماکلوهان، دیوارەکانی موزیکی بەتەواوی

شکاندووە. فۆنۆگراف یەکەم ناوەند بوو بۆ هێنانی چێژی بیستراو بۆ ناو ماڵەکان، ئامێرێکی خۆشیی گەیاندن، وەک پیانۆ، بوو بەبەشێک لە کەلوپەلی ناوماڵ بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی ژووری دانیشتن. نەوەیەک دواتر ئامێرێکی تری خۆشسی گەیاندن، ڕادیۆ، لە ماڵە پێوەندیی بە پیانۆ کرد، ئەویش وەک کەلوپەلێکی پێویستی چێژ بەخشست ناوماڵ وا بوو. نەوەیەکی تر کەلوپەلێکی تری داهێنا ئەویش سێتی تەلەڤزیۆن بوو. ئەو ئامێرە ستیل، پلاستیک و شووشانەی کە دەهێنرانە ناوماڵ لە شوێنی تریش دانران و دروست کران. کاتێ ستیریۆ گەیشتە لووتکە، ئەوانەی دەیانتوانی گرانترین ستیریۆ بکڕن حەزیان دەکرد خۆیان لە ناو ئەو ئامێرانەدا ببیننەوە کە خۆیان حەزیان لێیە. سیستمە ستیریۆ هەرزانەکان لەگەڵ کەلوپەلی ناوماڵ تێکەڵ دەکران.

## دەسپێکی موزیکی تۆمارکراو

لە ١٨٠٧دا، پیاوێکی ئینگلیزی بەناوی تۆماس یەنگ، ژێیەکانی دەنگی بەهۆی شریتەکانی فۆتۆگراف دۆزییەوە لەسەر سلیندەرێکی ڕەشی دووکەڵدار. پیاوێکی فرنسی بەناوی لیۆن سکۆت، لە ساڵی ١٨٥٧ هەنگاوێکی زیاتری هاویشت بەهۆی فۆنۆتۆگراف کە دەنگە ژێیەکانی لەسەر هەمان ئامێری فۆنۆگرافەکە لێک جیا کردەوە. داهێنەر و شاعیری فرنسی چارلس کرۆس، ئامێرێکی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەنگی دیزاین کرد بەڵام دروستی نەکرد. کرۆس خشتەی ئامێرێکی دانا دەیتوانی گفتوگۆ بەرهەم بهێنێتەوە بۆ ئەوەی کەرەکان بتوانن بیخوێننەوە. لە هەمان ساڵدا، ١٨٧٧، کرۆس نەیدەتوانی مافی دروستکردنی ئەم ئامێرە بکڕێتەوە، فیکرەکەی لەسەر دوو لاپەڕە نووسی و لە پاریس لە نێو زەرفێک بۆ ئەکادیمیای زانستیی جێ هێشت . ئەمەریکاییەک بە ناوی تۆماس ئەدیسۆن ئامێرەکەی بەتەواوی دروست کرد. ئاشکرایە کە کرۆس و ئەدیسۆن پێکەوە توانییان ئامێرێکی دەنگ تۆمارکردن دروست بکەن، ساڵێک پاشتر دوو داهێنەری تر، ئەلیسەندەر گراهام بێڵ و ئیلیشیل گرێی، دیزاینی ئامێری وەشانکردنی دەنگیان دانا و لە هەمان ڕۆژیشدا داوایەکیان پێشکێش کرد بۆ دروستکردنی.

ئەدیسۆن خولیای ئەوە بوو ڕێژەی گواستنەوەی زانیاریی پەیامەکانی تەلەگراف خێراتر بکات، بۆیە فیکرەی تۆمارکردنی دەنگی بۆ هات، کاتێ گوێی لە دەنگ و گڤە نارێکەکانی دیسکی تەلەگراف گرت بە خێراییەکی زۆر دروست دەبوون. ئامێرێکی بەکار هێنا کە دای هێنابوو بۆ تۆمارکردنی خەت و خاڵەکان، کە دیسکێکیشی تێدا بوو، لەسەر ئەم دیسکەش پارچە کاغەزێکی جانا بە شەمێی پارافین پێچایەوە. ڕۆژێک تێبینی کرد کە کاتێ دیسکەکە

به خێرایییەکی یەکسان دەسووڕێتەوە، نۆتێکی مۆزیکی پەیدا دەکات. وەک تاقیکردنەوەیەک، پارچە کاغەزێکی نوێی دانا لە ناو ئامێرەکە و کاتێ چووە ناو دیسکەکە، هاواری کرد "ئۆووووووووو." کاتێ دیسان کاغەزەکەی نارده دواوە، زۆر بەسافی گوێی لە دەنگی خۆی بوو. ئەدیسۆن خۆی بەم شێوەیە وەسفی ئەو شتانە دەکات کە دوای ئەمە ڕوویان دا:

من بووکەشووشەیەکم دروست کرد کە ڕەحەتییەکی تێدا بوو (لەگەڵ دیسکێکی لەرینەوە). ژێیەکی موزیک. بەسترا بووەوە بەپیاوێک، لە کاغەزی سووک دروست کرابوو، مشاری داربڕینەوەی پێ بوو. کاتێ یەکێک ئەم گۆرانییەی "ماری بەرخێکی بچووکی هەیە" بەنێو ڕەحەتییەکەدا چڕی، پیاوە کاغەزاوییەکە دەستی کرد بە داربڕینەوە. بۆیە گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر بتوانم ڕێگەیەک بدۆزمەوە بۆ تۆمارکردنی جووڵەکانی لەرینەوەکان، دەتوانم تۆمارکەرێک دروست بکەم کە جووڵە بنەڕەتییەکان بەرهەم بهێنێتەوە کاتێ دەنگی گۆرانیبێژەکە لە ناو دیسکەکە دەلەرێتەوە، بەم شێوەیە دەنگی مرۆڤ تۆمار دەکرێت.

ئەدیسۆن بەردەوام بوو. یەکەم تێستی لەسەر چەند وشەیەک بوو " ماری بەرخێکی بچووکی هەیە. خورییەکەی وەک بەفر سپی بوو." ئەم وشانە بۆ یەکەم جار تۆمار کران.

## هیچ شتێک حەزی لێ ناکات

ئەدیسۆن فۆنۆگرافی بەرەو پێش برد و هەندێ پێشاندانی ئەنجام دا بەڵام، درکی بە سنووره بازرگانییەکانی پارچە ئەلەمنیۆمەکە کرد کە شت تۆمار دەکا بەڕووشاندن و قسە بەدەنگی بەرز کە هەموو شتێکی تۆمار دەکرد بەڵام گوێت لە هیچ نەدەبوو، ماوەیەک وازی لێ هێنا و کاری لەسەر داهێنانێکی تر کرد ئەویش ڕووناکیی کارەبا بوو، کە دوو ساڵ پاشتر دای هێنا. لە دانی مۆڵەت بە ئەدیسۆن لە ساڵی ١٨٧٧دا بۆ دروستکردنی ئامێرێکی قسەکردن، ئۆفیسی مۆڵەتدانی ئەمەریکا هیچ بەڵگەیەکی پێشینەی لەسەر هیچ شتێک نەدۆزییەوە کە بەداهێنانەکەی ئەو بچێت، ئەم شتێکی نائاسایی بوو لە مێژووی مۆڵەتداندا.

پێشڤەبردنی سلیندەری لە شەمێی ڕەق دروستکراو دەیەیەک دواتر خولیای ئەدیسۆنی وەدی هێنا. دوای دیراسەکردنی بازاڕ، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئامێرێکی قسەکەر دەتوانێت هاوکاریی بیرۆکەکەی بکات. دەیتوانی کتێب تۆمار بکات بۆ کوێرەکان. هەروەها دەتوانرا فۆنۆگرافی سادە دروست بکرێت. بووکەشووشەیەکی قسەکەری هێنا پێش چاوی خۆی لەگەڵ سندووقی موزیک. فۆنۆگراف دەیتوانی دوا وشەکانی ئەندامانی خێزان تۆمار بکات لە کاتی سەرەمەرگیاندا. هەروەها، ئەو کەسانەی کە تەلەفۆنی ئەلیکسەندەر گراهام

بێ‌ڵـیـان نەبوو دەیانتـوانـی پەیامـێک تۆمـار بکەن بەدەنگی خـۆیان، دواتر بیـبـەن بۆ وێستگەیەکی تەلەفۆن. لەوەش وردتر، پێشبینیی کرد وەک پاراستنی تۆمارەکان، پارێزەری قسەکان، وەک سەرچاوەیەکیش بۆ مۆزیک، داهێنەر یەکەم جار بیری لەوە نەکردبووەوە کە خەڵکی گشتی زیاتر حەز بەمۆزیکی تۆمارکراو دەکەن.

لەو کاتەدا، ئەلیکسـەندەر گراهام بێڵ و هـاوکارەکـانی ئامێرێکی باشتری قسـەکردنیان دروست کرد، کە پێیـان دەگوت گرافۆفۆن graphophone. پێشـبڕکێیـەک توند بوو کـاتێ ئەدیسـۆن لە ١٨٨٧ و ٣٣،١٨٨٨ مـۆڵەتی وەرگـرت بۆ باشـتـرکـردن و بـەرەوپێش بـردنی فۆنۆگراف. ئەدیسـۆن جـۆرێکی نوێی مـایکرۆفۆنیشی دروست کرد بۆ گـۆڕینی لەرینەوەی هـەوا بۆ نێو لەرینەوەی کـارەبایی. سلیندەرێکی فۆنۆگراف لەرەکانی بۆ ڕووشاندن دەگۆڕی وەک تۆمـارێکی بەردەوام، بەڵام لـەم خـاڵەدا فـۆنۆگـرافـەکـە تەکنۆلۆجـیـایەک بوو لە گـەڕان بەدوای شتێکی بازرگانی کە شایەنی ئەنجامدان بێت.

سـاڵی پاشـتـر، ١٨٧٨، دوو سـتـێنۆگـرافـەر stenographer لە دادگـەی باڵادا ڕازی بوون لەسـەر ئەوەی کە فۆنۆگراف دەتوانرێت وەک ئـالیەتێکی پشکنین بـەکار بـهێنرێت. مۆڵەتیـان لە ئەدیسـۆن وەرگـرت بۆ فـرۆشـتـنی ئامـێـرەکـە لە مـاریلاند و واشنتـۆن دی سی. بەڵام، سنووری نیـو خـولەکی دەنگی ڕووشـێنراو وەک ئالیـەتێکی بازرگـانی بێ کـەڵک بوو. ئەو وانەبێژانەی کە فۆنۆگرافیـان بەکار دەهێنا زۆر بێ ئومێد بووبوون کاتێ داهێنانەکە وردە وردە کـاریگـەریی خـۆی لای خـەڵکی لەدەست دا. سـتـێنۆگرافـەرەکان ناویان لە کـۆمـپـانیـا نوێیـەکە نا کۆمپانیای فۆنۆگرافیـی کۆڵۆمبیا. دواجار بوو بە CBS، سیستمی وەشاندنی کۆڵۆمبیا.

شـتێکی کـاریگـەرتر چاوەڕێی فۆنۆگرافی دەکرد کاتێ سـەدەیادی شـۆڕشی فرنسـای لە پاریس ساز کرا لەگەڵ پێشانگەیەکی گەورە. تاوەری ئیـفڵ گوتسـاڤ سیمبولی پێشکەوتن و تەکنـۆلۆجـیـا بوو. ئەدیسـۆن زەریای ئەتڵـەسی بڕی بە داهێنانە هـەرە باشـەکـەی، لەگـەڵ ڕووناکیـی کـارەبا و تەلەفـۆن، کـە بۆ ئەم دووانە زۆر شـتـی پێک شکێش کـرد. سـەبارەت بە فۆنۆگراف، کابینەی گوێگرتنی دروست کرد. لێرە هـەست و مانای دەربڕی:

خـەڵک بەپەرۆشـەوە نۆرەیان گرتبـوو بۆ کـابینـەی گـوێگرتن. فـۆنۆگرافـەکـان لەسـەر مـێز دانرابوون، لەگەڵ یەکێک بۆ گۆڕینی سلیندەرەکان، لەگەڵ شتێک بە گوێتەوە دەنرا و لەسـەر هـەر مـێزێک یەکێک دەچوو گوێی دەگرت. ئەو کـەسـانەی کە نۆرەیان گرتبوو زۆر سـەرسـام بوون بە ڕووی ئەوانەی لە ناو کابینەکە گوێیان دەگرت، نـەیاندەتوانی دەربڕین و تەقینەوەی ئەو ئەفسانەیە وەها بەئاسانی شی بکەنەوە و تێ بگەن.

## ژووری فۆنۆگرافەکان

یەکەم پاداشت بە پارە لە ژوورە ئۆتۆماتیکە فۆنۆگرافییەکانەوە هات کە لە هەموو دووکانەکانی ولاتدا بڵاو بووەوە. ئەمە بۆ یەکەم جار داوا زیادی کرد بۆ تۆمارە فۆنۆگرافییەکان. مارش و مۆزیک زۆر بەناوبانگ بوون. مۆڵەت بەشەکانیش پێنج سەنتی خۆیان دەدا و گوێیان لە گۆرانی، فیکە و سۆلۆی ئامێرەکان دەگرت لەگەڵ قسە تۆمارکراوەکان بە لەهجەی سەرنجڕاکێش. یەکەم ژووری فۆنۆگرافی، ڕووناک بوو و بە موکێتیش ڕازابووەوە، هەر یەکێک بە لایدا تێپەڕ بووایە دانی پێدا دەنا کە شتێکی نوێیە. ئەو شتانەی هەیانبوو بۆ گوێگرتن لیست دەکران. تەواوی ئەندامانی خێزان یان ئافرەت پێویست نەبوو سەغڵەت بن کاتێ دەچوونە ژووری فۆنۆگراف. کەپڵەکان پێکەوە گوێیان لە شتەکان ڕادەگرت.

لەبەرئەوەی خەڵکی بەکاریان هێنا، تەکنۆلۆجیاکە زیاتر پێش کەوت. پارچە ئەلەمنیۆمی تەنک دەنگی خراپ بەرهەم دەهێنا. بێڵ و هاوکارەکانی سلیندەری شەمێیان دروست کرد کە دەنگی باشتر دەهێنا، هەرچەندە هێشتا دەنگەکە وەک ئەم سەردەمەی ئێمە زۆر ساف نەبوو. بێڵ پێوەرێکی خێرایی بۆ ئامێرەکە زیاد کرد، بۆ ئەوەی سلیندەرەکە بە خێراییەکی بەردەوام بخولێتەوە جگە لە خێرایی وەشانکەرەکە. گوێگرتن لە قەوان ڕێگەی بۆ هۆڕنەکان کردەوە، لەگەڵ ئەوانەی بۆ هۆڵەکانی وانەگوتنەوە کە چەندان پێ لە دووری دەمەوە دەنگەکەی دەپێوا. ئەدیسۆن سەدان شتی باشتری داهێنا، هەر کاتێک خۆی و هاوکارەکانی شتێکیان ئاشنا دەکرد یەکسەر داوای مۆڵەتیان دەکرد، هەردەم ئامادەش بوون شکات لە هەر کەسێک بکەن کە بیرۆکەکانیان دەدزێ.

کۆمپانیای گرافۆفۆنی ئەمەریکی بێڵ، کەوتە ناو بازاڕەکانی ولات لەگەڵ قەوانە فۆنۆگرافێکی سادە کە بە ١٠ دۆلار دەفرۆشرا. لە سەرەتای سەدەکەدا، ئەدیسۆن قەوانێکی بە ٢٠ دۆلار دەفرۆشت، بەڵام گەرمترین بازاڕی بریتی بوو لە ژووری فۆنۆگراف، قەزای کۆلۆمبیا شاباشی بۆ ئەو ئامێرە کرد بەو دروشمە " ئەمە دەنگی منداڵە لە تۆمارگەی کۆلۆمبیا." وەک تەنزیل یان ڤیدیۆی ئەم سەردەمە، بەڵام نەیاندەتوانی نمایشە ڕەسمییەکان تۆمار بکەن و گوێی لێ بگرنەوە. پراکتیزەکردنی گوێگرتن لە مۆزیکی ستاندەرد لە ماڵەکان دەستی پێ کرد.

ئێمیل بەرلینە، ئەو کەسەی مایکرۆفۆنێکی داهێنا و بەشداریی کرد لە ئامێری تەلەفۆنی بێڵ، سێ شتی زیادەی خستە سەر. مادەیەکی کیمیایی لە جیاتی شەمێ بەکار هێنا،

شانبەشانی ئامێرەکە نەوەک یەک لە سەرەوە یەکیش لە خوارەوە، لە هەمووش گرینگتر ئەوە بوو کە دەنگی لەسەر دیسکێک تۆمار کرد نەک لەسەر قەوانێک. دیسکەکە لە مادەی زینک دروست کرابوو و تەختیش بوو، بەڵام بۆ فرۆشتنی گشتی نەبوو. هەرچەندە ئامێرەکان بەئاسانی دروست کرابان ئەوەندە هەرزانتر دەبوون. بەرلینە، کوڕی پەنابەرێکی ئەڵمانی بوو بەناوی جویش تالمودیک، ڕێگەیەکی دۆزییەوە بە هۆیەوە داهێنانە مەزنەکەی ئەدیسۆنی خستە بەردەستی هەموو کەسێکەوە.

## فۆنۆگراف وەک کەلوپەلی ناوماڵ

بۆ باشترکردنی ئامێرە دەستییەکەی، بەرلینە بردییە لای دووکانی ئێلدریگ جۆنسن بۆ ئامێرەکان لە نیوجێرسی، ئەو دووکاندارەش زۆر بە کارەکە سەرسام بوو بۆیە خۆیشی دواتر دەستی بەم کارە کرد و کۆمپانیای ئامێری قسەکەری ڤیگتۆری دامەزراند. جۆنسن خۆی باسی ئەوە دەکات چۆن چووەتە ناو کارەکەوە:

لە سەردەمی داهێنان و فرۆشتنی شتی نوێ وەک بازرگانییەک، ئامێرێکی سەرەتاییی قسەکردن هاتە دووکانەکانی ناو بازاڕەوە. ئامێرە بچووکەکە دیزاینی خراپ بوو. دەنگی زیاتر بە بەبەغایەکی فێرکراو دەچوو کە قوڕگی گیرابێت و سەری تەزی بێت، بەڵام ئەو ئامێرە بە نووزەنووزە سەرنجی منی ڕاکێشا و منیش بەخێرایی کارم لەسەری کرد. دواتر زۆر کەیفم پێ هات، ئەمە یەکەم جارە کەیفم بە ئامێرێک بێت؛ چونکە پێشتر هیچ ئامێرێک سەرنجی ڕانەکێشاوم.

شەڕی یاسایی و شکاتکردن لەسەر دزینی مافی یەکتر چەندان ساڵ بەردەوام بوو. جۆنسن لە دادگە بردییەوە. چونکە ئەو پێشتر زۆر بەباشی ئامێری دەنگی بەرەو پێش برد. کۆمپانیاکەی دەستی کرد بەدانانی میکانیزمێک بۆ ناو کابینەیەک. لە دەسپێکیدا لە ساڵی ١٩٠٦، کۆمپانیای ڤیکترۆلا تۆمارکردنی دەنگ وەک داهێنانێک پێشان نەدەدا بگرە وەک ئالیەتێکی کۆمەڵایەتی بەکاری دەهێنا. لەو کاتەدا، یەکێک فیکرەی ئەوەی بۆ هات مۆزیک بخاتە سەر هەردوو لای تەنزیلەکە.

لە لەندەن، هونەرمەندێکی شەپرێو چووە ناو ئۆفیسی کۆمپانیای گرامۆفۆن. پێ دەچوو وێنەی سەگەکەی کێشا بێت بەناوی نیپەر، لە کاتی گوێگرتن لە ئامێرێکی کۆمپانیای ئەدیسۆن، بەڵام کەس وێنەکەی لێ نەدەکڕێ. هونەرمەندەکە ناوی فرانسیس باراد بوو، لە ڕاستیدا ئەو وێنەی سەگەکەی لەسەر وێنەیەکی تردا کێشابوو کە چوار ساڵ پێشتر مردبوو. باراد وێنەکەی پێشکێشی کۆمپانیای گرامۆفۆن کرد. بەڕێوەبەری ئۆفیسەکە

کەیفی بەوێنەکە هات، ئەو کاتە مامەڵەیەک لە نێوانیان دەستی پێ کرد. هونەرمەندەکە وێنەی قەوانی فۆنۆگرافی ئەدیسۆنی کێشا و لەسەر ئامێرێکی تەختی گرامۆفۆن وێنەکەی کێشا. ئەنجامەکە برێتی بوو لە "دەنگی سەرۆکەکەی"، ئەمە باوترین و پڕ بەرهەمترین شاباشی وێنەیی بوو لە چاو هەموو سەردەمەکانی تردا. هونەرمەندەکە پارەیەکی باشی دەست کەوت بەهۆی کۆپیکردنی وێنە بنەڕەتییەکە. پەیکەرێکی مسینی سەگەکە لەو شوێنە دروست کرا کە سەگەکە لێی مردبوو، سەگێک کە هەرگیز گوێی لە دەنگی تۆمارکراو نەگرتبوو.

## سەما و جاز

لە سەروبەندی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، مۆزیکە تۆمارکراوەکان، بەتایبەتی ئەوانەی ڤیکتۆر و کۆڵۆمبیا، یارمەتیی دروستکردنی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییان دا، ئەویش برێتی بوو لە سەمای کاتی. ئەو سەردەمە مۆدێلی سەمای یەک هەنگاوی، سەمای ڕۆیشتنی قەلەموون و سەمای تانگۆ بوو. هەروەها تازە مۆزیکی جاز دەرکەوتبوو. لە هەمان کاتدا، بواری کولتووری و لایەنی نیشتمانی وردە وردە هەستی پێ دەکرا و پێشڤە دەچوون. بەڕای هەندێ کەس، شتەکان زۆر خێرا دەگۆڕان.

لە هەمان کاتدا، ئەدیسۆن بەردەوام بوو لە دروستکردن و فرۆشتنی قەوان بەملیۆن تا گرانییە گەورەکەی سالآنی سییەکان. لەبەر داواکاری گشتی، کۆمپانیاکەی دیسکی مۆزیکی خستە بازاڕەوە. لە زۆربەی حالەتەکاندا، خۆی بەدوور دەگرت لە ئۆپێرا و مۆزیکە کلاسیکەکان. ئەدیسۆن شتێکی دەفرۆشت پێی دەگوترا مۆزیکی لادێی و سادەکان بۆ خۆشکردنی دڵی خەڵکی ڕەشورووت. هەروەها مۆزیکە تۆمارکراوەکانی گەیشتە جۆرێکی هەرە باش، سوپاس بۆ پلاستیکیش کە قەوانەکانی لێ دروست دەکرد، هەروەها سوپاس بۆ ئامێری لەرەلەرەکانیش، کە باشتر بوون لە ئامێرە ئاسن و دارییەکان کە لەسەر دیسک بەکار دەهاتن. بەرز و نزمیی دەنگ لە بڵندگۆکان بە دەسکێک کۆنترۆڵ دەکران کە تۆپەڵە لۆکەیەکی دەخستە ناو قوڕگی بڵندگۆیەکە یانیش بەهۆی داخستنی دەرگەکانی بەردەم بڵندگۆیەکە. تا وای لێ هات بەتەواوی دەنگ کز دەکرا، خولیای ئەدیسۆن بەردەوام بوو لە ئامێرە قسەکەرەکان تا ئەو کاتەی لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

پیشەسازیی تۆمارکردنی دەنگ کارێکی زۆر بەقازانج بوو، ئەمە سەرنجی زۆرێک لە ڕکابەرەکانی ڕاکێشا لە ئەوروپا و ئەمەریکا. برایانی پاتی، چارلس و ئێمیلی، سامانێکی مەزنیان دەست کەوت لە دروستکردنی فۆنۆگراف و ئامێری تۆمارکردن، بەڵام زیاتر

ناوبانگیان بەوە دەکرد کە شوێن پەنجەیان دیاربوو لە سینەماتۆگرافی. گیانی بێتینیی ئیتاڵیایی و هێنری لۆرێتی فرنسایی ئامێرەکان و تۆمارکەرەکانیان دروست کرد. لۆرێت لە ناو بووکەشووشەیەک دروستی کردن وەک چۆن ئەدیسۆن کارێکی لەم جۆرەی پێشنیاز کردبوو، دەمێکیش پێش ئەوەی یەکەم منداڵە کچێک چاتی کاسی (جۆرێکە لە بووکەشووشە) لە باوەش بگرێت. خەیاڵەکان فراوان بوون و داهێنانەکانیش لە بووکەشووشەی قسەکەر تێیان پەڕاند، کە سەرکەوتنی ئەمانە چاوەڕێی microchip و فۆنۆگراف (ئەوانەی بە خوردە کار دەکەن) دەکرد. ئەمانە قۆناخی پێش ئامێری ئیختیارکردن و تۆمارکردنی دەنگ بوون. فۆنۆگرافە هەرزانەکان جەماوەرێکی زۆریان هەبوو.

فۆنۆگرافەکان لە ناو کامێرا تەزویرەکان، کۆمەڵە کتێب، سێبەری لامپەکان، سندووقەکانی کڵاو دەشێردرانەوە، تەنانەت بوزایەک فۆنۆگرافێکی لە ناو جەستەی خۆی شاردبووەوە، هەموویان ئامێرەکەیان دەشاردەوە.

گرافۆفۆن، ڕۆنەفۆن و ئێدیفۆن ئامێرە سەرەتاییەکانی بەرزکردنەوەی دەنگ بوون. فۆنۆپۆستەل شتی وەک پۆستکاردی تۆمار دەکرد بۆ ناردن. فاتیگراف بریتی بوو لە ئامێرێکی دەنگ و ڕەنگ بۆ فێربوونی زمانە بیانییەکان. تێمپۆفۆن و سەعاتی پیتەر پان کاتژمێری قسەکەر بوون، ئەم ئامێرە بە سەعاتی ئاگەدارکردنەوەی ڕادیۆیی پێش خۆی دەچوو. ئۆگستس سترۆهـ، ئەڵمانیاییەک بوو لە لەندەن دەژیا، دایافرامێکی فۆنۆگرافی و هۆڕنێکی نووساند بە کەمانچەیەکەوە لە جیاتی سندووقە دارییەکانیان بۆ بەرهەمهێنانی ئەو شتەی خەڵک پێی دەگوت کەمانچەی فۆنۆگرافی، ئەمەش قۆناخێکی پێش گیتاری کارەبایی بوو بەسەدەیەک.

## ئەوپەڕی سافی

لە ساڵی ١٩٢٠دا، دەفرە بەتاڵەکان دەنگیان لە سیستمە گشتییەکاندا گەورە کردەوە و دەستیان کرد بەداواکردنی مۆڵەت بۆ پیشەسازیی دەنگی تۆمارکراو. داواکاری ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بۆ سیستمی دەنگی تەکنۆلۆجیای دەنگی گۆڕی لە ناسافی و کێشەی میکانیکی بۆ ئەوپەڕی سافی و ڕوونیی دەنگ. ئەندازیارە ئەلیکترۆنییەکان لە تاقیگەکانی کۆمپانیای AT&Tی بێڵ و کۆمپانیای گێنەرەل ئەلەتریک خوویان دایە دروستکردنی مایکرۆفۆن و بڵندگۆ، تۆمارکردن و قەوانی پلێی باک و دەنگ گەورەکەر. هێزی لاوازی قەوانەکە دایافرامێکی دەجووڵاند و دەنگی لێ دروست دەبوو، ئەوجا جووڵەی قەوانەکە

تەزوویکی لاوازی دروست دەکرد کە بەڕوونی و بەسافی گەورە دەکرا. تەزوویکی بەهێز دایافرامەکەی دەجوولاند لە ناو بلندگۆیەکە، بەم شێوەیە باشترین دەنگی بەرز تۆمار دەکرا بۆ تەقاندنی گوێی نیپەر. ستیریۆ، کە لە تاقیگەکانی بێل لە ١٩٣٣ بەرەوپێش بران، لە ساڵی ١٨٤٠دا خرایە بەردەستی خەڵکی لە ڕێگەی ساوندتراکی فەنتازیاکەی واڵت دیزنی.

"ژووری فۆنۆگرافی تۆماتیکی" لە ساڵانی سییەکان لەگەڵ ئامێرەکانی ئیختیارکردن و تۆمارکردن لەدایک بووەوە. لە ١٩٤٠، چارەگە ملیۆنێک لەو ئامێرانە لە بار و چێشتخانەکان بوون. خەڵکی هێشتا حەزیان لێ بوو بە پێنج سەنت گوێ لە شتێک بگرن، بەلام موزیکی تۆمارکراو ڕۆڵێکی نوێی لەو شوێنانە گێڕا کە کەمتر بایەخی پێ دەدرا. گۆرانی لەسەر ئەو ئامێرانە لە کاتی خواردنەوەدا لێ دەدرا، باکگراوندێک بوو بۆ گفتوگۆکردن و ئیقاعێک بوو بۆ سەماکردن.

تۆنە نەرمەکانی موزاک بەردەوام لەگەڵ ئێمە لە کاتی شت کڕیندا، لە ناو ئاسانسەرەکان و کاتی کارکردندا. لەلایەن ئەو خەڵکانەی کە هەستیان دەکرد ناچارن گوێ بگرن بەرز دەنرخێنرا، پشتگوێ دەخرا یانیش گاڵتەی پێ دەکرا. ستافی موزاک، گۆرانیی میللیی تۆمار کرد بۆ نەهێشتنی ئەو پارچانەی کە دەبوونە هۆی پچڕاندنی خەڵک، تەنیا کەشوهەوایەکی هێمن و خۆشیان دروست دەکرد کە لە بێدەنگی زۆر خۆشتر بوو، کە ئەمەش هەڕەشە و دوژمنێک بوو بۆ بێدەنگی. مانگاکان شیریان زۆرتر بوو و مریشکەکانیش هێلکەیان زیاتر دەکرد کاتێ کەشوهەوا بەو موزیکە نەرمە خۆش دەبوو. بێگومان پارەش لە گیرفان خۆی نەدەگرت.

هەرچەندە ئێمە چی تر وەک جاران ئەوەندە گوێ لە موزیکی خۆمان ناگرین، موزیک شتێکە ئێمە خۆمان هەڵی دەبژێرین. بۆ ماوەی سەدان ساڵ، مرۆڤ خەونی بەگرتن و بەرەلاکردنی دەنگی خۆی بینیوە، بەلام هیچ ناوەندێکی تەکنیکی ئەو کاتانە نەبووە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. تا سەدەی نۆزدە ئەو خەونە نەهاتە دی. چی تر موزیک سنووری نییە شانبەشانی هونەرەکانی تر. بەهۆی کڕینی تەنزیل کە هەموو خەڵکی بردە ناو خەیاڵەوە، ئیتر خۆیان بڕیار دەدەن کە موزیک چ ئاراستەیەک وەردەگرێت. بێ ئامێری فۆنۆگرافی تۆمارکەر، نۆتەکانی موزیکی جاز بە ئەمەریکا و هەموو دنیدا بلاو نەدەبوونەوە. نە موزیکی سوینگ، ڕۆک، ڕۆل، کەنتری و ڕاپیش بلاو نەدەبوونەوە. فۆنۆگراف دیموکراسیی بۆ موزیک پێش هێنا. ئەمە مانای ڕاستەقینەی ڕۆیشتنی زێڕ یان پلاتین دەدات بە دەستەوە.

## مۆزیکی تۆمارکراوی هەڵگیراو

خەڵکی ژیانیان لێ تاڵ بووبوو لەبەر ئەو کەسانەی کە مۆزیکی تۆمارکراویان لێ دەدا لە ڕێگەی ستیریۆ کە دەنگی زۆر بەرز بوو، بەتایبەتی ئەوانەی کە سوور بوون لەسەر گوێگرتن و ئاڵوگۆڕکردنی مۆزیک و لێدانی لە کاتی ڕۆیشتندا. بەئەنجامدانی ئەم کارەش، ئەوەی ڕادیۆیەکی هەبووایە ئەوەندە دەنگی مۆزیکەکەی بەرز دەکردەوە وەک چەکێک بەکاری دەهێنا، وای دەزانی تەنیا خۆیەتی لەو دنیایەدا. خۆ ئەگەر مۆزیک نەبووایە کەی خاوەن ڕادیۆیەک بەم شێوەیە هەڵسوکەوتی دەکرد. نیازی ئەو بەتەنیا دڵڕەقییەکە نییە لەبەر گوێ گرتن لەو مۆزیکەی کە حەزی لێیەتی بگرە تووڕەکردنی ئەوانی ترە کە ڕادیۆیان هەیە، ئیتر ئەوانیش لە وەڵامدا دەنگی ڕادیۆکەیان بەرزتر دەکردەوە بەمەبەستی گوێگرتن لە مۆزیک.

ئەو مۆزیکەی ئێمە ناتوانین لە هێدفۆنی یەکێکی ترەوە گوێمان لێ بێت، ئەویش بێزارمان دەکات، ئەگەر بمانەوێت قسە لەگەڵ گوێگرەکە بکەین کە مۆزیکەکەی پێ باشترە لە قسەکردن لەگەڵ یەکێکی تر. هەموومان بینیومانە ئەوانەی وەرزشی هەروەڵ دەکەن، بە ڕێگەدا دەڕۆن یان یاریی خلیسکانێ دەکەن ئاگایان لە جیهانی دەوروبەریان نامێنێت بەهۆی هێدفۆنێکەوە.

ئەوەی هێدفۆنی لە گوێ بێت و بە شەقامێکدا بڕوات، هەرگیز گوێی لە دەنگی دەوروبەرەکەی نابێت. ئیتر لەبەر هێدفۆن، چی تر باوی ئەوە نەما لەسەر شەقامەکان خەڵکی تر بەقسەکردنەوە سەرقاڵ یان بێزار بکەیت.

جیهانی ڤیدیۆ تێکەڵبوونی ڕووبەڕوو بەتوندی ڕەت دەکاتەوە. تەنیا داوای ئەوە لە مرۆڤ دەکات کە لەگەڵ ئامێرەکە تێکەڵ بێت. تەنیا بەڕێگەدا بڕۆ، سەیری ژمارەی ئەو کەسانە بکە کە هێدفۆنی بەبنا گوێوە و گوێ لە مۆزیک دەگرن، بێ ئاگان لە جیهانی دەوروپشتیان. زۆربوونی هێدفۆنی سۆنی و ئامێرەکانی تری لەم جۆرە بوونەتە سیمبول. سەیری ڕووەکان بکە، کەس ئاگای لە خۆی نییە. بەهۆی هێدفۆنەوە تاکە کەس دەرگەی جیهانی دەرەوەی لەسەرخۆ داخستووە. بووەتە کۆیلەی هێدفۆنەکەی.

## چیرۆکی شریت

ئەو دوو تەکنۆلۆجیایەی زۆر باون بۆ تۆمارکردنی دەنگ بریتین لە فۆنۆگراف و شریتی دەنگی. هەردووکیان هەمان سیفەتی بنەڕەتیی تۆمارکردن و بەرهەمهێنانی دەنگیان هەیە. بەڵام ڕێگەی پێشڤەچوونی هەریەکەیان و کەوتنە بەردەستی بەکاربەر، بازاڕی گەرمتر کرد

و ئیتر خەڵکی بۆ ماڵەوە دەیانکڕین. فۆنۆگراف تۆمار دەکات و سیدییەکانیش تەنیا بۆ کۆگای دەنگ دەفرۆشران، واتە بۆ پاراستنی دەنگەکان. شریتەکان، تواناکان تۆمار دەکەن، لەگەڵ کاسێتی دەنگی هەڵگیراو بەشێوەیەکی بەرین کەڵکیان لێ وەرگیرا.

چیرۆکی شریت لە ١٨٨٨ دەستی پێ کرد کاتێ ئۆبەرلین سمیس تیۆرییەکی بڵاو کردەوە و ڕای گەیاند دەکرێ زانیاری بەهۆی پرۆسەی موگناتیسییەوە هەڵبگیرێت. تێبینیی ئەوەی کرد کاتێ موگناتیسێک لە ژێر کانزایەکی پڕکراوە دەجووڵایەوە، کانزاکانی خۆیان ڕێک دەخستەوە و بازنەیەکیان دروست دەکردەوە. سمیس گوتی هەمان ئەنجام لەگەڵ پارچەی بچووکتری موگناتیس ڕوو دەداتەوە، بۆیە ئەگەر هەندێ ڕێگە هەبووایە بۆ جێگیرکردنی پارچەکان بە توندی، ئەو لێدانە موگناتیسییانەی کە دەچنە ناو پارچەکان دەتوانرێت لێک جیا بکرێنەوە.

دە ساڵ دواتر، داهێنەرێکی دانیمارکی بەناوی ڤالدیمێر پۆلسن درکی بەوە کرد، چۆن زانیاریی هەڵگیراوی موگناتیسی دەربهێنێت بەبەکارهێنانی تەلێکی ستیل لەسەر پارچە مسێک. پولسن تەلەگرافۆنەکەی بەئامێرێکی تۆمارکردنی دەنگ دادەنا و دەیویست لە ناو ئامێرێکی وەڵامدانەوەی تەلەفۆن دای بنێت یان لە ناو ئامێرێکی پشکنین، هەروەها بۆ تۆمارکردن و لێدانەوەی موزیک لە ماڵەوە بەکار بهێنرێت. ئامێری تەلەگرافۆن خەڵاتی گراند پریکس Grand Prixی بردەوە لە پێشانگەی پاریس لە ساڵی ١٩٠٠، بەڵام کۆمپانیای پولسن کێشەی مادیی هەبوو بۆ واڵاکردنی دەرگەی دروستکردنی ئامێرەکە و چێژبەخشین بە خەڵک، بۆیە دواجار شکستی هێنا.

تۆمارکردنی موگناتیسی زۆر کەم کاری لەسەر کرا تا ساڵی ١٩٢٨، کاتێ فریتز پفاوەری ئەڵمانیایی یەکەم مۆدێلی سەرکەوتووی تەنزیلی دروست کرد. کۆمپانیاکی کیمیایی بە ناوی Farben's BASF .G.I بۆ دروستکردنی تەنزیل پشتی بە پلاستیک دەبەست. ئێستەش هەر بەردەوامە.

## ئەڵمانەکان دەچنە پێشەوە

لە کۆتاییی شەڕی دووەمی جیهانیدا، ئامێری تۆمارکردنی دەنگ (تەنزیل)ی موگناتیسی Magnetophone دەنگی سافتر تۆمار دەکرد لە ئامێرەکانی تۆمارکردنی فۆنۆگراف.

وتارەکانی ئەدۆڵف هیتلەر لەسەر تەنزیل تۆمار دەکران، دواتر لەسەر باشترین هێڵی تەلەفۆن بڵاو دەکرانەوە، هەروەها لە وێستگەکانی ڕادیۆ لە بەشە جیاجیاکانی ئەڵمانیادا

وەشان دەکرانەوە، ئەمەش گوێگرەکانی سەرسام دەکرد کە چۆن ئەم دەنگە بەو خێراییە بڵاو دەبێتەوە. دواتر، کاتێ هاوپەیمانان گوێیان لە موزیک بوو لە وێستگەی فیلهارمۆنیکی بەرلینەوە و ئۆکێستراییەکانی تر لە ناوەڕاستی شەودا، دەنگەکە زۆر ساف بوو، ئەوجا درکیان بەوە کرد کە ئەڵمانیاییەکان لە ڕووی تۆمارکردنی دەنگەوە زۆر چوونەتە پێشەوە.

هاوپەیمان تەنیا ئامێری تۆمارکردنی موگناتیسییان هەبوو بۆ ڕاگەیاندن کە پێک هاتبوونان لە شریتی ستیل. کارکردن لە سەر شریتی ستیل بەیارمەتیی جۆرە مەشخەڵێک بوو. ئەو تەلە ستیلانەی لەو بوارەدا بەکار دەهێنران دەبەستانەوە و بەقەد گەرمای جگەرەیەک گەرم دەکران بۆ ئەوەی کۆتاییی تەلەکان بەباشی بێنەوە یەک. لە ١٩٤٣، تۆمارەکەرە تەلدارەکان لە دەستی ڕۆژنامەنووسانی ڕادیۆوە دەبینران، بەڵام جۆری ئەو دەنگەی پێیان تۆمار دەکرد زۆر باش نەبوو.

کۆمپانیای I.G. بە ئەڵمانیا دا بڵاو بووەوە، ئامێرێکی بۆ وێستگەکانی ڕادیۆ دابین کرد کە هاوپەیمانەکان هیچ زانیارییان لەسەری نەبوو، ئەویش تۆمارکەرەکان شریتی موگناتیسییان بەکار دەهێنا لە جیاتی شریتی ستیل. بۆیە جۆری دەنگەکە زۆر باشتر بوو لە هی هاوپەیمانان. بەستنی ئەو شریتە زۆر سادە بوو، بە دوو مقەستی بچووک جار جارە دەبڕادرا و دەچووە ناو تۆمارکەرەکە.

جۆن موڵینی ڕائید لە سوپای ئەمەریکی، ئەندازیارێک بوو لە بواری سیگنالەکان لە وێستگەی ڕادیۆی فرانکفۆرت، ماگنێتۆفۆنی دۆزییەوە، هەر ئەویش تەنزیلی تۆمارکردنی هێنایە ئەمەریکا. بینگ کرۆسبی گۆرانیبێژ، کە حەزی لە وەشانی ڕاستەوخۆ نەبوو، داوای لە مولین کرد بۆ تۆمارکردنی بەرنامەکانی لەسەر شریتێک بۆ ئەوەی دواتر لێ بدرێنەوە. مولین دواتر بووە یەکێک لەو ئەندازیارانەی کە شریتی ڤیدیۆی داهێنا وە ناوەندێک بۆ بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن. شریتی تەنزیل و ڤیدیۆ کاری وەشانیان گۆڕی. ئیتر قەت وەشان ناچێتەوە دۆخی جاران.

## ئالیەتێک بۆ ڕۆژنامەنووسان

ڕۆژنامەنووسانی ڕادیۆ کەیفیان بە تەنزیل دەهات، چونکە کاری ئەوانی لە ڕووی نووسینی ڕاپۆرتە هەواڵەکانەوە ساناتر و فراوانتر کرد. ئیتر گوێگرانیش دەیانتوانی گوێ لەوە بگرن کە پەیامنێران گوێیان لێ دەبوو، دەنگی هەموو شتێک لە چەکە گرانەکانەوە بگرە تا دەگاتە یاریی کریکێت، لە سیاسەتمەدارانەوە بگرە تا دەگاتە کۆڕەکان. تەنزیلی هەڵگیراو و مایکرۆفۆن بۆ هەموو شوێنێک لەگەڵ پەیامنێراندا بوو.

مـوزیكی تۆمـاركراو لەسـەر فۆنۆگـراف تۆمـار دەكران، بەڵام دەنگی سـافی تـەنزیل ئەم شتەی گۆڕی. ئەوەی لە وێستگەكانی ڕادیۆ دەستی پێ كرد خێرا گەیشتە ماڵەكانیش. ئەو كەسـانـەی كە دەیانتـوانی بیكڕن، مـوزیكەكـانیـان لەسـەر شریت تۆمار دەكردن و لە مـاڵەوە هەڵیان دەگرتن وەك ئەرشـیڤێك. یەكەم جار، خـەڵكی شریت بەشریت شتیـان تۆمار دەكرد، بەڵام دواتر بازاڕێكی بەكاربەر پەیدا بوو بۆ تەنزیلی تۆمـاركردن كە وەك ڕادیۆی هـەڵگیراو سووك و سـانا بوو. ڕادیۆ یەكەم جار چوار كەناڵی وەردەگرت، دواتر بوو بـە هـەشت كەناڵ، خـەڵك بەمـە قـایل بوو. شریـتـەكە لە ناوەڕاسـتی تەنزیلەكە بـە كۆیلێك دەبەسـترایەوە، بە دەوری كۆیلەكەدا دەسووڕایەوە. دواتر كاسێتی زۆر سادەتر لە بازاڕ بڵاوبوونەوە.

وۆكمـان (هێـدفـۆن و تەنزیـلی) لە سـاڵی ١٩٨١ كـەوتە بازاڕەوە، خـەڵكێكی زۆر بـەكاری دەهێنا. سـووك بوو، بە ئـاسـانی هەڵدەگـیرا، هێـدفـۆنـەكـەی بەپاتری كـاری دەكـرد. ئەم بەرهەمە هەڵگیراوە نەك هەر تەنیا كاسێتی پێ لێ دەدرا بگرە ڕادیۆشی وەردەگرت، سیدی پێ لێ دەدرا، تەنانـەت كەناڵی تەلەڤزیۆنیـشی وەردەرگرت. دواتر سیـفـەتێكی تری بۆ زیاد بوو، بوو بە ئامێرێك كە بەكارهێنەر دەیتوانی دوور بێت لە هـەمـوو وێنە و دەنگێكی ناخۆش و بێزاركەر، بەكارهێنەران چی تر حەزیان نەدەكرد لەگەڵ هەموو خـەڵكێك تێكەڵاو بن و لە هەموو كاتێكی مەترسیدار دەركەون. نێزیكەی ١٠٠ ملیۆن ستیریۆ فرۆشران.

لە هـەمـان كـاتـدا، ئەو كـتـێـبـانەی لەسـەر كـاسـێت تۆمـار دەكـران بۆ چەندان سـاڵ وەك كتێبەكانی ناو كتێبخانە بەكرێ دەدران، هەروەها ڕێكخـراوەكانیش بۆ كوێرەكانیان دابین دەكرد بازاڕێك بۆ شـوفێرانـی ئۆتۆمۆبێل تۆمـار دەكرا لەگەڵ چەنـدان كـتـێبی كورتكراوە لەسـەر كـاسـێـتـێك لە دووكـانەكـانـی ڤـیـدیۆ، بەقـالـەكـان، بەنزینخـانەكـان و دووكـانە كابینەییەكان (دووكانی سەر شەقام) دەفرۆشران.

## شێوازی نوێ

لە ناوەڕاستی نەوەدەكاندا، گەلێك جۆری دیجیتالی تەنزیل و سی دی پەیدا بوون و كەوتنە پێشبڕكێوە. تەنزیلی دەنگی دیجیتاڵ DAT دەیتوانی سیدی كۆپی بكات بـەبێ خراپكردنی جۆری دەنگەكە، وەك خۆی تۆماری دەكرد. ئەم سیفەتە كۆمپانیاكانی موزیكی تووڕە كرد و ترسـانـد، دەترسـان لەوەی سـیـدییـەكـان كـۆپی بكرێنەوە بێ ئـەوەی مـافی كـۆپیكردن بپارێزرێت. گوتەبێژانی كۆمپانیاكانی موزیك دەستیان بە هەڵمەتی لۆبی كرد لە واشنتۆن بۆ ئەوەی پاڵ بەیاسـادانەرانی فیـدرالـەوە بنێن جـەخت لە كـارگـە ژاپۆنیـیـەكـانی سـیـدی دیجیتاڵ بكەن ئەو ئامێرانە باشتر بكەن بۆ ئەوەی بتوانرێت ڕێگە لە كۆپیكردنی نایاسایی

بگیرێت. کارگەکان بەوە بەرگرییان لە خۆ کرد بۆچی خەڵک ئەم ئامێرانە دەکڕن. دواجار ڕێک کەوتن کە ماف بپارێزرێت و مافی کۆمپانیاکانیش لە بەرچاو بگیرێت.

کاسێتی دیجیتاڵ و دیسکی بچووک دواتر لە ئامێری سۆفتوێر و هاردوێر پەیدا بوون. ئامێری کاسێتی دیجیتاڵ، کاسێتی دیجیتاڵ و ئەنالۆگی وەردەگرت و دەتوانرا بە سێتی تەلەڤزیۆن ببەسترێت و وشەی گۆرانییەکانیش پێشان بدرێت. ئامێری مینی دیسک سوودی هەبوو بۆ تۆمارکردن و سڕینەوەی سیگناڵەکان. ئەم سیستمە باشترین و سافترین دەنگی هەبوو، داواکاریشیان زۆر بوو. ئاشکرایە کە هەموو ئەو ئامێرانە تا سەر نەمانەوە.

ئەگەر وۆکمانی کەسی و ئامێرە هاوشێوەکانی پێچەوانەی ڕاگەیاندنی جەماوەری بن، بەڵام پێچەوانەی ئەو ڕاگەیاندنە نین کە زانیاری لە شوێنێکی دوورەوە بەجەماوەر دەگەیەنێت. ڕاکەرێک، بەتەنیا لەسەر ڕێگەیەکی لادێی گوێ لە هێدوفۆنەکەی دەگرێت، بەشێکە لە جەماوەر.

## وەشاندن

شەڕی یەکەمی جیهانی بڕایەوە. هێشتا هێزی دەریایی ئەمەریکی کۆنترۆڵی ڕادیۆیان کردبوو، بەکاریان دەهێنا بۆ گەیاندنی خاڵ بەخاڵ. بەڵام هەوادارانی ڕادیۆی مەدەنی خوویان دابووە شتێکی تر. لە هێزی دەریاییەوە وشەی وەشاندن هات. هەواداران جەختیان لە حکوومەت کرد سنوور لەسەر بەکارهێنانی ڕادیۆ لادات و هێزی دەریاییان ناچار کرد وێستگەکان ڕادەستی خاوەنە ئەهلییەکان بکەنەوە. بەهەزاران هەوادار وەڵامی بانگەشەی وڵاتیان دایەوە بۆ بەکارهێنانی بەهرەکانیان وەک ئۆپەرەیتەری ڕادیۆ و کار بکەن لە ڕیزی هێزی دەریایی و هێزەی سەربازیی وڵاتدا. حەزیان لێ بوو وێستگەی نوێ دامەزرێنن، زۆربەشیان بە پەرۆش بوون ئەو شەپۆلە نوێیەی تەکنۆلۆجیا بەکار بێنن بۆ وەشاندنی موزیک و دەنگ.

لە نێو ئەوانەی کە ئەزموونیان هەیە لەگەڵ ڕادیۆ، فرانک کۆنرادی ئەندازیارە کە ئامێری هەڵگیراوی دروست کرد بۆ سیگناڵی یەکەی سەربازی. لە گەراجەکەی ماڵی خۆی لە پیستبێرگدا، قسەی لەگەڵ وەشێنەرێکی موزیک کرد بەهۆی دانانی مایکرۆفۆن لە تەنیشت ڤیکترۆلایەک. کۆنراد داوای لە پۆستکارد کرد لە هەر کەسێک کە گوێبیستی ئەو دەبوو. لە ناکاو، گوێگران بەنووسین وەڵامیان دایەوە. ئەوەی ڕاستی بێت، زۆرێک نووسییان کە کۆنراد هەوڵی دا ناچاریان بکات بۆ نووسین لە ڕێگەی خشتەی وەشاندن و بڵاوکردنەوە.

هەروەها هەواڵی وەرزشی و هەندێ گۆرانی و مۆزیکی بۆ منداڵان وەشان کرد. هەواڵێکی ڕۆژنامەی پیتسبێرگ چیرۆکێکی چاپ کرد لەبارەی کۆنسێرتەکانی و جەماوەرەکەی. تەنزیلفرۆشێک ڕازی بوو هەندێ فۆنۆگرافی بە قەرز پێ بدات لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی ناوی دووکانەکەی. دووکاندارەکە خێرا بەوەی زانی کە ئەو شتانەی کە کۆنراد بڵاوی دەکردنەوە داوای زیاتر بوو لە شتەکانی تر. لە چەند شوێنێکی تردا، وەشانی تێست بەردەوام بوون، بەڵام لە پیتسبێرگ شتێکی بێ وێنە ڕووی دا. دوای ئەوەی شاباشێک لەسەر سێتی بێتەل بڵاو کرایەوە بۆ فرۆشتن لە ڕێگەیەوە خەڵکی دەیانتوانی گوێ لە وەشانەکانی کۆنراد بگرن، کارمەندەکەی بەناوی وێستینگهاوس بڕیاری دا وەرگری هەرزانی ڕادیۆ دروست بکات. دەستەیەکی گشتی دواتر بازاڕێکی دانا کە لە وەشانکردنی خاڵ بۆ خاڵ تێی پەڕاند. بۆ سەرنجڕاکێشانی موشتەری، وێستینگهاوس ڕێچکەی کۆنرادی گرتە بەر بەهۆی دانانی کارنامەیەکی ڕێکوپێک بۆ بەرنامەکان. هەروەها دواتر کارگەیەکی بەناوی وێستینگهاوس بۆ وەشان دامەزراند، کە لە ٢ی نۆڤێمبەری ١٩٢٠ وەشێنرا، کورتکراوەکەی بریتی بوو لە KDKA. ئەم مێژووە هەڵبژێردرا بۆ ئەوەی یەکەم وەشان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بێت. چەند هەزار کەسێک سەیریان کرد.

لە ١٩٢٣دا، زیاتر لە ٢ ملیۆن کەس بیسەری بابەتە وەشانکراوەکان بوون کە زیاتر لە ٥٠٠ وێستگەی وەشان هەبوون. نیو ملیۆن سێت لە ١٩٢٣ فرۆشران و دواتر لە ١٩٢٥ بوو بە ٢ ملیۆن. لە ساڵی ١٩٢٦دا، لە هەر شەش ماڵێک ڕادیۆیەک هەبوو.

## پەراوێزخستنی گوێگر

گوێگران بەپەرۆش بوون بۆ کڕینی سێتێکی جیاواز لەوانی تر، هەروەها ویستیان لە ماڵەوە بەتەنیا گوێ بگرن. نامەنووسەکان بۆ وێستگەکانی ڕادیۆ و وتارنووسەکانی کۆوار باسیان لەو خۆشییە دەکرد کە لە ماڵەوە لە ژوورێک دانیشی و یان لەگەڵ ئەندامێکی خێزانەکەت گوێ لە کۆنسێرت بگری نەک پێکەوە کاتیان لە قسەکردن ببەنە سەر. کاتێ بڵندگۆکان هێدفۆنەکانیان گۆڕی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ڕادیۆ بەهۆی گوێگرتن لە زانیارییە دوورەکان هەنگاوێکی تر چووە پێشەوە و هەروەها کاتێکی خۆشیان بەسەر دەبرد بە سوالفەی سروشتی و ئاسایی ناو خێزانەکانیان کاتێ لە دەوری مێزێک کۆ دەبوونەوە. نووسەرێک لە ١٩٢٣ بەم شێوەیە باسی خۆشییەکە دەکات:

چەندە ئاسانە چاوەکان لێک بنێیت و گوێگرانی تر بێنیتە بەرچاو کە لە ژوورە بچووکەکان، موبەقەکان، ژووری نانخواردن، ژووری دانیشتن، باڵکۆن، گەراج، ئۆفیس،

کابینە، ژووری کار، کوخەکان، هوتێل، باڵەخانەکان دانیشتوون گوێ لە شت دەگرن، یەک لەوێ، دووی تر لەوێ، کۆمپانیایەکی بچووک خەڵکی سەر مێزەکان لە یەکتر دوور دەخاتەوە.

کۆمپانیاکان ڕادیۆیان بە سەرچاوەی کۆکردنەوەی پارە دانا، بەڵام کەس هەموو ئەو داهێنانەی کۆنترۆڵ نەکرد کە پێویست بوو. کۆمپانیای گێنەرەل ئەلەتریک، وێستینگهاوس، RCA و، کۆمپانیای تەلەفۆنی ئەمەریکی لە ململانێدا بوون بۆ وەرگرتنی مافی وەشانکردن، دروستکردنی سێتی ڕادیۆ و دروستکردنی ئامێری وەشان و سیگنال. ڕێککەوتن لە نێوان کۆمپانیاکان دەستی پێ کرد بۆ ئەوەی کەس مافی ئەوی تر نەخوات.

لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی جیهان کە دەستیان بەسەر ڕادیۆدا گرتبوو و تەنیا یەک ڕادیۆی حکوومەتی هەبوو، پێشکەوتن سنووردار و زەحمەت بوو. بەڵام لە ئەمەریکا بەم شێوەیە نەبوو، لەوێ وێستگەی ڕادیۆ وەک کوارگ هەڵدەتوقین.

قوتابییانی ئامادەیی، یانەی ڕادیۆیان دامەزراند لە چواردەوری وێستگەکانیان. بەشەکانی کۆلێجی ئەندازیاری لە زانکۆ وێستگەی تەجریبیان دروست کرد و پرۆفیسۆرەکانیش وانەیان لەسەر دەگوتەوە. گوتاربێژەکان لە ڕێگەی ئامێری نێرەرەوە قسەیان دەکرد، نووسەری ئاینی ئێمی سێمپل ماکفێرسن ڕێچکەیەکی لەم جۆرەی گرتە بەر. بڵاوکەرەوەیەکی ڕۆژنامەیەک وێستگەیەکی دروست کرد بۆ سەرنجڕاکێشانی بەشدارانی بەهۆی خوێندنەوەی هەواڵەکانی ڕۆژانە بەدەنگی بەرز. خاوەن دووکانەکان بەهیوای ئەوە بوون کە جووتیارێک گوێی لە وەشان بێت و ڕۆژی دواتر ئەگەر هاتە شار کراسێک بکڕێت. کراسەکان شاباشیان بۆ نەدەکرا. هیچ شتێک شاباشی بۆ نەدەکرا.

زۆربەی وێستگەکان باڵەخانەی بچووک بوون و کارەبایان کەم بوو. کەس خەونی بەوە نەدەبینی کە خولیای دەفری ناوئاخن و بێتەل لە گۆشەیەک دابنرێت، بەکەیفی خۆت بگۆڕی لە AM، بۆ FM ، دوای چەند ساڵێک مۆڵەتی تەلەڤزیۆن هاتە گۆڕێ، ئەو سەردەمە پێیان وا بوو ڕۆژێک دادێت تەلەڤزیۆن لە هەموو دووکان و ڕۆژنامەیەک سوودمەندتر دەبێت.

## یاسای ڕادیۆ لە ١٩٢٧دا

لە ساڵانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا، هەموو وێستگەکان یەک فریکوێنسی هاوبەشیان هەبوو، لەگەڵ فریکوێنسییەکی تر بۆ ڕاپۆرتی کەشوهەوا و دانەوێڵە، کاروباری کەشتییەکان، کە نێرەر و وەرگر بۆ کاتێکی کەم قسەیان دەکرد، ئەوەی پێویست بوو دەیانگوت و دواتر بێدەنگ دەبوون. بەڵام وێستگەیەکی وەشان ڕەنگە قەت بێدەنگ نەبووایە.

کاتێ وێستگەکانی ڕادیۆ لە ساڵی ١٩٢٢ بەگژیەکدا چوون، ئاشکرا بوو کە شتێکی باشتر پێویست بوو. حکوومەت ژمارەی فریکوێنسییەکانی زیاتر کرد، بەڵام وێستگە نوێیەکان خێراتر دەرکەوتن. ناسافیی دەنگ و غژەغژە خراپتر بوو کاتێ وەشانکەرەکان هێزی ڕەوانەکردنیان زیاتر کرد، ئەوانیتر فریکوێنسی یان نێرەری نوێیان بەکار هێنا، هەروەها ئامێرە خراپەکانیش سیگناڵەکانیان بەخراپی دەنارد.

حکوومەت وەڵامی داواکارییەکی دایەوە کە لەلایەن خاوەنی وێستگەیەکی ڕادیۆ پێشکێش کرابوو بۆ ڕێکخستن. وەڵامەکە بریتی بوو لە سازدانی چوار کۆنفرانس، بەڵام ئەمانە کاروباری زۆر هەستیار بوون؛ چونکە خاوەنی وێستگەکان دەیانویست پێشبڕکێی سنووردار بکەن و وێستگە بچووکەکانیش بێزار بووبوون لە دەست وێستگە گەورەکان، هەوادارانی ڕادیۆش دژی هەر سنوورێک دەوەستانەوە لەسەر ئازادییان، هەموو کەسێک زۆر دڵنیا نەبوو لەوەی بە چ شێوەیەک پارەی بەڕێوەبردنی ڕادیۆ دەربێنێت. خۆشبەختانە، حکوومەت و کەرتی پیشەسازیی ڕادیۆ هەنگاویان نا پێکەوە شتەکان ڕێک بخەن، بەڵام بە نیازیی فراوانکردنی مەودای وەشان نەک سنووردار یان سانسۆرکردنی، چونکە ڕەنگە خەڵکی وا هەبێت بزانێت حکوومەت کەی دەیەوێ ئەو بوارانە ڕێک بخات. دواجار، کۆنگرێس یاسای ڕادیۆی دەرکرد لە ١٩٢٧، دواتر لە یاسای گەیاندن لە ساڵی ١٩٣٤ فراوانتری کرد، ئەمەش یاسای بنەڕەتیی وەشان بوو تا ئەو کاتەی هەموار کرا بەیاسای چاکسازیی پێوەندی و گەیاندن لە ساڵی ١٩٩٦ . تا ئێستەش خاڵە بنەڕەتییەکانی کاریان پێ دەکرێت.

باوەڕ وایە شەپۆلە هەواییەکان هی هەموو کەسێکە. مۆڵەت تەنیا بە کەسە لێهاتووەکان دەدرێت کە ڕازی بن بۆ بەرژەوەندیی گشتی کاری پێ بکەن، هەروەها حکوومەتیش دەسەڵاتی ئەوەی هەیە وەشان ڕێک بخات، بەڵام بە هیچ شێوەیەک بۆی نییە ڕۆڵی سانسۆر بگێڕێت، لانی کەم لە ڕووی تیۆرییەوە. بەڵام، دەسەڵاتی دەرکردنی مۆڵەت، لە ڕێگەی کۆمیسیۆنی گەیاندن لە وەتەی ساڵی ١٩٣٤ەوە، کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەروەها دەسەڵاتی دیاریکردنی کێ دەنگێکی بەرز بەرهەم دێنێت و تۆمەتەکان دەریانخستووە کە دەسەڵاتی حکوومەت بۆ ئەم مەرامە بەکار هاتووە و قۆستراوەتەوە.

## شاباشەکان

سەبارەت بەو پرسیارەی کێ پارەی وەشانی ڕادیۆ دابین دەکات؟ ئەوا لە ناوەڕاستی بیستەکاندا وەڵامی ئەم پرسیارە بەڕوونی و بەدەنگی بەرز درایەوە. کۆمپانیای AT&T لە بازرگانی بەکرێدانی ئامێرەکانی بەو کەسانەی دەیانەوێت پێوەندی لەگەڵ کەسانی تردا بکەن، وێستگەی ڕادیۆی وەک جۆرێک لە کابینەی تەلەفۆن حسێب کرد. لە ١٩٢٢دا، وێستگەی نیویۆرک، WEAF، بۆ هەموو کەسێک بەردەست بوو، پێی دەگوترا وەشانی بووکەشووشەیی، واتە هەر تاکێک دەتوانێت ئەم وێستگەیە وەک کابینەیەکی تەلەفۆنی بەکار بێنێت بۆ پێوەندیکردن بە هەر کەسێکەوە. AT&T کاتی تەرخان کرد بۆ شاباشچییەکان بە پارە، بە کۆمپانیای عەقار دەستی پێ کرد، بە ناوی دەستەی کوینسبۆرۆ، کە پەنجا دۆلاری دا بۆ ماوەی ١٠ دەقیقە شاباشکردن لەسەر ئەو شوقە خۆشانەی کە دەستەکە دەیفرۆشێت لە ناوچە لۆنگ ئایلاند بە نرخێکی هەرزان. ئەم پەنجا دۆلاری ١٢٧ هەزار دۆلاری هاتەوە جێ. بەم شێوەیە شاباش لە ڕادیۆ لەدایک بوو.

شاباشەکان بە حەزەرەوە دەستیان پێ کرد. کارمەندانی کۆمپانیای تەلەفۆن دەترسان لەوەی حکوومەت تووڕە بێت لە بەکارهێنانی وێستگەی ڕادیۆ، چونکە فرۆشتنی بەرهەمێک دەوەستایە سەر مۆڵەتی حکوومەت. یەکەم جار لەوە نیگەران بوون کە ڕەنگە شاباش بۆ مەعجونی ددان کارێکی شەرم و شەرمەزاری بێت. نرخی کاڵاکان لە شاباشدا باس نەدەکران. گەلێ لە بیسەرانی ڕادیۆ بێزار بووبوون لەوەی لە ڕێگەی ڕادیۆوە کاڵا بفرۆشن یان بکڕن، بۆیە دەنگۆی ئەوەی هاتە گۆڕێ کە یاسایەک دەربچێت بۆ قەدەخەکردنی شاباش. چونکە لە هیچ وڵاتێکی تر ڕێگە بە شاباش نەدەدرا. AT&T لەم ڕووەوە خێرا بوو. بۆیە خێراش شاباشچییەکانی تر هاتە ناو بازاڕەکەوە. وێڕای ناڕەزاییەکانی AT&T کە تەنیا ئەو مافی هەیە لەو ڕووەوە کار بکات، وێستگە ڕادیۆییەکانی تر بەپارەیەکی کەم کاری شاباشیان دەکرد. لە سەرانسەری وڵاتدا، شاباشچییەکان ئەوەندە زۆر بوون وەک لێشاوی لافاو وا بوون. ڕادیۆ ئێستە وەڵامی ئەوەی دایەوە پارە لە کوێ دەیێن بۆ بەڕێوەبردنی ڕادیۆکە.

کاتێ AT&T بەوەی زانی کە وەشانی ڕادیۆ جۆرە خزمەتێکی تەلەفۆنیی یەک سەرەیە، RCA (دەستەی ڕادیۆی ئەمەریکا)، کۆمپانیای گێنەرەل ئەلەتریک و وێستینگهاوس وەشانیان وەک خزمەتێک بەکار هێنا بۆ دروستکردنی داوای گشتی بۆ سێتی ڕادیۆیانەی کە خۆیان دروستیان دەکرد. بە واتایەکی تر بیڵێین، AT&T و وێسترن ئەلەتریک، بە

گرووپی تەلەفۆن ناسرا بوون، جەختیان کردە سەر نێرەرانی پەیامەکان، کە دواتر پێیان گوترا سپۆنسەرەکان. کۆمپانیاکانی تر کە بە گرووپی ڕادیۆیی ناسرا بوون، جەختیان کردە سەر وەرگری پەیامەکان، واتە خەڵک. ئەوەی دواجار دروست بوو بریتی بوو لە تێکەڵەیەکی دوو ئاراستە، یەکێکیان دەبووە هۆی شاباش و ئەوی تریش بەرنامەی لێ دەوتەوە. ئەوەی ئەمڕۆ لەسەر ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان دەیبیستین و دەیبینین ئەنجامی ئەو هەنگاوانەی سەرەوەن.

## سیاسەتی وەشان لە وڵاتانی تر

وەشان لە ئەمەریکا بنەماکانی پێشبڕکێی بازاڕی بەدوادا هات، پێشبڕکێکە لەسەر پەیداکردنی زۆرترین جەماوەر بوو. وەشانی پەروەردەیی، هەر لە سەرەتاوە، زۆر کەم پشتی بە شاباشی بازرگانییەوە دەبەست، وەشانەکە لەسەر لایەنە ئالیکارەکان دەژیا. لە ١٩٣٩دا، وەشان زیاتر بۆ قازانجەکانی شاباش بەکار دەهات. لە لایەکی ترەوە، بەریتانیا دەستەی وەشانی بەریتانیی دامەزراند (BBC)، ئەوانەی دایان مەزراند پێیان وابوو کە بیسەر پێویستی بەگوێگرتنە و، دەبێ گوێش بگرێت. بی بی سی ئەو کاتە، ئێستەش، لەسەر کرێی ساڵانەی مۆڵەتی تەلەڤزیۆن دەژیت. بی بی سی لە ناوەڕاستی پەنجاکان دەستی پێ کرد، ڕێگەی بە بازرگانییەکی سەربەخۆ دا بەناوی ITV، بە چەند یاسایەکی سنووردار کاری دەکرد. گەلێ نەتەوەی تر ڕێچکەی بەریتانییەکانیان گرتە بەر.

وێڕای شاباشەکان و کرێی مۆڵەکان، میتۆدی سێیەم سەری هەڵدا بۆ پشتگیریکردنی سیستەمێکی وەشانی نەتەوەیی: ئەویش فەندی ڕاستەوخۆی حکوومەت. لە نەتەوە دەسەڵاتدارییەکاندا، وێستگەکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن فەندییان لە کۆمەکە ڕاستەوخۆکان وەردەگرت، ئەمەش وەشانکەرەکانی ناچار دەکرد چاو لە دەستی سەرکردەکانی حکوومەت بن.

## تۆڕەکان

یەکەم جار هەر وێستگەیەکی ڕادیۆی ئەمەریکی تەنیا بەرنامەکانی خۆی وەشان دەکرد، بەڵام سوودەکانی وەشانکردنی هەمان بەرنامە لە چەندان وێستگەدا لە ساڵی ١٩٢٢ زۆر بەرچاو بوو. دامەزراندنی تۆڕ کرێی وەشان بۆ وەشانکەرەکان کەم دەکاتەوە، خەڵکێکی زیاتر سەیری شاباشەکانیان دەکرد، بەرنامەی باشتری پێشکێش کرد بەو گوێگرانەی لە شارە گەورەکان دوورن، هەروەها پێشبڕکێکانیشیان سنووردار و کاریگەر کرد.

وەشـانکردنـی وتاری سـەرۆکی ئەمـەریکا داوای زۆرتـرین جـەمـاوەری دەکـرد. لە ١٩٢٢دا، ئەندازیارانی کۆمپانیاکانی تەلەفۆن وێستگەکانیان پێکەوە بەست بووەوە بۆ وەشـانکردنی هـەمـان بەرنامـە لە یـەک کاتدا. ئـەمـە یـەکـەم جـار بووە هـۆی دروسـتـبـوونی تۆڕە کـاتـیـیـە نـاڕەسـمـیـیـەکـان، بەڵام لە ١٩٢٦دا RCA دوو تۆڕی بەردەوامـی دروست کـرد: یەکـێکیـان بەناوی Red کە ئەمڕۆ بووەتە ڕادیۆی NBC، هەروەها Blue کە دواجـار بووە تۆڕی ABC. سـاڵێک پاشتر، تۆڕی CBS بە یەکەوە بەسترانەوە. سیستمی وەشـانی دووانەیی، لە سـاڵی ١٩٣٤ دەستی پێ کرد، بووە تۆڕێکی نەتەوەیی، هەروەها تۆڕە هەرێمییەکانی لە ئینگلتەرا، ناوەڕاستی ڕۆئاوا و ڕۆئاوای دوور دامەزران.

گەورەترین سوودی تۆڕەکان بریتی بوو لە پێشکێشکردنی بەرنامەکان بەجۆرێکی باشتر لە چاو هـەر وێسـتگەیەکی تـر. وەشانی شـاباشـەکان لە سـەرانسـەری دنیـادا پارەی دەدا بە نووسـەران، ئـەکـتـەران، ژەنیـاران، بێـژیارەکـان، ڕۆژنـامـەنووسـان، بەرهەمـهـێنەران، ئەندازیاران و ئەوانەشی کە درامایان پێشکێش دەکرد بە کۆمیدی و بەرنامە جیاوازەکان، بەرنامـەکـانی منداڵان و بەرنامـەکـانی هەواڵ. هەمـوو ئەمـانە وایان لە ڕادیـۆ کرد ببێـتـە شـتـێکی شیـرین لە ژووری دانیـشتن دابنرێت و خێـزان ئێـواران لە دەوری کۆ ببنەوە. لە سـاڵانی بیستـەکـان، شاباشچییەکان بەرهەمەکانی خۆیان بەنـاوی بەرنامەکان بەخـەڵکی ئاشنا دەکرد، هـەروەها زیاتر پەرەیان سـەند کاتێ ڕۆژنامـەکان ڕیز کران و بەرنامەی وەک "everyday hour" شـاباشـی بۆ پاتری و بەرنامـەی "A&P Gypsies" شاباشـی بۆ کاڵاکانی بەقال دەکرد.

لە مـاڵەوە، سـێتی ڕادیۆ بەڕادیۆ کـاریان دەکـرد تا ١٩٢٦، هـەروەها ئەوەش پەیدا بوو کە ڕادیۆ لە نـاو ئۆتۆمـۆبێلەکـان بەکـار دەهاتن. ئامـێـرێکی بەپاتری لە سـاڵی ١٩٣٠ پەرەی سـەند. ڕادیۆ و ئـۆتۆمـۆبێلەکـان لـەو کـاتەوە هـەر پێکـەوە بەرهـەم هێنـراون. ئەو کـەسـانەی دەیانتوانی ئۆتۆمۆبێل بکڕن سێتێکی ڕادیۆییان هەبوو لە ناو ئۆتۆمۆبێلەکاندا.

تەکنۆلۆجیا ڕادیۆی بردە ناو ژوورەکان. شاباشـەکان بوونە بڕبڕەی ئابووریی ڕادیـۆکان. تۆڕەکـان بنـەڕەتی بەرنامـەکـانیـان داڕشت. کـۆمـیـسـیـۆنی ڕادیۆ فـیـدراڵ، دواتـر بوو بەکۆمیسیۆنی گەیاندنەکانی فیدراڵ، کۆنترۆڵی زیاد کرد. سەردەمی زێڕینی ڕادیۆ لە نێوان سـاڵان ١٩٣٠ تا ١٩٥٠دایە، چونکە بەملیـۆنان خـەڵک بڕیاریان دا لە مـاڵەوە بمێننەوە گوێ لە ڕادیۆ بگرن و نەچنە دەرەوە. بیرمان نەچێت ئەو کاتە سەردەمی گرانییە گەورەکە بوو.

## مرۆڤ بوو بەخاوەن کامێرای خۆی

بەدەیان ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهاندا کامێرای خۆیان هەیە، هەر بەکامێراش یادەوەرییەکان تۆمار دەکەن. گۆڕانی تەکنۆلۆجیا بە بەردەوامی وای لە ئێمە کردووە پارە بدەین و بەشداری بکەین لە دروستکردن و گرتنی جۆری فۆتۆگرافی باشتر و باشتر. هەر لە سەرەتای داهێنانیدا، فۆتۆگرافی لە ناوەندێکی گەیاندن زیاتر بوو. سەرچاوەیەکی ئەوپەڕی خۆشیی مرۆڤ بوو.

## پێشەچوونە تەکنیکییەکان

فۆتۆگرافی بوو بەناوەندێکیش بۆ دەربڕینی هونەری. ئەلفرێد ستیگلیتز و ئیدوارد ستیشن ناوبانگیان پەیدا کرد بەڕکابەریکردنی ئەو نیگارکێشانەی کە فڵچە و ڕەنگی جۆراوجۆریان بەکار دەهێنا. هێنری کارتیربرێسن، ئانسل ئادەمز و ئێدوارد وێستن ڕێچکەی ئەمانیان گرتە بەر. ستیگلیتز ڕابەرێتیی بزووتنەوەیەکی کرد بەناوی photo secession، کە تایبەت بوو بەفیکرەی فۆتۆگرافی وەک فۆرمێکی هونەری و ناوەندێکی دەربڕینی هەستە کەسییەکان. ستیگلیتز فۆتۆگرافەکانی لە گالەرییەکەی لە نیویۆرک پێشان دەدا و Camera Workی دامەزراند: کۆوارێک بوو بۆ هونەری جوانیی فۆتۆگراف. لە هەموو کەسێک زیاتر، ئەو فۆتۆگرافی بەفۆرمێکی هونەر زانیوە و بەرزی کردەوە بۆ ئاستێکی نوێ.

کامێرای ستیریۆ، هاوێنەکانی وەک بەشێکی چاوی مرۆڤ وا بوون، بووە هۆی بەرهەمهێنانی ستیریۆگراف stereograph، ئەمەش واتە جووتە وێنەیەک لە ڕێگەی ستیریۆسکۆپەوە stereoscope سەیر دەکرا، کە سێ دووری هەبوو. وێنە و ستیریۆسکۆپە کۆنەکان ئێستەش ئەنتیکەخانەکاندا هەر ماون. لە ڕێگەی ستیریۆسکۆپەکانەوە مرۆڤ دەیتوانی سەیری دیمەنە دوورەکان بکات، دیمەنەکان ئەوەندە ڕاستی بوون مرۆڤ وای دەزانی لەسەر هەڕەمەکانە یان لەسەر تاج مەحەلە. ئەم ئامێرە خۆشی و زانیاری و دووری بەمرۆڤ بەخشی بۆ ماوەی چەندان دەیە.

لە سەرەتاوە، فۆتۆگرافەرەکان نیگەران بوون لەو کاتە زۆرەی پێیان دەچوو تا وێنەکەیان دەگرت. یەکەم جار، خەڵک لەسەر فیلم بەهیچ شێوەیەک نەدەگیرا. کاتێ کاتی دەرخستنی کورت کرایەوە، شتەکان دەبووایە بە ڕاستی بوەستن، بەڵام ژمارەی چرکەکان پێشەچوونی تەکنۆلۆجیای سنووردار کرد. لەبەرئەوەی کامێرا سەرەتاییەکان قەپاخی داخستنیان نەبوو، فۆتۆگرافەرەکە بەئاسانی بۆ چەند چرکەیەک هاوێنەی کامێراکەی بەدەستەوە

دەگرت تا پلێتەکەی دەردەخست. کاتێ فیلمە پێشڤە چوو، داهێنەران فیکرەی باشتریان بۆ هات بۆ دەرخستنی فیلم بۆ کورتکردنەوەی کاتەکە. داوای وێنە بەوەستاوی، وای لە داهێنەرانی ئامێری میکانیکی و فۆتۆکێمستری کرد بەرهەمی نوێ بهێننە بازاڕەوە وەک قەپاخی داخستن کە لە نێوان هاوێنەکان و فیلمەکە دادەنرا.

تا ئەو کاتەی پلێتی شووشە بنەڕەتی تۆمارکردن بوو، قەبارەی کامێراکان هەر بەگەورەیی مایەوە. پرۆسەی پلێتی تەڕ لە ساڵی ١٨٧٨ دەرگەی کردەوە بۆ پرۆسەی پلێتی زیوی وشک کە وردیی وێنەشی باشتر بوو. ئەم پرۆسەیە فۆتۆگرافەری دەرباز کرد لەوەی ژوورێکی تاریک لەگەڵ خۆی بگێڕێت. کامێرا بچووکەکان بەئاسانی بە دەست هەڵدەگیران و چی تر فۆتۆگرافەر پێویستی بەستاند نەبوو بەشانی خۆی دادا. بەڵام پلێتە شووشەییەکان سنووری خۆیان هەبوو. گران و ناسک بوون. پێویستیان بە مادەی کیمیایی تایبەت و مامەڵەیەکی تایبەت هەبوو. ئەو ئاستەنگانە وای لە مرۆڤ کرد بەدوای کەرستەیەکی بەدیلدا بگەڕێت، شتێک کێشی سووک بێت، شتێک ئاسان بەدەوری ڕۆلی کامێراکەدا بسووڕێتەوە و ڕەق و ڕوون بێت. داهێنەران بیریان بۆ نیترۆسێلەس چوو کە سەرچاوەی کۆڵۆدیۆنە (شلەیەک زوو وشک دەبێتەوە)، ئەمە مادەیەکی کیمیایی گرینگ بوو لە پلێتی فۆتۆگرافی. بە سادەیی، وازیان لە بنکەی فیلم و شووشە هێنا، تەنیا ئامێرێکیان هێشتەوە کە شوێنی شووشەکەی دەگرتەوە.

## کۆداک

جۆرج ئیستمان سێلیولۆید celluloidی بەکار هێنا (جۆرە باغەیەکی سووک و هەستیارە کەرستەی فیلمی لێ دروست دەکرێت)، ئەم باغەیە فیلمێکی لێ دروست دەکرا بەو فیلمەی ئێستە دەچێت کە ئێمە ئەمڕۆ دەیکڕین. وشەی فیلم film لەبارەی فۆتۆگرافی کەوتە سەر زاری خەڵکەوە. ئیستمان فیلمێکی نوێی لە ناو کامێرایەک دانا کە پێی دەگوت کۆداک Ko-dak. ناوەکە هیچ مانایەکی نەبوو. ئیستمان ئەو وشە پێنج پیتییەی هەڵبژارد (k o d a k) چونکە وشەیەکی سادە بوو و وەها بەئاسانی لاسایی نەدەکرایەوە.

لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا، نێزیکەی ٥٠ جۆری کامێرا دروست کران. کۆداک سادەییی بە خاوەنی کامێراکان بەخشی، هەنگاوەکانی وەستان بۆ وێنەگرتن لە دە هەنگاوەوە کەم کردەوە بۆ سێ هەنگاو، ئەوانیش: دەسکەکە ڕاکێشە، کلیلەکە بسووڕێنە و پەنجەی پێوە بنێ.

بۆ گرتنی زنجیرەیەک وێنە بەبێ پڕکردنەوەی، یەکەم کامێرای کۆداک سیفەتێکی هەبوو

ئەویش هاوێنەکانی زۆر خێرا و جێگیر بوون. خاوەنەکان کامێراکانیان بەفیلمەوە بۆ کۆمپانیاکە دەگەڕاندەوە. کۆمپانیاکەش کامێراکەی بە پڕی (بە فیلم نوێ) و بەئامادەیی بۆیان دەناردەوە لەگەڵ ئەو وێنانەی کە لەسەر فیلمەکەی پێشوو گرتبوویان. نرخی کۆداکێکی باش ٢٥ دۆلار بوو ڕۆڵێکی ١٠٠ وێنەییشی لەگەڵدا بوو، هەروەها ١٠ دۆلاریش بۆ دانانی وێنەکان لەسەر ڕۆڵێکی نوێ. دروشمی ئیستمان برێتی بوو لە " تۆ پل پێوەنێ و ئەوی تر بۆ ئێمە لێ گەڕێ." فۆتۆگرافەر هیچ سەری لە پرۆسە کیمیاییەکان دەرنەدەچوو. سەرەتا هەموو کەس دەیتوانی وێنە بگرێت. بێگومان هەر خێرا بە ملیۆنان کەس وێنەیان دەگرت. دووکانی کامێرا فروشی بە هەموو شوێنێکدا بڵاو بوونەوە.

هەموو کەسێکی ئاسایی دەیتوانی پارە بدات بۆ ئارەزووی فۆتۆگرافی، نەک هەر تەنیا نرخی یەک وێنە. ئیستمان دواتر چەند مۆدیلێکی تری دروست کە بەنرخێکی هەرزان و کردی بە یەک دۆلار. ئیستمان گوتی کامێراکانی فۆتۆگرافیان هێنا کایەوە " کامێراکانی من وایان لە مرۆڤ کرد ئەوەی حەزی لێیە بیپارێزێت و دواتر سەیری بکاتەوە." کاتێ کامێرای براونی ئیستمان بە یەک دۆلار فرۆشرا لەگەڵ ڕۆڵێکی شەش لایی کە بە پازدە سەنت بوو، فۆتۆگرافی بۆ " هەموو مرۆڤێکی سەر شەقامەکانیش" بەردەست بوو. ئیستمان کامێرای براونی بۆ منداڵان دروست کرد، بەڵام گەورەکانیش بەکاریان دەهێنا. ئەو وێنانەی بە ئاسانی دەگیران بەوێنەی قەنناسی ناسران، واتە ڕاوکەر بێ ماندووبوون دەتوانێ بە ئاسانی بیپێکێت: پێکانی قەنناس.

## پێشفەچوونی زیاتر

لە سەروبەندی تەواوبوونی سەدەکەدا، تاقیکردنەوە ئەنجام دەدران لەسەر فیلم و فیلتەری ڕەنگاوڕەنگ. فیلمی کۆداکرۆمی ڕەنگاوڕەنگ لە ساڵی ١٩٣٥ لەلایەن کۆمپانیای کۆداکی ئیستمان داهێنرا. ساڵی ١٩٤٧ داهێنانێکی سەرەکیی تری خستە بازارەوە ئەویش پرۆسەی کامێرای پۆلەڕۆیدی ئیدوینلایند بوو کە بە خێراییی وێنەکەی دەگرت و هەر خۆیشی لە ناوەوە چاپی دەکرد. پشتەوەی کامێراکە فیلمی نەرێنی و ئەرێنیی جیاوازی هەڵگرتبوو. ڕاکێشانی فیلمەکە بۆ دەرەوەی کامێراکە و لە نێوان دوو ڕۆڵ دادەنرا و بەسەر ڕووی فیلمەکەدا بڵاو دەکرایەوە. دوای خولەکێک چاپێکی ئەرێنی ئامادە بوو بۆ ڕاکێشان. کامێرا وێنەی ڕەنگاوڕەنگی یەکسەر چاپ کرد لە کاتی ١٩٦٣، دواتر لە ساڵی ١٩٧٢ بە کامێرای جۆری پۆلارۆید SX-70، کە کەرستەی نەرێنی و ئەرێنی لە یەک یەکەدا کۆ کردەوە، سوپاس بۆ ئەو چوارده قەپاغە تەنکە جۆراوجۆرانەی داپۆشینی کامێراکان.

له ژاپۆنەوە خاڵ و گرتن، واتە کامێرایەکی فول ئۆتۆماتیکی دروست کرا. ئەم کامیرایانە بە تەواوی جەختیان لەسەر ئەو شتە دەکردەوە کە لە بەردەم هاوێنەکاندا دادەنران. وەک گەلێ داهێنانی تر، کامێرا ئاڵۆزتر گەشەی کرد لە پێناو کار پێکردنی بەشێوەیەکی ئاسانتر. بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی داگیۆرۆتایپ و فۆتۆگرافی پلێتی تەڕ، کامێرا شتێک زیاتر بوو لە سندووقێک لەگەڵ هاوێنەیەک، بەڵام وێنەگرتن پێویستی بەڕاهێنان و پراکتیزە و بەهرە هەبوو. بە پێچەوانەوە، کامێرا ژاپۆنییەکان لە ڕووی میکانیکی و بەشە ئاڵۆزەکانی شتێکی گران بوو بەڵام هەمو کەسێک دەیتوانی پلی پێوەنێ و وێنە بگرێت. دروشمە کۆنەکەی ئیستمان بۆ شاباشکردن "ئێوە پلی پێوەنێن و ئەوەی تر بۆمەی لێ گەڕێ"، چی تر بایەخ و کاریگەریی جارانی نەما؛ چونکە هەموو شتێک ئۆتۆماتیکی بوو و کامێرا خۆی هەموو پرۆسەکانی بە خێرایی ئەنجام دەدا.

کامێرای بێ فیلم لە سەرەتای هەشتاکان پەیدا بوو. کامێرای جۆری سۆنی ماڤیکا CCD وێنەی لەسەر دیسکێکی دیجیتاڵی بچووک تۆمار دەکرد، کە بەبێ پرۆسەی کیمیایی، بە ئاسانی دەگوازرایەوە سەر هێڵەکانی تەلەفۆن لە ڕێگەی سەتەلایتەوە. ئامێرێکی تر بە ناوی سیدیی وێنە و دەنگ، وێنەکانی سەر سیدییەکی پێشان دەدا. دەکرا وێنەکان لەسەر لە شاشەی تەلەڤزیۆنی ماڵەوە پێشان بدرێن، هەروەها چەندان سیفەتیشی لەگەڵدا بووە ئەگەر خاوەنەکە حەزی لێ بووایە وەک زووم، بازدانی وێنە، موزیک، تێکست و گرافیک و گێڕانەوەی شتەکان بەدەنگ.

کۆداک و کامێرای ژاپۆنی و کارگەکانی فیلم لە ساڵی ١٩٩٦ لێکیان دا بۆ دروستکردنی سیستەمێکی پێشکەوتووی فۆتۆ. بەکارهێنەران دەیانتوانی ستاندارد یان چوارچێوەی فراوان هەڵبژێرن بۆ هەر لەقتەیەک، هەروەها لە خوارەوەی وێنەکە بەرواری وێنەکە، شوێن و بابەتەکەی لەسەر دەنووسرا. فیلمەکە ڕێنوێنییەکانی بۆ پرۆسەی ئامێرەکان دەگواستەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی ڕووناکیی خراپی.

## ئەو وێنانەی درۆ دەکەن

وێنەی دیجیتاڵ بەو شێوەیە گۆڕا کە دەکرا ڕەش بکرێتەوە یان بگوازرێتەوە. گۆڕانە ئەلیکترۆنییەکان هەموو ئەگەر و بەڵگەیەکی تێکچوونیان نەهێشت. موشتەرییەکان دەچوونە ئەو دووکانانەی کە وێنەگری دیجیتاڵی پسپۆڕیان تێدا بوو کە ڕۆژی باشتریان بەڕێ کردووە. پسپۆڕەکان وێنەکانیان سکان دەکردە ناو کۆمپیوتەر، شوێنە تێکچووەکانی وێنەکەیان ڕەش دەکردەوە و وەک وێنە چاپیان دەکردەوە. ئیتر وای لێ هات دەتوانرا

کەسێکی نەناسراو لە وێنەکە ڕەش بکرێتەوە، دەتوانرا خزم و دۆستێکی ونبوو بۆ سەر وێنەکە زیاد بکەیت، دەتوانرا داپیرە، دایک و کچ پێکەوە لە وێنەیەکدا کۆ بکرێنەوە، هەروەها بۆشاییی وێنەکان پڕ دەکرایەوە بۆ وێنەکە جوانتر بێت، هەروەها هەر شتێک لەسەر ددانەکان بووایە پێش چاپکردنی لادەبرا. ژنە تەڵاقدراوەکان دەیانتوانی وێنەی مێردی پێشوویان لە ناو وێنەی خێزانی دەربهێنن. هەروەها کوڕێک ناوی برایان بوو پۆستەرێکی خۆی بە گەورەیی لەسەر چادرێکی گەورە چاپ کرد لە فیلمێک بەناوی ژیانی برایان.

ئەو قسە نەستەقەکە دەیگوت کامێرا هەرگیز درۆ ناکات ئێستە زۆر باوی نەماوە. گومانی تێدا نییە فۆتۆگرافی مۆدێرن دەتوانێت درۆ بکات. لە سالانی بیستەکاندا، چەند نووسیارێکی ڕۆژنامەکان وێنەیان لەگەڵ کۆمپۆزۆگراف composograph تێکەڵ کرد، ئەمەش وێنەی خەڵکی لە وێنەی جیاجیای تر زۆر لە یەکتر نێزیک دەکردەوە. وێنەکان سەد دەر سەد تەزویر بوون، درۆی بینراو بوون. بڵاوکەرەوەکان پاساویان بۆ بەکارهێنانی ئەو وێنانە ئەوە بوو کە بەهۆی ئەو وێنانەوە ڕۆژنامەکەیان دەفرۆشرێت. هەندێ جار، ئەو چەواشەکارییانە بەهایەکی سیاسییان هەبوو. دەنگدەرێکی زۆر لە سەردەمی ماکارسی لە سالانی پەنجاکان هەڵخەڵەتێنران بۆ زاڵبوون بەسەر سیناتۆری لیبرال میلارد تایدینگز بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی، دوای ئەوەی پشتگیریی خۆی ئاشکرا کرد بۆ سەرکردەی کۆمونیست ئێرل براودەر، ئەمە ڕووداوێک هەرگیز ڕووی نەدا.

بەڵام قۆرخکردنی وێنە کۆنەکان شتێکی سەرەتاییە بەبەراورد لەگەڵ وێنەی دیجیتاڵ. سۆفتوێری کۆمپیوتەر بۆ دیجیتاڵ، هەڕەمەکانی گیزا گۆڕی و چوارچێوەی بەرگی جوگرافیای نەتەوەیی لە ساڵی ١٩٨٢دا باشتر کرد. پسپۆڕێک لەو بارەیەوە گوتی:

لەگەڵ تەکنۆلۆجیای نوێدا ئێمە دەتوانین لە وێنەیەکدا ڕەنگ بەهێز بکەین یان بەگۆڕین، وردەکاریی لێ لابدەین، نەفەری بۆ زیاد یان کەم بکەین، وردیی ڕووناکی و درەوشانەوە بگۆڕین، دەتوانین چەندان وێنە تێکەڵ بەیەکتری بکەین، دەتوانین چیاکان بجووڵێنین، یان لانی کەم دەتوانین دەستکاریی تاوەری ئیڤڵ بکەین، هەروەک چۆن کۆوارێک بۆ دیزاینی بەرگەکەی دەستکاری تاوەرەکەی کرد. لە هەندێ لە تەلەڤزیۆنەکان سەری کەسانی تر دەبڕدرێت و بەیەکێکی ترەوە دەنرێت. سەری ئۆپرا وینفری لێ کرایەوە و جەستەی ئان مارگرێت دانرا.

## هۆلۆگرام hologram (وێنەی سێ دووری)

کــار بەردەوام بـوو لەســـەر هۆلـۆگـــرافی (پـرۆســـەی بـەکـــارهـێنانـی وێـنـەی سـێ دووری) پراکتیزەیی و هـەرزان، سیستمێکی وێنەیی دوو دوورییە کە بە بەکارهێنانی تیشکی لێزەر دەتوانێت وێنەی سێ دووری بەرهـەم بهێنێت.

وێنەیەکی هۆلۆگرام بەدیوارەوە دەتوانێت قـوولٚ خۆی نیـشان بدات لەسەر دیوارەکە، یان دەتوانێت وا خـۆی نیـشـان بدات کـە لە ناو ژوورێکدایە، بەڵام ئەگەر بینەر بە هـۆشـیـارییـەوە بچـێـتـە ناو ژوورەکــە هیچ وێنەیەک نـابینێت. هۆلـۆگـرام لە بـواری زانسـتـیـشـدا زۆر بەکاردەهێنرێت. هـەروەهـا بەکار دێت بۆ بەرگی کۆوارەکان و سـەر دیواری مۆزەخانەکان. لە یەکەم فیلمی star wars (شەڕی ئەستێرەکان)دا، کچە پاڵەوانەکە "شازادە لییا" بەشـێوەی هۆلۆگرام دەرکـەوت، کە پەیامێکی "ئەلیکترۆنی"ی گەیاندە کەشتییـەکی ئاسمـانی. ئەگـەر ڕۆژێک بتـوانرێت جـووڵەی هۆلۆگـرافی بنێـردرێتـە مـاڵـەکان وەک وێـنـەی تەلەڤـزیۆنی، ئەوا قبوولکردنی گومـانێکی وای تێدا نییە. سـەیرکردنی هۆلۆگرامێکی ڤیدیۆیی وەک ئەوە وایە بەناو پەنجەرە سەیری سـەر شەقامێکی دەرەوە بکەیت نەک وەک سـەیرکردنی تەلەڤزیۆن. لە سـەرەتـای دەست پێ کردنیـەوە، فۆتۆگـرافی زانیـاری و ئاسـوودەیی و خـۆشـیـی ئەخـلاقی بەخەڵک دەبەخشی.

وەک ناوەندێکی ڕۆژنامـەوانـی، فۆتۆگـراف زانیـاریی پێشکێش دەکرد، چونکە بە تەنیـا وشــەکان ئەو کـارەیان پێ نـەدەکرا. چاوی منداڵە ئەفریقـاییـە برسـیـیـەکـان لەگـەڵ ئەو باڵەفڕانەی کە بـاری خـۆراک وەک کۆمـەک بۆ ئەو وڵاتە دەهێنن. چاوە وشـک هەڵاتووەکانی ئافرەتانی چەوسـاوەی بۆسـنیا وڵاتە ڕۆژئاواییـیـەکانی هەژاند تا هەڵوێستێک بگرن. کاتێ منداڵێک ســەیری کۆگـایەکی دەباغخـانەی دەکرد، ئەمـە وای کرد سـەر بڕین بۆ مـاوەیەکی کاتی بوەستێت. وەک ئالییەتێکی پزیشکی، فۆتۆگرافی یارمەتیی باشترکردنی تەندروستیی مرۆڤدا. وەک ئالیەتێکی زانستی، هەموو ئەو شتانەی شاراوە بوون لە مرۆڤ ئاشکرا کرد.

لە هەمـان کـاتدا، ئێـمە چێـژمـان لە وێنەی سـتـیل لە هۆکـەلی ڕاگـەیاندن وەرگـرتووە، بەتایبەتی کۆوارەکان، هەروەها لە وێنە جووڵاوەکانیش لەزەتی زۆرمان بینیوە. ئەگەر یەکەم ئالیـەتی ڕاگەیاندن ئێـمە بەگرانمـان نەکڕی بێت، ئەوا ئامێـرەکانی ترمـان بەگران کڕیوە. فۆتۆگرافی وامـان لێ دەکات یادگارییەکان لە ڕێگەی ئـەلبومی وێنەی خێزانییـەوە بەیەکتری نیشان بدەین، یان بۆ ساتێک بەتەنیا لە ڕۆژێکی سەرقاڵدا بوەستین و وێنەیەکیشمـان لە گیرفان بێت. فەرمانی " پێ بکەنە" زۆر مانا هەڵدەگرێت.

## فیلمەکان چیرۆک دەگێڕنەوە

بینەری فیلم حەزیان لە چیرۆک بوو. جۆرج میلێی فرنسی، ئەو کەسەی کە بەرنامەیەکی سیحریی هەبوو، یەکەم فیلمی خەیاڵی کراوەی بەرهەم هێنا. بینەری سەردەم لەزەت لە فیلمی گەشتێک بۆ ئاسمان دەکەن، وەک پێشەکییەک بۆ مێژووی چوونە بۆشاییی ئاسمان. میلێی یەکێک بوو لەو یەکەم کەسانەی کە فیلمی لە خولەکێک کەمتر درێژ کردەوە بۆ ١٠ تا ١٥ خولەک.

## فیلمی ٥ سەنت باوی

خاوەن پێشانگەکان هەندێ لەو فیلمە کورتانەیان هێنا پێکەوە وەک بەرنامەیەک نیشانیان دان. بەم شێوەیە فیلمی ٥ سەنت باوی دەستی پێ کرد، بە پێنج سەنت سەیری فیلمێکی کورتت دەکرد. یەکەم شانۆی فیلمی پێنج سەنت باویش لە ١٩٠٤ لە پیتسبێرگ کرایەوە. لە ماوەی ساڵێکدا، ژمارەیان بووە ٢٥٠٠ شانۆ بۆ نیشاندانی کورتە فیلم، کە لە ساڵی ١٩٠٧دا ڕۆژانە ٢٠٠ هەزار پلیتیان دەفرۆشت. ئەو شانۆیانە لە هەموو کونجێکی زەویدا پەیدا بوون، ڕووناکییان دەدرەوشایەوە، هەندێ جاریش یەکێک لەبەر دەرگە دەوەستا و هاواری دەکرد بۆ ئەوەی شانۆکە پڕ بکاتەوە لە خەڵک.

شانۆ پێنج سەنت باوییەکان سەرنجی ئەمانەی ڕاکێشا: دووکاندارە ماندووەکان، فەرمانبەران لە کاتی ساتێکی نانخواردنیاندا، ئافرەت بەتەنیا دەچوو؛ چونکە بۆ ئەو، ناو شانۆکان سەلامەت بوو و جێگەی ڕێزگرتن بوو. چینی مامناوەندی ڤیکتۆری ئاسوودەیی و خۆشییان بۆ ئافرەت سنووردار کردبوو. بۆ ئەوان، سینەما شتێکی تایبەت و داوایەکی تایبەتی دەویست.

سینەما لە هەر فۆرمێکی تری خۆشی زیاتر جێگەی خۆی لە ناو کۆمەڵگە کردەوە، کاریگەریی هەبوو لەسەر ژیانی ئافرەتان، ژنە بەمێردەکان لەسەر ڕێگەی خۆیان بۆ شت کڕین لایان دەدا ناو شانۆی فیلم و سەیری فیلمێکیان دەکرد، ئەم خۆشییە کاریگەریی زیاتر لەسەر ئافرەتان هەبوو لە چاو چینەکانی تری کۆمەڵگە. کچە قوتابییەکان دوای نیوەڕۆ، پێش ئەوەی بگەڕێنەوە ناو پرنسیپە خێزانییەکان، شانۆی فیلمەکانیان پڕ دەکردەوە. هەروەها ئافرەتە کرێکارەکانیش دوای کارکردن سەعاتێک لە سینەما پشوویان دەدا، هەروەها بۆ ئەوان دەرفەتێکیش بوو چاویان بەپیاو بکەوێ.

ئەو فیلمە پێنج سەنت باوییانە بۆ کەپڵەکان باش بوو، چونکە کەپڵەکان بەدوای

شوێنێکی بێدەنگ و تاریکدا دەگەڕان بۆ ژوان، هەروەها ئەو فیلمانە بەتەواوی سەرنجی چینی کرێکاریان ڕاکێشابوو. سینەما خۆشیی بە هەژارەکانیش بەخشی، کە نەداهاتێک نەکاتیشیان هەبوو بۆ خۆشی، بەڵام تەنیا هەژارە سپیپێستەکان چونکە هەژارە ڕەشپێستەکان بۆیان نەبوو سەیری ئەو فیلمانە بکەن.

هەندێ جار موشتەرییەکان لە بەیانییەوە تا شەو لە ناو سینەما دەمانەوە، یەک لە دوای یەک سەیری فیلمەکانیان دەکرد، حەفتەی حەوت ڕۆژ دەچوون. لە سینەمایەکەوە دەهاتنە دەرەوە و دەچوونە یەکێکی تر، فرییان ئەو کەسانەیان دەخوارد کە ڕیکلامیان دەکرد بۆ فیلمەکان، بەڕووناکییە زۆرەکان، هەروەها بەپۆستەرە ڕەنگاوڕەنگەکانی دەرەوە. لە سەیری فیلم نەدەوەستان تا گیرفانیان بەتاڵ دەبووەوە. هەروەها لە نێوان فیلمەکان خاوەن شانۆکان خزم و کەسی خۆیان دەنارد لەفە و ساردییان دەفرۆشت. لە هەندێ شانۆدا، بەشداربوان ناوە ناوە دەچوونە دەرەوە بۆ هەڵمژینی هەوایەکی پاک، ئەمەش هیچ پێوەندیی بەمیکرۆبی شوێنە قەرەباڵغەکانەوە نەبوو کە چاودێرانی شار لێی نیگەران بوون. بۆ ئەوەی خەڵکی بەردەوام داوای فیلمی نوێ بکات، خاوەن پێشانگەکان ڕۆژێ جارێک یان دووان پلیتەکەیان دەگۆڕی.

نووسەرێکی ئەو سەردەمە نووسیویەتی:

لە بەرامبەر حەوشەی قوتابخانەیەک دەرگەی شانۆیەک هەبوو، دەرگەکە ڕازاوە بوو، پلیتفرۆش لەسەر سەکۆیەک دادەنیشت و رووناکیی بەر دەرگەکە چراخانێک بوو بۆ خۆی، گڵۆپی شین و سپی لە تەک یەکەوە دانرابوون. هاوین خۆشترین کاتی کچەکان بوو؛ چونکە دوای قوتابخانە ئەو کەشوهەوایە ناخۆش و ناشیرین و پیسەی ناو کارگەکانیان لە دوای خۆیان بەجێ دەهێشت، لە وەرزی هاویندا دەبووژانەوە ئەوەی حەزیان لێ بوو ئەوەیان ئەنجام دەدا.

## ترس لە فیکرە شۆڕشگێڕییەکان

چینە دەوڵەمەندەکان زۆر نەدەچوونە شانۆ پێنج سەنت باوییەکان، لە هەمان کاتدا پێیان وابوو چینی کرێکار وهەروەها نەخوێندەوارەکان و ئافرەتان فێری فیکرەی شۆڕشگێڕی دەکرێن بەهۆی ئەو فیلمانەوە. بۆیە چەندان پێشنیاز کرا بۆ ڕێکخستن و سانسۆرکردنی ناوەڕۆکی فیلمەکان، تەنانەت دەمکوتکردنیشی تێدا بوو. هەندێ لەو پێشنیازانە هی خاوەن بارەکان بوون کە بازاڕیان کز بووبوو، هی خاوەنی خانەکانی قۆدڤیل بوون و هەروەها هی ئەو وەزیرانەش بوون کە چی تر خەڵکیان لە چواردەور کۆ نەدەبووەوە. لە کاتێکی کەمدا ئەو

شانۆ پێنج سەنت باوییانە بۆ نیشاندانی کورتە فیلم لە چوارچێوەی بازرگانی هاتنە دەرەوە، بەڵام تەنیا بەهۆی جۆری شانۆی باشتر و بەرنامەی باشتر.

تا ئەو کاتەی هیچ بەدیلێک نەبوو بۆ شانۆی پێنج سەنتی، موشتەرییەکان ڕازی بوون بە قەرەپەستانێ و دانیشتن لە تەک یەکەوە لە ناو شانۆکان، کە هەواکەی زۆر پیس بوو ، تەنیا بۆ ئەوەی سەیری فیلمێکی ١٥ تا ٢٠ خولەکی بکەن لەگەڵ حەوت هەشت خولەک باکگراوندی فیلمەکەدا.

دوای دەیەیەک، هەرکە داوا بۆ وێنەی جووڵاو زیاتر بوو، نەک هەر تەنیا چینی هەژار بگرە چینی مامناوەندی ئەمەریکا فیلمەکانیان لە باوەش گرت، شانۆ پێنج سەنتییەکان، ڕووی دووکانەکان، پشتەوەی تاقەکان و ڕەشماڵی سێرکەکان ڕێگەیان بۆ شانۆکان خۆش کرد ببنە شوێنی سەیرکردنی فیلم، دواتر تەلاری جوانتر و باشتر دروست کران بۆ سەیرکردنی فیلم. لە کاتی هاویندا، ئامێرە فێنکەرەوەکانی وەک کۆندێشن بازاڕی پڕ کرد.

کاتێ فیلمی باکگراوندی پەیدا بوو، ئەوە ئاشکرا بوو کە شانۆ و فیلمە کورتەکان چی تر پشت بەداهاتی خێرای ئەو بینەرانە نابەستن کە سەیری کورتە فیلمەکانیان دەکرد. بینەر حەزی لە فیلمی درێژ بوو. چارەسەر برێتی بوو لە دروستکردنی شانۆی گەورەتر بۆ لەخۆ گرتنی سەدان یان هەزاران بینەر. یەکەم تەلاری فیلم، بەناوی شانۆیستراند لە سەر برۆدوێی، دەرگەکانی لە ساڵی ١٩٤١ کرایەوە و دەسبەجێ سەرکەوتنی بەدەست هێنا. لە یەک کاتدا ٣ هەزار نەفەری دەگرت. جارێکی تر، خەڵک بڕیاری بەو ئاراستەیە دا کە هۆیەکی تری گەیاندن دروست دەبێت. لە ماوەی دوو ساڵدا، نێزیکەی ٢١ هەزار شانۆ دروست کران و نۆژەن کرانەوە. لە ناوەڕاستی شارە گەورەکاندا، شوێنەکانی فیلم نیشاندان جوانتر و خۆشتر و بە ئەندازەی بێزەنتینی دروست کرابوون. بەشێوەیەک دروست کرابوون بۆ سەرنجڕاکێشانی چینی مامناوەند کە تازە دەچوونە سەیری وێنە جووڵاوەکان، بەڵام نەدەچوونە شوێنە قەرەباڵغ و ناخۆشەکان.

خاوەن شانۆکان لە نێو خۆیان فیلمەکانیان ئالوگۆڕ دەکرد لە جیاتی ئەوەی فیلمی نوێ بکڕن. لە کاتی خۆیدا، هەرکە بازرگانییەکە کەوتە سەرپێ، سەنتەرەکانی دابەشکردن و خاوەنی فیلمەکان دەورێکی باڵایان هەبوو لە نیشاندانی فیلم. شانۆکانی فیلم نیشاندان هەم سەدان بینەریان لە خۆ دەگرت و هەم ستۆدیۆ گەورە و شوێنی دابەشکردنی فیلمیان هەبوو. فیلمەکانی وارنەر برۆس لە شانۆی وارنەر برۆس لە شارە گەورەکاندا پێشکێش دەکران، هەروەها فیلمەکانی پاراماونت لە شانۆی پاراماونت، فیلمەکانی MGM لە شانۆی لۆویسدا پێشکێش دەکران.

## بازاڕێک بۆ چیرۆکە سادەکان

ئەو فیلمانەی ناوبانگیان دەردەکرد چەندان گرفتیان هەبوو. فیلمسازەکان دەکرد ڕێچکەی خەیاڵی بگرنە بەر. واقیع لە فۆرمی فیلمی تازەدا ئەو شتە نەبوو خەڵکی لە شانۆ تاریکەکاندا بۆی دادەنیشت. دواجار، خەڵک حەزی لە ڕەنگ و دەنگ بوو، چونکە ڕەنگ و دەنگ فیلمەکەی خۆشتر دەکرد و خەڵکیش ئێواران دەهاتنە دەوەرە بۆ سەیرکردنی. هەردەم ئەکتەرەکانیش سەرچاوەیەکی خۆشی بەخش بوون.

هەرگیز لە مێژوودا خەڵکی ئەوەندەی ئەو سەردەمە حەزی لە زانیاری نەکردووە لەسەر ئەو کەسانەی بەدزی دەژین، ڕۆژانە بەملیۆنان پیاو ئافرەت و منداڵ لە بەردەم سکرینێک دادەنیشتن کاتێکی خۆشیان لەگەڵ هاوڕێ و خۆشەویستانیان بەسەر دەبرد.

لە ١٩٠٣دا، وێنەگر و دەرهێنەر ئیدوین پۆرتە، فیلمی دزییە گەورەکەی شەمەندەفەری بەرهەم هێنا، یەکەم فیلم بوو چیرۆکی یادەوەریی تێدا بوو، یەکەم فیلمیش بوو لە ڕێگەی فیلمەوە پێوەندی دروست بکرێت. لە ماوەی هەشت خولەکدا، چەند دزێکی چەکدار دەچنە بەردەم هێڵێکی شەمەندەفەر و دوای چەند دزێکی تر دەکەون و شەڕە تەقە ڕوو دەدات. بۆ یەکەم جار کامێرا لەگەڵ لەقتەکان دەجووڵا و زوومی دەجووڵا. بینەری بەپەرۆش سرەیان دەگرت تا بچنە ژوورەوە و سەیری ئەو فیلمە بکەن و داوای بینەر بۆ فیلم زیاتر بوو. دروستکەرانی فیلمیش گوێیان لە خەڵکی دەگرت.

زۆرێک لە کرێکارەکانی پلیت هەژار بوون و کەمێک خوێندەوارییان هەبوو. گەلێ لە پەنابەرەکان لە زمانی ئینگلیزیدا کۆڵەوار بوون. بۆیە سەیری ئەو شتانەیان دەکرد کە تێی دەگەیشتن. نەریتی شانۆی لاسایی، بەتایبەتی شانۆ کۆمیدییەکان، بەجوانی پلیتەکەیان پڕ دەکردەوە. بەهەمان شێوە چیرۆک و سەرکەشیی سادە و ڕۆمانسییەکان هەموو کەسێک چێژی لێیان وەردەگرت. ئەوانەی خوێندەوارییان هەبوو بۆ نەخوێندەوارەکانی تەنیشتە خۆیان دەخوێندەوە. خەڵکی بەلێشاو بەپەرۆشەوە پارەیان خەرج دەکرد بۆ ئەوەی چیرۆک و کۆمیدی بینراو ببینن.

هەندێ جار جەماوەر لە ورووژاندن و ڕۆمانس زیاتریان دەویست. دەیانویست بەشتێک پێ بکەنن. فیلمی پشمینی فرێد ئۆت (١٨٩٣)، فیلمێکی سەرەتایی ئەدیسۆن بوو بۆ کینتۆسکۆپ Kinetoscope، نەریتێکی درێژی فیلمی کۆمیدیی داهێنا. لە ژێر چاودێریی ماک سێنێت، شانۆنامەی سلاپستیک slapstick (شانۆنامەی شەقە و تەقە: شانۆیەکی قۆشمەیە پڕە لە زرمەزلێ و کردەوەی هیچوپووچ و منداڵانە) لە فۆرمێکی شانۆی لاسایی

پەیدا بوو و فۆرمێکی هونەریی وەرگرت. پێشکێشکردنی شانۆکانی کی ستۆن کۆپس و ئەو گاڵتەبازییە وایان لە خەڵکی کرد بە دەزگا کۆمەڵایەتییەکان پێ بکەنن، کە هیچ شتێک نەبوو جگە لە گاڵتەوگەپ. پۆلیسێکی گاڵتەجاڕ لە ناو فیلمێکدا بۆ پەنابەرەکانی گەلی وڵات شتێکی زۆر سەیر و نامۆ بوو.

لە سلاپستیکە کۆمیدییەکاندا، مەترسیی بەردەوام هەبوو، بەڵام کەس نەمرد و کەسیش بەسەختی بریندار نەبوو. کات و شوێنەکان واقیعی بوون، بەڵام ناوەڕۆکەکە زێدەڕۆییی تێدا بوو تا دەگەیشتە پووچگەرایی لە فیلمی خێرادا، ئەکتەری سەیر و گاڵتەباز، بڕینی فیلمەکان، وەستاندنی لە ناکاو هەبوو لە ناو فیلمەکاندا. کاتێ ئۆتۆمۆبێلی پاڵەوانی فیلمێکی کۆمیدی بزوێنەرەکەی لێ کەوتە خوارەوە، بینەران خۆیان پێ ڕانەگیرا و دایانە قاقای پێکەنین. دوای سێنێتی دەرهێنەر، ئەکتەری فیلمی بێدەنگ پەیدا بوو کە فۆرمە هونەرییەکەی لەوپەڕی بەرزیدا بوو. هارۆلد لیۆد، بەستەر کیتن و لە سەرووی هەمووشیانەوە چارلی چاپلن کە سلاپتیکی لەگەڵ سۆز و ئێش و ئازار تێکەڵ کرد. ڕەفتارە پێکەنیناوییەکانی، ڕۆمانس و خەمبارییەکانی کارەکتەرێکی کلاسیکیی دروست کرد لە سەرووی هەموو سەردەم و کولتوورێکەوە بوو، بەتایبەتی لە فیلمەکانی the kid،the gold rushو city lights کاریگەرییەکی بێ وێنەی لەسەر بینەر بەجێ هێشت.

## ئەکتەرەکان

وەک جاران، موشتەرییەکان قسەیەکیان هەبوو بیکەن لەسەر ئەو شتەی پارەیان بۆ دەدا، سەیری بکەن. بینەر لە ڕێگەی کڕینی پلیتەکانەوە خولیای خۆیان بۆ چەند ئەکتەرێکی پیاو و ئافرەت دووپات کردەوە. ئاکامی ئەمەش برێتی بوو لە دروستبوونی سیستمی ئەستێرەی هۆلیوود لە سەرەتای مێژووی وێنەی جووڵاودا. وای لێ هات دەرهێنەرانی فیلم نانیان لەسەر ئەو ئەکتەرانە بوو کە لەسەر شاشە دەردەکەوتن.

ئەکتەرە سەرەتاییەکانی سکرین ئەو کەسانە بوون کە لە بەردەم کامێرا دەردەکەوتن ،چونکە لە پشتی کامێراوە بە هیچی ترەوە سەرقاڵ نەبوون. ژنەکان، هاوڕێکان و میوانان گەڕانەوە ناو هۆڵەکان. کاتێ سەکۆی ئەکتەران دەستی پێ کرد، ئەکتەر بەدوای ستۆدیۆی تازەی فیلمدا دەگەڕا بۆ کارکردن، پیشەی ئەکتەرێتی پەیدا بوو، بەڵام بەشێوەیەکی بەرفرە نەبوو؛ چونکە خاوەنی ستۆدیۆکان لەوە دەترسان ئەمە وا لە ئەکتەرەکان بکات داوای مووچەی زیاتر بکەن. ئەم هەلومەرجە خێرا گۆڕانی بەسەردا هات. خاوەن شانۆکان بەرهەمهێنەرانیان ئاگەدار دەکردەوە کە بینەر دەیەوێ سەیری ئەو دەموچاوانە بکات کە

لایان غەریب نین. بۆیە پێشبڕکێ بڵاو بووەوە لە شار و شارۆکەکان و بانگەوازیان دەکرد ئەو ئەکتەرە پیاو یان ئافرەتەی کە لەو دیمەنانە دەرکەوتووە دەتوانێت جارێکی تر بەشداری بکات لە بیجوو لە وێنەی جوولاوی تازەدا. ئەمەش مانای ئەوە بوو کە پلیتی زیاتر فرۆشران.

لە ساڵی ١٩١٤دا، چارلی چاپلن هەفتانە ١٢٥ دۆلاری پێ دەدرا. لە ١٩١٥دا، هەفتانە ١٠ هەزار دۆلاری پێ دەدرا لەگەڵ ١٥٠ هەزار دۆلاریش هەقی مۆرکردنی گرێبەستەکە. لە ١٩١٦، ماری پیکفۆرک هەفتانە ١٠ هەزار دۆلاری هەبوو لەگەڵ نیوەی قازانجی فرۆشی وێنەکانی. لەو کارەی ئەوان دەیانکرد، شایەنی ئەو پارەیە بوون. لە خانە تاریکەکانی فیلمدا، جەماوەر هەستی دەکرد نێزیکە لەو ئەکتەرە بەناوبانگانەی کە لە نێزیکەوە سەیریانی دەکرد. بەلایەنی کەم بۆ ماوەیەکی کورت، بینەری فیلم ئامادە بوو هەموو شتێک بکات لە پێناو چێژ وەرگرتن لە فیلمەکان. ئەو ئەزموونە هەرگیز لە ژیانی ئێمە دانەبڕا.

بینەرانی فیلم، فیلمی زنجیرەییان دەویست، واتە فیلمێکی کۆمیدی زۆر لە فیلمی داهاتوو جیاواز نەبێت، فیلمێکی کاوبۆی ڕۆئاوایی لەوەی دوای خۆی زۆر جیاواز نەبێت. زۆربەشیان حەزیان دەکرد فیلمەکان بە خۆشی تەواو بن. میلۆدراما melodrama شانۆنامەیەکە پڕە لە کرداری وروژێنەر و دڵداری و هەست بزوێن، گەلێک جاریش توندوتیژ و پڕ سۆزی کە ئەنجامەکەی بە خۆشی کۆتایی دەهات. گۆڕانێکی دروست کرد لە قۆناخی سەکۆوە بۆ سەر سکرین. پاڵەوان لە دوا ساتی فیلمەکەدا دەردەکەوت و خۆشەویستەکەی لە بەردەم هێڵی شەمەندەفەر ڕزگار دەکرد، دواتریش بە دوای تاوانبارەکە دەکەوت. بڕینی فیلم (مۆنتاج) شوێن و میزاجەکانی ڕێک خست، هەروەها ڕووداوەکانی لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی تر ڕێک خست. ئەم بێگومان زۆر باشتر بوو لە بەرزکردنەوە و نزمکردنەوەی پەردەی سەکۆیەکە. جوولانی ڕاستەقینەی شتەکان و ئەکتەرەکان هەستێکی باشتری واقیعی هەبوو لە لاساییکردنەوە و بەکارهێنانی کارتۆن. میلۆدراما و فیلمی دەرەوە لە یەکتری دروست دەکران.

ئەدۆلف زوکۆر ٣٥ هەزار دۆلاری لە ١٩١٢ سەرف کرد تا ئەو فیلمەی لە فەرەنسا دروست کرا بوو بباتە ئەمەریکا، ئەویش بەناوی شاژن ئیلیزابێس لە دەوری سارا بێرنهارد. پلیتی بە یەک دۆلار بوو، نرخێک بوو پێشتر کەس ئەوەندەی نەدابوو، هەروەها شانۆیەکی سەرەکی بەکرێ گرت. زوکۆر، ئەو کەسەی وێنەی پاراماونتی دروست کرد، پێی دەگوترێت باوکی فیلمی باکگراوندی. خۆی جارێکیان گوتی "خەڵک هەرگیز بەهەڵەدا ناچن."

## سیستمی بەرهەمهێنان

میلۆدراما پێش کەوت و بووە درامای ڕۆمانسی کاتێ the birth of a nation لە ساڵی ١٩١٥ دەرچوو، فیلمێکی باکگراوندی بوو نێزیکەی سێ سەعات درێژ بوو. دی دەبڵیو گریفیسی دەرهێنەر لەقتەی درێژ و کورت و مامناوەندیی بەکار هێنا، جووڵانی نوێ خستە ناو، بەویستی خۆی شوێنی هەڵبژارد بۆ جووڵەی ئەکتەرەکان، ئەمانە ستاندارێکی نوێ بوون بۆ وێنەی جووڵاو. ئەو سوور بوو لەسەر نیشاندانی ئەکتەر لە نێزیکەوە، هەرچەندە جێبەجێکارانی ستۆدیۆ ناڕەزاییان دەردەبڕی و دەیانگوت بینەر دەیەوێت هەموو ئەکتەرەکە ببینێت نەک نیوەی جەستەی ئەکتەر. لە فیلمی the birth of a nation (لەدایکبوونی نەتەوەیەک) زمانی بینراو بەکار هات کە خەڵکی زۆر باش تێیان دەگەیشت. هەرچەندە فیلمێکی بێدەنگ بوو بەڵام موزیکی زیندووی هەبوو، سەمفۆنیا و پیانۆ بەکار هێنران بۆ ژەنینی موزیکی فیلمەکە.

لەدایکبوونی نەتەوەیەک فیلمێک بوو لایەنگیریی پێوە دیاربوو، باسی سپیپێستەکان و ستەمی تاک باوەڕی و باوەڕی یەک لایەنەی دەکرد. خەڵکێکی زۆری توورە کرد، خۆپێشاندان ئەنجام درا و هاووڵاتییە دیارەکان ناڕەزاییان دەربڕی، بەڵام ئەمانە ناوبانگی فیلمەکەیان زیاتر کرد. ئەمە یەکەم فیلم بوو خەڵکی بەیەکتری دەیانگوت: پێویستە ئەو فیلمە ببینی. ڕای ڕەشپێستەکانیش بە هەند وەرنەدەگیرا؛ چونکە لە شانۆ و فیلم بێ بەش کرابوون. لە باشووردا، یان ئەوەتا بۆیان نەبوو سەیری فیلم بکەن یانیش لە کونجێکەوە دەیانتوانی شوێن بگرن، کەچی خەڵکی باکور بەڕێزەوە لە پێشەوە و لە بالکۆنەکانەوە شوێنیان دەگرت، لە نێزیک دیوارەکانەوە شوێنیان بۆ دەگیرا.

## وێنە جووڵاوەکان لە وڵاتانی تردا

زوو یا درەنگ هەموو نەتەوە گەورەکانی جیهان و گەلێ نەتەوەی بچووکیش سینەمای تایبەت بەخۆیان دامەزراند. شانبەشانی هێڵی ئاسمانیی نێودەوڵەتی، خاوەندارێتی پیشەسازیی فیلم بوو بە پێوەرێکی شانازیی نەتەوەیی.

لە کاتێکدا بەرهەمی وێنەی جووڵاوی ئەمەریکی بەرەو هۆلیوود و کۆمەڵگەکانی دەوروبەری لە باشووری کالیفۆرنیا چوو، نەتەوەکانی تر پیشەسازیی فیلمی خۆیان دروست کرد. هەریەکە لە ئەڵمانیا و دانیمارک بانگەشەی ئەوە دەکەن کە یەکەم ستۆدیۆ وێنەی جووڵاو هی ئەوان بووە. شەڕی یەکەمی جیهانی تەکانێکی بە هۆلیوود دا، چونکە

زۆربەی ستۆدیۆ ئەوروپییەکان داخران. ئەو کێشانەی لە کاتی شەڕدا سەریان هەڵدا، بریتی بوون لە سلیلۆز، بنکەی فیلم و هەروەها هەموو جیهان خەریکی دروستکردنی تەقەمەنی بوو. لەبەرئەوە ئەوروپییەکان بەرهەمی فیلمیان کەم بووەوە، دەچوون فیلمیان لە ئەمەریکاوە دێنا. دوای شەڕ، بەرهەمی نەتەوەیی فیلمیان دەستی پێ کردەوە.

فەرنسای پێشەنگی فیلمی ئەوروپی بەپاش کەوت، چونکە نەیتوانی دوای شەڕ پیشەسازیی فیلم بەشێوەیەکی تۆکمە بینا بکاتەوە، بەڵام چەندان فۆرمی نائاسایی دەربڕینی هێنا کایەوە، بە تایبەتی بزووتنەوەی ئەڤانت گاردی Avant-garde (کۆمەڵێک نووسەر و فیلمساز و ڕۆشنبیر و هونەرمەندی داهێنەر بوون) لە پێشخستنی فیلم، شیعر، نیگار و مۆزیک ڕۆڵێکی باڵایان هەبوو. بزووتنەوەکە بەچاوێکی نوێ و سیمبولیانە سەیری جیهانی دەکرد. دەربڕینی هونەر کە بەهایەکی سەرسڕهێنی هەبوو، خەڵات کرا، جا "شیاو" بووایە یاخۆ نا. دوای شەڕی دووەمی جیهان، نەریتێکی نوێ پیشەسازیی وێنەی جووڵاوی فرنسای بووژاندەوە. پێی گوترا شەپۆڵێکی نوێ، ئەم شەپۆڵە دژی ئەخلاقییاتی پەسندکراو و کۆدە ئاساییەکانی ڕەفتار راپەڕتی. لەگەڵ تەشەنەکردنی ئەم شەپۆڵە نەریتی دەرهێنان هاتە گۆڕێ، کە فیلم بەئەقڵی تاکە کەسێک دروست دەکرا ئەویش ئەقڵی دەرهێنەر بوو، نەک بەئەقڵی کۆمەڵێک ئەکتەر و نووسەری بەتوانا و بە دەرزەن ڕۆشنبیری تر.

لە ڕووسیا، دوای شۆڕشی بەلشەڤیک لە ساڵی ١٩١٧، کۆمپانیایەکی فیلمی سۆڤیەتی و یەکەم قوتابخانەی جیهانیی فیلم، پەرەیان بە ئایدیۆلۆژیای مارکسی دەدا. لینین کاتێ درکی بە دەسەڵاتی سیاسیی هۆگەلی گەیاندن کرد، گوتی " سینەما بۆ ئێمە گرینگترین هونەرە." بۆ زیاترکردنی پشتگیری، گرووپێکی پروپاگەندەچی بەناو شاردا بڵاو دەبوونەوە و میسالیاتەکانی کۆمونیستیان بەخەڵکی ئاشنا دەکرد. کۆمپانیای فیلم لەلایەن چەند دەرهێنەرێکی بەتوانا دامەزران وەک سێرجی ئیسنستن کە تیۆرەکەی لەسەر مۆنتاج، پێوەندیی دیمەنێک بەدیمەنێکی ترەوە، کاریگەریی لەسەر زۆرێک لە دروستکەرانی فیلم هەبوو. فیلمەکەی بەناوی battleship potemkin بەگرینگترین فیلم ناوزەند دەکرا، چونکە هونەری مۆنتاجکردنی تێدا بوو و هەر دیمەنێک کێشی خۆی هەبوو و وێنە بینراوەکان تەواوکەری یەکتر بوون. لە هەمان کاتدا، ڕادیۆ پەیامی کۆمونیستانی بەتەواوی لە یەکەیتی سۆڤیەتدا بڵاو دەکردەوە. لە ناو لادێیەکاندا، هەندێ ڕادیۆ هەبوون، بڵندگۆکان لە گۆڕەپانێکی بەرز لە گوندەکان دادەنران.

لە ئەڵمانیا، کۆمپانیایەکی چوست و چالاکی فیلم لە پەنجا ساڵی دوای شەڕی جیهانیی یەکەمەوە گەشەی سەند، فیلمەکانی زیاتر دەروونی بوون، نەک وەک فیلمە ئەمەریکییەکان

کە ناوەڕۆکیان لاواز بوو. فیلمە ئەڵمانییەکان بە دوای ڕوانگە تاریکترەکانی ڕوحدا دەگەڕان، ڕەنگدانەوەی شکست و تاڵی و شکانی شانازی نەتەوەییی مرۆڤ بوو، گوزارە بوون لەو سەردەمانەی کە یەک سەمون بە مستێک پارە بوو. دەگوترا خاڵی نەتەوەیەک خاڵی بەرزی فیلمە بێدەنگەکانی بوو. لێرەدا تەکنیکەکانی جووڵاندنی کامێرا پەرەیان سەند و فراوان بوون. کاتێ نازییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست، هەندێ لە دەرهێنەر، ئەکتەر و تەکنیککارە هەرە مەزنەکانی ئەڵمانیا هەڵاتن بۆ هۆلیوود. نازییەکان سینەمای ئەڵمانیایان داگیر کرد و وەک سوپایەکی پڕوپاگەندەیی بۆ وڵات بەکاریان هێنا. دوای شەڕی دووەمی جیهانی ، کۆمپانیای فیلمی ئەڵمانی بووژایەوە و جەختی دەکردە سەر هزر و بابەتە بەهێز و نائاساییەکانی.

لە بەریتانیا، نەریتێکی فیلمی دۆکیومێنتەریی کۆمەڵایەتی، گەشەی سەند لە کاتی گرانییە گەورەکە و شەڕی دووەمی جیهانیدا. ئەو فیلمانە باسیان لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکرد و دەیانخستنە ڕوو، هەروەها بۆ حکوومەت پێشنیازی چارەسەریشیان دەکرد بۆ کێشەکان. بەریتانییەکان توانییان بەهۆی پێکەنین بەخۆیانەوە چێژ و لەزەت وەرگرن. چەند فیلمێکی بەریتانی لە دوای شەڕ وەک passport to pimlico و Tight Little Island وای لە خەڵکی کرد بە کێشە و ئێش و ئازارەکانی پێ بکەنێت.
سەرنجی جەماوەریان لە ئەمەریکا و ئەنجومەنی پیرانی بەریتانی ڕاکێشا. فیلمی گاڵتەئامێزی python the monty یەکێک لە نموونە سەرەتاییەکانی ژیرایەتیی بەریتانییەکان.

ئیتاڵیا لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە قوتابخانەیەکی نیوڕیالیزمی new realism دامەزراند، کە تەواو پێچەوانەی ڕێبازی هۆلیوود بوو. فیلمەکانی وەک open city، shea-shine و the bicycle thief فیلمی دۆکیومێنتەری واقیعی بوون؛ چونکە ژیان و نەهامەتی هەژارانی بەپێی خشتەیی کات دەخستە ڕوو.

کۆمپانیای فیلمی ژاپۆنی دەدرەوشایەوە لەبەر دەرهێنەرەکانی. دەرهێنەر ئاکیرا کوروساوا ناودارترین و ناسراوترین دەرهێنەرە لەلای جەماوەرە ڕۆژئاواییەکان. فیلمەکەی بەناوی (rashomon 1950)، فیلمێک باسی لە سەردەمی درێژخایەنی دەرەبەگایەتیی ژاپۆن دەکرد. فیلمێکی کلاسیکی بوو، یەکێک لە گفتوگۆیەکی ئاساییدا دەیەوێ ئەو خاڵە بورووژێنێت کە ئەو کەسانەی بەهەمان ئەزموندا تێپەڕ دەبن، ڕەنگە یادەوەرییەکانیان لەگەڵ ئەو ئەزموونە جیاواز بێت. لە چیرۆکی rashomon دا، چەند دزێکی چەکدار هێرش دەکەنە سەر ژن و مێردێک لە ناو دارستاندا، دواتر خەڵکی ڕووداوەکە دەگێڕنەوە. هەر

گوتەیەک لە بەرژەوەندیی قسەکەردایە لەسەر حسێبی دووەکەی تر (ژن و مێردەکە).
داربڕەوەیەک بە ڕێککەوت لە ناو دارستانەکە دەبێت ڕووداوەکە بەوردی و بابەتییانە و وەک خۆی دەگێڕێتەوە، بەم شێوەیە هەرسێ گێڕانەوەکەی پێشوو خراپ و نادروست دەردەچن ڕەخنەگران فیلمی roshomon بە باشترین فیلمی ئەو سەردەمە دادەنێن.

هیندستان و چینیش کۆمپانیای پێشکەوتووی فیلمیان هەبوو. هیندستان فیلم لە هۆلیوود زیاتر بەرهەم دێنێت. لەم سالآنەی دواییدا لە چین فیلمەکان خەلآت دەکران، بەتایبەتی ئەوانەی کە داستان و هەست و سۆزیان تێکەڵ بەیەکتر دەکرد.

## هاتنی دەنگ

شانۆ بێدەنگەکانی فیلم هەموو شتێک بوون بەس دەنگیان نەبوو. ئەوەی دەنگی لێوە دەهات جەماوەر بوو. سلایدەکان ئەم پەیامەیان هەڵگرتبوو " تکایە وریای تەپەی پێتان بن. ئەگینا زەوییەکە دادەتەپێت." هەندێ کۆشکی فیلم ئۆرکێسترا، ئامێری دەنگیان تێدا بوو وەک نۆیزۆگراف Noiseograph، دراماگراف dramagraph و ساوندۆگراف soundograph، کە کیبۆردەکانیان دەنگی شکاندنی شووشە، غارە غاری ئەسپیان لێ دەدا. ئەکتەرە پرۆفێشناڵەکان بەم شێوەیە گفتوگۆی پشت سکرینیان شی دەکردەوە:

بەکارهێنانی ئەکتەری زیندوو بەشێوەیەکی سیستماتیکی لە وێنە جووڵاوەکاندا لە سەرەتای ساڵی ١٨٩٧ دەستی پێ کرد. هەروەها لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستدا ژمارەیەک کۆمپانیای ئەکتەری پرۆفێشناڵ دامەزران بۆ دابینکردنی ئەکتەر بۆ شانۆکان. لە ڕاستیدا، پاش ئەمە فیلمی بێ دەنگ بوو بە ئەفسانە. هەرگیز نەمانبینییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، زاراوەی فیلمی بێدەنگ تا ساڵی ١٩٢٦ بەدەگمەن بەکار دەهات، بەڵام دوای ئەو ساڵە زاراوەکە کەوتە سەر زاری خەڵکی.

تاکە بایەخی ڕاستەقینە بۆ فیلمی دەنگدار لەلایەن کۆمپانیای وارنەر برۆسەوە هەبوو، ئەویش کاتێ کۆمپانیاکەی ڕووی لە پەرپووتی و شکست بوو. هەرچەندە دەڵێن هاری ئێم وارنەر پرسیویەتی " بۆ خاتری دۆزەخ کێ دەیەوێت گوێی لە ئەکتەرەکان بێت قسە بکەن؟" هەروەکو بەپێچەوانە دەرچوو، خەڵکی بەگشتی دەیانویست گوێیان لە ئەکتەر بێت. سیستمی ڤیتافۆن vitaphone بەکار هێنرا. ئەم سیستمە دەنگی لەسەر دیسکێکی فۆنۆگراف لەگەڵ پرۆجێکتەری فیلمەکە تێکەڵ دەکرد. کۆمپانیای وارنەر لە ١٩٢٦ لەگەڵ فیلمێکی بێدەنگ چەند کورتە دەنگێکی دانا. فیلمەکە ناوی دۆن جوان بوو. لە ناو ستۆدیۆ مۆزیک خرایە سەر فیلمەکە، هەروەها دەنگی شەڕە شمشێریشی تێ خرا، بەڵام لێوی

ئەکتەرەکان نقەیان لێوە نەدەهات. ساڵێک دواتر، کۆمپانیای وارنەر برۆس دووبارە هەوڵی خۆی دایەوە. لەگەڵ فیلمێکی باکگراوندی مۆزیک و چوار گۆرانی و قسەکردنی تێ خست. لە بەشی دووەمی فیلمی "Mammy"دا گۆرانیبێژی جاز ئال جۆلسن ئەم قسانەی لە دەم هاتە دەر " یەک دەقە چاوەڕێ کە! یەک دەقە چاوەڕێ کە! لەگەڵ تۆمە! تا ئێستە گوێت لە هیچ نەبووە."

بەڕێوەبەرانی هۆلیوود دەیانویست واز لە فیلمی دەنگدار بهێنن و بەتەنیا لەگەڵ فیلمی بێدەنگ بمێننەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت، پلیت زۆرتر دەفرۆشران و خێرا فیلمی دەنگدار لە ستۆدیۆکانی هۆلیوود بەرهەم هێنران. لە ١٩٢٩، فیلمی broadway melody خەڵاتی ئەکادیمیی بردەوە بۆ باشترین وێنە.

زۆربەی ستۆدیۆ و ئەستێرەکان، بەتایبەتی چاپلن، حەزیان لە سکرینی بێدەنگ بوو لەگەڵ نووسینی قسەکان لە ژێرەوەی فیلمەکە، بەڵام دووبارە خەڵک بەهۆی کڕینی پلیتەوە پاڵپستۆیەکیان دروست کرد لەسەر فیلم دروستکەران دەنگ بخەنە ناو فیلمەکانیان. بەو شێوەیە، خەڵک سوور بوو لەسەر داواکارییەکانیان و فیلمەکان بەویستی ئەوان دروست دەکران و ئاراستەیان دەگۆڕی. داواکاری و ناڕەزاییەکان ئەو مشتومڕەیان بەلاوەنا کە دەنگ بۆ چینی هەژارە و فیلمی بێدەنگ بۆ چینی هەستیار و خوێندەوار و ڕۆشنبیرە. بەڕێوەبەرانی هۆلیوود دەبوایە باشتر ئاگەدار بووان چونکە فیلمی دەنگدار یەکسەر لە دوای وەشانەوە پەیدا بوو، زۆر بەخێرایی بڵاوبوونەوە، خێراییەکەی بەقەد خێرایی ئەو خەڵکە بوو لە کڕینی سێت ڕادیۆ.

## هاتنی ڕەنگ

یەکەم جار، چەند فیلمێک بەدەست، دیمەن بەدیمەن، ڕەنگرێژ دەکران. دیارە ئەمەش چارەسەرێکی کردەیی نەبوو. لە پرۆسەیەکی تردا، دیمەنەکان بە کاڵی ڕەنگ دەکران، دیمەنی ڕەش و سپی فیلم بۆیە دەکران، ئەگەر ئاسمان بووایە شینیان دەکرد، ئەگەر سووتانی باڵەخانەیەک بووایە سووریان دەکرد. میتۆدێکی باشتر، کە کیمیایی بوو، سێبەر و پارچە تاریکەکانی دادەپۆشی و شوێنە دیارەکانی بەڕوونی نیشان دەدا. ئەم هەوڵانە زیاتر لایەنی میزاجی بوون بۆ فیلمەکە نەک زیادکردنی ڕیالیزم.

یەکەم داوای یاسایی بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی پرۆسەی ڕەنگرێژکردن لە ساڵی ١٨٩٧ پێشکێش کرا، کەمێک دوای ئەو داوایە فیلم دەستی پێ کرد. چەندان پرۆسەی

ئیختیارکردنی ڕەنگ هاتە گۆڕێ، فیلتەری بۆیە و ڕەنگیان بەکار دەهێنا، بەڵام جۆرەکەی باش نەبوو. تەنیا تەکنیکەلەر Technicolor کە لەلایەن هێربەرت کالموسەوە داهێنرا سەرکەوتوو بوو، لە ساڵی ١٩٢٢ وەک پرۆسەیەکی دوو تۆنی پەیدا بوو، بەڵام بەچەند ساڵێک باشتر بوو و بوو بەپرۆسەیەکی سێ تۆنی. میتۆدی ئاڵۆز نەک هەر تەنیا وێنەی چاپکراوی لە خۆ دەگرت لەسەر فیلمی تایبەتی لەگەڵ پرژاندنی چینێکی تەنکی ڕەنگ، بگرە گرتن بەهاوێنەی کامێرای تایبەتی کە ڕووناکییەکانی لێک جیا دەکردەوە، وێنە جیاکراوەکانی دەنارد لە ڕێگەی فیلتەری ڕەنگی جیاوازەوە. دواجار تەکنیکەلەر باڵی بەسەر فیلمەکانی هۆلیوودا کێشا، هەرچەندە زۆربەی دەزگاکانی زۆر گرینگییان بەلایەنی باشی یان خراپی نەدەدا.

پێشڤەچوونی سیستمی تەکنیکەلەر بێ سێ و دوو یەکێکە لە پێشڤەچوونە تەکنیکییە هەرە گرینگەکانی ئەو دەیەیە (ساڵانی سییەکان)، بەڵام زۆربەی خەڵک لە ناو کۆمپانیاکە بەشتێکی نوێ و جیاوازیان نەدەزانی.

خەڵک هەردەم وەک جاران باشی و خراپیی ڕەنگی فیلمیان لا گرینگ بوو، هەر ئەوانیش سەرکەوتن. دێڕە درێژەکانی فیلم gone with the wind بەبایدا چوو: ١٩٣٩ دەبووایە بڕوای بە هەر گومانکەرێک بکات لەسەر ئەو خاڵەی کە خەڵک کەیفیان بەچیرۆکی ڕۆمانسی دەهات لەگەڵ ستایلی تەکنیکەلەر.

لە ساڵانی هەشتاکاندا، کاتێ فیلمە ڕەش و سپییەکان ڕەنگرێژ کران بۆ تەلەڤزیۆن، ڕەنگ بە تەواوی بایەخی پێ درا، بەڵام ڕایەکی تر هەبوو لە دژی ڕەنگ: ڕەنگی کۆمپیوتەر تێڕوانینی سروشتییانەی دەرهێنەری کاڵ و لاواز کردووە. جارێکی تر، خەڵک حەزی لە ڕەنگی جۆراوجۆر بوو. هەمدیس خەڵک سەرکەوتەوە. بۆ ڕەنگکردنی فیلمێکی ڕەش و سپی، تەکنیکارەکان سۆفتویری گرافیکی کۆمپیوتەریان بەکار دەهێنا، ڕەنگێکیان بۆ چوارچێوەیەکی تەواو هەڵدەبژارد. بۆ نموونە، تەکنیکارەکە شینێکی کاڵی بۆ جلی ئافرەتێک یان کراسی پیاوێک دادەنا، بێ ئەوەی بزانێت یان نیگەران بێت لەوەی ڕەنگە بنەڕەتی و ڕاستەقینەکە چییە.

## ئەستێرەکان و فیلمەکانیان

یەکەم کۆواری هەوادارانی فیلم بەناوی فۆتۆپلێی photoplay لە ساڵی ١٩١٠ دەرکەوت. کاتێ کۆمپانیای (picture story motion چیرۆکی وێنەی جووڵاو) ساڵێک پاشتر داوای لە خوێنەران کرد، خۆشترین چیرۆکە فیلم هەڵبژێرن، زۆربەی خوێنەران وەڵامیان داوە و

پرسییان: بەپشت بەستن بەو ئەکتەرانەی خۆشمان دەوێن چیرۆکەکان هەڵبژێرین؟

سیستمی ئەستێرە یەکێک بوو لەو ڕێگەیانەی تێیدا خەڵکی بەپێی ویستی خۆیان ئاراستەی فیلمیان دەگۆڕی. مەسەلەی خۆشەویستی لە نێوان هەوادارانی فیلم و ئەو شتانەی لەسەر شاشەکان خەڵک حەزیان لێیان دەکرد زۆر قووڵتر بووەوە کاتێ ئەکتەرەکان خۆیان لە ناو دڵی جەماوەر و هەوادارانیاندا کردەوە. سیستمی ئەستێرە گەیشتە لووتکە کاتێ ستۆدیۆ گەورەکان خۆیان گەیشتنە لووتکە لە سالانی سییەکان، چلەکان و پەنجاکاندا. دەیە دوای دەیە، ناوی ئەکتەرە ناودارەکان لە ماڵەکاندا باس دەکران و بوون بەبابەت، هەندێ لەو ئەکتەرانە: جۆن باریمۆر، گریتاگاربۆ، جینیت ماکدۆناڵد، جەیمس کاگنێی، گاری کوپەر، کاسرین هێپبێرن، کاری گرانت، جۆن واین، بۆب هۆپ، بینگ کرۆسبی، هەمفری بۆگارت، ئینگرید بێرگمان، دانی کەیی، جودی گارلاند، فرێد ئاستێر، ماریلان مۆنرۆ، ئیرۆل فلین، بێت دەیڤیس، پۆل نیومان، ئیلیزابێس تەیلەر، فرانک سینارتا، سۆفیا لۆرێن، هێنری فۆندا، ئۆدری هێبێرن، مارلۆن براندۆ، کۆڵدی هۆن، میل گیبسن، مادۆنا، کلینت یستوود، هاریسۆن فۆرد و جولیا ڕۆبێرت. تەنیا ناوی ئەو ئەکتەرانە لەسەر شانۆکان و سینەماکان بازاڕێکی گەرمی پلیتی پەیدا دەکرد.

موزیک لە سالانی سییەکان بەولاوە هۆلیوودی گەیاندە لووتکە. ئەگەر جەماوەر حەزی لە خەیاڵ تێکەڵ بەئێش و ئازارەکانی بکردایە، ئەوا "کارگەکانی خەون" زۆر خۆشحاڵ بوون و بەویستی جەماوەر فیملیان دروست دەکرد. گەلێ ستۆدیۆ موزیکی خستە سەر فیلم، بەلام هیچیان وەک MGM سەرکەوتوو نەبوون، کە چەندان ئەکتەری لێهاتوویان هەبوو بەشێوەی گرێبەست کاریان لەگەڵ دەکردن. گرێی فیلمەکان پووچ بوون و کۆتاییەکەشی ئاشکرا بوو، بەلام بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش پێشکێشیان دەکرد. ئەوجا جەماوەر ویستی دەرباز بێت لە گۆرانی، سەما، خەیاڵ و تەکنیکەلەر، ستۆدیۆکانیش بەپێی ویستی ئەوان کاریان کرد.

ئەگەر هەر جۆرە فیلمێکی هۆلیوود باشتر و ناودارتر بووایە لە جیهان لە چاو فیلمێکی موزیکی، ئەوا فیلمی ڕۆئاواییەکان بوو. لەو کاتەوە فیلمی great train robbery فیلمی بەرەو ئاقاری گێڕانەوەی خەیاڵ بردبوو، بەلام هۆلیوود "ئۆپێرای ئەسپەکان"ی بەرهەم هێنا و ئەفسانەی کاوبۆیەکی تەنیای دروست کرد، ئە کارەی دەکرد کە بە ڕاستی دەزانی، لایەنی حەپەساوی و سەرسامییەکەی گرینگ نەبوو بەلایەوە. ڕۆئاواییەکان خێرا و بەهەرزان کاریان دەکرد، گرێی سادە و ئاشنایان بۆ فیلمەکان دادەنا، گفتوگۆی ڕێبوارەکان، پاڵەوانەکان بەکلاوی سپییەوە، شەڕانگێزەکان کلاوی ڕەشیان لەسەر دەکرا،

ئەو هیندییانەی کە شتێک زیاتر لە "چۆن!"یان دەگوت، هەروەها بە ئاماژەیەک ئەسپەکان دەجووڵانەوە، کارەکان لە قالبی ئاساییی خۆیان دەچوونە دەرەوە. کوڕە بچووکەکانی نەوەی تازە، ئەوانەی خەونیان بەوەوە دەبینی ببن بە کاوبۆی، هێرشیان کردە سەر هیندییەکان.

ئەگەر بەسادەیی باس لە داستانە مێژوویییەکان بکەین، دەتوانین بڵێین جەماوەر حەزی لێیان بوو. موشتەرییەکان پلیتیان بەگران دەکڕی و شانۆکانیان پڕ دەکردەوە، سەیری ئەو فیلمانەیان دەکرد کە ئەستێرەی ناوداریان تێدا بوو و بودجەی زۆریان بۆ تەرخان کرابوو، ئەو فیلمانەی سەرنجڕاکێشترین جلوبەرگیان تێدا بەکار دەهات، ڕێکخستنیان باش بوو، فیلمێک بەهەزاران کەس بۆی دادەنیشت.

فیلمە ئاکشنە سەرکەشییەکان وەک ئەم سەردەمەی ئەمڕۆ، لە سەردەمی ڕۆژە بێدەنگەکان بازاڕیان گەرم بوو کاتێ پەنابەرەکان لەزەتیان لەو فیلمانە وەردەگرت بێ ئەوەی لە زمانەکە بگەن. فیلمەکان نەپێشبڕکێی زمان نەهزریان نەدەکرد. فیلمە کاراتییەکان لە هۆنگ کۆنگەوە ڕۆڵیان باش دەبینی و بە ئینگلیزی قسەیان دەکرد. هەروەها فیلمەکانی سیلڤیستەر ستالۆن بازاڕیان گەرم بوو لەلای چینییە ئینگلیزی زانەکان. ڕەنگە کارێکی ئەوەندە زرنگ نەبێت کە توندوتیژی بەکار دەهات، بەڵام بەدەست کەس نەبوو هەر بەکار دەهات.

## سانسۆر

لە کاتی دەست پێ کردنی فیلمە خەیاڵییەکاندا، هێزەکانی مسۆگەرکردنی ئاسایش پێچەوانە کرانەوە بۆ تێکدانی ئاسایش، لە ناو فیلمەکان بەکار دەهاتن. مێژووی وێنەی جووڵاو، نەک هەر تەنیا لە ئەمەریکا بگرە لە زۆربەی جیهاندا، دەکرێ بەشێوەیەکی نەپچڕاو باس بکرێت لە کۆنترۆڵەوە بۆ ئازادیی میانڕەوانە، دواتر ئازادیی فراوان، تا دەگاتە نەمانی کۆنترۆڵ بەتەواوی، ئەمەش بارێکە تا ئێستە گفتوگۆی لەسەرە.

سانسۆر لەسەر فیلمەکان لە ساڵی ١٩٠٩ دەستی پێ کرد لەگەڵ دامەزراندنی دەستەی سانسۆری نەتەوەییی وێنەی جووڵاو لە نیویۆرک، کە لەلایەن ئەندامانی پیشەسازیی فیلم دروست کرا. لە ١٩٢٢دا، پیشەسازییەکە شتێکی دامەزراند دواتر ناوی لێ نرا ئۆفیسی هێیس Hays Office، کە بەناوی یەکەم سەرۆکییەوە بوو (ویل هێیس)، بۆ پاراستنی جەماوەر لە ڕووداو و توندوتیژی. ئیدارەی کۆدی بەرهەمهێنان کۆدێکی دانا بۆ پەسندکردنی ڕەفتارەکان لەسەر شاشە، بەڵام ئەو ڕێنوێنییانە بەتێپەڕبوونی چەند ساڵێک نەرمییان تێدا نوانرا؛ چونکە فیلم دروستکەران ڕووبەڕووی سنوورەکان بوونەوە.

پرۆتێستانتە توندڕۆیەکان و سەرکردە کاسۆلیکییەکان، دەیانگوت سانسۆری هۆلیوود خۆی سانسۆرێکی بێ هێزە و ئەوەی هێیسیش شتێک زیاتر نییە لە کارمەندێک لە ناو کۆمپانیاکە، ئەمەش بووە هۆی هێرش و مشتومڕ کە بۆ چەند دەیەیەک بەردەوام بوو.

جەختکردنەوە لەسەر سێکس و توندوتیژی خێرا تەشەنەی کرد و بۆچوونە سیاسییەکانیشی لە خۆ گرت. شتە قەدەخەکراوەکان برێتی بوون لە مشتومڕی نێوان کرێکار و ئیدارە، حکوومەت یان گەندەڵیی پۆلیس، هەروەها نادادوەریش. وێنە جووڵاوەکان بە ئۆتۆمۆبێلێکی نەگونجاو دانرا بۆ گواستنەوەی مشتومڕە سیاسییەکان. ئەو فیلمانەی کە بەپێی ستاندارده توندەکان کاریان نەدەکرد خرانە ناو لیستی ڕەشەوە و ڕەت کرانەوە. ژمارەیەک ویلایەت و شار دەستەی سانسۆریان پێک هێنا بۆ تاقیکردنەوەی فیلمەکان، بەڵام ستانداردەکان لە دەستەیەکەوە بۆ دەستەیەکی تر جیاواز بوون. بۆ نموونە دەستەی ویلایەتی کانساس دیمەنەکانی وەک جگەرەکێشان، خواردنەوەی قەدەخە کرد، هەروەها دیمەنی ماچکردنیش تەنیا بۆ چەند چرکەیەک ڕێگەی پێ درا.

زنجیرە بڕیارێکی دادگەی باڵای ئەمەریکی لە پەنجاکانەوە تا حەوتاکان لەسەر بەدەستوورکردنی یاسای ویلایەتەکان لەبارەی ناشایستەیی زیاتر بواری بەفیلم دروستکەران دا. هێنانی فیلمی بیانی و پەیدابوونی تەلەڤزیۆن کاریگەرییان هەبوو لەسەر بەکۆتاهاتنی پێودانگ و سانسۆرەکان. فیلم هێشتا لە هەموو لایەکەوە پاڵەپەستۆی لەسەر بوو، پیشەسازیی وێنەی جووڵاو بڕیاری دا لە جیاتی تاکە ستانداردێک بۆ ئەو شتانەی کە نابێ لە فیلمەکان ببیسترێن، تەمەنی بینەری فیلمەکانی پۆلێن و کۆنترۆڵ کرد. لە ١٩٦٨دا، سیستمێک لە بەریتانیا بەکار دەهات، ئەویش برێتی بوو لە کۆدی سانسۆرکردن هەر کۆمپانیایەک، کە ئێستە ئەمڕۆ ئێمە بە R، PG،G و X بۆمان ڕوون دەبێتەوە.

## پرسە سیاسییەکان

لە کاتی گرانییە گەورەکەدا، کاتێ نەهاتیی ئابووری تەواوی سەرزەویی گرتەوە، خەڵک داوای کۆمیدی و فیلمی سەرکەشی کرد بۆ ئەوی ساتێک لەو ژیانە ناخۆشەیان دوور بکەونەوە. زۆربەی بینەران خۆیان بەدوور گرت لە سەیرکردنی فیلمی خەمناک و فیلمە جدییەکان، بۆیە هۆلیوود کەمتر لەو جۆرە فیلمانەی بەرهەم دەهێنا. ئەو پارەیەی کە بە پلیتی سینەما دەدرا، پارچە گۆشتێکی پێ دەهات، گالۆن و نیوێک گازۆلینی پێ دەهات، یان دەتتوانی بەو پارەیە هەشت نامە پۆست بکەیت و پێنییەکیش دەمایەوە بۆ کرێیی پۆستکارتێک. لە ١٩٣٩دا هەفتانە ٨٥ ملیۆن پلیتی فیلم دەفرۆشرا.

لە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهانیدا، هۆلیوود جێ پەنجەی هەبوو لەشەڕدا بەهۆی بەرهەمهێنانی فیلمی نیشتمانی. دوای شەڕ چەند بەرهەمهێنەرێک بوێرانە دەستبەکار بوون و بۆ یەکەم جار هۆلیوود فیلمی لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان ساز وەک کێشەی ڕەگەزپەرستی و دژە سامیەتی، فیلمەکانیش ئەمانە بوون: Home of the brave 1949، Pinky 1949، Gentleman's Agreement 1947، (lost weekend 1947 ئەمەیان لەسەر ئەلکوهول بوو) فیلمی Brute Force 1947 (ئەمەیان باسی دڕندایەتیی ناو بەندیخانەی دەکرد) لەگەڵ فیلمی the snake pit 1948 کە باسی لە بارە ترسناکەکانی ناو شێتخانەیەک دەکرد.

بەڵام، شەڕی سارد کە دوای شەڕی دووەمی جیهانی دەستی پێ کرد " مەترسیی سوور"ی لەگەڵ خۆی هێنا. کوتلەی سیاسیی گەورە لە هۆلیوود پەیدا بوون. ئەکتەرەکان، نووسەرەکان و دەرهێنەرەکان گومانیان لە ڕێبازە کۆمونیستەکان پەیدا کرد و خرانە ناو لیستی ڕەشەوە و کاریان لەسەر قەدەخە کرا. دوای دانیشتنەکانی لێژنەی چالاکییە غەیرە ئەمەریکییەکان، هەندێکیان چوونە بەندیخانەوە. ستۆدیۆ ترساوەکان کۆتاییی کاتیان بۆ فیلمەکان دادەنا کە پشتگیریی گۆڕانی کۆمەڵایەتییان دەکرد. خۆدزینەوە باوتر بوو و کێشەشی کەمتر بوو.

چەند ساڵێکی پێ چوو، بەڵام دواجار ئەم ئازارە نەما، هەرچەندە ئەمڕۆکە لێرە و لەوێ هەر هەستی پێ دەکرێت. کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو فیلمەکان دەستیان پێ کردەوە، کە وردە وردە کێشەکان کراوەتر باسیان لێوە دەکرا. لە سەردەمێکدا، بابەتەکانی وەک پێوەندییە دوژمنکارییەکانی ڕەگەزپەرستی، نێربازی، دڕندایەتیی پۆلیس و گەندەڵیی سیاسی سنووریان بەزاند. چی تر ڕەخنەگر سپایک لی خەڵاتی ڕەخنەییی وەرنەدەگرت لەسەر وێنە جووڵاوەکانی وەک do the right thing ١٩٨٨، کە بێ پێچوپەنا باس لە پێوەندییە ڕەگەزپەرستییەکان لە نێوان ڕەش و سپیدا دەکات. ئەمڕۆکە هیچ شتێک سنووری نەماوە و فیلم دروستکەران خۆیان لە قەرەی هەموو شتێک دەدەن. فیلمەکان لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نێودەوڵەتیی ڕکابەریی یەکتر دەکەن لەسەر دۆلار و تێڕوانینی جەماوەر، هەروەها لەگەڵ سێکسی ئاشکرا و توندوتیژیی بەرچاو. ئاشکرایە جەماوەر ئامادەیە پارە بدات بۆ هەموو ئەو شتانە و زیاتریش، هەروەها جەماوەر وەک عادەتێکی هەمیشەییی خۆی ئەوەی دەست دەکەوێت کە پارەی پێ دەدات.

## سەیرکردنی فیلم لە ناو ئۆتۆمۆبێلدا

تەلارەکانی نیشاندانی فیلم لە ناوەڕاستی شار و شانۆ لە گەڕەکەکان داخران کاتێ تەلەڤزیۆن بەسەر زەویدا، بەنێو نەوەی دوای شەڕدا بڵاو بووەوە، هەروەها چینی مامناوەند لە شارەکاندا کۆچیان بەرەو قەزا و ناحیەکان کرد، بەڵام یەک جۆرە شانۆی فیلم سەری هەڵدا. لە سەردەمی ژیان لە قەزا و ناحیەکاندا، سەردەمی باخچەوانی، بەلەم و برژاندنی گۆشت، خزمەتگوزاریی فیلم لە ناو ئۆتۆمۆبێلەکان شتێکی سروشتی بوو. ئەستێرەکانی فیلم ڕکابەرییان لەگەڵ ئەستێرەکانی ئاسمان دەکرد. لە ساڵی ١٩٥٨دا، نێزیکەی لە هەرسێ شانۆیدا، یەکێکیان خزمەتگوزاریی فیلمی ناو ئۆتۆمۆبێلی تێدا بوو، هەرچەندە دەبووایە دابخرێن بۆ نیوەی ساڵەکە لە ویلایەتەکانی باکوردا. خێزانی زیاتر و ئۆتۆمۆبێلی زیاتر، لەبەرئەوەی بەنزین هەرزان بوو، لە ناو ئۆتۆمۆبێلەکانیان سەیری فیلمیان دەکرد، کە بۆ منداڵان بەلاش بوو، هەروەها ئاسایی بوو لەفەکەت هینابایە ناو ئۆتۆمۆبێلەکە، تەنانەت ئاسایی بوو نانی ئێوارەت لەوێ خواردبا. دەتتوانی قسە بکەیت. لە جیاتی دانیشتن لە ناو شانۆیەک لەگەڵ خەڵکی نەناس، لەگەڵ خێزانەکەت پێکەوە بۆ ماوەیەک بەدیار تەلەڤزیۆنەوە دادەنیشتنی، جگە لەو کاتانەی ئەگەر فیلمی ناو شانۆ گشتییەکان باشتر بوونایە، یان ترسناکتر بوونایە، شاشەکە گەورەتر بوو، زۆرێک لە جوولانەکان و دیمەن یان گۆرانی گوتن و سەماکردن شاشەکەیان پڕ دەکردەوە، وێنەی ناو شانۆ گشتییەکان سافتر بوو لە هی شاشەی قۆقزی تەلەڤزیۆن، هەروەها ئەگەر هەر شاباشێک هەبووایە، لە نێوان فیلمەکان لێ دەدران.

پێویستی نەبوو خۆت بگۆڕی و پارەی گەراج بدەیت یان کرێی کورسیی منداڵان بدەیت، گرینگ نەبوو چەند منداڵت هەبێت (کە دوای شەڕ منداڵبوون زۆر زیادی کرد) بەهەمان شێوە خەڵکی ئێستە لە ماڵەوە دەمێننەوە و سەیری فیلمی بەکرێ دەکەن. لەفەی سەفەریی بازاڕی گەرم بوو؛ چونکە خەڵکی دەیانبردە ماڵەوە. هەندێ لەو خزمەتگوزارییانە یاری و شوێنی گەشت و هەتا ڕێنوێنیی یاریی گۆڵفیشیان لەگەڵدا بوو. ئەمە دەرفەتێک بوو بۆ هەرزەکاران کە لە باوانیان دوور بکەونەوە.

سیفەتی دووانەییی ئاسایی بوو، بەڵام سیانەیی باو نەبوو. بەرزبوونەوەی نرخ و زۆری تەلەڤزیۆن دواجار بووە هۆی داخستنی شانۆکانی نیشاندانی فیلم. هەرزەکارەکان لە دەستی باوانیان قوتار بوون؛ چونکە خۆیان دەچوونە دووکانەکان و سەنتەری شت کڕین. ئەندامانی تری خێزان نانی خۆیان دەخوارد، قسەیان دەکرد و بەدیار VCRەوە دادەنیشتن.

## داخلکردنی تەلەڤزیۆن

بەڕێوەبەرانی ستۆدیۆ لە ساڵانی چل و پەنجاکاندا یەکەم جار هەوڵیان دا تەلەڤزیۆن پشتگوێ بخەن، نکوڵییان لەوە دەکرد وەک ناوەندێک بەکاری بێنن بۆ گەیاندنی ئەکتەر، دەرهێنەر و نووسین و ستۆدیۆ و فیلمەکانیان بە خەڵکی. وردە وردە، تەلەڤزیۆن بەسەر هەموو ئەو بەربەستانەدا زاڵ بوو. هیچ یەکێکیان ئەمڕۆکە لە بەر دەمی قووت نابنەوە. ستۆدیۆ گەورەکان لە بەر تەلەڤزیۆن بە ملیۆنان دۆلاریان زەرەر کرد؛ چونکە گرێبەستی گەورەیان کرد بوو. بۆ پاراستنی خۆیان، ستافیان کەم کردەوە، کۆتاییان بەگرێبەستەکانیان هێنا لەگەڵ ئەستێرەکان و لێ هاتووە گرانبەهاکانی تر، ئیتر دەستیان کرد بەکرێدانی ستۆدیۆکانیان بە کۆمپانیای تەلەڤزیۆنەکان. ئەم لاوازییە ڕێگەی بە بەرهەمهێنەرە سەربەخۆکان دا پێ هەڵگرن، فیلمی کورت دروست بکەن، دەرفەتی هونەری وەربگرن لەگەڵ هەوڵی نوێ بۆ بابەت، هەروەها فیلمەکانیان بەسەر ئەو شانۆیانەدا دابەش بکەن کە چی تر وابەستە نەبوون بە ستۆدیۆکانەوە. هەندێ لەو فیلمانە ئەو سنوورانەیان تێست کرد کە سانسۆرەکان ڕێگەیان دەدا.

وێڕای ترس لە ناوەندە نوێیەکە، تەلەڤزیۆن بە تەواوی شانۆی وێنەی جووڵاوی نەکوشت هەرچەندە گۆڕانکاریی زۆریشی تێدا کرا. ئەوانەی تۆپیان هاویشت برێتی بوون لەو تەلارانەی لە ناوەڕاستی شار فیلمیان نیشان دەدا، لە شوێنی ئەوانە سینەمای فرە ژوور پەیدا بوو لە ناو شۆپینگ مۆلەکاندا (بازاڕ)، چونکە لەوێ لەگەڵ سوپەرمارکێت و دووکانی جلوبەرگ جەماوەریان زیاتر بوو. چەندان تەکنیکی تازە هاتنە کایەوە بۆ نیشاندانی فیلم، وەک پەیدابوونی شاشەی ١٥تا ٢٠ی کە ئەمە خۆشییەکی بەم بینەر دەبەخشی وێڕای سەیرکردنی فیلمەکان بە تەنیا. هەندێ لەو سینەمایانە شەش قات بەرز بوون و کورسییەکانیان بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش دانرا بوون، بەشێوەیەک کە تەواو جیاواز بوون لە شوێنی دانیشتنی ناو ماڵ.

جارێکیان مارشاڵ ماکلوهان سەرنجی دا کە هەر ناوەندێکی نوێ ناوەڕۆکی ئەو ناوەندە بەکار دێنێت کە لەناوچووە. لەگەڵ پەیدابوونی تەلەڤزیۆن، بینەری فیلم لە ماڵەوە سەیری فیلمەکانیان دەکرد لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنی خۆیان لەجیاتی چوونە شانۆیەک لە گەڕەکێکی تر بۆ سەیرکردنی فیلم. بەڵام ناوەڕۆکی زۆربەی تەلەڤزیۆن و کاسێتە بەکرێیەکان هەر فیلم بوو. بەوردی باسی بکەین، تەنیا شێوازی پێشکێشکردنیان گۆڕانی بەسەردا هات. چێژ ناگۆڕێت.

## بڵاوکرنەوەی خشتە

هەڵەیە ئەگەر وا بیر بکەینەوە وێنەی جووڵاو پیشەسازییەک بێت بە بەرهەم دەست پێ دەکات و بە بڵاوبوونەوەی لە شانۆی وێنە جووڵاوەکاندا کۆتاییی پێ دێت. با بەم شێوەیە لێکی بدەینەوە، ناوەندی کۆن کێشەی هەبووە بەقەد کێشەی تەلەڤزیۆن لەسەر باوبوونی تەنانەت لە ناوەندە نوێیەکانی وەک کاسێت و ڤیدیۆ کێشەی زیاتر بووە. بەڵام لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە، ناوەندی وێنەی جووڵاو فراوان بوو. لە سەرانسەری جیهاندا، وێنەی جووڵاو زیاتر دروست کران، هەم لەسەر فیلم و هەمیش لەسەر کاسێت، زۆر زیاتر لە جاران بەرهەم هێنران. هەروەها خەڵکێکی یەکجار زۆرتر سەیری دەکردن لە ڕێگەی ئەو شوێنانەی کە بڵاویان دەکردنەوە.

ئێمە " دەچینە سینەماکان" بەڕێگەی جیاجیا، هۆلیوود سۆفتوێر یان هاردوێر بەکار بێنێت ئێمە هەر حەز دەکەین تەماشای فیلمەکان بکەین. ڕەنگە لەم سەردەمەدا ئێمە دوور نەکەوینەوە لەو تاخمە قەنەفەیەی لە ژووری دانیشتن دانراوە، بەردەممان پڕ دەکەین لە شت پێش ئەوەی سەیری فیلمێک بکەین.

لە کاتی دابەشکردنی فیلمی سۆفتوێر لە نەوەدەکاندا، جۆرێکی تایبەتی وێنەی جووڵاو لە شانۆ بچووکەکاندا نیشان دەدرا. لەو شانۆیانەدا فیلمە زۆر باو و بەهێزەکان بەهەرزان وەک دەستی دوو نیشان دەدران. چەند مانگێک دوای ئاشناکردنیان، کە هێشتا خەڵک شاباش و باسکردنی فیلمەکان لە ڕۆژنامەکانی لە بیر مابوو، فیلمەکە لەسەر کاسێت دەگەیشتە بازاڕ و دووکانەکان بۆ فرۆشتن و بەکرێ دان. دوای ئەوە HBO و سینەماکس Cinemax و چەند کەناڵێکی تر پەیدا بوون کە بە کێبڵ دەکرانەوە. دوای ئەمانەش تۆڕی تەلەڤزیۆنی هاتە گۆڕی. چەندان ساڵ دوای ئەوەی بۆ یەکەم جار نیشان دران، فیلمەکان لەسەر تەلەڤزیۆنەکان وەشان دەکران و کەناڵی بەلاشیش سەریان هەڵدا. شانبەشانی ئەمانەش تۆڕێکی تۆکمەی دابەشکردن هەبوو لە دەرەوە کە گرینگییەکەی بەقەد هێڵە ئاسمانییەکانی باڵەفڕەکە بوو.

چوار تەکنۆلۆجیای نوێی تر گۆڕانیان بەسەر شێوەی پێشکێشکردنی وێنەی جووڵاودا هێنا. یەکەمیان، وەشانی ڕاستەوخۆی سەتەلایت DBS، فیلم لە ڕێگەی ئالیاری تەلەڤزیۆن، بەرنامە ڕاستەوخۆکانی سەر تەلەڤزیۆن لە یەک سەرچاوەوە بۆ ناو ماڵەکان، ئیتر جیاوازی نەما لە نێوان تەلەڤزیۆنی لۆکال یان کێبڵی کۆمپانیاکان. دووەمیان، تەلەڤزیۆنی HDTV، کە وێنە و دەنگ زۆر بەسافی و ڕوونی وەک ناو شانۆکان نیشان دەدات. سێیەمیان، فایبەر

ئۆپتیکس fiber optics کە لە ڕێگەی کێبڵەوە کاسیتی ڤیدیۆی لە دووکانەکانەوە وەشان دەکردە ناو ماڵەکان. ئەمەش سیستمی بەکرێ بردن و گێڕانەوەی نەهێشت. چوارەمیان، فیلم لەسەر سیدی CD کە وێنە و دەنگ زۆر بە سافی نیشان دەدات. هەر چوار تەکنۆلۆجیا ئێستەش هەر کاریان پێ دەکرێت و ماون.

## دروستکردنی فیلم بەهەرزان

سەیرکردنی فیلم لە ماڵەوە لە وەتەی ساڵی ١٩٢٣ەوە هەیە، کاتێ فیلمی کامێرای ساین-کۆداک و نیشاندەری کۆداسکۆپ kodascope کەوتنە بازاڕ بۆ فرۆشتن. ئەمەشیان بەشێک لە چیرۆکی وێنەی جووڵاو پێک دەهێنێت. ئەمڕۆکە لە ناو ماڵ، دوور لە هۆلیوود، فیلم زۆرتر بەرهەم دەهێنرێت و بەکارهێنانیشیان زۆر ئاسانترە، نرخیشیان هەرزانترە، ئەمەش لە ڕێگەی ڤیدیۆی کامکۆردەر camcorder دەبێت کە تێکەڵەی کامێرای تەلەڤزیۆنی و تەنزیلە، ئەمە لە ساڵی ١٩٨٤ پەیدا بوو. ساڵانە بەملیۆنی لێ دەفرۆشرا. دایکەکان بە شانازییەوە ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونی کوڕە دوو ساڵانەکەیان لەسەر کاسێت دەبردە ماڵەوە، باوکەکان ئاهەنگی کچەکانیان تەسویر دەکرد و زووم ئین و ئاوتیشیان دەکرد. دواتر کە میوانێکیان دەهات لەسەر خوانی ئێوارەدا هەر بۆ خۆشیی ئاهەنگەکەیان بۆ میوانەکان لێ دەدایەوە. ئەو تەکنۆلۆجیایەی کە یارمەتیی وێنەی جووڵاوی دا لە دەیەکانی سەردەمی زێڕینی هۆلیوود پارەیەکی زۆری تێ دەچوو. هەرچەندە ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەوانەی فیلمیان دەردەهێنا زیاتر گرینگیان پێ دەدا "ئێستەش ئەو فیلمانەی لە جیهان بوودجەیەکی زۆریان بۆ تەرخان دەکرێ زۆر بایەخیان پێ دەدرێت"، تەکنۆلۆجیای ئێستە وای کردووە زۆر کەس بەشدار بن لە دەرهێنانی فیلمێک نەک وەک جاران تەنیا چەند کەسێک تێیدا بەشداربوون. بەرهەمهێنان و دابەشکردنی وێنەی جووڵاو لەسەر فیلم و لەسەر کاسێت ئێستە لە هەر کاتێکی تر بەربڵاوترە.

ئەو فیلمانەی بوودجەیەکی زۆریان بۆ تەرخان دەکرێت، هەردەم جۆریان باشترە. مۆنتاجکردن لەسەر کۆمپیوتەر داهاتی پرۆسەکەی زیاتر کردووە و کاریگەری و وردیی فیلمەکەش باشترە، ئەو ئامێرانەی بەکار دەهێنرێن وەک مۆرفینگ morphing بەسەدان هەزار دۆلاریان تێ دەچێت. بەرهەمهێنان وێنەگرتن و مۆنتاجکردنی وێنەی جووڵاو ئاسانتر دەکات، ئێستە چووەتە ناو قوتابخانە، ئۆفیس و بازرگانییەکانەوە کە کاتی خۆی کەس بەم شێوەیە فیلمی دروست نەکردووە.

ئاساییە خەڵک هەبێت لە ژیانی خۆیدا کتێبێک، کۆوارێک یان ڕۆژنامەیەکی

نەخـوێندبێـتـەوە، بەڵام زۆر بەدەگـمـەن یەکێک دەدۆزییـەوە تا ئێـسـتـە سـەیری فـیلمـێکی نەکـردبێت. هـەمـوو نەوەکــان لە مـاڵەوە دەمـانەوە بۆ ســەیرکـردنی فـیلم، لە جـیــاتی سەردانکردنی خزم و دۆستانیان، یان لە جیاتی چوونە دەرەوە بۆ سـەما، وەرزش، یانەکان، بۆلینگ، ئەو چالاکییانەی کە تەلەڤزیۆن زۆربەیان لەسـەر شـاشـە نیشـان دەدات. زۆربەی پلیتەکانی سینەمای ئەمڕۆ ئەو گەنجانە دەیانکرن کە لەگەڵ دەستگیرانەکانیان ژوانیان هەیە، یان لەگەڵ هاوڕێکانی کاتێک بەسەر دەبات، ئەمەش دەرفەتێک بە نەوەی پیر دەدات و مـاڵیـان بۆ چۆڵ دەبێت تا لەسـەر شـاشـەی تەلەڤزیۆن سـەیری فـیلمـەکانی خـۆیان بکەن. زۆرجاریش ڕووی داوە، تەکنۆلۆجیای نوێی هۆگەلی گەیاندن کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبووە لەسەر ژیانی خەڵکی ئاسایی.

شۆڕشی پێنجەم

# چەرداخی ماڵ

## پێوەندی و گەیاندن لە چەرداخ

کارەبا بەدەگمەن لە تاقیگەکاندا هەبوو کاتێ درک بە ڕێگەیەک کرا بۆ گواستنەوەی زانیاری بەبێ هاتوچۆ. سەرەتا ئەوەی دەگوێزرایەوە برێتی بوو لە خەت و خاڵ و لەگەڵ وشە تێکەڵ دەکرا، هەروەها ڕاستەوخۆش نەهاتنە ناو ماڵەکانمان. هەنگاوی دواتر برێتی بوو لە تەلەفۆن. تەلەفۆن گەیاندنی باشتر کرد بەبێ هاتوچۆ، پێوەندیی دەنگی هاتە ئاراوە، بەڵام ئەو پێوەندی و گەیاندنە لە ڕووی زانیارییەوە سنووردار بوو، هەموو لایەنێکی تەواو نەبوو تا خوازراو بێت، واتە خۆشیی تێدا نەبوو. خۆشی لە ڕێگەی دەنگەوە یەکەم جار گەیشتە ماڵەکان بەهەمان ئەو ڕێگەیەی کە زانیاریی نووسراو پەیامەکانی دەگەیاند، واتە لە فۆرمێکی فیزیاییدا بوو. ئامێرەکە برێتی بوو لە قەوانێک. دەوروبەری هەمان کات، وەک زانیاری و خۆشی، وێنەی بڵاوکراوە گەیشت. وێنەکان چوونە ناو کتێب، گۆوار، ڕۆژنامەکان، هەروەها لەگەڵ نامەکان دەچوونە ناو ماڵەکان. ئەم پرۆسە بەردەوام بوو تا ماڵیان کرد بەچەرداخێک بۆ پێوەندی و گەیاندن.

دوای ئەمە وێنەی جووڵاو، هەرچەندە لە گەلێ ڕووەوە پێشەڤەچوونێکی گەورە بوو، هەنگاوێکی بەرەو پاشەوە چوو و داوای لە خەڵکی کرد ماڵەکانیان جێ بێڵن بۆ زانیاری، بە تایبەتی، بۆ خۆشی. ڕادیۆ کە وەک فیلمەکان "سەردەمی زێڕین"ی خۆی هەیە، ڕاستەوخۆ هاتە ناو ماڵەکانمان. سەردەمەکە هەموو شتێک بوو بەس زێڕین نەبوو؛ چونکە گرانییە گەورەکە و شەڕی جیهانی دووەمی لەگەڵ خۆی هێنا. تا ئەو کاتەی ئەمەریکا ئامادە بوو بۆ شەڕی، بێکاری لە وڵاتدا پەرەی سەند بوو، خەڵکی نۆرەیان دەگرت بۆ نان، شۆربای

مـریشک، هەروەهـا کارگـە و دووکـانەکـان قـوڕیان تێ گـیـرابوو، خـێـزانەکـان دەربەدەری ماڵەکانیـان بوون و کەلوپەلیان لەسەر شەقامەکان کەوتبوو. بەرنـامەکانی ڕادیۆ بۆ ئەوانەی پارەیان کەم بوو دیارییـەکی ئاسمانی بوونی، خۆشـییەکی بەلاش بوو. ساڵەکـانی ڕادیۆ، کە دواتر لە ســاڵی ١٩٨٤ شـاباشـەکـانی تەلەڤـزیۆنی بەدوادا هـات، وای لە خـەڵکی کـردبوو ماڵەکـانیـان بەکار بێن بۆ پێوەندی و گەیاندن بەجۆرێک کە هەرگـیـز پێشـتـر ئەوەندە لە ماڵەکانیان نەماونەتەوە گوێبیستی شتێک بن.

## چی لە خانوو دەکات ببێتە ماڵ؟

تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ بـووبوون بە دوو هـاوڕێی ئێسک سـووکی ئێمـە. ئـەوان بوون ئێمـەیان لە خـەو هـەڵدەسـتـاند و هـەر ئەوانیش دەیانخـەواندین. هـەردووکیـان ژوور بـەژوور بەدوامـانەوە بوون. هـەردەم لەگەڵمـاندا بوون، جا گرینگ نەبوو چیمان دەکرد، هەروەهـا ئەو سـاتانەی کە ئێمە زۆر مـاندوو بووین و نەماندەتوانی بیر بکەینەوە لەگەڵمـاندا بوون. ڕادیۆ تەنانەت کاتێ دەچووینە دەرەوەش هـەر لەگەڵمـاندا بوو، لە پـیاسـەکردن و وەرزشکردندا لەگەڵمـان بوو. تەلەڤزیۆن لە ڕێگەی کێبڵەوە بە گەلێ ئیـختـیارەوە (کـەناڵەوە) هاتە ناو مـاڵەکانمان، ئیتـر مـاڵەکـانمان بە بەردەوامی دەگـۆڕا و دەبوو بەچەرداخ (ژوورێک پڕ لـە ئامێـر)ی پێوەندی و گەیاندن، (چەرداخ واتە شـوێنێک بەکار دەهێنرێت بۆ هـەڵگرتن و بەکارهێنانی ئالیـەتەکانی گەیاندن) ئەمە زیاتر مەبەستی چەرداخ بوو.

کۆمپیوتەر و مۆدەم کە گەیشتنە ئینتەرنێت، قاپی گەیاندنی سەتەلایت، ئیمـەیل، فاکس و ئامێری ڕوونی وەلامدانەوە، هەمـوو ئەمانە چەرداخـەکەیان بەئامێر ڕووپۆش کرد، ئیتر بوو بە مـاڵی پاڵدانەوە و کـارکردن، مـاڵی بی پێـوەندیی باوی نەمـا . ڕۆژنامـەکان لەبەر دەرگـە کەڵەکەیان دەبوون، کۆوارەکان لە سندووقی نامەدا شانبەشانی کەتەلۆگەکان تۆزیان لەسـەر دەنیشـت، کتێـبەکان هـەر لەسـەر تاقـەکان دەمـانەوە. ئـەگەر مـاڵێک تەنانەت کـەمـێک لەو ئالیـەتانەی نەبـوایە یان ئەگـەر ئالیـەتەکان کـۆن بونایە، ئەوا هـاوڕێکانی خـاوەن مـاڵەکـە بەزەییـیـان پێـدا دەهاتەوە و پلانیـان دادەنا بـۆ بەخـۆ کـەوتنی. ئالیـەتەکـانی گەیاند، نەک کـەلوپەلەکـانی ژیان، بەڕاسـتـی خـانوویان کـردە مـاڵ. ئەمـە لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیستەمدا ڕووی دا.

دوو یان سێ نەوە پێشـتـر، ماڵی نوێ بە هـەیوانەوە دروست دەکران، شوێنێکی سـروشـتی بوو بـۆ دانیـــشـتن و پشـــوودان، بۆ قـــومـــە چایەک، چاکـــو چۆنـی لەگـــەڵ دراوســـێکان. سـەردەمـەکان گۆڕان. نەوەیەک پێش ئێسـتـە سـولفـەکان لە ناو ژووری دانیـشـتن دەکرا کـە

فەرشڕێژ کرابوون بۆ ئەوەی کەمێک دڵگیر بێت بۆ گفتوگۆ و قسەکردن. ئەو سەردەمەش گۆڕانی بەسەردا هات. ئەمجارەیان شاباشی زیاتر بۆ کەلوپەلی ناو ماڵ هەبوو لە ناو ڕۆژنامەکان، ئەمە سەردێڕی شاباشەکان بوو "ناوماڵەکانتان بەو پارچە هونەرییانە بڕازێننەوە".

هیچ بەڵگەیەک نییە لەسەر ئەوەی گفتوگۆ لە شاباشەکاندا هەبووبێت، تەنیا پێوەندیی هەبوو لەگەڵ چەندان میدیا. تەلەڤزیۆن بووبوو بە واقیعێکی دروست، واقیعێک هەموو کەس پێی خۆش بوو. ئەوەی تەلەفۆنی نەکردبا یان سەردانی هاوڕێکەی نەکردبا، تەنانەت دوای دابڕانێکی درێژیش، ئەگەر سەردانی هاوڕێکەی کردبا و تەلەڤزیۆنیش پێ بووایە، قەت تەلەڤزیۆنەکەی نەدەکوژاندەوە. میوان هەستی دەکرد جەوی ماڵەکەی تێک داوە. دەبێ چ شتێک لە تەلەڤزیۆن گرینگتر بووبێت، تەلەفۆن یان کاتێ هەواڵێک زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکانی دەبڕی؟

ئەمە شاباشێکی ترە، ئەمە لە ڕادیۆی شاکەوە لێ درا:

جیم دەبووایە سیستمێکی نوێی ستیریۆ بکڕێت... ئەوەتا دۆلبی قرۆ لۆجیک دەنگێکی باش و بڵندگۆی گەورەی لەگەڵدایە... ئەگەر ئەو ستیریۆ بکڕێت.. من ئامێرێک دەکڕم، سیدی ڕۆم، سۆفتوێر، پەنجەرەی لەگەڵدایە.

## پێوەندییەکان کەم دەبنەوە

خێزانێکی ئاسایی ئەمەریکی پارە و کاتێکی یەکجار زۆر سەرف دەکەن لە ئاسوودەیی ناوماڵ. کاتێ قۆزاخەی پێوەندی و گەیاندن لە چواردەوری خۆمان دروست دەکەین، پێوەندیی ڕووبەڕوو ڕوو لە کەمی دەکات، ژیانێکی تر شوێنی دەگرێتەوە کە تەنیا دانیشتنە. چیرۆکە هەواڵەکان لەبارەی فرە کەناڵە کێبڵییەکان پێشبینیشی لەگەڵ دابوو، چونکە کەناڵی کێبڵی دەکەوێتە کۆتایی کەناڵە زەردەکانی تر. ئێمەی بەکاربەر هەردەم بەدوای ناوەندی باشتری تەکنەلۆژیادا دەگەڕێین بۆ ئەوەی لە ماڵەوە زیاتر ڕازی بین و خۆشیمان پێ ببەخشێت. ئەوساکە بێ ئەوەی خۆمان بەدوای خۆشیدا بچین، خۆشی خۆی بەدوای ئێمەدا دێت.

ڕێژەی ئەو ئەمەریکاییانەی کە دەڵێن ساڵێ جارێک زیاتر قسە لەگەڵ دراوسێکانیان دەکەن، کەمتر بووەتەوە. ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوەکان زۆر کەم بووەتەوە لە وەتەی تەلەڤزیۆن گەیشتووەتە ماڵەکان، هەروەها بەشداریکردن لە چالاکیە مەدەنییەکان و کاری خۆبەخشانەش ڕووی لە کاڵبوونەوە کردووە. ژمارەی یاریزانانی بۆڵینگ لە سەدا ١٠ زیادی

کردووە، بەڵام ژمارەی ئەندامانی لە یانەی بۆڵینگ لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٩٣ لە سەدا ٤٠ کەمی کردووە.

کاتێ یەکێک هاورێکانی داوەت دەکات بۆ سەیری تەلەڤزیۆن، پێوەندییەکە لەگەڵ شاشەکەیە نەک لەگەڵ یەکتر. لە هەر شەقامێکدا چرپەیەک بێت ئەوا بابایەک بەقسە دێت و دەڵێت "وس...! گوێ دەگرم، دەخوێنمەوە، سەیر دەکەم". ئەنجامی ئەمەش گەشەسەندنی گۆشەگیرییە، لە دوورەوە لەگەڵ خەڵکی تر ڕادەبوێرین. دەتوانین بڵێین پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وردە وردە ڕوو لە کەمی دەکەن.

ئەگەر هەموو خۆشییەکی ژیان لە ماڵەوە هەبێت، ئەوا خەڵکی کەمتر چاویان لە دەرەوە دەبێت، کەمتر سەردانی خزم و دۆستانیان دەکەن. هەروەها کاتێک نامێنێتەوە بۆ بیرکردنەوەی لە کاتی ئازاددا، چونکە خۆشییەکان گەلێ زۆرن. هەموو ئێوارەیەک ئەوەی پێویستمان پێی هەبێت ئالیەتەکانی پێوەندی و گەیاندنە، جا ئەلیکترۆنی یان چاپکراو بێت. لە کاتی پێوەندی و گەیاندن لە ناو چەرداخی ماڵدا، هەردەم ئەو پرسیارە لە خۆمان دەکەین، " ئەمشەو چی هەیە؟"

## فراوانکردنی چەرداخی ماڵ

میدیای کەسی، چەرداخی ماڵ لەودیو دیوارەکانی دەرەوە فراوانتر دەکات. جیاوازیی نێوان سیستمی ستیریۆی ژووری دانیشتن و هێدفۆن ئەوەندە پێوەندیی بە جیاوازیی نێوان دانیشتن و وەرزشی بەیانییانەوە نییە، بگرە زیاتر پێوەندی بەوە هەیە خەڵک بچێتە دەرەوە و گوێ لە هێدفۆن بگرێت، واتە لە ناو چەرداخ بێتە دەرەوە. شانازییەکانی باپیرە گەورە، وێنەی بەڕێزی ڤیکترۆلا لە ژووری دانیشتن و وێنەی نەوەکان و خەڵکی چواردەور هەمووی لە بەرچاوان ون دەبێت، تەنیا بە دوو پنتکە پلاستیک گوێکانمان دادەپۆشێت و وایەرەکەش لە قایشمان دەبەستین، ئیتر ئاگامان لە کەس نامێنێت. هەمان شت ڕووی دا کاتێ ڕادیۆ پەیدا بوو، ڕادیۆ هاتە ژوورەکان و هەموو شتەکانی تری ڕەت کردەوە، دواتر لە دەرەوەش لە ناو ئۆتۆمۆبێل لەگەڵمان بوو، بۆیە هەرگاف هەستت دەکرد لە ماڵەوەی. وەک بەکارهێنانی میدیا کەسییەکانی تر، قسە کردن لەسەر تەلەفۆن گوزارەیە لەوەی خەڵک هێندە بایەخ بەدنیای دەوروبەری خۆی نادات، تەنیا قسەکردنەکەی سەر تەلەفۆنی بەلاوە گرینگە.

تەلارسازی فرنسی لو کۆربوسیەر وەسفی ماڵێکی مۆدێرن دەکات " ئامێرێکە بۆ ژیان." هەر شتێک کە دەچێتە ناو دیوارەکەوە و وایەرەکانی ناو ژوورەکە بەشێک لە ئامێرەکە پێک دێنێت، بەڵام دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو ئامێرانەی هی پێوەندی و گەیاندن نین و

ئەوانەشی کە پێوەندیمان بۆ دروست دەکەن و شتمان پێ دەگەیەنن. ئەوەی یەکەمیان وەک جلشۆر، نانلەتکەر، بۆڕی ئاوی گەرم، ئەمانە هەمووی لە ناو ماڵە ئامێرییەکە ڕاحەتتر و دڵخۆشترمان دەکەن. ناوەندەکانی گەیاندن بە ئەقڵ دەمانبەنە دەرەوەی ئامێرەکە. لە کاتی درککردن بەو حاڵەتە جیاوازییەکە دەردەکەوێت.

لە شوێنی پێوەندیی نێزیکی نێوان مرۆڤەکان، گرێبەستی سۆزداری چڕۆی کردووە لەگەڵ جیهانە فەنتازیاکانی میدیا. کارەکتەرە خەیاڵییەکان لە زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکاندا دیاری وەردەگرن کاتێ منداڵیان دەبێ. جەماوەری بێزار بە تووڕەییەوە سەیری ئەکتەرە ئافرەتەکان دەکەن، هەندێ جار ئاکامی سەیری لێ دەکەوێتەوە. توندوتیژی لەسەر شاشە لەسەر شەقامەکان لاسایی دەکرێتەوە. سێکس لەسەر شاشە مێشک تێک دەدات. ئەو دیاردەیە زۆر نوێ نییە. خەڵک بەدیار مردنی کارەکتەرێکی چارلس دیکنزەوە لە یەکێک لە ڕۆمانەکانی لە ناو زنجیرەیەکی هەفتانە لە سەدەی نۆزدەدا بەلێشاو فرمێسکیان ڕشت، بەڵام بەرسڤەکە گەیشتە ئاستێکی نامۆ لە سەردەمی تەلەڤزیۆندا.

لەوپەڕی کاریگەریدا، دەکرێ چەرداخی ماڵ لە کار بکەوێت. جێرزی کۆسنسکی کارەکتەرەکەی بەناوی باخەوان لە ڕۆمانی (بینگ زێیە) دەفرێنێت، ئەو کارەکتەرە لە ماوەیەکی کورتی ژیانیدا چەند کەسێک دەناسێت، بەڵام ئەم نووسینەی دەبێتە چەند زنجیرەیەکی درێژ لەسەر تەلەڤزیۆن و واقیعێکی کۆمەڵایەتی و خەیاڵ دروست دەکات. باخەوان ڕۆژ بەڕۆژ بەسەر دەبات، بەڵام لە هیچ تێ ناگات. پێوەندیی گەلێ زۆرە بەڵام لەگەڵ تەلەڤزیۆنە نەک لە گەڵ خەڵکی. ڕاستە زیادەڕۆیی لەو کارەکتەرە کراوە، بەڵام زۆریشی ڕاستە. جاران دەگوترا فلانکەس " لەگەڵ کتێبان دەژیت." ئێستە بێگومان دەکرێ بڵێین فلان کەس "لەگەڵ تەلەڤزیۆن دەژیت." ژیان بە ڕێککەوت لاسایی هونەر ناکاتەوە.

## کێشەکانی بەکارهێنانی زۆری میدیا

"تەماشای چیت کرد؟" ئەمە پرسیارێکە زۆر لە خەڵکی دەکرێت. بەڵام ئەم پرسیارە ناکرێت " ئەمڕۆ چەند سەعاتت بەدیار تەلەڤزیۆنەوە بەسەر برد؟" لە سەردەمی پێش تەلەڤزیۆندا، بەسەربردنی کات بەدیار شاشەیەکەوە تەنیا ڕۆژی شەمان بۆ منداڵان هەبوو، بۆ باوک و دایکانیش هەفتەی یەک ئێوارە لە سینەماکان بەسەریان دەبرد. کاتێ پێشنیازێک پێشکێش دەکرێت بۆ سنووردارکردنی تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن، وەڵامە پێشبینیکراوەکە ئەوەیە " من تەلەڤزیۆنم نەکڕیوە بۆ کوژاندنەوە." بۆ ئەو دایک و باوکانەی نیگەرانن منداڵەکانیان کاتێکی زۆر بەدیار ئاتاری لەسەر کۆمپیوتەر بەسەر ببەن، بەرنامەیەک هەیە

پێی دەڵێن "کوژاندنەوەی ئۆتۆماتیکی". لە ڕێگەی ئەو بەرنامەیەوە باوان دەتوانن کاتێکی سنووردار بۆ منداڵەکانیان دابنێن، بەرنامەکە پاسوێردێکی هەیە و ڕێگەت پێ دەدات بچیتە سەر شاشەکە. هەروەها بەرنامەیەکیش هەیە تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن سنووردار دەکات. کاتێ ئامێرێکی ئەلیکترۆنی دەڵێ "نەخێر" بە مانای وشەکە واتە "نەخێر".

زۆر بەکارهێنانی میدیا زۆرجار دەبێتە هۆی خەمناکی و دڵتەنگیمان، وەک نەبوونی پێوەندییەکی جەستەیی و سۆزداری لەگەڵ ئەوانی تردا، چالاکییە کەسییەکان دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی چالاکیی جەستەیی، زۆر خواردن، بە لەفەیەکی سووک تێر نابیت، پشت بە مرۆڤ نابەستی تەنیا ئامێر نەبێت. ئەمانە هەمووی یەک وشەیان بۆ بەکار دێت: گۆشەگیری. خەڵک ئێستە زۆر پشت بەتەلەڤزیۆن، ئاتاری کۆمپیوتەر و موزیکەکانی سەر ڕادیۆ و سیدی دەبەستن کە بوونەتە سکاندالێکی نەتەوەیی. لە ڕووپێوێکدا ئەم پرسیارە لە منداڵانی تەمەن ٤ تا ٦ساڵی کرا " کامیانت خۆشتر دەوێت، تەلەڤزیۆن یان باوکت؟" ٥٤٪ی گوتی تەلەڤزیۆن. ئەوەی مژوولی خوێندنەوەی کتێبێک بێت، تەلەڤزیۆن پێ بکرێت، وردە وردە بیری بۆ لای تەلەڤزیۆنەکە دەچێت و دواجار واز لە کتێبەکە دێنێت.

بوونی ئامرازێکی گەیاندن لە ماڵ (لە چەرداخی ماڵ) و بە لێشاوی هۆگەلی گەیاندن لە ناو ئۆفیسەکان ئەوە دەخاتە ڕوو کە دیاردەکە زۆرتر بێت کەمتر نابێت. وەک گەردوون خۆی، پیشەسازیی فراوانی زانیاری بەردەوامە لە دروستکردنی فۆرمی نوێ، زانیاری و خۆشیی نوێ دادەهێنێت، لە کاتێکدا ئارەزووی خەڵک هەر لە سەرەتایە. ئێستە لە جیاتی میوانێک هەموو ساتێک کۆمەڵێک میوانت هەیە: کۆمپیوتەر، تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، تەلەفۆن، فاکس، ئامێری وەڵامدانەوە، ڤیدیۆ، تەنزیل و زیاتریش. وەک ئەندامێکی چالاکی چەرخی زانیاری، حەز دەکەین هەردەم ڕوومان لە میدیاکان بێت.

بێگومان دەست هەڵناگرین لە کەرەستە مۆدێرنەکانی گەیاندن. سێتی تەلەڤزیۆن لە کوێ بووە هەر لەوێ دەمێنێتەوە. کۆمەڵێک کەس لە تاقیکردنەوەیەکدا بۆ چەند هەفتەیەک لە تەلەڤزیۆن دوور خرانەوە. دواتر پرسیاریان لێ کرا هەستیان بەچی کرد لە دووری تەلەڤزیۆن. یەکێکیان بەڕاستگۆیی لە دۆکیومێنتەرییەکی تەلەڤزیۆنیدا گوتی " بێ تەلەڤزیۆن وەک ئەوە وایە بمریت و هەر لە ناو خێزانەکەشتدا بێ." شایەنی باسە دۆن کیشۆت بەهۆی خوێندنەوەی کتێبەوە شێت بوو. بێگومان لە خوێندنەوەی کتێبێک ئەمە فێر بووینە.

پێنجەم شۆڕشی زانیاریی جیهان لە چەرداخێکی پێوەندی و گەیاندندا ڕوو دەدات، ئێمە پێی دەڵێن ماڵ.

## گەیاندنی نامە بۆ ماڵ

پێویستە وەک چۆن بیر لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن دەکەینەوە، ئاواش بیر لە پۆستە بکەینەوە. هەریەکەیان تێکەڵەیەکی ڕێکی چەند ئامێرێکە و زانیاری و خۆشی دەهێننە ماڵەکانمان. بۆ کار پێکردنیان هەریەکەیان پێویستیان بە ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی، ستانداردی نەتەوەیی و مۆڵەتی حکوومەت هەبووە. هەر یەکەیان پشت دەبەستێت بە تەکنۆلۆجیاکانی گەیاندن، ڕوونترین نموونەش ئەوەیە پۆستە پشت بەکاغەز دەبەستێت.

لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، هەریەکەیان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر مرۆڤ هەبووە. ئەگەر جیهان قەت هیچ یەکێک لەو میتۆدانەی پێوەندی و گەیاندنی نەناسیبا، ئەوا ژیانی ڕۆژانەمان زۆر جیاواز دەبوو و هەستمان بەبێزاری دەکرد. بێگومان جیاوازی هەر هەیە. گەیاندنی کەسی و خاڵ بەخاڵ تەنیا پۆستە پێی هەڵدەسێت. واقیعی ئامێرەکە لە ژووری دانیشتنە، کە تەنیا تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ دابین دەکات، یاخۆ سەرەتاکانی پۆستە لە سەرەتای مێژوودا بە بەراورد لەگەڵ سەدەیەکی پیشەسازیی وەشانکردن.

ئەگەر حکوومەت پۆستە بەڕێوە ببات، بۆچی لە هەموو وڵاتێک پەرش بووەتەوە. ئەگەر زۆربەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانی ئەمەریکا بۆ شاباش بن و ڕکابەری یەکتر بکەن، بۆچی خزمەتگوزاریی فیدراڵ ئێکسپرێس و پارسل یونایتد هەیە. ئەگەر خەیاڵمان فراوان بکەین و بیری لێ بکەینەوە ئەوا یەکێکمان دێتە بەرچاو یەک فەردە نامەی پێیە و دەیگەیەنێتە ماڵەکان، بەڵام پیشەکە لەوە دەرچووە و چووەتە خانەیەکی نێودەوڵەتی.

هەروەها دەکرێ شرۆڤەیەکی نێزیکتر لە نێوان پۆستە و تەلەفۆن، تەلگراف و سەتەلایتدا هەڵێنجرێت. ئەمڕۆ تەلەفۆن، ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن و ئۆتۆمۆبێل لە هەموو کونجێکی ئەمەریکادا هەن، زۆر زەحمەتە لەوە تێ بگەین تا چ ڕادەیەک جووتیاران و دانیشتووانی لادێ گۆشەگیر بوونە سەدەیەک بەر لە ئێستە. تاکە پێوەندییان بەجیهانی دەرەوە لە ڕێگەی ئەو نامە و ڕۆژنامانەوە بوو کە لە ڕێگەی پۆستەوە دەگەیشتن.

## گەیاندن بۆ ماڵ بە بەلاش

پێش شەڕی ناوخۆی ئەمەریکا، دانیشتووانی شار دەچوونە نێزیکترین نووسینگەی پۆستە بۆ وەرگرتنی نامە و کەلوپەلەکانیان. لە ساڵی ١٨٦٣دا، یاریدەری بەڕێوەبەری پۆستە بەناوی جۆزیف بریگس لە کلیڤلاند، بیری لەوە کردەوە نامە بە بەلاش بچێتە ناو ماڵەکان چونکە " لەبەر دەمی خێزانە نیگەرانەکان، منداڵان و خزم و دۆستان چەپڵەی بۆ لێ درا،

ئەو خەڵکە لە نۆرەدا وەستا بوون بۆ وەرگرتنی نامەیەک یان هەواڵێک لە خزم و کەسیان لە ناو شەڕەکەدا." ئەمە خێرا سەرکەوت، بۆیە خێرا بە نێو شارەکانی باکوری وڵاتیشدا بڵاو بووەوە. لە ساڵی ١٨٩٠دا، ٤٥٤ شار و شارۆکەی ئەمەریکا نامەیان بە بەلاش بۆ دەچووە ماڵ. هەروەها لە جانتای پۆستەچییەکەدا ڕۆژنامە و کۆواریش هەبوون. سوپاس بۆ یاسای پۆستە لە ساڵی ١٨٧٩ کە نرخی نامە هێنان و بردنی زۆر هەرزان کرد. لە ساڵی ١٨٨٥ەوە تا شەڕی یەکەمی جیهانی، هەر پاوندێک بە یەک پێنی بوو بۆ گەیاندن.

گەیاندنی ئازاد بۆ ناوچە لادێییەکان لە ساڵی ١٨٩٦دا دەستی پێ کرد. بۆ جووتیاران نێزیکترین پۆستە ڕۆژە ڕێیەک دوور بوو. بۆیە جاری وا هەبوو چەند هەفتەیەکی پێ دەچوو تا جووتیارێک نامەکەی لە پۆستە هەڵدەگرت، چونکە تا گەشتێکی بۆ ئەو شوێنە نەبووایە نەدەچوو، واتە تا کاری بەوێ دەکەوت. نووسینگەی پۆستە خۆی زیاتر لە دووکانە گشتییەکاندا بوو.

پۆستە ئەم گۆشەگیرییەی نەهێشت بەهۆی گەیاندنی ئازاد بۆ لادێکان کە وەک تاقیکردنەوە لە ساڵی ١٨٩٦ لە ڕۆژئاوای ڤێرجینیا دەستی پێ کرد. ئەم سێرڤیسە نوێیە زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا و دوای چەند مانگێک یەکێک لە جووتیارەکانی گوتی ئەگەر ئەمە نەبووایە نیوەی ژیانمان هەر لە ڕێگەدا بە سەر دەچوو. بەڵام، گەیاندن بۆ لادێکان هەروا پەیدا نەبوو بگرە باجێکی کۆمەڵایەتیی دەربەدەربوونی ویست تا وای لێ هات کەرستەکانی گەیاندنی گەیشتێ. ئێستە جووتیار دەتوانێت پێوەندی لەگەڵ جیهان بکات، بەڵام بە نرخێکی کەمتر لە چاو پێوەندی ڕووبەڕوو کە ڕۆژە ڕێیەک دەرۆیشت تا نامەکانی دەهێنایەوە.

ئەم سێرڤسە وای کرد ئەمەریکا تۆڕی پرد و ڕێگەوبانەکان فراوانتر بکات. ئەسپ واگۆنی ڕادەکێشا و بۆ گەیاندنی نامەکان، ئەمە ئۆتۆمۆبێلی بەدوادا هات. سندووقی پۆستە لەسەر زۆربەی شەقامەکاندا دانرا، کە ئاڵایەکی سووری پێوە بوو لە تەنەکە دروست کرابوو. بەهۆیەوە تیراژی ڕۆژنامەی ڕۆژانە یەکجار زیادی کرد.

## بەستە، کەتەلۆگ و نامەی نەناسراو

ئەو هەوڵانەی پێشتر پۆستەی بەستەی بەدوادا هات کە لە ساڵی ١٩١٣ دەستی پێ کرد. ئەمەیان قومبەلەیەکی سیاسی بوو کە حکومەتی فیدراڵی خستیە ناو ڕکابەرییەوە لەگەڵ خزمەتگوزارییە تایبەتییەکان. پۆستەی بەستە تەکانێکی گەورە بوو بۆ خێزانە جووتیارەکان لە دابینکردنی بەرهەمی جۆربەجۆر و کەرستەی حەوانەوە کە لە ڕێگەی

پۆستــەوە داوایـان دەکـرد، بەڵام ئەوەندە یارمــەتیی جــووتیــارانی نەدا بۆ گــواســتنەوەی بەرهەمـەکانیـان بۆ بازاڕ. پرۆسـەی "کێڵگە بۆ سەر مێز" لـە ڕێگەی پۆستەوە ئەوساکە زۆر نەبوو. لە جــیـاتیــان، پۆســتــەی بـەســتــە کــە کــەتەلۆگێکی لەگــەڵدا بـوو، بازاڕی گــەڵێ دووکاندارەکانـی وڵاتی کز کرد. جارێکی تـر، ئالیـەتێکی نوێیی گەیاندن شـوێنی شـتێکی گرتەوە شایەنی پاراستن بوو. پۆستەی بەستە برێتی بوو لە فۆرمێکی گەیاندن کە هێزی لامـەرکـەزیی زیاتر کـرد و وای لـە خـەڵکی کـرد بێتـە دەرەوەی گـەڕەکـەکـەی خـۆی بژیت. ئێستەش ئەو کۆگا گشتییانەی ئەوساکە لە زۆربەی ناوچەکانی ئەمەریکا بوونـەتە بەشێک لە فۆلکلۆری ئەمەریکا.

هۆکەلی گەیاندنی پۆستە شتێکی تری هەبوو پێی دەگوترا نـامەی نەناسراو. ئەو نـامەیە لەلایەن بازرگانێکەوە دەهات بۆ خـەڵکی و تێیدا شـاباشی بۆ کاڵاکانی دەکرد بە نرخێکی هەرزانتر لەوەی لە بازاڕدا هـەبوو. پۆستە بوو بەکارێکی زۆر گەورە، نامە بۆ ملیـۆنان کەس دەچوو و دەهاتەوە، زیاتر لە ڕێگەی بازاڕە گەورەکانی وەک مۆنترۆگرمی، وارد و ڕۆبەکەوە کارەکان ڕایی دەکران، سـوپاس بۆ گەیاندنی نامـە بۆ لادێکان. بۆ نموونە بازاڕی گەورەی مـۆنترۆگـرمی وارد لە سـاڵی ١٨٨٧دا کـەتەلۆگـێکی ٥٤٠ لاپەڕەیی نارد، تێیـدا ٢٤ هـەزار جـۆرە کـاڵای خـۆی نیـشــان دابوو بۆ فـرۆشتن. بازرگـانە لۆکـالەکـان دڵتـەنگ بوون و پاڵپەستۆیان خستـە سـەر ڕۆژنامـەکانیـان بۆ ڕکابەری "متمـانـەی موشتـەری لە ڕێگەی نامەوە"، چونکە شاباشەکانیان لە پۆستەکاندا بڵاو نەدەکرایەوە.

## گۆڕانەکان

بەتێپـەڕبوونی چەند سـاڵێک، ژمـارەی نامـەکـان بـۆ هەر مـاڵێک زیادی کـرد و لە هـەمـان کاتیشدا ژمارەی ماڵەکانیش لە زیادبووندا بوون. ئیتر شەمـەندەفەر و پاس بەکار دەهاتن بۆ گەیاندنی پۆستـەکان. هەرکە نامـەکان دەگەیشتن یەکسـەر کارمـەندەکان لێکیـان جیـا دەکردنەوە. وردە وردە نامە گەیاندن زۆر پشتی بەهێڵی شەمەندەفەر نەدەبەست بگرە زیاتر ڕووی لە باڵەفڕەکە کرد. یەکەم کۆمەڵە نامە بەباڵەفڕ لە ساڵی ١٩١١ گواسترایەوە، دواتر لە سـاڵی ١٩١٨ خـزمــەتەکـە بە بەردەوامـی هەبوو. چارلس لیندبێرج، باڵەفـڕوانێکی نامــە گەیاندن بوو، نامەی لە نێوان سپرینگفیلد، ئیلینۆیس و لویس دەگوێزایەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٢٧ نامەی بەسـەر زەریای ئەتڵەسیدا گواستەوە بۆ شوێنە دوورەکان.

پۆستە لـە ساڵی ١٩٢٠ کۆدی بۆ دانرا، دواتر لە ساڵی ١٩٦٣ هەر نامـەیەک زیپ کۆدێکی هـەبوو، لە ساڵی ١٩٨٣ کۆدەکەی بە یەک شریت دەنووسرا، هەمان ساڵ حکوومەتی فیدراڵ

پێوەندیی بە پۆستەوە نەما. لە ساڵی ١٩٧٠، یاسای چاکسازیی پۆستە سێرڤسی پۆستەی ئەمەریکیی سەربەخۆ کرد و کابینەی پۆستەچییەکان هەڵوەشایەوە. سیمبولی پۆستە لە پۆستەچییەکەوە گۆڕا بوو بە هەڵۆ. چەند جۆرە ئامێرێکی کۆمپیوتەری و ئۆتۆماتیکی شوێنی پۆستەیان گرتەوە. پێشتر چەندان کارمەند بەدیار فەردەی نامەکانەوە دادەنیشتن و لێکیان جیا دەکردنەوە. بەڵام ئەمە باوی نەما لەگەڵ پەیدابوونی ئامێری پێشکەوتوو. ئامێر پەیدا بوو پولی لە نامەکان دەدا. لە ساڵی ١٩٨٨دا نامیلکەیەک بەناوی "تێگەیشتن لە ئایدز" لەلایەن حکوومەتەوە بۆ ١٠٧ ملیۆن ناوونیشان نێردرا. لە ساڵی ١٩٩٠دا، نێزیکەی هەمان ژمارە فۆرم بۆ ڕاپرسی بۆ خەڵکی نێردران. لە ١٩٩٦، ڕۆژانە ٦٠٠ ملیۆن نامە دەنێردرا.

وێڕای هەموو ناوەندە نوێترەکانی پێوەندی و گەیاندن، هیچ شتێک نەبوو بگاتە قەبارەی شتە تایبەتییەکان کە بەهۆی پۆستەوە ڕۆژانە دەگەیەنران.

## بەکارهێنانی نوێی تەلەفۆن

تەلەفۆن بووەتە مۆرکی جیهانی مۆدێرن. لە ١٩٩٥دا، حەوت ملیۆن خێزانی ئەمەریکی هێڵێکی زیادەی تەلەفۆنیان لە ماڵەوە هەبوو بۆ پێوەندیی کەسی، بازرگانی، کار و ناردن و وەرگرتنی فاکس، ناردن و وەرگرتنی ئیمەیل و بۆ بەسەربردنی چەند کاتێکیش لەسەر ئینتەرنێت. شرۆڤەکارێکی بواری پێوەندی و گەیاندن پێشبینیی کردبوو کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا نیوەی ٩٧ ملیۆن خێزانی ئەمەریکی دوو یان سێ هێڵی تەلەفۆنیان لە ماڵەوە دەبێت.

لە سەرەتای حەفتاکاندا، کۆمپیوتەر و تێرمیناڵەکانیان، زانیارییان دەگواستەوە سەر کێبڵەکانی تەلەفۆن. چەند دەیەیەکی دوای یەکەم گواستنەوەی نامەی ئەلیکترۆنی (ئیمەیل) وێنەکان لەسەر www (تۆڕی فراوانی جیهانی)، وێنە و نەخشەی سەر فاکسەکان، داتا لە بانکی زانیاریی سەر ئینتەرنێت جەنجاڵیی هاتوچۆی زۆر زیاتر کرد، بەڵام چارەسەر کرا بەهۆی پێشڤەچوونی ئامێرێکی وەک ڕیشاڵی ئۆپتیک و ئامێری باشتری هەڵگرتن.

بە هەزاران داهێنان سیستمی تەلەفۆنیان بەرەو پێش خستووە، لە سەرووی هەموویانەوە تەلی یەک تەوەرەیە coaxial cable، ناوەندێکە داتای کۆمپیوتەری دەگوازێتەوە. هەر ئەم تەلە لە ساڵی ١٩٦٣دا تەچ تۆنی ئاشنا کرد، ئەنەلۆگی کرد بەدیجیتاڵ بۆ زیاتر ساف بوون، مایکرۆوێیڤ، سەتەلایت و ڕیشاڵە ئۆپتیکەکانی بەکار دەخست. تەلی ڕیشاڵی ئۆپتیک بەناوی لینکی زەریای هێمن، کە لە ساڵی ١٩٨٩ دانرا، دەیتوانی لە یەک کاتدا ٤٠ هەزار تەلەفۆن وەرگرێت. تۆڕی دیجیتاڵی پێکەوەیی ISDN، تەکنۆلۆجیایەکی نەوەدەکانە،

ئەنەلۆگی کرد بە دیجیتاڵ بۆ وەشانی باشتر و سافتری پێوەندییە تەلەفۆنییەکان، فاکس، کۆمپیوتەر و ڤیدیۆ. ئەگەر بێین میتافۆری "ڕێی گشتی" وەرگرین، یەکێک سیستمی مۆدێرنی تەلەفۆنی بە سیستمی ئاودانی کێڵگەیەک وەسف کرد، هەر تەلەفۆنێکی چواند بە "سۆندەی باخچە"یەک.

## ڕێکخستنەوەی کۆمپانیاکانی تەلەفۆن

هەر شتێک بەلای سەرجەم خەڵکی وڵاتێکەوە گرینگ بێت و بەکار بهێنرێت ئەوا حکوومەت ناتوانێت خۆی لێ بدزێتەوە. لە کاتێکدا سیستمی تەلەفۆن لە زۆربەی وڵاتاندا وەک سیستمی ڕێگە گشتییەکان کۆنترۆڵ کراوە، کۆمپانیای AT&T وەک پرۆژەیەکی تایبەتی سەری هەڵداوە و کەمێک لە ژێر باری ئەو کۆنترۆڵە چووەتە دەرەوە. هێڵەکانی تەلەفۆنی بەلایەنی باشەدا قۆرخ کرد کاتێ کۆمپانیا بچووکەکانی تەلەفۆنی کڕییەوە. ئەمەش تەکانێکی تری پێ درا بەهۆی بڕیاری FCC کارتەر فۆنی ساڵی ١٩٦٨، بڕیار درا هەرچەشنە ئامێرێکی دەتوانێت پێوەندی بە AT&T بکات لە ڕێگەی تۆڕی تەلەفۆنەکەیەوە. دوو ساڵ دواتر، بڕیارێکی تری FCC و MCI دەرگەی ڕکابەری لە نێوان کۆمپانیاکان لە بازاڕ واڵا کرد. لە ساڵی ١٩٨٣ At&T خورد کرایەوە بۆ حەفت کۆمپانیای هەرێمێ، لەگەڵ AT&T بۆ ڕکابەریکردنی ئەو کۆمپانیایانەی کە دەستیان دەگەیشتە شوێنە هەرە دوورەکان.

بەپێی ڕێککەوتنێک لە ساڵی ١٩٩١ سیستمی بێڵ بوو بە دوو بەش AT&T نەوەیی و بەیبی بێڵ. ئەمە دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە کۆمپانیا هەرێمییەکانی تەلەفۆن بۆ پێشکێشکردنی خزمەتگوزاریی زانیاری بە بەکارهێنانی هێڵەکانی خۆیان. کۆمپانیاکانی MCI، GTE ، Sprint تێکەڵ کران و بوون بە یەک کۆمپانیای تەلەفۆن بۆ ڕکابەریکردن لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکە. لەبەرئەوەی لایەنی ئابوورییان بەهێز بوو، کۆمپانیاکانی تەلەفۆن خۆیان ڕێکخستەوە بۆ وەشانکردنی هەواڵ، وەرزش، هەواڵەکانی بۆرسە و پەڕەی زەردی ئەلیکترۆنی و زانیاری و خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر.

یاسای چاکسازیی پێوەندی و گەیاندن لە ساڵی ١٩٩٦ کۆمپانیا نەتەوەییەکانی تەلەفۆنی خستبووە ڕکابەرییەوە لەگەڵ هەر حەوت کۆمپانیا هەرێمییەکە لەسەر خزمەتگوزاریی باشتر و ڕکابەریکردنی کۆمپانیاکانی کێبڵ لە دابینکردنی زانیاری و خۆشی بۆ ناو ماڵەکان. Baby Bells بە خۆیان ئەزموونەکانیانەوە ڕێککەوتنێکی هاوبەشیان مۆر کرد و دانوستاندنیان لەگەڵ دابینکەرانی زانیاری کرد وەک کۆمپانیاکانی

کێبڵ، ستۆدیۆکانی فیلم و ڕۆژنامە زەبەلاحەکان. هێڵی مسینی تەلەفۆن لادرا و لە شوێنیان هێڵی ڕیشاڵی ئۆپتیک دانرا و بۆ ناو ماڵەکان ڕاکێشران.

کۆمپانیاکانی تەلەفۆن پێشڤەچوون و چی تر پشتیان بەسیستمی POTS بەست، کە هەر ئەم سیستمە پێشتر یارمەتیی AT&Tی دەدا لە سەرانسەری جیهان. بۆ چەند دەیەیەک، سیاسەتەکە وا بوو ئەگەر یەکێک خزمەتگوزاریی تەلەفۆنی ویستبا، هەرچی کۆمپانیاکە بۆی دانابا دەبووایە پەسندی بکردایە، هەروەها پێویستی نەدەکرد خۆت ماندوو بکەیت و بگەڕێیت و شتێک لە ئامێری بێڵ کەم یان زیاد بکەیت. تەنیا تەلەفۆنەکانی کۆمپانیاکە کاری پێ دەکرا. چەند ساڵێک لەمەوبەر چیرۆکێکیان دەگێڕایەوە: ژنێکی ماڵەوە ڕێگەی پێ نەدرا پارچە پەڕۆیەک للە تەلەفۆنەکەی بئاڵێنێت.

## تەلەفۆنی دەستی

دوای شەڕی دووەم جیهانی، خزمەتگوزاریی مۆبایل وەک بازرگانییەک دەستی پێ کرد. تەلەفۆن لە دووریی ٥٠ میلەوە بەهۆی ئالیارێکەوە وەری دەگرت، خەڵک دەبووایە پلیان بە دوگمەیەکەوە نابا بۆ قسەکردن. لەگەڵ ئەوەشدا، خەڵک ئامێری تەلداریان دەکڕی بۆ ئەوەی لە نێزیکەوە قسە لەگەڵ یەکتر بکەن. نەوەیەک دواتر، تەلەفۆنی دەستی پەیدا بوو، ئامێرێک لە ڕێگەی گواستنەوەی ئەلیکترۆنییەوە کاری دەکرد. ئامێری وەرگر و نێرەر لە تەواوی شارەکاندا بڵاو بووەوە، ئامێرەکە بە سیستمی تەلەفۆنەوە بەسترا بوو لە ڕێگەی بگۆڕەکانەوە. بۆ ئەوانەی بەردەوام لە ناو ئۆتۆمۆبێل بوون، ئامێرێکی فاکس ناردن بە ئۆتۆمۆبێلەکەیان بەسترا بوو و ژن و مێرد دەیانتوانی لە ناو ئۆتۆمۆبێلەکەیان ژمارە لێ بدەن.

کاتێ خزمەتگوزاریی سەتەلایت بۆ مۆبایل هاتە گۆڕێ، تەلەفۆن لە نێوان هەردوو خاڵێکی لێک نێزیکەوە ئەنجام دەدرا. دەڵێن تەکنۆلۆجیاکە ئامادە بوو تەنیا پێویستی بە ڕێککەوتنێکی نیزامی نێودەوڵەتی هەبوو. ئامانج لەمەش بریتی بوو لەوەی هەردوو کەس لەسەر ڕووی ئەم زەوییە بتوانن لە ڕێگەی تەلەفۆنی گیرفانەوە بە ڕوونی و ڕەوانی قسە لەگەڵ یەکتر بکەن.

تەلەفۆنی دەستی ئەوەندە باش بوو خێرا لە بازاڕەکان تەواو بوو، بەڵام ئەمە تەنیا دەنگۆ بوو، بەڵام لە ١٩٩٣ دەستی بە فرۆش کردەوە. تەلەفۆنی دەستی ڕادیۆشی وەردەگرت. خەڵکی چەندان سەعات بڵندگۆی تەلەفۆنەکەیان لە گوێیان دەخست، بۆیە ئەمەش زۆر کەسی تووشی شێرپەنچەی مێشک کرد.

پەیجەرز برێتی بوو لە ئامێرێکی تری پێوەندی و گەیاندنی کەسی، لەلایەن کۆمپانیای مۆتۆرۆلاوە دروست کرا. ئەو ئامێرە تۆرێکی ڕادیۆییی بەکار دەهێنا بۆ داونلۆدکردنی زانیاریی نووسراو. پەیجەرز ١٥ نامەی نووسراویان وەردەگرت و دەنارد کە نێزیکەی ١٢٠ کارەکتەری دەگرت. دایک و باوک ئەمانەیان دەکردە دیاری بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی کوڕ و کچەکانیان، هەروەها بۆ مەبەستی ئەوەش هەردەم ئاگایان لە یەکتر بێت. هەرزەکارانیش بەکاریان دەهێنا بۆ ئەوەی بەردەوام پێوەندی بە هاوڕێکانیانەوە بکەن. هەندێ کەس هەبوو دوو ژمارەیان هەبوو، بۆ ئەوەی ژمارەی ماڵەوە شتێکی تایبەت بێت بەماڵەوە.

## تەلەفۆنی گیرفان

نوێترین جۆری تەلەفۆنی کەسیی ناسرابوو بە PCS (خزمەتگوزاریی گەیاندنی کەسی). ئەم تەلەفۆنە دیجیتاڵە، بەپێی بڕیاری لێژنەی گەیاندنی فیدراڵ لە ١٩٩٥ دەتوانێت فریکوێنس بەکار بێنێت. لەبەر ئەوە دیجیتاڵە، جۆری دەنگەکەی زۆر باشتر و سافترە لە تەلەفۆنی پێشووی دەستی. ئەم تەلەفۆنە ئەوەندە بچووکە دەتوانرێت لە ناو گیرفان هەڵبگیرێت.

هەموو مۆبایلێک لق و پۆپی ئامێرەکانی ناو چەرداخی ماڵە. ئەگەر یەکێک بیەوێت بزانێت لەو شوێنەی بۆی دەچێت فلان کەس ئامادەیە، بەئاسانی هەر لە گیرفانیەوە زەنگێکی بۆ لێ دەدات. بۆ نموونە، کچێک تەلەفۆن بۆ دایکی دەکات، بۆ ئەوەی بزانێت چەند لێیەوە نێزیکە. تەلەفۆنی دەستی، یان سێلفۆن لە ساڵی ١٩٨٣ هاتە گۆڕێ، هەنگاوێکی تری نایە پێشەوە، ئەویش ڕێگە بەکچەکە دەدات ڕاستەوخۆ بگات بە دایکی.

تەلەفۆنی گیرفان بەقەد ڕادیۆی دیک ترێیس بچووکە، ئەها ژیان لاسایی هونەر دەکاتەوە. لە ساڵی ١٩٩٦دا مۆبایل بەرنامەی کۆمپیوتەری بۆ دانرا، بە ئینتەرنێتەوە لکێنرا و فاکس و ئیمەیلی وەردەگرت و دەناردەوە.

مۆبایلی گیرفان نەک هەر تەنیا لە شوێنە چاوەڕێکراوەکانی وەک قەرەباڵغی هاتوچۆ، لێواری مەلەوانگە بەکار دەهات بگرە لە شوێنەکانی تریش بەکار دەهێنرا وەک چێشتخانە، سەر مێزەکان، شوێنە گشتییەکان، تەنانەت ڕواڵان بەکاریان دەهێنا کاتێ یاریی خلیسکانێیان لەسەر شەقام دەکرد. جاری وا هەبوو لە ناوەڕاستی پۆل زەنگی تەلەفۆن لێی دەدا. هەندێ لە قوتابخانەکان قەدەخەیان کرد، نەک هەر تەنیا لەبەرئەوەی سەر لە قوتابییان تێک دەدات بگرە زۆر کاری تری خراپی پێ ئەنجام دەدرا. مۆبایل زۆر بەخێرایی لە داهێنانەوە بوو بە پێویستییەکی سات بەسات. جگە لە جەماوەری سوپەرمان، خەڵکی تر چەند فرمێسکێکیان بۆ کابینەی تەلەفۆن هەڵڕشت.

## تەلەفۆنی نوێ وێنە دەگوازێتەوە

لە ساڵی ١٩٢٤دا، تاقیگەکانی بێڵ لە ویلایەتی نیوجێرسی، کە یەکێک لە شوێنە هەرە باشەکانی توێژینەوەی پێوەندی و گەیاندن، وێنەی بەرێگەی هێڵی تەلەفۆن گواستەوە. وێرای نیشاندانی سەرسامییەکی زۆر لە کاتی نیشاندانی گواستنەوەی وێنە لە رێگەی تەلەفۆنەوە لە پێشانگەی جیهانی لە ساڵی ١٩٦٤، وێنەکان خراپ بوون و لە رووی بازرگانییەوە شکستیان هێنا. وێنەی تەلەفۆنی لە پێشانگە جیهانییەکان و دیزنی لاند نیشان دران، بەڵام سەرنجی خەڵکیان رانەکێشا، چونکە نرخەکانیان گران بوو، وێنەکانیان خراپ دەنارد، هەروەها ئەو گومانەش هەبوو کە خەڵکی نەیدەویست لەسەر تەلەفۆن لەلایەن یەکێکی ترەوە ببینرێت. خەڵکی زۆر تیر و توانجیان لەو دایکانە دەدا کە تەلەفۆنیان بۆ کچەکانیان دەکرد و سەیری جۆری قژ و باڵەخانەکانیان دەکردن.

نەوەیەک دواتر، تەکنۆلۆجیا زیاتر پێش کەوت و ناوێکی نوێ هاتە کایەوە: ڤیدیۆ کۆنفرانس لە رێگەی تەلەفۆنەوە. لێرەدا وێنە لە رێگەی تەلەفۆنەوە سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا. قەبارەی ئامێرەکان بچووک بووەوە نرخەکانیان دابەزی، هەروەها هێڵە خێراکانی داتا کە وەختێک سەعاتێ بە هەزار دۆلار بوو و نرخەکەی کەم بووەوە و بۆ شوێنە هەرە دوورەکانی زانیارییان دەگواستەوە. لەگەڵ دابەزینی نرخ و سەرکەوتنی کاری کۆنفرانسی تەلەفۆنی، ناوی ڤیدیۆفۆن جارێکی تر سەری هەڵدایەوە.

سەرکەوتنەکان لە تێستە بەراییەکانی بڵاوکردنەوەی ئامێرەکە باسیان لێوە کرا، بازاڕ هەر تەنیا مەبەستی بەکارهێنەران نەبوو، بگرە خێزان و خۆشەویستە دوورەکانی لێک نێزیک کردەوە. سوودی پێوەندی و گەیاندنی رووبەڕوو لە نێوان شارە دوورەکان بێ ئەوەی کەسیش سەردانی کەس بکات شتێکە نکوڵی لێ ناکرێت.

## خزمەتگوزاریی هەمەجۆر

کۆمپانیاکان دەیانویست بەرهەمەکانیان بفرۆشن، رووپێوچییەکان دەیانویست لە ژمارەیەک ٨٠٠ یان ٩٠٠ بەکار بێن. تەلەمارکێتینگ (telemarketing: کڕین و فرۆشتن لە رێگەی تەلەفۆنەوە) بریتی بوو لە فرۆشتن لە رێگەی تەلەفۆنەوە. بوو بەبازرگانییەکی گەورە ئەگەر بێزارکەر نەبوویێت. هەروەها ئاگەداربوونێکی گشتیی کۆمپانیا بچووکەکان هەیە بۆ چاتکردن و بۆ هێڵەکانی گەوران کە هەر کرێی هەر خولەکێک باجی لەسەرە. سەبارەت بە هەشتسەدەکان، ئەوەندە ناودار بوون شوێن بۆ کەسی تر نەمایەوە. کۆمپانیای AT&T

بانکێکی نوێی دامەزراند: ٨٨٨ .

لە جیهانی ئەلیکترۆنیاتدا، ئامێری وەڵامدانەوە پێ دەچێت پشتگوێ خرابێت، هەرچەندە تا ئێستە یەکێک لە ئامێرە هەرە بەهێزەکانی پێوەندی و گەیاندن. یەکێک لە بوارە هەرە باشەکانی بەکارهێنانی ئەوەیە، خاوەن تەلەفۆنەکە ئازاد دەکات لەوەی لە ماڵەوە چاوەڕێ بکات بۆ وەرگرتنی پەیامێک. سوودی تری ئامێری وەڵامدانەوە لە ماڵ ئەوەیە دەتوانی ڕاستەوخۆ وەڵامی نەناسراوەکان نەدەیتەوە. ئەم ئامێرە باشتر کرا و بوو بەسیستمی نامەی دەنگی voice mail کە لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی لۆکالی تەلەفۆنەوە کەوتە بازارەوە. سوودی ئەمەش ئەوە بوو ئەگەر تەلەفۆن بۆ یەکێک بکەیت و سەرقاڵ بێت یان قسە لە گەڵ یەکێکی تر بکات ئەوا دەتوانی نامەیەکی دەنگی بۆ جێ بێڵیت.

کۆمپانیاکانی تەلەفۆن خزمەتگوزاریی تریش پێشکێش بەموشتەرییەکانیان دەکەن. ناساندنی ئەو کەسەی تەلەفۆنت بۆ دەکات لە ڕێگەی دروستکردنی ناسنامەیەکەوە، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە ژمارەکەیان ئاشکرا ناکەن. بە سیستمێکی کۆمپیوتەری ناو، ناوونیشان و زانیاریی تر لای کەسەکە تۆمار دەکرێت. ئەو کەسەی وەڵامی تەلەفۆنەکە دەداتەوە دەتوانێت یەکسەر سەلام لە کابرا بکات بەناوی خۆیەوە. هەروەها بۆ ئەوەی چی تر تەلەفۆنی نەناسراوت پێ نەگات، دەتوانی ئۆتۆماتیکی تەلەفۆنەکە دابخەیت و وەڵام نەدەیتەوە.

دەتوانی ژمارەی تەلەفۆن یان تەلەفۆنی یەکێک بۆ یەکێکی تر ڕەوانە بکەیت، ئەگەر لەسەر هێڵ بیت و یەکێک تەلەفۆنت بۆ بکات دەتوانێت چاوەڕێ بکات و هەروەها هەڵبژاردنی زەنگەکان، هەریەک لەم خزمەتگوزارییانە مانگانە چەند دۆلارێکی تێ دەچێت. خاوەن تەلەفۆنەکان دەتوانن بڕیاری ئەوەش بدەن فاکس یان کۆمپیوتەر بەهێڵەکانیان بلکێنن یانیش داوای هێڵی جودا بکەن.

یەکێک لە خزمەتگوزارییەکانی تر تەلەفۆن ئەوەیە، یەکێک دەتوانێت هەر بەتەلەفۆن داوای پلانێکی ڕێجیم بکات لەسەر بنچینەی ئەو زانیارییانەی لەسەر تەچ تۆنی تەلەفۆنەکەوە هەیە و بە یەک پل پێوەنان زانیارییەکەی دێتە بەردەست. شیکاغۆ ڕیدەر یەکێک بوو لەو ڕۆژنامانەی کە چەندین خزمەتگوزاریی تەلەفۆنیی پێشکێش دەکرد، وەک پۆلێنکردنی کەسەکان، پۆلێنکردنی لیستی باڵەخانەکان، زانیاری لەبارەی ئەوەی کامە گرووپە موزیک کۆنسێرتی هەیە و لە چ شوێنێک سازی دەکات، هەروەها چەند پارچەیەک لە موزیکی گرووپەکەی بۆ دەناردیە سەر تەلەفۆنەکەت، زانیاری لەسەر فیلمەکان، لیستی چێشتخانەکان لەگەڵ زانیاری تەواوی لەسەر هەریەک لە چێشتخانەکان تا پێش چوونت

شوێنێک بگریت و شت داوا بکەیت. هەموو ئەمانە ئەنجام دەدرا بە تەلەفۆنێکی تەچ فۆن.

با دوورتر بڕۆین، تویژەرە ژاپۆنی و بەریتانیاییەکان کاریان دەکرد لە سەر جۆرە تەلەفۆنێک بۆ وەرگێڕانی تۆماتیکی: واتە دوو کەس بەدوو زمانی جیاواز قسە دەکەن و لە یەکتر ناگەن، ئەو کاتە تەلەفۆنەکە خۆی بۆیان وەردەگێڕێت. دوای ئەوە چەندان بەرنامە لەسەر ئینتەرنێت دانران کە زمانەکانی جیهانیان وەردەگێڕا، هەرچەندە کەمێک هەڵەیان تێدا هەبوو، بەڵام دەیانتوانی پەیامە ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانییەکان لەسەر ئینتەرنێت وەربگێڕن. بەرنامەیەکی سۆفتوێری ژاپۆنی، ئەویش هەڵەی هەبوو، ئۆتۆماتیکی تێکستی لە بە دوو زمانی ژاپۆنی و ئینگلیزی وەردەگێڕا. دواتر سیستەمێکی تریان دانا کە وردتر و ڕاستتر بوو، بەڵام پێویستی بەدەستکاریی مرۆڤ هەبوو وەک هەڵبژاردنی ماناکان لە نێو وشەکان. ئەو سیستەمە ژاپۆنییەش برێتی بوو لە هیراگانا.

## بێ دەست لێدان دەگەیتە خەڵک

تەلەفۆن بوو بەڕێگەیەک بۆ کاری بازرگانی، بەکار هات بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەکان یان هەڵوەشاندنەوەی ژوانێک، بۆ دەربڕینی تووڕەیی، ئاشکراکردنی نهێنییەکان یان بۆ بەسەربردنی کات لەگەڵ یەکێکی تر ئەویش هیچ نەبوو خۆی پێوە خەریک بکات، بۆ داوای لێبووردن، چرپاندنی قسەی خۆش. دەتوانی قسە لەگەڵ کەسانێک بکەیت قەت لە ژیانتدا نەتبینیون، ئەمانە هەمووی لەسەر حسێبی سەردان کردن و بینینی ڕووبەڕوو. لەلایەکی ترەوە، هەندێ کەس هەن توانای ئامێرەکان بەرز دەنرخێنن چونکە بە هۆیانەوە دەتوانن پێوەندی بەخەڵکەوە بکەن بێ ئەوەی سەردانیان بکەن. بە کورتی تەلەفۆن ڕێگەی پێ دای قسە لەگەڵ ئانوت ئیتلە بکەیت، کە ناتوانی وەها بە ئاسانی سەردانی بکەیت، بەڵام ئەگەر تۆ لەسەر تەلەفۆن قسە لەگەڵ ئانوت بکەیت ئەوا پێویست ناکات سەردانی بکەیت.

دروشمی تەلەفۆن "دەگەیتە خەڵکی و دەست لە یەکێک بدە لە نێزیکەوە"، هێشتا کاریگەریی خۆی لە دەست نەداوە هەرچەندە ناتوانی لەسەر تەلەفۆن دەست لە کەس بدەیت. "با پێوەندیمان بەردەوام بێت" واتە بۆم بنووسە یان تەلەفۆن بکە. هەرکە هەزارەی نوێ نێزیک دەبێتەوە، پێوەندی و گەیاندن دەگاتە لووتکەی باوێتی. بەڵام دەست ناکاتە کەس.

## خۆشگوزەرانیی "بەلاش"

ئەمەریکاییەکان لە سالانی سی و چلەکاندا لە مالەوە وەک لەزگە بە ڕادیۆوە نووسابوون کاتێ ڕۆژانە بەدەیان بەرنامەیان پێشکێش دەکرد، زنجیرەی بەیانییان، بەرنامەی مندالان دوای قوتابخانەکان، لە کاتی نانی ئێوارەدا گوێیان لە شرۆڤەی هەوال دەگرت، دراما، کۆمیدی، بەرنامەی پرسیار و وەلام و شتە تایبەتییەکانیان دەبیست. لە سالانی گرانییە گەورەکەدا، ١٥ ملیۆن ئەمەریکی بێکار بووبوون، ئەو خۆشگوزەرانییە "بەلاشە" بوو، خەلک دەیتوانی پارەکەی بدات، چونکە ئەوەندە هەرزان بوو وەک بەلاش وا بوو. سێتێکی ڕادیۆ بە ١٥ دۆلار بوو. هەموو شەوان بیسەران چاوەڕێی بەرنامەی خۆشیان دەکرد لەسەر ڕادیۆ. ڕادیۆ ڕۆلێکی کۆمەلایەتیی ئەوتۆی هەبوو. وەک ڤیکترۆلا ئەوساکە ڕادیۆ بووبووە بەشێک لە کەلوپەلی ناومال، بێ پاتری، گۆڕینی خێرا و سانا. ڕادیۆی نوێ پلاکێکی هەبوو لە ژووری دانیشتن دەخرایە ناو سویچی دیوارەوە.

ئەوانەی قسەیان لەسەر ڕادیۆ دەکرد ڕەخنەیان لێ گیرا بەوەی کە شێوەزارەکەیان ڕوون نییە، بۆیە پیشەسازیی وەشان ئەو ڕێگەیەی هەلنەبژارد و شێوەزارێکی ستانداردی ئەمەریکیی بەکار هێنا. ڕادیۆ زۆر یارمەتیی هەول و کۆششی نەتەوەییی دا بۆ ئەوەی هەموو ئەمەریکاییەکان کۆ بکاتەوە گوێ لە یەک شت بگرن، ئەم کارە بووە ئەرکی قوتابخانەکانیش. ڕادیۆ و فیلمەکان بووبوون بە ئاگری بن کای خۆشی و سەفای خەلک. لەگەل ئەوەشدا هێشتا هەموو کەس ڕازی نەبوو بەوەی تۆڕە و سیستەمە، چونکە NBC، CBS دەستیان بەسەردا گرتبوو، نەیاندەهێشت وێستگە لۆکالەکان جۆری بەرنامەکانی خۆیان پێش بخەن. بەرنامەی تۆڕەکان، جەماوەری نەتەوەییی ئامانجێن بوو، پرسگەلی هەرێمی و کولتووری لۆکالیان پشتگوێ خستن.

فیدراسیۆنی ئەمەریکی بۆ موزیکڤانەکان نەیدەویست موزیک تۆمار بکرێت و لێ بدرێتەوە، هەروەها یەکیەتی جەیمس پێتریلۆ بوو بە هێزێکی سەرەکیی پیشەسازیی وەشانکردن. زۆربەی وەشانی ڕادیۆکان ڕاستەوخۆ بوون، چەند بەرنامەیەکیان نەبێت تۆماریان دەکرد. ڕادیۆ زۆر گرینگ بە موزیکی تۆمارکراو نەدەدا تا دیسکی جۆکی لە ناوەڕاستی پەنجاکان پەیدا بوو. تا سەرەتای پەنجاکانیش، دەنگ لەسەر قەوان تۆمار دەکرا، لەبەرئەوەی ئامێری تۆماریش قەبارەی گەورە بوو زۆر بەدەگمەن لە ستۆدیۆ دەهێنرایە دەرەوە. کاسێتی دەنگ هەموو ئەو تەوقانە و دیواری ژووری هەوالەکانی ڕادیۆی شکاند.

## وەشانە سیاسییەکان

سەرۆکی ئەمەریکا فرانکلین رۆزڤێلت، دژایەتی دەکرا لەلایەن زۆربەی رۆژنامەکانەوە، منەتی بەرۆژنامەکان نەما، چونکە رادیۆی بەکار هێنا بۆشرۆڤەکردنی سیاسەتەکانی بەشێوەیەکی راستەوخۆ بۆ دەنگدەرانی. چوار زاراوەکەی بەڵگەن لەسەر سەرکەوتنی ئەو، فرانکلین زۆر بەباشی لە سروشتیی رادیۆ گەیشت بوو و دەیزانی چۆن مایکرۆفۆن بەکار بێنێت. وەزیری کرێکاران فرانسیس پێرکینس باسی رۆزڤێلت دەکات:

کاتێ قسەی دەکرد سەری ئەرێنیی دەلەقاند، دەستەکانی بەسادەیی و سروشتی دەجووڵاند و جووڵەی دەموچاوی زۆر راحەت بوو. رووی دەگەشایەوە و دەخەنییەوە هەرچەندە لە راستیدا لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، بەڵام دەتگوت لە ژووری دانیشتن لەگەڵ بیسەران دانیشتووە.

کاتێ چرە دووکەڵی شەڕ باڵی کێشا بەسەر ئەوروپا و ئاسیادا، دواجاریش گەیشتە ئەمەریکا، رادیۆ دەنگی سەرکردە ئەوروپییەکانی هێنا ناو ماڵی ئەمەریکاییەکان. پێگیری ئەدۆلف هیتلەر و رەوانبێژیی وینستۆن چێرچل گەیشتە ناو ژووری دانیشتن، ناو موبەقەکان، سەر مێزی ئەمەریکییەکان. رادیۆ رۆڵێکی سیاسیی گێڕا. هیتلەر درکی بە هێزی پێوەندی و گەیاندنی زارەکی کردبوو، لە مێین کامف گوتی:

دەزانم ئێستە کەس هەیە دەتوانێت خەڵکی لە رێگای دوورەوە بە قسەکردن نەک نووسین بباتەوە. گۆڕانە مەزنەکانی جیهان هەرگیز بە قیرەقیری قاز دروست نەبوونە. ئەو هێزەی چیا بەفرینەکانی سیاسەت و ئاین دادەرمێنێت، تازە لە سەرەتادایە، ئەویش هێزی سیحری قسەکردنە.

## کاریگەریی کولتووری

لەگەڵ هەموو شتێک لە بەرەبەیانی یەکشەمان، خزمەتگوزاریی کڵێسا بۆ ئۆرکێسترای سیمفۆنیا و " یۆر هیت پارەێید"، رادیۆ رۆڵێکی ئەوتۆی کولتووریی لە کۆمەڵگەی ئەمەریکیدا گێڕاوە. لە "قۆناغی زێرین"ی رادیۆدا، واتە دەوروبەری سالانی سییەکان و چلەکان، هەموو جۆرە بەرنامەیەک هەبوو، لە زانیارییە هەرە گرینگەکانەوە بگرە تا ئەو شتانەی خەڵک گوێیان بۆ شل نەدەکردن. بەیانییان زنجیرەی درامایی وەشان دەکرد، بەرنامەی سەرکەشی بۆ منداڵان بە سەعاتێک پێش نانی شێوان، زنجیرە درێژەکان لە کاتێکی گونجاودا، دراماکان و، بەرنامەی هەمەڕەنگی تر. هەروەک ناوی ئەستێرەکانی

سینەما لە منداڵان نرا، ناوی بێژەرانی ڕادیۆش وای لێ هات ئێدی کانتەر، جاک بێنی، فرێد ئالن و لە دوای شەڕی جیهانی دووەمیش ئارەسەر گۆدری. پێکهاتەی بەرنامەکان بۆ سەرە سەعات و سەرە نیوسەعات، نێزیکە لە خشتەی بەرنامەکانی تۆڕی تەلەڤزیۆنی ئەو سەردەمە، نەک وەک بەرنامە لێک دوورەکانی ئەمڕۆ لەسەر ڕادیۆ دەیانبیستین.

خۆپیشاندانێکی هێزی سۆزداری وەشانکردن، لە ئێوارەی ٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٣٨دا ڕووی دا، کاتێ شانۆی مێرکیوری ئۆرسن وێلز ڕۆمانی شەڕی جیهانەکانی بە دراما پێشکێش کرد. نێزیکەی شەش ملیۆن جەماوەر وایان زانی مارتیانس زەویی داگیر کردووە و هەموو کەسێک سەر دەبڕێت، هەندێ گوێگر چوونە سەر شەقامەکان و هاواریان دەکرد جیهان کۆتاییی پێ دێت. لە هەمان ساڵدا سی بی ئێس نیوز وێڵد لە سەر ڕادیۆ ناوەندێکی زۆر گرینگ و کاریگەری هەواڵی وەشان کرد.

## باشترکردنی دەنگ

هۆوارد ئارمسترۆنگ، کە بازنەی بەرسڤ (فیدباک) و گۆڕانکاریی تری لە سیگنالی ڕادیۆ داهێنا، شەپۆلی FMی ڕادیۆی لە ساڵی ١٩٣٣ دروست کرد. سەرۆکی RCA دەیڤد سارنۆف، درکی بە گرینگییەکەی کرد، بەڵام وای زانی ئێف ئێم FM ڕێگرییە لە بەردەم پێشکەوتنی تەلەڤزیۆنی RCA. سارنۆف توانیی شەپۆلی ئێف ئێم دابخات تا چەند ساڵێک دوای شەڕی دووەم جیهانی. ئارمسترۆنگ، لەمە و چەندان کاری تر پەست و بێزار بووبوو، خۆی کوشت.

ئەندازیارانی دەنگ، بە سەرکەوتوویی جۆری دەنگیان لە کاتی وەشان و تۆمارکردن باشتر کرد، تەکانێکیان بە پیشەسازییەکە دا کە وەرگری لە ناوماڵەکان دروست کرد. چی تر پێویستیی نەدەکرد شتێک بکڕیت و دەنگێکی خراپت بۆ بێنێت. لە ژووری دانیشتندا، بڵندگۆ، گەورەکەر و چەند سیستمی تری سافکردنی دەنگ لە ناو ڕادیۆکەدا هەبوون.

لە دەیەی پەنجاکان و شەستەکاندا تەکنۆلۆجیا تەقییەوە ئەمانەشی تێدا بوو: ئێف ئێم، ستیریۆفۆنیک، کاسێتی زۆر سافی دەنگ، تەنزیل، کاسێت تۆمارکردن و داهێنانی ترانزستەر، کە نەک هەر تەنیا متمانەی ئامێری لە وێستگەی ڕادیۆ باشتر کرد، بگرە لەوەش گرینگتر گوێگرێکی زۆریشی بۆ ڕادیۆ پەیدا کرد لە ماڵ و لە ناو ئۆتۆمۆبێلیش.

## ڕادیۆ خۆی دادەهێنێتەوە

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی خێرای تەلەڤزیۆن، وەشانی ڕادیۆ لەسەر یەک ڕێگە، ڕووی لە کزی کرد. وێستگە و تۆڕەکان بە پەرۆشەوە ڕوویان لە تەلەڤزیۆن کرد، ستاف و بەهرەکان چوونە ناو ئامێرە تازەکە. لەماڵەوە، ڕادیۆ لە ژووری دانیشتن خرایە ئەولا تا شوێن بۆ شاشەی تەلەڤزیۆنی RCA بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕادیۆ هەر زیندوو مایەوە. ئەمڕۆکە وێستگەی ڕادیۆکان زۆر زیاترن لە چاو ئەو کاتەی تەلەڤزیۆن بڵاو بووەوە. لە ساڵی ١٩٩٢دا، ١١٣٣٨ وێستگەی ڕادیۆ هەبوو، ٥٧٦ ملیۆن ڕادیۆش لە کار دابوو: واتە هەر ماڵێک ٥,٦ سێت ڕادیۆی بەر دەکەوت. هەروەها لە ئەمەریکا لە هەر ٢٠ ئۆتۆمۆبێلێک ١٩یان ڕادیۆی تێدا بوو. بە ڕێژەی بەردەوام و جێگیر هەر ئەمەریکییەک ڕۆژانە ٣ سەعات و ٢٠ خولەک گوێی لە ڕادیۆ دەگرت.

بەرنامەی ڕادیۆیی لە سەردەمی تەلەڤزیۆندا زیاتر چووە خانەی کەسییەوە وەک پێش تەلەڤزیۆن باوی نەما، چونکە وێستگە لۆکالەکان خشتەی بەرنامەکانیان کەم کردەوە کە سەردەمانێک زۆر چڕوپڕ بوون و تۆڕەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو. کاتێ وێستگەکانی ڕادیۆ زانییان کاتەکانی ئێواران خەڵک سەیری تەلەڤزیۆن دەکات، جەختیان کردە سەر کاتی بەیانی و نیوەڕۆیان، کاتێ زۆربەی گوێگران لە کار دەهاتنەوە یا دەچوونە سەر کار.

ئەگەر باسی سەردەمی تەلەڤزیۆن بکەین، ڕادیۆ دەچێتە خانەی وەشانی تەسک و پێشکەوتنە تەکنۆلۆجییەکان. هەر وێستگەیەک، لە جیاتی ئەوەی بگاتە زۆرترین کەس لە ڕێگەی بەرنامەی هەمەجۆرەوە، بە دوای بەرنامەی تایبەتیدا گەڕان بۆ ئەوەی هەر بەردەوام بن لە ڕکابەرێتییەکە و گوێگریان هەر بمێنێت. ئەمەش نەک هەر تەنیا کاری لە جۆری موزیکەکەیان کرد، بگرە کاری کردە دیسک جۆیز و هەڵبژاردنی بابەتی هەواڵ و جۆرەکانی شاباش. ئەو وێستگەیەی کە شاباشی بۆ مەرهەم دەکرد بۆ ڕواڵەکان نایەت ئێستە شاباش بۆ مەعجوونێکی خراپی ددان بکات، موزیکی کلاسیک لێ بدات یان بێژەری ئاسایی بگرێت. بازرگانەکان ڕادیۆیان بەکار هێنا بۆ ئەوەی کولتووری گەنج بهێننە ناو بازاڕەوە و موشتەریی گەنجیان زیاد بکات.

فرۆشی موزیکی تۆمارکراو بەرز بووەوە کاتێ لە شارە گەورەکاندا وێستگەکانی ڕادیۆ ئەوەندە باویان نەما. ڕادیۆکان بەرنامەی تایبەتیان هەبوو بۆ گرووپی ئیتنی، هەرێمەکان. ڕادیۆکان موزیکی ڕۆک، ڕۆل، جاز، کەنتری، مۆر، ماریچی، ریتمی، بلوز، کلاسیک، بیگ باند و تا دوایی بۆ گرووپی جیا جیا لێ دەدا. هەندێ لە وێستگەکانی شار بوون بە ڕادیۆی هەواڵ یان تەنیا گفتوگۆکردن.

تۆڕەکـــانی ڕادیۆ، لەبەر تەلەڤـزیۆن جـــەمـــاوەریان لە دەست دەدا، وازیان لە زۆربەی بەرنامەکانیان هێنا جگە لە هەواڵ. بۆ تەسککردنەوەی وەشان، ڕادیۆی ABC لە حەفتاکان دابەش بوو بەسەر چوار تۆڕی زانیاری، دواتر بوو بە حەوت تۆڕ. NBC،CBS و میوچوەل خورد بوونەوە و هەریەکەیان گرینگییان بەشتێکی تایبەتی دەدا.

نەوەدەکـــان جـــۆرە تۆڕێکی نوێی بەخـــۆوە بینی لە ڕێگەی تێکەڵکردن، تەقـــینەوەی گفتوگۆیەکی سیاسییانە بە زمانێکی سەرنجڕاکێش پێشکێش دەکرا. ئیتر ڕادیۆکان کـەوتنە داوەتکردنی ئەو مـیوانانەی کـە بەلای جـەمـاوەرێکی زۆرەوە گـرینگ بوو، خـەڵکی قسەی خۆشیان دەهێنا و ڕاستەخۆ دیمانەیان لەگەڵ دەکرد. زمانی شیکی هۆوارد ستێرن جەماوەرێکی زۆری ڕاکێشا لە ڕێگەی ڕادیۆ و لایەنگرێکی باشیشی وەک کاندیدی گشتی نیویۆرک بەدەست هێنا.

## ستیزن باند

(ڕادیۆی بێتەل لە دووریی چەند مەترێکەوە خەڵکی قسەی پێ دەکەن)

ئێف سی سی FCC، لە وەڵامی ئەو پاڵەپەســتـۆیەی لەســەر ئۆپەرەیتـەرەکـانی ڕادیۆ، فریکوێنسییەکانی جیا کردەوە بۆ ڕادیۆی بێ تەلی هاوولاتییان. ڕادیۆی بێ تەلی CBers، کە لەسەر ئەو فریکوێنسیانە کار دەکەن، ژمارەیان گەیشتە چەندان ملیۆن. لە هەمووییان بەناوبانگتر سی بی CB بوو کە شۆفێری لۆرییەکان بەکاریان دەهێنا بۆ ئاگەدارکردنەوەی یەکتر لە ڕێگەوبان. زۆربەی سی بییەکان ئێستە تۆزیان لەسەر نیشتووە چونکە ئێستە خەڵک سێلفۆن بەکار دێنێت.

جگە لە ڕادیۆی بێ تەلی سی بی، چەند لایەنێکی تر فـریکوێنسـیـیـەکانی ڕادیۆ بەکـار دێنن. لەوانەش: پۆلیس و ئاگرکوژێنەرەوە، کۆنترۆڵی ئاسمانی، شەپۆڵەکانی ڕادیۆ و مۆبایل، سیستمی تەلەفۆنی. لە ڕاستیدا تەلەفۆنەکان وێستگەی وەرگر و نێرەرن چوونەتە سەر هێڵەکانی تەلەفۆن.

لە گۆشە هەرە دوورەکانی ئەمەریکادا، ڕادیۆ زیاتر ڕۆڵێکی کەسیی گێڕاوە. لە هەندێ گـرد و باندا، لەودیو دار و زرێبـارەکـاندا، گـوێگران پشت بەڕادیۆ دەبەستن نەک هەر بۆ خۆشی، بگرە بۆ زانیاریی کـەسیش کە تەلەفۆنەکـان لە نێوان شـارەکان دەیگوازنەوە. خاوەنانی وێستگەکانی ڕادیۆ بە پەیامێک وەڵام دەدەنەوە. خێزانی جۆنز خێزانی سمیس ئاگادار دەکاتەوە لە کـاتی گەیشتنیـان. قەشە بابەتی یەکشەمەی داهاتوو لە کڵێسا ڕادەگەیەنێت. هەموو کەسێک پل بە ڕادیۆوە دەنێت چونکە ڕادیۆ لینکێکی کۆمەڵایەتییە.

## تەماشاکردنی بلووری فاڵگرتنەوەی ڕادیۆ

گۆڕانێکی تر سەرنجی خەڵکی ڕاکێش، ئەویش ستیریۆی ئەی ئێم AMی ڕادیۆ بوو. داهاتوو نوخشەی گۆڕانی زیاتریشمان پێ دەدات لە ڕادیۆ وەک ئالیەتێکی تری پێوەندی و گەیاندن، کە بەردەوام جەماوەر لەگەڵ خۆی دەبات. وەشانی ڕاستەوخۆی سەتەلایتەکان ژمارەیەک وێستگەی نەتەوەیی ڕادیۆ دروست دەکەن کە سیگناڵەکان ڕاستەوخۆ بۆ ناوماڵ و ئۆتۆمۆبێل دەنێرێت. لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا، نێزیکەی دوو ملیۆن کەس ئابوونەداری ڕادیۆ بوون. هەریەکەیان مانگانە ١٠ دۆلاریان دەدا بۆ موزیک و گفتوگۆکان. دی ئەی بی DAB (وەشانی دەنگی دیجیتاڵ)، کە ڕەنگە لە داهاتوودا بە سیدیەکی دەنگ ساف شوێنی ئەی ئێم و ئێف ئێم بگرێتەوە، ژمارەی وێستگەکانی ڕادیۆ یەکجار زیاد دەکات؛ چونکە کارەبای کەمتری پێویستە بۆ گواستنەوەی دیجیتاڵی لە هەمان کاتیشدا دەنگەکە لە سەرچاوەکەوە وەک خۆی دەگوازێتەوە. ئیتر دووری ناتوانێت زەفەر بەجۆری دەنگ بکات و بیشێوێنێت. هەروەها سیگناڵەکە دەتوانرێت لە ڕێگەی هێڵی کێبڵەکانیشەوە ڕەوانە بکرێت.

جگە لە وەشانی سەتەلایت، تۆڕەکان و وەشانی شەپۆلە کورتەکان، ڕادیۆ شتێکی لۆکالە. دەرکەوتنی کەناڵە ڕادیۆییەکان لەسەر ئینتەرنێت بەڵێنی گۆڕانی ئەو لۆکالێتییەمان پێ دەدات. لەبەرئەوەی ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت پێویستیان بەمۆڵەتی ئێف سی سی نییە و شوێنێک داگیر ناکەن لە گۆڕەپانی کارۆموگناتیسیدا، ژمارەی وێستگەکان بێ شومارن بەڕەچاوکردنی پێوەندییە بازرگانییەکان.

## سوودەکانی وەشان

بەلای گەلێ کەسەوە، دەنگ یان موزیک لەسەر ڕادیۆ، یەکەم دەنگ بوو لە بەیانییان دەبیسترا، دوا دەنگیش بوو لە شەو. ڕادیۆ لەگەڵ چالاکییەکانی ڕۆژدا ڕێی دەکرد: لێخوڕین، وەرزش، کار، خواردن، خوێندن و یاریکردن. بۆ ئەو کەسانەی حەزیان لێ بوو بەردەوام گوێ لە شتێک بگرن ئەوا وەشانی ڕادیۆ درێغی نەکردووە بۆیان. لەبەر ڕادیۆ خەڵکی وردە وردە وازی لە سوالفە و گفتوگۆ دەهێنا لەگەڵ دراوسێکانی. لەوەش گەڕێ، هەر ڕادیۆ بوو زانیاریی لەسەر ئەو جیهانەی تێیدا دەژین دەهێنایە ماڵەکانمان. وەک گەلێ ئامێری تر، ڕادیۆ هەم خزمەتکار هەم گەورەمان بووە. لە ساڵی ١٩٣٢دا، ئەو کاتە تەمەنی ڕادیۆ ١٢ ساڵێک دەبوو، کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە لە لیستێکدا گەیشتە ١٥٠ خاڵ.

ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

١- یەکچوونی خەڵک زیادی کرد لەبەر گوێگرتنی هەمان بەرنامە.

٢- جیاوازە هەرێمییەکان لە کولتووردا کەمتر باسی لێوە دەکرا.

٣- موزیک و کولتووری هونەریی شارەکان دزەی کردە ناو گوند و شارۆکەکان.

٤- جیاوازییەکانی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان و گرووپە ئابوورییەکان کەمتر بووەوە.

٥- نەخوێندەواران هەستیان کرد جیهانێکی نوێ بەڕوویاندا کراوەتەوە.

٦- ڕێنووسێکی ستاندار دروست بوو. و جیاکاریی نێوان شێوەزارەکان نەما.

٧- ڕاست خوێندنەوەی وشەکان بەتایبەتی بیانییەکان.

٨- ئاژانسێکی تر بوو بۆ خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی.

٩- خەڵکێکی زۆر چێژیان لە موزیک وەرگرت.

١٠- پەککەوتەکان، کوێرەکان، کەڕ و لاڵەکان ... تاد لەزەتیان لێ دەبینی.

١١- بەشێوەیەکی گشتی دانی پێدا نرا کە خەڵکی زیاتر حەزی چووە وەرزش.

١٢- خۆشی کەوتە ناو شەمەندەفەر، کەشتی و ئۆتۆمۆبێلەکان.

١٣- وەشان یارمەتیی پەروەردەکردنی گەنجانی دا.

١٤- بەهۆی بەرنامە تەندروستییەکانەوە کەرتی تەندروستی پەرەی زیاتری پێ درا.

١٥- بەهۆی وەشانی ڕادیۆوە چاکسازی لە گەلێ بواردا کرا.

١٦- جووتیاران چاویان زیاتر کراوە لەسەر میتۆدەکانی کشتوکاڵ.

١٧- ئەو پیاوە ئاینییانەی توانایان کەم بوو، پاشەکشەیان کرد.

## وێنە TV لە ژووری دانیشتن

کاتی ئاساییی تەلەڤزیۆنی ئەمەریکی ڕۆژانە حەفت سەعات و ٤٥ خولەکە. ئێواران شەقامەکان وەک بیابان چۆڵن. ئۆتۆمۆبێلەکەت لێ خوڕە و بەناو هەر گەڕەکێکی ئەمەریکادا بسوڕێوە، دەبینی ماڵ دوای ماڵ شەوقی تەلەڤزیۆنەکەیان ژوورە تاریکەکەی ڕووناک کردووەتەوە. ئەوجا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هۆگەلی ڕاگەیاندن چۆن خەڵکیان لە یەکتر کردووە.

تەلەڤزیۆن لە قوتابخانە، کڵێسا، کۆمەڵگە و بگرە خێزانیش زیاتر دەوری پەروەردەیەکی نەتەوەیی و ستاندارد دەگێڕێ، هەرچەندە تا ئێستە کە لە پیشەسازیی تەلەڤزیۆندا ئەو

بەرپرسیاریتییەی ڕانەگەیاندووە و نەیگوتووە ئەمە کاری ئێمەیە. ڕادیۆ، تەلەگراف، تەلەفۆن، وێنەی جوولاو و پۆستە بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئەو ڕێگەیەیان گۆڕی کە ئێمە زانیاری و چێژمان لێیانەوە وەردەگرت. بە کورتی، زۆربەی ڕێگەی ژیانی ئێمەیان گۆڕی. تەلەڤزیۆن بارتەقای هەموو ئەمانە و زیاتریش کاریگەریی لەسەرمان هەیە و کاریگەریی هەیە لەسەر چۆنیەتیی سەرفکردنی کات و پارەمان، پێوەندیی نێوانمان و قسە لەسەر چی دەکەین و بیر لە چی دەکەینەوە. لە ناو چەرداخی ماڵەکانماندا، تەلەڤزیۆن زەقترین ئالیەتە و لە ناو چاومان دەچەقێت.

وەک شێوازێکی زارەکیی کولتووری نووسین، تەلەڤزیۆن دانراوە بۆ پێشکێشکردنی کولتووری نووسین و زارەکی. وەک کولتوورێکی زارەکی، سوود دەگەیەنێت بەو کەسانەی حەز دەکەن گوێیان لە شتەکان بێت و ببینن نەک دانیشن، بخوێننەوە. هەروەها دەتوانێت بانگەشەی فراوانبوونی کولتووری نووسراو بکات بەسەرچاوە بێ شومارەکانیەوە.

ڕەخنەگرتن لە تەلەڤزیۆن کارێکی کورتبینانە و بێ کەڵکە، چونکە چاپکراو نییە، هەر ئەمەشە خاڵی سەرەکیی ناڕەزاییەکان. مارشاڵ ماکلوهان فیلم، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی بەپۆلی خوێندنی بێ دیوار وەسف کرد.

## ئەو کاتەی لە تەماشاکردن سەرف دەکرێت

بەپێی توێژینەوەی میدیای نیلسن، پیاوێکی ئاسایی ڕۆژانە ٣ سەعات و ٤٤ خولەک تەماشای تەلەڤزیۆن دەکات و ئافرەتیش ڕۆژانە ٤ سەعات و ٢٥ خولەک تەماشای دەکات. دایکان بۆ ژێرکردنەوەی منداڵ بەکاری دێنن. منداڵێکی ئاسایی ئەمەریکی پێش چوونە قوتابخانە هەفتانە ٢٧ سەعات تەماشای تەلەڤزیۆن دەکات. بۆ گەورانیش دەکرێ بڵێین تەلەڤزیۆن گوزارەیە لە ژیانێ، دەرمانە بۆیان. ڕواڵەکان ڕۆژانە ٢ سەعات و ٤٣ خولەک تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەن. منداڵێکی ئەمەریکای تا دەگاتە تەمەنی ١٨ ساڵی ٢٥ هەزار کاتژمێر تەماشای تەلەڤزیۆنی کردووە.

کات بە تەنیا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی وەشان، کار لە ژیان دەکات. چوار سەعات واتە یەک لە شەشی تەواوی ڕۆژێک، ئەگەر بۆ چەند ساڵێک ئەم هەموو کاتە کۆ بکرێتەوە دەکاتە تەمەنێک بە دیار شاشەوە بەسەر چووە. ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ کاتەکانی خەو، نانخواردن و کارکردن ئەوا کاتی بە دیار تەلەڤزیۆنەوە یەکجار زۆرە. قەت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نەبووە، جەماوەر هەمووی موگناتیسییەن بخەوێنرێ بەدیار شاشەیەکەوە. تەنانەت سێرکەکانی ڕۆمای کۆن و شەڕی خاچپەرستی چەرخی ناوەڕاست نایگەنی.

تەلەڤزیۆن هەرزانە و خێرا دەست دەکەوێت. پێویستی بە تاقەت، ژیری و پەروەردەیە تا لەزەتی لێ وەرگریت. لەبەر هەریەک لەو هۆکارانە بێت، هەژار، نەخوێندەوار، پیر و منداڵ زۆر تەماشای دەکەن. یەکێک گوتی تەلەڤزیۆن بۆ کۆمەڵگە بێ هێزەکان دیارییەکی دڵدانەوەیە.

لە نەوەدەکاندا تەلەڤزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ لە سەدا ٩٨ی ماڵە ئەمەریکییەکان دەبینرا. ماڵی وا هەبوو تەلەڤزیۆنی هەبوو، بەڵام تەلەفۆن یان کەلوپەلی پێویستی تری نەبوو، ژمارەی ئەو جۆرە ماڵانە زۆر زیاتر بوو لە و ماڵانەی پشتیان بە ڕۆژنامەکان دەبەست. شاشەی بچووکی تەلەڤزیۆن لە ناو ئۆتۆمۆبێل دەبەسترا، بەڵام ژمارەیان زۆر کەم بوو. تەنانەت شاشەی بچووکتریش لەگەڵ هاوێنەی چاویلکە دەبەسترا و وێنەکانی لە دووری ١٠ پێ لە لووتەوە بەدیار دەخست.

توێژینەوەیەک دەری خستووە کە گەلێ کەس، هەرچەندە حەزیان لە چەند بەرنامەیەکە، کەچی تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەن وەک سەرچاوەیەک بۆ پشوودادن، جا گرینگ نییە هەر چییەکی لەسەر بێت. دەڵێن ئەگەر هیچ شتێک لەسەر تەلەڤزیۆن نەبێت، بینەر هەیە تەماشای هێڵەکانی تێستکردن دەکات! بۆیە وەشانکاران زۆر ڕەچاوی حەزی بینەران دەکەن، چونکە جاری وا هەیە یەک بەیەک کەناڵەکان دەگۆڕیت و تا دڵت یەکێکیان دەگرێت. بینەران تەماشای بەرنامەکان ناکەن، بگرە تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەن.

## ڕەگە زانستییەکانی تەلەڤزیۆن

تەلەڤزیۆن واتە بینین لە دوورەوە. ڕەگەکانی لانی کەم دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ١٨١٧، کاتێ زانایەکی سویدی جۆن بەرزیلەس سیلینیۆم (توخمێکی گۆگردی کیمیاوییە لە کاتی پاڵاوتنی مس، پرۆسەی کارەبایی دروست دەبێت و دەوەستێتە سەر ئەوەی چەند ڕووناکیی بەرکەوتووە). لە ١٨٧٣دا، ئۆپەرەیتەرێکی ئێرلەندیی تەلەگراف، جۆزیف مێی، بەهۆی دانانی سیلینیۆم لەبەر ڕووناکی، سیگناڵێکی بەسەر زەریای ئەتڵەسی لە ڕێگەی کێبڵی تەلەگرافەوە نارد. دوای دوو ساڵ، ئەندازیارێکی ئەمەریکی فیلیپ کاری ناوەندێکی تەلەڤزیۆنی پێشنیاز کرد، بۆ ئەمەش کامێرایەکی بەکار هێنا پڕ بوو لە خانەی سیلینیۆم، هەر خانە و بە گڵۆپێکی ڕووناکی و وەرگرێکەوە نووسا بوو. ئەمانە هەمووی ڕوویان دا پێش ئەوەی مارکۆنی یەکەم سیگناڵی ڕادیۆ بنێرێت، تەنانەت پێش ئەوەش ئەلیکسەندەر گراهام بێڵ داوای مۆڵەتی یاسایی تەلەفۆن بکات.

لە ١٨٤٢دا، لە هەوڵێکی جیاوازدا، داهێنەری سکۆتلەندی ئەلیکسەندەر بێن ئامێرێکی

خستە ڕوو کە فلچەی تەلداری پێوە بوو، پێوەندییەکی کارەبایی دروست دەکرد کاتێ بەسەر تەلی ئاسنیندا دەچوون، تەزووی بەناو وایەرێکدا دەنارد بۆ سێتێکی تری تەل. دوای پێنج ساڵ، داهێنەرێکی ئیتاڵی ئابی کاسیلی توانیی هێڵکاری بەهۆی وایەرەوە لە ئامیەنسەوە بۆ پاریس ڕەوانە بکات. ئەنجامەکەی کەرەستەیەکی خاو بوو بەڵام دەبینرا. بینین لە دوورەوە ئێستە واتە بینین، بەهۆی کارەباوە. داهێنەرە ئینگلیزی، ئیتاڵی، ئەڵمانی، فرنسی، ڕووسی و ئەمەریکییەکان پەرەیان بە ڕێگەکانی گواستنەوەی وێنە دا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. هەوڵی ئەوان دنیای داگیر کرد وەک گواستنەوەی فۆتۆوایەر، ئامێری فاکس و ڕووناکیی فلاش. ئەمانە بوونە مانشێتی هەواڵەکانی سەرانسەری نیویۆرک.

لە هەوڵێکی تردا، زانای ئینگلیز مایکل فارادی لە ساڵی ١٨٣٠ تەزووێکی کارەبایی بەناو دەفرێکدا لە ناو بوتڵێکی شووشەدا نارد. سێر ویلیەم کروکیس لە ١٨٧٨دا پەرەی بەو ئەزموونە دا و بوتڵێکی دروست کرد کە تیشکی ئەلیکترۆنیی لە جەمسەری سالبەوە دەنارد بۆ جەمسەری موجەب. ئینگلیزییەکی تر سێر جەی جەی تۆمسن ئاراستەی لێشاوی ئەلیکترۆنەکانی بەهۆی موگناتیسێکەوە گۆڕی. زانایەکی ئەڵمانی کارل براون لە ١٨٩٧دا ئامێرێکی تری خستە سەر دەفرەکەی کروکیس کاتێ تیشکە سالبەکانی بەردەکەوت شەوقێکی پەیدا دەکرد. ئەو تەلەڤزیۆنەی ئەمڕۆ لە ماڵەکاندا هەیە بریتییە لە دەفرێکی تیشکی سالب لەگەڵ ڕەنگدانەوەی موگناتیس کە وێنەی تەلەڤزیۆنەکە ڕەنگ دەکات لەسەر ڕووی دەفرە شووشەکە.

قوتابییەکی ئەڵمانیی بەشی زانست، پۆل نیپکۆ ڕەنگە یەکەم کەس بووبێت دیمەنێکی سکان کردبێت، ئەوەندە خێرا کە چاوی مرۆڤ پێی ڕادەگەیشت، ئەمەش بنچینەی تەلەڤزیۆنە. لە ١٨٨٤دا، لە تاقیکردنەوەیەکدا، نیپکۆ وێنەیەکی ستیلی وەشان کرد. بۆ ئەمەش دیسکێکی خولاوە کە چەند کونێکی لەسەر بوو بەکار هێنا، دیسکەکە وێنەکانی پارچە پارچە دەکرد کاتێ لەسەر پلێتێکی سیلینیۆم بەر ڕووناکی دەکەوت، لە ئەنجامدا بەهۆی تەزووی کارەباوە بڵاو دەبووەوە. ئەم تاقیکردنەوە بریتییە لە سەرەتای ڕاستەقینەی تەلەڤزیۆن. بەڵام سکانێکی میکانیکی بوو نەک ئەلیکترۆنی. ئەمە دووڕیانێکی کوێرانە بوو هەندێ داهێنەری تر ڕێگەکەیان گرتە بەر تا سییەکان. کێشە تەکنیکییەکان یەک بەیەک چارەسەر کران. کاتێ پەرۆشی داهێنانەکانی پێوەندی و گەیاندن لە لووتکەدا بوو: تایپڕایتەر، تەلەفۆن، وێنەی جووڵاو، فۆنۆگراف، ڕادیۆ هەموو ئەمانە ساڵ دوای ساڵ یەکتری و ڕێچکەکەیان تەواو دەکرد. لە هەمان کاتدا گۆڕانکاریی خێرا لە فۆتۆگرافی و

چاپدا کرا. تەلەڤزیۆنی ئەمرۆکەمان لەو کاتەدا چەند ساڵێک لە دواوە بوو، بەڵام تەنیا چەند ساڵێک زیاتر نا.

## تەلەڤزیۆنی ئەلیکترۆنی

هەوڵەکان بۆ تەواوکردنی سیستەمی میکانیکی پشتی بە دیسکەکەی نیپکۆ بەست، بەتایبەتی لە ئینگلتەرا لەلایەن جۆن لۆگی بێرد پەرەی پێ درا. ئەنجامەکانی ئەوەندە خراپ بوون بەکەڵکی بازرگانی نەدەهات، بەڵام زۆر سوور بوو لە سەر هەوڵەکانی بۆ باشترکردنی سیستەمی میکانیکی تا شەڕی جیهانیی دووەم. لە نێوان سیستەمی میکانیکی و ئەلیکترۆنی دەستەی وەشانی بەریتانی BBC بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٦ دەستی بە سێرڤسی تەلەڤزیۆنی کرد. خێرا دوای ئەمە، ئەندازیارە ئەڵمانەکان دەستیان کرد بە سێرڤسێکی سنووورداری تەلەڤزیۆنی ئەلیکترۆنی. لە هەمان کاتدا تاقیکردنەوەکان لە ئەمەریکا بەباشی دەچوونە پێشەوە.

لە ١٩٠٧ زانایەکی ڕووسی، بۆریس ڕۆزینگ، سیستەمێکی بێ تەلی ئەلیکترۆنێکیی وەشانکردنی دانا، بە بەکارهێنانی دەفری شووشەی تیشکی سالب. لەبەر نالەباری ڕەوشی ئەوسا و نێزیکبوونەوە لە شۆڕشی ڕووسی، ڕۆزینگ کە لە کاتی شۆڕشدا بزر بوو، نەیتوانی لە دوورەوە تاقیگەکەی پێش بخات، بەڵام دوو گەنج ئاشنا بوون بە کارەکانی و لە سەر ڕێچکەکەی بەردەوام بوون. ڤلادیمێر زۆرکین یاریدەری ڕۆزینگ بوو. فیلۆ فرانسوێرس، ڕواڵێکی خەڵکی ویلایەتی ئیداهۆ بوو، هەرگیز چاوی بە ڕۆزینگ نەکەوتبوو، بەڵام لە کۆوارێکی زانستیی ئەوسا لەبارەی کارەکەی شتی خوێندبووەوە. بێ ئاگا لە ڕۆزینگ لە ڕووسیا، زانایەکی ئینگلیزی ماموپێل سوینتن، دوای هەمان ڕێچکە ئەلیکترۆنییەکە کەوت، لە هەمان کاتدا زانای تر لە ناو تاقیگەکانیان کاریان لەسەر تەلەڤزیۆن دەکرد.

هێشتا هەر قوتابیی ئامادەیی بوو، فرانسوێرس وەسفی بیرۆکەکەی لەسەر تەلەڤزیۆنی ئەلیکترۆنی کرد بۆ مامۆستای کیمیای. مامۆستاکە هانی دا و ئەویش دەستی کرد بەتاقیکردنەوە. کە تەمەنی بووە ١٩ ساڵ، هاوکاریی کرا لەلایەن چەند وەبەرهێنەرێکی کالیفۆرنیاوە، فرانسوێرس توانیی مۆڵەتی یاسایی لە نێو چەندانی تر بەدەست بێنێت و یەکەم کاری خۆی لەسەر سیستەمی ئەلیکترۆنی نیشان دا. هەستیاریی وێنەکەی باش نەبوو بە بەراورد لەگەڵ ئامێرەکەی زورکین (وەک پەنابەر هاتبووە ئەمەریکا) کە لە وێستینگهاوس دروستی دەکرد. لە ١٩٢٣دا، تەلەڤزیۆنی خستە ڕوو بە بەکارهێنانی

دەفرێکی کامێرا بۆ وەشانکردنی وێنەیەک بەسەر ڕووی دەفری تیشک هەڵگری سالب. زۆرجار کارەکەی زورکین لە ١٩٢٣ بەساتی داهێنانی تەلەڤزیۆن حسێب دەکرێت. زورکین چووە لای ڕووسیەکی تر بەناوی دەیڤد سارنۆف کە ئەویش لە ئەمەریکا پەنابەر بوو، بڕوای پێ کرد کە دەتوانێت تەلەڤزیۆنی ئەلیکترۆنی دروست بکات. سارنۆف تیمێکی توێژینەوەی لە وێستینگهاوس پێک هێنا بە سەرپەرشتیی زورکین بۆ پێشخستنی سیستمی بازرگانیی تەلەڤزیۆن. هەروەکو لە کاتی ڕادیۆشدا ڕووی دا، کۆمپانیاکان لێک گیر بوون بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی، تێکەڵکردنی داهێنانەکان بۆ دروستکردنی یەک سیستم مۆڵەتی دەویست.

لە ١٩٢٥دا داهێنەرێکی ئەمەریکی، چارلس فرانسیس جیکینس وێنەیەکی جووڵاوی نارد بۆ وەرگرێک لە دووری پێنج میلەوە، ئەمە یەکەم وەشانی شتێکی جووڵاو بوو. کۆمپانیای تەلەفۆنی AT&Tیش دەستی کردبوو بە تاقیکردنەوەکانی. لە ١٩٢٦، تیمێک لە تاقیگەی بێڵ بە سەرپەرشتیی هێربەرت ئێڤس وێنەی جوڵاویان بە دەوری تاقیگەکەدا دەنارد. AT&T توانیی وێنەیەکی ڕەش و سپی لە واشنتۆنەوە بۆ نیۆرک لە ١٩٢٧ وەشان بکات، هەروەها وێنەی ڕەنگاوڕەنگیش لە ١٩٢٩ وەشان کرا، ڕەنگەکان سوور، سەوز، سووری وەک شووتی، سووری کاڵ و ئاڵای سپی و شینی ئەمەریکا بوون. بەڵام کوالیتیی هەموویان خراپ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەوڵە پێشەنگی وێنەی ڕەنگاوڕەنگ بوو. AT&T پەرەی بە تەلی یەک تەوەرەیی و وەشانی مایکرۆوێیڤ دا، کە هەردووکیان جەوهەری تەلەڤزیۆنی مۆدێرنن.

لە ئینگلتەراوە بێرد وێنەیەکی بەسەر زەریای ئەتڵەسدا لە ساڵی ١٩٢٨ وەشان کرد، هەمان ساڵ بوو کە وێستگەی جەنەراڵ ئەلەتریک لە نیویۆرک بەرنامە تەلەکاستییەکانی سێ هەفتە جارێک وەشان دەکرد، زۆربەی بۆ ئەندازیاران بوو لەگەڵ سکانەرە میکانیکییەکان. NBC، تۆڕێکی ڕادیۆ بوو خاوەنەکەی RCAبوو، لە نیویۆرک وێستگەیەکی تەلەڤزیۆنیی تێستیی دانا. دواجار بوو بە WNBC TV. هەروەها سی بی ئێسیش وێستگەیەکی تەلەڤزیۆنیی لە نیویۆرک دانا کە ئێستا ناوی WCBS TVیە. لە ساڵانی سییەکان و چلەکاندا لەمانە و چەند وێستگەیەکی توێژینەوەدا، ئەندازیاران سیگناڵی تەلەڤزیۆن و وەرگرەکانیان پێش خست. ژمارەی هێڵە سکانکراوەکان، کە وردەکاریی وێنەیان تێدایە، لە ١٢٠وە بوو بە ٥٢٥، هیچ گومان لەوەدا نەبوو کە داهاتوو پڕ دەبێت لە تەلەڤزیۆنی ئەلیکترۆنی. تەلەڤزیۆنی میکانیکی وێڕای هەموو بەشە جووڵاوەکانی ڕێگەیەکی کوێرانە بوو.

## خەڵک بەتەلەڤزیۆن ئاشنا دەکرن

یەکەم جار ڕوون نەبوو بازاڕی تەلەڤزیۆن لە کوێ دەبێت. فیلم لە سینەماکان نیشان دەدرا، خۆ دەبێ تەلەڤزیۆن شوێنی فیلم بگرێتەوە لەوێ. دوکتۆر ئالن دومۆنت گوتی بازاڕی داهاتووی تەلەڤزیۆن لە ماڵەکاندا دەبێت. تاقیگەکانی دومۆنت دەستی کرد بەفرۆشتنی یەکەم سێتی تەلەڤزیۆنی ئەلیکترۆنی بەخەڵکی لە ساڵی ١٩٣٨، ئی بی وایتی گۆشەنووس نووسیی:

پێم وایە تەلەڤزیۆن دەبێتە تێستێک بۆ جیهانی مۆدێرن و بەهۆیەوە جیهانی نەبینراو و دەرەوەی خۆمان دەبینین. دەبێ یان ئامێرێکی نوێ بدۆزینەوە یانیش تیشکێکی ڕزگارکەر لە ئاسمانەوە. من دڵنیام ئەگەر بەرگەی تەلەڤزیۆن نەگرین، بەهۆی تەلەڤزیۆنەوە لەناو دەچین.

سەرکردە دووربینەکانی پیشەسازیی ڕادیۆ، بە ڕابەرایەتیی دەیڤد سارنۆف، درکیان بە پێویستیی دانانی وێنە لەسەر وەشانی ڕادیۆ کرد. خەڵکی ئەمەریکا بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٩ تەماشای تەلەڤزیۆنیان کرد لە پێشانگەی جیهانی لە نیویۆرک، لە پاڤیلیۆنی RCA، دروشمی پێشانگەکە "جیهانی داهاتوو" بوو.

هەریەکە لە NBC و CBS مۆڵەتیان وەرگرت بۆ وەشانی بازرگانی لە وێستگەکانیان لە نیویۆرک. گەرمیی ڕووناکی کە پلەی گەرمیی ستۆدیۆکانی دەگەیاندە ١٠٠ پلەی ئەرێنی یەکێک بوو لە گرفتەکانی سەردەمی پێش چوونە ناو بۆشاییی ئاسمان. زۆربەی کۆمارییەکان لە کۆنفرانسی فلادەلفیا لە ساڵی ١٩٤٠ داوایان لە تەلەکاستی NBC کرد وەشانی خۆی ڕاگرێ و دوای بخەن. هیچ ئەندامێک ئێستە بە خەونیش ئەو داوایە ناکات ئەگەر بێت قسە لەسەر تەلەڤزیۆن بکەن. ئاستەنگێکی تر ڕازیکردنی خەڵک بوو سێتی تەلەڤزیۆن بکڕن. کەلوپەلی گەورە و زلی ناو ماڵ، لەگەڵ شاشەیەکی بچووکی ڕەش و سپی نەدەهاتەوە، هەر چییەکی نیشان دابا هەر ڕەش و سپی بوو. نرخی سێتێکی تەلەڤزیۆن نێزیک بوو لە نرخی ئۆتۆمۆبێلێکی نوێ. NBC و CBS بەرنامەیەکی سنووردariyan لە ناوچەی نیویۆرک وەشان دەکرد، بەهۆی شاشەیەکی گەورەوە، بەڵام ئەندازیاران و بەڕێوەبەرەکان سێتی تەلەڤزیۆنیان لە ماڵەوە هەبوو. هەروەها ئەو دەوڵەمەندانەی کە گرانییە گەورەکە کاریگەریی نەبوو لەسەریان نرخەکەیان پێ ئاسایی بوو و دەیانکڕی. بازاڕی تەلەڤزیۆن لە ماڵەکاندا نەبوو. لە ساڵانی پێش شەڕی دووەم جیهانیدا ، سێتی تەلەڤزیۆن لە ناو بارەکاندا دادەنرا بۆ سەرنجڕاکێشانی ئەو کەسانەی کە خولیای بینینی

یارییەکانی بەیسبۆل و تۆپی پێ بوون.

کۆمیسیۆنی پێوەندی و گەیاندنی فیدراڵ بە زەحمەت دەستی کرد بە بەخشینی مۆڵەتی تەلەڤزیۆن، کاتێکیش شەڕی دەستی پێ کرد هەموو پێشکەوتنەکانی تەلەڤزیۆنی بەست، وەک چۆن شەڕی یەکەم جیهان پێشڤەچوونەکانی ڕادیۆی بەست. توێژینەوە و بەرهەم پێویست بوون بۆ هەوڵەکانی شەڕ، سیستمی ڕادار و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی تر دروست کران. لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا، تەنیا شەش وێستگە وەشانیان دەکرد و نێزیکەی ١٠ هەزار سێت لە هەموو وڵاتەکەدا فرۆشرا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژنامە و گۆوارەکانیش باسیان لە تەلەڤزیۆن دەکرد و ڕاپۆرتیان لەسەر بڵاو دەکردەوە. کاتێ شەڕ کۆتایی هات، داوای خەڵک بۆ تەلەڤزیۆن لەسەر ئاو و ئاگر بوو. وەشانکاران پێویستیان بە مۆڵەت بوو، کارگەکان دەیانویست سێتی تەلەڤزیۆن دروست بکەن و ئامێرەکانیان بخەنە ڕوو، خەڵکیش دەیویست لەزەت لە وێنە جوولاوەکانی ناو ژووری دانیشتن وەربگرن. تەلەڤزیۆنی بازرگانی بۆچوونێکی وای لەلای خەڵکی دروست کرد بەرهەم سێت لە ٦ هەزارەوە (١٩٤٦) گەیشتە ١ ملیۆن و ١٦٠ هەزار سێت لە ساڵی ١٩٤٨، ژمارەی بەکارهێنانی سێتی تەلەڤزیۆن لە ساڵی ١٩٤٦ تا ١٩٤٨ یەک ملیۆنی زیادی کرد و لە ١٩٥٠، ١٠ ملیۆن زیادی کرد. شاشەکانیش حەوت ئینجی و ١٠ ئینجیی قۆقز بوون.

## شەڕ لە پێناو ستانداردەکان

شەڕێکی نێوان RCA و CBS لە سەر ستانداردەکانی ڕەنگ، تەلەڤزیۆنی هەر بەڕەنگ کوێری هێشتەوە. لەبەر بڕیارێک بۆ سنووردارکردنی کەناڵەکان بۆ فریکوێنسییە زۆر بەرزەکان VHF، لە نێوان ٢ بۆ ١٣ کەناڵ، دەمەتەقێ و مشتومڕی توند لەسەر مۆڵەت وەگرتن ڕووی دا. وا دیار بوو هەموو کەسێک مۆڵەتی دەویست کە چەندە بە زەحمەت و پڕ گرفتیش بوو، بەتایبەتی خاوەن وێستگەکانی ڕادیۆ و بڵاوکەرەوەکانی ڕۆژنامەکان. نەیانتوانی ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن و نەزانرا کێ شوێنێکی لەسەر تۆڕی VHF بەردەکەوێت. لە هەمان کاتدا FCC مۆڵەتی وێستگەکانی تەلەڤزیۆنی وەستاند. دواتر پلانێک داڕێژرایەوە بۆ تەرخانکردنی شوێن بۆ تەلەڤزیۆنە نەتەوەییەکان و دانانی وێستگەی تەلەڤزیۆنیی لۆکالی زیاتر لە سەرانسەری ئەمەریکادا. وەستاندنی مۆڵەت بۆ وێستگە نوێیەکان لە ١٩٤٨ تا ١٩٥٢ بوو، بەڵام تەکنۆلۆجیای تەلەڤزیۆن بەوە نەوەستا. لە ١٩٥١ تەلە یەک تەوەرەییەکان و سیگناڵەکانی مایکرۆوێڤ بەرنامەی تۆڕەکانیان لەوسەر بۆ ئەوسەری دنیا دەنارد. هەروەها FCC یش ژمارەی فریکوێنسییەکانی تری کردەوە ١٥

بۆ ٦٩، بۆ وەڵامدانەوەی داوای ئەو کەسانەی کە وێستگەی تەلەڤزیۆنییان دادەمەزراند. ئەمە ژمارەی کەناڵەکانی زیاد کرد بۆ زیاتر لە ١٢٠٠ کەناڵ. دواجار لە ساڵی ١٩٥٣ هەموو لایەک ڕێک کەوتن لەسەر ڕەنگی ستانداردی تەلەڤزیۆن. لە ١٩٥٤، زیاتر لە ٣٥٠ وێستگە، بەهەردوو فریکوێنسی ڤی ئێچ ئێف VHFو یو ئێچ ئێف UHF، ڕاستەوخۆ وەشانیان دەکرد.

کەناڵەکانی سەر فریکوێنسی یو ئێچ ئێف هەر لە سەرەتاوە کانگەیەکی پڕ لە خێروبێر بوون. لۆرد تۆمسن لە میدیای بەریتانیدا گوتی " مۆڵەت بۆ وەشان واتە مۆڵەت بۆ چاپکردنی پارە." وێستگەکانی یو ئێچ ئێف خێرا مالئاواییان کرد؛ چونکە زۆربەی سێتە تەلەڤزیۆنییەکان دوگمەیان نەبوو بۆ یو هێچ ئێف. تەنانەت دوای ئەوەش کە FCC لە ١٩٦٤ داوای لە کارگەکانی تەلەڤزیۆن کرد دایەل بۆ ناو تەلەڤزیۆنەکان دروست بکەن، داوای دایەلی تایبەتی یو هێچ ئێفیان نەکرد، بۆیە شاباشچییەکان پشتیان لەو کەناڵانەی سەر فریکوێنسی یو هێچ ئێف کرد، چونکە شاباشەکانیان لە کەناڵێک بڵاو ناکەنەوە کە بینەری کەم بێت. تا کێبڵ پەیدا نەبوو، وێستگەکانی یو هێچ ئێف قازانجیان زۆر نەکرد.

ئێف سی سی بڕیاری دا تەلەڤزیۆن بەپێی ستانداردەکانی پێش شەڕ پێش کەوێت، بەپێچەوانەی وڵاتە ئەوروپییەکان، کە چاوەڕێیان کرد تا ستانداردی باشتر لە دوای شەڕ هاتنە کایەوە. ئەنجامەکەش ئەوە بوو ستانداردی تەلەڤزیۆنی ئەمەریکی پێی دەگوترا NTSC وەک ستانداردی پال و سکامی ئەوروپی باش نەبوو کە هەر یەکە ٦٢٥ هێڵیان هەڵدەگرت. ژاپۆن، کەنەدا و وڵاتانی تر سیستمە ئەمەریکییەکەیان بەکار دهێنا کە ٥٢٥ هێڵی لەسەر بوو و وێنەکانی ٦٠ جار لە چرکەیەکدا نوێ دەبوونەوە. وڵاتە ئەوروپییەکانی دابەش بوونە سەر دوو سیستمی تردا، هەریەکەیان سیستمی باشتر، سافتر، وێنە جوانتر و هێڵی زیاتریان لەسەر بوو لەچاو سیستمە ئەمەریکییەکە. چین، یەکیەتی سۆڤیەت و وڵاتانی تری ئەوروپای ڕۆژهەڵات سیستمی سکامی فەرەنسییان هەڵبژارد. بەریتانیا و زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا سیستمی پالی ئەڵمانیان هەڵبژارد. وڵاتانی تری جیهان لەبەر هۆکاری سیاسی یان لەبەر باشی، سیستمی ئەلیکترۆنی، سیستمی جیاوازیان هەڵدەبژارد. وڵاتێکی ژێردەستەی پێشووی بەریتانیا سیستمی پال هەڵدەبژێرێت، چونکە بەرنامە بەریتانییەکانی هەر لەسەرە.

## ئێچ دی تیڤی HDTV

لە نەوەدەکان، سیستەمێکی نوێ پەیدا بوو پێی دەگوترا تەلەڤزیۆنی های دێفینیشن HDTV. ئەو تیڤییە شاشەیەکی سینەمایی ۹ بە ١٦ پان و بەرزیی هەبوو لە جیاتی شاشە ستاندارەکەی تیڤی کە ٣ بە ٤، لەگەڵ لانی کەم وردیی وێنەکانی دوو هێندەی وێنەکانی NTSC دەبوو واتە لانی کەم دوو قات سافتر و باشتر. وێنەکان دە قات زانیاریی ڕەنگاوڕەنگ، دەنگ بە کوالیتیی سیدی و دیجیتاڵیان هەڵدەگرت، زۆر سافتر و ڕوونتر بوون لە چاو تەلەڤزیۆنی ئاسایی.

وێڕای پێشکێشکردنی هەندێ بەرنامەی تەلەڤزیۆنی، ئەگەرێکی تر هەبوو بۆ تیڤیی ئێچ دی HDTV شوێنی دابەشکردنی فیلم بگرێتەوە. فیلمەکان بە ڕێگە کۆنەکە خۆیان دەگەیشتنە ناو سینەماکان، واتە سندووقی فیلم لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوێزرایەوە. لە جیاتیان، خاوەن تەلەڤزیۆنەکان پێشبینی سینەمایەکیان دەکرد بە بێ فیلم و بەبێ کاسێت. وەشانی تیڤییەکە (واتە وەشانی HDTV) لە ڕێگەی سەتەلایتەوە بە خێرایی دەگەیشتە ناو سینەماکان کە بینەرێکی چاوەڕێیان دەکرد، بە کورتی واتە نوسخەیەکی پێشووی ئێچ بی ئۆ بۆ ناو سینەماکان. ئەمە ڕێگەی دا بە دابەشکردنی وێنەی جووڵاو بەسەر جەماوەر لە هەر شارێکدا، بەڵام جەماوەرێکی یەکجار زۆر.

ڕەنگە پرسیارێکی لە جێی ئەمە بێت: بۆچی سەرمان بە سینەماکان بێشینین؟ بۆچی شتەکان لەسەر کاسێت تۆمار نەکەین و خەڵکی لە ماڵەوە لەسەر VCR سەیری نەکات؟ ئەزموون دەریخستووە کە چوونە دەرەوە بۆ سەیری فیلمێک لە شاشەیەکی گەورە و چواردەوریشت پڕە لە خەڵک چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە و قەت یەکسان نابێت لەگەڵ دانیشتن لە ماڵ. بەڵام، ڕاحەتییەکانی چەرداخی ماڵ چەندان جار ئەو بۆچوونەی لای خەڵکی کاڵ کردووەتەوە.

## بنەما بازرگانییەکان

تەلەڤزیۆن وەک بازرگانییەکی تایبەت لە ئەمەریکا گەشەی سەند، بەپێچەوانەی وڵاتانی تر، تەلەڤزیۆن لە ئەمەریکا دەرهاویشتەی بڕیارێکی سەدەی نۆزدە بوو کاتێ کۆنگرێس دەرفەتی داگیرکردنی خزمەتی تەلەگرافی مۆرسی ڕەت کردەوە. تەلەفۆنی بێڵ وەک کارێکی تایبەتی گەشەی سەند، ئینجا دوای بیست ساڵ، خزمەتی ڕادیۆیی مارکۆنی لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر گەشەی سەند. دوای چارەگە سەدەیەکی تر، ڕادیۆی بێ تەلی ئەهلی بوو،

بەڵام حکوومەت بەیاسا ڕێکی دەخست، فراوان بوو و وەشانیشی تێ کەوت، بەڵام لە وڵاتانی تردا حکوومەت خۆی خاوەنی ڕادیۆکان بوو و دەستی بەسەردا گرت بوون.

پاڵەپەستۆ لەلایەن پسپۆڕانی بواری پەروەردە وای لە حکوومەت کرد فەند بۆ هەندێ وێستگەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی هەژار بۆ مەرامی پەروەردەیی دابین بکات. ناقایل بوون لەسەر ئەو بارودۆخانەدا بووە هۆی مشتومڕ و دەمەتەقێی لەبن نەهاتووی یاسایی و سیاسی تا کار گەیشتە ئەم سەردەمە لە ئەمەریکا کە لایەنی بێ قازانجی حکوومەت فەندی تەلەڤزیۆنە حکوومەتییەکان دەکات، ئەمەش بەپێی سیستمێک کار دەکات پێی دەگوترێت سیستمی وەشانی گشتی، لەگەڵ دوو تۆڕی ڕادیۆی گشتی: ڕادیۆی گشتیی نەتەوەیی و ڕادیۆی گشتیی نێودەوڵەتی.

## بەرنامەدانان

لە ساڵانی بیستەکاندا، دراوسێکان لە گەڕەکێکدا لە دەوری ڕادیۆیەک کۆدەبوونەوە. سێتی تەلەڤزیۆن لە ساڵانی چلەکان و پەنجاکانن لە سەرانسەری وڵات دەفرۆشران، ئەوانەی تەلەڤزیۆنیشیان نەبوو بەسەر ماڵە دراوسێیەکیان دادەدا، یانیش لە بەردەم پەنجەرەی دووکانێک دەوەستان تەماشای کارە کۆمیدییەکانی میلتۆن و بیرل و سید سیزەریان دەکرد وێرایی زۆر گۆرانیبێژی فۆلکلۆریی تر و نمایشەکانی سەگی ڕاهێنراو. بەشێک لە خۆشی و خرۆشییەکانی بینەران ئەوە بوو وەشانەکە ڕاستەوخۆ بوو، کە هەمان کات لە هۆلیوود و نیویۆرک ڕوویان دەدا و هەموو وڵاتیش پێکڕا سەیریان دەکرد. ڤۆدڤیل لەلایەن فیلمەکانەوە کوژراو و لەسەر سەکۆکان زیندوو بووەوە.

تەلەڤزیۆن و فیلم پێکەوە وەک هێلکە و ڕانی بەراز پێشکێش دەکران، بەڵام یەکەم جار ئەم کارەیان نەکرد. ستۆدیۆ گەورەکان تەلەڤزیۆنیان بە هەڕەشە زانی بۆ سەر پیشەسازیی فیلم، نەک وەک کەناڵێکی تر. لە ڕاستیدا، بۆ لینکە داراییەکانی نێوان ستۆدیۆ و فیلمەکان، تەلەڤزیۆن هەڕەشە بوو. ئەو لینکانە بەهۆی بڕیارێکی دادگەی باڵای ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٤٨ بێ هێز بوون، پێکهاتەی نێوان ستۆدیۆ و سینەما و فیلمی تێک شکاند.

مەسەلەکە پێش پەیدابوونی تۆڕەکان تەنیا کات بوو، برسیی کەرستە بوون بۆ پڕکردنەوەی بەرنامەکانیان و خۆدەوڵەمەندکردن، ئەمەش وای کرد جەماوەری فیلم خێرا ڕوو لە زیادی بکات. ئەو کەرستانەی یەکەم جار گەیشتن بریتی بوون لە B-grade، ئەسپێکی هەرزان دروست کراو بوو منداڵان لە بەیانیی شەمان پێ دەخافڵان. ئەکتەرەکانی کاوبۆی وەک جین ئۆتری و پالۆنگ کاسیدی، کە دەیان فیلمیان پێشکێش کرا لەسەر

تەلەڤزیۆنەکان و سامانێکی زۆریان کۆ کردەوە. کۆمپانیای واڵت دیزنی گرێبەستێکی لەگەڵ ABC لە ١٩٥٤مۆر کرد بۆ دەستکردن بەپێشکێشکردنی بەرنامەیەکی هەفتانەی یەک سەعاتی. دوای ئەوەی ژمارەی فیلمەکان یەکجار زۆر بوون و کاسێتەکانیش لە بەرهەمدا بوونە شۆڕش، دراما زیندووەکانی سەردەمی زێرینی تەلەڤزیۆن لە ساڵانی پەنجاکان، بەدەگمەن پێشکێش دەکرای و لەسەر ڕەفەکان تۆزیان لەسەر نیشت.

## کات، شوێن و گرێ

فیلمەکانی هۆلیوود، کە لە تەلەڤزیۆن پێشکێش دەکران، زنجیرەی تەلەڤزیۆنیی ڕۆئاواییی بەدوادا هات. بە چەشنی فیلمەکان، پیاوی خراپ و باش لە ناو زنجیرەکان بەدیار دەکەوتن. بەپێچەوانەی فیلمی ستۆدیۆکانی هۆلیوود، گرێی زنجیرەکان، قووڵ نا، ڕواڵەتی بوون. وای لێ هات بینەر بێزار بووبوو لە کات و شوێن و گرێی زنجیرەی ڕۆئاوایی، بەلام بێزار نەبوون لە سەرکەشییە دوو دوورییەکان. دوای ئەمە، زنجیرەی "میشن ئیمپۆسیبل و ١ سپای" پێشکێش کرا. ئەم زنجیرەیە مێژووی دروست کرد، چونکە بۆ یەکەم جار ئەکتەری پێست ڕەش بیل کۆسبی ڕۆڵی یەکێک لە دوو پاڵەوانی زنجیرەکەی گێڕا. چاوە تایبەتییەکان، پۆلیس، دوکتۆر هەموو بەدیار شاشەوە بۆی دادەنیشتن.

گرێی بنەڕەتی زۆر گۆڕانی بەسەردا نەهات، بەلام گۆڕانی کارەکتەرەکان ڕەنگی دایەوە و هەندێ جار بۆچوونی کۆمەلایەتیی دروست دەکرد. بۆ نموونە، فیلمە تایبەتەکان بە کەسایەتیی نوێوە شوێنی فیلمە کاوبۆیییە کۆنەکانیان گرتەوە. تاکە پاڵەوانێک دەبوو بە پێشەنگی تیمێک کە ئافرەتێک یان ڕەشپێستێکی تێدا بوو، هەندێ جار هەردووکیانی تێدا دەبوو. ئەگەر پۆلیسێکی ڕەشپێست ئەندامی تیمەکە نەبوایە کە ڕاوەدووی پیاوخراپانی دەنا، ئەوا پلە بەرزێکی گەورەتر لە پۆلیس ڕەشپێست دەبوو. زنجیرەی هیل ستریت بلو واقیع و پرسە کۆمەلایەتییەکانی تێک هەڵکێشا. ئەم زنجیرەیە بۆ لیبرالەکانی سەردەمی سەرۆک ڕێگەن بوو کە هەموو لە ماڵەوە بەدیاریەوە دادەنیشتن. لە ڕووی شێواز، گرێ و پێکهاتەوە زۆربەی زنجیرەکانی تر لاساییان کردەوە، بەتایبەتی زنجیرەی L.A. Law (یاسای لۆس ئەنجلۆس) و درامای نەخۆشخانەیی ER، هەردووکیان جەختیان لەسەر پرسە کۆمەلایەتییەکان کردەوە.

گۆڕانەکانی تر لە گرێی زنجیرەکان بریتی بوون لە گاڵتەوگەپ لە نێوان پاڵەوان و تاوانبارەکان کە زیاتر پەیوەست بوون بە کاری سێکسی و توندوتیژی. ئەو دراماییەی باسی سێکس و توندوتیژیی دەکرد، جەماوەری زۆر بوو. لە سەرەتای شەستەکاندا، دەزگای

نەتەوەیی بۆ وەشـانی باشـتر لە خـەملاندنێکدا دەری خست منداڵی ئاسـایی لە تەمـەنی ٥ تا١٥ سـاڵی تەمـاشـای ١٣ هـەزار خـەڵکی تێکشکاو لە ڕێگەی دیمـەنی توندوتیـژەوە دەکات، نەک هـەر تەنیـا بەهـۆی دەمانچـە بگرە ئاگر، دەسـتدرێژیی سێکسی، ژەهراویکردن، تێزاب، مار، جاڵجاڵۆچکە، تیمسـاح، ژەقۆ، چەنگاڵ، بۆمبی تەوقیت، گازی ژەهراوی، دەرزی لێدان و ئامێری تیژ بـۆ کوشـتن بەکار دەهاتن. ئەمـە کاریگەرییـەکی زۆری لەسـەر منداڵ و روالآن دروست کـرد، چـونکە لەسـەر شـەقـامـەکـان زۆر منداڵ یان روالّ هـەبوو، لاسـاییـی دیمەنە توندوتیـژییـەکانی ناو زنجیـرە و فیلمـەکانیان دەکردەوە. بەڵام ئێسـتـە تەلەڤزیۆنەکان زۆر جـەخت دەکـەنە سـەر بابەتی ئەخـلاقی بـۆ ئەوەی منداڵ و روالّ وانەی بەسـوودیان لێـوە فـێـر بن.

فرێد فرێندلی گوتـی " تەلەڤزیۆنە بازرگانییەکان تەنیا بۆ پـارە کار دەکەن و ناتوانن شتی باش نیـشـان بدەن." بەپێی یاسـای چـاکسـازیی پێـوەندی و گـەیانـدن لە سـاڵی ١٩٩٦دا، کـارگـەکـانی تەلەڤزیـۆن ئامـێرێکیـان دروست دەکرد لە ناو تەلەڤزیـۆنەکە بۆ ئەوەی دایک و باوکان بتـوانن کـەناڵە سێکسی و توندوتیـژییـەکان لەبەر مـنداڵەکانیان دابخـەن. تۆڕەکان، کـەناڵە کێبڵـییـەکان و بەرهـەمـهـێنـەرە سـەربەخـۆکان، ڕووبەڕووی پاڵـەپستـۆی حکوومـەت و خـەڵک بوونەوە، بۆیە ناچار بوون ڕێک بکەون لەسـەر سیسـتـمێکی سـۆفـتوێر بـۆ داخسـتنی ئەو جۆرە کەناڵانە.

## زنجیرە دراماکان

زنجیـرە دراماکـان بۆ چەند دەیەیەک دوای نیوەڕۆیان لەسـەر ڕادیۆ دەبوونە میـوانی زۆربەی مـاڵەکان، بەڵام خـێـرا گوێزرانەوە نـێو تەلەڤزیۆنەکان. ڕادیۆ ئەم زنجیـرانەی بڵاودەکرنەوە، سـتیـلا دالاس، ما پێـرکینس و گایدینگ لایت. تەلەڤزیۆنیش ئەمانە: ۆل مـای چیلدرن، دەیز ئۆڤ ئاوە لایڤز، لەگەڵ گایدینگ لایتیشی لێ دەدا، چونکە هـەمان زنجیـرە لەسـەر ڕادیۆش هـەبوو، ئەمـە شـتێکی ئاسـایی بوو. تەلەڤزیۆن، جگە لە هـەواڵەکان، باڵی کێشـابوو بەسـەر زۆربەی بەرنـامـەکـانی تری ڕادیـۆدا، تەنانەت بەرنامـە هـەر سـەرکـەشـیـیـەکـانیش، درامـا، هـەروەهـا زنجیـرە کۆمـیـدییـەکان دوای چەندان سـاڵ ماندوو بـوون. زنجیـرەی درامـایی هـەر بەردەوام بوو. هـەرچەندە بینەری سـەرەکـیـان ژنی مـاڵەوەن، بەڵام وردە وردە چـوونە ناو شـوێنی کـار، مـاڵی خـانەنشـینان و بەشـە ناوخـۆییـەکانی کۆلێـجـەکان. دوای تێپـەڕبوونی چەند دەیەیەک، پەیامە کۆمەڵایەتییەکان پەیدا بوون، بەڵام گەورەترین گۆڕانکاری بریتی بوو لە مەسـەلەی سێکس کە بەقسە باسـی لێوە دەکرا و نیشـانیش دەدرا. زۆربەی زنجیرەکان لە

ڕادیۆوە دەهاتنە ناو تەلەڤزیۆنەکان. زنجیرەی ڕۆمانسیی هێلن ترێنت، تەکانێک بوو، هەموو خەڵک دەیپرسی ئاخۆ ئافرەتێکی تەمەن ٣٥ ساڵ هێشتا بای ڕۆمانسیی ماوە.

بەهۆی زۆریی جەماوەر و پەرۆشییان بۆ زنجیرەکان، تەوقی زنجیرەکان گۆڕانی بەسەردا هات، شێوازە نوێیەکەش بۆ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنیش دەستی دەدا. زنجیرەکان درێژ بوونەوە، زیاتر لە گرێیەکیان هەبوو و ڕۆژانە پێشکێش دەکران. بەپێچەوانەی فیلمەکان و بەرنامە دراماتیکییەکان، زنجیرە دراماکان کۆتاییەکی خەمناکیان هەبوو. جارجارە لە زنجیرەیەک کێشەیەک لە کۆتاییدا چارەسەر دەکرا، یان خۆشەویستێک بە دڵدارەکەی دەگەیشت. دوای تەواوبوونی هەر ئەڵقەیەکیش پەیامی ڕاستەقینە هەردەم ئەوە بووە: لەگەڵمان بن.

زنجیرە دراماییەکان لەسەر تەلەڤزیۆن ئەوەندە جەماوەریان زۆر بوو، بۆیە شەوانەش پێشکێش دەکران، شانبەشانی بەرنامەکانی وەک دالاس، دیناستی و نۆت لاندینگ کە جەماوەرێکی زۆریان هەبوو. هەروەها زنجیرەی بێڤەرلی هیلس ٩٠٢١٠ بۆ ڕواڵان بوو. زنجیرەی شێوانی وەک دالاس لە وڵاتانی تریش پێشکێش دەکران و ڕکابەری زنجیرە مەکسیکی و بەرازیلییەکانیان دەکرد. ئەو زنجیرانە چەندین مانگیان دەخایاند.

## زنجیرە کۆمیدییەکان

ئەڵقەی نیو سەعاتی لە ئێواران لەسەر ڕادیۆ چووە سەر تەلەڤزیۆن و ڕۆژانە بە نیو سەعات ئەڵقەیەک پێشان دەدرا. هەموو هەفتەیەک کارەکتەرەکان شتێکی نوێیان لای بینەر جێ دەهێشت. لە سەرەتادا هەنی مونەرس و ئای لەڤ لوسی پێشکێش دەکرا، دواتر بێڤەرلی هیبلیس لە ساڵانی شەستەکان، لە حەفتاکان ماری تایلەر مووەر، هەپی دەیز و ئێم ئەی ئێس ئێچ، لە هەشتاکاندا چیەرز ئاند رۆزەین. زنجیرە کۆمیدییەکانی وەک سینفیلد، مارید ویز چیلدرن لە نەوەدەکان لە ڕۆژانی هەینی پێشکێش دەکران. ئەو گۆڕانەی لەو ماوەیەدا زۆر هەستی پێ دەکرا ئەوە بوو بەئاسایی باسی سێکس و هەڵسوکەوتی نائاساییان دەکرد.

زنجیرەی کۆمیدی سەلماندی کە ئۆتۆمۆبێلێکی میسالییە بۆ گەیاندنی پرسە کۆمەڵایەتییەکان. لە حەفتاکان زنجیرەی (ئۆل ئین فامیلی) خۆشییەکی زۆری بەخەڵکی بەخشی. پاڵەوانی ئەو زنجیرەیە بریتی بوو لە ئەکتەرێکی کۆمیدی و هەر یەکێک وەک خۆی نەبووایە قسەی هەڵیت و پەڵیتی بەرامبەر دەکرد. ئەو زنجیرەیە باسی هەندێ کێشەی دەکرد وەک لەبارچوون و هاورەگەزبازی. زنجیرە کۆمیدییەکانی تر باسی بابەتی کراوەیان دەکرد، بابەتگەلێک کە پێشتر لە وەشاندا پشتگوێ خرابوون.

## کام بەرنامە بۆ منداڵانە؟

بەرنامەی منداڵان گۆڕانی زۆری بەسەرداهات. ڕادیۆ بەرنامەیەکی ١٥ خولەکیی هەبوو. هەموو شەمەیەک بە سەعاتێک پێش نانی شێوان بۆ منداڵان وەشان دەکرا. زنجیرەکە ناوی لێتس پریتێند بوو، هانی فراوانبوونی خەیاڵی و خوێندنەوەی کتێبی دەدا. سەرەتا تەلەڤزیۆن شوێنی ئەمانەی گرتەوە بە بەرنامەی زیندووی وەک "هاودی دوودی و کوکلا، فران و ئۆلی"، فیلمە سەرکەشییەکانی وەک "لۆن ڕیەجەر و لاسیّ" بەڵام دوای چەند ساڵێک ئەمانە باویان نەما و فیلمی کارتۆنی پەیدا بوو کە هەموو شەمەیەک دوای نیوەڕۆیان پێشکێش بەمنداڵان دەکرا. هەندێ لەو کارتۆنانە شاباش بوون بۆ بووکەشووشە و یاریی منداڵان. هەروەها شاباشی تریشیان تێدا بوو، بۆ سریلاکی شیرین، چوکلێت و بووکەشووشەی قسەکەر. ئاستی گشتیی بەرنامەکانی منداڵان بوو بە سکاندەلێکی نەتەوەیی. چاکسازەکان ڕەخنەیان لە کۆنگرێس و کۆمیسیۆنی پێوەندی و گەیاندن گرت. خەڵاتی شانازی بەخشرا بە زنجیرەی پی بی ئێس، سیسەم ستریت و مستەر رۆجەر نەیبەرهود.

بەڵام هەوڵێک بۆ ڕزگارکردنی فامیلی ڤوینگ ئاوەر لە ناو دادگە سەری نەگرت. وێڕای بەڵێنی وەشانکاران بۆ دووبارە وەشانکردنەوەی بەخۆڕایی، لەگەڵ بەرنامەکانی وەک والتۆنس و زە برادی بەنچ، زنجیرەی فامیلی لە ئێواران پێشکێش کراو و شوێنی خۆی لە ناو جەماوەر کردەوە.

ئیدوارد ئار مورۆ جارێکیان گوتی:

ئەم ئامێرە فێرت دەکات. دەتگەشێنێتەوە. بەڵێ تەنانەت ئیلهامیشت بۆ دێنێت. بەڵام تەنیا ئەو کاتانە ئەوانەی سەرەوە دەکات، ئەگەر مرۆڤ پێگیر بێت بە بەکارهێنانی. ئەگینا تەنیا وایەر و ڕووناکییە لە ناو سندووقێکدا.

لە کاتی ئەم نووسینەدا، لووتکە لە مێژووی سیستمی وەشانی گشتی بەهۆی زنجیرەیەکی دۆکیومێنتیی یازدە سەعاتی بەدەست هێنرا. زنجیرەکە ناوی "شەڕی ناوەخۆ" بوو لە کاتە سەرەکییەکاندا وەشان دەکرا و جارێکیش دووبارە دەکرایەوە. تێکەڵەیەکی وێنە کۆنەکان و دۆکیومێنتاری مێژوونووسەکان بوو. لەگەڵ ئەوەشدا تەلەڤزیۆن بەلای زۆربەی بەرهەمهێنەرانەوە تەنیا وایەر و ڕووناکی بوو لە سندووقدا. نیل پۆستمان بەم شێوەیەی باسی تیڤی دەکات:

تەلەڤزیۆن کولتووری ئەدەبی گەورە ناکات و ناگەیەنێت، بگرە هێرشی دەکاتە سەر.

ئەگەر تەلەڤزیۆن بەردەوامیی هەر شتێک بێت، ڕەگەکەی بە تەلەگراف و فۆتۆگراف لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا ئاو دراو، نەک بەهۆی ڕۆژنامەوانیی چاپکراو لە سەدەی پازدەدا.

## بەرنامەی گفتوگۆیی و ئینفۆتێینمێنت Infotainment

لەبەرئەوەی ئەو بەرنامانە جەماوەریان زۆر بوو، پیشەسازیی تەلەڤزیۆن ڕەگی خۆی بەتەواوی داکوتا دژی توندوتیژی و سێکسی. هەموو هەفتەیەک بەرنامەیەک یان دووان لە خشتەی بەرنامەکاندا زیادی دەکرد و ژوورێکی بۆ نەدەمایەوە. توندوتیژی بووبوو بەهێمای ژانرێکی جەماوەری و پێی دەگوترا ئینفۆتێینمێنت (واتە: ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنییانەی بە زمانێکی گاڵتەئامێز باس لە کێشەیەکی جدی دەکەن). بەرنامەی هارد کۆپی و ئەمێریکاس مۆست وۆنتد وەک بەرنامەیەکی هەواڵی وا بوو. گەلێ لە بینەران نەیاندەتوانی لێکیان جیا بکاتەوە، چونکە هەرگاف ڕوون نەبوون، بە تایبەتی کاتێ دەچوونە ناو تەلەڤزیۆنە لۆکالەکان، بەشێوەیەک کە ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەوانییان لە بیر کردبوو.

ڕەخنەیەکی توند گیرا لە بەرنامەکانی دوای نیوەڕۆیان، چونکە باسی سێکسی زۆر تێدا دەکرا. بێژەرەکان داوەتی میوانیان دەکرد بۆ گفتوگۆکردنی بابەتێک، زۆرجار ڕەفتاریان زۆر ڕەق بوو، چەند نامۆتر بووایە باشتر بوو. میوانەکان بەکراوەیی گفتوگۆی بابەتگەلێکیان دەکرد، کە چەند ساڵێک بەر لەوسا، زۆربەی خەڵک نەیاندەزانی ئەم بابەتانە چین و چۆنن، کەچی لەو چەشنە بەرنامانەدا بە ملیۆن کەس لە ماڵەوە بۆیان دادەنیشتن و سەریان بۆ دەلەقاندان و چاویان ئەبڵەق دەمان. جەماوەری ناو ستۆدیۆ پرسیاریان دەکرد و ڕایان دەردەبڕی. هەندێ جار تەلەفۆنی بینەرانیش وەردەگیرا بۆ پرسیار و ڕاوبۆچوون بۆ گەرمترکردنی پرسەکە. بێژەرانی وەک دۆناهو، گیرالدۆ و ئۆپرا بوونە ناوی خێزانەکان. ئەوەی ڕاستی بێت، تەنیا ناوی یەکەم بەس بوو بۆ ناساندنیان بە خەڵکی. بەرنامە تابلۆیدەکانی (tabloid: جۆرە بەرنامەیەکە پڕ لە باسوخواسی وروژێنەر و باس نەکردە) ڕۆژانە کاردانەوەیەکی توندی لای خەڵکی دروست کرد، داوایان لە کۆنگرێس کرد کە دەبێ تەلەڤزیۆن جلەکانی پاک بکاتەوە.

بەدەیان جۆرە بەرنامەی تر ئاسمانیان پڕ کردبوو، لە بۆنەی یەکشەمانی کڵێساوە بگرە تا گوتاری گوتاربێژە مەسیحییەکان بۆ خەڵک، لە دیمانە سیاسییەکانەوە بگرە تا دەگاتە وانەی بەسوود لەسەر گەشت، بەرنامەی تایبەتی لەسەر هەر بابەتێکی گەرماوگەرم، لەگەڵ مەراسیمی خەڵاتی ئێمی Emmy Awards بۆ باشترین ئەکتەری تەلەڤزیۆنی. زوو یا

درەنگ، شتێک (تەلەڤزیۆن) بۆ هەموو کەسێک بەردەست بوو. وای لێ هات بەرنامە ئەوەندە زۆر بوو، هیچ سەعاتێکی ڕۆژ بەبەتاڵی بەسەر نەدەچوو. یەکێک لە بەڕێوەبەرانی تەلەڤزیۆنێک گوتی "ئەی باوکە ئەمە چییە، کات بەشی چوونە دەرکێیش ناکات."

## سەیری بەرنامە بە پارەیە

ڕێگە سەرەکییەکانی پارەدانی وەشان ئەمانەن:

١- بڕیارەکانی حکوومەت. حکوومەتی میلیتاریستی ئەم میتۆدەی پەسندە؛ چونکە وەشان دەبێتە بەشێک لە حکوومەت، کارمەندانیشی چاوەڕێی دەستی دەسەڵاتدارانن.

٢- بینەر و گوێگر کرێ دەدەن. ئەم میتۆدە هاوکاری NHK،BBC ژاپۆنی و دەزگاکانی وەشانی وڵاتانی سکەندەناڤی کرد. ڕەخنەگران کرێی خەڵک بەباجێکی دوژمنکارانە دەزانن، ڕووتاندنەوەی خەڵکی هەژارە؛ چونکە وەک زەنگینەکان کرێ دەدەن، بەڵام لایەنگرانی ئەم میتۆدە بەباشترین ڕێگەی دەزانن بۆ دارایی وەشانکردن.

٣- شاباشەکان. سیستمی ئەمەریکی ڕەخنەی لێ دەگیرێت لەبەر جیهان مادییەکەی، چونکە پاڵ بە خەڵکییەوە دەنێت ئەو شت بکڕن و پێویستیشیان پێی نییە، لەبەرئەوەی سیستمەکە منداڵ ترێنەیە، هەروەها لە ناوەڕاستی بەرنامە و ڕاپۆرتە هەواڵەکاندا شاباشێک قوت دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا شاباش درێژەی کێشا و جەماوەری پەیدا کرد. زۆربەی ئەو نەتەوانەی کە سەردەمێک وەشانی شاباشەکانیان ڕەت دەکردەوە ئێستە پەسندیان کردووە، جا چ لەسەر کەناڵەکانی دەوڵەت یا کەناڵە بازرگانییەکان بێت.

شاباشخوازەکان باوەڕی تەواویان بەوەیە بەدەیان بگرە سەدان هەزار دۆلار سەرف بکەن بۆ چەند چرکەیەک شاباشکردنیان. زۆر بینەر هەیە حەزی لە شاباشەکانە، بەشێوەیەک کار گەیشتووەتە ئەوەی وشە بەوشەی شاباشەکانیان لەبەر کردووە. هەندێ شاباش هەنە، وەک گۆرانییە بەناوبانگەکان و فیلمە خۆشەکانی منداڵان، پێ دەچێت قەت کۆن نەبن. بەتایبەتی منداڵان لەزەت لە شاباشەکان وەردەگرن.

## کاڵبوونەوەی وەشان

هەرکە ئیختیار و خزمەتگوزاریی کێبڵ تەشەنەی کرد، بینەری هەرسێ تۆڕە گەورەکەی ئەمەریکا لە ٩٠٪ەوە دابەزی بۆ ٦٠٪ لە سەیرکردنی تەلەڤزیۆندا. بەتەواوی وشکی نەکرد، بەڵام کاڵبوونەوەکە تۆڕەکانی حەپەساند؛ چونکە قەت لەو باوەڕەدا نەبوون بینەریان کەم

بێتــەوە. هەر تۆڕێک لەلایەن کـۆمـپـانـیـایەکی گـەورەتر وەرگـیـرا: ئـی بی ئێس لەلایەن وێستینگهاوس، ئێن بی سی لەلایەن جەنەراڵ ئەلەتریک و ئەی بی سی لەلایەن دیزنییەوە وەرگیرا. ستافی هەواڵیان کەم کردەوە و گەڕان بە دوای کارەکانی تری میدیا. بینەرە زۆرە کۆنەکە بەسەر لەبەر تەکنۆلۆجیا نوێیەکانی گەیاندن. تۆڕە بازرگانییەکانی ئەمەریکا شەڕیان بوو لەسەر ئەوەی کامەیان تۆزێچ بینەریان بەردەکەوێت.

تۆڕە گشتییەکانی تەلەڤزیۆنی ئەوروپی، ستافیان لێ بەلا بوو و ڕووخا بوون، هاوار ناڵەیان لە سێ تۆڕە گەورە ئەمەریکییەکە خراپتر بوو. بەهۆی ڕکابەریی بازرگانییەوە، خزمەتگوزاریی کێبڵ، سەتەلایت، بەکرێدانی ڤیدیۆ، دەزگای RAIی ئیتاڵی، RTVEی ئیسپانی، ARD و ZDFی ئەڵمانی تووشی شکستی گەورەی دارایی بوون. هەرکە ئیختیار لە بەردەمی بینەران تەشەنەی کرد کەناڵە ئاسیاوییەکانیش زیانیان پێ گەیشت. لە فرنسا، ڕووسیا، ئەوروپای ڕۆهەلات و مەکسیک تەلەڤزیۆنەکانی دەوڵەت دەفرۆشرانەوە بە کۆمپانیای ئەهلی.

لە هەمان کاتدا، کۆمیسیۆنی پێوەندی و گەیاندنی فیدراڵ ڕەزامەندیی دەربڕی لەسەر تەکنۆلۆجیای تەلەڤزیۆنی کەم کارەبای LPTV (بەکارەبای کەم کار دەکەن) کە خزمەتگوارییەکەی بەشی دیاریکراوی دەکرد. نێزیکەی نیوەی وێستگەکان لە ناوچە لادێیە دوورەکان بوون و خزمەتی باشیان نەدەکرا لەلایەن وێستگەکانی تەلەڤزیۆنەوە. زیاتر لە یەک سێیەکیان داوای ئەو جۆرە بینەرانەیان دەکرد: گەشتیار، قوتابی، هیسپانییەکان و منداڵان. گەلێ LPTV ی شارەکان جەختیان دەکردە سەر ئاین یان شت کڕین.

دوای پێگەشتینی دوو نەوە وەشانی تەلەڤزیۆن وەک منداڵێکی بەهێز و تەندروست لەدایک بوو، بۆ ماوەی دەیان ساڵ هەموو پێشبینییەک بۆ تەندروستییەکەی دەکرا، هەرکە کۆتاییی سەدەکەش نێزیک بووەوە، دەرکەوت کە لە تەمەنیدا. هێشتا بەهیچ جۆرێک نەیدەکرانی لەسەر پەنجەکانی بوەستێت، بەڵام بەتووڕەییەوە سەیری ڕکابەرەکانی و کێبڵە هەمەجۆرەکان، سەتەلایتەکان، خۆشی لەسەر کاسێت و سیدی و ڤیدیۆی ئینتەرنێت دەکرد. پێتان سەیر نەبێت، منداڵەکە بە باوکێک دەچوو.

## تراجیدیا لە ژووری دانیشتن

وێستگەی تەلەڤزیۆنی مینەپۆلیس (لە ویلایەتی مینێسوتا) گلەییی یەکێک لە بینەرەکانی تۆمار کردبوو: تەلەڤزیۆنی هەواڵی ڕەنگدانەوەی لەسەر "جیهانی من" نییە. بینەران ڕاستیان دەکرد. هەواڵەکانی تەلەڤزیۆن بە هیچ جۆرێک ڕەنگدانەوەی جیهانی ئەوان

نەبوون، ئەویش لانی کەم لەبەر سێ هۆ: یەکەم، جیهانی کەسێک ئاسایی بوو، جیهانەکەی برێتییە لە لێخوڕین بەسەلامەتی بۆ سەر کار، شت کڕین، ڕۆژ بەڕێکردن بەبێ کارەسات و ڕووداو، چێژ وەرگرتن لە نانی ئێوارە لە ناو موبەقدا و بە ئاشتی و خۆشی بخەوێت. بەپێچەوانەوە، هەواڵەکانی تەلەڤزیۆن باسی بەدەر لەو شتە ئاساییيانەیان دەکرد. لە کاتێکدا خەڵک لە ژیانیاندا خۆیان دوور دەخستەوە لە ڕووداو و توندوتیژی، کەچی هەواڵەکانی تەلەڤزیۆن لە هەواڵەکانی خۆیدا وێنەکانی ئەو ڕووداو و توندوتیژەییانەی نیشان دەدان. والتەر کرۆنکیت جارێکیان گوتی گەر پشیلەیەک لەسەر دارێک گیری خوارد ئەمە هەواڵە، نەک بە سەدان پشیلەکە لەسەر زەوی بەسەلامەتی هاموشۆ دەکەن. زوومی کامێرای هەواڵەکانی تەلەڤزیۆن هەردەم لەسەر "پشیلەیەکی گیرخواردوو بوو لەسەر دارێک". هەواڵ بووبوو بە وەرزشێکی تەلەڤزیۆنی بۆ بینەر. بینەران هەر گرتن، ئاگرکەوتنەوە، قوربانییانی چاو بە فرمێسک، براوەی دڵخۆش و چاو بەگریان و سیاسەتمەدارانیان دەبینی. ژیان بووبوو بە بینەر، شتێک نەبوو بەشداریی تێدا بکەیت، تەنیا سەیرکردن بوو.

دووەم، هەواڵەکانی تەلەڤزیۆن، وەک بەشێک لە ماوەی وەشان، ڕوویان لە جەماوەرێکی یەکجار بەرین بوو، ئەمەش پێویستی بە جەختکردنە سەر زۆر لایەنە، فراوانتر و پەرش و بڵاوتر، بەدەگمەنی "جیهان"ی یەکێک بەشدارییانی تێدا دەکرد.

ئەو تەلەڤزیۆنانەی جەختیان دەکردە سەر چەند لایەنێک و جەماوەرێکی تایبەتیان کردبووە ئامانجی خۆیان، وەک تۆڕی وەشانی مەسیحی و MTV، زۆر باشتر لایەنگیرانیان دڵخۆش دەکرد. کارکردن بۆ تەسککردنەوەی وەشان و بەرنامەکان لە پێناو دڵخۆشکردنی جەماوەرێکی تایبەت و لەسەر حسێبی دەست هەڵگرتن لە جەماوەرێکی زۆر وێستگەکانی تەلەڤزیۆن خەنی ناکات. تەلەڤزیۆن دەستی کرد بەهەڵبژاردن و بیری کردەوە چی داپۆشێت. هەروەها ڕۆژنامەنووسانی تەلەڤزیۆن دەبێ بەدوای ئەوەدا بگەڕێن ئێمەی بینەر لە شوێنی دانیشتنمان و جیهاندا چیمان دەوێت. ئەم دیاردەیە ناسراوە بەدانانی کارنامە agenda setting. بۆ نموونە، قاتوقڕی و برسێتی لە ئەیسوپیا و سۆماڵیا بە تێروتەسەلی داپۆشران، وێنەی مرۆڤی لەڕ و لاواز، وێنەی ئافرەت و منداڵی برسیکە، مێش و مەگەز دەورەیانی دابوو. کاتێ ئەمە گەیشتە ناوماڵی ئەمەریکییەکان دەرگەی هاوکاری و کۆمەکبەخشین کرایەوە و تەنانەت ئەمەریکا هێزی سەربازیی نارده سۆماڵیا بۆ یارمەتیدان. هەروەها لە سوودانی نێزیک ئەوێدا، خەڵکی لە یەک کاتدا لەبەر شەڕێکی دڕندانەی نەناوخۆیی دڕندانە لە برسان دەمردن، بەڵام لەبەرئەوەی حکوومەتی سوودان

دەرگەی بەسەر ڕۆژنامەنووساندا داخست بوو، چەند وێنەیەکی کەم گەیشتنە لای بینەران، بۆیە کەس هاوکاری و کۆمەکی نەکردن. هەمان نەهامەتی و مەینەتی لە مۆزەمبیق و ئەنگۆلا ڕووی دا، لەبەرئەوەی وێنەکانیان بڵاو نەبووەوە هیچ هاوکارییەکیان پێ نەگەیشت.

ئەوەی خەڵک دەیزانێت لەسەر شوێنەکانی دەرەوەی خۆی لە ڕێگەی هەواڵەکانی تەلەڤزیۆنەوەیە. ئەگەر تەلەڤزیۆنیش نیشانیان نەدات، تەنیا بەقسە بێت، وەک ئەوە وایە شتەکان ڕوویان نەدابێت.

## هەواڵ لە ڕادیۆ

هەواڵ لە ڕێگەی وەشانەوە بەنێزیکەی لەگەڵ لەدایکبوونی خودی وەشانکردنەوە دەستی پێ کرد. هەواڵەکان لە زۆربەی وڵاتاندا چاودێری حکوومەتیان بەسەرەوەبوو. لە ئەمەریکا، وێستگەکانی ڕادیۆ هەواڵەکانی ناوخۆیان بڵاو دەکردەوە وەک بەشێک لە باسە بازرگانییەکانیان. وانەبێژی گەشتیاری لۆوێل تۆماس، کە ڕاپۆرتەکانی لۆرێنسی عەرەبستانی بۆ خەڵک دەگێڕانەوە، یەکەم تۆڕی هەواڵەکانی ڕادیۆی بۆ ئێن بی سی لە ساڵی ١٩٣٠ دەست پێ کرد. خێرا کێشە دروست بوو، چونکە ڕۆژنامەکان لەبەر بازاڕی گەرمی ڕادیۆکان زیانیان پێ گەیشت لە کاتێکدا هێشتا زیانی گرانییە گەورەکەیان پڕ نەکردبووەوە. بۆیە ڕۆژنامەکان پاڵەپەستۆیان خستە سەر ئەسۆشیەتد پرێس و ئاژانسەکانی تری هەواڵ خزمەتەکانیان بۆ وێستگە و تۆڕەکان ڕابگرن.

ڕۆژنامەکان پێشنیازیان کرد ڕادیۆکان کەمێک هەواڵ دابەزێنن، بەڵام ڕادیۆکان ئەمەیان پەسند نەکرد و خۆیان کەناڵی زانیاریی تایبەت بەخۆیان دروست کرد. "شەڕی ڕۆژنامەوانیی ڕادیۆ" لە ساڵی ١٩٣٥ کۆتایی هات کاتێ سوپای ڕۆژنامەنووسەکان کشانەوە. سی بی ئێس و ئێن بی سی بەردەوام بوون لە بنیاتنانی بەشی بەهێزی هەواڵ بەستافێکی لێهاتوو و پەیامنێرانیان ڕژابوونە ناو ئەمەریکا و ئەوروپا.

سوودی ڕادیۆ ئەوەندە زۆر نەبوو لەبەرئەوەی نەدەچووە قووڵاییی پرسەکان. ئەم سنوورەش بەهۆی ناوەندی وەشانەوە بەسەر ڕادیۆکاندا سەپێنرا بوو، کە ئامانجیان سەرنجڕاکێشانی زۆرترین جەماوەر بوو. نووسیارێکی هەواڵ چیرۆکەکەی لە چەندان پەرەگراف پێک هاتبوو، دەشیزانی خوێنەر، ئەگەر حەزی لە چیرۆکەکە نەبێت، بە چاوتروکانێک دەچێتە سەر بابەتێکی تر. بیسەرێکی ڕادیۆ دەبێ چاوەڕێی هەواڵێک بکات تا بەردەوام بێت تا کۆتایی هەواڵەکان، پێش ئەوەی هەواڵێکی تر بخوێنرێتەوە، واتە هەواڵی یەکەم گرینگە.

له جیاتی وەسفکردنی ڕووداوێک، تەکنۆلۆجیای ئۆدیۆ ڕێگەی بەڕادیۆ دا بە ملیۆن کەس بێنێتە ناو ڕووداوەکە، هەموو شتێک لە وەرزشەوە بگرە تا دەگاتە کۆنفرانسە سیاسییەکان. وەشانکردنی بەیسبۆل، تۆپی پێ، بۆکسێن و پێشبڕکێی ئەسپ سواری سەرنجی ملیۆنان لە هەوادارانیان ڕاکێشا.

بەناوبانگترین پەیامنێری ڕادیۆ، ئێدوارد مورۆ، ڕادیۆی ژیرانە بەکار هێنا، کاتێ ئەڵمانەکان لە شەڕی دووەمی جیهانیدا بۆردمانی بەریتانیایان کرد. شەو لەسەر شەو لەسەر بانی ستۆدیۆکەی، مایکی مورۆ دەنگی مووشەکی دژە باڵەفڕەی وەردەگرت و مورۆش بەوشە وێنەی بۆردمانەکەی بۆیاغ دەکرد. لەوسەری زەریای ئەتڵەسی و لە وڵاتانی سەلامەت و بێ هۆسەدا، گوێگران بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ڕاپۆرتەکانی ڕادیۆی سی بی ئێسی مورۆیان دەکرد، هەر ئەمە بوو وای لە ئەمەریکییەکان کرد لە بازنەی گۆشەگیری بێنە دەرەوە و هەوڵی شەڕ ڕاگرتن و یارمەتیی ئینگلیزە جەرگسووتاوەکان بدەن.

لە هەمان کاتدا، هەواڵەکان و دۆکیومێنتەرییەکان زامی ئەوپەڕی گۆشەی جیهانیان دەکولاندەوە، پەیامنێرانی ڕادیۆش لە ناو کابینە دەنگییەکانی ستۆدیۆکاندا گیریان خواردبوو. ئەم هەلومەرجە نەدەگۆڕا تا پەیامنێرانی ڕادیۆ لە شەڕی جیهانیی دووەمدا دەستیان نەگەیشتبووایە تەنزیل. تەنزیل، کە داهێنانێکی ئەڵمانییە، لە ئەمەریکا تا دوای شەڕ لە ئەمەریکا نەبوو.

## دوو ڕەگەکەی هەواڵەکانی تەلەڤزیۆن

هەواڵ لە تەلەڤزیۆن لە دوو ڕەگەوە گەشەی سەند، ئەوانیش، فیلمی هەواڵ و هەواڵەکانی ڕادیۆ. هەر لە سەرەتاوە، تەلەڤزیۆن هەردوو ڕەگی جودا کردەوە. فیلمی هەواڵی تەلەڤزیۆن، وەک فیلمی سینەماکان، داپۆشینی نەرمە هەواڵەکان بوو: دەنگوباس ئەکتەرە ناودارەکان و جلوبەرگە مۆدێرنەکان. فیلمی هەواڵ بەدەستی کێشەی لۆجیستییەوە دەیناڵاند وەک دەسکەوتنی کامێرای ٣٥ ملیمەتری، ئەو جۆرەی هۆلیوود بۆ وێنەگرتنی فیلمەکانی بەکار دەهێنا لەگەڵ هەموو گێرەکانی کە لە گەڵ دیمەنەکە هاتوچۆیان دەکرد، فیلمەکە ئامادە دەکرا، ئەوجا یان ئەوەتا لە ڕێگەی سینەماکانەوە یانیش لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەکانەوە پێشکێش دەکران. لە ئەنجامدا، هەموو ڕووداوێک دادەپۆشرا، ئەگەر شوێنەکەی زانرابایە و کاتیش گرینگ نەبووایە.

ڕەگەکەی تر، هەواڵە ڕادیۆییەکان، کەموکورتییەکیان هەبوو، ئەویش بەچاو نەدەبینرا. باسی سەیری چی بکەین، کاتێ کەچەڵێک دادەنووشتایەوە بۆ خوێندنەوەی دەقێک لەودیو

مایکەکەوە، تەنیا سەرێکی کەچەڵمان دەبینی؟ هەروەها لە سەرەتادا هەواڵەکانی تەلەڤزیۆن شتێکی لەوە باشتریان پێشکێش نەکرد. هەر هەواڵە ڕادیۆییەکان بوو، بەڵام کامێرایەکی لەگەڵدا بوو.

پەیتا پەیتا هەواڵە مۆدێرنەکان پێشڤەچوون و لە قەپێلک هاتە دەرەوە. قسەکەری سەر گەورە و وێنە ڕووناکەکان،ساڵ دوای ساڵ پێکەوە گەورە دەبوون. بەرهەمهێنەران وێنە، نەخشە، چارت و کەمێک پرۆجێکتەریان بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی لەسەر شانی بێژەرەکەوەڕا وێنە بگرن. بێژەران حسێبی کامێرایان دەکرد، لەسەر کارت دەیانخوێندەوە و دوای ئەوەش لەسەر شاشە. یەکەم جار وێنەکان لەسەر کارت و سلاید نیشان دەدران، دواتریش بە شێوەی ئەلیکترۆنی. سێتی ئامێرەکان شوێنی مێزە ڕەقوتەقەکانیان گرتەوە. لەسەر سێتەکە، بێژەر دەیتوانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پەیامنێرە دوورەدەستەکان قسە بکات. فیلمی هەواڵ خورد کرایەوە بۆ شێوازی پێشکێشکردنی هەواڵی ڕادیۆیی. دواتر دەنگ خرایە سەر ڕاپۆرتەکان و دیمەنەکانیان. لە مەیدانی کاردا، تۆڕەکانی تەلەڤزیۆن نووسینگەیان لە وڵاتە هەرە دوورەکان کردەوە، هەروەها وێستگەکانیش لقیان لە قەزا و ناحیەکاندا کردەوە. کامێرا زلەکانی ستۆدیۆکانی هۆلیوود کە ٣٥ ملم بوون باویان نەما و کامێرای ١٦ملم شوێنیانی گرتەوە، ئەمەش زەوینەی خۆش کرد بۆ کامێرای ڤیدیۆ و کاسێت.

ژمە هەواڵی لۆکال لە ساڵی ١٩٦٣ دەستی پێ کرد و لە ١٥ خولەکەوە بوو بە ٣٠ خولەک، لە ڕەش و سپییەوە گۆڕا بەڕەنگاوڕەنگ. تەلەڤزیۆنی سی بی ئێس لە ڕێگەی سیستمی هەواڵی ئەلیکترۆنییەوە کامێرا و ڤیدیۆ و تەنزیلێکی برد بۆ داپۆشینی سەردانەکەی سەرۆک ریچارد نیکسۆن بۆ مۆسکۆ. ئەم سیستمە واتە وێنەی زیاتر لە شوێنی دیمەنەکە، هەواڵی بە پەلە، باسکردنی ڕووداوەکان وەک خۆیان چۆن ڕوو دەدەن. ئێستە پەیامنێر لە شوێنی ڕووداوەکەدا ڕاستەخۆ بەوێنەوە قسە دەکات.

لەسەر بنچینەی کاسێتی ڤیدیۆ، سیستمی هەواڵی ئەلیکترۆنی پەرەی بە پرۆسەی فیلم دا. چەند ساڵێک دواتر، توانیی کامێرای ڤیدیۆ و ئامێری وەشانی دەستی تیکەڵ بکات بە بەکارهێنانی لینکەکانی مایکرۆوێیڤ. ئیتر چی تر وێنەگران خۆیان وێنەکانیان نەدەبردەوە وێستگە، بەمەش کات زۆر بەفیرۆ نەچوو و خێراتر و باشتر ڕووداوەکان دادەپۆشران. لە هەشتاکاندا، سیستمەکە لەگەڵ سیستمی سەتەلایت تێکەڵ کرا. ئەمەش هاوکاریی پەیامنێرانی کرد لە وڵاتە هەرە دوورەکانەوە وێنە و زانیاریی وڵاتەکە و هەموو جیهان بەنرخێکی هەرزانتر بنێرنەوە.

لە ئەنجامی تەکنۆلۆجیا نوێیەکەدا، وێستگەکانی تەلەڤزیۆن کەمتر پشتیان بەست

بەتۆڕەکان بۆ داپۆشینی هەواڵ لە دەرەوە. لینکی نوێ پەرەی سەند لە نێو ئەو وێستگانەی کە سەر بە هەمان تۆڕ نەبوون، بەڵام هەر پێکەوە بەستراببوونەوە؛ چونکە وێستگەیان بڕیاریان دابوو، پێوەندییان هەبێت بۆ ئاڵوگۆڕی هەواڵە ڤیدیۆییەکان. وەک چۆن سەدەیەک پێشتر تەلەگراف هانی دروستبوونی ئەسۆشیەتد پریسی دا، ئاواش سەتەلایتەکان، کامێرای سووکی دەستی و کاسێتی ڤیدیۆ هانی دروستبوونی دەزگاکانی کۆکردنەوەی هەواڵ لە ڕێگەی سەتەلایتەوەیان دا وەک World Wide Television News،CONUS (WTN))، کە هەواڵیان دەدا بەو وێستگانەی ئەندامی خۆیان بوون.

ستافی هەواڵ پێکەوە کاریان دەکرد، نەک تەنیا بۆ هەواڵی ڕۆژانە بگرە بۆ دیمانەکان، دۆکیومێنتارییەکان و بەرنامە تایبەتییەکان. کۆنفرانسە سیاسییەکان خشتەی کاری خۆیان دادەنا بۆ ئەوەی زۆرترین بینەر بتوانێت سەیریان بکات. داپۆشینی هەڵبژاردن بووە قوربانیی جەماوەرێتی و پیشەگەرێتییەکەی، چونکە دەنگۆیەک لە سەرانسەری وڵات بڵاو بووەوە گوایە ڕاپۆرت و نیشاندانی ئەنجامی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەنجامی ویلایەتەکانی ڕۆژئاوا. بەهۆی تێکەڵکردنی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ تەکنۆلۆجیای کۆمپیوتەر و ئەگەری ئامارەکان، هەواڵەکانی تەلەڤزیۆن توانای ئەوەیان هەبوو هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی تێک بدەن.

## داپۆشینی کوشتنی کەنەدی

کاتێ هەواڵی تەلەڤزیۆنی دەستی پێ کرد، باشترین پەیامنێرەکانی ڕادیۆ هیچ پشکێکیان نەویست. ئێدوارد مورۆ، کە بەرنامەکەی خەڵکی ئەمەریکایی دەهەژاند، لە ساڵی ١٩٥٨دا گوتی " بێباکیی تەلەڤزیۆن، کەمانچەژەن لە کەمانچەکەی، یان سەرکەر لە چەترەکەی بریسکاوەتر دەکات." وێنەگر و پەیامنێرانی ڕۆژنامەکان کامێراکانیان خستە ناو لۆکەرەکان و بەشدارییان لەو کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییە نەدەکرد کامێرای تەلەڤزیۆنی لێ بووایە. هەردەم گاڵتەیان بە ڕاپۆرتەکانی تەلەڤزیۆن دەکرد. ڕەخنەگران ئاگایان لەوە بڕا بوو تەلەڤزیۆن جەماوەرێکی یەکجار زۆری پەیدا کردووە، کاتێ ئالیارگەلی تەلەڤزیۆن بە لێشاو لە سەربانی ماڵەکان ڕاست دەبووتەوە.

لە ٢٢ی نۆڤێمبەری ١٩٦٣ بۆچوونەکان گۆڕان، ڕۆژی کوشتنی جۆن کەنەدی بوو. بکوژی سەرۆک لەبارێکی شاراوەدا، زەوینەخۆشکەرەکەی بەدواوە بوو، هەردووکیان خەڵکی سەر شەقامەکەیان تووڕە نەکرد، بەڵام هەرکە تەلەڤزیۆن نیشانی دا خەڵکی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام سەیریان کرد. هەموو بەرنامەکان، شاباشەکان و هەواڵەکانی تر ون بوون.

هەواڵەکانی تەلەڤزیۆن چەندان شەو لەسەر ئەم رووداوە رۆیشتن و خەڵکیش هەر نەیاندەبڕییەوە. توێژەران بەم شێوەیە باسی هاوکاریی تەلەڤزیۆنیان کرد:

ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژی هەینی بەرسڤە سۆزدارییەکانیان نیشان دا، دیوی واقیعییانەی خەمی کوشتنەکەیان بەداهاتووی وڵاتدا نیشان دەدەن.

هەواڵەکانی تەلەڤزیۆن، کە زۆر لە ڕاپۆرتی چاپکراو باشتر بوو، بەردەوامی و هێزی حکوومەتی نیشان دا لە کاتی گواستنەوەی دەسەڵاتدا (دەستبەکاربوونی سەرۆکی نوێ). وای لە گەلەکە کرد هەموو پێکەوە وێنەی ڕووداوەکانی دالاس و مەراسیمی ناشتن لە واشنتۆن لە بیر نەکەن. لە کاتی خەم و پەژارەی گەل، تەلەڤزیۆن لە لووتکەی درەوشانەوەی دابوو. ئەو ساتانە ۹ لە ۱۰ی خەڵکی ئەمەریکی تەماشای تەلەڤزیۆنیان دەکرد. جیهانیش تەماشای کرد کاتێ هەواڵ و وێنەکان بەهۆی سەتەلایتەوە نیشانی ٦٠٠ ملیۆن کەس دران لە ۲۳ وڵاتی جیهان.

## بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان

توانای هەواڵی تەلەڤزیۆن لە جووڵاندنی سۆزی خەڵک خێرا دەرکەوت لە کاتی داپۆشینی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان لە باشوور. کاریگەریی تەلەڤزیۆن لەو ساتەدا گەیشتە هەموو شوێنێک.

بینەران زۆر ورووژان کاتێ ڕاستەوخۆ لە تەلەڤزیۆنەوە تەماشای ڕووداوی یەکگرتنەوەی قوتابخانەی ئامادەییی لیتل ڕۆکیان کرد، یەکگرتنەوەکە بە هاوکاریی پاسەوانی نەتەوەیی ئەنجام درا، خۆپێشاندانەکانی سەر شەقام، تەقاندنەوەی ماڵی مارتن لوسەر کینگ و کڵێسای بێرمینگهام. کامێرامانەکان گەیشتنە سەر ئاژاوەکانی باشوور، چوونە ژوورەوەی جەیمس مێرێدیت بۆ ناو زانکۆی میسسیپی، سێلما، ئالاباما. ئەمانە و بەدەیان وێنەی ڤیدیۆییی تر کە پڕ بوون لە توندوتیژی، وڵاتیان هەژاند. نیشاندانی جیاکاری و ڕقی منداڵە سپییەکان بەرامبەر ڕەشپێستەکان وای لە حکوومەتی فیدراڵ کرد کارێک بکات و ویژدانی ئەمەریکییەکانی جووڵاند. هەروەها دیمەنەکانی چالاکییەکانی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان کاتێ پۆلیس سەگی خۆپیشاندەران بەردابوو و بە سۆندەی زلی ئاو بەرەنگارییان دەبوونەوە. مارتن لوسەر کینگ خۆپێشاندانی ڕێک خست بۆ زۆرترین داپۆشینی تەلەڤزیۆنی، کۆڵانێکیان دۆزییەوە تێیدا عەریفێکی پۆلیس دڕاندانە پەلاماری خەڵکی دەدا. سەرۆک کەنەدی گوتبووی دیمەنی هێرشکردنە سەر منداڵ و ئافرەتان لەسەر تەلەڤزیۆن "نەخۆش"یان خستووە. تەلەڤزیۆن هاوکاریی نەتەوەییی کۆ کردەوە لە ڕێگەی

وێنە و دیمەنەکانەوە، لە ئەنجامدا یاسای مافە مەدەنییەکان دەرچوو.

هەموو ئەو ڕووداوانە لە باشوور ڕوویان دا، لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ تەلەڤزیۆن هەموو شتێکیان لەسەر بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان نیشانی بینەرانیان نەدا. ئەو تووڕەییەی بووە هۆی دەرکردنی یاسای مافە مەدەنییەکان، ڕەنگە هەندێ لە بینەرانی باشووری تووشی حەپەسان کردبا.

هەر کامێرای ئەو تەلەڤزیۆنانە، کە سۆزی خەڵکیان جووڵاند بەرامبەر بە جیاکاری دژی ڕەشپێستەکان، هەست و سۆزی خەڵکی باکوریشیان هەژاند کاتێ دیمەنەکانی دەمارگیریان لە گەڕەکە میللییەکانی کالیفۆرنیا نیشان دا، کە یەکەم جار، لە ساڵی ١٩٦٥ لە واتس دەستی پێ کرد، دواتر دەمارگیرییەکان لە شیکاگۆ، کلیڤلاند، نیارک، دیرۆیت و واشنتۆنی پایەتەخت. تەلەڤزیۆن ڕەشپێستەکانی وەک قوربانییانی توندوتیژی نیشان نەدەدا، بگرە وەک هاندەرانی توندوتیژی نیشانیانی دەدا. بینەر لە جیاتی گوێی لە " ئێمە سەردەکەوین" بێت، گوێی لە " بسووتێنە گیانەکەم، بسووتێنە" دەبوو. کاردانەوەی ئەمەش ترس بوو لای سپیپێستەکان، بەرامبەر بە ڕەشپێستەکان ڕق ئەستوورتر دەبوون و سپیپێستەکان زۆربەیان بە باڵەفڕە چوونە دەرەوەی شارەکان. زوومی کامێراکان لە باشوور ڕۆڵێکی باشی بینی و بەڵام لە باکور بارەکەی تیرتر و خراپتر کرد. هەواڵەکانی تەلەڤزیۆن بەوەش باوی نەما کە تەنیا ڕواڵەتی ڕووداوەکانی دەگواستەوە، بەڵام سەریش نەکەوت لە زانینی هۆکارە شاراوەکان.

## خۆپیشاندانەکانی دژە شەڕ

خۆپێشاندانەکان دژی حکوومەت و شەڕ لە دەرەوەی کۆنگرەی دیموکراسی لە شیکاگۆ لە ساڵی ١٩٦٨ بوونە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەیەک کە بە دەمارگیری وەسف کرا و پۆلیس لە کۆنترۆڵی خۆی لە دەستدا و زۆری لە خەڵکی بێ تاوان دا. فیلمی ڕووداوەکانی سەر شەقام، دووبارە و سێبارە لە تۆڕەکان نیشان درانەوە. بەتەواوی پێشبینیی ئەوە کرا کە لە ناو هۆڵی کۆنفرانسەکان چی ڕوو دەدات، ئاژاوەیەک دروست بوو هەڵمەتی هوبەرت هەمفری بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرگیز نەیتوانی دای مرکێنێتەوە. حاکمی شیکاگۆ ڕیچارد دەیلێ، لە ناوەڕاستی ڕووداوەکاندا، ناڕەزاییەکی دەربڕی کە زۆرجار دەبیسترایەوە، تەنانەت لەلایەن پەیامنێرانی تەلەڤزیۆنیشەوە لە کاتی پێداچوونەوەی ڕاپۆرتەکان و ئامادەکردنیان بۆ بڵاوکردنەوە.

## "شەڕ لە ناو ژووری دانیشتن"

ڤێتنام "شەڕی ژووری دانیشتن" بوو، چونکە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا خەڵک لە دوورەوە ململانێکانی مەیدانی شەڕیان بە دەنگ و وێنەی ڕەنگاوڕەنگەوە بینی. تەلەڤزیۆن واقیعی شەڕی ئێوارە لەسەر ئێوارە دەهێنایە ناو ژووری دانیشتنی ئەمەریکییەکان، دەهێنایە سەر مێزی نانی ئێوارە لە موبەق، بۆیە خەڵکی بەیانییان زوو لە خەو هەڵدەستا و شەوانیش هەوڵی دەدا درەنگ بخەوێت. زۆربەی دیمەنەکان ناشیرین نەبوون، بەڵام بریتی بوون لە چالاکیی ڕۆتینی سەربازی. چەند ساڵێک ئەم دیمەنانە بەردەوام لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە دەبوونە میوانی ژووری دانیشتنی خەڵکی، لە ئەنجامدا هاووڵاتیی ئەمەریکی پرسیارێکی لەلا دروست بوو: سەربازەکانمان بۆچی لەو دەڤەرە دوورە شەڕیانە؟ مەبەستی خزمەتەکە ڕوون نەبوو. هەتا شەڕەکە درێژەی داکێشا وێنەکان زیاتر سۆزی خەڵکیان دەوروژاند. بینینی ئەمەریکییە گەنج و تازەکان بە خۆیان و جانتاکانیان دەگەیشتنە ڤێتنام و چەندانی تریش لە چاوەڕێی هاتنەوەدا بوون، بەڵگەیەک بوو بۆ بینەران لە ماڵەوە کە شەڕی ڤێتنام وەک فیلمی جۆن واین نییە. وێنەی گوندە وێرانەکان، گوندنشینەکان لەناو ماڵە ڕووخاوەکانیاندا، کوخەکانیان دەسووتا، ئەمانە بزووتنەوەیەکی دژی شەڕەکە دروست کرد.

پەیامنێران، تەکنیکارانی دەنگ و کامێرامانەکان کامێرای وێنەگرتنی ١٦ ملیمەتریان لە ناو جانتا دادەنا و بە شانی خۆیانەوە دەکرد و ڕێگەیان پێ دەدرا بچنە هەر کوێیەکی ڤێتنامی باشوور، لەوێش یەکەیەکی سەربازی ئامادە بوون بۆ پێشوازیکردنیان. ئەوجا بەشدارییان دەکرد لە ئۆپەراسیۆنەکان، کردەی ژێر زەوی، ڕێگەی مەترسیدار، هەڵمەتی ڕزگارکردنی بریندارەکان بەهۆی هەلیکۆپتەرەوە، بۆردمانکردنی دارستانەکان و تەقاندنەوەیان. ڕۆژ بەڕۆژ فیلمەکان لە مەیدانی شەڕ لە سایگونەوە دەنێردرانەوە. شەو لەسەر شەویش لە شاشەی تەلەڤزیۆن لە کاتی هەواڵەکان دەردەکەوتن، بەم شێوەیە وێنەکانی شەڕ هاووڵاتییانی ئەمەریکی دژی شەڕ هێنایە سەر شەقامەکان.

داپۆشینی تەلەڤزیۆن خەڵکی بە گژیەکدا برد. ئەوانەی لایەنگری شەڕەکە بوون زیاتر پێگیر دەبوون بە لایەنگرییان دوای ئەوەی وێنەکانی شەڕیان دەبینیً، ئەوانەن کە دژی شەڕەکە بوون هارتر دەبوون و هەوڵیان دەدا بێلایەنەکانیش هان بدەن. دژەکان بە ژمارەیەکی یەکجار زۆر ڕژانە سەر شەقامەکان و داوایان لە حکوومەت کرد هێزەکانی لە شەڕی ڤێتنام بکشێتەوە. پەیتا پەیتا هەستی نەتەوایەتی دژی شەڕی ڤێتنام وەستایەوە.

داپۆشــینی تەلەڤــزیۆن بە بۆچوونی یەکــێک ڕەخنەی لێ گــیــرا؛ چونکە ســەرکــەوتنی ئەمەریکییەکانی نیشان نەدا کە پێشبینییان بۆی کرد بوو.

ئەزموونە تاڵەکە ئەم پرسیارەی قوت کردەوە ئاخۆ لە چەرخی تەلەڤزیۆندا، هیچ وڵاتێکی دیموکراسی هەیە لەگەڵ تەواوی ئازادیی ڕۆژنامەوانی بتوانێت شەڕێکی ئاوا ڕابگرێت، بە تایبەتی دژی دوژمنێک کە سنووری تەلەڤزیۆنی داخستووە و ناهێڵێت هاووڵاتییانی سەیری بکەن. سەرکردە سەربازییەکانیش زۆر پەند و وانەی باش لە داپۆشینی ڤێتنام لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە فێر بوون. لە شەڕی بەریتانیا لەگەڵ ئەرجەنتین لە فۆلکلاندس و ململانێ بچووکەکانی ئەمەریکا لە گرەنادا و پەنەما، ڕۆژنامەنووسان دەچوونە مەیدانی شەڕ و شەڕوانیش سنووریان بۆ دانرا بوو. لە کاتی شەڕی کەنداودا، کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆن ئەوەندە فراوان و بەهێز بوو، وەک بڵێی بەشێکا لە هێزە سەربازییەکەی مەیدانی شەڕەکە. لە ئەنجامدا، فەرماندەی مەیدانی شەڕ جەنەراڵ نۆرمان شۆرزکۆف، بە گاڵتەوە سوپاسی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کرد کە دەسخەرۆی دان لە کاتی ڕاپۆرتکردن لەسەر مارینەکانی ئەمەریکا گوایە لە ڕێگەی زەریاییەوە هێرش دەبەن، بۆ ئەوەی چەکەکانی عێراق هەر لە شوێنی خۆیان بمێننەوە کاتێ داگیرکردنی ڕاستەقینە لە بیابانەوە دەست پێ دەکات. هەواڵەکانی تەلەڤزیۆن ئۆرزکۆفیان کردە پاڵەوانێکی جەماوەری، خەڵکی گشتیش سوپاسگوزار بوون کە ئەمەریکییەکانی ڕزگار کردووە، بە پێکەنینەوە وەڵامی ئەو هەواڵەی داوە کە پلانەکەی بۆ ڕۆژنامەنووسان ڕوون کردووتەوە.

باشترین هەواڵ لەسەر کورتەی شەڕی کەنداو لەلایەن پەیامنێری CNN بوو بەناوی پیتەر ئارنێت، کە لە بەغدا مایەوە لە کاتی شەڕەکەدا. لە ساڵی ١٩٩١دا تەکنۆلۆجیا زۆر پێشکەوتووتر بوو لە سەردەمی شەڕی ڤێتنام. زۆر ئاسایی بوو بۆ تەلەڤزیۆنێک لە بارەگەی سەربازی لە عەرەبستانی سعوودی ڕاستەخۆ وەشان بکات، بۆ تەل ئەڤیڤ لەوێشەوە بۆ واشنتۆنی پایەتەخت و لەوێشەوە بۆ عەمان، ئوردن. ئەمانە هەمووی بێ ماندوو بوون ئەنجام دران. تەکنۆلۆجیا خەڵکی لە کاتی بۆردمانەکان و تەقینەوەکان نیشان دەدا بەڵام تەرمەکانی نیشان نەدەدا، وەک ئەتاری وابوو.

## تەلەڤزیۆن ڕۆژنامەی ڕۆژنامەوانیی نییە

هەواڵەکانی تەلەڤزیۆن، کۆپییەکی تری ڕۆژنامەی ڕۆژنامەوانیی نەبوو، ناشتوانرێت بە پێوەری ڕۆژنامە بپێورێت. بە قەد هەواڵی چاپکراو ورد نەبوو. لەلایەکی ترەوە، ڕۆژنامەکان نەدەگەیشتنە توانای تەلەفزیونییەکان لە وروژاندنی سۆز، کە هەستێکی قووڵتریان لەوەی

کە ڕۆژنامە ئاسایییەکان دەیکەن لە بینەر دا پێک دێنا. توانای نیشاندانی وێنەکان بە دەنگەوە وایان لە بینەرانی دەکرد لە گەڵێ ڕووداو و چیرۆکدا بێنە گۆ.

لە سەروو هەموویانەوە چیرۆکی وۆتەرگێیت Watergate بوو. (وۆتەرگێیت: کێشەیەکی سیاسی بوو لە ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٧٢ ڕووی دا، بووە هۆی ئەوەی سەرۆک نیکسۆن دەست لەکار بکێشێتەوە و ژمارەیەکیش لە هاوکارانی بەند کران. وەرگێڕ). دوو یان سێ ڕۆژنامەی نەتەوەیی لە کێشەکەیان کۆڵییەوە، بەڵام وۆتەرگێیت ئەو کاتە وڵاتی گۆڕی کە تەلەڤزیۆن دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ئەو شتانەی ڕۆژنامەکان خۆیان لە قەرەی نەدابوو، باسی چۆنیەتیی کاردانەوەی بەرپرسانی حکوومەتیان کرد. ڕەنگە سەرۆک نیکسۆن ڕزگاری بووایە لە لێکۆڵینەوەکەی ڕۆژنامەکان ئەگەر تەلەڤزیۆن کێشەکەی باس نەکردایە و وەشانی نەکردایەتە ناو دەیان ملیۆن ژووری دانیشتن.

کێبەرکێی چوونە سەر مانگ، زۆر قەرزداری ڕاپۆرتە هەواڵ و دۆکیومێنتەرییەکانی تەلەڤزیۆنە؛ چونکە پەروشی و تەکانێکی بە مەسەلەکە دا و وای کرد بەرنامەی زۆر گرانبەها بۆ بۆشاییی ئاسمان دابنرێت. نێزیکەی یەک ملیار بینەر لە جیهان ڕاستەوخۆ سەیری نێیل ئارمسترۆنگ و ئاڵدزینیان دەکرد لەسەر ڕووی مانگ دەڕۆیشتن. کێشەکانی ژینگە بەشێکی هەواڵەکانی تەلەڤزیۆنیان داگیر کرد، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندان بزووتنەوە بۆ چاککردنەوەی زەوی.

## هەندێ جار گوندێکی جیهانییە

میتافۆری "گوندی جیهانی" لەسەر زاری مارشال ماکلوهانەوە داکەوت، کاتێ تەلەڤزیۆن باسی ڕووداوێکی گرینگی کرد کە سنووری نێو وڵاتان، زمان و کولتوورەکانی بڕی. داپۆشینی ڕاستەوخۆ دەتوانێت سەرنجی جەماوەرێک ڕابکێشێت کە کە تەنیا بەمەزندە بڵێین ژمارەیان چەندە، هەندێ دەگاتە سەرووی نیو ملیار کەس. یارییەکانی ئۆلمپیکس یەکێک لەو ڕووداوانە بوو. ڕووداوی مەراسیمی ناشتنی سەرکردەیەکی کوژراو وەک جۆن کەنەدی، ئەنوەر سادات یان ئینیدرا غاندی. ئەوە هێزی تەواوی تەکنۆلۆجیای پێوەندی و گەیاندن بوو شتێکی دروست کرد، دانیال دایان و ئیلهو کاتز ناویان لێ نا ئاینی مەدەنی. ڕووداوە سەرەکییەکانی میدیاکان بازنەی ڕۆتینەکانیان دەشکاند، دەچوونە ناخی ئەو کەسانەی لە کاتی پشوودا لە بەردەم تەلەڤزیۆن لەنگەریان دەگرت. بەپشت بەستن بە ڕووداوەکە، تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن دەتوانێت دیمەنی ئەو کەسانە لە کڵێسا نیشان بدات کە موچڕکەیان بە گیاندا دێت. ئەگەر ئەندامانی خێزانێ کۆ ببنەوە و تەماشای بکەن، ئەوا

ژووری دانیشتن گەرم دەبێتەوە کە زۆربەی کات بێ تەلەڤزیۆن ساردوسڕە. بۆ ماوەیەکی کورت، تەلەڤزیۆن ئەندامانی خێزان لێک نێزیک دەکاتەوە کە خۆیان دابەش بوونە.

کاردانەوەی خەڵک ئەرێنی بوو بۆ ئەو هەواڵانەی کە کەمتری تێ دەچوو، بۆیە وەشانکاران ئەو جۆرە هەواڵانەیان زیاتر کرد. لە بەرەبەیاندا باسی جووتیاران دەکرا، لە کاتی نانی بەیانیدا بەرنامەکانی نانخواردن و بەیانی وەشان دەکرا، هەواڵەکانی ناوخۆ لە نیوەڕۆ، دوای نیوەڕۆ و سەرەتای ئێوارەدا پێشکێش دەکران، کە سەرجەم دەیکردە سێ سەعات، دواجاریش پێش خەوتن ژەمێکی تری هەواڵەکان پێشکێش دەکرا.

لە ١٩٨٠دا، تێد تێرنەر کە پرۆژەیەکی کەناڵی کێبڵییە، تۆڕێکی هەواڵیی دانا ٢٤ سەعات هەواڵی پێشکێش دەکرد. دوو ساڵ دواتر تۆڕی دووەم CNN بوو کە هەموو سەرە نیو سەعاتێک هەواڵی پێشکێش دەکرد. سی ئێن ئێن لە سەرانسەری جیهان پەرش و بڵاو بووەوە، بۆیە خەڵکی لە وڵاتانی تر، کە هەرگیز گوێیان لە ABC،CBS ،NBC نەبووبوو، بوون بە بینەرێکی بەردەوامی CNN. BBC و تۆڕەکانی تر خزمەتگوزاری جیهانیان خستە سەر هەواڵەکان. لە ١٩٩٥دا، ABC،NBC پلانیان ڕاگەیاند، بۆ پێشبڕکێکردن لەسەر پێشکێشکردنی هەواڵ بۆ ٢٤ سەعات. وای لێ هات بە پل پێوەنانێک هەواڵەکانی دارایی، وەرزشی، هەواڵی بە پەلەت لەسەر فیلمەکان دەبینی، تەنانەت ڕاپۆرتە هەواڵیش بۆ بینەرانی موزیک ئامادە دەکرا.

هەر لەسەر کورسییەکانمانەوە، شەڕی کەنداو کردەیەکی بێ خوێنی تەکنۆلۆجیا بوو. ئەتارییەک بوو چەند کەسانێک دەیانکرد و ئێمەش سەیری ئەنجام و گۆڵەکانمان دەکرد. شەڕی ڤێتنام کە ناسراوە بە شەڕی ژووری دانیشتن" لە چاو شەڕی کەنداو زۆر سەرەتایی بوو؛ چونکە وێنەکانی شەڕی کەنداو و پڕ بوون لە ئازار، کوشتن و خەڵک لە سەرەمەرگدا. مێژوونووسەکان باسیان لە زیان و سوودەکانی توانای تەلەڤزیۆن دەکرد لە داپۆشینی شەڕی ڤێتنام، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە سەری دەبینین داپۆشینی تەلەڤزیۆنی زۆر لەوە گرنگتر بوو کێ لە شەڕەکەدا بردییەوە و کێش دۆڕا. ئەگەر ئەم بیرۆکەیە ڤێزەون بێت، پاشی دەیەیەک یان دووانی تر ئاواهی نامێنێتەوە.

## چەرداخی بێتەل

سەرەتا کەس خەیاڵی بۆ ئەوە نەدەچوو کە تەلە ئەلیکترۆنییەکان و کارەکانیان زیان بە پیشەسازیی وەشانی تەلەڤزیۆن دەگەیەنن. کاتی خۆی کێبڵ بۆ ئەوە دامەزرا تا وەشانی تەلەڤزیۆن سافتر بکات، بۆیە وەشانکارانیش بە گەرمی پێشوازییان لێی کرد. بەڵام لە

١٩٩٦دا، نێـزیکەی دوو لەسـەر سـێی مـاڵەکـان لە ئەمـەریکا کـێبـڵـێکی فـرە کـەنـاڵی یان سەتەلایت، یان خزمەتگوزاریی بێتەل (ئینتەرنێت)یان هەبوو، تۆڕە جەماوەرییەکان بەڕێژەی یەک لەسـەر سێ دابەزین. بەڕێوەبەرێکی کێبڵ، تەلەڤزیۆنی کێبڵی و وەشانی ئاسـمانی بەراورد دەکات کە پێویستیت پێی نییە، بەڵام هەرکە لەگەڵی ژیای، ئیتر ناتوانی بێ ئەو بژیت."

تەنیا لە هەشتاکان، دوای ئەوەی کۆمپانیاکانی کێبڵ لە ڕێگەی سەتەلایتەوە دەستیان کرد بە دابەشکردنی HBO و خزمەتگوزارییە هەواڵییەکانی تر، تەلەڤزیۆنی کێبڵی یەکسەر وەشـانی تەسک کـردەوە، کـولتـووری، خـۆشـی و زانیـارییـان لە یەک جـیـا کـردەوە. تەسککردنەوەی وەشان بۆ جەماوەرێکی تایبەت بوو بەواقیعێکی ژیان.

کـێبـڵ بۆ ئەوە بوو لێکمـان نزیک بکاتەوە. ڕاسـتـیـیـەکـەشـی، زۆربوونی کـەنـاڵەکـان کاریگەرییەکی تەواوی پێچەوانەی ئەو قسەیەی سەرەوەی هەبوو؛ چونکە بینەران لە لیستی کەناڵەکـان سـەرپشک بوون لە هەڵبژاردنی هەر کەناڵێک. وەشـانکارانی تەلەڤزیۆن ناچار بوون لە مەرکەزییەتی وەشان دوور بکەونەوە و دەستیان کرد بەفەلسەفەی وەشانی تەسک، واتە هەر کۆمەڵە بینەرێک حەزی لە شتێک بوو. بەرنامەیان بۆ ئەوە دادەنا. ئەم ڕێچکەیەش بوو ڕادیۆکانی دوای شەڕ لە ئەمەریکا گرتیانە بەر. کەناڵە کێبڵییەکانی هێڵی ئیتنی و هێڵە گشتییەکانیان لە یەکتر جیا کردنەوە، هەمان کار ڕادیۆکان لە ساڵانی شەستەکان ئەنجامیان دا. زۆربەی خەڵکی وڵات سەیری بەرنامەگەلێکی وەک خەڵاتی ئەکادیمی Academy Award، سوپەر باول و ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیان دەکرد. واتە بینەر بە گشتی لە یەک یان دوو بەرنامەی گەرم یەکیان دەگرتەوە ئەگینا هەرکەسە و ڕێگەی خۆی دەگرتە بەر و سەیری کەناڵێکی جیاوازی دەکرد. لێشاوەکە خەڵکی لە چەق دوور خستەوە. هەموومان نامـانەوێت پێکەوە سـەیری کـولتـووری گـوندێکی جـیـهـانی بکەین یان بەدوای بەها گشتییەکاندا بگەڕێین. هیچ شتێک لە کەناڵە کێبڵییەکان زیاتر ئەمە ڕوون ناکاتەوە.

## دوو ئەسپەکەی ترۆژان

ئەو وەشانکارانەی پێشوازییان لە پیشەسازییە ساوایەکە کرد لەبەرئەوەی بینەری زیاتری بۆ پەیداکردن، گێڕیان گۆڕی کاتێ کێبڵ، یەکەم ئەسپی ترۆژان، بینەرەکانیانی قڕ کرد و ڕکابەریشی دەکردن بۆ شاباشی بە دۆلار.

چەند ساڵێک دواتر خاوەنی سیستمەکانی کێبڵ خۆیان هەستیان بەوە کرد، چەندە ئازارهێنەرە پێشوازی لە تەکنۆلۆجیایەک بکەیت و دواتر هێرشت بکاتە سەر. سەتەلایت

برێتی بوو لە ئەسپی ترۆژان بۆ پیشەسازیی کێبڵ. بێ تەلی سەتەلایت حسێبی ئەوەی بۆ دەکرا کە سوودێکی زۆر بە بازرگانی کێبڵ بگەیەنێت. پێویستی بەداراییەکی زۆر هەبوو ئەویش لە ڕێگەی سەرنجڕاکێشانی بینەرێکی زۆر لە شارەکان دەستکەوت، بەڵام لە نەوەدەکان ڕووی لە کاڵبوونەوە کرد کاتێ ڕکابەری کێبڵ تووشی حەپەسان هاتن لەبەر وەشانی ڕاستەوخۆی سەتەلایت؛ چونکە دەیتوانی کەناڵەکانی کێبڵ و وێستگە لۆکالەکانیش ڕاستەوخۆ لە یەک سەرچاوەوە بۆ بینەر وەشان بکات.

## چۆن کێبڵ دەستی پێ کرد

گەشە و ڕسکانی تەلەڤزیۆن لە ئەمەریکا لە دوای شەڕ پووکایەوە، بەگەشەی وەشانی کێبڵ، تەنیا هەنگاوێک لە پشت وێستگەی تیڤی لۆکاڵ و بەرنامەکانی تۆڕەکە بوو.

لە کۆتاییی ١٩٤٧دا، بناخە دانرا بوو بۆ فراوانکردنی ئالیاری سەرەکیی تەلەڤزیۆن (MATV) بۆ ئالیاری تەلەڤزیۆنیی کۆمەڵگە (CATV)، هەروەها لە CATVیشەوە بۆ ئەوی شتەی پێی دەگوترێت تیڤی کێبڵ. بنەڕەتی بەرنامە دانان بەشێک نەبوو لە کاری کۆمپانیاکانی کێبڵ، بەڵام وەک ناوەندێک سەری هەڵدا و خۆی ناوەڕۆکی خۆی پێش خست. کێبڵ بەهۆی وەشانکردنی چەندان جۆرە بەرنامە گەشەی سەند، لە هەندێ شوێندا ڕێگەی بە بینەر دەدا چەندان کار جێبەجێ بکات لەگەڵ خزمەتگوزاریی تێکەڵاوی کێبڵەکان.

ئەگەر باسی هێنانی خۆشی و زانیاری بێت بۆ ناو ماڵەکان لە ڕێگەی تەلەوە، ئەوا کێبڵ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٩٣، ئەوساکە سێرڤسی ڕادیۆی تەلدار بەناوی تەلەفۆنی هیرمۆندۆ لە بوداپست هەبوو کە تێکەڵەیەک بوو لە بەرنامەی ڕادیۆیی و تۆڕی تەلەفۆن. یەکەم جار ئالیار هەبوو سیگنالی ڕادیۆیی لە ڕێگەی تەلەوە دەگواستەوە. ئەم ئالیارە ڕەنگە یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٣ لە دەندی و میشیگان دانرا بێت. لە دەوروبەری شەڕی دووەمی جیهانی دا، ئەو سیستمانەی ڕادیۆ باو بوون لە شارە گەورەکانی ئەمەریکادا، هەروەها لە ئینگلتەرا و چەند بەشێکی ئەوروپاش.

سەبارەت بە تەلەڤزیۆنیش، ساڵێک دوای ئەوە BBC لە ساڵی ١٩٣٦ دەستی بەسێرڤسەکەی کرد، ئالیاری وەرگرتن هەبوو لە هەندێ باڵەخانەی دەوڵەمەندان لە ڕۆژئاوای لەندەن. هەرکە سێرڤسەکە بڵاو بووەوە، خاوەنی باڵەخانەکان یەک ئالیاری گشتییان دەویست تا کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن بچێتە هەموو ژوورەکان. ئەم بیرۆکەی یەک ئالیاری گشتییەش لەوە سەرچاوەی گرت: ناکرێ هەرکەسە و لەسەربانی باڵەخانەکە ئالیارێک چەسپ بکات و وایەرێک ڕاکێشێتە ژوورەکەی خۆی، ئەمە نەدەکرا لەبەر شۆتی کارەبایی،

شەڕی ئالیارەکان و دیمەنێکی ناشرینی وایەرەکان. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش، یەک ئالیاری گشتی لەسەر بانی باڵەخانەکە دادەنرا بۆ هەمووان. ئالیارەکە ڕاستەوخۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنی وەردەگرت بێ ئەوەی بە پرۆسەی تردا تێ پەڕێت. بەڵام، لەبەرئەوەی هەندێ لە وەرگرەکان چەتاڵیان لەسەر دەکرا وەشانەکە کز دەبوو، بۆیە دووبارە سیستمی گەورەکردن پێویست بوو، هەر وێستگەیەک سیستمێکی هەبوو بۆ ڕێگەگرتن لە چەتاڵ. زۆربەی ئەم چالاکییانە لە نیویۆرک ئەنجام دران، بەڵام هەنگاوی دواتر لە شارەکانی تر دەستی پێ کرد. زۆربەی چالاکییەکان لە شارە گەورەکاندا دەستیان پێ دەکرد، دواتر دزەی کردە ناو شارۆکەکان، بەڵام کێبڵی تەلەڤزیۆن مشکی وڵات بوو و دەچووە ناو شارەکان.

پیشەسازییەکە لە ساڵی ١٩٤٨ دەستی پێ کرد، خێرا دوای تەلەڤزیۆنی بازرگانی کە لە پاش شەڕ بە شارە گەورەکاندا بڵاو بووەوە کاتێ خەڵکی ناوچە لادێیەکانیش داوای کەناڵی سافیان دەکرد. ئەو سیگنالانەی گردیان لە پێش نەبوو باش بوون بەڵام چەند دوور بوونایە خراپتر دەبوون. خەڵکی شپرزە بوون؛ چونکە دووریی شارۆکەکانیان ئەوانی بێ بەش کردبوو لەو خۆشییانەی گوێیان لێ دەبوو و دەیانخوێندەوە.

## پێشەنگەکانی CATV (کا تیڤی)

شوێنی دەسپێکی کا تیڤی مەسەلەیەکە مایەی مشتومڕە. چەندان کۆمپانیا، بێ ئەوەی بزانن پێشەنگی کێبڵ بوون، هەوڵیان دا وەڵامی ئەم مەتەڵە بدەنەوە: چۆن تەلەڤزیۆن لە شارۆکەیەک دەفرۆشرێت کە بەرنامەی تەلەڤزیۆن وەرنەگرێت؟

جۆن والسۆن، پسپۆڕی تەکنیکی کۆمپانیایەکی کارەبای هەرێمی و نیوچە خاوەنی کۆگای ئامێری ناوماڵ لە شاری ماهانۆی لە ویلایەتی پێنسیلڤانیا، کاتێ دەستی خۆی بینی دەستی کرد بە فرۆشتنی تەلەڤزیۆن. دەبووایە قسە بەخێرایی بکات؛ چونکە دانیشتووانی ناوچەکە دەیانتوانی هەرسێ تۆڕی وێستگەی فلادەلفیا وەرگرن. وەشان تا دەگەیشتە ماڵەکانیان خراپ دەبوو بەهۆی گردەکانی ناوچەکەوە. بۆ پێشانگەکان، والسۆن کڕیارەکان و تەلەڤزیۆنێکی بردە سەر چیایەک کە پێشتر ئالیارێکی لێ قایم کردبوو. ئەمە ڕێگەیەکی ڕاحەت نەبوو بۆ فرۆشتنی ئامێرەکانی، والسۆن دەڵێت "بۆ ئەوەی چی تر شەرمەزار نەبم لە بردنی خەڵک بەشەوانە بۆ سەر چیا لە بەشە، بڕیارم دا کێبڵێک ڕابکێشمە ناو دووکانەکەم." لە حوزەیرانی ١٩٤٨، والسۆن سیگنالی هێنایە ناو شارۆکەکەی کاتێ بە کێبڵێکی باشی لەسەر چیاوە ڕاکێشا ناو دووکانەکەی، بەسەر

درەخت، پۆستـەکـان و دیواری مـاڵەکـانی داهێنا. کـۆمـپـانیـای کـارەبا ڕێگەی پێ دا عـامودەکانی کارەبای ئەوان بۆ هەندێ لە تەلەکانی بەکار بێنێت. کاتێ تەواو بوو، والسـۆن توانیی تەلەڤزیۆن لە ناو دووکانەکەی بخاتە کارەوە. وێنەی ساف و زەقی تەلەڤزیۆن لە ناو شـارۆکەکە هەسـتێکی تایبـەتی لای دانیشـتوان دروست کرد. پێش دووکـانەکـەی ئەوەندە قـەرەباڵغ دەبوو، پۆلیس دەبووایە لەسـەر شـۆسـتـەکـان بڵاوە بە خـەڵک بکات. بەڕێوەبەری پۆلیس خـۆیشی زۆر سـەیری پێ دەهات و زۆریش دڵخـۆش بوو کـاتێ خـۆی چووە ناو کـاری کـا تیـڤـیـیـەوە. دوای ئەوەی والسـۆن خـەتێکی بۆ دراوسـێکەی و خـەتێکـیـشی بۆ مـاڵەوە ڕاکێشا، ئیتر دراوسـێکان پێکرا لێی پاڕانەوە تا خەتێکیـان بداتێ. سەرەتا، پارەی زیادەی وەرنەدەگرت، بەڵام ساڵی پاشتر هەر ماڵە و ١٠٢ دۆلاری لێ وەردەگرتن. لە سـاڵی ١٩٥٠دا، ١٥٠٠ ئابوونـەداری هـەبوو، بۆیە سـیـسـتـمـەکەی لـە تەلە کـۆنەکـانـەوە گـۆڕی بۆ تـەلی یەک تەوەرەیی. هـەروەهـا داوای مـۆڵەتی یـاسـاییـشی کـرد لە دەسـەڵاتدارانی ناوچەکە و وەریشی گرت.

هـەر لـەو ســەروبـەندەدا، لە نـاوچەی ئـەســتــۆریا لە ویلایـەتی ئـۆریگۆن، پـارسـنس، کــە ئۆپەرەیتـەری وێسـتگەی ڕادیۆیەک بوو، تـاقیکردنەوەیەکی لەسـەر کـێبڵی تەلەڤزیۆن کـرد. هـۆکـاری ئـەمـەش وەک خـۆی دەڵێت خـێـزانەکـەی داوای لێ کـردووە ڕادیـۆکـەی وێنـەش وەرگرێت. پارسنس و خێزانەکەی تەلەڤزیۆنیـان بینی کـە نیشـان درابوو لە کـۆنفرانسی نەتەوەییی وەشـانکردن. کاتێ وێستگەی تەلەڤزیۆنی سیاتل بۆ یەکەم جار لە سـاڵی ١٩٤٨ دەسـتـی بە وەشــان کـرد، پارسنس توانیی لـە دووریی ١٢٥ مـیلـەوە بە ئـاسـتــەم وەشــانی تەلەڤـزیۆنەکـە وەرگـرێت بەهـۆی دانـانی ئـالیـارێک لەسـەر بـانی هـوتێلی هـەشت نـهـۆمـیی ئـاسـتـۆر، کـە هـوتێلێکی لۆکـاڵ و لە نێـزیکی مـاڵەکـەیانەوە بوو. ڕەنگـە هـەمـوو پـاڵنەری پارسنس ئەوە بووبێت خێزانەکەی دڵخـۆش بکات، بەڵام خـێرا مـاڵەکەی پڕ بوو لە مـیوان. هـەستی تایبـەتی لە نێو دانیشتووانی ئەسـتۆریا وای لە پارسنس کرد بچێتە ناو بازرگانی کێبڵـەوە. وەک والسـۆن لەوسـەری وڵاتدا، پارسـنس خـەتی بەخشی بە مـاڵە دراوسـێکانی. سـیگنـالی کـەناڵێکی وەردەگـرت و لەسـەر کـێـبـڵـێکی یەک تەوەرەیی دەینارده دەرەوە بۆ ئابوونـەدارەکـانی لە ناوچەکـەدا، بەڵام پارسنس هـەنگاوێکی نا کـە والسـۆن بـە خـەیاڵـیـدا نەهـاتبـوو. داوای مـۆڵەتی کـرد و وەری گـرت لە وێسـتـگەی تەلەڤـزیۆنیی سـیـاتـل بۆ وەشانکردنی سیگنالەکانیان. ئەزموونەکەی پارسنس بووە مانشێتی ڕۆژنامەکان، ئەمەش سەرنجی کۆمیسـیۆنی پێوەندی و گەیاندنی فیدراڵی ڕاکێشا، بۆیە نامەیەکیان بۆ پارسنس نووسی و داوای زانیاریی زیاتریان لێ کرد، بەڵام هیچ قاڵبێکی ڕەسمیی بەخۆوە نەگرت.

میلتن جیرۆلد شاپ سەرنجی زۆرکەی ڕکێشا لە کۆنفرانسێکی ئەلیکترۆنی لە ساڵی ١٩٤٩ کاتێ ئالیارە سەرەکییەکەی نیشان دا بۆ ماڵان و بۆ ئەو بازرگانانەی تەلەڤزیۆنیان دەفرۆشت. ٥٠٠ دۆلاری وەبەرهێنا لە ئامێرەکەی، کەچی دواتر بوو بەخاوەنی ئەلیکترۆنیاتی جیرۆلد، بازرگانێکی ملیۆنێری کێبڵی لێ دەرچوو.

لە لانسفۆرد، پێنسیلڤانیا لە ساڵی ١٩٥٠ چوار فرۆشیاری ئامێری ناوماڵ و ڕادیۆ بە ڕابەرایەتیی ڕۆبەرت تارلتۆن بڕیاریان دا بازرگانیی کێبڵ بکەن. بەپێچەوانەی هەوڵەکانی پێشوو، ئەمەیان سەرەتا بە پلانێک دەستی پێ کرد کە قازانجەکەیان تەنیا لە بەکرێدانی سێرڤسی کێبڵ بوو. دەزگای ئەلیکترۆنیانی جیرۆلد سیستەمەکەی دیزاین کرد، تاوەرێکی ٨٥ قەدەمی لەسەر گردێک دامەزراند بۆ وەرگرتنی سیگنالەکان لە وەشانکارانی فلادەلفیا لە دووریی ٧٠ میلەوە. ئالیارە بەرزەکان سیگنالەکانیان بەباشی وەردەگرت و دووبارە لە ڕێگەی کێبڵی یەک تەوەرەییەوە دەیاننارده ماڵەکان لە لانسفۆرد. کۆمپانیاکانی کارەبای مەحەلی و کۆمپانیاکانی تەلەفۆن ڕێگەیان دا عامودەکانیان بۆ هەڵگرتنی کێبڵەکان بەکار بێنن، کرێی هەر عامودێک بۆ ماوەی یەک ساڵ ١,٥٠ دۆلار بوو. موشتەرییەکان مانگانە ١٠٣ دۆلاریان دەدا.

ئەم هەولانە لەسەر ئاستی نەتەوەیی لە ناو ڕۆژنامە و گۆوارەکاندا ڕەنگیان دایەوە. بەسەدان ئۆپەرەیتەر ڕوویان کردە لانسفۆرد بۆ وەرگرتنی بیرۆکەکان. دەزگای ئەلیکترۆنیاتی جیرۆلد پێ ڕانەدەگەیشت ئامێرەکانی خێرا باوێتە بازاڕەوە. ئەو سیستمە کێبڵییانەی بازرگانە سەرەتاییەکان کاریان تێدا کرد لە ماڵەوە ناویان نرا سیستمەکانی ئالیاری تەلەڤزیۆن لە گەڕەکەکاندا CATVs. جیاواز بوون لە ئالیارە سادەکانی شوقەکان لە سێ ڕووەوە:

١- " سەرە داو"ی دەنگ گەورەکەر بۆ هەر کەناڵێک تا سیگناڵەکان گەورە بکات و خزمەتی چەندان ماڵی پێ بکات.

٢- ئەو کێبلانەی بە شەقامەکاندا ڕادەکێشران پێویستیان بە مۆڵەتی گەڕەکەکە هەبوو، واتە دەبووایە پارە بدەن بە خاوەنی عامودەکانی گەڕەکەکان. هەروەها پێویستی بە ڕەزامەندیی دەسەلاتی ناوچەکەش هەبوو بۆ ئەوەی مافی دانانی کێبڵ پارێزراو بێت.

٣- پرۆژەیەکی بە قازانج بوو، چونکە بەکارهێنەران سەرچاوەی داهاتەکەی بوون.

چەشنی سیستمی لانسفۆرد، سیستمە سەرەتاییەکانی کا تیڤی سیگناڵەکانی تەلەڤزیۆنی لە ئاسمانەوە وەردەگرتن و بەهۆی کێبلی یەک تەوەرەییەوە بەسەر ماڵەکانی دابەش دەکرد، لە بەرامبەریشدا کرێیەکی مانگانەی لە ماڵەکان وەردەگرت. ئەم سیستمانە

بەرنامەدانانیان نەهێنا کایەوە. بگرە تەنیا سیگنالی وێستگەکانی تەلەڤزیۆنیان بۆ شارە گەورەکان وەشان دەکردەوە.

## هێنانە کایەی بەرنامەکان

مارتن مالارکی و خێزانەکەی خاوەنی چەندان دووکانی موزید بوون لە ناوچەی پۆتسڤیل لە ویلایەتی پێنسیلڤانیا. هەوڵیان دەدا تەلەڤزیۆن بفرۆشن کە لە خەتی کارگەی RCAەوە بۆیان دەهات، بەلام فرۆشتن لە ناوچەی پۆتسڤیل سست بوو، چونکە وەشان وەری نەدەگرت لەبەر کەشوهەوای بەفراویی ناوچەکە. بۆ پۆتسڤیل، کە نزیکترین وێستگە ٩٦ میل لێیەوە دوور بوو، ئەندازیارانی RCA وەک تیمی ڕزگارکەر وا بوون کاتێ یارمەتیی مالارکایان دا تێستی تەلەڤزیۆنەکانیان لە شارۆکەکە دەست پێ بکات. چەند هەفتەیەک دوای ئەوەی سیستمی لانسفۆرد کەوتە کار، پۆتسڤیلیش کا تیڤیی هەبوو، بەڵام شتێکی جیاواز لە پۆتسڤیل ڕووی دا. مالارکی کامێرایەکی بچووکی تەلەڤزیۆنی هەبوو. لە ساڵی ١٩٥١دا، کامێراکەی بەکار هێنا بۆ وەشانکردنی بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی ٣٠ خولەکی، بە هاوکاریی وێستگەیەکی مەحەلی ڕادیۆ، دیمانەی سیاسەتمەداران و بۆنەکانی نیشان دەدا، لەگەڵ براوەی سۆپ بۆکس دێربی و خێزانەکەی. بینەرانی پۆتسڤیل دڵخۆش بوون. بنەڕەتی بەرنامەی ناوخۆ لەدایک بوو. زیاتر پێشکێشکردنی سێرڤسی ئالیارەکە و وەرگرتنی بەرنامەکان، کا تیڤی بوو بە کێبڵ تیڤی.

گەلێ گەڕەکی بچووک ئەوساکە ئەوەندە بچووک بوون کەنەیاندەتوانی هاوکاریی وێستگەی تەلەڤزیۆن بکەن. لەبەر واقیعی ئەوەی دانانی وێستگەیەک زۆری تێ دەچێت، کێبڵ زیاتر و بەردەوام لە بڵاوبوونەوەدا بوو.

## گەشەی سەرەتایی کێبڵ

خاوەنانی سیستمی کێبڵ لە ساڵی ١٩٥١دا بەم شێوەیە خۆیان ڕێک خست: ئەنجومەنی تەلەڤزیۆنی نەتەوەیی، بەڕێوەبەرێکی دەستەی تەلەڤزیۆنی کێبڵی نەتەوەیی، گرووپێکی بازرگانی وەک دەستەی نەتەوەییی وەشانکاران. لە ساڵانی داهاتوودا، ئەوەندە پێش کەوت بوو بە پیشەسازیی کێبڵ.

لە کاتی وەستاندنی مۆڵەتپێدان بە تەلەڤزیۆنی نوێ کە لەلایەن کۆمیسیۆنی پێوەندی و گەیاندنی فیدراڵەوە سەپێنرا لە ساڵی ١٩٥٢، تەنیا ١٠٨ وێستگەی تەلەڤزیۆن کاریان دەکرد. وەشانکارە بازرگانییەکان و حکوومەت پێشبینیی ئەوەیان کردبوو کە دیاردەی کا

تیڤی دەمرێت دوای ئەوەی حکوومەت مۆڵەتی تەلەڤزیۆن دەکاتەوە، بەڵام کێبڵ هەر بەردەوام بوو لە گەشەکردن. وەشان سافتر بوو کاتێ گەورەکەری باشتر و ئامێری تر جۆری کێبڵیان باشتر کرد.

ساڵەکانی دوای کردنەوەی مۆڵەت، بە لێشاو وێستگەی تەلەڤزیۆنی دامەزران، کە لە چاو بڵاوبوونەوەی کێبڵ زیاتر بوو. ئەمانە هێشتا کاری سەرەتایی بوون و بازرگانییەکی گەورە نەبوو کە نەوەیەک بەڕێوە ببات.

لەم خشتەی خوارەوە جیاوازییەکان بەدیار دەکەوێن:

| | ١٩٥٢ | ١٩٥٩ |
|---|---|---|
| وێستگەکانی تەلەڤزیۆن | ١٠٨ | ٥١٠ |
| بینەرانی تەلەڤزیۆن | ١٥ ملیۆن | ٤٣ ملیۆن |
| سیستمەکانی کێبڵ | ٧٠ | ٥٦٠ |
| ئابوونەدارانی کێبڵ | ١٤٠٠٠ | ٥٥٠٠٠٠ |

سیستمەکانی کێبڵ دزەیان کردە ئەو شوێنانەی پێشتر خزمەتگوزاریی تەلەڤزیۆنی تەواویان لێ بووە، بەهۆی وەرگرتنی باشتری سیگناڵە لۆکالەکان و هاوردکردنی سیگناڵەکان لە شارەکانی تریشەوە. بۆ سەرنجڕاکێشانی موشتەری، هەندێ خزمەتگوزاریی کێبڵ سێرڤسەکانیان لەسەر کەناڵە تازەکان بڵاو کردەوە. کامێرایەکیان هەبوو بۆ چاودێریکردنی گەرمی پێوەکان و یەکێکی تریشیان بۆ بە ئامێری تەلەتایپی ئەسۆشیەتد پرێسەوە بەسترابوو، بۆ گواستنەوەی هەواڵ بۆ ڕۆژنامەکان. کۆمپانیای زیاتری کێبڵ هەواڵی ئەنجومەنی شارەکان و یارییەکانی سەبەتەی قوتابخانەکانیان دادەپۆشی.

بەرنامە زانیارییبەخشەکان و شاباشەکان وێستگەی تەلەڤزیۆنیان گۆڕی بۆ تەلەڤزیۆنێک وەک چەشنی ڕۆژنامەکان لای ڕۆژنامەفرۆشەکان دەفرۆشران. گرێبەست مۆر کران بۆ گەیاندنی وەشان بۆ شارەکانی تر، هەروەها سیستمی کێبڵیش زەق بووەوە. جگە لەمەش، کۆمپانیاکانی کێبڵ کرێی مەحەلی خۆیان خستە سەر گەڕەکەکان. لە ساڵانی نەوەدەکانیش کۆمیسیۆنی پێوەندی و گەیاندنی فیدراڵ FCC هانی بە مەحەلیبوونی سیستمی کێبڵی دا.

ئێف سی سی پابەند بوو بە هاندانی وەشانی مەحەلی. تووشی شۆک بوو کاتێ بوونی سیستمی کێبڵ لە گەڕەکەکاندا وێستگەکانی تەلەڤزیۆنیان لە ڕووی ئابوورییەوە دارماند.

لە کاتێکدا وێستگەیەکی تەلەڤزیۆن دەیتوانی سیگنالێکی وەشان بکات بۆ هەموو کەسێک لە چوارچێوەی سنووری خۆیدا، سیستمی کێبڵ چەندان سیگنالی وەشان دەکرد، بەڵام تەنیا بۆ دانیشتووانێکی دیاریکراو، خەتەکانی گەڕەک بۆ گەڕەک درێژ دەکردەوە بۆ قازانجی زیاتر. باشە حکوومەت چی بکات، هاوکاریی ناردنی یەک کەناڵ بکات بۆ هەموو کەسێک یانیش چەند کەناڵێک بۆ کۆمەڵە کەسێک؟ ئێف سی سێ، گیری خواردبوو بە دەست ئەم پرسیارەوە، ئاگەداری ئەوەش بوو کە کێبڵ تەکنۆلۆجیایەکی نوێتر بوو، نابێ تەکنۆلۆجیای نوێ سنووردار بکرێت و کۆنەکانیش پێش بخرێت، چونکە ئەمە لەگەڵ بنچینەی سیستمی ئەمەریکی نەدەهاتەوە.

خاوەنانی وێستگەکانی تەلەڤزیۆن دوای ئەو پەندە کەوتن کە دەڵێت "ئەگەر ناتوانی لەناویان بەریت بەگەڵیان کەوە". بۆیە دەستیان کرد بە وەبەرهێنانی سیستمەکانی کێبڵ، کارێک بوو پێوەست بوو بە پیشەسازییەکەی خۆیانەوە. دەزگا فرە میدیاکان لە یەک کاتدا وێستگەی تەلەڤزیۆن و سیستمی کێبڵیان هەبوو، وەک بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی پێوەندی و گەیاندنیان.

## مافی فرۆشتن لە شارەکان

شارەکان لە سەرەتادا بە گەرمی پێشوازییان لە کا تیڤی کرد و هیچ پارەیان وەرنەدەگرت یان پارەیەکی کەمیان لە بەرامبەر مافی فرۆشتن وەردەگرت. بەتێپەڕ بوونی چەند ساڵێک، شارەکان زانییان ئەم کارە چەند بە قازانجە، ئەوجا دەستیان کرد بەداواکردنی قەرەبووی بەکارهێنانی شۆستەی شارەکان. وێڕای داواکردنی ڕێژەیەک لە داهات، شارەکان داوایان کرد کەناڵەکان بۆ قوتابخانە گشتییەکان و شوێنە گشتییەکانیش بچێت، لەگەڵ دابینکردنی ئامێر و ستاف بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بەرنامەیەک ساز بکەن یانیش وێنەیەکی ڤیدیۆیی بگرن. ئەنجومەنی شارەکان فێربوون شارەکانی تر چ قازانجێک لە گرێبەستەکان دەکەن، لە هەمان کاتیشدا کۆمپانیاکانی کێبڵ بە پەرۆش بوون بۆ بەدەستهێنانی مافی فرۆشتن. لە سەرەتادا کۆمپانیاکانی کێبڵ بەهەموو شتێک ڕازی بوون، بەڵام دوای چەند ساڵێک گەڕانەوە سەر مێزەکان و گوتیان دەبێ مامەڵەکە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، چونکە بارودۆخەکان گۆڕاون.

بەتێپەڕبوونی چەند دەیەیەک، ڕۆڵی کێبڵ گۆڕا. سەرەتا، سیستمە گۆشەگیرییەکانی کا تیڤی تەنیا سیستمی وەشانکردن بوون کە وێنەیەکی سافی تەلەڤزیۆنیان دەدایە ئەو گەڕەکانەی کە وەشانیان لاواز بوو. پیشەسازییەکە بوو، بەچەند سیستمێک و بەتەواوی

وڵاتدا پەرش بووەوە، بە شارە هەرە گەورەکانیشـەوە، کە بەرنامـەی لۆکالی دابـین دەکرد لەگەڵ سێرڤسی وەشانکردنی کا تیڤی لە شوێنە دوورەکاندا .

## تیڤی بە پارەی بێ کێبڵ

تاقیکردنەوەی فۆنڤیژنی phonevision زێنیس لە نیویۆرک وای کرد تەلەڤزیۆن ببێت بە پارە بەبێ کێبڵ. بەردەوام بوو تا گەیشتە هارتفۆرد و تەواوی ناوچەکە. وەشانی فۆنڤیژن ڕۆژانە سێ فیلمی بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی پێشکێش دەکرد بەڵام وێنەکانی ساف نەبوون. ئەوجا خـەڵکی تەلەفـۆنیـان دەکـرد و پارەیان دەدا و کـەناڵـەکـەیان بەسـافـی وەردەگـرت. زۆربەی بەرنامـەکانی فۆنڤـیژن فیلمی کۆنیـان پێشکێش دەکـرد، لەگەڵ چـەند ڕووداوێکی تایبـەتی زیندوو.

یەکێک لە تاقیـکردنەوەکان ناسـراوە بە STV (ئابوونە بۆ تەلەڤـزیۆن) پشـتی دەبەست بە ئابـوونەداران کـە هەفـتـانە یەک دۆلاریان دەدا لـەگـەڵ وەسـڵـی تر بۆ بـەرنامـەی تایبـەت. ئەزمـوونی ئێس تیـڤی STV زەنگی ئاگـەدارکـردنەوەی لە کـەناڵەکـانی ڕاگـەیاندن لێ دا . وەشـانکاران و خـاوەن سـینەمـاکـان دەترسـان لـە سـەرکـەوتنی ئێس تیـڤی؛ چونکە تەلەڤزیۆنێکی بە پارەیە و ڕکابەرییان دەکات لەسەر بینەر. خـاوەن سینەماکـان نیگەران بوون لەوەی خەڵک لە ماڵی خۆیان تەماشای فیلم بکەن و نەچنە سینەماکان. خەڵکی حەزی دەکـرد لـە مـاڵەوە بە ئازادی و ڕاحـەتتـر تـەمـاشـای فـیلم بکات. نەیارانـی ئێس تیـڤی هەڵمـەتێکی سەرکەوتوویان ئەنجام دا و لە کالیفۆرنیا ئێس تیڤییان بە نایاسـایی ناوزەند کـرد، دوای ئەوە ئێس تیـڤی هەرەسی هێنا . ئەم هـەرەسـەی تەلەڤـزیۆنی بەپارە مـاوەی دە ساڵی خایاند، بەڵام بەڕێوەبەرانی هەرگیز ئەو ساتانە لەبیر ناکەن.

لە سـاڵی ١٩٧١دا سیـستـمـە جـمکانەکـەی کێبڵ لە پێنسیلڤانیا گۆڕەر converterێکیان دانا پارەدانی پێشـەکی و پاشـەکییان ڕێک دەخست. هـەرکە FCC یاسـاکانی کـێبڵـی لە سـاڵانی حـەفـتـاکان شل کردەوە، بناغـەیەک بۆ سـیـسـتـمی کـێبڵ داهـاتوو دانرا . ئەمـە سیستمی تەلەڤزیۆنی بەکێبڵ دەخاتە سەر یەکێک لە کۆڵانەکانی ئەو شتـەی کە پێی دەڵێن ڕێی گشتیی زانیاری.

## کاسێتی ڤیدیۆ، کتێبێکی نوێ

ڤیدیۆ و کاسێتەکەی باشترین و خێراترین فرۆشیان هەیە لە مێژوودا . لە چەرداخی ماڵدا ، هەوادارانی فـیلم دەتـوانن خـۆیان کاتێک دابنێن بۆ تـەمـاشـاکـردنی فـیلمـێک. ڕۆژنامـەی

بەیانییان لیستێکی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن بڵاو دەکاتەوە کە پێویستە ببینرێن، گەر بینەر کاتی نەبوو دەتوانێت بەهۆی ڤیدیۆوە تۆماری بکات و کاتێکی تر تەماشای بکاتەوە. جارێک یان دووان لە هەفتەیەکدا، بە تایبەتی لە پشووەکانی هەفتەدا، هەوادارانی فیلم دەچوون ڤیدیۆیەکیان بەکرێ دەهێنا و فیلمێک یان دووانیان پێ لێ دەدا.

## سوودەکانی ڤیدیۆ لەماڵەوە

تەماشاکردنی فیلمێک لە ماڵ گونجاوترە لەوەی بچیتە دەرەوە بۆ سینەما. پێویست ناکات خۆت بگۆڕی، یان شتێک لەبەر بکەیت. ڕاستییەکەی بەکەیفی خۆمان پاڵکەوین و هیچیش لەبەر نەکەین بێ ئەوەی هاوڕێیەک یان بێگانەیەک بڵێ پشتی چاوت بڕۆیە. لە کاتی تەماشاکردنی فیلمەکە دەتوانین هاوار بکەین و بەکەیفی خۆمان قسە بکەین. دەتوانین لەسەر قەنەفە پاڵ کەوین. دەتوانین تەلەفۆن بۆ یەکێک بکەین یان سەیری کۆوارێک بکەین تا شریتەکە هەڵدەکرێتەوە. دەتوانین حەزمان لە هەر شتێک بێت بیخۆین، گرینگ چیی چۆن بێت. دەتوانین فیلمەکە ڕاگرین، بچینە موبەق یان ئاودەست و گەرماو. دەتوانین منداڵەکانمان بخەوێنین ئەوجا بێینەوە سەیری بکەین. فیلمەکە بوەستێنە، بیگەڕێنەوە، پێی بکەرەوە، نەپێویستی بەئۆتۆمۆبێل لێخوڕینە، نەکرێی گەراج نەچاودێریکردنی منداڵیش.

یەک شت هەیە تەماشاکردن لە ماڵ نییەتی. تەماشاکردن لە ماڵ ڕووداو نییە. هەست بەوە دەکەین کە چوونە سینەما ئەزموونێکی جیامان پێ دەبەخشێت کە تەماشاکردن لە ماڵ ئەو ئەزموونەی نییە. خەڵکی لە چوار دەورت دادەنیشن و لەگەڵ تۆ هەمان سات بەسەر دەبەن، جووڵەکان لەسەر شاشەیەکی گەورە دەبینی و گوێبیستی دەنگێک دەبی لە چواردەورت، ئەم دەنگە لە واقیعی ژیان دوورمان دەخاتەوە. سینەما خۆشیەکە بۆیە هەردەم خەڵکی ڕیزی بۆ دەبەستن. لەگەڵ ئەوەشدا، ماقووڵ نییە هەموو خەڵکی لە چەرداخی ماڵیان لە ئێوارەدا بهێنیتە دەرەوە.

دووکانی ڤیدیۆ ئەوەندە کاسێتی هەمەجۆری لێیە سەرمان دەسڕمێنن. لە جیاتی سنووردارکردنی ئیختیاری بڵاوکراوە نوێیەکان، نازانین چی هەڵبژێرین؛ چونکە سەر ڕەفەکان ئەوەندە پڕن زۆر زیاتر لە شاباشی سینەماکانی شارۆکەکان فیلمیان تێدایە، بە تایبەتی دووکانە گەورەکان ڕەفە دوای ڕەفە پڕن لە فیلم.

بەهۆی ڤیدیۆوە دەتوانین کاتی تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن بگۆڕین، تەنزیل بکەین و دواتر لێی دەینەوە. ئێستە گێڕەکە بەدەست خۆمان هەر کاتێک بمانەوێت تەماشای فیلمێک دەکەین. هەروەها دەتوانین شاباشەکان بە پلێک خێرا بڕوێنین، ئەوساکە تەلەڤزیۆن تەنیا

بۆ ئێـمـەیە نەک بۆ شـاباشـەکـان، بەڵام شـاباشـچـیـیـەکـانیش نیگەرانن لەوەی ئەو هـەمـوو پارەیان سـەرف کـردووە بەم شـێـوەیە خـەڵک مـامـەڵەیان لەگەڵ دەکـەن. لە ئەنجـامی ئەم شێوازە ئاسانەی ژیان، ئێمە وەک کۆمەڵگە ماڵەکانمان کەمتر بەجێ دێڵین، کەمتریش یەک و دوو دەدوێنین. هەرکە یەکەم تەلەڤزیۆن دەکڕین، ئیدی ئەمە دەسپێکی گۆشەگیریمانە. کەمـتر کـتێب دەخـوێنینـەوە، کەمـتر دەچینە کـڵێـسا، کـەمـتر پابەند دەبین بە وانـەکـان، کەمتریش سەردانی خزم و دۆستانمان دەکەین. کاتێ هاوڕێیەکمان ئێوارەیەک سەردانمان دەکـات، فـیلمـێک بـەکرێ دێنین و کـاتـەکـەی پێ دەبـەینە سـەر. کـاتـێ هـاوڕێـی کـوڕ یان کـچـەکـانمان سـەردانی مـاڵەوە دەکـات، ئەوا کـەس ئاگـای لە کـەس نامـێنێت چونکە هـەر خەریکی ئاتاری کردنن لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر.

وەک چۆن کتێبەکانمان لە ناو کتێبخانە دەپارێزین، ئاواش فیلمەکانمان لە ناو فیلمخانە. چەند سـەدەیـەک لەمـەوبەر کـتێب مـوڵکێکی بەهادار بوو کە تـەنیا زەنگینەکان دەیانتـوانی بیکڕن. ئێستەش بێگومـان هـەموو کەسێک دەتوانێت کتێب بکڕێت. ئەمڕۆکە کڕینی فیلمێک هـەر زۆر ئاسانتر بووە.

ڕاپرسـیـیـەکی ڕۆژنـامـەی وۆل سـتریت جۆرنال Wall Street Journal دەری خـسـتـووە کە ئەمـەریکییەکان حـەزیان لەو داهێنانەیە کە گونجـاون و کۆنـترۆلی پێوەیە. ڤیدیۆ لووتکەی ئارەزووەکانی خەڵک بوو. تەنیا فڕنی کارەبایی لە پێش ڤیدیۆ کاسێتەوە بوو. بەڵام پیرەکان زۆر حــەزیان لـە ڤـیـدیـۆ کـاسـێت نەبوو، زیـاتر حــەزیان لـە ئامـێـری ئۆتۆمـاتیکی قـاوە دروسـتـکردن بوو، هـەروەها گـرووپی نێـوان ١٨-٢٥ سـاڵی حـەزیان زیاتر لە ئامـێـری وەڵامدانەوە بوو. بەڵام هەرگاڤ ڤیدیۆ کاسێت لە لووتکەدا بوو. تەنیـا لە ئەمەریکا، زیاتر لە چوار ملیار ڤیدیۆ کاسێت لە ساڵی ١٩٩٥ تۆمار کران، لە کاتێکدا ٧٠٠ ملیۆن دانە پێشتر فرۆشـرا بوون، ڤـیدیۆ کـاسێت لـە سـەدا ٨٥ی مـاڵەکـانی ئەمـەریکادا هـەیە. یەکەم ڤـیدیۆ کـاسـێت کـە قـەبارەی زۆر گـەورە بـوو لە سـاڵی ١٩٥٦ بە ٥٠ هـەزار دۆلار فـرۆشـرا بە وێستگەکانی تەلەڤزیۆن. ئەمڕۆکە، ڤیدیۆ کاسێت قەبارەی بچووکتر و وێنە سافتر تەنیا بە ٢٠٠ دۆلارە.

## هەوڵدان بۆ تۆمارکردنی تەلەڤزیۆن

هـەوڵەکان بۆ تۆمارکردنی تەلەڤزیۆن بەقەد تەلەڤزیۆن خۆی کۆنە. جۆن بێرد، کە بەریتانیای لە کوێرەوەریی تەلەڤزیۆنی میکانیکی لە ساڵانی بیست و سییەکاندا ڕزگار کرد، هەوڵی دا وەشانی تەلـەڤزیۆن تۆمار بکات لەسـەر قەوانێکی فۆنۆگراف، بەڵام سـەرنەکەوت. پێشـەنگی

ڕادیۆی ئەمەریکی لی دیفۆرێست ئامێرێکی دروست کرد کە چەرخێک و دەرزییەکی تێدا بوو، دەرزییەکە فیلمەکەی دەخوراند لەسەر پلێتێکی سیلڤەری. ئەویش سەری نەگرت. دوو پیاوی ئینگلیز هارتلی و ئیڤیس، دواجار ڕێگەیەکیان دۆزییەوە بۆ تۆمارکردنی وێنەیەکی تەلەڤزیۆن لەسەر فیلم، بەڵام جۆری کینسکۆپەکە خراپ بوو و شووشتنەوەی زۆری دەویست.

تەقینەوە و تەشەنەکردنی تەلەڤزیۆن لە ساڵانی پەنجاکان بوو بەهۆی بەرزبوونەوە داخوازی بۆ بەرنامە تۆمارکراوەکان بەرز کردەوە. تا لینکە مایکرۆوێڤییەکان دانەمەزران بۆ بەرنامەی ڕاستەوخۆ، تەنیا کینسکۆپی خراپ هەبوون کە بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن بەهۆیەوە لە وێستگە مەحەلییەکاندا نیشان دەدران.

## یەکەم ئامێری ڤیدیۆ

لە ١٩٥١ ئەندازیاران لە پرۆژەی بینگ کرۆسبیدا ڤیدیۆیەکی ڕەش و سپییان نیشان دا کە کاسێتێکی لەگەڵ دابوو لە هەر چرکەیەکدا ١٠٠ ئینج دەخولایەوە. لەو ڕێژەیەدا، دەزووی کاسێتەکە سێ قەدەم بوو، نێزیکەی ١٥ خولەک وێنەی ڤیدیۆی دەگرت. ڤیدیۆی تۆمارکردن دە دوگمەی هەبوو، ١١ دوگمە بۆ تۆماری دەنگ و ١٢ دوگمەش بۆ کۆنترۆڵی تراک بۆ تێکەڵکردن، بۆیە ڤیدیۆکە خێرا بوو. لەگەڵ هەموو ئەوانەش، وێنەکان گەلێ گرفتیان هەبوو. کرۆسبی بەردەوام بوو لە فەندکردنی توێژینەوەکە، ئەمە مەرامێکی بازرگانیی لە پشتەوە نەبوو، بگرە هەر حەزێکی خۆی بوو بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنەکەی تۆمار بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت یاریی گۆڵف بکات و دوایی تەماشای بەرنامەکان بکات.

دوای دوو ساڵ، ئەندازیارانی RCA تۆمارکەرێکی خۆیان داهێنا، کە نەک هەر تەنیا وێنەی ڕەش و سپی، بگرە ڕەنگاوڕەنگیشی نیشان دەدا. بەڵام، کاسێتەکە لە هەر چرکەیەکدا ٣٦٠ جار دەخولایەوە، کە دەکاتە زیاتر لە ٢٠ میل لە سەعاتێکدا. هیچ یەکێک لەو ئامێرانە وێنەیەکی باشیان بەرهەم نەدەهێنا بە کەڵکی وەشان بێت. بەم خێراییە نەدەکرا وێنەیەکی شیاو بەرهەم بهێنرێت.

لە هەمان کاتدا، کۆمپانیایەکی کالیفۆرنی بۆ ئەلیکترۆنییات بەناوی ئامپێکس، لەسەر بنەمایەکی جیاواز ئامێرێکی دروست کرد. لە جیاتی ناردنی کاسێتەکە بەنێو سەرەکانی تۆمارکردنەکەدا، ئەندازیارانی ئامپێکس سەری تۆمارەکەیان بە خێرایی خولاندەوە. واتە سیستمی خولانەوەیان بەکار هێنا بۆ ئەوەی خێرایییەکەی کەم بکەنەوە، لە ساڵی ١٩٥٦ تۆمارکەرێکیان بە سەرکەوتوویی دروست کرد بەڵام قەبارەکەی دوو هێندەی جلشۆرێک

بوو. چوار سـەری ڤـیدیۆیی لە هـەر خـولەکێکدا ١٤٤٠٠ جـار دەخـولانـەوە، هـەر سـەرە و بەشـێکی کـاسـێتـەکـەی تۆمـار دەکـرد کـە نێـوانیـان دوو ئینچ بەرین نەبوو. یەکـێک لە ئەندازیارەکانی پرۆژەکە ناوی دۆلبی بوو، دوای جێهێشتنی قۆناخی ئامادەیی خوێندن دەسـتی کـرد بـە کـارکـردن لەسـەر تـەنزیل دواتر توانیی دەنگی ناخـۆشـی تەنزیل چاک بکاتەوە. کـۆمـپـانیـایەکی تر بەناوی M3، لەگـەڵ ئامـپـێکس کـاری کـرد بۆ دروسـتکردنی جـۆرێکی باشـی تۆمـارکـەر. جـۆری ڤـیدیۆ و تۆمـارکـەرەکانی ئامـپێکس زۆر بـاشـتـر بوو لە وێنەکانی کینۆسکۆپ. ئەو وەشـانکارانەی کە یەکەم عـەرزیان بینی، کە لـە پێشـانگەیەکی نەتەوەیی نیشان درا، لەسـەر پێ هەڵدەپەڕین و چەپڵـەیان لێ دەدا. پیشـەسازیی تەلەڤزیۆن بە پەرۆشەوە وەڵامی دایەوە. ئەمە دەسپێکی سەردەمی ڤیدیۆ بوو.

## کۆکردنەوەی هەواڵی ئەلیکترۆنی

تۆمـارکەری دەسـتی دوو ئینجی لە سـاڵی ١٩٦٨ لەلایەن وێسـتگەکـانی تەلەڤـزیۆن بەکـار هێنرا. لە ساڵی ١٩٧١دا، کۆمپانیـای سۆنی کاسێت تۆمارکەری سێ ئینجی یو ماتیک U-maticی بەرهـەم هێنا. لەوساکەوە، چی تر کاسێت بە دەست مامەڵەی لەگەڵ نەدەکرا.

کـامێـرای ڤیدیۆیی خـسـتـە دەسـتی وێنـەگرانی تەلەڤزیۆنـەکانی هـەواڵ. ئەمـە هـەنگاوێکی گرینگ بوو لە کۆکردنەوەی هـەواڵ بە شێوەی ئەلیکترۆنی. هەرکە ئەو ئامێرانە پێش کەوتن، بەشـەکانی هـەواڵ لە تەلەڤزیۆنەکان وازیان لە فلیم هێنـا و کاسـێتی ڤـیدیۆیان بەکار هێنا چونکە کاسێتەکە پێویستی بە کاتێکی زۆر نەبوو، دووبارە بەکار دەهێنرایەوە و بۆ ناوەندی تەلەڤزیۆن گونجـاوتر بوو لە فیلم. هـەرکـە تـەکنۆلۆجیاکە زیاتر پێش کـەوت، نووسـیـارانی هـەواڵ لە تەلـەڤزیۆنەکـان چی تر بەهۆی چیـزانێکی تیـژ کـاسـێتـەکـەیان نەدەبڕی بگرە بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی کاری خۆیان دەکرد.

لەگـەڵ وەشـانکردن، بـازاڕی پیـشـەسـازی و پەروەردەیی لەبەردەست بوو، کـۆمـپـانیـا ژاپۆنیـیـەکـانی ڤـیدیۆ ڕوویان کـردە مـاڵەکان و ئـامێـرەکـانیـان بۆ مـاڵ دروست دەکـرد. ئارەزوومەندان پێشـتر ئامادەیی خـۆیان نیشـان دابوو بۆ کڕینی، چـونکە زۆر پێیـان خۆش بوو. شـتێک تۆمـار بکـەن و دواتر تەمـاشـای بکـەنەوە. بەم شـێـوازە تەڵەکـەبازیـیـە خـەڵکی فیلمخـانەیەکی لە ماڵەوە دروست کردبوو، کە هەرگیز پێشتر شتی وا کەس نەشیبیستبوو.

## سینەما لە ماڵەوە

سۆنی لە سەفرەوە ڕەچاوی بازاڕی ماڵەکانی کرد. درکیان بەوە کرد کە نەک هەر تەنیا وێستگەکانی تەلەڤزیۆن، بگرە بینەرانیش دەتوانن بەرنامەکان تۆمار بکەن. بۆیە سەرۆکی سۆنی ئاکیۆ مۆریتا گوتی " خەڵک پێویست ناکات کتێب بخوێننەوە ئەگەر بۆیان بخوێنرێتەوە. باشە بۆچی تەماشای بەرنامەی تەلەڤزیۆن بکەن ئەگەر خۆیان لێی بدەن؟" سۆنی ئامێری نیو ئینجی بیتاماکسی لە ساڵی ١٩٧٥ خستە بازاڕەوە. دوای ساڵێک، کۆمپانیا ڕکابەرە ژاپۆنییەکان، بە سەرۆکایەتیی JVC، ئامێری سیستمی ڤیدیۆی ماڵیان خستە بازاڕەوە VHS، شێوەیەک بوو لەگەڵ بیتاماکس یەکی نەدەگرتەوە. سۆنی لەو ڕکابەرییەدا دۆڕاندی؛ چونکە ڤی ئێچ ئێس ماڵەکانی داگیر کرد. فرۆشی ڤیدیۆ کاسێت زیادی کرد، کاتێ خەڵکی زیاتر فیلمیان بە کرێ دەهێنا و لە ماڵەوە تەماشایان دەکرد.

کاسێت بە کرێهێنان گەیشتە لووتکە کاتێ بازرگان ئاندری بلێی گرێبەستێکی کرد بۆ کڕینەوەی مافی بەرهەمهێنانی فیلمەکانی کۆمپانیای سەدەی بیستی فۆکس. بلێی بەوەی زانی کە موشتەری بۆ کاسێتەکانی کەمە، بەڵام هەموو کەسێک ئامادە بوو بەکرێ لێی وەرگرێت. دووکانی فیلم بەکرێدان وەک دووکانی میوەفرۆش لە هەموو کونجێک دەبینرا. ڕاستییەکەی هەندێ جار میوەفرۆشیش شوێنێکی دەکردەوە و فیلمی بەکرێ دەدا. ئاسانتر بوو بۆ خەڵک لە دوای دەوام لای میوەفرۆشێک هەم میوە و هەمیش فیلمیان دەهێنا. هێندەی نەبرد سوپەرمارکێتی گەورە بۆ فیلم کرانەوە کە بە دەیان هەزار ناوونیشانی فیلمیان دەفرۆشت. دووکانی شارە گەورەکان زیاتر فیلمی کۆنفۆ، فیلمە بیانییەکانیان دەفرۆشت لەگەڵ خواردنێکی سووک.

سی بی ئێس لە شەستەکان هەوڵی دروستکردنی EVRی دا، بەڵام سەرنەکەوت. RCAی ڕکابەر دەرفەتێکی باشی بۆ هەڵکەوت لە ١٩٧٣ کاتێ ڤیدیۆی فرە سیستمی داهێنا. دواتر ئامێرێکی تری دروست کرد کە دیسکی دەخوێندەوە. دواتر MCA و فلیپس دیسکی نوێیان دروست کرد، کە تیشکی لێزەری لەگەڵدا بوو، ئەمەش دیسکە ڤیدیۆییەکانی سافتر دەکرد. بچووک، سووک، یەک مەوسوعەی تەواوی لەسەر هەڵدەگیرا. پیشەسازیی وێنە ڤیدیۆ دیسکی بەهەلێکی باش زانی بۆبڵاوکردنەوەی هەرچی زیاتری فیلم لە ناو ماڵەکاندا. وێنەکەی سافتر، دەنگی باشتر و تێچووشی کەمتر بوو. لە سەرووی ئەمانەشەوە، پیشەسازیی فیلم هەستی بەوە کرد تەنیا یەک پلەی باکی هەیە و ناتوانرێت بە ئازادی کۆپی بکرێتەوە.

ڤیدیۆ دیسک چانسی نەبوو، چونکە خەڵک دەیانویست خۆیان فیلم تۆمار بکەن، نەک هەر تەنیا کۆپی بەکرێ بهێنن و بەنایاسایی تۆماری بکەن. هەروەها حەزیان لێ بوو بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان تۆمار بکەن و دواتر لە کاتی ئازاددا لێی بدەنەوە. ڤیدیۆ دیسک ئەمەی نەدەکرد. لە ڕووی تۆمارکردن و گۆڕینی کاتی سەیرکردنی بەرنامەکان لەگەڵ ڤیدیۆ کاسێت نەدەهاتەوە. بەلای خەڵکییەوە ئاسایی بوو کە کاسێتی ڤیدیۆ تیشکی لێزەری وەک دیسکی نییە. کاسێتیان زۆر پێ باش بوو. وێڕای ئەمەش، سوپاس بۆ سەری دەسپێک کە بیتاماکس و ڤی ئێچ ئێس هەیانبوو، بەم شێوەیە خەڵکی زیاتر تەماشای فیلمی دەکرد. هەرچەندە نرخی دیسک هەرزانتر بوو، بەڵام خەڵکی ئەمەی لا گرینگ نەبوو، چونکە فیلمیان هەر بەکرێ دەهێنا. گرفتێکی تری ڤیدیۆ دیسک ئەوە بوو لەگەڵ سیلکتەڤەیشن و دیسکۆڤیشندا یەکی نەدەگرتەوە و فۆرماتیا باش نەبوو.

لە شەڕی ڕکابەرێتی دیسک و کاسێتدا، VHS بردییەوە. ئامێرەکانی تر یەک بە یەک تۆپیان هاویشت، هەرچەندە لە هەشتاکاندا ڤیدیۆ دیسک سەری هەڵدایەوە. بەڵام هەڕەشەی گەورە بۆ سەر ڤیدیۆ کاسێت، دی ڤی دی و سیدی بوون.

## داهاتوویەکی نزیک

بۆ پیشەسازیی ڤیدیۆ و کۆمپیوتەر، داهاتووی هەڵگرتنی زانیاری ڕەنگە لەسەر کاسێت نەبێت، بگرە لەسەر دی ڤی دی، ڤیدیۆ دیسک، سیدی ڕۆم و سیدی ئای دەبێت، کە وردتر و باشترن، هەروەها هیچ شتێکی بەدەستی کار ناکات. شتە میسالییەکە سیدییە، کە نەک هەر تەنیا تۆمار دەکات بگرە توانای هەڵگرتنی دەنگی دیجیتاڵی، ڤیدیۆی دیجیتاڵ و ستیل، وێنەی جووڵاو، گرافیک و تێکستی هەیە.

دووکانەکانی ڤیدیۆ دەکەونە ڕکابەری دەبیەوە لە سیستمی گەیاندن بەبێ هاتوچۆ چونکە پیشەسازییەکی کێبڵ بەڵێنی ٥٠٠ کەناڵ دەدات کە هەر کەناڵە و لەسەر داوای بینەران فیلم لە ڕێگەی کێبڵەکانی ڕیشاڵی ئۆپتیکەوە پێشکێش دەکات. بۆ پاراستنی خۆشیان، دووکانەکانی ڤیدیۆ خەریکی دووبارە داهێنانی خۆیانن، ئەمجارە دەبنە سەرچاوەی چێژ و خۆشی بەهۆی دانانی فیلم، یاری، ئەتاری بۆ هەموو جۆرە تەمەنێک، بە تایبەتی گەنجان لەزەت لە بینینی فیلمەکان و یارییەکان دەبەن و پێکەوەش سەیریان دەکەن.

هەرکە پیشەسازیی ڤیدیۆکاسێت پێ گەیی، نرخەکان دابەزین و سیفەتی زیاتریش بۆ ئامێرەکە زیاد کران. ئەوانەی ڤیدیۆیان هەبوو لە کاتی چوونە دەرەوەدا، کاسێتێکی دوو سەعاتیان دادەنا هەرچی بەرنامەی خۆش هەبووایە لەسەر تەلەڤزیۆن بۆیانی تۆمار دەکرد

تا لە دەرەوە دەهاتەوە. هەروەها خاوەنی ڤیدیۆکان سەریان لێ تێک دەچوو لەو هەموو دوگمەی سەر کۆنترۆڵەکان بۆ گۆڕینی بەرنامەکان، کۆد گۆڕین وێڕای لیستکردنی بەرنامەی ڕۆژنامەکان و ڕێبەرەکانی تیڤی. بۆیە بەروارەکە، واتە کاتی ڕۆژی، لەگەڵ ژمارەی کەناڵەکە بەشێوەی ئۆتۆماتیکی بەیەکترەوە بەسترابوونەوە.

سادەیی، ئاسانکاری، هەرزانی و جۆری باشی تەکنۆلۆجیای کاسێت، جیهانێکی نوێی بەرهەمی بینراوی دروست کرد. لە دەیەکانی کۆتاییی ئەم سەدەیەدا، سەد ساڵ دوای وێنەی جووڵاو، بە ملیۆنان بەکارهێنەر دەیانتوانی "فیلمێک دروست بکەن". کامێرای ڤیدیۆ بوو بە وانەی قۆناخی سەرەتاییی خوێندن تا قوتابییان لە منداڵییەوە فێری بن.

## بڵاوبوونەوەی لە سەرانسەری جیهاندا

ڤیدیۆ کاریگەرییەکی فراوانی لەسەر زەوی هەبوو، بە گوندە هەرە دوورە دەستەکانیشەوە کە لەوێ کاسێتی هەرزان زانیاری و خۆشیی بە خەڵکی دەبەخشی. لۆرییەک ڤیدیۆ، تەلەڤزیۆن و مۆەلیدەی کارەبایی هەڵدەگرت و بۆ شوێنە دوورەکانی دەگواستەوە، ئەم دیمەنە شتێکی نامۆ نەبوو لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا. خەڵکی شوێنە هەرە دوورەکانی وەک کایاپۆ لە بەڕازیل و ئینوت لە کەنەدا ڤیدیۆیان بەدەست گەیشتبوو، هەروەها خۆیشیان بەرنامەی دادوەریی سیاسییان لەسەر تۆمار دەکرد.

گەلێ لە حکوومەتەکانی جیهانی سێیەم بەرنامەکانی ڤیدیۆیان خستە ناو بواری پەروەردە و پەرەی زیاتریان پێ دان. بۆ نموونە، تۆڕی گوندی ڤیدیۆیی لە گەلێ وڵاتدا کاسێتیان ئاڵوگۆڕ دەکرد لەسەر بابەتگەلی وەک کشتوکاڵ، خۆراک و کۆنترۆلی دانیشتووان. گرووپە نێودەوڵەتییەکان کامێرای ڤیدیۆیان بەسەر هەندێ گونددا دابەش دەکرد و خولیان بۆ دەکردنەوە، ئەوانیش خۆیان فیلمی خۆیان بڵاو دەکردەوە کە دواتر نیشانی گوندەکانی تریش دەدران.

تەکنۆلۆجیای بینراو لە هەموو شوێنێکدا بەدی دەکرێت. لە هیندستان پاسی نێوان شوێنە دوورەکان ڤیدیۆیان تێدایە و نەفەرەکان بێزار نابن. زۆربەی هیندییەکان سواری ئەو پاسانە نابن کە ڤیدیۆیان تێدا نەبێت. دەگێڕنەوە کاتێ پاسێک بۆ چەند سەعاتێک لە کار کەوت، نەفەرەکان یەک گلەییان لە دەم نەهاتە دەر، چونکە ئەو ماوەیە بەتامەزۆییەوە سەیری دوو فیلمیان کرد.

لە ناوچە لادێیە ئەلیکترۆنییەکانی فیلیپین، بێتاهان (دووکانەکانی ڤیدیۆ) لە ناو هەژاران قازانجێکی باشیان کرد. وەک سەردەمی سینەمای پێنج سەنت باوی، خەڵک

دووکانەکانیان پڕ دەکرد بە سێ پیزۆ (٤ تا ١٢ سەنت) سەیری فیلمیان دەکرد لە ڕێگەی ڤیدیۆ کاسێتەوە. بینەرانی بێتاهان زۆر ڕاحەتترن لەوانەی ناو سینەماکان. دادەنیشن، قسە دەکەن، دەخۆن، باسی خەڵکی تر دەکەن و بە کەیفی خۆشیان قسە لەسەر ئەو شتە دەکەن کە دەیبینن. زیاتر بەخێزانێکی گەورە دەچن نەک بە بینەر. بێتاهان لە فیلیپین لە گوند و گەڕەکە بچووکەکان دەستیان پێ کرد، کاتێ خێزانێک ڤیدیۆیەکی کڕی و فیلمی نیشانی خەڵکی دا. دراوسێکانی دەچوونە لایان، ئیتر وردە وردە خاوەن ماڵەکە کرێی فیلمەکە و کارەبای لە خەڵکی وەردەگرت.

حکوومەتی فیلیپین کاسێتی بەسوود لەسەر کەرتی کشتوکاڵ دەنێرێتە ناوچە کشتوکاڵییەکان. بۆ ئەوەی خەڵکیش بەشداری بکەن، شاباش بۆ فیلمێکی کۆن دەکەن کە لەگەڵ خۆیان هێناویانە. خێزانەکان کۆ دەبنەوە سەیری فیلمەکە دەکەن، دواتر ئەندامان دەخشن، لە ماڵەوە دەرەچن و سەیری کاسێتە کولتوورییەکان و ڕاهێنان دەکەن.

کەنداوی فارس یەکەم هەرێمی جیهانی سێیەمە شۆڕشی ڤیدیۆی بەخۆوە بینی. دوای تەقینەوەی نەوت لە حەفتاکان دانیشتووانی ولاتانی ناوچەکە زۆر دەوڵەمەند بوون، ژاپۆنییەکانیش ڤیدیۆیان بەسەر دابارندن. لە عەرەبستانی سعوودیدا، لە خەملاندنێکدا سەدا هەشتای ماڵەکان لە ساڵی ١٩٨٥ ڤیدیۆیان هەبوو. هەروەها ئەو کرێکارانەی لەوێ کاریان دەکرد ڤیدیۆیان دەبردەوە بۆ میسر، پاکستان، سووریا و ولاتانی تر. هەرکە نرخی ڤیدیۆ دابەزی، ژمارەی ڤیدیۆکان تەنانەت لە ولاتە هەرە هەژارەکاندا یەکجار زۆر بوو. هەروەک لە ولاتە هەرە پێشکەوتووەکاندا، ڤیدیۆ ڕکابەریی لەگەڵ سینەماکان دەکرد. هەرکە تەماشاکردنی فیلم تەشەنەی کرد، تەماشاکردنی فیلم بەشێوەیەکی ڕەسمی ڕووی لە کاڵبوونەوە کرد.

ولاتە پێشکەوتووەکان یانەی ڤیدیۆیان هەبوو و بەرنامەی گەشتی ڤیدیۆیان هەبوو. شوفێرانی پاس دەچوونە شوێنە دوورەکان و کاسێتی نوێیان لەسەر ڕۆژە کۆنەکان لێ دەدا. فیلمەکانی ڤیدیۆ لە ئاهەنگەکانی بووک گواستنەوەدا ئەو ناوەی دەدرەوشاندنەوە. وەزیری زانیاریی مالیزیا گوتی کە ژنەکان لە شت کڕین دەگەڕێنەوە ماڵ، بە دەستێک میوە و ماسی، بە دەستەکەی تریش کاسێتیان پێیە.

لە زۆربەی ولاتە عەرەبییەکاندا ئافرەت بەشێوەیەکی گشتی ناچێتە سینەماکان. لەبەر خێرا بلاوبوونەوەی ڤیدیۆ، ئافرەتانی عەرەبی بوون بەخێراترین و زۆرترین بینەری فیلم. دوای ئەوەی سوپای ئیسرائیلی لبنانی داگیر کرد، یەکەم کەشتی کە گەیشتە بەندەری سیدۆنی لبنان پڕ بوو لە ڤیدیۆ کاسێت. شارەکە بەهۆی شەڕەوە زیانێکی زۆری لێ کەوت،

خەڵکی زۆر پێویستیان بە چیمەنتۆ، کەرەستەی خانووبەرە و پێداویستییەکانی تر بوون، بەڵام ئەو بارانەی لە ژاپۆنەوە دەهاتنە بەندەرەکە ڤیدیۆ کاسێت بوو. هەردەم لە پێشەوەی هەموو کاڵاکانی تردا بوون.

ئەوەی خوارەوە چیرۆکێکە لە ساڵی ١٩٩٠ لە مۆسکۆ لەلایەن ئاژانسی ئەسۆشیەتد پرێسەوە بڵاو کرایەوە:

بۆ ماوەی پێنج رۆژ بەسەدان کەس لە شارێکی سۆڤیەتدا دەورەیان لە دووکانەکاندا بوو و ڤیدیۆیان دەکڕی، تەنانەت هەندێ کەس نارەزاییان دەردەبڕی و مانیان دەگرت و داوایان دەکرد دەرفەتیان پێ بدرێت ئامێرەکە بکڕن... رۆژنامەی سۆڤیەتکایا رووسیایە وەسفی رووداوەکەی لە یارۆسلاڤل بە "راپەڕینی ڤیدیۆ" کرد... دواجار، دوای پێنج رۆژ ئاژاوە، کڕیارێکی دڵخۆش لە دووکانێک هاتە دەرەوە و ڤیدیۆیەکی بەدەستەوە بوو، بە وێستگەیەکی مەحەلیی تیڤی کرد و رای گەیاند "سەرکەوتن! پاناسۆنیک لە ناو دەستمە!"

## فراوانبوونی بناخەی ڤیدیۆی رۆژنامەوانی

ئێستەش دەرهاویشتەیەکی تری بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆ فراوانبوونی توانای ڤیدیۆی رۆژنامەوانییە. نارەزاییەکانی دژە حکومەت لە تایلەند لە ساڵی ١٩٩٢، ئەو کاتەی سەربازان راستەوخۆ دەستڕێژییان لە خۆپیشاندەرە هێمنەکان کرد، هەرگیز لە تەلەڤزیۆنی تایلەندەوە نیشان نەدرا، بەڵام لە بەشەکانی تری جیهان بینران. کاسێتەکانی ڤیدیۆ لە بەرنامەکانی هەواڵی ئەمەریکی وەردەگیران بە دزییەوە دەهێنرانە بانکۆک، دەڵێن دووکانەکانی کاسێتی ڤیدیۆ بۆ کرێدانی ئەو کاسێتانەی ئەمەریکا گەرمترین بازاڕیان هەبوو. وێنەگرتنی ئەو رووداوەی کاتێ پۆلیسی لۆس ئەنجلۆس لە رۆدنی کینگیان دا نموونەیەکی ترە، چۆن هاووڵاتییەکی ئاسایی دەتوانێت گۆڕانێک دروست بکات، نەک تەنیا لە داپۆشینی هەواڵ، بگرە لە تەواوی رووداوەکەش. کاسێتی کینگ، لە پەنجەرەی شوقەیەکەوە گیرا بوو، دووبارە و سێبارە لەسەر تەلەڤزیۆن لێ درایەوە، ئاگری توورەیی ئەفریقییە ئەمەریکییەکانی خۆشتر کرد لە ناو نارەزاییەکانی لۆس ئەنجلۆس. هەروەها خۆپیشاندانەکانیی وێنە گیران، پڕ بوو لە تۆڵەی سپی و ئاسیا ئەمەریکییەکان. ئەم بەربڵاوییەی ڤیدیۆ هەروا سانایی تێ نەپەڕی، بگرە کاریگەریی نەک تەنیا لەسەر رۆژنامەوانی، بگرە لەسەر دەزگاکانی سەپاندنی یاساش هەبوو. هەندێ وێستگەی تەلەڤزیۆنی، خاوەن کامێراکانیان داوەت کرد و پێیان گوتن ئەگەر هەر وێنەیەکتیان گرت بە کەڵکی هەواڵ بێت پێوەندیمان پێوە بکەن و لێتان دەکڕینەوە.

## چەتەی ڤیدیۆ

چەتەیەک بە دوو ڤیدیۆ دەیتوانی بەسەدان کۆپی لە فیلمێکی نوێ بڵاو بکاتەوە. ئەمە لە گەلێ ناوچەی جیهاندا ڕووی دا. چەتەی ڤیدیۆیی لە هەموو جیهان بڵاو بوونەوە. تۆڕێکی نهێنی بە ملیۆنان کۆپیی نایاسایی لە جیهان بڵاو دەکردەوە. کاسێتی فیلمە نوێیەکان گەیشتنە قاهیرە، سەنگافوور، هەندێ جار هێشتا لە ئەمەریکا لە ڕۆژانی یەکەمی پێشکێشکردندا بوون دەگەیشتنە وڵاتانی تر. فیلمە دزراوەکان تەنانەت لەسەر وێستگەکانی تەلەڤزیۆنیش نیشان دەدران، کە بەڕێوەبەرانیان دەیانگوت ناتوانین ڕاستەوخۆ لە ڕۆئاوا بیانکڕینەوە، چونکە زۆر گرانە.

پیشەسازیی نەتەوەیی فیلم لە ژمارەیەک وڵاتدا لەبار براون، بەهۆی دزینی کۆپییە ئەسڵییەکە و کۆپیکردنی بە نایاسایی، بە تایبەتی فیلم ڕۆئاواییەکان. ئەو بینەرانەی حەزیان لە فیلمی ئەمەریکی بوو سەیری ئەوانیان دەکرد نەک بەرنامەکانی حکومەتی خۆیان. دەسەڵاتدارانی ئەندەنووسی نارەزاییان دەربڕی کە خەڵکێکی کەمتر سەیری هەواڵەکانیان دەکات؛ چونکە زیاتر سەیری بەرنامە خۆشەکان دەکەن لەسەر ڤیدیۆکانیان.

پرس و خەمی گەورەتری موڵکی ڕۆشنبیرییانە و پاراستنی مافی کۆپیکردن بەردەوام پێوەندیی نێوان وڵاتانی دەشێواند، هیچیان نەدەگەیشتنە ناکۆکیی نێوان چین و ئەمەریکا لەم بارەیەوە. پێوەندیی چین – ئەمەریکا لە ساڵانی نەوەدەکان، کە لەسەر ئەم پرسانە و پرسی تایوان تێکگیرتر بوو، بەکارهێنانی زیندانی کرێکاران و چارەسەری هەتیوەکان پێوەندیی نێوانیانی چاک نەکردەوە، چونکە ئەمەریکا کارگە ئاڵۆزە چینییەکانی هەردەم تۆمەتبار دەکرد کە سیدی، ڤیدیۆ، تەنزیل، سۆفتوێری کۆمپیوتەر کۆپی دەکەن بێ ئەوەی حسێب بۆ پاراستنی مافی کۆپیکردنی کۆمپانیا ئەمەریکییەکان بکەن. قورسایی ئەم پرسە سەرەداوێکی تر بوو بۆ سەلماندنی ئەوەی تەکنۆلۆجیای گەیاندن چەقی ژیانی مۆدێرنی داگیر کردووە.

## "داگیرکەری کولتووری"

ڕەنگە چاوەڕێی ئەوە بکرێت کە بەرپرسانی حکوومەتی لە گەلێ وڵاتدا دڵیان بەوە خۆش نابێت ئەگەر زۆربەی دانیشتووانیان بە ئاسانی بگەن بە زانیاریی بێ سنوور و بەها کولتوورییە پەسندنەکراوەکان، لە سەروو هەمووشیانەوە پاراستنی مافی بەکاربەر -con sumerism. کێشەکانی تر: ئەو خەڵکە هەژارەی کاتێ چاویان لە زەنگینەکان دەکرد بڕوایان

بەوەش نەدەما کە هەیانبوو، ئەمەش ئاگری تاوان و تەنانەت شۆڕش و ئاژاوەی خۆش کرد.

فیلمەکانی ڕۆئاوا زیاتر لەو وڵاتانەدا تەماشا دەکران و فرۆشیان بەرز بوو کە حکوومەتەکانیان هاوردەکردنی فیلمی بیانییان قەدەخە کردبوو، چونکە دەیانویست کولتووری نەتەوەییی خۆیان زیاتر پەرە پێ بدەن. لە هەموو فیلمە ڕۆئاواییەکان، فیلمە خیلاعییەکان زیاتر دزەیان دەکردە ناو ماڵەکان لەو وڵاتانەی کە حکوومەت بەرنامەی ڕووتی قەدەخە کردبوو. دزینی تازەترین فیلم و کۆپیکردنیا لە هەموو شوێنێک پەیدا بوو. ڤیدیۆ بە لێشاو گەیشتە هەموو جیهان، لافاوێک بوو حکوومەت و کۆمپانیا هەرە زەبەلاحەکانی خۆشی پێیان نەوەستا.

ئەمەریکا تۆمەتبار کرا بە "داگیرکەری کولتووری" بەوەی کە کولتوور و بەها ئەمەریکییەکان دەباتە ناو وڵاتانی تر. ئەو وڵاتانەش ناتوانن دژی فیلمە ئەمەریکی و بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی بوەستنەوە، چونکە ئەوەی خۆیان بەرهەمی دێنن وەک بەرهەمی ئەمەریکی خۆش و سەرنجڕاکێش نییە. بۆیە سانسۆرێکی بەهێزیان دانا بەڵام زۆر سەری نەگرت. فیلمەکانی وەک غاندی (هیندستان)، سادات (میسر) و میسینگ (چیلی) قەدەخە کران لە وڵاتان بەڵام خەڵکێکی زۆر لەسەر ڤیدیۆ تەماشای دەکردن.

## بڵاوبوونەوەی بەرهەمی ڤیدیۆیی

مێژوونووسانی داهاتوو ڕەنگە بگەنە ئەو ئەنجامەی کە هیچ شتێک لە شۆڕشی گەیاندن بە قەد بەتواناکردنی خەڵکی ئاسایی گرینگ نەبووە. یەکێ لەو گۆڕانە تایبەتییانەی کە ڤیدیۆ کاسێت کردوویەتی فراوانکردنی پێگەی بەرهەمهێنەرانە. کامێرای ڤیدیۆ، چەند ساڵێک بەر لە ئێستا تەنیا تەلەڤزیۆنەکان بەکاریان دەهێنا، بڵاو بووەوە، وەک چۆن کاتی خۆی کامێرای کۆداک براونی بەدەستی هەموو کەسێکەوە دەبینرا.

بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن و فیلمەکان لە سەر کاسێتی ڤیدیۆ تۆمار کران، بەڵام ڕۆشنبیران ئەمەیان بە بەفیڕۆچوونی کات و بەدیلێکی خراپی کتێبیان دەزانی، ڕاستی ئەوەیە کە کتێبخانەی قوتابخانە ئامادەییەکان، ئێستە پێیان دەگوترێت "سەنتەری میدیا".

کامکۆردەر بەشداریی کامێرای ستیلی کرد وەک ناوەندێک بۆ پاراستنی یادگارییە خێزانییەکان. ئەوەی منداڵان لەسەر کاسێتێکی ڤیدیۆ تۆماری دەکەن ڕەنگە ڕۆژێکیش بێت بە بەکارهێنانی ڕیشاڵە شووشەی ئۆپتیک بینێرن نەک بە ئینتەرنێت. ئەم کاسێتە لەلایەن کۆمیپیۆنی گەیاندنی فیدراڵ لە ساڵی ١٩٩٢ پەسند کرا کاتێ بڕیارێکی دەرکرد کە کۆمپانیاکانی تەلەفۆن بۆیان هەیە هێڵەکانی تر بەکار بێنن بۆ وەشانکردنی بەرنامەکانی

تیڤی و خزمەتگوزاریی تر بۆ موشتەرییەکانیان.

ئەمڕۆ، پیشەگەران و تازەپێگەیشتووان دەتوانن فیلمێک بەرهەم بێنن لە ڕووی جۆر و تەکنیکەوە پەسەندکراو بێت، تێچووەکەشی گونجاو بێت کە هەمان تێچوو چەند ساڵێک بەر لە ئێستە وەک نوکتەیەک وا بوو. تێچووەکان کەمتر دەبنەوە و جۆرەکانیش باشتر دەبن، هەروەها چەند سیفەتی باشتریش لەگەڵ ئامێرەکان دادەنرێن. دەستەواژەی دیسکتۆپ ڤیدیۆ لە زماندا شوێنی خۆی کردووەتەوە و هەر بەدیسکتۆپی بڵاوکردنەوەی ناوی ڕۆیشتووە. بەرنامەیەکی سۆفتوێری کۆمپیوتەری دەتوانێت چەند چالاکیەکی گەورەی هۆلیوودی پێ ئەنجام بدرێت، تەنانەت ئیفێکتەکانیش. فەید، ونبوون، جووڵاندن، تراکی دەنگ و ئیفێکتی باش لە ناو کۆمپیوتەر دانراون. بەهۆی تەکنۆلۆجیای ڤیدیۆی دیجیتاڵی کارەکەی ئاسانتر کردووەتەوە. وێنەکانی فیلمێک زۆر بە ئاسانی جێگۆڕکێیان پێ دەکرێت و هەڵدەگیرێن، زیاد دەکرێن و دەسڕێنەوە.

پێ دەچێت بەکارهێنانی ڤیدیۆ و کاسێتەکەی هەرگیز کۆتاییەکی نەبێت. ئێستە هەر بوارە و ناوێکی بۆ کاسێتەکان داناوە وەک "شەپۆڵەکانی زەریا" و " ڤیدیۆی ئاگردان" کە بەهەزارانیان لێ دەفرۆشرێت.

تەکنۆلۆجیای گەیاندن بەرنامەی کۆمپیوتەری داناوە و خەڵک دەتوانێت بۆ یەکتر ناسین بەکاریان بێنێت. هەر لە ڕێگەی ڤیدیۆوە، لە ڕێگەی کامێراوە خەڵکی وێنە و زانیاریی خۆیان بڵاو دەکەنەوە و داوای کەسی شیاویش دەکەن، ئەو جۆرەی کە خۆیان دەیانەوێت. ئەو کەسانەی کە دەزانن زوو دەمرن لەسەر کاسێتێک ماڵئاوایی خۆیان تۆمار دەکەن، لە جیاتی نووسینی نامەیەکی ماڵئاوایی بۆ خۆشەویستانیان.

## دروستکردنی تۆمارکەری نوێ

ساڵانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی هەر تەلەڤزیۆنیان بەخۆیانەوە نەبینی، بگرە سیستمی ستیریۆش کە بوو بەکەرەستەیەکی سەرەکیی ناوماڵ. کاتێ ئەندازیاران ئامێرەکانی ماڵ و تۆمارکردنیان تەواو کرد، خەڵکی لە چەرداخی ماڵی خۆیان دادەنیشتن و گوێیان لە موزیکی تۆمارکراوی کۆنسێرت دەگرت.

لەگەڵ زیاتر ئاشنابوونی ئامێرەکە، موزیکی نوێ پەیدا دەبوو. لە ١٩٥١دا، خاوەنی تۆمارگای کلیڤلاند کە سپۆنسەری دی جەی DJ (ئەوەی ئێستە خەڵک لە ئاهەنگەکان بەکار دێنێت. وەرگێڕ) ڕادیۆی کرد بەناوی ئالان فرێد، داوەتی کرد سەردانێکی بکات. ئەوەی فرێد بینیی لە تۆمارگە، کۆگایەکی گەورە بوو لە موزیکی نوێ بۆ هەرزەکاران بۆ

سەماکردن، کە بەشێوەیەکی گشتی بە "موزیکی نیگرۆ" ناسراوە. ئەم سەردانە بڕوایەکی بۆ فرێد دروست کرد کە دەست بکات بەبەرنامەیەکی نوێ، کە ناوی لێ نا "مون دۆگ هاوس". ناویشی لە موزیکەکە نا "ڕۆک ئێن ڕۆل". ئەمە تەکانێکی گەورەی دا بە پیشەسازیی تۆمارکردن. ڕەخنەگران فرێدیان بەگەندەڵکردنی نەوەی ڕواڵان تۆمەتبار کرد. نێوجەوانیش وەڵامیان دایەوە بە بەکارهێنانی تۆمارەکانی ئێلڤیس پرێسلی، ئەو کەسەی ناسراوە بە " کوڕە سپیپێستەکە کە گۆرانی بۆ پێستە ڕەنگ جیاوازەکان کرد. ناوبانگی بەهۆی فیلمەکان و فرۆشتنی موزیکە تۆمارکراوەکانی دەروازەی بۆ گۆرانیبێژە ڕەشپێستەکان کردەوە کە دەمێک لەسەریان داخرا بوو. سەبارەت بە ڕواڵە سپی پێستەکانیش، زۆر خۆشحاڵ بوون خۆیان لە نەوەی کۆن، دایک و باوکیان، لە ماڵەوە جیا بکەنەوە و بە جیهانی نوێی موزیک تێکەڵ بن.

هێزی موزیکی تۆمارکراو هەر لە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە ئاشکرا بوو کە کاریگەری لەسەر ڕەفتار هەیە، کاتێ موزیکی "ئۆڤە زێیە" و گۆرانییەکانی تر هەستی نیشتمانیی ئەمەریکییەکانیان وروژاند، هەروەک موزیکی "لیلی مارلین" هەمان شتی کرد بۆ نیشتمانپەروەریی ئەڵمانیا. لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانی ، گۆرانییە تۆمارکراوەکانی وەک " زە وایت کلیفس ئۆف دۆڤە" و "کەمینگ ئۆن ئە وینگ ئاند ئە پرێیە" هەمان شتیان کرد. گۆرانیی "ئێمە جیهانین" لە ماوەی شەش هەفتەدا چوار ملیۆن دانەی لێ فرۆشرا. کاریگەرییەکەی چووە ئەودیو بازرگانییەوە کاتێ قازانجی گۆرانی "لە ئەمەریکاوە بۆ ئەفریقیا" لە ماوەی شەش مانگدا گەیشتە ٥٠ ملیۆن دۆلار، پارەکەش سەرف کرا بۆ ئەفریقیای ڕۆهەڵات بۆ خۆراک و دەرمان، چونکە گیریان خواردبوو بە دەستی وشکەساڵییەوە.

ئەو مشتومڕەی میدیا دروستی دەکات لە ڕووی ئابوورییەوە کاریگەرە، موزیکی تۆمارکراویش بەشی خۆی بەردەکەوێت. لەبەرئەوەی موزیکی تۆمارکراو زۆر پێوەستە بە ماڵ و منداڵان، خەڵکی هەست بەبێ هێزی و پێشێلکردن دەکەن لە کاتی گوێگرتن لە گۆرانییەکی خەمگین. قسە هەیە دەڵێن موزیکی ڕۆک بووەتە هۆی بەکارهێنانی تلیاک، لادانی سێکسی، توندوتیژی، ڕواڵ خۆیان کوشتووە، سکپڕ بوون، دایک و باوکی شەڕانگێز و تێکچوونی شیرازەی ماڵ. موزیکی ڕاپ، بەشێکە لە کولتووری ئەمەریکایی ئەفریقایی، تۆمەتبار کرا بە سووکایەتیکردن بە ئافرەتان و بڵاوکردنەوەی ڕق لە دژی سپیپێستەکان بە گشتی و جوولەکە و پۆلیس بە تایبەتی. چەند پێشنیازێک خرانە ڕوو کە تۆمارەکان بخرێنە خانەی شتە مەترسییەکانەوە، وەک پاکەتی جگەرە.

## ڕادیۆ و تۆمارکردن

کاتێ بەرهەمهێنەری بەرنامە بەناوی هێربەرت مۆریسن لە شیکاگۆ، گەشتێکی لە ساڵی ١٩٣٧ بۆ نیوجێرسی کرد بۆ وەسفکردنی گەیشتنی باڵەفڕی هیندنبێرگی ئەڵمانی، ئەندازیارێکیشی لەگەڵ بوو. ئەو تۆمارەی ئەوان کردیان کاتێ هیندنبێرگ کڵپەی ئاگری دنیای ڕۆشن کردەوە، بوو بە کاریگەرترین تۆماری ڕادیۆ لە مێژوودا. ئێن بی سی. باندێکی موزیکی هەبوو تەنیا بۆ تۆمارکردنی موزیک و لەسەر تۆڕەکەی خۆیان پێشکێشیان دەکرد. فۆتۆگرافەرێکێش ئامادە بوو، تێکەڵکردنی دەنگ و وێنەکان زۆرجار لە بەرنامە مێژووییەکاندا پێشکێش دەکران.

لە دەورانی زێڕینی ڕادیۆدا، یەکیەتی موزیکژەنانی ئەمەریکی لە هەوڵێکدا وەشانی تۆمارەکانی قەدەخە کرد، بۆ ئەوەی کاری موزیکژەنەکان بەرەو نەمان نەچێت. لە ساڵی ١٩٤٦ ئەو قەدەخەکردنە بەڕەسمی کاری پێ کرا، کاتێ ئەی بی سی بینگ کرۆسبی هێنا لە ئێن بی سییەوە، بەڵێنی پێ دا بەرنامەکانی تۆمار بکات.

بە دەرکەوتنی تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ پێویستی بەفۆرماتێکی نوێی هەبوو تا بمێنێتەوە. موزیکی تۆمارکراو، ڕێگەیەکی دابین کرد بۆ وێستگەکانی ڕادیۆ نەک تەنیا بۆ ئەوەی زیندوو بن بگرە بۆ پێشکەوتنیش. هەرکە تەلەڤزیۆن پەیدا بوو، ژمارەی وێستگەکانی ڕادیۆ دوو هێندە و سێ هێندەی لێ هات. لە کۆتاییی ساڵانی پەنجاکاندا موزیکی تۆمارکراو چووە سەر دی جەی لە وێستگە مەحەلییەکان و بووە سەرچاوەیەکی سەرەکیی بەرنامەکان. تێکەڵبوونی ڕادیۆ و تۆمارکردن موزیکێکی شیرینی بۆ هەردوو پیشەسازییەکە فەراهەم کرد.

## باشترین بەرهەمی دەنگ

باشترین بەرهەمی دەنگ، واتە بەرهەمی دڵسۆزی موزیک، لە ساڵانی سییەکاندا دەستی پێ کرد، کاتێ دەنگی نەشاز بەربڵاو بوو. بازاڕێکی بچووک بۆ جۆری هەرە باشی بڵندگۆ سەرچاوەی گرتبوو لە بایەخی هۆلیوود بە سینەمای باش، واتە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئاشنابوونی دەنگ. بەڵام لەکاتی گرانییە گەورەکە، ئەندازیاران لە سی بی ئێس و تاقیگەی بێڵی At&T ئەو بۆچوونەی ئاوەژوو کردەوە گوایە دەنگی ساف و باش لە هیچ ماڵێک نابیسترێت. لە دەیەکانی دواتر، جەیمس لانسینگ، هێنری کلۆس، پال کلیپش و ڕەدۆلف بۆزاک جۆرە بڵندگۆیەکی باشیان دروست کرد بە هاوکاریی مادیی کۆمپانیاکانی KLH،

klipchorn ، Bozak، Altec Lansing،JBL،Advent.. داهێنەران و ئەندازیارانی تر، گەلێکیان ژاپۆنی بوون، بەشەکانی تری ئامێری ستیریۆی تۆمارکردن و پلەیێباکیان دروست کرد. ئەوانەی بێ بەش بوون لە موزیکی ئۆرکێستراکان، دەیانتوانی لە هۆڵە گەورەکان گوێی لێ بگرن، هەندێکیش ژەنیارە لێهاتووەکانیان داوەتی ماڵ دەکرد بۆ ژەنین و تۆمارکردنی موزیک، دڵسۆزیی موزیک باشترین هەلی ڕەخساند بۆ لەزەت بردن لە موزیک.

ئەندازیارێکی هەنگاری کاری بۆ سی بی ئێس دەکرد، ناوی پیتەر گۆلمارک بوو، ئامێرێکی دروست کرد پێنج خولەک موزیکی تۆمار دەکرد. لە ١٩٤٨دا، تەنزیلەکەی بەناوی "لۆنگ پلێینگ"، لە پلاستیک دروست کرا بوو، تەنک و سووک، کاسێتەکەی هەر لایەکی ٢٣ خولەک موزیکی تۆمار دەکرد، جۆری دەنگی زۆر باش و ساف بوو. هەرکە دەنگی موزیک پێشڤەتر چوو، فرۆشی کاسێتەکان زیادی کرد، شانبەشانی فۆنۆگراف و پیشەسازی دەنگ گەشەی سەند.

RCAوەڵامی لۆنگ پلێینگ دایەوە بە کاسێتێکی بچووک کە لە هەر لایەک گۆرانییەکی پێچ لێ دەدرا. هەرزان، نەشکاو پلاستیک بوو، هەر ئەویش بوو موزیکی ڕۆکی زۆر بەرەو پێشەوە برد. "تۆماری شەڕەکان" نموونەیەکی باشی هەوڵی کۆمپانیاکان بوو لە پێناسەکردنی تەکنەلۆژیا، ئەم حاڵەتە دواتر لە نێوان سۆنی و ڕکابەرەکانی دووبارە بووەوە لە شەڕی بیتاماکس و ڤیدیۆ کاسێت، شەڕی HDTV و چەندین شەڕی تر.

لە سالانی هەشتاو نەوەدەکاندا یارییە ڤیدیۆییەکان وەستان لەبەر بازرگانیی موزیک، بەڵام موزیکە ڤیدیۆییەکان، بە تایبەتی MTV، و تەکنەلۆژیای دیجیتاڵ یارییەکانی گێڕایەوە کاتێ خەڵکی دەستیان کرد بە تۆمار کردنی کۆمەڵە موزیک لەسەر سی دی.

لەو کاتەدا، کۆمپانیا گەورەکانی تۆمار کردن بەشێک بوون لە کەناڵە ڕاگەیاندنەکان. ناوەکانیان بڵاو بوونەوە، گەورەترینیان هی بیانییەکان بوون. لە خاوەنەکەی ئەمەریکییەک بوو.

داهێنان و نوێ کردنەوە لە تۆمار کردنی دەنگ، بۆ بەکاربەر ئەنجامی تێکەڵاوی هەبوو. سیستمەکانی دەنگ و تۆمار کردنی کوادریفۆنیک، جێگرەوەی ستیریۆ بوو، هەرگیز کەس پێی ڕازی نەبوو. کاسێتی دەنگی دیجیتاڵ، لە ١٩٨٩ پەیدا بوو، خەڵکی ڕازی نەکرد، هەرچەندە توانای تۆمار کردنی موزیکی زۆر باش بوو.

فۆرماتەکانی تر خەڵکیان تا نەوەدەکانیش ڕازی نەکرد. کاسێتی دیجیتاڵی DCC و دیسکی بچووک زۆر باش بوون و وێنەیان نەبوو. DCC بە کارتۆن دەفرۆشران و شوێنی ئەنەلۆگ و سیستمی تۆمارکردنی ستیریۆی گرتەوە. دیسکی بچووکی ٢,٥ ئینجی

سوودەکەی ئەوە بوو کە شتی لەسەر تۆمار دەکرا و کەمتریش لەچاو سی دی دەوەستا، کە دەتوانرا لە ناو ئۆتومبێل لێ بدرێت، ئەمانە برێتی بوون لە دوو ئامێری زۆر گرنگی چەرداخی ماڵ.

## ئێستاش هەر کتێبمان هەیە

وابزانم ئەمشەو لەگەڵ کتێبێک هەڵدەکەم"، شتێکی خۆشە بێ ئەوەی پێوەندی بە کەسەوە بکەم. کتێبەکە ئەو پاشەکشە و گۆشەگیرییە گەورە دەکاتەوە کە بەکارهێنانی چەندین ئالییەتی دیکەی گەیاندنی بەدوادا دێت. لەکاتێکدا نەخوێندەواران زانیاری وەردەگرن لە رێگەی پێوەندیی راستەوخۆیان بەوانی ترەوە. خوێنەر لە کەسانی تر جودا دەبێتەوە و هەموو هەستەکان دەبرێت تەنیا هەستی بینینی کار دەکات. مایەی تاوتوێیە کە رەنگە جۆرە پێوەندییەک لە نێوان خوێنەر و دانەر هەبێت، بەڵام بەو رێگەیە تەماشای دەکەین کە وەک تۆماری فۆتۆگرافێک و فیلمێک وایە، بەهۆی دووری و پێکهاتە خەیاڵییەکانەوە.

بازاڕی کتێب لە ساڵی ١٩٢٦دا بازێک بەرەو پێشەوە دەدات کاتێ کتێبی "بوک ئۆف مەنس کلەب" دەست بەکار دەبێت. لەبەر سەرکەوتنەکەی، رکابەران بازارێکی نوێیان دروست کرد وێرای گرانییە گەورەکەش. یانەکانی کتێب دابەش کرا و بەسەر گرووپەکانی کار، ئارەزوومەندان، و کەمینە ئیتنییەکان.

رۆمانە هەرزانەکان لە سەدەی نۆزدەدا سەدای کتێبی سەدەی بیستەمی لێ کەوتەوە، شۆڕشێکی تر لە کتێب کرین دەستی پێ کرد، تەنیا پێش شەڕی دووەمی جیهانی. رۆمانی هەرزان گرییەکی چاوەڕێ کراوی هەبوو، بەرگ بۆ بەرگ دەخوێندرایەوە و زۆر باو بوو، هەرچەندە دواتر نرخەکەیان بەرز بووەوە، بەڵام هەر فرۆشی هەبوو. نرخیان گەیشتە ٢٥ سەنت، بەتایبەتی کارە ئەدەبییە کلاسیکەکان، بە دەستی ملیۆنان کەسەوە دەبینران، ئەوانەشی کە بە دەگمەن کتێبیان دەکڕێ. لەوساکەوە لە نیو سەدەدا، بە ملیار کۆپی فرۆشراون، گەلێکیان چەندین جار چاپ کراونەتەوە. رۆمانەکانی تر هەرزان، رەنگ جوان، چاپ و بەرگێکی جوان لە دەرمانخانەکان، بنکەی پاسەکان، سوپەرمارکێتەکان دەبینرێن. ئێستا کتێبخانە گشتییەکان پڕن لەو جۆرە کتێبانە.

لە نێوان ١٩٥٠ و ١٩٩٠دا، ژمارەی کتێبی چاپکراو زیادی کرد لە ٨٥ هەزارەوە بوو بە ٨٠٠ هەزار. توێژینەوەیەکی ئەوسا دەری خستووە کە بینەری تەلەڤزیۆن دەستیان کرد بە خوێندنەوەی کتێبە خەیاڵییەکان، بەڵام نەک کتێب یان گۆڤار بۆ زانیاریی جدی. بەشێک لە گۆڕانەکە پێوەستە بە شێوەی کتێبەکەوە.

دەرهێنەر ستیڤن سپیلبێرگ لە مەراسیمی بەخشینی خەڵاتی ئەکادیمیدا گوتی "لەبەر خۆشەویستی و ڕۆمانسیمان بۆ تەکنەلۆژیا، شتێکمان لە دەست داوە: خۆشەویستیمان بۆ کتێب." ئەم هەستە، گەر هەڵەش بێت، سەرنجڕاکێشە. جەماوەر ئەم هەستەیان بەرز نرخاند. لە ڕاستیدا، کتێب بەشێکە لە ڕۆمانسیی تەکنەلۆژیای گەیاندن. ئەم پرسیارە دەبێ قوت بکرێتەوە: چۆن کتێب، کە تەکنەلۆژیایەکی پیرە، دەتوانێت زیندوو بمێنێتەوە لە ناو کەناڵە نوێیەکانی میدیا. وەڵامی ئەمەش ئاسانە: کتێب کاری خۆی بە باشی دەکات، بەڵام دەکرێ باشتریش بێت. خەڵکی ئاساییی ئەمەریکی ساڵانە یەک کتێب دەخوێننەوە، بەڵام ئەو ئەمەریکییانەی زۆر دەخوێننەوە حەز دەکەن زۆربەی کاتیان بە کتێب ببەنە سەر، بە گەڕان بە دوای ناوونیشانەکان، دەشزانن ژمارەی کتێبفرۆشەکانیش چەند زیادی کردووە. میدیای تێکەڵ چەندین چاپخانەی گەورەی کتێبی کڕیوەتەوە.

کتێب کاریگەریی هەر دەمێنێت، چونکە خەڵکی کاریگەر شت دەخەنە سەر زانیارییەکان، ڕەنگە لەو شتەی کە فێری دەبن کارێکی پێ ئەنجام بدەن. کتێبی "بەهاری بێ دەنگ" ١٩٦٢ ی ڕاچل کارسن، یارمەتییەکی زۆری مرۆڤایەتیی دا: بزووتنەوەی ژینگەی دامەزراند، بووە هۆی قەدەغەکردنی DDT و دەرمانە کیمیاوییەکانی تر کە باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکانی دەکوشت، هەروەها خۆراکی دابین کرد بۆ مرۆڤ. کتێبی فێمنین میستیک (١٩٦٣)ی بێتی فریدان بووە هۆی دامەزراندنی بزووتنەوەی فێمنیستی.

هەندێ کۆگای گەورەی کتێب خۆیان داهێنایەوە و چوونە ناو چەرداخی ماڵەکان، لەگەڵ مێزی خوێندنەوە و قاوە. هەر سەبارەت بەو سیاسەتەی "گەر ناتوانی لێیان بدەیت، پێوەندییان پێوە بکە"، پلان دانران بۆ دانانی کەناڵێکی کێبڵی و پێی گوترا بووکنێت، بیست و چوار کاتژمێر کتێبی دەخوێندەوە، باسی پرۆفایلی دانەرەکان، دیمانە، هەواڵی بڵاوبوونەوەی کتێبی نوێ و خزمەتگوزاریی کڕینی کتێبی دەکرد. دۆکترۆڕۆی ڕۆماننووس، یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کەناڵەکە، گوتی "بووکنێت دوو بەهێزترن هۆیەلی گەیاندن تێکەهەڵدەکێشت: کتێبی چاپکراو و وێنەی تەلەڤزیۆنێ."

لە هەمان کاتدا، کتێبفرۆشی گەڕۆک بە درێژاییی ڕێی گشتیی زانیاری دەچوونە ناوچە لادێییەکان. لە ساڵی ١٩٠٥ دەستی پێ کرد، لە ساڵانی شەستەکاندا نێزیکەی ٢ هەزار کتێبفرۆشی گەڕۆک هەبوو، ئەم ژمارەیە رووی لە کەمی کرد لەبەر بوودجەی سنووورداری قەزا و ناحیەکان. بەڵام بەلانی کەم هەزار کتێبفرۆشی گەڕۆک مانەوە، خزمەتی ئەو خوێنەرانەیان دەکرد کە دەستیان ناگاتە کتێبخانە گشتییەکان. ئەمە هێزی کتێب زۆر بەدیار دەخات.

## شۆڕشی شەشەم

# ڕێی گشتی

### جەنجاڵی هاتوچۆ

مارک پۆستەر، بیرمەندی پۆستمۆدێرن، پرسیارێکی لە جێ قووت دەورووژێنێ، پرسیارێکی پاراو (rhetorical) و بێ وەڵام:

ئەگەر لە کالیفۆرنیا دانیشم و بتوانم ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ هاوڕێیەکم بکەم لە پاریس بەهۆی ئیمەیلی ئەلیکترۆنیەوە، ئەگەر هەر لە ماڵەکەی خۆم بتوانم سەیری ڕووداوە کولتووری و سیاسییەکانی سەرتاپای جیهان بکەم، ئەگەر داتابەیسێک لە شوێنێکی دوورەوە پرۆفایلی منی تێدا بێت و زانیاری لەسەر من بدات بە داوودەزگا حکوومەتییەکان، ئەوانیش بڕیارێک دەربکەن کە کاریگەریی لەسەر ژیانم هەبێت بێ ئەوەی من ئاگام لێی بێت، ئەگەر بتوانم لە ماڵەوەڕا لە ڕێگەی تەلەڤزیۆن و کۆمپیوتەرەکەم شت بکڕم، کەواتە من کێم و لە کوێم؟ لەو بارودۆخانەدا، ناتوانم خۆم لە خود و ئەقڵی خۆمدا ببینمەوە یان پێناسەیەکم نییە بۆ خۆم، بگرە من بوونەوەرێکی لێک ترازاوم، ملکەچێکی پەرش و بڵاوم لە ناو قەوارەی کۆمەڵایەتیدا.

لە سەرەتای سەدەیەکی پڕ لە ئاژاوە و گۆڕاندا، ئێمە چی تر سنووری تەلەکان نازانین. هێمای ڕوون هەن کە تەلەکان چی تر بە ناو "گوندە جیهانییەکەی" ماکلوهاندا ناچن، ئەمەش لەبەر تەکنۆلۆجیای کیبڵ، تەلەڤزیۆن و سەتەلایت کە کاتی خۆی بە توخمەکانی یەکخستنی کۆمەڵگە دادەنران، کەچی ئێستە لە نزیکترین خزم و دۆستانمان دەکەن و دوورترین کەسیشمان پێ ئاشنا دەکەن کە پێشتر نەمانبینیون و نەمانناسیون. بەڵام،

وەرگرتنی زانیاری یارییەک نییە لە سفرەوە دەست پێ بکات. یەکێک دەتوانێت ئاگەداری زیانەکانی بارانێکی بە لێزمەی بەرازیل بێت و لە هەمان کاتیشدا حەوشەی پشتەوە لە گژوگیا پاک بکاتەوە.

ماکلوهان، ڕابەری لێهاتووی چاخی زانیارییە، چاوەکانی لەسەر هێزی تەکنۆلۆجی درکیان بەوە کرد کە تەکنۆلۆجیای هۆگەلی گەیاندن دەتوانێت هەموو مرۆڤ دووبارە بکاتەوە یەک هۆز، بەڵام ئەوەی بیر چووە بپرسێت ئاخۆ مرۆڤ دەیەوێت جارێکی تر ببێتەوە یەک هۆز. دیارە کە ئەمە دوورە لە ویستی ئێمە، ئەمەش گوزارەیە لە لیستکردنی ئالیەتەکانی گەیاندن لە ڕێگەی جیاواز و بۆ چەندان مەبەستی جیاواز. بەڵگەش ئەوەیە کە تەنیا جارجارە ئێمە دەمانەوێت کۆ ببینەوە و هەمان زانیاری و هەمان خۆشی وەربگرین. لە ناو ئەو گوندە جیهانییەدا، ئەگەر لەو شوێنەی تێیدا دەژین لێمان بپرسن کێ لە چاخی زانیاریدا دەژیت، ئێمە هەموومان ئەوە پەسند دەکەین لە ماڵێک بمێنینەوە کە ئەلیکترۆنییات، پرینت و وێنە و موزیکی تێدا بێت، ئالیەتی گەیاندنی خۆمان، هەریەکەمان بە ڕێگەی خۆیدا لێ خوڕێت.

ڕادیۆ لە کاتە زێڕینەکانیدا، واتە دەیەی سییەکان و چلەکاندا، ئەمەریکییەکانی وەک یەک میللەت کۆکردەوە تا بە زمانێکی گشتی بە شێوەزارێکی گشتی قسە بکەن، بەها ئەخلاقییەکان ئاڵووێر بکەن، لە شەڕی جیهانیی دووەم و گرانییە گەورەکە دەرباز بن. چی تر ڕادیۆ لە بالکۆنەکان دانەدەنرا. فیلمەکان لە نێو ستۆدیۆکاندا یادەوەرییەکی ون بوون. بە هەمان شێوە تەلەڤزیۆن، ئێستە کەناڵە کێبڵییەکان (ئەو کەناڵە تەلەڤزیۆنییانەی لە ڕێگەی کێبڵەوە لە ماڵەکان وەردەگیرتن) هەرسێ تۆڕە تەلەڤزیۆنییەکەیان ڕەت کردووتەوە. بەمانای وشە، کولتووری ئەمەریکی بەو میدیایە لێک ترازاوە کە سەردەمێک هەموومانی بۆ یەکتر ڕادەکێشا و کۆ دەکردەوە. میتافۆری ئەو شتەی ڕوو دەدات برێتییە لە "ئەوپەڕی ڕێگەی خێرای زانیاری" و یان کورتتر بڵێین " ڕێگەی گشت زانیاری". ڕەنگە میتافۆری باشتر هەبن بۆ دەربڕینی ئەگەرەکان، بەڵام ئێمە ئەوەیان بەکار دێنین.

ڕێگەی گشتیی زانیاریی گەیاندن بە سێ کەناڵی گرینگدا پەرت دەکاتەوە:

١- ڕێگەی گشتیی زانیاری، میدیای نوێ و ئیختیاری زیاتر دابین دەکات، ئەمەش ئیختیاری ئێمە زیاتر دەکات، ئەو ئیختیارانەش ئێمە لە خێزان و کۆمەڵگە جودا دەکەنەوە.

٢- ئەو ڕێگەیە تێکەڵ بەخەڵک دەبێت، واتە بەکارهێنەرانی زیاتر زانیاری کۆنترۆڵی دەکەن و خۆشیی لێ وەردەگرن. تێکەڵبوون وا دەکات "سەرچاوە " داوای داتا لە "خوارووی

خۆی" بکات. تێکەڵبوون ئەو کەسانە بە یەکتر ئاشنا دەکات و دەگەیەنێت کە هەرگیز یەکتریان نەبینوە، گوێیان لە یەکتر نەبووە، لە ڕێگەی ئیمەیلەوە دەبن بە نووسەری نەدیتکە شت بۆ یەکتر دەنووسن.

٣- ڕێگەکە پێوەندیی دوور دروست دەکات بۆ چالاکییە کەسییەکان. لە هەموو سەردەمێکی ڕابردوو زیاتر، خەڵک دەتوانێت هەر لە ماڵەوە کار بکات، لە ماڵەوە فێر ببێت، لە ماڵەوەڕا شت بکڕێت، خۆشییە دوورە دەستەکان بێنێتە ناو ماڵ، هەموو ئەمانە کۆمەڵگە دەهەژێنن بەتێنتر لە هەژاندنەکەی شۆڕشی پیشەسازی، بەڵام بە ئاڕاستەی پێچەوانە. ئەمە ئاکامی جیهانیی هەیە و هێزێکە شارەکان دەگۆڕێت.

شایەنی باسکردنیشە بەراوردێکە لەگەڵ ئیمپڕاتۆریەتی پیرۆزی ڕۆمانەکان، کە نەپیرۆزە، نەڕۆمانییە نەئیمپڕاتۆرییەتیشە. ڕێگەی گشتیی زانیاری، هەروەک لیۆ بۆگارت باسی دەکات، هەر تەنیا باسی زانیاری نییە، هەروەها باسی ڕێگەی گشتیی ئۆتۆمۆبێلیش نییە. لەبەرئەوەی شتێکە لەوانە سەرووتر، بۆگارت قسەکەی خۆی دەخواتەوە.

## ئیختیارەکان

مادام هەر ئالیەتێکی گەیاندنیی لە ڕێگەی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و کراوەدا بڵاو دەبێتەوە، کەناڵی گەورەتر و جۆراوجۆریی سەرچاوەکان، دەنگەکان، ناوەڕۆکەکان و جەماوەریان بەدوادا دێت. بەرهەمهێنەری زیاتر کەرستەی زیاتر و جۆراوجۆر بەژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵک دەگەیەنن. ئەمە خۆی وەک پێویستییەک لە چەندان کەناڵ ڕوودەدات؛ چونکە قەبارەی کەرستەکان، پاڵەپەستۆی کێبەرکێ و ئارەزوو و پێداویستییەکانی وەرگر (خەڵک) پڕ ناکرێنەوە بەو کەناڵەی ئێستە لەبەر دەستن.

ئیختیارەکان خەڵکی دڵخۆش دەکەن، بەڵام دەیانخەنە پەراوێزیشەوە. بنەمای سەرەکی برێتییە لە لادان لە چەق:

بازاڕەکان ئەو جۆرە کاڵایانە دێنن کە خەڵکی لە یەکتر جیا دەکاتەوە نەک ئەو شتانەی کە هەموومان هەمانە. ئەمە پێشکەوتنێکە لە ئەورووپای ڕۆژهەلات و ئەفریقا و ئاسیادا ڕوو دەدات و پێی دەوترێت پەرتەوازە بوون retribalization.

پەرتەوازە بوون واتە خەڵکی یەک جۆرە شت بەکار ناهێنن (بۆ نموونە یەک جۆرە مۆبایل) بگرە هەرکەسە بەپێی زەوقی خۆی شت بەکار دەهێنێت.

دەتوانین چاوەڕێی ئەوە بکەین کولتووری جۆراوجۆر و تایبەت بەڕۆشنبیری گەشە دەکات. ئۆپێرا نمایش دەکرێت، هەواڵی ئۆپێرا بە هەوادارانی دەگەیەنرێت، بنەما و

ئاڵوگۆڕی زانیاری مایکرۆبایۆلۆجی پەیدا دەبێت و ئەوانەی لە بوارەش کار دەکەن بەئاسانی شتیان پێ دەگات. هەموو ئەمانە لە کاتی خەڵک دەبەن و خەڵکی لە یەکتر دوور دەخەنەوە، وا لە خەڵکی دەکەن چی تر گرینگی بە وەرزش، سیاسەت، پاڵەوان و هەواڵەکانی ناوەخۆی وڵاتێک نەدەن...

ئەو کۆمەڵگەیە کە گرووپە بچووکەکان تێیدا بەئاسانی هەموو لەزەتێک وەردەگرن، یەکگرتنەوەی زەحمەتە.

ئەوەی شۆڕشی پیشەسازیی سەدەی نۆزدە زەقی کردەوە، ڕێگەی گشتیی زانیاری پووکاندییەوە. زەقکردنەوە بەرهەمێکی سروشتیی شۆڕشی پیشەسازی بوو. پووکاندنەوەش بەرهەمێکی سروشتیی شۆڕشی زانیاری دوای شۆڕشی پیشەسازییە. ئاوڕدانەوەیەک لەوەی لە میدیاکاندا ڕوو دەدات، کە بەندە بە چەندان ئالیەتی گەیاندنەوە، ئەو مەسەلەیە دروست دەکات.

با موزیکی تۆمارکراو بە نموونە وەربگرین: لە تەواوی سەدە تۆمارکراوەکاندا، تەنیا چەند موزیکێکی سنووردار هەبوون بۆ هەر کۆمەڵگەیەک، زۆربەی هەرە زۆریشیاندا چەند ئەندامێکی کۆمەڵگەکە خۆیان نمایشی دەکرد. سەدەیەک لەمەوبەر، کە تازە بیرۆکەی موزیک لەسەر کاسێت لە ناو دووکانەکاندا پەیدا بوو، ئەو سنوورە درزی تێ کەوت و نەما.

ئەمڕۆ دووکانی موزیک و تۆمارکردن، کەتەلۆگی جۆراوجۆری موزیک کەراشەی دەکات. ئەگەر تاکێک بیەوێت هەڵبژێرێت، ئیختیارەکانی ئەوەندە زۆری وەک چیمەن (فریز) وایە. ئەگەر ئەمە ڕوون بێتەوە کە لە وڵاتە ڕۆئاواییەکاندا (ئەوانەی لە ڕووی ئابوورییەوە دەوڵەمەند و لە ڕووی سیاسیشەوە کراوەن) خەڵکی زیاتر گرینگی دەدەن بە ئیختیاری زیاتری موزیک، ئەوا لۆجیکەکە ئەوەندە ڕوون نابێت بۆ هەر کۆمەڵگەیەک. هەندێ شوێن هەین بەکارهێنەری زیاتر تەنیا گوزارەیە لە یەکەی زیاتر نەک فرەیی، ئەمەش نیشانەی جیاوازییەکی بنەڕەتییە لە نێوان کۆمەڵگە ئازاد و کۆنترۆڵکراوەکاندا.

یان با وێنە جووڵاوەکان بە نموونە بهێنینەوە: هەرکە ستۆدیۆ زەبەلاحەکانی وەک MGM, warner bros, paramount, Columbia, 20th Century Fox, Universal کۆنترۆڵی بەرهەمی فیلمیان کرد، چەند دانەیەکی تر پەیدا بوون بۆ دابەشکردنی فیلمەکان لە ڕێگەی کەناڵی جێگیرەوە. چەند نەتەوەیەکی تر تەنانەت بەرهەمی کۆنترۆڵکراویان زیاتر بوو. ئەمڕۆ کۆمپانیای بەرهەمهێنان لە هەموو کونجێکی جیهاندا هەن، دروست دەکەن، تێک دەدەن و دروستی دەکەنەوە. تەکنۆلۆجیا نوێیەکانی گەیاندن هەم ڕێگەی نوێیان دروست کردووە بۆ دروستکردنی فیلم، هەمیش کەناڵی نوێی دابەشکردن کە لە سەرەتای سیستمی

ستۆدیۆکاندا خەون بوون. بازاڕی غەیرە ئەمەریکی یەکسانە لەگەڵ بازاڕی ئەمەریکی و پێشبینیش دەکرێ پێش تەواوی بوونی دەیەکە بازاڕی ئەمەریکی بەتەواوی داگیر بکەن.

یان با بیر لە کتێب بکەینەوە: کاتێ بەرهەمهێنان سنووردار بوو، ئەو بەرهەمەی ڕاهیبەکان کۆپییان دەکرد یان میتۆدە سەرەتاییەکانی چاپ دروستیان دەکرد، هەمەڕەنگی و هەمەجۆریی بەرهەمەکان شتێکی ڕێژەیی بوو. تەنانەت لە سەدەی نۆزدەشدا کەسانێک هەبوون دەیانگوت تەنیا ئینجیل و کتێبی Farmer's Almanac پێویستە بخوێنرێنەوە. ئێستە، لە کتێبخانەکان و دووکانەکانی کتێبدا کە سانسۆرێکیان لەسەر نییە کێشەکە ژمارەیە (یەکجار زۆرن)، مرۆڤ نازانێت کامە کتێب لەسەر ڕەفەکان دابنێت، کامە ناونیشانی نوێ هەڵبژێرێت لە پێشەوەی دابنێت تا ئارەزووی ئەو هەموو خوێنەرە ڕاکێشێت.

وەشانی ڕادیۆیی بەپێی ئاستی مرۆڤەکان تەسک کرایەوە: بەرنامەکان بەپێی تەمەن، ئیتنیت، ئاستی خوێندن و کولتوورەکانەوە بڵاو دەکرانەوە. لە وەتەی شەڕی جیهانیی دووەمەوە ژمارەی وێستگە ڕادیۆییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دوو، سێ هێندەیان لێ هاتووە. وەک هەندێ لەو کۆوارانەی کە فرۆشیان یەکجار زۆر بوو، ئەو فرۆشەیان نەما، هەرسێ تۆڕە ڕادیۆییە داگیرکەرەکەی ABC, CBS, NBC, پووکانەوە و کەمێک گەورەتر بوون لە دابەشکەرێکی هەواڵ. تەکنۆلۆجیایەکی نوێ، ڕادیۆ لەسەر ئینتەرنێت، جەماوەری لە گەڵێ وێستگەی ڕادیۆ زیاترە.

یان با باسی کۆوارەکان بکەین: دوو نەوە بەر لە ئێستە چەند کۆوارێک فرۆشیان یەکجار زۆر بوو و باڵیان کێشا بوو بەسەر بواری وەشانی کۆوار ئەمەریکا٪. ئێستە کۆوارەکان ڕێچکەیەکی نوێیان گرتووەتە بەر، بەدوای حەز و ئارەزووی خوێنەردا دەگەڕێن، ناتوانن وەک جاران گرووپی ئیتنی، ئاین، کار، ئارەزوو، بابەتی سێکسی دەستنیشان بکەن کە بەلایەنی کەم هەردەم یەکێکیان لە ڕۆژنامە، کۆوار و هەواڵنامەکاندا وجوودیان نییە. کۆوار ڕێچکەی پسپۆڕێتیی گرتووەتە بەر، ئێستە هەمان ئەو کارەی ڕادیۆ دەیکات کە دوای تەلەڤزیۆن جێبەجێی دەکرد، ئێستەش بزانن تەلەڤزیۆنە کێبڵییەکان ئێستە چی دەکەن. هەروەها لەگەڵ بڵاوکراوەی تایبەتی شاباشی تایبەتی هاتووەتە کایەوە. کۆوارەکان جەماوەرەکانیان لە دوو ڕێگەدا کۆ کردەوە، ڕێگەی کولتووری و ئارەزووەکانیان.

میدیای ڕاگەیاندنی کەمینە هێزێکی دوورە چەقە لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا لە ڕێگەی تواناکانیان بۆ ڕێکخستنی گوتارە جیاوازەکانی کەمینەکان و ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیی بە گرووپەکان و بە نەتەوەییکردنی ئارەزووەکانیان.

سـەبارەت بە ڕۆژنامـەكـانیش، ڕۆژنامـە ڕۆژانەییـیـەكـانی شـار زیانێكی زۆریـان بەهۆی تەلەڤزیۆنەوە پێ كـەوت، بەڵام ڕۆژنامـەكانی ناو قـەزا و ناحیـەكان تەمـەنیـان درێژتر بوو. بە هاوكاریی دیسكتۆپ بۆ بڵاوكردنەوەی تـەكنۆلۆجیا، زانیـارییە چاپكراوەكـانی تریش هـەر لە ڕێگەی دیسكـتـۆپەوە بڵاو دەكرێنەوە وەک هـەواڵنامـەكان. ئەم تێكەڵەیە چاپی ئەلیكـترۆنیی هێنا كایەوە، واتە ڕاپۆرتە هەواڵەكان لەسـەر ئینتەرنێت بڵاو دەكرێنەوە.

## تێكەڵبوون

هـەموو ئەو شتـانەی نووسراون، تەنیـا باس لە یەک لایەنی ڕێگەی گشتیی زانیاری دەكـەن، ئەو لایـەنەی كــە ترافـیـكی زانیــاری و خــۆشگـوزەرانی لە وێسـتـگەكـانـی دابەشكـردنەوە وەردەگرێت لە ڕێگەی سـەتەلایت، مایكرۆوێیڤەوە بەسـەر ملیۆنان خەڵک لە ماڵ و سـەركاردا وەشـان دەكرێت. كـەمتر لەبارەی ئەو ترافیكەوە دەخوێنینەوە كە بە ڕێگەیەكی تردا دەڕوات، لە ماڵەوە بـۆ شـوێنە دوورەكان، جگە لـە هێڵە گشتییەكان كە وا لە سـەرچاوە دەكات داوای داتا و و فیلم لە خوار خۆی بكات.

تێكەڵاوبوون لە ڕێگەی كێبڵەوە وای لە خەڵكی كرد هـەر لە ماڵەكانی خۆیانەوە دەنگ بدەن و بەشداری لە كۆبوونەوەی شاری نیو ئینگلاند بكەن لە سـەدەی بیست و یەكدا. لۆرێت ڕیتا دۆڤی شـاعیری ئەمەریكی بەخـەیاڵ باسـی ئەوە دەكات: بچێتە پۆلێک و باسـی شیعر بكات لە هـەمان كاتدا منداڵان لە دەرەوەی پۆلەكە سـەیری بكەن، گوێ بگرن و پرسیار بكەن.

بە بەرنامــەی هونەریی تەلەكـۆمـپیـوتەر، دەتـوانی ڕۆژێک لەگـەڵ هێنری كیسنجـەر، كیم باسـینگە یان بیلی گراهـام لەسـەر شـاشـە بەسـەر ببەیت. ناودارەكان دەتوانن سۆفتـوێری خـۆیان بفـرۆشن یانیش ڕاسـتـەوخـۆ لە ڕێگەی گـەیاندنی ڤـیدیۆیییەوە قسـە لەگـەڵ خـەڵكی بكەن. دەتوانـی كـۆرسـێكی تەواو لـەسـەر تێكەڵاوبوون لە فـیـزیا یان زانسـتی كـۆمـپیـوتەر وەرگری لەسـەر دەستی پرۆفیسـۆرە گەورەكانی جیهـان، كە وەڵامی پرسیـارەكانت دەدەنەوە و وات لێ دەكـەن خـۆت بە خـێـرایـیی خـۆت فـێـر بـكـەیت. دەتوانی تەواوی ڕۆژێک لەگـەڵ كـارمـەندانی ناو ئۆفیسـەكەت تێكەڵاو بیت و كـاریـان لەگەڵ بكەیت بـێ ئەوەی بچیـتـە ناو ئۆفـیسـەكـە، یانیش دەسـتـەیەكی جیـهـانی بەڕێوە ببـەیت، بێ ئەوەی هـەرگیـز بـە سـواری باڵەفڕە ئەمسـەر و ئەوسـەر بكەیت.

دەتوانی تەمـاشـای منداڵەكەت بكەیت لە كـاتی یاریی بەیسـبـۆڵدا لە هـەر كـوێیـەكی وڵاتدا بێت، دەتوانی تەمـاشـای سـوپەر بـاول بكەیت لە هـەر گـۆشـەیەكی یاریگەوە تۆ هەڵی بژێری، یانیش تەماشای تۆپی سـەبەتە بكەیت لەگەڵ مایكل جۆردن. دەتوانی بەسواریی باڵەفڕەیەک

بە سەر چیاکانی ئەلْپ یان زنجیرە چیاکانی ئێڤەرێستدا بچیت، بەهۆی شاشەیەکی بەهێز و وردەوە.

ئەگەرەکانی کارکردنیش لەسەر پسپۆڕێتیی بازاڕ گەرمکردن بەهەدەر نەچوونە. زۆر ئاساییە موشتەرییەک داوا لە خاوەن دووکانی کۆمپیوتەرێک بکات بەرهەمەکەی چۆن و داوای کوالیتی دڵی خۆی لێ بکات، ئەویش بەپێی ویستی موشتەرییەکە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە، یانیش وردەکاری و زانیاریی زیاتر لەسەر بەرهەمەکەی لەسەر کاغەزێک بۆ چاپ دەکات و دەداتە موشتەرییەکە. ئێستە شاباشە بازرگانییەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتی نێودەوڵەتی لەو کارە نیزیکن.

## گەیاندن لێکمان جودا دەکاتەوە

میدیای بزاو و فرە ڕێ، ئاوێنەی ماڵباتی بزاو و فرە ڕێیە. کاتی خۆی باو بوو کە ماڵباتێکی گەورە لە ژێر یەک باندا پێکەوە بژین، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ئیختیارەکانی میدیاش سنووردار بوو. ئەو شوێنانەی ئێستە میدیا تێیاندا سنووردارە برێتین لە وڵات و ڕێژیمە تۆتالیتارییەکان، گەلێ ماڵباتی گەورە هەن حەز دەکەن بەدیار کەون. ئەمە بەڕێک کەوت نییە کە زۆربەی کۆمەڵگە تۆتالیتارییەکان نەریتی خاوخێزان بەرز ڕادەگرن کە بەتوندی کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنیی کردووە.

بە پێچەوانەوە، ماڵباتە تێکچووەکان و شوقە تاک تاکییەکان برێتین لە بەرهەمی کۆمەڵگەیەکی پڕ لە ئیختیار. لە نێو ماڵی ماڵباتێکی مۆدێرندا، منداڵان و باوان هەریەکە و ڕێگە و سەرچاوەی جیاوازی خۆی هەیە بۆ گەیاندن.

لە ساڵی ١٩٩٣دا، ٣٧٪ی منداڵی ئەمەریکی، تەمەن ٩-١١ ساڵان، ٤٩ ٪ یان، تەمەن ١٢-١٣ساڵی، ٥٤٪ یان، تەمەن ١٤-١٥ساڵی سێتی تەلەڤزیۆنی تایبەت بە خۆیان هەبوو. "تاکەکەس" بوو بە " تاکەکەسی ڤیدیۆیی". دەنگی ڕادیۆکان زۆر بەرز دەکرانەوە، گەنجان بەتوندی هێدفۆنەکانیان دەخستە کونی گوێیانەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی ئەندامانی ماڵەوەیان گوێیان لێ نابێت. مرۆڤ بەردەوام سەری بەسەر کۆوار و کتێبەکانەوە بوو، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسەندتر بوون لە هێدفۆنەکان بۆ خۆدزینەوە لە ئەندامانی ماڵەوە.

هەر ماڵباتێکی ئەمەریکی لەسەر ژەمی ئێوارەدا، دەنگی موزیکی بەرز کردبایەوە ماڵباتێکی نائاسایی و نامۆ بوو. تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن لە کاتی نانخواردندا پەسندتر بوو بەلای دوو لەسەر سێی ئەمەریکییەکان. سوپەرمارکێتەکان شوێنی خۆشان بۆ

ئێوارەخوانی بەدیار تەلەڤزیۆنەوە جیا کردەوە. گاریسۆن کەیلەر ئێوارەیەک لە ماڵی هاوڕێکانی لە دانیمارک دەبێت، ئەمەی خوارەوە دەدرکێنێت:

... لە ناکاو حەپەسام بەو واقیعەی کە سەعاتێکی تەواو لە کاتی ئێوارەخواندا سوالفەمان کرد، دوو کوڕی رواڵ و سێ گەنج بووین، هیچ کەسمان لەسەر مێزەکەی هەڵنەستا بچێت تۆپانێ بکات یان سەیری تەلەڤزیۆن بکات.

شارستانییەت ئەو شتەیە ئێمە لە کاتی ژەمی نیوەڕۆ و ئێوارەدا هەڵی دەگرین. لە ئەمەریکا، خێزانێک دەتوانێت بۆ چەند هەفتەیەک بڕوات و هەرگیز لە شوێنێک دانەنیشێت و ٢٥ وشە یان زیاتر بڵێت، هەندێ جار بیر دەکەیتەوە و دەڵێی ڕەنگە دوای بیست ساڵی تر کەس قسە لەگەڵ کەس نەکات، ڕەنگە تەنیا لە ڕێگەی ئیمەیلەوە قسە لەگەڵ یەکتر بکەین.

لە ڕێگەی میدیاوە، قەوارەی کەسیی ئێمە لە پێوەندیی خوێنی، زەواج و دراوسێیەتی گۆڕاوە بۆ تۆڕێکی گرووپە بەرژەوەندییەکان کە ڕەنگە ئەندامانیان نەبینرێن و یادەنگیان نەبیسرێ. یان ئەگەر جارجارە بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ یەکتر بکەن، ئیمەیل بگۆڕنەوە، فاکس بنێرن، یان هەر ڕێگەیەکی تر بۆ گۆڕینەوەی بۆچوونەکانیان بێ ئەوەی پێویست بکات ڕووی یەکتر ببینن. چاتکردن لەسەر کۆمپیوتەر و ناسین لە ژوورەکانی ئینتەرنێت وەک گیا گەشە دەکەن. کۆوارێک بخوێنەوە و بزانە چۆن وێنەکان لە ڕێگەی هۆگەلی ڕاگەیاندنەوە گۆڕاون و بوونەتە ئەو واقیعەی ئێمە دەمانەوێت. ئەمە هەم بۆ سیاسەتمەداران و هەم بۆ ئەستێرەکانی سینەماش ڕاستە. کۆوارێکی ئەلیکترۆنی بخوێنەوە یان سەردانی ماڵپەڕێکی گەرمی جیهانی بکە و بزانە چەند بە خێرایی واقیع بەپێی ویستی ئێمە دەگۆڕێت.

ئێمە بە نێو ئیختیارەکانی ڕاگەیاندن، بەنێو وێستگەکانی ڕادیۆ، کەناڵە کێبڵییەکان و هەڵبژاردنەکانی ڤیدیۆدا دەگەڕێین، هیچ شتێک لەسەر کۆوار و کتێبەکان نەڵێین کە لە مۆڵ، دەرمانخانە و دووکانەکاندا دانراون. بۆیە کاتێ بەیانییان دەرگەمان دەکردەوە، بەردەرگەکەمان پڕ دەبوو لە ڕۆژنامە. هەروەها بۆکسی ئیمەیلمان پڕ دەبێت لە کەتەلۆگ بێ ئەوەی داواشیان لێ بکەین.

داهاتوو ئیختیاری زیاتر پێک دێنێ. ئێمە ئێستە لە ناوەڕاستی گۆڕانێکی بنەڕەتیدا دەژین لەوەی چۆن خەڵک داوای زانیاری و خۆشگوزەرانی دەکەن، هەروەها دەیانەوێ بە چ ڕێگەیەک زانیارییان پێ بگات.

کەناڵەکانی میدیا لە زانیاری لێرە و لەوێ دەربازمان دەکات. زۆر پێش تەلەڤزیۆن،

چارلس دیکنس بەخەیاڵ باسی ئەوەی کرد پۆستەچییەک بەخۆی و جانتاکەیەوە چی بۆ خەڵک دەهێنێت. لە بلێیک هاوسدا، خاتوون جێلیبی منداڵەکانی پشتگوێ دەخات تا بتوانێت جەخت بکاتە سەر پێشڤەچوونی خەڵکی بۆریبوولا، لەسەر لێواری چەپی ڕووبارەی نیجەر. منداڵەکانی پیس و پۆخڵ بووبوون، ماڵەکەی بێ سەروبەر بووبوو. خاتوو جێلیبی بەری چاوی گیرابوو بەو دوو سەد نامەیەی ڕۆژانە لەسەر بارودۆخی ئەفریقا وەری دەگرتن. تا ئەوساکەش زنجیرەی تەلەڤزیۆنی دانەهێنرا بوو.

## پێوەندی لە دوورەوە

گەلێ بەکارهێنەر لەگەڵ ئامێرەکە ئاشنایەتییان پەیدا کرد و پێوەندییان لە دوورەوە لەگەڵ یەکتر دەکرد، ڕەنگە ئەمە بۆ کاریش سەر بگرێت، هەروەها چاوەڕێش دەکرێت گەشت لە ڕێگەی گشتیی ئەلیکترۆنییەوە لە شوێنی کارکردنەوە بۆ چەرداخەکانی ماڵ ئەنجام بدرێت. بەکورتی هاتوچۆکردن بەڵام بێ ئەوەی لە دەرگەی پێشەوەی ماڵ بچینە دەرەوە. ئەو ماڵانەی چەرداخیان لێیە زۆر لە ئۆفیسە سەرەکییەکانی ناو شارە گەورەکان سەرنجڕاکێشترە کە لە دەرەوەی شارەکانن، ئەو شوێنانەی کە پیرەکان حەز دەکەن پارچەیەک زەوییان هەبێت و لەگەڵ سروشتدا بژین. گواستنەوەی دانیشتووان لە گوندەکانەوە بۆ ناو شار بەپاڵی چاخی پیشەسازییەوە بوو کە ڕەنگە بەهۆی نوێترین چاخی زانیارییەوە ئەو بارە هەڵنەگەڕێتەوە.

ڕێگەی گشتیی زانیاری کە بە نێو شوێنی خەیاڵیی تۆڕی ئەلیکترۆنیدا دەڕوات، ڕێگەیەکە بە نێو شوێنێکدا دەڕوات کە لە هیچ دروست کراوە. هەموو شتێک خەیاڵییە و هیچی بەردەست نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ڕێگە خەیاڵیی ئەلێکترۆنییانە بە قەد ڕێگەی گشتیی ڕاستەقینە ڕاست و دروستن و جیهانی ئێمە بەتەواوی دەگۆڕن. ڕێگەی گشتی بەنێو شارە ڕاستەقینەکاندا دەچێت، بەنێو وڵاتە ڕاستەقینەکان و کیشوەرە ڕاستەقینەکاندا. کاتێ نەفەر سەردەکەوێتە ڕێگەی ئەلیکترۆنی بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی، بۆ بازارکردنی و خۆشیی خۆیان، چی بەسەر شارە ڕاستەقینەکاندا دێت؟ هاووڵاتییە بژاردەکانی جیهانی نوێی ئینتەرنێت زانیاریی تەکنۆلۆجیا بەکار دێنن بۆ جوداکردنەوەی خۆیان لە نێو شارە جەنجاڵەکاندا. بۆ چەندان سەدە، خەڵکی جۆراوجۆر لە ناو شارەکاندا پێکەوە دەژیان. شارەکان بریتی بوون لە شوێنی فرە خەڵک و تێکەڵبوون و ئاڵۆزی. ئەمرۆکە بژاردەکان خۆیان لەو شوێنانە دوور دەخەنەوە... تەکنۆلۆجیای نوێ زیاتر ئازادیان دەکات لەوەی تەنیا وابەستە بن بەیەک شوێنەوە.

مانوێل کاستێلس پێشبینیی ڕاپەڕینێکی کۆمەڵایەتیی جیهانیی کردووە، تێیدا تەواوی هەرێمەکانی جیهان، وەک ئەفریقا، دادەبڕێن لە زانیاریی کۆمەڵایەتی. ئەفریقا کەمترین هێڵی تەلەفۆنی تێدایە، نزمترین ڕێژەی تەلەفۆنی تێدایە و بەرزترین نرخی هەیە بۆ تەلەفۆنکردن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

بە پێچەوانەی کۆتاییی ڕێگەی گشتیی زانیاری، دانیمارک هەیە کە ژمارەی دانیشتووانی ٥ ملیۆن کەسە و ڕێژەی خوێندەواری سەدا ٩٩یە. لە ساڵی ١٩٩٥دا، حکوومەت پلانێکی ڕاگەیاند کە هەموو داوودەزگا حکوومەتییەکان، نەخۆشخانەکان، دوکتۆرەکان، دەرمانخانەکان، ناوەندە بازرگانییەکان، قوتابخانەکان و پەیمانگەکانی توێژینەوە لە ماوەی پێنج ساڵدا بخاتە سەر ئینتەرنێت. هەر دانیمارکییەک ناسنامەیەکی دەبێت و ناسنامەکەشی ژمارەیەکی لەسەر دەبێت. تۆمارە گشتییەکان بۆ هەموو کەس بەردەست دەبێت، ئەمە تێڕوانینێکی کراوە و کۆمەڵگەیەکی بێ کاغەزی دروست کرد.

لەو وڵاتە ڕۆئاواییانەی دەوڵەمەندن بە میدیا، بانکی زانیاری خەڵکی دڵخۆش کرد و تەنیا بەپەنجە چاپێک هەموو چەشنە زانیارییەک لەسەر ئەو کەسە دەست دەکەوێت. وتارێک لە کۆواری نیو ساینتیست پرسیی " ئێستە کێ پێویستی بە کتێبخانە ماوە لە کاتێکدا زانیاری هەموو جیهان لەسەر تۆڕەکانی کۆمپیوتەر هەردەم بەردەستە؟"

هێزی دەرەوەی چەق، بەهۆی هۆگەلی گەیاندنەوە وامان لێ دەکات دوورکەوینەوە لەو شتانەی کە بەردەستن، بە سندووقی دەنگدانیشەوە. لە ئەمەریکای دەوڵەمەند بە میدیا، تەلەڤزیۆن لە ڕۆژی هەڵبژاردندا، بەبیر دەنگدەر دەهێنێتەوە کە سندووقەکان هێشتا کراوەن، دەنگدەر زۆر بەکەمی دێتەوە دەرەوە. وەک نەتەوەیەکی بینەر، ئێمە هەڵبژاردن بە چالاکییەک دادەنێین کە حەز دەکەین سەیری بکەین. خەڵکی زیاتر تەماشای دەنگدانەکە دەکات نەک خۆی بچێتە دەرەوە دەنگ بدات. سەبارەت بەهەڵبژاردنە مەحەلییەکان بۆ شارەوانییەکان و دەسپێشخەری شارەکان، چوونە دەرەوە بۆ دەنگدان شتێکی بێزارکەرە. بەڵام ئەمە شتێکی حەپەسێن نییە، چونکە زۆربەمان کاروبارە کۆمەڵایەتییەکانمان دەمێکە بەلاوە ناوە.

بەڵگەی بچووک و کەسی لەسەر ڕێگەی گشتیی زانیاری پەیدا بوونە. ئەوەی دەیویست کۆرپەیەک هەڵگرێتەوە و بەخێوی بکات، هەر لە ماڵەکەی خۆی، لیستێک منداڵی دەدۆزییەوە لە وڵاتانی تر لەسەر ئینتەرنێت. وردەکاری و وێنەیەکی منداڵەکەیان وەردەگرت بە یەک کرتەی ماوسی کۆمپیوتەرەکەیان. ئەوانەی زۆر دەگەڕان بەدوای منداڵدا، ئینتەرنێت بۆیان خەونێکی دڵخۆشکەرە.

هەندێ ناوچە هەن لە جیهاندا هیچ هۆیەلێکی گەیاندنیان نەگەیشتووەتێ. چەند ئەفسانەیەک هەیە لەسەر هۆزەکانی چیاکانی میانمار کە پێکەوە دادەنیشتن سەیری BBCیان دەکرد، هەروەها ڕێبەرێک لەسەر ڕووباری زامبێزی بەسەرنشینەکانی سەر بەلەمی دەگوت چی بینیوە لەسەر the simpsons.

شەشەم شۆڕشی جیهان، بریتییە لە ڕێگەی گشتیی بەهۆی بۆشاییەکی خەیاڵیی ئەلیکترۆنی.

## کۆمپیوتەر لە سەروبەری تەقینەوەیدا

لە کۆتاییی شەڕی دووەمی جیهانیدا، کۆمپیوتەر نەبوو جگە لە یەک دووانێک نەبێت کە لە نێو ژوورێکی گەورەی بەشی ئەندازیاریی زانکۆ دروست کرابوون. قەبارەیان بە قەد ژوورە گەورەکە دەبوو. نیو سەدە دواتر لە دەستی هەموو کەسێک دەبینران، نەک هەر تەنیا بچووک و شاشەکەی بەقەد شاشەی تەلەڤزیۆن دەبوو و کیبۆردێکێشی لە پێشەوە بوو، یان بچووکتر و سووکتر لە شێوەی لاپتۆپدا دروست کران، بگرە قەبارەی کلیلەکانی کیبۆردەکە بەقەد قەبارەی نینۆکی پەنجەیان لێ هات. کۆمپیوتەرەکان شوێنی کرێکارەکانیان گرتەوە، یارمەتیی پەککەوتەکانیان دا، یاری بە دەنگەدەنگی پێ دەکرا، منداڵانی فێر دەکرد، کۆنترۆڵی ئامێرەکانی دەکرد و تا دوایی. ڕۆژ بەڕۆژ زەحمەتتر دەبێت بیر لەوە بکەیتەوە بەبێ کۆمپیوتەر هەڵبکەیت. چارەنووسی ڕەهای کۆمپیوتەر پێ دەچێت ببێتە باکگراوندێک، لە هەموو شوێنێک هەبێت. بەڵام وەک هەموو ئالییەتەکانی تری گەیاندن، کۆمپیوتەریش ئێمە لە دەوروبەرمان جودا دەکاتەوە.

ئالڤین تۆفلەر بەم شێوەیە باسی کۆمپیوتەری کرد:

... بۆ سەر شەپۆلی دووەمی خێزان، کۆمپیوتەر هەڕەشەیەکی گەورەترە لە یاساکانی لەبارچوون و بزووتنەوەکانی هاوڕەگەزبازی و ڕووتەمەنی لە جیهاندا، چونکە خێزانی یەکگرتوو پێویستی بەسیستمی بەرهەمی زۆر هەیە بۆ هێشتنەوەی کۆنترۆڵ و شیرازەکەی.

## ئالیەتێکی گەیاندن

گەیاندن لە بنەڕەتدا خۆی ئامادە نەکردبوو بۆ ناوەندە کۆمپیوتەرییەکان، کەچی ئێستە کۆمپیوتەر بووەتە بەشێکی جیانەکراوە لە زۆربەی هەرە زۆری هۆگەلی گەیاندنی کەسی و جەماوەری. لە ڕۆژنامەیەکی گەورەی مۆدێرندا، کۆمپیوتەرەکان یارمەتیی پرۆسەی

لیسۆگرافی و ئۆفسێت دەدەن، هەر لە کرتەی پەنجەی پەیامنێران لەسەر کیبۆرد تا دەگاتە جیاکردنەوە و ژماردنی ڕۆژنامەکان، تا ئەو کاتەی ڕۆژنامەکە ئامادە دەبێت و چاوەڕێی ئۆتۆمۆبێلی دابەشکردن دەکات، کۆمپیوتەر هەر لەگەڵیە. وێڕای ئەو هەموو پێشڤەچوونەی، هاوکاریکردنی ڕۆژنامەنووسان لە ئامادەکردنی کۆپییەکانیان بەهۆی بەرنامەی وێردەوە، کۆمپیوتەر بووەتە شۆڕشێک ڕەنگدانەوەی لەسەر تەواوی لایەنەکانی پیشەسازیی گەیاندن هەیە.

کۆمپیوتەری بچووک و هەرزان و دیسکتۆپی ئاسان بۆ فێربوون، بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی سۆفتوێر، ڕاپەڕاندنی ئەو هەموو کارە، کە کاتی خۆی تەنیا پرینتەرێکی لێهاتوو کاری هەندێ لەو ئامێرانەی دەکرد. لەبەر گرانیی نرخی کارەکان لەسەر کۆمپیوتەر لە دەرەوە، کۆمپانیا گەورەکانی پرینتەر تەکنۆلۆجیایەکی نوێیان بەکار هێنا و خزمەتگوزارییەکانی پرینتەر و کۆمپیوتەریان خزاندە ناو ماڵانەوە: کامێرا و دیزاین و وشەسازی، فۆنتی جۆراوجۆر، گرافیک، فۆتۆ، دیزاینی لاپەڕە بەهۆی سۆفتویرەوە، لەگەڵ سکانەر و پرینتەری لێزەری. نووسەران بەوەیان زانی کە بڵاوکردنەوەی گۆوار و کتێبەکانیان ناگاتە ئەودیو سنوورەکانی ئەوان.

لە ڕێگەی بانکی زانیارییەوە، ڕۆژنامەنووسان ڕاپۆرتی بڵاوکراوەیان پێ دەگات. بەڵام ناتوانن خۆیان لە قەرەی ئەو فایلانە بدەن کە زانیاری لەسەر کەسایەتیی خەڵکیان تێدایە، ئەمەش گۆڕانێکی تری ژیانمان بوو. بۆ نموونە، دوای ئەوەی داهاتی باج خرایە نێو بانکی زانیاریی نەتەوەیی، ستافی ناوخۆی داهات گیران لەسەر ئەوەی خۆیان خزاندبووە ناو داهاتی خزم و دۆستانیان و ناودارەکان. مەسەلەیەکی پڕ لە گرفت هاتە گۆڕێ، ئەویش برێتی بوو لە جیاوازیی نێوان زانیاریی دەوڵەمەندان و زانیاریی هەژاران:

ئێمە پێشتر زانیومانە ئەوانەی پارەیان نییە ئەو جۆرە زانیارییەی وەری دەگرن خراپە لە چاو ئەوانەی پارەدارن، ئەوەش دەزانین کە قوتابییەکی هەژار ناتوانێت کۆمپیوتەر بەکار بێنێت وەک قوتابییەکی دەوڵەمەند. ئاخۆ ئەم نایەکسانیی لە وەرگرتنی زانیاریدا نابێتە هۆی لێکترازان و پەرتەوازەبوونی کۆمەڵگە، وەک ئەو سەردەمەی جووتیارەکان نەیاندەتوانی هیچ بخوێننەوە و زەنگین و ئاغاکانیش هەموو جۆرە کتێبێکیان لەبەردەست بوو.

تا ساڵانی شەستەکانیش کەس نەیدەزانی کۆمپیوتەر دەتوانێت وشەکان خەزن بکات و وەشانیان بکات. مێژووەکەی لە خەونی ئامێرێکەوە هاتووە بۆ حەلکردنی کێشە بیرکارییەکان.

تا چەند ساڵێک لەمەوبەر سێ پێشڤەچوونی سەرەکی هەبوو (لە پێدانی زانیاری): داهێنانی زمانی نووسین (بۆیەکردن یان نەخشاندنی زمانی نووسین) لە پێنج یان شەش هەزار ساڵ پێش ئێستە، هەزار ساڵ دواتر نووسینی ژمارەکان، پێنج ساڵ دوای ئەوەش چاپ هاتە کایەوە.

## کۆمپیوتەر چۆن دەستی پێ کرد

هۆیەلی ڕاگەیاندن لە زۆربەی مێژووی خۆیدا کۆمپیوتەری لە بیر نەبووە. بیرۆکەی کۆمپیوتەر لە ئەباکوس abacus ەوە هاتووە (ئامێرێکی مووروودارە منداڵی پێ ژماردن دەکرێت) کە لە شارستانییەتەکانی زەریای ناوەڕاست، ئاسیا و ئەفریقاوە بەکار هێنراوە بۆ ژماردن. لیۆناردۆ داڤینشی ئامێرێکی ژماردنی دیزاین کردووە، هەروەها دوو فەیلەسووفی سەدەی حەڤدە، بلێز پاسکال و گۆتفرید لێیبینز، شێوازەکانی کارکردنیان ئەو ئامێرەیان دانا.

لە سەدەی نۆزدەدا، قوتابییەکی ٢٠ ساڵەی بیرکاری لە زانکۆی کامبریجدا بە ناوی چارلس بابج، ئامێرێکی دروست کرد بۆ ژماردن. ئەو ئامێرە پێویست بوو بانکەکان، گەڕان، ڕووپێو، زانستی بیرکاری و زانستەکانی تر. بابج فیکرەکەی لە کارتی کونکراوی هەڵگرتنی زانیارییەکان وەرگرتووە، کە کارتەکان بەداوێک پێکەوە دەبەسترانەوە و بۆ ژماردن بەکار دەهات.

چەند دەیەیەک دواتر لە ئەمەریکا، کارمەندێکی نووسینگەی سەرژمێری بە ناوی هێرمان هۆلەریس، ئامێرێکی داهێنا بۆ ژماردنی زانیاریی سەر کارتە کونراوەکان. ئەو کارەی ئەو دەستی پێ کرد IBMای لێ کەوتەوە. نیو سەدە دواتر، لە تاقیگەکانی کۆمپانیای بێڵ بۆ تەلەفۆن، ئەندازیار جۆرج ستیبیتز یەکەم حاسیبەی دیجیتاڵی ئەلیکترۆنیی لە جیهان دروست کرد کە برێتی بوو لە کۆمپیوتەرێکی گەورە و کەم توانا. هەروەها لە پێشانگەیەکدا لە ساڵی ١٩٤٠، ئامێرێکی لە شێوەی کیبۆرد بۆ کۆمپیوتەرەکەی دانا لە ڕێگەی هێڵێکی ئاساییی تەلەفۆنەوە کە نیوهامشێری بەنیویۆرکەوە بەستیەوە، ئەمە ئامێرێکی تر تەلەکۆمیونیکەیشن بوو و بۆ یەکەم جار هێڵی تەلەفۆن و کۆمپیوتەری پێکەوە بەستەوە.

لە ساڵی ١٩٥٢دا، یونیڤاک Univac خەڵکی بە کۆمپیوتەر ئاشنا کرد کاتێ یارمەتیی تۆڕی وەشانی CBSی دا لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا، لە جیاتی ئەوەی پسپۆڕان پێشبینیی ئەنجامی نزیک کراوە، بکەن ئەو ئامێرە ئەنجامەکەی تەواو دەرهێنا. ئەمەش بۆ جاری یەکەم بوو کە کۆمپیوتەر بە تەلەڤزیۆن ببەسترێتەوە بۆ گەیاندنی زانیاری بە

جەماوەر، بەڵام گرینگی و بایەخی یەکەتییەکەی نێوان تەلەڤزیۆن و کۆمپیوتەر لە بەر پەرۆشیی بۆ هەڵبژاردنەکان لە بیر کرا.

## بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان لە ڕێگەی کۆمپیوتەری کەسییەوە

(Desktop Publishing دیسکتۆپ پەبلیشینگ)

دیسکتۆپ پەبلیشینگ دوای پرۆسەی وشەسازییەوە هات، کە لە ساڵی ١٩٧١ وەک تایپڕایتەرێکی تۆماتیکی دەستی پێ کرد کە ئەرکی نووسینی سنووردار بوو و لەلایەن پەنابەرێکی چینییەوە لە ئەمەریکا، دیزاین کرا. دوکتۆر ئۆن وانگ سەر بەدەستەی توێژەرانی خیرۆخ، گرافیکی لە ناو کۆمپیوتەر دروست کرد کە نەک هەر تەنیا بە ماوس کۆنترۆڵ دەکرا بگرە ڕووەکەی لەسەر شاشە نیشان دەدوا و بەرهەمی نیشاندراوی ڕەوانەی پرینتەرێکی لێزەریی دەکرد، ئەم پرۆسەیەش لە سەرەتادا پێی گوترا WYSIWYG (واتە چی دەبینی ئەوە وەردەگرێ). بەرنامەی پۆست سکریپت، بەرنامەی هێولێت پاکارد کە پرینتەرێکی لێزەریی نرخ هەرزانیشی هەبوو، هەورەها کۆمپیوتەری ماکنتۆشی واقیعی دیسکتۆپ پەبلیشینگی خستە بەر دیدی خەڵک. دیسکتۆپ پەبلیشینگ زاراوەیەکە لەلایەن پۆل برێناردرەوە داتاشراوە، دامەزرێنەری کۆمپانیای پەیجمەیکە، کە پێشەنگ بوو لە بەرنامەی دیزاینی لاپەڕەدا.

چاخی زانیاری، ئەرشیف و داتابەیسی خستە سەر سیدی، خستە سەر هارد و فلۆپی، کە هەردووکیان میدیای موگناتیسی و بینراو بوون. نێکسیس و لێکسیس Nexis and Lex-is دوو باشترین داتابەیسن لە کۆی ٤ هەزار داتابەیسی تر بۆ وەرگرتنی زانیاری.

کۆمپیوتەر و پرینتەری لێزەر، هەر بەخۆیان یەکەم دەرفەتیان بۆ خەڵکی نەڕەخساند، شتەکانیان تێیدا بڵاو بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، تایپڕایتەر و ئامێرەکانی میمۆگراف دەمێکە کاریان پێ دەکرێت. ئەوەی کۆمپیوتەر و پرینتەری لێزەری پێشکێشی دەکەن داوەرانەیە، ئەویش برێتییە لە ناوەندەکانی پێشکێشکردنی بەرهەمێکی سەرنجڕاکێش و هەندێ جار پرۆفێشناڵانەش بە جەماوەر. بە دەیان هەزار خەڵک لە ڕابردوو ئەم کارەیان دەکرد، واتە نووسینەکانیان بە جوانی ڕێک دەخست، بێ ئەوەی داوای یارمەتی لە کەس بکەن. لە دیدێکی واقیع بینانەوە، دیسکتۆپ پەبلیشینگ گوزارەیە لە خوردکردنەوە و پێدانی زانیاری بە هەموو کەسێک.

بەکارهێنەرە سەرەتاییەکان بازرگانییان پێو دەکرد، کاتێ بوون بە پرینتەری بازرگانی بۆ بەرهەمهێنانی نامیلکە و کۆوار لە ماڵەوە. چی تر چاوەڕێی دەستی پرینتەرەکان و

بەڵێنەکانیان نەکرد، هەروەها کەمتر نیگەران بوون لەو گۆڕانانەی لە دوا خولەک دەکران.

قوتابخانەکان، داوودەزگا حکوومەتییەکان، یانەکان و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان بێ شومار ڕۆژنامە، هەواڵنامە، کۆوار و بڵاوکراوەیان بەرهەم هێنا. چێشتخانەکان لیستی خواردنەکانیان چاپ کرد، شانۆکان بەرنامەکانیان چاپ کرد، قوتابییەکانیش زاراوەکانیان لەسەر شتە چاپکراوەکان دەخوێندەوە.

لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە، دیسکتۆپ پەبلیشینگ بەقەد دەسپێکی چاپ لە ئەورووپا کۆنە، چونکە گۆتنبێرگ و ئەوانەی لە نیوەی هەزارەی پێشوو ڕێبازی ئەویان گرتە بەر بڵاوکەرەوەی شتە چاپکراوەکان بوون. هەروەها بێنجامین فرانکلینیش شوێن پەنجەی لەو ڕووەوە دیاربوو. سەدەیەک لەمەوبەر شتەکان لە ڕێگەی پەیدابوونی ئامێرێکی گەورە و بەنرخەوە گۆڕان وەک بەشێک لە شۆڕشی پیشەسازی. لە ڕوویەکەوە نوێترین شۆڕشی گەیاندن سەعاتی گەڕاندەوە دواوە. چاودێرێک لەو بارەیەوە گوتوویەتی:

ئەوەی سەرنجی من ڕادەکێشێت ئەو فیکرەیە کە هەندێ نووسەری ناودار دیسکتۆپ پەبلیشینگ بەکار دێنن بۆ نووسینی کتێبەکانیان یان نامیلکە یان ڕۆژنامەکان کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کولتووری ئێمەدا هەیە.

تەنانەت ئەوانەشی کە پابەندن بە نووسینەوە، درکیان بەوە کرد کە وشەکانیان چاپ بکرێت، زیاتر دەمێنێتەوە، بۆیە پرۆسەی چاپکردنی وشە هێمنی و ئارامی بەنووسەرانی نامە دەبەخشێت.

دیسکتۆپ پەبلیشینگ، هێشتا پیشەسازییەکی گەنجە، کاریگەرییەکی زۆری هەبووە و هەیە لەسەر نووسین و شێوازی دابەشکردنیا. نووسەران، نووسیاران، بڵاوکەرەوان، کتێبخانەچییەکان و کتێبفرۆشان لەگەڵ ئەو تەکنۆلۆجیا نوێیە ڕاهاتوون، کە نەک تەنیا گۆڕانە بنەڕەتییەکان بە وشە دەگەیەنرێنە خەڵک، بگرە هەموو شتێک بۆ هەموو کەسێک دابین دەکات. لە هەموو بوارێکی هۆگەلی گەیاندندا، بەرهەمهێنەری زیاتر ناوەڕۆکی زیاتر و هەمەجۆرتر دەگەیەنن بەجەماوەرێکی زیاتر.

## کۆوارەکان خوێنەرەکانیان دەکەنە ئامانج

وێڕای تەشەنەکردنی ڕکابەری لە نێو میدیاکانی تر، کۆوارەکان لە پێشەنگی خولیای خەڵکیدا بوون وەک ڕێگەیەک بۆ وەرگرتنی زانیاریی ڕووداو و خۆشگوزەرانی. لێکۆڵینەوەیەک لەسەر پیشەسازیی کۆوار دەری خستووە کە نزیکەی نۆ لە دەی خەڵکی ئەمەریکی مانگانە بەڕێژەیەکی ئاسایی ١٠ کۆوار دەخوێننەوە. ڕەنگە پێشبینیش بکرێت،

خوێنەرە زەنگینەکان زیاتر کۆوار دەخرێننەوە، بەڵام کۆوارێک کە درەوشاوە، وێنەی جوان، هونەری و ڕەنگیی تێدا بێت. هەروەها خەڵکی خاوەن بڕوانامەی نزم و کەم خوێندەوارەکانیش و تەنانەت نەخوێندەوارەکانیش کۆواریان بەدەستەوە دەبینرێت. گەشتیاران بۆ وڵاتانی دەرەوە سەیری لاپەڕەی کۆوارەکان دەکەن و سەیری وێنەکان دەکەن، سەیری وێنە و مانشێتەکان دەکەن، تەنانەت ئەگەر لە زمانەکەش تێ نەگەن.

کۆوارەکان پێشەنگی هێزی دەرەوەی چەق بوون، ئاراستەیەک بۆ پرۆسەی پەرتەوازە بوون کە خەڵکی لە یەک جودا کردەوە. پیشەسازیی کۆوار ڕێگەی بەمیدیاکانی تریش نیشان دا خەڵکی بکەن بەئامانجی خۆیان، چاو ببڕنە ئەو گرووپە خوێنەرانەی کە بڵاوکراوە وەرزییەکان و ڕۆژنامە ڕۆژانەکان ناخوێننەوە، بگرە بەشێوەی ئابوونە بەشدارن لەو کۆوارانەی کە پەیامەکانیان سنووردار کردووە، چاو ببڕنە ناوچەکانی تر، تەمەنی جیاواز، ئارەزوو، ئاین و ڕێکخراوەکان.

وەک کۆوارە گشتییەکان، ڕادیۆش بوو بە قوربانی سەرهەڵدانی تەلەڤزیۆن لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیدا. وێستگەکانی ڕادیۆ وەڵامیان لەلایەن جەماوەری تایبەتی خۆیان درایەوە، کۆوارەکانیش هەر وابوو، هەرچەندە سروشتی لۆکالی ڕاکیۆ تواناکانی چڕ دەکردەوە بۆ تەسککردنەوەی مەودای خوێنەر بەپێی ئارەزووی ئەوان و توانای کۆوارەکە. ئەگەر تەکنۆلۆجیای نوێی ڕادیۆ لەسەر ئینتەرنێت سەر بگرێت و سەرکەوتوو بێت، ڕەنگە بە ئامانج گرتنی جەماوەر بەپێی ویست و ئارەزوویان پەیدا بێت، کە ئێستە کۆوارەکان بەو شێوەیە کار دەکەن. هەرکە ژمارەی کەناڵە تەلەڤزیۆنە کێبڵییەکان زیاد دەکات، هەمان شێوەی کارکردن لەسەر جەماوەر دێتە کایەوە.

سەرکردەکانی تیراژ ژمارەیەکی یەکجار زۆر بەو شاباشچییانە ئاشنا دەکەن کە هاوکاریی زیادبوونی فرۆشی کۆوارەکەن دەکەن، تەلەڤزیۆن گلەیی لێ کرا لەبەر لەناوچوونی کۆوارەکانی وەک Look Saturday evening post, Life, Collier and. کە ئەمانە هەموویان تیراژیان لە ملیۆنێک زیاتر بوو. بەڵام کۆواری تایبەتی زیاتر گەشەی کرد. ڕێژەی شاباشەکانیان نزمتر بوو و خوێنەرەکانیشیان زیاتر حەزیان دەکرد وەڵامی شاباشی تایبەتی بدەنەوە.

ئەو کۆوارانەی تیراژیان زۆرە تا ئێستەش بڵاو دەکرێنەوە. کۆواری modern maturity هەردوو مانگ جارێک کۆمەڵەی خانەنشینانی ئەمەریکا دەری دەکات، هەر ژمارەی ٢٠ ملیۆن دانەی لێ چاپ دەکرێت. پاشکۆی Paradeی ڕۆژنامەی Sunday تیراژی ٣٦ ملیۆن دانەیە. هەندێ لەو کۆوارە تیراژ زۆرانە جارجارە بازرگانی تریش دەکەن. کۆواری -Read

er's Digest له ساڵی ١٩٢٢ دامەزراوە، لەبەر یەکی زۆریی تیراژەکەی کێشەی دابەشکردنی هەیە. مانگانە Digest نزیکەی چل بڵاوکراوە دەردەکات، لەوانەش Braille بەهەژدە زمان، مانگانە لە سەرانسەری جیهان ٣٠ ملیۆن دانەی لێ دەفرۆشرێت. کۆواری هەفتانەی TV Guide تیراژی ١٥ ملیۆن دانەیە، بەڵام بڵاوکراوەی تری نییە.

کاری دابەشکردن خەمی گەورەی بڵاوکەرەوەکانی کۆوارە نەتەوەییەکانە وەک Time و Newsweek و ڕۆژنامە نەتەوەییەکان. بۆ دابەشکردن بە سەر ماڵەکاندا لە ڕێگەی تایبەتی یان سیستمی پۆستەوە لە ڕۆژی دووشەمان لەگەڵ ئەو زانیارییانەی کە لە یەکشەمەش نووسراون، سەتەلایتەکان لاپەڕەکان دەنێرنە هەرێمەکان، لەوێشەوە کۆوارەکان بەباڵەفڕ و دەبردرێن و لۆرییەکانیش بۆ دابەشکردنی ناوەوە. خوێنەرانی کۆوارە زەبەلاحەکان ترسان کاتێ بۆ یەکەم جار درکیان بەوە کرد ناو و ناونیشانیان و ئابوونەیان لەسەر بەرگی کۆوارەکان نانووسرێن لە جیاتی ئەوە لەسەر پارچە کاغەزێک دەنووسران.

کۆوارەکان چەندان وەڵامی جیاوازیان هەبوو بۆ پرسیاری داهاتی ئابوونە بەرامبەر بە فرۆشی کۆوارەکە چەندە. ئەوانەی ئابوونەیان دەدا داشکانیان بۆ دەکرا، بەڵام شاباشچییەکان دەیانەوێت بگەنە ناو ماڵی هەموو کەسێک. کۆواری New Yorker زیاتر حەزی لە سیستمی ئابوونەیە. کۆواری cosmopolitan حەزی لە ئابوونە نەبوو، نرخی کۆواری کەم کردەوە و ئابوونەی زیاتر کرد.

بەڵام، زۆربەی کۆوارەکان تیراژیان کەمە، قازانج لە شاباش و ئابوونە دەکەن، هەروەها بەویستی خوێنەرانیان بابەت بڵاو دەکەنەوە. لەوانەش کۆوارەکانی zine (زاین: ئەو کۆوارە دەگرێتەوە بۆ پسپۆڕان دەنووسرێت) کە سەربەخۆن و لە هەموو جیهان بە جێگرەوەی ڕۆژنامەوانی دادەنرێن. هەندێ بەسەدان لەو کۆوارە بەلاش دەچێتە ماڵی ئەو کەسانەی کە هاوڕان لەگەڵ نووسەر یان بڵاوکەرەوەکە، یان ئەوانەی ئامادەن قەناعەت بکەن. زاینەکان لە گەلێ وڵاتدا وەک بەشێکی جێگرەوەی ڕۆژنامەوانی بوونی هەیە. بەتایبەتی لە یەکەتیی سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆهەڵاتدا، کە پێیان دەگوترێت samizdat دەمێکە ڕەخنەیان لە حکوومەتی کۆمونیست گرتووە. زاینە ئەمەریکییەکان هیچ ڕێزێک لە سەرکردایەتیی ئەمەریکی نانێن. جیاوازیی سەرەکی بریتییە لە ئازادیی بڵاوکردنەوە.

نوێترین فیکرەی کۆوار لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا بریتی بوو لە جۆرێکی جیاوازی زاین، ئەویش زاینی ئەلیکترۆنی بوو. شتێکی سەیر بوو کە ئینتەرنێت، کە بە گەلێ ڕێگە خەڵک بەپێی ویستەکانیان پێکەوە دەبەستێتەوە، کۆواریشی پێشکێش دەکرد. لە ١٩٩٦دا، بەسەدان کۆوار ڕۆژانە لەسەر ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت هەبوون. هەر لایەنێک ماڵپەڕێکی

خۆی هەبوو، کەرتی وتار، شاباشەکان و لینکەکان دەیان تۆڕی ترەوەی تری. هەندێ زاین دەکرێ لەسەر سیدی بکرِدرێت، ئەمانە توخمی سەرەکین لە جیهانی فرە میدیاییدا.

زۆربەی کۆوارە تیراژ کەمەکان و هەواڵنامەکان کە تیراژیان لەوانیش کەمتر بوو لە ساڵانی نەوەدەکان پەیدا بوون و زۆریش قەرزداری دیسکتۆپ پەبلیشینگن. لەگەڵ مایکرۆکۆمپیوتەر، سکانەری رەش و سپیی فۆتۆ، پرینتەری لێزەری بۆ پرینتکردنی وێنە ئامادەکانی سەر کامێرا، بەرنامەی دیزاینی پەڕ، بچووکترین بڵاوکەرەوە خۆیان لە قەرەی ئەم کارە دا، بەم شێوەیە بڵاوکەرەوە و بەرهەمهێنەری زیاتر لە هەموو سەردەمێکی پێش خۆیان زیاتر شتی زیاتریان بەخەڵک گەیاند.

## مەڵتی میدیا، کتێبێکی نوێتر

Multimedia: مەڵتی میدیا (فرە میدیا)

مۆلی ئارمسترۆنگ، قوتابی بوو لە زانکۆی سان ئەنتۆنیۆ، تکساس وێنەی دڵی مریشکێکی گرت لە رِێگەی هاوێنەکانی مایکرۆسکۆبەوە. ئەو کچە قوتابییە وێنەکانی گواستەوە سەر کۆمپیوتەرێک تێیدا کردییە شێوازێکی سێ دووری. وێنەکانی خستە سەر کاسێتێکی ڤیدیۆیی و وەک باسی کۆرسی یەکەمی پێشکێشی پۆلەکەی کرد.

## مەڵتی میدیا چییە؟

کارە سەرنجڕاکێشەکەی یەکێکە لە پێناسەکانی مەڵتی میدیا، چونکە چەندان میدیا تێکەڵ دەکات بۆ ئەنجامێک. پێناسەیەکی تەسکتر پێویستی بە تێکەڵاوبوون هەیە لەلایەن ئەو بەکارهێنەرەی کە دەتوانێت بگاتە ئەو توخمانە: گرافیک، ئەنیمەیشن، ڤیدیۆ و ئۆدیۆ لە رِێگەی لینکەکانەوە کە وا لە بەکارهێنەرەکە دەکەن لە هەر شوێنێک بیەوێت کرتە بکات و کاریان پێ بکات.

وەک نموونەیەکی ئەو جۆرە لینکانە، با بە مێژووی میدیا دەست پێ بکەین لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت بەبابەتی مێژووی میدیا. دەستەواژەی "مێژووی میدیا" لە کلیلی گەڕاندا دەنووسین. لیستێکمان دێتە پێش چەندان ئیختیاری تێدایە. کرتە دەکەین لەسەر یەکێک لە گرافیکەکان بەناوی "پرۆژەی مێژووی میدیا". بەهۆی لینکەکانەوە، کرتە لەسەر " پێوەندییەکان" بۆ " تەلەڤزیۆن" دەکەین. لەوێوە با کرتە بکەین لەسەر " airwaves Golden Age Media "page. لە ناو ئیختیارەکاندا، کرتە دەکەین لەسەر " سێبەرەکە". کە بە دەستەواژەی " کێ دەزانێت لینکەکان چی دەکەن..." خوێنەر دەورووژێنێت. هەندێ لەو

پێوەندییانە دەمانباتە ناو وێنەی جووڵاو و دەنگدار. ئەگەر کرتەمان کردبا لەسەر CD-ROM، ئەوا ڕەنگە نووسین و زانیاریی بینراوی زیاترمان بە قەد مەوسوعەیەک دەست دەکەوت.

پرۆفیسۆرێکی زانکۆی دیلاوێر پێناسەی فرە میدیا دەکات و دەڵێ مەڵتی میدیا چییە و چی نییە؟

یەکەم، دەبێ کۆمپیوتەرێک هەبێت بۆ هەوئاهەنگی ئەوەی چی دەبینی و دەبیستی، هەروەها بۆ تێکەڵبوون. دووەم، دەبێ لینک هەبێ بۆ پێک بەستنەوەی زانیارییەکان. سێیەم، دەبێ ئالیەتی گەڕان هەبێت کە تۆ دەبەستێتەوە بە زانیاریی ترەوە. دواجار، لەبەرئەوەی مەڵتی میدیا بینەرێکی وەرزشی نییە، دەبێ چەند ڕێگەیەک هەبێ بۆ تۆ بۆ کۆبوونەوە، پرۆسە و بۆ گەیاندنی زانیارییەکان و فیکرەکانت.

ئەگەر یەکێک لەمانەی سەرەوە نەبێت، ئەوا تۆ مەڵتی میدیات نییە. بۆ نموونە، ئەگەر کۆمپیوتەرت نەبێت، بۆ تێکەڵاوبوون، ئەوا میدیایەکی تێکەڵت هەیە نەک مەڵتی میدیا. ئەگەر هیچ لینکێک نەبێت بۆ دابینکردنی پێکهاتە و دوورییەکان، ئەوا تەنیا ڕەفەی کتێبانت هەیە نەک مەڵتی میدیا. ئەگەر هیچ ئالیەتێکی گەڕانت نەبێت ڕێگەت پێ بدات بڕیار لەسەر کۆرسی کارکردن بدەیت ئەوا ئەمە دەبێتە فیلم نەک مەڵتی میدیا. ئەگەر نەتوانی فیکرەکانت بگەیەنی ئەوا دەبێتە تەلەڤزیۆن نەک مەڵتی میدیا.

## سیدی ڕۆم CD-ROM

ئەگەر کاسێتێکی ڤیدیۆیی کۆپییەکی ڕێی گشتیی زانیاریت (ئەم باسەی ناو ئەم کتێبە) پێ بدات، ئەوا سیدی ڕۆمیش دەتوانێت. هەزاران سیدی بڵاو کراونەتەوە لەسەر بابەتەکان لە ئەستێرەناسییەوە بگرە تا دەگاتە ئاژەڵناسی (واتە لە Aەوە تا دەگاتە Z: Astronomy to Zoology). زانیارییەکان لەسەر سیدییەک بە دەست هەڵدەگیرێت، نەک هەر تەنیا دەتوانی بخوێنیتەوە بگرە دەنگ و وێنەی جووڵاویشی لەگەڵدایە. داتابەیسەکان ڕێگە دەدەن بە بەکارهێنەران بە کەیفی خۆیان بەدوای زانیاریدا بگەڕێن، ئاسان وەک هەڵدانەوەی پەڕەکانی کۆوارێک، بەڵام ئەم پەڕانە جیاوازن لە هی کۆوارەکان، چونکە دەتوانن قسە بکەن.

پلێیەرە سەرەکییەکانی سیدی ڕۆم: سۆنی، فیلیپس، تایم وارنە، تۆشیبا. ئەمانە هەمووی لەسەر فۆرماتێکی جیهانی بۆ دی ڤی دی (دیسکی دیجیتاڵی ڤیدیۆیی) ڕێک کەوتن، کە دەتوانێت فیلمێکی تەواو لەسەر سیدی هەڵگرێت. دی ڤی دییەکان ڕکابەری لەگەڵ کاسێتە

ڤیدیۆییـیـەکان دەکـەن، کە سـوودی تۆمـارکردنیـان هـەیە. بەڵام، دی ڤـی دی وێنەیان زۆر باشـترە لە هێمای ئەنـەلۆگی کاسێت و هـەروەهـا کەناڵی فرە دەنگیشـی تێدایە. سـەرەڕای ئەوەش، بەکارهێنەر دەتوانێت ڕاسـتەوخـۆ بچێتە ئـەو بەشـەی حـەزی لێیـەتی. لە کۆتاییی ڤیدیۆکەدا، وەک کاسێت نییە هەڵبکرێتەوە.

دانانی کتێب لەسـەر سیدی شـتێکی زیادەی خستـە سەر ناوونیـشانەکانی سی دی ڕۆم. مـەوسـووعـەکـان و سـەرچاوەکـانی تری کـتـێب بە سـەدان هـەزار ناوونیـشــان لە خـۆ دەگـرن لەسـەر بابەتی هـەمـە چەشنە، بە تـایبـەت کتێبـەی منداڵان. ئەمـەی خـوارەوە شـاباشـێکە بۆ کتێبێک لەسـەر سیدی ڕۆم:

زەحمـەتە بە سامانـی فیلمەکان، فۆتۆیەکان، دەنگی ئاژەڵان، چیرۆکەکان و زانیاریی ورد بڕوا بکەیت. سۆفـتوێر ئەمـانەی هـەموو لە san diego zooìthe animals کۆ کـردووەتەوە. ئەم گەشـتە مـەڵتی میدیایەی سـاند دیاگۆ بەدوای ژیانی زیاتر لـە ٢٠٠ ئاژەڵدا دەگەڕێت، ١٣٠٠ فـۆتۆی لەگەڵدایە، یەک سـەعـات کلیـپەکـەیەتی. لە ٢٥٠٠ لاپەڕەدا بـە وردی باسـی ئاژەڵان دەکات و بە هێلکاری و گرافیکیش ڕوون کراونەتەوە.

زەحـمـەتە ئەم کـارە بە کـتـێبـێک دابنێـیت، وێڕای ٢٥٠٠ لاپەڕەی، ناسـاندنەکـەی ڕەنگە ئاسـانتر بێت ئەگـەر بڵێیت بەسەدان وێنەی تێدایە، ڤیدیۆ کلیپی لەگەڵە و وێنەی جـووڵاوی تێدایە بۆ نیـشـاندانی بەشـەکـانی ئاژەڵان. یان کـتـێبی ئەفـسـانەکـان بە مـوزیکەوە، ئەوا منداڵەکان زۆر حەزی لێ دەکەن و دەیکڕن و خۆیان دەیخوێننەوە و گوێشی لێ دەگرن.

کتێبـەکانی لەسـەر کاسێتـە دەنگییـەکان، چەندان سـاڵ لـەمـەوبەر هـەر هـەبوون. ڕۆژانە دەفـرۆشـران و زۆر باو بوون. پسـپـۆڕانی پەروەردەییی ڕەخنە لەوە دەگرن کـە سـیـدییـەکـان وەک تەلـەڤـزیۆن تـیـشـکیـان هـەیە و بۆ منـداڵان خـراپـەن. بەڵام لە ڕوویەکـی ترەوە ئەمــە لە خوێندەوارییەوە دەچێتە قاڵبی هزری لۆجیکی.

لە ١٩٩٦دا، بە هـەزاران سـیـدی ڕۆم هـەبوون، ڕۆژانە زیاتریش دەکـەوتنە بازاڕەکـانەوە. زیاتر لە شـێوەی کـەتەلۆگ دەردەکـەوتن وەک مـەوسـووعـە و پولی پۆسـتـە، نەخشـەی هـەمـوو شـەقامـەکانی ئەمـەریکا، هـەموو ژمـارە تەلەفـۆنەکانی ئەمـەریکا، ژمارەیەکـی زۆری کتێب و یارییـەکان، هـەروەهـا لەگەڵ هونەر و فـۆتۆگرافی لەسـەر هـەمـوو جـۆرە نیگارێکی مـۆدێرن و کلاسیک. ئەمە زۆر زیاترە لە تێگەیشتنەکانی ماکلوهـان کە بە سـەعات وانە و بۆچوونەکانی لەسـەر کاسێت و کاسێتە دەنگییـەکانە، لەگەڵ دەقی تەواوی "تێگەیشـتنی میدیا و مـەجەڕی گۆتنبێرگ".

## زانینەکانی سەر سیدی ڕۆم

Blender بلێندەر یەکێک بوو لەو شەش کۆوارە ئەمەریکییەی لەسەر سیدی ڕۆم بوون لە ساڵی ١٩٩٦دا. بلێندەر لە هەر ژمارەیەکدا ٧٥ هەزار دانەی لێ دەفرۆشرا، هەر دانەی بە ١٢ دۆلار بوو، هەروەها ئەوانەشی لەسەر ئینتەرنێت تەماشایان دەکرد دەبووایە ئابوونە بدەن. وەک هەموو کۆوارەکانی تری سیدی ڕۆم، یان زاینەکان، باسی کولتووری پۆپ و هەواڵە هەمەڕەنگەکانی دەکرد، هەروەها دەشیتوانی بەئاسانی هەواڵە سیاسی و ئابوورییەکانیش داپۆشێت. لە هەر سیدییەکدا تێکەڵەیەکی دەق، ئۆدیۆ، ئەنیمەیشن، هێڵکاری و گرافیک و ڤیدیۆ بوو. هەموویان دیجیتاڵ و ڕەنگاوڕەنگ بوون. بلێندەر هەردوو مانگ جارێک دەردەچوو، هەروەها باسی فیلمەکانیشی دەکرد، چەند پارچەیەکیشی لە فیلمەکان تێدا بوو، دیمانە، وتار، یارییەکان و شاباشیشی تێدا بوو.

دروشمی بڵاوکەرەوەکان بریتی بوو لە " شەپۆلی یەکەمی میدیای نوێ". ئەو شاباشانەی تێدا بوو کە سوودی هەبوو بۆ تێکەڵاوی مەڵتی میدیا. بۆ نموونە، شاباش بۆ پێڵاوی سکۆچ و پوما بۆ تێنس لە کاتی یاریکردندا باسیان لێوە دەکرا. هەروەها شاباشیان تێدا بوو بۆ فیلمەکانی سۆنی. ڕەنگە بەکارهێنەر نیو سەعاتی بە سەر دەبرد لە گەڕان بە دوای جیهانی سۆنی و دیوارزدا. کۆمپانیای لیڤیس، تویوتا و یونیڤێرسال پیکچەرز ژینگەیەکی تریان بۆ شاباش فەراهەم کرد. شاباشچییەکان زانییان کە خەڵک حەز دەکەن سەیری شاباشە بازرگانییەکان بکەن. کۆمپانیاکانی شاباش زۆر بوون و خۆیان گەیاندە سیدی ڕۆم و تۆڕی جیهانیی ئینتەرنێت.

هەرکە سەدەکە نزیک دەبێتەوە بەو ئاراستەیەی کە مەڵتی میدیا بەرەو کوێ دەچێت و چی لێ دێتەوە ئەوا چارەنووسی مەڵتی میدیا بەتەواوی ڕوون نییە، چونکە مەڵتی میدیا چەندان تەکنۆلۆجیای ڕکابەر لە خۆ دەگرێت. ئەوەی زۆر ڕوونە ئەوەیە مەڵتی میدیا دەمێنێتەوە.

## وەشانی تایبەتی لە ڕێگەی کێبڵەوە

تا ناوەڕاستی حەفتاکان، تەلەڤزیۆنی کێبڵی زیاتر وەک ناوەندێک بوو بۆ باشتر وەرگرتنی سیگناڵەکان و وەشانی تەلەڤزیۆن بگەیەنێتە ئەو شوێنانەی کە دوور بوون لە وێستگەی تەلەڤزیۆنەکە. ئەمە ئەوسا خەریکی گۆڕان بوو.

دەزگای هۆم بۆکس ئۆفیس Home Box Office HBO لە ویلکس بار لە ویلایەتی

پێنسیلڤانیا، لە ساڵی ١٩٧٢ دەستی بەتێست کرد. کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی فیلم و وەرزشیی وەشان دەکرد. کەناڵەکە بەپارە بوو. هەر لەو ناوچەیەدا، ئۆپەرەیتەرەکانی کێبڵ فیکرەکەیان پێ باش بوو و ویستیان بەشداری بکەن، بۆیە HBO سیستمی مایکرۆوێیڤ (شەپۆلی کورتی ئەلیکترۆموگناتیسی)ی خۆی فراوان کرد تا بتوانێت کۆمپانیای کێبڵی زیاتر لە خۆ بگرێت. نرخی گەیاندنی بەرنامەکانی HBO لە ڕێگەی مایکرۆوێیڤەوە وای لە HBO کرد هەلەکە بقۆزێتەوە و گرێبەست بکات بۆ دابەشکردنی بەرنامە لە ڕێگەی سەتەلایتی ناوخۆ بۆ گەیاندن بەناوی ساتکۆم SATCOM. ئەمەش وای لەو دەزگایە کرد لەسەر ئاستی نەتەوەیی وەشانی بەرنامەکان بەپارە بکات. دەزگاکە دەستی کرد بە گەڕان بەدوای ئەو بەرنامانەی کە جەماوەریان لەسەر ئاستی نەتەوەیی زۆر بێت، بۆ ئەمەش دەزگاکە سندووقی ئیختیارکردنی دانا، ئیتر خەڵکی بەپەرۆشەوە پارەیان دەدا کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان لە ڕێگەی سندووقی دووەمی Floyd Patterson-Ingmar Johanssonەوە کەناڵەکانیان وەردەگرت لە تەلەڤزیۆنی ماڵەوە.

لە ٣٠ی سێپتێمبەری ١٩٧٥، دەزگای HBO یاریی بۆکسێنی نێوان جۆو فرێیزەر و محەمەد عەلیی لە مانێلای پایەتەختی فیلیپینەوە لە ڕێگەی سەتەلایتەوە وەشان کرد. عەلی ناوی لەم وەشانە کێبڵییە نا "جۆش و خرۆش لە مانێلاوە". وەشانەکە زۆر سەرکەوتوو بوو، بۆیە کۆمپانیاکانی تری وەک تایم، دەستەی پارێنت، ساتکۆم و چەندانی تر گرێبەستیان لەگەڵ HBO مۆر کرد بۆ وەشانکردنی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لە ڕێگەی سیستمی کێبڵی خۆیانەوە. هەروەها ئامادە بوون ١٥٠ هەزار دۆلار بدەن تا قاپی وێستگەکەی سەر زەوی وەشانی ١٠ مەترییان بۆ دابین بکات. ئەم هەوڵە دەزگای HBO لە ئاستێکی هەرێمییەوە گەیاندە تۆڕی دابەشکردنی نەتەوەیی، فیلمی نەپچڕاو، ڕووداوە تایبەتییەکان ویاریی وەرزش بەشێوەی زیندووی لە ڕێگەی سەتەلایتەوە وەشان دەکرد. لە ١٩٧٧دا، ٢٦٢ سیستمی کێبڵی ئابوونەیان دەدا بە خزمەتگوزارییەکانی HBO. تەکنۆلۆجیا ئەوەندە خێرا پێش کەوت، لە ١٩٧٧دا نرخی قاپێکی چوار مەتر و نیوی ١٠ هەزار دۆلاری بوو، کە هەموو شتێکی وەردەگرت جگە لە سیستمە بچووکەکانی کێبڵ.

## تێد تێرنە دێتە مەیدانەوە

وەشانکەری ئەتڵەسیی سەربەخۆ، بەناوی تێد تێرنە Ted Turner، سەرنجی ئەوەی دا ئۆپەرەیتەرەکانی کێبڵ قاپی سەتەلایت دەکڕن تا لە ڕێگەی HBOوە کەناڵەکانیان وەشان بکەن، بۆیە وێستگەی UHFی خۆی لەسەر سەتەلایتی ساتکۆ دانا. بەپێچەوانەی سیستمی

HBO که بۆ هەر کەناڵێکی زیاتر پارەی زیاتری لە ئابوونەدارەکانی وەردەگرت بەبێ شاباشەکان، تێرنە نرخەکەی هەرزان کرد، نرخی ئابوونەی کەم کردەوە و شاباشیشی لەگەڵ سیستمە کێبڵییەکە دانا. تا ئەو کاتە خزمەتگوزارییەکەی زۆر سەرەتایی بوو کە پێشکێشی ئابوونەدارەکانی دەکرد. هەموو ئابوونەدارەکانی خزمەتگوزاریی کێبڵ بەرنامەکانیان وەردەگرت. وێستگەکەی ئەو فیلم، وەرزش و هەواڵی ٢٤ سەعات بە بەردەوامی وەشان دەکرد. کاتێ چووە ئاستێکی نەتەوەیی، وێستگەکەی بەناوی UHF بەردەوام زەرەری دەکرد، ئێستە پێی دەگوترێت WTBS، بەڵام دواتر بوو بە یەکەم وێستگەی پێشەنگ. تێرنە بیری دێتەوە "HBO دەستی پێ کرد، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت یەک سێرڤسی باش نەبوو بۆ وڵات، چونکە ئەوکاتە تەنیا فیلمیان هەبوو. بەڵام ئێمە بەیسبۆل، تۆپی سەبەتە و یاریی هۆکیمان لە کەناڵەکاندا بۆ یەکەم جار وەشان کرد."

چیرۆکی سەرکەوتنەکانی HBO و تێرنە بەبێ ڕکابەر تێ نەپەڕی. دوای ئەمانە چەند کەناڵێکی نوێ پەیدا بوون لە ڕێگەی سەتەلایتی تیلیڤانگێلیست پات رۆبێرت، ئەم سەتەلایتە تۆڕی وەشانی مەسیحیی CBNی دانا. ئەم دەزگایە کەناڵی پەروەردەییی کردەوە کە هەموو کەناڵەکانی تر پشتگوێیان خستبوو، بەرنامەی براڤۆ جەماوەری هەموو دنیای بەلای خۆی ڕاکێشا، هەروەها فیلمە تایبەتەکانی لە هەموو جیهان هەڵدەبژارد، بەرنامەی لایفتایم تایبەت بوو بۆ ئافرەتان. دواتر دەزگای ESPN ( تۆڕی بەرنامەکانی خۆشی و وەرزش)ی سەر بە کۆمپانیای گێتی نەوت دامەزرا. بەرنامەکانی جەختیی لەسەر پیاوان دەکردەوە. بەرنامەکانی MTV زیاتر ئاراستەی کوڕە گەنجەکان دەکرا، هەروەها کەناڵی دیزنی و نیکلدیۆن گرینگیان بە بەرنامەی منداڵان دا. هەر گرووپە و بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبوو. دواتر دەزگای C-SPAN (تۆڕی کاروباری گشتی لە ڕێگەی کیبڵی سەتەلایتەوە) دامەزرا بۆ وەشانکردنی کار و بەرنامەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا بەهۆی سیستمی کێبڵ لە ڕێگەی سەتەلایتەوە. دوو وێستگەی زەبەلاحی تر دامەزران، WGNی شیکاگۆ و WORی نیویۆرک، کە چەندان کەناڵیان وەشان دەکرد. کەناڵی مۆزیکی و شاباشی وەشان کران، لەوانەش تەلەڤزیۆنی مۆزیک MTV لە ساڵی ١٩٨١ و تۆڕی ناشڤیل لە ساڵی ١٩٨٣ . لە ساڵی ١٩٨٥دا، کەناڵی دیسکەڤەری بۆ یەکەم جار دەستی بە وەشان کرد، بەرنامەی پەروەردەیی و واقیعیی نیشان دەدا لەسەر بابەتگەلی وەک سروشت و مێژوو. سیستمی HBO لە وەرگرتنی پارە لە بەرامبەر کەناڵەکاندا، کاریگەریی لەسەر دەزگای تریش کرد و ئەوانیش هەمان ڕێچکەیان گرتە بەر وەک شۆتایم، کەناڵی موڤی و سینەماکس.

له ١٩٨٠دا، وەشـانی تێـرنە دەسـتی پـێ کـرد هـەواڵی لە سـەرتاسـەری جـیـهـان بڵاو دەکردەوە، ئەویش لە ڕێگەی تۆڕی کێبڵی هەواڵ CNN بە هۆی سەتەلایتەوە. سەرکەوتنی ئەمە بووە هۆی دامەزراندنی کەناڵی دووەمی CNN بۆ پێشکێشکردنی هەواڵ هەموو نیو سەعات جارێک. لە کاتی شەڕی کەنداوی ساڵی ١٩٩١دا، ڕاپرسییەکان دەریان خست کە CNN یەکەم یان دووەم کەناڵەی سەیرکردنی هەواڵە.

لە پۆلەکانی قوتابخانەدا، کەناڵی یەک شانبەشانی هەواڵ شاباشیشی وەشان دەکرد. قوتابخانەکان مۆنیتەری تەلەڤزیۆنی، ڤیدیۆ و تەنزیل و تەنانەت قاپی سەتەلایەتیشیان بەلاش بوو بۆ بەشداریکردن لە تۆڕەکە. قوتابییەکان لە هەواڵەکاندا نیشان دەدران، هەروەها فیلم و چیرۆک و گرافیکیان نیشان دەدان. گەلێ لە قوتابییەکان، هەموو ڕۆژێ لە شاباشەکان دەردەکەوتن، لەوە نەدەگەیشتن بۆچی ڕەخنەگرە کۆمەڵایەتییەکان لە داخان قژی خۆیان دەڕنییەوە.

## کەناڵە نوێیەکان

کۆمەڵێ کەناڵی تایبەتی تر پەیدا بوون، بینەر بە دیاریانەوە شل دەبوونەوە وەک توانەوەی شاخە سەهۆڵینەکان. لە ساڵی ١٩٩٦دا، چەند کەناڵێک کرانەوە بۆ ئەوانەی بە ئیسپانی قسەیان دەکرد، بۆ ئەفەریقییە ئەمەریکییەکان و تەنانەت بینەری ئاسیاویش، لەگەڵ چەندان کەناڵی تر بۆ منداڵان، ڕواڵان، گەنجان و پیران. هەروەها پلان دانرا بۆ کردنەوەی کەناڵێک تەنیا بۆ گفتوگۆ. هەواڵە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی دوو کەناڵی کەنداو وەشان دەکران، کەناڵێک تەنیا بۆ وەرزش کرایەوە، کەناڵێکی تر تەنیا بۆ مێژوو، لەگەڵ چەند کەناڵێکی تایبەت بە تەندروستی، جلوبەرگ و ڕاهێنانی تەندروستیی وەرزشی. کەناڵ لەسەر ماڵ و باخچە، پرسە سەربازییەکان، پارە، گرفتەکانی موشتەری، کتێب، هونەرە جوانەکان، موزیکی مەسیحی، موزیکی کەنتری، چۆنیەتیی ئامۆژگاریکردن، فیلمە ترسناکەکان، لەگەڵ کەناڵی نێودەوڵەتی بۆ فێربوونی زمانە بیانییەکان، کەناڵ بۆ شت کڕین، کەناڵێک بۆ کڕینی پێداویستییە سێکسییەکان، هەروەها دوو کەناڵ کرانەوە تایبەت بۆ شاباش، یەکێکیان بۆ کاڵا تایبەتەکان و ئەوی ترشیان تەنیا بۆ فرۆشتن.

ئەوەی دەیەوێ بزانێت تەلەڤزیۆن هێزێکی یەکگرتووی ناو کۆمەڵگەیە، دەبێ تەنیا سەیری لیستی کێبڵەکان بکات لەسەر ڕۆژنامەگەلی ڕۆژانە. لاری کینگ لە بەرنامەکەیدا گوتی "لە سەرێک ئەمە شتێکی باشە بۆ سیاسەتوانان و میدیا ڕاوێژکارەکانیان چونکە بۆ ئەوان ئاسانتر دەبێت پەیامەکانی خۆیان ئاراستەی ئەو خەڵکانە بکەن کە هێشتا خۆیان یەکلایی

نەکردووەتەوە". بێگومـان هەر هەمـوو ڕەخنەگرە کـۆمـەڵایـەتییـەکان ئەو هـەنگاوەیان ڕەت نەکردەوە.

هەندێ مەسـەلە لە ئەمەریکا باسیان لێوە کرا لەسـەر جیاوازیی نێوان ئەو هەژارانەی لە ئەمەریکا زۆر تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەن و چینی مامناوەندیش کەمتر. هەندێ شوێن هەیە لە دنیـادا ڕەنگە تەمـاشـاکـردنی تەلەڤـزیۆن ئـیـرەیی پێ ببـردرێت، بەڵام لـە ئەمـەریکای دەوڵەمـەندا، هـەژاران زیاتر سـەیری تـەلەڤـزیۆن دەکـەن بۆ شـاباشـەکـان لە چاو چینی مامناوەند. ئەمە تا ڕادەیەک پێوەندیی بە ئاستی جیاوازی پەروەردەیی هەیە، تا ڕادەیەکیش پێوەندی بەخـەرجکردنی پارەوە هـەیە لە ڕابواردنەکانی تر کە هەژار ناتوانێت ئەوە بکات. ئەگەرەکە وای لێ دێت: ئەگەر کەناڵەکان بەرنامە بۆ چینێکی تایبەتی کۆمەڵگە ئامادە بکەن ئەوا هەژاران جێ دەمێنن، هەروەها گەیاندن لە نێوان هەژاران و تەواوی کۆمـەڵگە فراوان دەبێت، ئەمە هاوکاریی تیۆر "بۆشاییی مـەعریفە" دەکات. تیۆرەکە دەڵێت "کاتێ زانیاری لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە زیاتر بە نێو کۆمـەڵگەدا بڵاو دەبێتـەوە، چینی بەرزی ناو کۆمـەڵگە خێـراتر زانیـارییـەکە وەردەگرن لـە چاو چینی خوارەوە خـۆیان، بۆیە بۆشـاییی مەعریفی لە نێوان هەردوو چین فراوانتر دەبێت نەک تەسکتر".

## هۆم شۆپینگ Home Shopping

تۆڕی هۆم شـۆپینگ و تۆڕی کێبڵ ڤالیو چالاکییەکانی خۆیان تێکەڵ دەکەن کە بەملیـۆنان کـەس لەزەتیـان لـێ وەردەگـرن. چالاکـیی هـەردوو تۆڕ پێکەوە برێتین لـە سـەیریکردنی تەلەڤـزیۆن و لە هەمـان کـاتدا شت بکڕیت. پێشـەنگەکـانی حـەز دەکـەن پێی بڵـێن کـڕین و فرۆشتنی ئەلیکترۆنی، لە کاتێکدا ئەو ئۆپەرەیتەرانەی لەوێ وەستاون ئامادەن ٨٠٠ فەرمان لە یەک کاتدا وەربگرن.

شت کـڕین لە چەرداخی مـاڵەوەدا ڕەهەندێکی تر دەخـاتە سـەر بیـرۆکەی گەیاندن بەبێ گـواسـتنەوە. نـەک هـەر تەنیـا تۆڕی کـێبـڵـی شت کـڕین لە خـۆ دەگرێت، بگرە بەرنامـە تەلەڤزیۆنییـەکانی شت کڕین، شـاباشـەکان، بازاڕکردنی تەلەڤزیۆنی تێکەڵ، بازاڕکردنی بانکی زانیـاریی تەلەفـۆن و شت کـڕین لە ڕێگەی کـۆمـپـیـوتەریش لە خـۆ دەگرێت. لە ناوەڕاستی نـەوەدەکاندا، کۆی گشتیی فرۆشتنەکان لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە بـە ملیار دۆلار بوو و لە گـەشـەکردنیش دابوو، هەروەها کـارگە و بازرگـانیـیـە نـەتەوەییـەکانیش داهاتنە مـەیدانـەوە. بەجـیـا لـەسـەر ئینتـەرنێت، بـە هەزاران بازرگـان مـاڵپـەڕیان کـردووەتەوە بۆ شاباشکردنی کاڵاکانیان. هەرکە مامـەڵەی ئەلیکترۆنی زیاد دەکات، کڕین و فرۆشتنی کاڵا

له ڕێگەی پۆستەوە لەگەڵ دووکانەکان ڕوو لە کاڵبوونەوە دەکات.

ناوە نوێیەکان پێشبینیی ئەوەیان لێ دەکرێت جاری یەکەم زەرەر بکەن و بازاڕیان کەم بێت، بە تایبەتی گرووپە پسپۆڕییەکان. هەروەها پلانیش هەبووە بۆ فرۆشتنی هەموو کاڵایەک لە ڕێگەی کێبڵی تێکەڵاو بووەوە.

تەکنۆلۆجیای گەیاندن کە لە سەدەی ڕابردوو پەیدا بوو لیستی کاڵاکان لەسەر ئینتەرنێت و بەرزکردنەوەی ناوە نوێیەکانی ئاسایی و مسۆگەر کرد. بەڵام دووکانە بچووکەکانی ناو شارۆکەکان بازاڕیان کزی کرد. ئێستە دووبارە تەکنۆلۆجیای نوێتر، خەریکە شۆڕش دروست دەکەنەوە، ئەمجارە لەسەر حسێبی لیستی ئیمەیل نێرەکان.

## وەرگرتنی مۆڵەتی کێبڵ

داهاتی پیشەسازیی کێبڵ لە ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٧٨ سنووری یەک ملیار دۆلاری تێ پەڕاند. دوو ساڵ دواتر، داهات گەیشتە ٤ ملیار دۆلار. لە ١٩٩٤دا، داهات ٢٣ ملیار دۆلاری تێ پەڕاند لە لایەن بەکارهێنەرانی کێبڵ و لەگەڵ ٤ ملیار دۆلاریش لەلایەن شاباشچییەکانەوە. لە کاتێکدا گەلێ سیستمی کێبڵی بچووک دەمێننەوە، بازرگانیی کێبڵ زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی کاری MSO کە بە ئیمپراتۆری گەیاندن دادەنرێت و هەموو وێستگەکانی وەشان، کەناڵە بەپارەکان، ڕۆژنامەکان، کۆوارەکان و تەنانەت پرۆژەی وەک بڵاوکردنەوە و تۆمارکردنیش لە باوەش دەگرێت.

لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان سەتەلایت تەکانێکی گەورەی بە کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان دا. تا پێش ئەوکاتە پیشەسازیی کێبڵ تەنیا کەناڵی مەحەلیی بۆ ملیۆنان بینەر وەشان دەکرد، کە وەشانێکی ساف بوو، هەندێ جار چەند وێستگەیەکی گەورەش بەرنامەکانی خۆی پێشکێش دەکرد، بەڵام بە قەد کەناڵە مەحەلییەکان سەرنجڕاکێش نەبوون بۆ بینەران. سەتەلایتەکان ئەم پرۆسەیان گۆڕی. تەلەڤزیۆنی کێبڵی زیاتر بوون بە گەیەنەرێکی وەشانی سیگناڵەکان و کێشانی ئەو کەناڵانەی کە لە بەرنامەکەدا نەبوون.

کاتێ کێبڵ بە ناو شار و شارۆکەکاندا ڕاکێشرا، بوو بە شەڕ (شەڕی ئەوەی کێ زووتر مۆڵەت وەرگرێت) لەسەر وەرگرتنی مۆڵەتی کێبڵ، ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بازاڕ هەبوو. شەڕەکە زیاتر لەسەر وەرگرتنی مۆڵەت بوو، بۆ شارەکان نەک شارۆکەکان. ئەنجومەنی شارەکان ڕێنوێنیی تایبەتی خۆیان هەبوو دەبووایە کۆمپانیاکانی کێبڵ پێڕۆیی بکەن، وەک ژمارەی کەناڵەکان، ڕێژەی ئابوونە، هەروەها زۆریی ئەو کاتەی کە سیستمەکەی پێ بەکار دەخرێت. بەشێکی گرینگی وەرگرتنی مۆڵەت برێتی بوو لە

وەرگرتنی کەناڵی مەحەلی، بەو کەناڵانەشەوە کە تەرخان کرابوون بۆ پەروەردەی کاروباری مەدەنی، لەگەڵ وەرگرتنی کەناڵە گشتییەکان، بۆیە بینەر دەیتوانی بە کەیفی خۆی کەناڵ وەرگرێت. کۆمپانیایەکی کێبڵ ویستی بێتە ناو شارەکان، بەڵام دەبووایە پارەی چەندان خزمەتگوزاریی گشتی بدات. بە واتایەکی تر، کێبڵ نەدەکرا وەک سەکۆی شانۆی ڤۆدڤیل بێت و بە کەیفی خۆی شت نیشان بدات. دەبووایە لە هۆڵێکی شارۆکەیەک یان گۆشەیەکی شەقامەکان بووایە. بۆ داوای وەرگرتنی مۆڵەت، کۆمپانیاکانی کێبڵ بەڵێنی ئامێر و ستافیان دا بۆ ئەوەی خۆیان ڕێک بخەن و کەناڵە گشتییەکانیش وەشان بکەن.

مۆڵەتەکان وایان لە کۆمپانیاکانی کێبڵ کرد کەناڵەکان لە ناو شاردا هەر بۆ خۆیان پاوان بکەن، هەر لە ناو شارەکانیش سیستمی خۆیان دادەمەزراند، بەڵام ئەو قۆرخکردنەیان هێرشی کرایە سەر لەلایەن کۆمپانیا ڕکابەرەکانیان یان گرووپی هاوڵاتییان کە دەیانگوت ئەو کۆمپانیایانەی مۆڵەتیان وەرگرتووە پابەند نین بە بەڵێنەکانیان. بێگومان ڕکابەری لە نێوان کۆمپانیاکان باشترین چارەسەر بوو بۆ نەمانی قۆرخکردن. لە ١٩٩٢دا، لانی کەم ٥٠ شار ڕکابەری سێرڤسی کێبڵیان تێدا بوو، ژمارەی کۆمپانیاکانیش هەر لە زیادبووندان. یاسای چاکسازیی تەلەکۆمیونیکەیشن لە ساڵی ١٩٩٦ ڕێگە بە کۆمپانیاکانی تەلەفۆن دەدات پێشبڕکێ بکەن.

## کێبڵی بە پارە

گەلێ لەو بەرنامانەی کە لە کەناڵە بەلاشەکانەوە پێشکێش دەکرێن پێیان دەگوترێت بۆکس کێبڵ. لە پاڵ ئەو کەناڵانەدا، چەندان کەناڵی تر هەن بە کێبڵ دەکرێنەوە، بەڵام دەبێ مانگانە پارەی بدەیت. وێرای ئەمانەش، چەند کەناڵێک هەیە مانگانە پارەیەکی جێگیری هەیە دەبێ بیدەیت وەک کەناڵی HBO. هەروەها هەندێ کەناڵی تر هەن، چەند خولەک تەماشا بکەیت ئەوەندە پارەت لەسەر دەکەوێت، بۆیە جاری وایە هەیە شاباش بۆ فیلمێک دەکات، تۆ تەلەفۆن دەکەیت و دەڵێی ئەو فیلمەم بۆ لێ بدەن، ئیتر بای فیلمەکە پارە دەدەیت. لەو حاڵەتەدا کۆمپانیای کێبڵ ئابوونەی مانگانە لە کەسەکە وەرناگرێت. هەر ئابوونەدارێک ژمارەیەکی هەیە، وەک چۆن هەموو خاوەن مۆبایلێک ژمارەیەکی تایبەتی خۆی هەیە.

پارەدان بەپێی کاتی هەر بەرنامەیەک لە ١٩٩١ دەستی پێ کرد. وای لە بینەرانی ناوچەی دێنڤەر کرد تەلەفۆن بکەن فیلمێک هەڵبژێرن لە لیستێک کە یەک هەزار ناونیشانی تێدا بوو بۆ ئەوەی نیشانیان بدرێت بە پارە لە ناو ماڵەکەی خۆیان. ئەمەش

دووکانێکی ڤیدیۆییی دروست کرد لە ژووری دانیشتن بێ ئەوەی پێویست بکات بگەڕێیتەوە سەر فیلمەکە. لەو سەردەمەدا تەکنۆلۆجیا هێندە خێرا بوو، شتەکان خێرا کۆن دەبوون و باویان نەدەما. هەروەها ئەو کۆمپانیایانە چەند کارمەندێکیان هەبوو تەنیا بەپیر داواکاری بینەران دەچوون و ئەو فیلمەیان دەدۆزییەوە کە ئەوان داوایان دەکرد و بۆیان لێ دەدان و ئەوانیش لە ماڵی خۆیان لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکانیان سەیریان دەکرد.

کۆمپانیای تایم وێرنە و کۆمپانیا زەبەلاحە ئەمەریکییەکانی تر پارەیەکی زۆریان خستە گەڕ بۆ دانانی خزمەتگوزاریی مەڵتی میدیا و کۆمپیوتەر و چەند بەرنامەیەکی تریان تێکەڵ بەیەکتر کرد. تۆڕی تایم وێرنە لە ئۆرلاندۆ، فلۆریدا هەردەم لیستی دەخستە بەر دیدی بینەران بۆ ئەوەی بەپێی ویستی خۆیان فیلمێک هەڵبژێرن. ئەمەش ئەو گرفتەی چارەسەر کرد کە زۆرجار داوای فیلمێکیان دەکرد لە بەردەستیاندا نەبوو.

دانوستاندنی نێوان کۆمپانیاکانی تەلەفۆن و کێبڵ بۆ یەکگرتن چەندان مانشێتی سەیری لێ کەوتەوە، هەروەها هەر کۆمپانیایە و لەلای خۆی بەڵێنی وەشانکردنی ٥٠٠ کەناڵی دەدا. ئەم پرۆسە هەڕەمەکییە بووە هۆی خەڵەتاندنی خەڵک. بەڵێندانی ئەو هەموو کەناڵە وای لە خەڵکی دەکرد بەشداری بکەن.

بەڵێنە تەکنۆلۆجییەکان وەک بەڵێن و پرسە لە سیاسییەکانیان لێ هات لە ڕووی ئەوەی ئاخۆ ئەو خزمەتگوزارییانەی بەڵێن دراوە بۆ هەموو کەسێک جێبەجێ دەبن. پرسیارێکی تری لەو شێوەیە خۆی قووت دەکاتەوە. ئاخۆ هەموو خزمەتگوزارییە کێبڵییەکان بەناو بۆڕی و پلاستیکدا ڕادەکێشرێن؟ ئایا بەرهەمی ناوەڕۆک لە دابەشکردنەکەی جودا دەکرێتەوە؟ لە چ بارێکدا هەمەوارکردنی یەکەم بەر ڕێکخستنی دژە متمانە دەکەوێت؟ لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا، کۆمپانیاکانی تەلەفۆن لە ئەمەریکا یەکیان گرت لەگەڵ کۆمپانیا کێبڵییەکان و جەماوەریان زیادی کرد و بەرهەمی خۆش و چەندان جۆرە میدیایان خستە بەر دیدی بینەران، ئەمەش زەنگێک بوو بۆ ئەو چاودێرانەی کە مەترسییان لە گۆڕینی دەسەڵات هەبوو بۆ ژێر دەستی چەند کۆمپانیایەکی زەبەلاح. یاسای چاکسازیی تەلەکۆمیونیکەیشن لە ساڵی ١٩٩٦ەوە ڕێگە بە هەموو کەسێک دەدات یاری لە حەوشەی هەموو کەسێکی تردا بکات: شوێنی دوور، خزمەتگوزاریی تەلەفۆنی مەحەلی، سێرڤسی کێبڵ و بەرهەمی میدیا. وەشانکاران دەتوانن زیاتر لە وێستگەیەکیان هەبێت، کۆمپانیاکانی کێبڵ دەتوانن ڕێژەکەیان بەرز بکەنەوە، هەروەها کۆمپانیاکانی کارەباش دەتوانن کارەبا بۆ چەندان دەزگای تەلەکۆمیونیکەیشن دابین بکەن. وێڕای مەترسییەکانی قۆرخکاری، ئێستەش ئەوە ڕاستە کە بەرهەمهێنەری زیاتر کەرەستەی زۆرتر و جۆراوجۆر دەنێرن لە ڕێگەی کەناڵی

زیاترەوە بۆ جەماوەرێکی زۆرتر.

خزمەتگوزارییە بە پارەکان کێشەیان هەبوو لەوەی خەڵک خزمەتەکە بەکار بێنێت و پارە نەدات، بۆ نموونە خەڵک هەبوو لەسەر بانی خۆی چەتاڵی لە کێبڵی دراوسێکەیان دەکرد و وەک ئەو کەناڵەکەی وەردەرگرت و پارەشی نەدەدا، یان هەبوو قاپی سەتەلایتی دەکڕی و کەناڵەکانی پێ وەردەگرت. پیشەسازیی کێبڵ حسێبی کرد ساڵانە ٥٠٠ تا ٧٠٠ ملیۆن دۆلار زەرەر دەکات لەبەر دزینی خزمەتەکەی لەلایەن خەڵکەوە. HBO و کەناڵە بە پارەکانی تر سیستمی خۆیان گۆڕی و بە چەتاڵکردنی بە دزییەوە کەناڵەکانیان وەرنەدەگیرا. لە ساڵی ١٩٨٦دا، HBO دەستی کرد بەو سیستمە نوێیە بۆ کەناڵی خۆیی و کەناڵی سینەماکسیش. کەناڵەکانی تر خێرا ئەو پرۆسەیان جێبەجێ کرد. ئەو کەناڵانەی ئەو سیستمەیان نەبوو بەکرێ درانە ئەو کەسانەی کە قاپی سەتەلایتیان هەبوو.

ئەو ماڵە ئەمەریکییانەی دەیانتوانی ئابوونەی سێرڤسی کێبڵ بدەن، دوو لە پێنجیان ئەو کارەیان نەکرد. وەبەرهێنەران لە سیستمە سەتەلایتییەکانی وەشانی ڕاستەوخۆ ئەم ماڵەیان بە بازاڕی سەرەکیی خۆیان دانا، کە بووە هۆی دامەزراندنی سێرڤسی DBSکە ئێستە نەک هەر کرێیی کێبڵ ڕێک دەخات بگرە کەناڵی فیلمەکانی زۆر زیاتر کردووە، واتە یەکێک بوو لەو ٥٠٠ کەناڵە جیهانییەی فیلم پێشکێش دەکەن.

## کێبڵی بێتەل

تەکنۆلۆجیایەکی کۆنتر، مەبەست کێبڵی بێتەلە، بووە مایەی سەرنج پێ دان. سێرڤسەکانی لەلایەن ئەو کۆمپانیایانە دەستی پێ کرا MDS, MMDS, ITFS,OFS. کێبڵی بێتەل وەشانێکی ڕاستەوخۆی دەکرد بەبێ سەتەلایت. تاوەرەکانی مایکرۆوێڤ وێنەی تەلەڤزیۆنیان بۆ هەموو ماڵێک، هوتێلێک، خانوویەک، شوقەیەک دەگواستەوە. بەپێچەوانەی سەتەلایت کە شوێنەوارەکەی دەتوانێت سیخوڕی لەسەر نەتەوەیەک بکات، سیگنالێکی مایکرۆوێڤ لۆکالە، سنووردارە لە گەیشتن بە ئالیارەکان لە نێو هێڵی بینینی وەشانی ئالیارەکان.

کێبڵی بێتەل لەسەر یەک کێبڵدا ٣٣ کەناڵی پێشکێش دەکرد، بە تایبەتی لەو بازاڕە بچووکانەی نەیاندەویست مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیاکانی کێبڵ بکەن. ئەو ژمارەیە بەهۆی گەیەنەرێکی دیجیتاڵ بوو بە ٣٠٠ کەناڵ، ئەو دیجیتاڵە کێشەی ناسافییش چارەسەر دەکات کە بەهۆی کەشوهەواوە دروست دەبێت، هەروەها کێبڵی بێتەلی خستە ناو ڕکابەرییەکی ڕاستەقینەوە لەگەڵ کێبڵ. لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا، کێبڵی بێتەل لە

نزیکەی ٣٨ وڵاتی جیهاندا کاری پێ دەکرا.

هەروەها SMATV ئێستەش بەکار دەهێنرێت، کە بە کێبڵی ئەهلی ناسراوە، کە شتێک زیاتر بوو لە قاپی سەتەلایت لەسەر بانی خانوو، هوتێل، نەخۆشخانە و باڵەخانەکان دەبەسترا و بە کێبڵ خەت بۆ ناو ژوورەکان ڕادەکێشرا. ئەمە سیستمێکی کێبڵی بچووککراوەیە.

## تەکنۆلۆجیای گواستنەوەی زانیاری

( Fiber Optics ڕیشاڵی ئۆپتیکس)

ڕیشاڵە ئۆپتیکەکان لە شووشە دروست کراون، زۆر تەنکن بۆ دابەشکردنی کێبڵ بەکار دەهێنرێت. زانیاری دەگوازێتەوە لە فۆرمی ڕووناکی، ڕیشاڵێکی شووشەیی، قەبارەکەی بەقەد مووی سەر دەبێت و زۆر تەنکە، دەتوانێت ١٦ هەزار گفتوگۆی تەلەفۆنی بگوازێتەوە، ٢٤ جار بەقەد وایەری مس زانیاری هەڵدەگرێت. ڕیشاڵێکی ئۆپتیک دەتوانێت ١٦٧ کەناڵی تەلەڤزیۆنی هەڵگرێت، هەروەها دەشتوانێت زیاتر لە ١٠٠٠ سیگناڵی ڤیدیۆیی هەڵگرێت.

ناردنی پەیام لە ڕێگەی ڕووناکییەوە ئەوەندە کۆنە دەگەڕێتەوە سەردەمی یۆنانییەکان کە هیلیۆگراف heliograph یان بەکار دەهێنا، کە قەڵغانێکی درەوشاوە و پۆلیش کراوە لەبەر تیشکی خۆر شەوقی بەکجار زۆرە. پێش ئەوەی ئەلیکسەندەر گراهام بێڵ دەنگێک بە درێژاییی تەلێک بنێرێت، فیزیاناسی بەریتانی جۆن تیندال ڕووناکییەکی نیشان دا لە ناو جۆگەلە ئاوێک. بێڵ خۆی هەوڵی دا ئەمە بسەلمێنێت کە ڕووناکی دەتوانێت دەنگ بگوازێتەوە لەگەڵ وێنەیەکی تەلەفۆنی بۆ هەڵگرتنی سیگناڵی دەنگەکە، بەڵام کەشوهەوای خراپ لەگەڵ گواستنەوەکە تێکەڵ دەبوو. نۆرمان فرێنچ مۆڵەتی یاساییی وەرگرت لە ساڵی ١٩٣٤ بۆ تەلەفۆنێکی ئۆپتیک، ڕیشاڵی ڕەقی شووشەیی بەکار هێنا بۆ گواستنەوەی سیگناڵەکانی دەنگ، بەڵام هەوڵە ئارسەر شوالۆ و چارلس تاونس سەرکەوتوو بوون، ئەو دوو زانایەی لە ساڵی ١٩٥٨دا لێزەریان داهێنا. لە دەسپێکی ساڵانی نەوەدەکان، لێزەرێک لەگەڵ سەرچاوەی ڕووناکی بە قەبارەی دەنگە خوێیەک دەیتوانی بە ملیار جار لە چرکەیەکدا کار بکات، دەنگ و وێنە و دەق بگوازێتەوە بۆ ناو ڕیشاڵێکی یەک سانتی مەتری یان کەمتریش. پشکنەرێکی وێنەیی لە کۆتاییی ڕیشاڵەکەدا دادەنرا و تیشکی ڕووناکیی وەک سیگناڵی ئەلیکترۆنی نیشان دەدا و دەگەڕایەوە ناو دەنگ و وێنە و دەقەکان.

لەبەرئەوەی ڕووناکی زۆر خێراتر لە کارەبا دەگوازرێتەوە، خێراییی وەشان زۆر زیاتر بوو. خەمڵێنرا کە تەواوی نووسینەکانی سەر مەوسووعەی بریتانیکا و نووسینەکانی ناو

ئینجیل سوورێکی تەواو بە دەوری زەوی دەکەن بە کەمتر لە دوو چرکەدا.

ڕیشاڵەکان بەهێز و سووکن لە کێشدا، دەتوانن زیاتر بمێننەوە، بە پێچەوانەی کێبڵی مسین، کە کارەبای خۆی لە ناو خۆیدایە، ڕیشاڵە ئۆپتیکەکان ناتوانن بەبێ کارەبا کار بکەن. بێ کارەبا دەپچڕێن. کۆمپانیاکانی تەلەفۆن دەبووایە کارەبای بەدیلی بۆ دابنێن. هەرچەندە کولفەی ڕیشاڵی شووشەیی ڕکابەری دەکرد لەگەڵ مس، کولفەی مس لەگەڵ تەکنۆلۆجیای نوێدا فاکتەرێکی دواخستنە. هەمان ئەو کولفەیە کە پێویستە بۆ وەشانکردنی سیگناڵە دیجیتاڵییەکان لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن بۆ ناو سیگناڵی ئەنەلۆگی کارەبایی.

کوالیتیی وێنە و دەنگی دیجیتاڵ لە ڕێگەی ڕیشاڵی شووشەیییەوە لە یەکەم ساتدا بینەر دەحەپەسێنێت. سیگناڵە کارەبایییەکان لە ڕێگەی وایەری مسینەوە دەچن بەڵام وەک ئەوە نییە کە بە ناو ڕیشاڵێکی شووشەییدا بچن. هەروەها گواستنەوەی دوو سەرە هیچ کێشەیەک دروست ناکات لە ڕیشاڵی شووشەیی، لە کاتێکدا مس ئەو کێشەیەی هەیە. کاتێ ڕیشاڵی ئۆپتیک زیاتر بەرهەم هێنرا، نرخەکانیان زۆر دابەزی و لە هەمان کاتیشدا توانای هەڵگرتنی داتاشیان گەلێ زۆر بوو. تواناکەی زیاتر بوو کاتێ سیگناڵەکە بە شتێکی گۆڕدرا پێی دەگوترێت DVC، کە کەناڵەکانی زۆرتر و سافتر کرد.

## بەرنامەدانان لە ڕێگەی ڕیشاڵی ئۆپتیک

لەبەرئەوەی نەدەگونجا هەموو جارێ تەماشای فیلمێک بکەیت لە هەشتی ئێوارە یان ١٠ی ئێوارە، بۆیە HBO سیستمێکی دانا بۆ نیشاندانی فیلمەکان لە چەندان کەناڵی جیاواز و لە کاتی جیاواز، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی سیستمی دیجیتاڵی و ڕیشاڵی ئۆپتیک.

وێڕای زۆریی بەرنامەکان و ئیختیارکردنیان لە چاو ئەوەی ئێستە کێبڵ پێشکێشی دەکات، تەکنۆلۆجیای نوێ دەتوانێت بەباشترین شێوە وێنە لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان نیشان بدات و زۆر بەئاسانی لە هی جاران جیا دەکرێتەوە. ئەو ڕۆژە دێ کە وێنەی تاڤگەیەک لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن ئەوەندە ساف و ورد دەبێت، وەک ئەوە دەبێت خۆت لای تاڤگەکە وەستابیت.

سمووت، بەڕێوەبەری توێژینەوەی گەیاندن دەڵێت " دوکتۆرەکان دەتوانن نۆرینگەیەکی جیهانییان هەبێت نەک هەر تەنیا لە ناوچەکانی خۆیان دای نێن. منیش دەتوانم هەر لە شوێنی خۆم بچمە پشوو و سەردانی ژینگەی جیاواز بکەم، بەناو شەقامەکانی بەرشلۆنە و لێوارەکانی کاریبیەندا پیاسە بکەم".

کێبڵی کۆکسیال (وەشانەکەی زۆر خێرایە) زۆر باش گونجاوە بۆ سێرڤسی کێبڵ لەوەی کە کێبڵەکە خۆی پێشکێشی دەکات. هەروەها دەتوانێت شت کڕین لە ماڵەوە و دەقی ڤیدیۆیی بەڕێوە ببات. ئەوەی هێڵی ڕیشاڵی ئۆپتیک دەتوانێت بیکات بریتییە لە دابینکردنی سەدان کەناڵ، لەگەڵ پێشکێشکردنی فیلم بەپێی داوا، هەروەها چۆنیەتیی کارکردنی زۆربەی کەناڵەکانیشی تێدایە. ئەگەر خەڵک ئامادە بن پارەی ئەو سێرڤسە بدەن، ئەوا چی تر پێویست ناکات بچن لە دووکانەکان فیلم بەکرێ بێنن. ئەو کاتە ئەندامانی کۆمەڵگە تەواو لە نێو چەرداخی ماڵەکانیاندا کڕ دەکەون، سوپاسگوزاری گەیاندن دەبن کە شوێنی گواستنەوە دەگرێتەوە. جێفری ڕێس سەرۆکی تەلەڤزیۆنی ریکوێست پێشبینی دەکات "ماڵ دەبێتە گەورەترین شانۆی ئەلیکترۆنیی جیهان. ڕۆژێک دێ خەڵکی دەڵێن: بۆ بچینە دەرەوە، هەر پێویست ناکات؟".

## شوێن پێیەکان لەسەر جیهان

سەتەلایت مانای "دووری"ی پێناسە کردەوە. ئەوەی تەلەگراف دەستی پێ کرد، سەتەلایتی گەیاندن تەواوی کرد. بەڕێوەبەرێکی ئینتەلسات (ڕێکخراوی تەلەکۆمیونیکەیشنی نێودەوڵەتی) گەشتێکمان لە کاتی پشووی خۆیدا بۆ دەگێڕێتەوە:

چەند هەفتەیەک لەمەوبەر ئێمە لە گوێیماس، مەکسیک بووین. لەگەڵ پیاوێکی شیکاگۆیی بە ناو ناوچەیەکی هەژارنشیندا دەربازبووین. ناڕەزایی و ڕەخنەی هەبوو لە ناوچەکە " کێ تەحەمول دەکات لێرە بژیت، لێرە لە جیهان دادەبڕێیت و هیچ نازانی، بەڕاستی پیس و نەبەکامە... تاد" منیش سەرقاڵی وێنەگرتنی خانووەکان بووم، یەکێک لە خانووەکان لەسەر ٢٥ قەدەمی چوارگۆشەیی دروست کرابوو، پیکەبێکی چێڤی مۆدێل ١٩٥٤ لە بەردەرگا بوو، قاپێکی سەتەلایتیش لەسەر بان دانرابوو. ناوچەکە نزیکەی هەزار کەسی تێدا دەژیا، نزیکەی ٥٠ قاپی سەتەلایتی لێ بوو.

هاوڕێیکەم گوتی باشە ئەی ئەو قاپانە چی دەکەن لەوێ؟" منیش گوتم ئەو خەڵکەی لێر دەژین دەتوانن ١٣٠ کەناڵ وەربگرن بەلانی کەم لە حەوت نەتەوە و بە پێنج زمان، لەگەڵ ئەوەش دەتوانن کەناڵە ڕادیۆییەکانی سەر شەپۆلی FMیش وەرگرن. بەواتایەکی تر، کویبیک، ڤەنزوێلا، شاری مەکسیک، هەموو ئەمەریکا، BBC جار جارە ژاپۆنیش وەردەگرن، هەروەها وەک تۆ بە سافی گوێ دەگرن لە سەمفۆنیای شیکاگۆ.

گێژ بووبوو. دواتر گوتی "باشە بۆچوونیان چییە کاتێ ئەو هەموو کەناڵە دەبینن، باشە سەیری ئەمە دەکەن و لە کوێش دەژین؟" ئیتر من بێدەنگ بووم، ژنەکەم بێدەنگ و ئەویش

بێدەنگ بوو.

چۆن خەڵکی هەژار بەرسڤی ئەمە دەدەنەوە؟ دەتوانن داوای چاکسازی بکەن لە وڵاتەکانیان. دەتوانن شۆڕش هەڵگیرسێنن. دەتوانن بەگژ جیهادا بێنەوە. ڕەنگە هەندێکیان دەست بە دزی بکەن. دەتوانن پاشەکشێ بکەن بۆ ناو فەندەمێنتالیزم. یانیش دەتوانن هەموو شتێک بخەنە مەترسییەوە لە پێناو کۆچکردن بۆ ئەو وڵاتانەی لێیەوە دەتوانن سەیری تەلەڤزیۆن بکەن.

## دیدە جوگرافی- سیاسییەکان

ئارسەر کلارک، کە بیرۆکەی مەداری پێوەندییەکانی سەتەلایتی بۆ سەر زەوی داهێنا، گوتوویەتی "سەتەلایتی پێوەندییەکان بیرۆکە و چەمکەکان لە سەرانسەری جیهان زۆر بەهێزتر بڵاو دەکاتەوە (لەوەی میدیای چاپکراو کردوویەتی). ئاکامە جوگرافی- سیاسییەکان مایەی مەترسین. وەشانی ڕاستەوخۆی سەتەلایت DBS، کە ڕەگی لە خاڵێکی کۆنترۆڵکراوەوە دانەکوتاوە، بگرە ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو ماڵی خەڵک، هەروەها لە وڵاتانی جیهانی سێیەمیش ڕەت نەکراوەتەوە بگرە بەرنامەکانیشیان لە وڵاتە پیشەسازییەکانەوە هاوردە دەکرێن. ئەو سەتەلایتانە بەنیازن ئێمە ببەنە ئاسمانەکان لە جیاتی ئەوەی خەریک بن بە باسکردنی کولتووری داگیرکارییەوە. DBS وەشانی بەردەوامە، پێوەندیی بەوەوە نییە پڕوپاگەندەکان لەسەر داگیرکاری لەسەر تەلەڤزیۆنەکان بڵاو دەکرێنەوە یان نا، هیچ دەزگایەکی توانای وەستاندنی وەشانی ئەوی نییە. بە پێچەوانەی هاتنی سیگناڵە ڕادیۆییەکان، داخستنی وەشانی سەتەلایت بۆ تەلەڤزیۆنەکان زۆر زەحمەتە. بینەران بەرنامەکان لەسەر تەلەڤزیۆنی خۆیان وەردەگرن، جا لە هەر سەتەلایتێک بێت، هەروەها هیچ سانسۆرێکی حکوومەتیش ناتوانێت دەستی تێ وەردات.

لە ساڵی ١٩٦٦دا، زیاتر لە دوو دەرزەن سەتەلایت بەرنامەکانیان لە ئاسیا وەشان دەکرد. زۆر خەڵک قاپیان لەسەر بان بەست، بەڵام هەموو حکوومەتێک پێشوازیی لێ نەکرد. ڕوپێرت موردۆچ، خاوەنی ستار تیڤی Star TV، ڕای گەیاند کە تەکنۆلۆجیاکانی وەک سەتەلایت "هەڕەشەیەکی زۆر گەورەیان دروست کرد لەسەر ڕژێمە تۆتالیتارەکان لە هەموو شوێنێک"، ئەو گوتەیە وای لە چین کرد سنوورێک بۆ قاپی سەتەلایت دابنێت. هەروەها ڕاشی گەیاند ستار تیڤی دابخات، ئەمەش بەس بوو بۆ موردۆچ بۆ ڕەخنەگرتن لە سەرانی چین لەسەر لابردنی BBC World لە ستار تیڤی. چین تەنیا ڕێگەی بە هوتێلە زۆر ڕاقییەکان و چەند کۆمپانیایەک دا سەتەلایتیان هەبێت، هەرچەندە یەک ملیۆنی قاپی

نایاسایی هەبوون و بەرنامەکانی ڕۆژئاوایان وەردەگرت.

لە ١٩٩٤دا، ئێران ڕای گەیاند کە سەتەلایتەکانی ماڵەوە نایاسایین. هەروەها وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە سووریا، عەرەبستانی سعوودیە، لبنان، قەتەر، عێراق، ڤێتنام و سەنگافوور قەدەخە کرا، هەرچەندە هەردەم قەدەخەکردنەکە بەزۆری نەبوو. لە زۆربەی ناوچەکانی سەنگافوور، هۆنگ کۆنگ و تایواندا، ئەوانەی کەناڵەکان دادەخەن بریتین لە چەند ئۆپەرەیتەرێکی کێبڵی بچووک کە دەتوانن قاپەکانیان لەسەری سەرەوەی باڵەخانەیەک بێت و وەشانەکان تێک بدەن. ئەو کۆسپانەی کە مالیزیا لەبەردەم وەشاندا دای ناون بە سنوورەکان چین دەچێت. سوهارتۆی سەرۆکی ئەندەنووسیا تەنانەت شاباشی قەدەخە کرد لەسەر سەتەلایتی پالاپا کە سەر بەدەوڵەتی خۆی بوو، چونکە لەوە دەترسا خەڵک سەیری خۆشگوزەرانیی شارەکانی تر بکەن و هەڵچن. ئەم قەدەخەکردنە هەشت ساڵی خایاند. دواتر بینەرانی ئەندەنووسیایی ڕێگەیان پێ درا سەیر بکەن بەڵام قاپەکانیان دەبووایە تەنیا ڕووی لە سەتەلایتی پالاپا بووایە، بۆ ئەوەی تەنیا کەناڵەکانی ئەو وەربگرن. لە سەرووی هەموویانەوە، ژاپۆن بە ڕاڕایییەوە ڕێگەی بەماڵەکاندا قاپ دابنێن بۆ وەرگرتنی کەناڵە بیانییەکان، هەروەها کۆریای باشوور ڕازی بوو خەڵکەکەی ڕووی قاپەکەیان بکەنە سەتەلایتی ژاپۆنی. شوێن پێی DBS، یان ناوچەی وەرگرتن، دزەی کردە ناو بەشێکی کۆریای باشوور بێ ئەوەی تکا لە حکوومەتی کۆریا بکات بۆ مۆڵەت پێ دانی.

نەتەوەیەک بیت و لە ژێر کاریگەریی کاریگەریی شوێن پێی نەتەوەیەکی تردا بیت هەرگاف بەکارێکی بێ سوود دانانرێت. زیاتر لە دەرزەنێک نەتەوەی ئەورووپای ڕۆهەڵات، دەریای ناوەڕاست و ئەفریقای باکور کە دەکەونە ژێر باری شوێن پێی یوتەل ساتی ئەورووپی دەتوانن سێرڤسەکەی بکڕن، لە هەمان کاتیشدا هەوڵ دەدەن بگەنە ئاستی سێرڤسەکە بە هۆی ناردنی سەتەلایتی خۆیان، هەرچەندە نرخەکەی زۆر گرانە و لەوانەشە جاری وا هەبێت فریکوێنسیان دەست نەکەوێت.

قەدەخەکردنی وەرگرتنی سەتەلایت لە ماڵەکاندا وەشان لە دەرەوە ناوەستێنێت. دەستەی وەشانی سەنگافوور، مالیزیا و ئێران بە دوو شێواز کاریان دەکرد، یان ئەوەتا وەشانی خۆیان فەرز دەکرد یانیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پلانیان دادەنا بۆ وەشانی خۆیان لە ڕێگەی سەتەلایتەوە.

## خەڵکی ئەوسەر و ئەمسەری دنیا پێک دەگەن

لە ســەرووی هــەمــوو ئــەو شــتــانــەی لەبارەی گــەیاندنــە مــۆدێرنەکــانەوە دەگــوترێت، سەرنجڕاکێشترینیان برێتییە لەوەی خەڵک لەوسەر و ئەمسەری جیهانەوە بە یەکتری گرێ دەدات، هێشتا ئەو پیاو و ئافرەتانە زیندوون کە لە پێش فڕینی یەکەم فڕۆکە یان پێش یەکەم وەشانی ڕادیۆیی لەدایک بوونە. بۆ نموونە، بێنە بەرچاوت چەندە نامۆ و سەیرە خەڵکی ژاپۆن لەم سەدەیەدا بۆ ئەمەریکییەکان لەسەر شاشە دەرکەوتن و ئەمەریکییەکانیش چوونە ماڵی ژاپۆنییەکان لە ڕێگەی سەتەلایتەوە. ئێستە جووتیارێکی برنج کێڵێک لە ژاپۆن و ژنێکی ماڵەوە لە مینێسۆتا دەتوانن لە هەمان کاتدا ڕاستەوخۆ سەیری یارییەکانی ئۆلمپیک بکەن لە ئەوروپا. سەبارەت بە تەکنۆلۆجیا، تەنانەت دەتوانن لە کاتی قسەکردندا سەیری یەکتریش بکەن. ڕەنگە ئەو ڕۆژە بێت کە تەکنۆلۆجیایەکی نوێتر ڕێگە بدات بەوەی کە خەڵکی بە تەلەفۆن لەگەڵ یەکتری قسە بکەن، زمانی یەکتریش نەزانن، مۆبایلەکە خۆی قسەی هەردووکیان وەرگێڕێتە سەر زمانی هەریەکەیان.

بەهۆی سەتەلایتەکانەوە، بە ملیار خەڵک سەیری یارییەکانی ئۆلمپییەکانی ئەتلەسیان کرد، ئەمەش پێشڤەچوونێکی حەپەسێنەر بوو، چونکە سێ دەیە زووتر سەتەلایت لە ئاسمانەوە وەشانی دەست پێ کرد. دوای ئەو پێشڤەچوونانە سەتەلایتەکان خۆیان بوون بە قاپی وەرگرتن. یەکەم وێستگەیان لەسەر زەوی ۱۰ ملیۆن دۆلاری تێ چوو و ستافێکی ئەندازیارانیشی پێویست بوو. نوێترین قاپی سەتەلایت بۆ ماڵان بە چەند سەد دۆلارێک بوو و بە ئاسانیش دەبەسترا. جارێکی تر، سیفەتی ئالیەتەکانی گەیاندن دەبینین کە خێرا بچووکتر، هەرزانتر دەبن و ئاسانتریش کاریان پێ دەکرێت، لە هەمان کاتیشدا تواناکان هەر لە گەشەسەندندان.

## گۆڕانەکان لە پێکهاتەی ڕاپۆرتە هەواڵ

وەک تەلەگراف، سەتەلایت بوو بە فاکتورێک بۆ ئەنجامدانی چەند گۆڕانکارییەک لە ڕاپۆرتە هەواڵدا. هەرکە تەلەگراف پەرەی بە ڕاپۆرتە هەواڵ دا لە ڕۆژنامە بچووک و ناوخۆییەکاندا، سەتەلایت مەودای وەشانی تەلەڤزیۆنی لۆکاڵ فراوانتر کرد. تەلەگراف بە خێرایی ڕاپۆرتەکانی لەسەر شەڕی ئەمەریکا و مەکسیک و شەڕی ناوخۆ بڵاو دەکردەوە. تەلەگراف هانی ڕێکخستن و ڕاپۆرتی هاریکاریی دا لە شوێنە دوورەدەستەکاندا، ئەمە بووە هۆی دروستبوونی ئەسۆشیەتد پرێس Associated Press و پەرەدان بەشێوازی نووسین لە ڕووی بابەتی بوون و یەکگرتنەوە. سەتەلایت، داپۆشینی هەواڵی شوێنە دوورەکانی زۆر

هەرزانتر کرد و زیاتر خستییە بەر دیدی بینەران، وای لە تەلەڤزیۆنە لۆکالەکان کرد پەیامنێرانیان بنێرنە سەرانسەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و گۆشە دوورەکانی جیهانیش. کاتێ دیواری بەرلین رووخێنرا، پەیامنێرانی تەلەڤزیۆنە ئەمەریکییە لۆکالەکان لە نێو پەیامنێرانی تر ئامادە بوون، لەوێرا راپۆرتیان بە نێو زەریای ئەتڵەسیدا راستەوخۆ رەوانە دەکرد.

دەستەواژەی "راستەوخۆ لە رێگەی سەتەلایتەوە" زۆر باوە. تۆرەکانی تەلەڤزیۆن زۆرجار وەشانی سەتەلایتیان بەکار دەهێنا بۆ نیشاندانی وەرزش، هەواڵەکان و هەواڵەکانی لەبارەی تاکە کەسەکان. ئەمەش وای لە لە پەیامنێرانی تەلەڤزیۆنە لۆکالەکان کرد لە رێگەی تۆری سەربەخۆی وەشانەوە، وەک کۆنۆس Conus، راپۆرت و هەواڵ لەگەڵ یەکتری ئاڵوگۆر بکەن و یەکتری ئاگەدار بکەنەوە. بەرێوەبەرانی هەواڵەکانی ناوخۆ، لە هەموو کاتێکی پێش خۆیان، دەرفەتی زیاتریان هەبوو بۆ هەواڵە نەتەوەیی و جیهانییەکان. نەوەیەک پێشتر، هەواڵی شوێنە دوورەکان دەبووایە بریاری لەسەر درابایە ئینجا دەستیان دەکرد بە داپۆشینی. لە سەروبەندی شەری ڤێتنامدا، وێستگەکانی تەلەڤزیۆن هەواڵی شوێنە دوورەکانیان وەشان نەدەکرد. ABC, CBS, NBC هەواڵەکانیان وەشان دەکرد، بەڵام کاتێ کۆمپانیای AT&T کرێیی وەشانی وڵاتە دوورەکانی کردە ٣ هەزار دۆلار، تەنانەت تۆرەکانی تەلەڤزیۆنیش نەیانتوانی پەیامنێرێک بەخۆی و هەواڵەکەیەوە وەشان بکەن لە کاتی دیمەنی رووداوێکدا.

لە نەوەدەکاندا، وێنەی ڤیدیۆیی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بە ٧٥ دۆلار دەنێردرا. هەرزانبوونی نرخی وەشانی سەتەلایت بووە هۆی بارینی هەواڵ لە رێگەی سەتەلایتەوە، پەیامنێران بە لێزمە هەواڵیان رۆژانە دەنارده تۆرەکان یان وێستگەکان. لەگەڵ پەیدابوونی ENG (دەستەی هەواڵی ئەلیکترۆنی) بە هاوکاریی SNG ( دەستەی هەواڵی سەتەلایتی)، لۆریی وێستگە لۆکالەکان بۆ هەواڵ لینکی سەتەلایتی تێدا بەسترا و کە هەواڵی شوێنە دوورەکانی دادەپۆشی. هەرکە لۆرییەکە دەگەیشت، ئەوجا پەیامنێر دەیتوانی لە دوورەوە راستەوخۆ لە شوێنی رووداوەکە چەند خولەکێک دیمەنەکە بگوازێتەوە.

بەداهێنانی جێگرەوەیەک بۆ شێوازی کۆنی بەستنەوەی تۆرەکانی تەلەڤزیۆن، سەتەلایت یەکێک بوو لە جێگرەوە سەرەکییەکان بۆ گۆرینی پێکهاتەی داپۆشینی هەواڵەکان لەسەر تەلەڤزیۆن. بەشی هەواڵی وێستگە لۆکالەکان، کە بە هەرزانی راپۆرتیان لە دوورەوە پێ دەگەیشت، چی تر تەنیا پشتیان بە تۆرە سەرەکییەکان نەبەست.

ئەمە کارێک بوو هەروا تێ نەپەری، بگرە وێستگە گەورەکانی شار بریاریان دا شوێنی

تۆڕەکانی هەواڵ بگرنەوە، بەمەش ساڵانە بە ملیۆن دۆلاری تریان قازانج کرد. چارەنووسی تۆڕەکانی هەواڵ هەندێ جار بە چارەنووسی داینەسوورەکان دەچوێنرێت لە ڕووی لەناوچوونیانەوە، ئەمە پرسیارێکە زۆر هەڵدەگرێت.

وێڕای گواستنەوەی ڤیدیۆ، دەنگ و هەواڵی نووسراو بۆ ڕۆژنامەکان و وێستگەکانی وەشان، داتای وەشانی سەتەلایت هەواڵەکان لە ئاژانسی داو جۆنز Dow-Jones، نێکسیس، لێکسیس و ماڵپەڕە هەواڵییەکانی تر ڕاستەوخۆ بەخوێنەر دەگەیەنێت. سەتەلایتەکان شوێنیان هەیە بۆ نیشاندانی لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیش وەک ڕۆژنامەی wall Street Journal و USA today، هەواڵەکانیان بەنووسراوی نیشان دەدات.

بەلای هاووڵاتیی ئاسایییەوە، سەتەلایت کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبووە لەسەر خزمەتگوزاریی تەلەڤزیۆنی بە کێبڵ لە ڕووی خۆشییەوە. تەواوی پیشەسازیی کێبڵ دەوەستێتە سەر بەرنامەکانی سەتەلایت، ئەمەش دەستپێشخەرییەک بوو لەلایەن HBO لەگەڵ Ali-Fraizer ەوە.

## سەرەتاکان

سەردەمی سەتەلایت دەستی پێ کرد کاتێ یەکیەتیی سۆڤیەت یەکەم سپوتنیکی خۆی لە ساڵی ١٩٥٧ ناردە ئاسمان. ئەمەریکا بەم کارە حەپەسا و شەرمەزار بوو. بۆیە بەرنامەیەکی دانا بۆ تێکدانی وەشانی بۆشاییی ئاسمان. یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی جۆن ئێف کەنەدی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا بردیەوە بریتی بوو لە بەڵێنەکەی بەخەڵکی ئەمەریکا واتە گەیاندنی  ئەمەریکا بە بۆشاییی ئاسمان.

سەتەلایتەکانی بواری سەربازی پێشڤەچوونی بەرچاویان خستە نێو بواری گەیاندنەوە، بەڵام زوو ئاشکرا بوو کە سەتەلایت ناوەندێکی میسالییە بۆ گەیاندنی مەدەنی. لە ساڵی ١٩٦٢دا، کۆنگرێس یاسای سەتەلایتی بەکار خست و سەرۆک جۆن کەنەدی ئیمزای کرد. ئەمەش دەستەیەکی تایبەتی دروست کرد بەناوی کۆمسات COMSAT بۆ کار پێکردنی سیستەمێکی جیهانی. پێشتر مەحاڵ بوو وێنەیەکی ڕاستەوخۆ لە ئەورووپاوە بگەیەنرێتە ئەمەریکا. لە جیاتیان، فیلمەکان بە فڕۆکە بەسەر زەریای ئەتڵەسیدا دەهێنران. تۆڕەکانی تەلەڤزیۆن شەڕی ڤێتنامیان داپۆشی، بەهۆی گواستنەوەی هەواڵەکان بەباڵەفڕێکی بازرگانی لە سێیگۆنەوە لە ڕێگەوە تۆکیۆوە بۆ سان فرانسیسکۆ، لەوێ کاری لەسەر دەکرا، دەخرایە سەر شاشە و بە مایکرۆوێیڤ دەنێردرا بۆ نیویۆرک تا لە هەواڵی شەوانە پێشکێش بکرێت. لەگەڵ کاسێتی ڤیدیۆیی و سەتەلایت، داپۆشینی شەڕەکان زۆر باشتر و

ساناتر بوو، چونکە بێگومان شەڕ هەر بەردەوام بوو.

زانایان درکیان بەوە کردووە هێزی گەیاندنی سەتەلایت وەک تاوەڕێکی ئالیاری زۆر گەورە وایە، بەڵام یەکەم سەتەلایتی ئەمەریکی بەناوی Echo 1 لە ساڵی ١٩٦٠، شتێک گەورەتر بوو لە باڵۆنێکی سیلڤەری بۆ ماوەیەکی کورت هەڵدرایە بۆشایی ئاسمان، سیگناڵە ڕادیۆییەکانی زۆر ساف نەبوون. لەبەرئەوەی لە زیو و ئەلەمنیۆم دروست کرابوو و لەبەرئەوەی Echo لە باڵەخانەیەکی دە نهۆمی گەورەتر بوو، خەڵکی بە ئاسانی دەیانبینی کاتێ لە زەوی نزیک دەکەوتەوە. تەکنۆلۆجیای گەیاندن هەر بەردەوام بوو، باڵۆنێکی پلاستیکی زۆر نەبوو، بەڵام ئەمەریکییەکان زۆر حەزیان لەوە بوو سەتەلایتەکە بەچاوی خۆیان ببینن و بزانن وڵاتەکەیان چۆن دەچێتە ئاسمان، ئەمە لە کاتێکدا یەکەتیی سۆڤیەت پێشتر سەگێکیا بەناوی لایکا Laika ناردبووە بۆشایی ئاسمان، ئامێرێکیان لە سەگەکە بەست بوو و لەوێ لێدانی دڵی لایکای ناردە سەر زەوی. دوو مانگ دوای هەڵدانی ئیکۆ Echo، سەتەلایتی کۆریەر ١ی سوپای ئەمەریکی وەرگرێک و وەشانەرێکی هەڵگرت بۆ ئەنجامدانی پێوەندیی دوو سەرە. ژێدەرانی هەواڵ، باسیان لەوە کرد کە ئەمەریکییەکان وەڵامی ڕووسەکانیان دایەوە لە بۆشایی ئاسمان. ئەمە لە سەردەمی شەڕی ساردا بوو. لێکدانەوەیەکی جیاوازیی ئەو مەسەلەیە باشتر خزمەتی ئەمڕۆ دەکات، ئەویش لێکدانەوەی کۆنترۆڵکردنی ڕێگە زەریایی، بازرگانی و وشکانییەکانە. بە نرخترین بازرگانی ئێستە برێتییە لە زانیاری.

دوو ساڵ دوای ئیکۆ، تەلستار ١ Telstar1 هەڵدرایە بۆشایی ئاسمان، یەکەم سەتەلایتی بازرگانی بوو. ئەم سەتەلایتەی AT&T، تاوەرێکی مایکرۆوێیڤی بوو لە ئاسماندا، وەڵامدەر و وەشانەری هەڵگرت بوو، هەروەها سیگناڵەکانی ڕادیۆی لە نێوان وێستگە گەورەکانی سەر زەوی دەگواستەوە. یەکەم جار هەڵدرا بۆ گەیاندنی ناوچەکانی زەریای ئەتلەسی بە ئەمەریکا، ساڵێک دواتر تەلستار٢ بەشداریی ئەوەی یەکەمیانی کرد، ئەمەش بۆ گەیاندنی زەریای هێمن بە ئەمەریکا. یەکێک لە سنوورەکانی تەلستار١ برێتی بوو لەوەی هەر ٩٠ خولەک جارێک بە دەوری زەویدا دەسووڕایەوە، لەو ماوەیەدا لە هەر ١٥ خولەکێک جارێک وێستگەکانی ئەوروپا و ئەمەریکای لە یەک کاتدا پێکەوە گرێ دەدا. ئالیارێکی درێژ و گرانبەها دەبووایە بە دوای هەردوو تەلستار بکەوتنایە، چونکە زۆر نزیک بوون و لە چەقی زەویدا نەبوون.

ئارسەر کلارک، ناسراوە بەنووسەری بابەتی خەیاڵی - زانستی، لە وتارێکی ساڵی ١٩٤٥یدا نووسی کە سەتەلایتێک بە بەرزایی ٢٢ هەزار میل لەسەر ئیکواتۆر دەنرا و

بیست و چوار سەعات بە دەوری زەویدا دەسووڕێتەوە، سەتەلایتەکە بە جێگیری و بەردەوام لە پێوەندی دەبێت لەگەڵ زەویدا. سێ سەتەلایت لەسەر ئیکواتۆر وەستان، شتیان بۆ یەکتر دەنارد و دواتر بۆ هەموو شوێنێکی جیهان وەشانیان دەکرد. کلارک نووسیی:

ڕەنگە زۆرێک لە ئێمە بڵێین ئەمە شتێکی زۆر دوورە و بەئاسانی ناگاتە ئێمە و بەجدی وەری ناگرین. ئەم بۆچوونەی ئێمە ئەقڵانی نییە، چونکە هەموومان لە ماوەی چەند ساڵێکی ڕابردوودا پێشڤەچوونەکانمان بەچاوی خۆمان بینیوە، بەتایبەتی تەواوبوونی مووشەکی دوورهاوێژی V-2 نموونەیەکی دیار و بەرچاوە.

لە ناوەڕاستی شەستەکاندا، تیۆری کلارک لە فۆرمی چەند کەشتییەکی ئەلیکترۆنیدا سەلمێنرا، کە زۆر بەخێرایی بە بۆشایی ئاسماندا تێ پەڕی. سەتەلایتە سەرەتاییەکان بە وزەی خۆر کاریان دەکرد و تەزوویەکی کەمیان سەرف دەکرد، کەمتر لە ١٠٠ وات، واتە هێزی گڵۆپێک. دەتوانرا سیگناڵەکە وەربگیرێت و گەورە بکرێت بە هۆی وێستگەیەکی هەستیار، گەورە و گرانبەها لەسەر زەوی کە لە شارەکان دانرابوو دوور لە کارەبا.

## ئینتەلسات INTELSAT

مەراسیمی کردنەوەی یارییەکی ئۆلەمپیک لە ژاپۆن لە ساڵی ١٩٦٤دا لە زۆربەی ناوچەکانی باکوری نیوەی زەویدا بەهۆی سینکۆم٣ Syncom 3، یەکەم سەتەلایت بوو بە ئەندازەیەکی جێگیر دابنرێت. ساڵێک دواتر سەتەلایتی کۆمسات Comsat هات، هەروەها ئینتەلسات ١ هات کە نازناوەکەی باڵندەی سەرەتا بوو، بە هێزی ٧٦ پاوند هێزی ئەسپی کاری دەکرد و لەسەر زەریای ئەتڵەسی جێگیر کرا بۆ بەستنەوەی وڵاتانی چواردەوری باکوری ئەتڵەسی بەیەکترییەوە. بە شێوەیەک دروست کرابوو، بۆ ماوەی ١٨ مانگ کار بکات. چوار ساڵی خایاند و ٢٤٠ سرکێتی تەلەفۆنی هەڵگرتبوو، کە شەش قات لەو کێبڵە زیاتر بوو کە نۆ ساڵ لەوەو پێش لە ژێر زەریاکەدا دانرابوو.

باڵندەی سەرەتا بەگەیاندنی بازرگانی دەستی پێ کرد. سەتەلایتەکانی سەر زەریای هیندی و هێمن تەواوی جیهانیان داپۆشی لە ساڵی ١٩٦٩دا، سێ هەفتە پێش یەکەم نیشتنەوە لەسەر مانگ. ئەمە ڕووداوێک بوو لە مێژووودا تۆمار کرا و دەنگی دایەوە، چونکە نیکسۆنی سەرۆکی ئەمەریکا لە ئۆفیسی ئۆڤالەوە تەلەفۆنێکی بۆ نێو ئارمسترۆنگ کرد لەسەر ڕووی مانگ.

لێژنەیەککە لە ١٠٠ وڵات پێک هاتبوو ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی سەتەلایتی پێوەندی و گەیاندنان دامەزراند. ئەم ڕێکخراوە زۆرترین سەتەلایتی گەیاندنی هەبوو لە بۆشاییی

ئاسمان، ئینتەلسات سێرڤسەکەی بەکرێ دەگرێت بۆ وەشانی تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ و داتای کۆمپیوتەری، هەروەها بۆ سرکێتی تەلەفۆنی بۆ نزیکەی ٣٠٠ وڵات و ڕێکخراوە تایبەتە زلەکانی جیهان. ئەم کارانە قازانجیان هەیە بۆ وڵاتانی ئەندام، کە لە ساڵی ١٩٩٦ بوون بە ١٣٦ وڵات. نرخەکانی ئینتەلسات، ئێستە زۆر دابەزیوە، هەرچەندە تێچووی وەشانی تەلەفۆن، تەلێکس، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن زۆر دابەزیوە.

## کۆنفرانس لە ڕێگەی تەلەفۆنی ڤیدیۆییەوە

ئەم جۆرە کۆنفرانسە وەک تاقیکردنەوەیەک لە ساڵی ١٩٧٤ دەستی پێ کرد و لە ڕێگەی سەتەلایتەوە گەشەی سەند. سەتەلایتێکی تەکنۆلۆجیای ناسا NASA خێرا نازناوی مامۆستا لە ئاسمانی وەرگرت، ئالیارەکەی ڕووی کرابووە زنجیرە چیاکانی ئەپالاشیا لە ئەمەریکا، لە ڕێگەی ئەمەوە مامۆستا دوورەکان کۆرسیان بە قوتابییەکانی کۆلیج دەگوتەوە، بۆ ئەوەی بێ بەش نەبن لە پێشڤەچوون. کاتێ وانەکانی شەوان تەواو دەبوون، ئالیارەکە ڕووی لە زنجیرە چیاکانی ڕۆکی دەکرا، بۆ دابینکردنی وانە بۆ قوتابییەکانی قوتابخانە ئامادەییەکان. هەرکە ئەوانیش تەواو دەبوون، ئالیارەکە جارێکی تر ڕووی لە ڕۆژئاوا دەکردەوە، ئەمجارەیان بۆ ئەلاسکا، بەم شێوەیە ئامۆژگاری چۆنیەتیی بەکارهێنانی دەرمان بۆ ئەو خەڵکانە باس دەکرا کە دوور بوون و کێشەی تایبەتیان هەبوو. جارێک لە حالەتێکدا، فەرمانبەرێکی تەندروستی تەقەڵ بە تەقەڵ ڕێنوێنیی لە دوکتۆرێک وەردەگرت لە کاتی دوورینەوەی سەری پیاوێک کە بەسەختی بریندار بووبوو. لە ماوەی پێنج ساڵ ژیانیدا، مامۆستاکە لە ئاسمان بەرنامەی پێشکێش بە باشووری ئاسیاش کرد لەمەڕ تەندروستی، کشتوکاڵ و پلانی خێزانی بۆ ئەو خەڵکانەی کە هەرگیز پێشتر تەلەڤزیۆنیان نەبینی بوو. یەکەم جار لە هیندستان دەستی پێ کرد لە ڕێگەی بەرنامە سەتەلایتییەکانیەوە. لە ئەمەریکا، بووە هۆی دامەزراندنی کەناڵی فێربوون لە ساڵ ١٩٧٩دا. سەرکەوتنەکەی ئەوەی سەلماند کە خەڵکی دەتوانن ڕووبەڕوو قسە لەگەڵ یەکتری بکەن بێ ئەوەی سەردانی یەکتریش بکەن.

کۆنفرانسی ڤیدیۆیی پسپۆڕێتی و بازرگانی بوو بە بوارێکی زۆر گرینگ. سەبارەت بە پەروەردەش، دەستەواژەی فێربوون لە دوورەوە زۆرجار دەبیسترێت، هەموو کەسێک لە منداڵەوە تا دەرچووانی زانکۆ، دەتوانن لە دوورەوە فێر ببن و بخوێنن.

## وەشانی ڕاستەوخۆ

سێ جۆرە سەتەلایتی گەیاندن لە بۆشاییی ئاسماندا. MSS (سێرڤسی سەتەلاتیی مۆبایل)، کە خزمەتی کەشتییەکان دەکات لە ناو زەریاکاندا، هەروەها فراوانیش کراوە کە سیستمی مۆبایلی تر لە خۆ بگرێت وەک ئەوەی پیتەر ئارنێت کە بەکار هێنرا بۆ داپۆشینی شەڕی کەنداو. FSS ( سێرڤسی جێگیری سەتەلایت) سێرڤسێکی بازرگانیی ستانداردە بە سی باند و کوباند C-Band, Ku-band ناسراوە بۆ تەلەفۆن، تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ و گواستنەوەی داتا. BSS (سێرڤسی وەشانی سەتەلایت) بەکار دێت بۆ دی بی ئێس DBS (وەشانی ڕاستەوخۆی سەتەلایت). دی بی ئێس، ڕەنگە ڕێگەیەکی میسالی بێت بۆ وەشانی وێنەکانی HDTV (تەلەڤزیۆنی زۆر ساف). لە ساڵی ١٩٩٦دا، کۆمپانیای هەجس بۆ ئەلیکترۆنیات، کە لقێکە لە جێنەڕال مۆتۆرز، نیزیکەی ١٧٥ کەناڵی پێشکێش کرد. USSB نیزیکەی ٢٥ کەناڵی DBS پێشکێش دەکرد. کۆمپانیای پرایمەستار فراوان بوو و نیزیکەی ١٥٠ کەناڵی FSSی پێشکێش دەکرد. چوارەم ڕکابەر برێتی بوو لە ئیکۆ ستار کۆمیونیکەیشن نیزیکەی ٢٠٠ کەناڵی DBSی پێشکێش دەکرد بە کەناڵە نێودەوڵەتییەکانیشەوە.

هەموو جۆرەکانی سەتەلایتی DBS بۆ ماڵەوە بە DTH (ڕاستەوخۆ بۆ ماڵ) ناوزەد دەکرێن. یەکێک لە کەموکوورییەکانی سیرڤسەکانی DBS برێتییە لەوەی تەنیا نیشتمانی نێودەوڵەتییە و لۆکالی تێدا نییە. بۆ گوێبیستی هەواڵێکی ناوخۆ، چەند ناوەندێکی پێویستن وەک کێبڵ یان گوێی کەروێشکی. تا ئەو کاتەی تەکنۆلۆجیا ڕێگەیەک نەدۆزێتەوە، توانای تێکەڵاوبوون لەلایەن سەتەلایتەوە نایەتە ئەنجام. دەکرێ بێتە بەردەست بەهۆی کێبڵێکی دوو سەرە لە ڕکابەریکردنی لەگەڵ DBS بۆ بەدەستهێنانی دۆلارەکانی بینەر.

دی بی ئێس، سەتەلایتێکی گوێزەرەوە دادەنێت کە بەلای وێستگەی تەلەڤزیۆنی سەر زەویدا دەچێت بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بچێتە ناو ماڵەکان بەهۆی قاپێکی سەتەلایت بەپارەیەکی زۆر کەم (نزیکەی ٥٠٠ دۆلار) بە قەبارەی ١٨ بۆ ٣٩ ئینچ. ئەمە زۆر بچووکترە لە قاپی سی باند کە ٢٠ دۆلارە و قەبارەکەی ٨ پێیە یان فراوانترە. یان ئەوەتا قۆقزە یانیش پانە و تەختە، لەسەر بان یان لێواری پەنجەرە قایم دەکرێت، هەروەها وەک ئالیاری سەربانەکان وەها بە ئاسانی نابینرێن. چاوەڕێ دەکرێت کە قاپەکە نەک هەر تەنیا بە سێتی تەلەڤزیۆنەوە ببەسترێتەوە بۆ بەرنامەکان بگرە بە ڤیدیۆش دەبەسترێتەوە، بەڵام ناتوانرێت بۆ کۆمپیوتەری ماڵ بۆ زانیاری ببەسترێت.

## تێکدانی سگیناڵەکان (تەشویش)

هەرچەندە گەیەنەری سی باند بۆ ئەوە دروست نەکرابوو ڕاستەوخۆ بۆ ماڵ بەکار بهێنرێت، چونکە نزیکەی ٥ ملیۆن ماڵ قاپی وەرگرتنیان بەستووە لەسەر بان و حەوشەکانیان. دانەرانی بەرنامەکان و بەکارخەرەکانی کێبڵ حەپەسان بەهۆی ناوداربوونیان، چونکە ئەوەی خەڵک بە پارە دەیکڕی خاوەن قاپەکان بە بەلاش دەستیان دەکەوت. ئەوەی زیاتر بوو برێتی بوو لەوەی خاوەن قاپەکان هەستیان دەکرد بە ئەنجامدانی ئەم کارە شتێکی ئاسایی دەکەن و ئەوەی دەیانەوێت بیکەن ئاساییە وێڕای بڕیارەکانی دادگە کە وەرگرتنی ئەو بەرنامانە بەلاش دەچێتە خانەی دزییەوە. هەرەشەکان بۆ سەر کاری یاسایی پەیدا بوو، بەلام پیشەسازیی کێبڵ هیچ تاقەتی ئەوەی نەبوو بەدەیان هەزار کەس پەلکێش کاتە ناو دادگە.

هەوڵدان بۆ خستنە دەرەوەی دروستکەرانی قاپی سەتەلایت لە ناو بازرگانییەکە چارەسەر نەبوو، چونکە هەندێ لە قاپەکان دەفرۆشرانە ئەو خەڵکانەی کە لە شوێنێک دەژیان هیچ کێبلی نەدەگەیشتێ. ئەمە پیشەسازییەکی ڕەوایە. چارەسەری کردەیی برێتی بوو لە تێکدان و تەشویش خستنە سەر سیگناڵەکانی سەتەلایت بۆ ئەوەی نەتوانن کەناڵەکان بەبەلاش وەربگرن، تەنیا ئەو کاتە دەتوانن وەری گرن ئەگەر مانگانە کرێ بدەن. هەوڵدانیش بۆ لابردنی تەشویشاتەکە بۆ ئەوەی کرێیەکە نەدەن سەرپێچیکردنی یاسا بوو.

ڕێکخراوی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان جارجارە کۆ دەبووەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تر، وەک ڤیدیۆ ستاندارده ناپێوەستەکانی وەک NTSC, pal, secam, d-2,mac,beta,vhs لەگەڵ تەکنۆلۆجیا دەنگییە نەگونجاوەکان.

## تەلەپۆرت teleport

جگە لەو قاپانەی خزمەتی ماڵ و هوتێلەکانیان دەکرد، تەلەپۆرتی چەند ملیۆن دۆلاری هەن تەلەڤزیۆنەکان، ڕادیۆکان و زانیارییەکان پێکەوە وەشان دەکات، هەروەها کۆنفرانسی ڤیدیۆییشی پێ ئەنجام دەدرێت بەهۆی بەکارهێنانی سەتەلایت و گەیاندنی سەر زەوی. وەک باڵەفڕگەیەک وایە بۆ هاتوچۆی گەشتیاران و کارگۆ، تەلەپۆرتێکی مۆدێرن هابێکە بۆ هاتوچۆ و گواستنەوەی زانیاری بەکار دەهێنرێت.

VSAt، واتە تێرمیناڵێکی زۆر بچووک و تەسک، برێتییە لە سیستمێکی تۆڕی تایبەت، سەتەلایت بەکار دێنێت بۆ شوێن گرتنەوەی هێڵەکانی سەر زەوی. کارکردنی لە دەرەوەی

سیستمی تەلەفۆن، دەستە گەورەکان پێوەندی دەکەن بە نووسینگەکانیان لە ڕێگەی VSATەوە، چونکە هەرزانن، خێران، پشتیان پێ دەبەسترێت و جۆرەکەیان زۆر باشە.
هەندێ لە وڵاتە پێشکەوتووەکان VSAT بەکار دێن وەک ڕێگەیەکی هەرزان بۆ پێوەندیکردن بەشوێنە دوورەکان کاتێ ناوەندەکانی تر بەردەست نین و پشتیان پێ نابەسترێت.

سێ جۆرەکەی سەتەلایت دەتوانن بەرگەی زۆرترین ژمارەی بەشداربوو بگرن. کۆنفرانسی ڤیدیۆیی، کە دەکرێ دەرکەوێت لە شتێکی وەک ڕۆمانی ١٩٨٤ی ئۆروێل، گرانترین میتۆدە و زۆر کەمیش بەکار دێت، چونکە ئامێر و هێڵی زۆر پێویستە، بەڵام هەر لە گەشەکردنیشدایە. کۆنفرانسی دەنگی، جۆرێکی خەیاڵیی تری کۆنفرانسی تەلەفۆنییە، هێڵێکی سافی دەنگی بەکار دێنێت و هەندێ جاریش چەند وێنەیەکیش نیشان دەدات. کۆنفرانسی کۆمپیوتەری برێتییە لە جۆرێکی فرە بەشداربووی ئیمەیل، بە پێچەوانەی جۆرەکانی تر، بەشداربووان دەتوانن ئامادەش نەبن کاتێ پەیامەکانیان دەگات.

## سنوورێک بۆ ئاسمانی بێ بن

لە نێو نوێترین سەتەلایتەکاندا، ئەو سەتەلایتانەی لە ناو زنجیرەی VII-Aی ئینتەلسات دان هەریەکەیان ٤٠ وەرگر و وەشانکەریان تێدایە، کە لەگەڵ تەکنۆلۆجیای دیجیتاڵ دەتوانن ١١٢٥٠٠ پێوەندیی تەلەفۆنی بگەیەنن لەگەڵ سێ کەناڵی تەلەڤزیۆنی لە یەک کاتدا. لەگەڵ ئەم هەموو شتانە هێشتا ئاسمان سنووری نییە. لە ڕووی ئەو فریکوێنسییانەی کە هەنە سنوور هەیە بۆ ئاسمان. بۆ نموونە دەتوانی لەوسەری دنیا بێیت و تەلەڤزیۆنی ئەنالۆگ بگۆڕیتە سەر سیگناڵە دیجیتاڵەکان، کە دەتوانێت لە یەک کاتدا ١٠ فیلم پێشکێش بکات بێ ئەوەی کاریگەریی نەرێنی هەبێت. سیگناڵەکانی دی بی ئێس لەمێژە دیجیتاڵن.

بەشێک لە بەهرەی زانستی و ئەندازیاری تەرخان کرا بۆ باشترکردنی سەتەلایتەکان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە ناو چەرداخی ماڵەکانماندا زۆرترین خۆشی وەرگرین بێ ئەوەی بچینە دەرەوە. لەبەرئەوەی بەکاربەران هەردەم شتی زیاتریان دەوێت، شاباشێک بۆ قاپی سەتەلایتی ماڵان بەم شێوەیە بوو:

وەرزشە بێ سنوورەکان و ١٧٠٠ فیلم لە مانگێکدا لە بیر مەکە. جۆرەکەی زۆر باشە، نەبازرگانییە، نەوەستان هەیە و نەکەسیش دەستی تێ وەردەدات. بە کێبڵ پشوو نادەیت و هەموو ئەو کێشانەی سەرەوەت بۆ پەیدا دەبێت. وەرنە ناو چاخی بۆشاییی ئاسمان. هەر ئێستە پێوەندی بکە و خەیاڵت ڕاحەت بکە.

## هاتوچۆی ئەلیکترۆنی

ئەلیکترۆنەکان شوێنی ئۆتۆمۆبێل وەک ئالیەتێکی هاتوچۆ بۆ کار و قوتابخانە دەگرنەوە. بیر لەم نموونانەی خوارەوە بکەرەوە:

* ئەو دادوەرەی ڕێورەسمی ئازادکردنی زیندانییەک بە کەفالەت بەڕێوە دەبات، چی تر پێویست ناکات لەم زیندانەوە بچێتە زیندانییەکی تر.
* دوو دوکتۆری پسپۆڕ لە گرتنی ئەشیعە بە ئاسانی دەتوانن لە نەخۆشخانەکەی خۆیانەوە چاودێریی ئەشیعەی نەخۆشێک بکەن لە نەخۆشخانەی لادێیەک کە ٧٠ میل لێیانەوە دوورە. وێنە، دەنگ و زانیارییەکان لە ڕێگەی ئامێری دیجیتاڵییەوە وەردەگرێن، هەروەها دەشتوانن چاودێریی لێدانەکانی دڵی نەخۆشەکەش بکەن. ڕەنگە نەخۆشەکان هەندێ نیگەارن بن، چونکە دوکتۆر خۆی لەوێ نییە و لە نزیکەوە دەستیان لێ بدات، بەڵام سوودەکانی زۆر لەوە زیاترە، چونکە دروستکردنی باڵەخانە بۆ تەلەکۆمیونیکەیشن هەوەنتە نییە.
* پەیامنێرێک دەتوانێت بەچەند خولەکێک دوای گەیشتنی لۆرییەکەیان دیمەنی تاوانێکی کوشتن ڕاستەوخۆ بڵاو بکاتەوە. دووری لە وێستگەی تەلەڤزیۆنەوە ئەوەندە بە هەند وەرناگیرێ، هەروەها پەیامنێرەکانیش دەتوانن زۆر دوورتر گەشت بکەن.
* بەڕێوەبەرێک هەرگاڤ لە بەیانی، نیوەڕۆ و شەوان تەلەفۆنەکەی لە تەک سەریەتی. بەهۆی ئەو مۆبایلەوە ئێستە ڕۆژەکانی کارکردنی هەفتە حەفت ڕۆژە نەک پێنج. ماڵیش بووەتە شوێنێکی تر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاری.
* ڕاوێژکارەکان کاریان لە سێگۆشەی ماڵ-ئۆتۆمۆبێل و دائیرە دەرناچێت، چونکە لە ناو ئۆتۆمۆبێلەکەیان هەموو ئامێرێکی گەیاندن چەسپ کراوە. ناوونیشانی ماڵەکانیان بریتییە لە ژمارەیەکی تەلەفۆن، ژمارەی فاکس، یانیش ئیمەیل. بۆ کارەکانیان لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر گەشت دەکەن. ئەگەر کارەکەیان لە شارەکانی لێوار زەریا بێت ئەوا زۆر بە خێرایی بەلەم و کەشتی ئامادەن.
* مامۆستایەکی زمانی ئیسپانی لە ڕێگەی سەتەلایتەوە وانەی زمانەکە بە ١٣٠٠ قوتابی دەڵێتەوە ئەگەر لە ئەلاسکا، گوام وماینشەوە بێت، قوتابییەکان دەتوانن بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەدەست بێنن لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە.
* قوتابییانی بواری ئەدەب بە یەک کرتە (کلیک) دەتوانن زۆر بەئاسانی لە ماوەی چەند چرکەیەکدا زانیاریی تەواو لەسەر شیعرێک و بایۆگرافی شاعیرەکە وەربگرن.

* قـوتابییـانی یاسـا بۆردی تێبـینیی ئەلیکتـرۆنی بەکـار دێن بۆ کـردنی ئەو پرسـیـارە یاساییـانەی کە بەرامـبەری دۆش دادەمـێن لە مـامـۆسـتـاکانیـان. سـۆفـتـوێر دەتوانێت قوتابییەکان بە نەناسراوی بخـاتە ڕوو بۆ ئەوەی شـەرم نەکەن لە کردنی هـەر پرسـیـارێک. وانەکان، ئەرکەکـان و داتا یاسـاییـەکان هـەمـووی لەسـەر ئینتەرنێتـە. هـەروەهـا پاشکۆی خـوێندنـەوەکـانیش هەر لەسـەر مـاڵپـەڕەکـانە، بۆیە مـامـۆسـتـاکە کـاتێکی کـەمـتـر لە کۆپیکردنی وانەکان سـەرف دەکات. ئەو قوتـابییانـەی کۆمپیوتەریان نییە، دەچنە تاقیگە یان کافتریای کۆمپیوتەر.

## کێ لە ماڵەوە کار دەکات؟

ڕووپێوێک دەری خستووە کە یەک لەسەر سێی ئەمەریکییـەکان لە سـاڵی ١٩٩٣ هـەموو یان بەشـێـکی کـارەکـانیـان لە مـاڵەوە دەکـەن، ٤١,١ ملیـۆن کـەس لە مـاڵەوە کـارەکـانی خـۆیان دەکەن، ٧,٦ ملیـۆنیـان لە بواری تەلەکۆمـپـیـوتەر کـار دەکـەن کـە لە ڕێگەی ئەلیکتـرۆنییـەوە دەچنە سـەر کـارەکـانیـان. لە نێـویانـدا ئـەمـانە هـەبوون: ژمـێـریار، تەلارسـاز، بـانکسـاز، (کـارمـەندی بانک)، پـاێزەرانی کـتـێب، فـەرمـانبـەر، بەکـارخـەری کـۆمـپـیـوتـەر، شـرۆڤـەکاری سـیـسـتـمی کۆمـپـیـوتـەری، بەرنـامـەدانـەران، ڕاوێژکـاران، فـەرمـانبـەری بانکی زانیـاری، ئەندازیاران، پارێزەران، دەڵاڵی خـانووبەرە، سکرتێـرەکـان، پێناوەکـان، فـەرمـانبـەری گەشتیاری و بێگومان نووسەرانیش.

دوکتۆرەکـان دەچنە سەر تۆڕی گەیاندنی شـەخسیی خۆیان کە دەیانگەیەنێت بە حـالەتە بەپەلەکـان و ڕێگەیان پێ دەدات لە کـاتی خـۆیدا زانیـاری ئاڵوگـۆڕ بکەن. ئەو قـوتابییـانـەی بەهـۆی نەخـۆشییە درێژخـایەنەکانیان لە قوتابخانە دوور دەخرانەوە ئێستـە زۆر بە ئاسـانی دەتوانن لە ڕێگەی کـۆمـپـیـوتـەر و تـەلەکۆمـیـونیـکەیشنەوە لە مـاڵەوەڕا بەشـداری لە وانـەکانی قـوتابخـانە بکـەن، ئـەمـە هـەم پارە گل دەداتەوە هـەمـیـش ڕێگە بە قـوتابخـانـەکـان دەدات کـۆرسـەکـان بـۆ قـوتـابییـەکـان دابـین بکـەن، بەم شـێـوەیە نەبێت قـوتـابییـە نـەخـۆشـەکـان وانەکانیان لە کیس دەچێت.

## سوودەکانی کارکردن لە ماڵەوە

یەکێک لە کۆڵانەکـانی ڕێگەی گشـتیی زانیـاری برێـتییـە لە تەلەکۆمـیـونیکـەیشن. ڕۆیشـتن لەسـەر ئەو ڕێگەیە هـەرزانە، لە ناوخـۆوە تا ئاسـتی جیـهـانی، گەشـتی ڕاسـتـەقـینە کـەم دەکاتەوە و هـەندێ جاریش ڕووبەڕووی سـیـسـتـمی دامـەزراوەیی حکوومـەتیش دەبێـتـەوە.

ئۆتۆمۆبێلەکەمان لەم کۆڵانە ڕەنگە ئامێرێکی زۆر بچووک بێت، ڕەنگە تەلەفۆن ڤیدیۆیەک، مۆدەمیکی کۆمپیوتەر، یان تەنیا تەلەفۆنێکی ئاسایی بێت. مەبەستمان ئەوەیە نەچینە ناوەڕاستی شار بۆ کارکردن.

ئەگەر کرێی ئۆفیس لەبەرچاو بگرین، بۆ کۆمپانیاکان زۆر هەرزانتر دەوەستێت، ئەگەر هەندێ لە فەرمانبەرەکانیان لە ماڵەوە کار بکەن. بەڵام ڕەنگە تەلەکۆمیونیکەیشن ڕەنگە پێوەندیی نێوان بەڕێوەبەر و کارمەند بگۆڕێت، بۆیە ستافی دائیمی نامێنێت. کارمەندی نیوە دەوام بەگرێبەست یان ڕاوێژکارەکان شوێنی ئەو ستافە دەگرنەوە.

بۆ بەڕێوەبەر زۆر ساناترە و خۆشترە ئەوەندە پارە لە شوێن و هاتوچۆ سەرف نەکات، هەروەها گرفتی چاودێریکردنی منداڵیشی لە کۆڵ دەبێتەوە. واقیعەکە برێتییە لە ئازادکردنی چەندان کارمەند لە هەندێ ڕۆژدا، لە ساڵی ۱۹۹۳دا، نیزیکەی ٤١ ملیۆن ئەمەریکی واتە یەک لەسەر سێی هێزی کاری ئەو وڵاتە لانی کەم دانێک لە ماڵەوە کاریان کردووە. ئالڤین تۆفلەر لە ساڵی ۱۹۸۰دا پێشبینیی کردووە کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر فەرمانبەر و کرێکار لە دائیرە و کارگەکاندا لە ماڵەوە کار دەکەن، بۆیە ناوی لە ماڵ نا "کۆخی ئەلیکترۆنی".

ئەم میتافۆرە کەمێک جیاوازە لەو میتافۆرەی باسی چەرداخی ماڵێک دەکات پڕە لە کاغەز، فۆتۆگرافیک و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی گەیاندن کە ئێمە بۆ زانیاری و بۆ خۆشی بەکاریان دێنین.

چەرداخی دائیرەکان لەگەڵ چەرداخی ماڵەکان یەک دەگرنەوە پرۆسەیەکیان پێک هێناوە پێی دەڵێن تەلەکۆمیوتینگ telecommuting، ڕێگە بەهەندێ فەرمانبەری ئۆفیس دەدات لە ماڵەوە بمێننەوە بەڵام وابەستەبن بە کارەکانیانەوە.

فراوانکردنی چەرداخی ماڵەوە تا ببێتە شوێنی کارکردن شتێکە دەبێ ڕەچاو بکرێت چونکە زۆر پارە دەگەڕێنێتەوە وەک نەکڕینی بەنزینی ئۆتۆمۆبێل و چاودێریی منداڵ. بەهۆی کارکردنەوە لە ماڵەوە لە خەڵکی دادەبڕێی، بەڵام بۆ پڕکردنەوەی ئەمە دەتوانی سەیری منداڵەکانی دراوسێکەت بکەیت، کاتێ یاریی تۆپانێ دەکەن، یانیش بچیتە بازاڕ شت بکڕیت. هەروەها لە سەر ئینتەرنێتیش دەتوانی لەگەڵ خەڵک تێکەڵ بیت. ئەگەر بشتەوێ قسە لەگەڵ بەڕێوەبەر یان ڕاوێژکاردا بکەیت، ئەوا دەتوانی بە تەلەفۆن یان لە ڕێگەی کۆنفرانسی ڤیدیۆییەوە ئەنجامی بدەیت، بەم ڕێگەیە دەتوانی زیاتر قسە لەگەڵ هاوکارەکانت بکەیت. دایک و باوک چاودێریی منداڵەکانیان دەکەن و لە هەمان کاتیشدا کاری خۆشیان دەکەن، بەڵام لە کاتێکدا کە تازەکان کار بکەن، چونکە وەسڵی مووچە

پێویستە، کارکردن لەگەڵ چەند کاغەزێک و کارکردن لەگەڵ بانکی زانیاری لە ماڵەوە لەگەڵ منداڵەکان لە چواردەورت، ڕەنگە بۆ زۆر کەس خۆش نەبێت و هەروەها نەسوودی پزیشکیی هەیە و نەخانەنشینیشت بۆ حسێب دەکرێت لەلایەن کۆمپانیاکەوە. جارێکی تر ئێمە شێوەی ئامێرەکانمان گۆڕی و ئەوانیش شێوەی ئێمەیان جارێکی تر گۆڕییەوە.

## تەلەسەنتەر Telecenter

ژیان بەتەنیا ڕەنگە بۆ هەندێکمان گونجاو بێت. لە نێوان کارکردن لە شوێنە دوورەکان و کارکردن لە ماڵەوە، شتێکی تر هەیە پێی دەگوترێت تەلەسەنتەر. ئەم تەلەسەنتەرە ئامێری گەیاندنی تەواو بە گەڕەکێک دەدا، ئیتر خەڵکی دەتوانن بۆ چەندان کۆمپانیای جیاجیا کار بکەن و ناوە ناوەش لە کاتی قاوە خواردنەوەدا کۆ ببنەوە. تەلەسەنتەر فەرمانبەر ڕزگار دەکات لە هاتوچۆ لەسەر ڕێگە جەنجاڵەکاندا، هەروەها ڕێگەش بەوە دەدات خۆیان لەگەڵ کەسانی تر ڕابێنن، چونکە خەڵک هەیە سروشتی وا دەخوازێت دەبێ خەڵکی لە دەوروپشتی بێت لە کاتی کارکردندا. وێڕای ئەو سوودانە، پارەشت بۆ دەگەڕێنێتەوە، چونکە پێویست ناکات هەندێ ئامێر هەیە بیانکڕیت کە جارجارە پێویستت پێ دەبێت. تەلەسەنتەرێکی باش هەموو ئامێرێکی گەیاندنی هەیە و بەکرێی دەدات. کەمێک گواستنەوە پێشکێشی گەیاندن دەکات نەک جەنجاڵی و قەرەباڵغی.

تەلەکۆمیونیکەیشن ئەگەرەکانی جێگرتنەوەی گەشت بە گەیاندنی ئەلیکترۆنی زیاتر دەکات. ئەم کارەش دەکات لەوپەڕی گەشەسەندنی هاتوچۆ و ئۆتۆمۆبێلدا. کۆمپیوتەر و سەتەلایتەکان ڕێگەکانیان زۆر نزیک کردووەتەوە. مرۆڤ و ئامێرەکانی وەک تەلەفۆن، کۆمپیوتەر، ئامێرە بچووکەکانی تر لە یەکتر گرێ دەدات.

ئەو تەلەسەنتەرانەی بە ملیۆن دۆلاریان تێ دەچێت، ڕەنگە چەندان کەناڵی تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ و زانیارییان تێدا بێت لەگەڵ کۆنفرانس لە ڕێگەی ڤیدیۆوە لە ڕێگەی سەتەلایت و گەیاندنی زەوی. هەروەک چۆن باڵەفڕگە هابێکە بۆ گەشتیاران و کارگۆ، تەلەپۆرتێکی مۆدێرن هابێکی گواستنەوەی زانیارییە. جارێکی تر چەند ڕێگەیەکی نوێ هەن بۆ کارکردن بێ ئەوەی لە ماڵی خۆت بچیتە دەرەوە.

## ئێمە لە داهاتوو لە کوێ بژین؟

داهاتوو بەڵێنی زیاتر دەدات بۆ کەمکردنەوەی هاتوچۆ، لەگەڵ داواکارییەکانی لەسەر سەرچاوە سروشتییەکان و پیسبوونی ژینگە. شت کڕین لە ڕێگەی لیستی ئەلیکترۆنییەوە،

کارکردن لەسەر کۆمپیوتەر لەماڵەوە، کۆنفرانسی ڤیدیۆیی، دیمانەی کار، بەشداریکردن لە وانەکان و لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە دەرمانی نەخۆشییەکانمان بۆ بنووسرێت، ئەمانە هەمووی سەرکەوتنەکە دوو هێندە دەکەن. بێگومان ئەمانە زۆر فراوان دەبن لە داهاتوودا. ئەمە چۆن کار دەکاتە سەر ژیانمان لە ڕووی ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

سەبارەت بەپیسبوونی ژینگە، گەیاندنی نوێ، کەمترین کاریگەریی هەیە لەسەر پیسکردنی ژینگە. کەمترین سەرچاوەکانی سەر زەوی بەکار دەبات. ئەم ڕەوتە هیچ سنوورێکی نییە. ئەم تەکنۆلۆجیا بەهێزە کار لەسەر گۆڕینی ئەقڵەکان دەکات. لە هەمان کاتیشدا زەوی ماندوو و هەراسان ناکات.

ئەگەر بەشە گرینگەکانی کاری یەکێک، بازاڕکردن، پەروەردە، خۆشی و زەنگینی بەدەست بهێنرێت بەبێ جێهێشتنی ماڵ، ئەمە چۆن ڕەنگ دەداتەوە لەسەر ئیختیارکردنی خانوویەک بۆ ژیان؟ ئاخۆ خەڵکی زیاتر لە دەوروبەری شار دەژین یا لە ناو شار؟ ئاخۆ بەڕێوەبەرەکان لە سان فرانسیسکۆ یان سانتا فی دەژین و لە ڕێگەی ئەلیکترۆنییەوە پێوەندیی بە ئۆماهاوە دەکەن؟ گۆڕانی خێزانەکانی چینی ناوەڕاست لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە لە قەزا و ناحیەکانەوە بۆ ناو شار، بەهۆی باشتربوونی هۆکارەکانی گواستنەوە بوو وەک ئۆتۆمۆبێل و ڕێگەی گشتیی خۆش، ژیانی ئەمەریکییەکانی گۆڕی. پێشڤەچوونی تەکنۆلۆجیای گەیاندن بووە هۆی گۆڕانی نەوەی نوێ، ئەمەش دەتوانێت ژیان بەقەد ئەوەی قەزا و ناحیەکان کردیان بگۆڕێت.

## چی بەسەر شارەکان دێت؟

شارۆکە بچووکەکانی ئەمەریکا زۆریان ناڵاند، کاتێ دەرچووانی ئامادەییی ئەوێیان جێ هێشت و بەدوای هەل و خۆشییەکانی شارەکان کەوتن. هەندێکیان گەڕانەوە بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانیان، بەڵام ژمارەیان زۆر کەم بوو. لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، کار و بازرگانییەکانیش لێک ترازان. قوتابخانەکان داخران. جەوهەری شارۆکەکان مرد، تەنیا پیرەکان لە ماڵەوە مانەوە و بە مووچەی سۆشیال دەژیان. پێوەندی و گەیاندن لانی کەم دەتوانێ هەندێ لەو بارودۆخە هەڵگەڕێنێتەوە ئەگەر گرفتەکانی وەک تاوانەکان و گرانیی ناو شارەکان لای خەڵکی ئاشکرا بێت و بزانن کە ژیانی شار ئەوەندە سوودی نییە بۆیان.

چ جۆرە کۆمەڵگەیەک دروست دەبێت، ئەگەر خەڵک بتوانن لە ماڵەکانی خۆیان کار بکەن، جا ماڵەکان لە هەر شوێنێک بن، لە شار، لە ویلایەت یان لە جیهان؟ ئاخۆ ئەو کاتە شار

پێویست دەبێت؟ ڕەنگە تەلەکۆمیونیکەیشن (پێوەندی و گەیاندن) خەڵکی دەباتە دەرەوەی شارەکان و لێکیان دوور دەخاتەوە و شارەکانیش بوونیان نامێنێت. مانوێل کاستلس پێشبینی دەکات خەڵکی بەهۆی تەکنۆلۆجیاوە هەموویان دەگەڕێنەوە ناو چەرداخی ماڵەکانیان. کاستلس دەڵێت "ئەوانەی هەلیان بۆ نارەخسێت ببن بە بەشێک لە جیهانی تەلدار ئەوا خێر نادەنەوە و پشتگوێ دەخرێن. بگرە لە جیاتی سوودیان هەبێت و دەچنە دەرەوەی بازنەی کار کردنەوە."

پێشتر ئەوەمان بینیوە کە جووڵەیەک هەیە بۆ قەزا و ناحیەکان، ئەمەش بە هۆی زۆریی باج و گرانیی ناو شارەکان بووە، وێڕای نەخۆشییەکانی نوێیەکانی ناو شار. وای لێ دێت خەڵکی زۆر بەدەگمەن دەچنە ناو شار و ئەو شوێنەی لێی دەژیان یان کاریان لێ دەکرد. هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە، بەڵام ڕەوەکە دەستی پێ کردووە.

## ئینتەرنێت

لەو ڕۆژەی ساڵی ١٩٩٦دا کە سەرۆک کلینتۆن یاسای چاکسازیی پێوەندی و گەیاندنی ئیمزا کرد، بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە سەرانسەری جیهان هەر بە ڕێکەوت ٢٤ سەعات لەسەر ئینتەر بوون لە ماڵەکانیاندا. براوزەرەکانی browsers ئینتەرنێت فێر بوون چۆن دکتۆری لادێکان لە وێیڵز وێنەیان دەگواستەوە بۆ دوکتۆرە پسپۆڕەکان لە دووریی ١٥٠ میلەوە بۆ ئەوەی سەیری نەخۆشەکە بکەن، چۆن ئافرەتە قوتابییەک لە زانکۆی ئیستۆنیا پێوەندیی بە تۆڕی جیهانی ئافرەتانەوە کرد، چۆن کارمەندانی هاوکارییە مرۆییەکان لە کەمبۆدیا چوونە سەر ئینتەرنێت بۆ ڕێکەوتن لەسەر وەرگرتنی بەرنامەیەک و تا دوایی. بەڵام براوزەرەکان هەستیان بەوەش کرد کە پێکدادانە سیاسییەکان دەتوانێت ئەو ئامێرەی گەیاندن ئیفلیج بکەن کاتێ لاپەڕەکانی ماڵ ڕەش بوون لە ڕۆژی نارەزایی دەربڕین لەسەر سانسۆرەکانی ناو یاسای گەیاندن.

سانسۆرەکان قەت تەواو نابن. لە جیهانی بێ سنووری ئینتەرنێتدا، ڕەنگە یارییەکی مشک و پشیلە لە ساڵی ١٩٩٦ بکرابایە بەهۆی حکوومەتە پارێزکارەکانی ئاسیا و ئەو هاووڵاتیانەی دەگیران ئەگەر بەلاش هێڵی ئینتەرنێتیان هەبایە. چین و سەنگافوور هەوڵیان دا چەندان ماڵپەڕ بلۆک بکەن وەک ماڵپەڕە سیاسی و سێکسییەکان، هەروەها بلۆککردنی هەر ماڵپەڕێک کە ناوەڕۆکەکەیان بە دڵ نەبووایە. سێرڤسی ئینتەرنێتیان سنووردار کرد، هەروەها فلتەری ئەلیکترۆنیان دانا بۆ ماڵپەڕە قەدەخە کراوەکان. حکوومەتەکانی تر بە توندی چاودێریی ئینتەرنێتیان دەکرد. بەڵام ناقایلەکان بەو

بلۆککردنانە ناوەستن بگرە دەچن لە ماڵەوە ماڵپەڕێک دادەنێن و سەیری ماڵپەڕەکانی تری پێ دەکەن. هەروەها ناوونیشانی ماڵپەڕەکانیش دەتوانرێت بگۆڕدرێت. بلۆککردنی ئینتەرنێت ئەوەندە ئاسان نییە، ئەگەر یەکێک پێ داگرێت و بیەوێت هەر بەکاری بێنێت و هێڵەکانیشی هەر دێ فراوانتر دەبن.

دوو گەورەترین کۆمپانیای هەرە گەورەی کۆمپیوتەر و ئەلیکترۆنیات لە جیهان، مایکرۆسۆفت و ئینتەل، چەند پلانێکیان ڕاگەیاند تا ئینتەرنێت بکەنە دەنگ و ڤیدیۆ و سیستمی تەلەفۆنی سەرەکی. گوتیان بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر دەتوانن بەیەکتری بگەن بەنرخی یەک پێوەندیی تەلەفۆنی ناوخۆدا.

لە سەرانسەری جیهان بە ملیۆن خەڵک ڕۆژانە ئینتەرنێت بەکار دەهێنن. ئینتەرنێت تۆڕێکە زیاتر لە ٤٠ هەزار (کەس ژمارەکە بەتەواوی نازانێت) حکوومەت، بازرگانی، کۆلێج و تۆڕە تایبەتەکان پێکەوە دەبەستێتەوە لەگەڵ زیاتر لە دوو ملیۆن کۆمپیوتەر وەرگر لە ٢٠٠ وڵات لە ئوسترالیا وە تا زامبیا. هەموویان وابەستەن بە داتابەیسێک، ئیمەیل بۆ یەکتری دەنێرن، یان لەگەڵ یەکتری چات دەکەن. ڕووپێوێک لە کۆتاییی ساڵی ١٩٩٥دا دەری خستووە ٩,٥ ملیۆن بەکارهێنەر بە تەنیا لە ئەمەریکا هەفتانە بە ڕێژەیەکی نەگۆڕ ٦,٦ سەعات لە کاتی لەسەر ئینتەرنێت دەبەنە سەر. ڕووپێوەکانی دواتر دەریان خست کە ئەو ژمارەیەی پێشوو یەکجار زیاتر بوو. لە کۆتاییی ساڵی ١٩٩٥دا، ئەمەریکی و کەنەداییەکان زۆربەی کاتیان لەسەر ئینتەرنێت سەرف دەکرد نەک بە دیار کاسێتی ڤیدیۆیی بەکرێ.

کۆمپانیا تایبەتەکان ئینتەرنێت بەکار دێنن بۆ پێوەندیی ناوخۆ و دابینکردنی هاوکاریی تەکنیکی بۆ موشتەرییەکانیان. سیاسەتوانان بەکاری دەهێنن وەک ڕێگەیەکی هەرزان بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان بە دەنگدەرانیان. قوتابییانی کۆلێج لە کامپی جیاجیادا دەتوانن لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پێوەندی بکەن بە MUDS ، بۆ شەڕکردن لەگەڵ یەکتر لە گوندەکانی ناوەڕاستدا.

هەموو بەکارهێنەرێک دەتوانێت بە ناوێکی ترەوە شەڕ بە یەکێکی تر بفرۆشێت. ئەوانەی کە کاتی زیادەیان هەیە هەردەم دەتوانن سەیری زنجیرە درامایییەکان بکەن لەسەر ئینتەرنێت. هەموو کەسێک لەسەر ئینتەرنێت هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێت سەیری هەر شتێک بکات بە پێی ئارەزووی خۆی. ئینتەرنێت بووەتە ئامێرێکی ئیغراکەر و ورووژێنەر، ئەوانەی کە ناتوانن لە کاتێکدا سەیری شتێک بکەن، ئەوا دەتوانن لە کاتێکی تردا بیبیننەوە، و واتە شتەکان نافەوتێن و لە ڕێگەی بۆردی سەرنجەکانەوە دەتوانرێت داوا

بکرێنەوە. پرۆفیسۆرێک ڕۆژێکی خۆی بیر دێتەوە " ڕۆژێکیان تەماشای دۆکیومێنتەکانی توێژینەوەی پرۆژەیەکم دەکرد و لە ناکاو سەرم قاڵ بوو بە دۆکیومێنتی زانستی ئەستێرەناسی لە لوند، سوید. دۆکیومێنتەکە بە سویدی بوو و وەرگێڕانی ئینگلیزیشی لەگەڵ دابوو. نزیکەی یەک سەعاتم بەسەر برد بە خوێندنەوەی دۆکیومێنتەکە و وەرگێڕانەکەی. لەو ساتەدا گوتم " ئیتر تەواو کاتەکەم لە دەست چوو، دەبێ ئێستە بچمە دەرەوە!" چەندان کەیسی خووگرتن بە ئینتەرنێتەوە باسیان لێوە کراوە، بەکارهێنەران ڕۆژانە چەندان سەعات لەسەر ئینتەر دەبن و پارەیەکی زۆر بەقەد کرێی تەلەفۆنی مانگێک سەرف دەکەن. گرووپی هاوکاریکردنی خووگران بە ئینەرنێتەوە ٣٠٠ ئەندامیان هەردەم لەسەر هێڵە بۆ ئامۆژگاریکردنی ئەوانەی نان و ئاویان بووەتە ئینتەرنێت. هەندێ لە کۆمپانیاکان هەوڵ دەدەن کارمەندەکانیان ئەوەندە کات لەسەر کۆمپیوتەر نەکوژن، بۆیە سۆفتویرێکیان داناوە کە نزیکەی ٣ هەزار یاریی بلۆک دەکات.

## کێ خاوەنی ئینتەرنێتە؟

کۆمەڵگەی ئینتەرنێت، کە بارەگاکەی لە ناوچەی ڕێستن لە ویلایەتی ڤێرجینیایە، چاودێریی تۆڕی ئینتەرنیێت دەکات، بەڵام بەپێی قسەی پسپۆڕێکی کۆمپیوتەر " پرسیار بکەین لەوەی کێ خاوەنی ئینتەرنێتە ئەوا وەک ئەوە وایە بپرسین کێ خاوەنی پیاسە و ڕۆیشتنە لەسەر شۆستەکان." وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکی لە ساڵی ١٩٦٩ ئینتەرنێتی دانا بۆ پێشخستنی پێوەندییەکان لە نێوان سوپا و کەرتی تایبەتدا. بۆ ئەوەی بتوانن تەنانەت لە کاتی هێرشێکی ناوکیشدا، پێوەندی بەیەکترەوە بکەن، ئینتەرنێتیان دانا بەشێوەیەک کار بکات کەس خاوەنی نەبێت و کەسیش کۆنترۆڵی نەکات. هەر کۆمپیوتەرێک لەسەر تۆڕەکەدا بەرپرسیارێتییەکی یەکسانی هەیە لەگەڵ ئەوانی تردا. لە ساڵی ١٩٨٤دا، هەوڵێکی گەورە درا بۆ تۆمارکردنی زانیاریەکانی کەشوهەوا بێ ئەوەی ئینتەرنێت بەکار بێنێت. دەزگای زانستیی نیشتمانی وەک ئالییەتێکی توێژینەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرد، هەرچەندە ئەمە ئاشکراتر بوو کە ساڵانە ئینتەرنێت زۆر زیاتر و فراوانتر دەبێت. لە بەرئەوەی سێرڤسی ئینتەرنێت لەلایەن حکومەتەوە پارەی بۆ دابین دەکرا لە تەلەفۆن و پۆستە و فاکس هەرزانتر بوو.

ئەوەندە خێرا و هەرەمەکی و بێ سەروبەر گەشەی سەند، بەکارهێنەرانی داوایان لە حکومەت کرد زیاتر کۆنترۆڵی ئینتەرنێت بکرێ. ئەم حالەتە زۆر بە حالەتی ساڵانی بیستەکان دەچێت، کاتێ وەشان دەستی پێ کرد زۆر بێ سەروبەر بوو، بۆیە وەشانکاران

داوایان لە حکوومەت کرد کە سنووریێک بۆ ئەو بێ سەروبەرەیەی وەشان دابنێن لە ئاسمان. لە ساڵی ١٩٩٤دا، دوای ٢٥ ساڵ بەڕێوەبردنی ئینتەرنێت لەلایەن حکوومەتەوە، ئینتەرنێت بوو بەپڕۆژەیەکی تایبەتی. ئینتەرنێت بۆ هەمووانە و بەڵام، دەبێ شتێک بدەی. یەکێک لە نامەنووسەکان گوتوویەتی: دەستکاری ئینتەرنێتەکەم مەکەن. با حکوومەت هەقی بەسەریەوە نەبێت، لێ گەڕێن خۆمان خۆمان ڕێک بخەین! ئینتەرنێت واتە ئازادی و دەربڕینی کراوە. بەتەواوی بریتییە لە ئازادیی قسەکردن، باسکردنە لە باش، خراپ و ناشیرین. چی تر پێویست ناکات شتەکان بچێتە بەردەستی سەرنووسەرەکان تا بڕیار بدەن بڵاو بکەنەوە یان نا.

ناوونیشانێکی ئینتەرنێت بریتییە لە چەند پیت و سیمبولێک. ناوونیشانەکە لەسەر کارتی ئۆفیس بوو و دەبووایە هەر لەگەڵیشی بێت، چونکە بەکارهێنەر لە ئاستێکی نەتەوەیی و جیهانی بەکاری دەهێنا، هەروەها بە ڕاحەتی لە چەرداخی ماڵی خۆیدا کاری پێ دەکرد. بواری ئینتەرنێت بەقەد بواری زانیاری گەورەیە. بەرنامە و نووسینەکان دەکرێ داونلۆد بکرێن لە ڕێگەی بەرنامەی FTP ئێف تی پی. ئەو زانیارییانەی لەسەر کۆمپیوتەرێک خەزن دەکرێن، دەکرێ لە ڕێگەی سیستمی تەلنێت Telnetەوە بخرێنە سەر ئینتەرنێت. هەروەها لە ڕێگەی سیستمی گۆفەر Gopher زانیارییەکان ڕێک دەخرێن و ئاسانتر دەکرێنەوە. هەروەها لە ڕێگەی سیستمی URL ناوونیشان بۆ فایل دادەنرێت و لە ڕێگەی HTMLیشەوە زمانێک بۆ ماڵپەڕەکە دادەنرێت.

یارییەکی کۆمپیوتەری کە سەرنجی زۆربەی خەڵکی ڕاکێشا لە زانکۆی کالیفۆرنیا دروست کرا. یارییەکە ناوی یاریی بوودجەی نەتەوەیی بوو. بەکارهێنەران ئەم یارییەیان دەکرد و وایان دەزانی کە بودجەی فیدراڵ لە ژێر دەستی ئەواندایە. دەیانتوانی بەرنامە، لە بەرگریی نیشتمانی تا دەگاتە توخمەکانی پەروەردە، کەم بکەنەوە یان ببڕن. زۆربەی بەکارهێنەران درکیان بەوە کرد کە هاوسەنگکردنی بوودجە ئەوەندە ئاسان و هەوەنتە نییە.

## تۆڕی فراوانی جیهانی

تۆڕی فراوانی جیهانی کە کورتکراوەکەی بریتییە لە WWW گرینگترین و پڕ بایەخترین بەشی ئینتەرنێتە. ئەم تۆڕە وشە، گرافیک، ڤیدیۆ و دەنگ تێکەڵ دەکات، هەروەها ڕەنگ و شاباشیش زیاد دەکات، هەروەها دەتوانرێت بەرنامەکان و نووسینەکانی لێوە داونلۆد بکرێت. ئەم تۆڕە ئینتەرنێتی ڕێک خستووە. لە ڕێگەی وشە یان دەستەواژەیەکەوە بەدوای زانیاری یان هەر بابەتێکی تردا بگەڕێیت.

تۆڕەکە بەردەستی هەموو کەسێکە، ئەگەر سۆفتوێرێک و براوزەرێکی مۆدێرنی هەبێت. زیاتر لە ١٠٠ هەزار ماڵپەڕە هەیە ئامادەن و پێشوازیت دەکەن، لاپەڕەی یەکەمت بۆ دەکەنەوە و خشتەی ناوەڕۆکەکەت دەخەنە بەردەست. لاپەڕەی یەکەم وەک هەیوانی چەند ژوورێک وایە، یانیش وەک دووکانی پێشەوەی بازرگانیەکە بۆ نیشاندانی کاڵاکانی. هەر ژوورە و ڕەنگە تێکەڵەیەک لە وشە، وێنە و دەنگی تێدا بێت. کرتە لە سەر وێنەیەکی بچووک بکە و پڕ بە قەبارەی شاشەکە بۆت دەردەکەوێت. کرتە لەسەر دەنگێک بکە و یەکسەر لە بڵندگۆی کۆمپیوتەرەکەتەوە دەیبیستی، هەر جۆرە موزێکێک، کەنتری بێت، یان هەر جۆرە دەنگێک بێت، یان نەڕەی شێر بێت... تۆڕەکە بەرنامەی هایپەرتێکست یان هایپەرمیدیا بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی بەکارهێنەران بتوانن سەربەخۆ کار بکەن و لە بابەتێکەوە بچنە سەر بابەتێکی تر.

لە هەموویان خۆشتر ڕێبەرەکانن، نەخشە و ڕێگەوبان، تونێلەکانی سەرانسەری دنیایی تێدایە. کۆوارە ئەلیکترۆنییەکان بە وێنە و دەنگیشەوە داونلۆد دەکرێن. کۆمپانیاکان ئینتەرنێت بەکار دێنن بۆ پێوەندیکردن لەگەڵ یەکتری. بەچرکە دەزانی ئاخۆ چ شارێک چی لێ براوە و پێویستیی بە چییە. دەزانی چۆن جۆرەکانی خواردن دروست دەکرێت و تام و چێژەکان چین لە شارەکانی وەک مینۆت، باکوری داکۆتا، ئاخۆ وەک هی ویلایەتی مایامی دەبن؟

جیم کلارک بەڕێوەبەری ئاسان بەکارهێنانی تۆڕەکە بەرنامەیەکی دانا بەناوی Netscape navigator بەملیۆن کۆپیی لێ فرۆشرا، بەو بەرنامەیە زۆر دەوڵەمەند بوو. ڕاپۆرتێکی ساڵی ١٩٩٥ دەری خست کە لاپەڕەی یەکەمی ماڵپەڕی netscape ڕۆژانە سێ ملیۆن جار تەماشا دەکرا.

## پارەی ئەلیکترۆنی

ئەگەر هەر یەکێک بتوانێت ماڵپەڕێک دروست بکات، ئەوسا هەموو کەسێک دەبێتە بڵاوکەرەوە. خوێنەر (سەردانیکردنی هەر بەشێکی ماڵپەڕ پێی دەگوترێت لێدان) دەبن بەسەدان هەزار. بڵاوکەرەوەکانی ئینتەرنێت چەند ڕێگەیەکیان دۆزیوەتەوە بۆ داونلۆدکردنی پارە بەهۆی پێشکێشکردنی کارەکانیان بەخەڵکی، دواتر داوای ئابوونە دەکەن، واتە پارە لە ڕێگەی کرێدیت کارت و چەکەکانیان بدەن. ئێستەش گەلێ بڵاوکەرەوە نانی ناوبانگەکەیان دەخۆن، بەڵام ئەگەر تێستەکانی ئێستەی پارەی ئەلیکترۆنی سەرکەوتوو بن، ئەوا پیشەسازییەکی نوێی بڵاوکردنەوە دروست دەبێت.

ئەو کەرستە نووسراوانەی کە دەکرێ داونلۆد بکرێن، برتین لە فرۆشتنی ئاسایی و دەتوانرێت لە ڕێگەی پارەی ئەلیکترۆنییەوە پارەکەیان بدرێت. بەڵام لە ڕاستیدا هەر شتێک ئێستە بفرۆشرێت بەهۆی کەتەلۆگێکی ئیمەیلەوە ڕەنگە ڕۆژێک شاباشی بۆ بکرێت و لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بکڕدرێن و پارەکەش لە بانکێکەوە بۆ بانکێکی تر بە شێوازی ئەلیکترۆنی بگوازرێتەوە. دەیڤد چۆم، ئەو پسپۆڕەی بیرکاری کە پارەی دیجیتاڵی داهێنا، پێی وایە کە دزەکان ناتوانن پەنجە درێژ بکەن بۆ سەر پارەی ئەلیکترۆنیی هیچ کەسێک.

ئاسایشی کرێدیت کارت و زانیارییەکانی تری دارایی، کۆدی ئاڵۆزیان پێویستە بۆ ئەوەی دزەکان نەتوانن نزیکی بکەونەوە. بەڵام حکوومەتەکان دەترسن لەوەی ئەو میکانیزمە تایبەتمەندێتیی تیرۆریستان و بازرگانانی منداڵ لە ڕووی سێکسەوە بپارێزێت. لە ساڵی ١٩٩٦دا حکوومەتی ئەمەریکا بە خۆشحاڵییەوە هەندێ لە گوشارەکانی فرۆشتنی کۆدی بەرنامەکانی ئینتەرنێتی کەم کردەوە.

تۆڕی ئینتەرنێت ئالیەتی گەڕانی بەلاشی تێدایە، لەوانەش net search, open text news, lycos home page, web crawler search, excite, yahoo alta vista. ئەوەی بیەوێت بگەڕێت لەسەر هەر بابەتێک زانیارییەکی بێ شوماری دەست دەکەوێت. ئەوانەی بیانەوێت ئابوونە بدەن ئەوا زانیارییەکی زۆرتریان پێ دەدرێت. ئابوونەداران دەخرێنە ناو لیستێکی ئەلیکترۆنییەوە، ئەوجا لە کاتی گەڕاندا زانیاریی زیاتر و تایبەتیان پێ دەدرێت. پارەدان بۆ ئەوەی ناوت بچێتە ئەو لیستەوە، چەندان هەواڵت دێنێتە بەر دەست. ئەم پرۆسەیە بۆ ئەو کەسانە باشە کە دەیانەوێت زانیاری لە چەندان سەرچاوە و داتابەیس جیاواز وەربگرێت.

## بۆردی چات و ئیمەیل

بوومەلەرزەی لۆس ئەنجلۆس لە ساڵی ١٩٩٤ پەرۆشیی ئەو کەسانەی تاقی کردەوە لە ناوچەکە کە ویستیان بزانن خزم و دۆستانیان چییان بەسەر هاتووە. بۆ ئەوەی هێڵەکان ساف بن، AT&T بەرنامەیەکی دانا بۆ سنووردارکردنی پێوەندییە تەلەفۆنییەکان. بەڵام بوومەلەرزەکە بیست خولەکی بەسەردا تێ نەپەڕی، کاتێ بەکارهێنەران لەسەر ئینتەرنێت پەیامیان وەردەگرت و دەنارد. ئاژانسی هەواڵی ئەسۆشیەتد پرێس باسی لەو ڕووداوە کرد. ڕۆژی دواتر، ١٢ هەزار پەیام بۆ سەر فایلی پرۆدیگی بۆ چات و ئیمەیل نێردرا بوو، ئەو فایلە تەنیا بۆ ئەو ڕووداوە دروست کرا بوو.

هیچ شتێک لەسەر ئینتەرنێتی جەنجاڵدا بە قەد شتێکی تر ئازاد نییە، وەک بلێی ئۆتۆمۆبێلێک لەسەر ڕێگەی گشتیی زانیاری بەکەیفی خۆی هاتوچۆ بکات، ئەو شتەش

برێتییە لە ماڵپەڕەکانی هەواڵ کە پێیان دەگوترێت گرووپەکانی هەواڵ، کە لە بابەتی هزرییەوە تا ڕووتەمەنییەکان دەگرێتەوە. هەندێ جار هەواڵەکانیان زۆر مەترسیداریشن. تا یەکێک یان لایەنێک سانسۆر دادەنێت هەموو شتێک بێ سنوور و پەردە بڵاو دەکرێتەوە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٦دا بە بڕیارێک پاڵەپەستۆ خرایە سەر کۆمپانیای کۆمپوسێرڤ بۆ داخستنی ئەو ٢٠٠ ماڵپەڕەی کە تەرخانی کردبوون بۆ ڕووتەمەنی، بەڵام کارەکە لە جیهانی بێ سنووری ئینتەرنێتدا ئاسان نییە. لەگەڵ پەیدابوونی دەیان گرووپی هەواڵی نیونازییەکان لەسەر ماڵپەڕەکاندا، ڕووبەڕووبوونەوەکان بووە هۆی یەکەم هەموارکردنی دەستوور لەبارەی پرسی گوتاری ئازادەوە. هەموو مشتومڕەکان دەبووایە چۆک دادەن لە بەرامبەر ئەو واقیعەی کە هەموارکردنی یەکەم بەشێکە لە دەستووری ئەمەریکی، بەڵام ئینتەرنێت شتێکی نێودەوڵەتییە. بۆ نموونە لە ئەڵمانیادا، نیشاندانی سیمبولی نازییەکان (کە پێی دەگوترێت سواستیکا) نایاساییە.

هەر کەس دەتوانێت گرووپی هەواڵ دابنێت یان لێدوان لەسەر گوتە و قسەی یەکێکی تر بدات جا لە هەر چ بوارێکدا بێت. لە ژووری چات، کۆڕگە و هێڵەکاندا خەڵکی هەموو جۆرە قسەیەک بەیەکتر دەڵێن و باسی هەموو شتێک دەکەن.

ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان، یان بۆردی چات و ئیمەیل، بۆ گرووپی تایبەت، لایەنی جوگرافیایان پشتگوێ خستووە لە دروستکردنی گوندێکی جیهانی فەرە لایەنی بەناوی ماکلوهان. ئەم گوندە هەموو کەسێک لە خۆ دەگرێت بەڵام یەک تاکە گوندە. لە ڕێگەی گرووپی هەواڵی BBS (سیستەمی بۆردی چات و ئیمەیل) بۆ باسکردنی نموونەیەک لە هەزار، خەڵکی لە یەکتر نزیک دەکاتەوە وەک چۆن کاتی خۆی خەڵک کۆ دەبوونەوە پێکەوە کاریان لەسەر دروستکردنی پێخەفێک دەکرد.

بەدەیان هەزار بۆردی چاتکردن هەیە بە تەنیا لە ئەمەریکا خزمەتی چەندان ملیۆن کەس دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی و سەرنجەکان بەڕوونی نووسراون و هەموو کەس دەتوانێت بیانخوێنێتەوە. زۆرێک لە بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر دەچنە ناو ئەو بۆردانەوە بۆ ئەوەی شت بە بەلاش داونلۆد بکەن.

ئەو گرووپانەی هاوکاریی یەکتر دەکەن، گرووپی هەواڵ بەکار دێنن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی پێوەستن بەبێ توانایی جەستەیی، خراپیی خۆراک، بەکارهێنانی تلیاک، ئایدز، شێرپەنجە، شەکرە و نەخۆشییە ئەقڵییەکان. لانی کەم، گرووپێکی نەناسراوی ئەلکهولی کە ناوی لە خۆی نابوو " هەر جارە و قومێک" کۆبوونەوەیان لە ڕێگەی بۆردی چاتکردنەوە ساز دەکرد. زۆر ئاساییە و هیچ شەرمی تێدا نییە و بەشداری بکەیت و

بڵێیت: "ئەم کاتەتان باش، ناوم سوزانە. من خووم بە مەشرووبەوە گرتووە". ئەمە باشترە لەوەی بەرامبەر یەکێکیان ڕووبەڕوو دانیشیت. هەموو ئەو کەسانەی لە سەرانسەری جیهان لەسەر هێڵن بۆ ئەم مەبەستە وەڵامت دەدەنەوە. بەهۆی ئینتەرنێتەوە دووری باوی نەماوە و شتێکی بێ مانایە.

دەڵێن ئەو ئافرەتانەی کە ڕەگەزی خۆیان ئاشکرا ناکەن، زۆر بە جدی وەرگیراون و بیرۆکەکاشیان بەرز نرخێنراوە.

ئەو بۆردانەی بۆ لادان لە ڕێی ڕاست دانراون هەر تەنیا گفتوگۆی ئاین تێدا نییە، بگرە تەنانەت گرووپی دوعا و نزاشی تێدایە. دوعاکردنی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە داواکارییە تایبەتەکانی ئەو خەڵکانەی لێوە باس دەکرێت کە ناتوانن بجووڵێنەوە. هەروەها ئەندامانی ئاینە کەمینەکان پێکەوە کۆ دەکاتەوە. بەڵێ، هەروەکو پێشتر باس کرا، ئەم جۆرە پێوەندییە بێ بینینە وا لە خەڵکی دەکات لە دەوروبەری خۆیدا دابڕێت.

## پێشاندانی کۆنترۆڵ

گرووپەکانی هەواڵ ڕێگە دەدەن هەم پێوەندیی کەسی هەم جەماوەریش بکرێت، بۆیە ڕەنگە ئەندامان پەیامەکانی خۆیان بۆ یەک کەس یان بۆ هەمووان بنێرن. هەندێ لە بۆردەکان زانیاری دابین دەکەن کە پێوەستە بە کۆمپیوتەرەکان خۆی، بەڵام بۆردەکانی چاتکردنیش تەرخان کراون بۆ گفتوگۆی باباتە گشتییەکان، سیاسییەکان، هۆکارە سیاسییەکان، تەنانەت هەندێ بۆرد هەیە ڕقی لە پروپاگەندەیە. ماڵپەڕی پرۆدیگی سیاسەتێکی هەیە بۆ ڕەتکردنەوە یان پەسندکردنی ئەو بابەتەی دێت بۆ بۆردی چاتکردنی تا بتوانێت شتە بریندارکەرەکان لاببات، بەڵام بڕیاری داوە دەست لە ئاڵۆزی نووسینی کەرستەکان وەرنەدات.

ڕەنگە مەحاڵ بێت کارێک بکرێت، ڕێگە لەو گرووپە چەکدارەکان بگیرێت تا پەیامەکانی ڕق و کینە لەسەر ئینتەرنێت بڵاو نەکەنەوە. ئەمەریکا، لەگەڵ پاراستنی یەکەم هەموارکردنی دەستووردا، دەمێکە پێشوازی لە چاپکردن هزرەکان دەکات، گرینگ نییە چەندە توندڕۆش بێت. ئەو وڵاتانەی کە ڕانەهاتوون بەوەی خەڵکی بەکەیفی خۆیان شت چاپ بکەن ئەوا دووچاری گرفت دەبنەوە لە چاپکردنی شتەکان لەسەر ئینتەرنێت.

هەموو بۆردێک کراوەیە بۆ هەموو کەسێک لە جیهان، تەنیا پێویستیان بە کۆمپیوتەرێک، مۆدەمێک و تەلەفۆنێک هەیە. هەندێ لە بۆردەکان کە پێیان دەگوترێت سیسۆپس (سیستمی بەکارخەرەکان) خزمەتەکانیان بەلاشە، ئەوانی تر کرێیەکی بۆ دادەنێن. گەلێ

سیسۆپ هەیە ڕێگە بەخۆیان دەدەن سەیری هەموو پەیامێک بکەن و سانسۆر لەسەر پەیامەکاندا بنێن. بۆ نموونە پۆلیسی ئەلیکترۆنی کۆمەڵگەکان دەتوانن ئەو کارە بکەن. سیسۆپێکی نموونەیی پێویستی بە شتێک زیاتر هەیە لە کۆمپیوتەر، مۆدەم، هێڵی تەلەفۆن، واتە تۆڕی ڕاوتەر و هەندێ هۆ بۆ بوون و ناوونیشانیان پێویستە، هەندێ لە سیسۆپەکان دەزانن بە چ شێوەیەک پارە پەیدا بکەن. بەڵام خەڵکی هەیە هێشتا لایان گرانە و کاتیان لێ دەکوژێت، بەڵام وەک ئارەزوویێک هەر بەکاری دێنن.

لە زۆربەی بەشیدا، گرووپەکانی هەواڵ خەڵکی لە ئارەزووی یەکسان و بیرۆکەی لەیەک نزیک پێکەوە کۆ دەکەنەوە ، بەتایبەتی ئەوانەی ناتوانن ڕووبەڕوو یەکتری ببینن. هاووڵاتییان لە ڕێگەی هۆگەلی گەیاندنەوە، یەکتری دەناسن، ئەمە وێڕای ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن کە ناوە ڕاستەقینەکانیان دەردەکەوێت. بۆ نموونە دوو کەس دەتوانن بەناوی خوازراوەوە چەندان هەست و ڕا لەگەڵ یەکتر و بۆ دڵی یەکتر بکەنەوە. هیچ کەسێک لە گرووپەکەدا نازانێت ئەوەی قسەی لەگەڵ دەکات بە چی دەچێت، تەنیا قسەکەر خۆی دەناسێت و دەزانێت چییە و چۆنە.

## گرووپەکانی زانیاری

لە ئاستێکی جیاوادا، تۆڕی توێژینەوەی پەروەردە لەسەر ئاستی نەتەوەیی کە لەلایەن حکوومەتەوە بەڕێوە دەچێت، زانکۆکان بەهۆی ڕیشاڵە ئۆپتیکەکانەوە پێک دەبەستێتەوە بۆ پەرەدان بە توانستی قوتابییان. لە ڕێگەی ئەم سیستەمەوە قوتابییان دەتوانن زانیاری ئاڵوگۆڕ بکەن و سەرچاوەی کۆمپیوتەری بەکار بێنن و هاریکاریی یەکتر بکەن. ڕەنگە ئەمە سەرەتای خزمەتگوزاریی زانیاریی نەتەوەیی بێت. فێربوون لە دوورەوە لە ڕێگەی کۆنفرانسی ڤیدیۆیی لە گەشەسەندندایە و لەلایەن زانکۆکان و پرۆژە تایبەتەکانەوە برەوی پێ دەدرێت.

ئەو ڕۆژانەی کە ئینتەرنێت لەلایەن زانکۆکان، بازرگانەکان و ستافی حکوومەتەوە وەک سەرچاوەیەک بۆ ئاڵوگۆڕی خێرای زانیاری بەکار دەهێنرا. هێشتا بەسەر نەچوونە. گرووپی زیاتر و جدی تر، کە بەهیوای ئاڵوگۆڕی زانیاریی بەنرخن، سیستەمێکیان داناوە بەهۆیەوە داوای ئابوونە لە بەشداربووان دەکەن. مۆنیتەرەکان بڕیاریان دەدا ئابوونەکەی پەسند بکەن، چونکە خەڵکێکی زۆر پێویستی بەزانیاری بوو و ئامادە بوون ئابوونە بدەن. ئەوەی ئابوونەشی دەدا بە لێشاو زانیاری بۆ دەکرایەوە و دەیتوانی بەکەیفی خۆی لێی هەڵبژێرێت.

بەدەیان هەزار تۆڕ لە سەرانسەری جیهان دروست کران. تۆڕی وا هەیە کە تەنیا خزمەتی کۆمپانیاکان دەکا، تۆڕ هەیە خزمەتی زانکۆکان دەکات، تۆڕ هەیە بۆ ئاژانسەکانی حکوومەت و بۆ ئاژانسە تایبەتەکان کار دەکات. تۆڕە لۆکالەکان پێیان دەگوترێت LANs، ڕێگە بە کۆمپیوتەرەکان دەدەن فایل لە بەینی خۆیان ئاڵوگۆڕ بکەن. تۆڕە زۆر باشەکان وەک سوپەرنێت بۆ گرووپەکانی هەواڵ و تۆڕی فراوانی جیهانی گەلێ تۆڕی تر پێک دەبەستنەوە. ئەو "تۆڕەی پێک بەستنەوەی تۆڕەکانی تر" وای لە بەکارهێنەر کرد بتوانێت بچێتە ناو گەلێ ژووری چات و ئیمەیلەوە و تۆڕەکانی تریش. بۆ نموونە، تۆڕی یوزنێت use-net چەند سەد هەزار کۆمپیوتەرێک پێک دەبەستێتەوە کە بەکارهێنەران دەتوانن لە ڕێگەیەوە هەموو شتێک ئاڵوگۆڕ بکەن بەهۆی بەرنامە کۆمپیوتەرییەکانەوە.

## شاباشکردن

بێگومان شاباشیش هاتە سەر ئینتەرنێت، یەکەم جار لیستی شاباشەکان بەلاش بوون لە ناو ژوورەکانی چات، شاباشەکان بۆ فرۆشتنی چەند کالایەک بوون. بەڵام ئەوە تۆڕی فراوانی جیهانی بوو کە سەلماندی ئامرازێکی باشە بۆ گواستنەوەی هەموو شاباشەکان. ئەوجا کۆمپانیاکان دەستیان کرد بە کردنەوەی دووکانێک لەسەر ئینتەرنێت و لاپەڕەی یەکەمی ماڵپەڕەکەیان بۆ نیشاندانی کالاکانیان. شاباشەکان زۆر سەرنجڕاکێش بوون، بە تەنیا کرتەیەکی ماوسەکە تەواوی هەر شاباشێک شاشەی پڕ دەکرد.

ماکدۆناڵد کاروانی شاباشچییەکان لەسەر ڕێگەی گشتیی زانیاریی لایدا بەهۆی بلاوکردنەوەی شاباشەکانی لە ڕێگەی کەرتی هەمەڕەنگی ماڵپەڕێکی ئەمەریکییەوە. دەبێ تێبینیی ئەوە بکرێت کە کۆمپانیای ماکدۆناڵد، بەو هەموو زبەلاحیەوەی خۆیەوە، ناوەکەی لەسەر ئینتەرنێت لەبەر کۆمپانیایەکی تر ون کرد، چونکە کۆمپانیاکە پێش ماکدۆناڵد ناوی تۆمار کرد بوو لە ناو سەنتەری زانیاریی تۆڕی ئینتەرنێت. تۆڕی ئینتەرنیک InterNIC لە ڕووی ئیدارەی ناوەندییەوە زۆر لە ئینتەرنێت نێزیکە. موشتەرییەکانی سەر ئینتەرنێت نەک هەر تەنیا زانیارییان بەدی کرد لەسەر تۆڕەکە، بگرە مامەڵەشیان دەکرد لە ڕێگەی ئەو نرخ دابەزێنەرانەی کە بەسەدان موشتەرییان لەسەرانسەری وڵات لە تۆڕەکەدا ناونووس دەکرد. کڕیار و فرۆشیار ڕێک کەوتن لە سەر نرخێک کە زۆر کەمتر بوو لە نرخە ئاساییەکان. ئینتەرنێت پیشەسازیی ئۆتۆمۆبێلیشی هەژاند. پێ دەچوو شتەکە مەنتقی بێت؛ چونکە کڕیار و فرۆشیار زۆر لە یەکتر دوور نەبوون. وا خەمڵێنرا کە تا ساڵی ١٩٩٩ ساڵانە بای ٤ ملیار دۆلار کالا لەسەر ئینتەرنێت دەفرۆشێت.

## هێڵەکانی چات

هیچ پێوەندییەکی مرۆیی نەبوو، چاوەکان بە دیداری یەکتر ڕوون نەدەبوون مەگەر بە ژوانێکی کانی جاران نەبووایە. بەڵام هەندێ بەکارهێنەری ئینتەرنێت خۆشەویستیی ڕاستەقینەیان دۆزییەوە کە پێی دەگوترا هێڵەکانی چاتکردن و گەیاندنی ئینتەرنێتی IRC، ئەم هێڵانە گفتوگۆی بەردەوامیان لەسەر دەکرا. یەکێک شتێک دەنووسێت. یەکێکی تر وەڵامی دەداتەوە، بابایەکی تر قسەیەکی هەیە و دەیکات. ئەوەی یەکەمیان دەستبەرداری ئەو گفتوگۆیە نابێت. ئیتر بەم شێوەیە بەردەوام دەبوون تا شەو و بەیانی. ئەو گفتوگۆیانەی لە ڕێی چاتەوە ئەنجام دەدران بەناوی خوازراوەوە وەک فەن، لیپس، هۆت سێکس، ڕەنگە بینینی ڕاستەقینەیان لێ بکەوتایەتەوە دوای گۆڕینەوەی ئیمەیل و وێنەی یەکتر. بۆیە گفتوگۆ گەرمە ئەلیکترۆنییەکە بووە هۆی قاوە خواردنەوە واقیعێکی سارد. چەند زەواجێک هەر لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە سەریان گرت، بەڵام ژمارەیەکی زۆرتری نائومێد بوون و هەندێک دڵیان دەشکا و زۆرێکی تریش هەر بە تەنیا دەمایەوە لەسەر هێڵ.

چاتکردن بوو بە شتێک خەڵکی خووی پێوە گرتبوو. هەندێ قوتابی، کە زۆربەیان کوڕ بوون، دوای ١٢ سەعات چات ناتوانن وازی لێ بێنن. هەندێ قوتابی نانیان نەدەخوارد و تەنانەت نەدەچوونە ئاودەستیش ئەگەر زۆر تەنگاو نەبوونایە. لەبەر ئەو کچانەی لەسەر شاشە لێیان نێزیک بوون، زۆر کوڕ دەستگیرانە ڕاستەقینەکەی خۆیان لەدەست دا و چونکە خوویان بە چاتەوە گرتبوو و ئاگایان لە کەسی تر نەمابوو.

پیاوێکی تەمەن ٣٤ ساڵی خەڵکی سیاتل بۆ "ئابی" نووسیی "لەسەر ئینتەرنێت کڕ کەوتووم و هەر خەریکی چاتم:

لە ڕێگەی چاتەوە ماوەیەکە پێوەندی بە ئافرەتێکەوە دەکەم لە مایامی (نە بەتەلەفۆن نە بەنامە بگرە بە کۆمپیوتەر). لەو چەند هەفتەی دواییدا، زۆر بە کراوەیی باسی سێکس دەکەین. (ئەمە بە سێکسی کۆمپیوتەر ناسراوە).

ئابی، بە ڕای تۆ، من کابرایەکی نادڵسۆزم بەرامبەر بە ژنەکەم، یان تەنیا خۆشییەکی کاتییە و هیچ زیانێکی پێ ناگەیەنێت؟ ئەوەت لە بیر بێت ئەو کەسەی کە چاتت لەگەڵ دەکات و دەڵێ من ئافرەتم، کێ دەڵێ وایە (ناوی، تەمەنی، ڕەگەزی... تاد). ڕەنگە تۆ پێت وا بێ چات لەگەڵ کچێکی گەنجی جوان دەکەیت، کەچی باپیرەیەکی ٩٥ ساڵی دەردەچێت.

ئابی وەڵامی هاوڕێکەی داوە کە ئەگەر ژنەکەی پێی بزانێت ئەوا ئەو سێکسی کۆمپیوتەرە، کۆتایی بە زەواجەکەیان دێنێت.

دەبێ ڕەچاوی ئەوەش بکەین کە هێڵەکانی چات لەلایەن کۆمپانیاکانیشەوە بەکار دەهێنرێن بەمەبەستی کار ڕاپەڕاندن و لەلایەن ئەو خەڵکانەشەوە بەکار دێن کە حەزیان لە گفتوگۆ لەسەر بابەتی تایبەتی.

## ئاکامە کۆمەڵایەتییەکان

کاتێ لە ڕێی کۆمپیوتەری ماڵەوە، بە ئینتەرنێتەوە دەنووسێین، هەموو پێوەندییەکانی تر لەگەڵ خەڵکی ڕەت دەکەینەوە، تەنانەت ناچینە کتێبخانە و بە کارمەندەکە بڵێین چۆنی. بە هاوکاری مادیی حکوومەتی فیدراڵ، کتێبخانە گشتییەکان و حکوومەتەکان لە ئاستی جیاجیادا چەند ڕێگەیەکیان دروست کرد بۆ بەکارهێنانی ڕێگەی گشتیی زانیاری، ڕێگەیەک کە کتێبخانە بە یەکسانی بۆ هەژاران و زەنگینەکان بەر دەست بێت. حکوومەتەکان خەمی ئەوەیان بوو کە خەڵکی هەژار، کە بێ بەش بن لە داتابەیس و چەندان زانیاریی تر، کتێبخانەیان بەردەست بێت هێشتا هەر کەمە بۆ ئەوان.

کارتی کەتەلۆگی گەلێ کتێبخانە خرایە ناو فایلی ئەلیکترۆنی و بەردەستی بەکارهێنەران بوو لە ماڵ و ئۆفیسدا، دواتر مەسەلەکە تەنیا کات بوو تا زانکۆکان هەنگاوێکیان هەڵدەگرێت بۆ ڕێگەدان بە بەکارهێنەران کتێب بە تەلەفۆن یان بە فاکس داوا بکەن بێ ئەوەی بە پێ بچنە ناو کتێبخانەکانەوە. کتێبەکان بە پۆستە یان بە خزمەتی پۆستەی ئەلیکترۆنی زانکۆکان دەنێردران. ئەو ڕۆژە دێت کە دەکرێت کتێبەکانیش داونلۆد بکرێن. ئەگەر وای لێ بێت ئەوا کتێبەکان تەنیا لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکان دەمێننەوە، کاری کارمەندانیش تەنیا پاک ڕاگرتنی کتێبەکان دەبێت. بەکارهێنەر دەتوانێت کتێبەکەی هەر لەلا بمێنێتەوە بێ ئەوەی غەرامەی دواخستنی کتێبەکەی بێتە سەر. زانیارییە ئەلیکترۆنییەکان ئەم کارە دەکەن بێ ئەوەی بچیتە شوێنێک زانیاری وەردەگری. بە سەدان داتابەیسی ئەلیکترۆنی هەیە، سوپاس بۆ تاکە کەس و دەزگاکانیش کە بە پەرۆشەوە زانیارییەکانیان دەخەنە بەردەستی خەڵکی.

## ڕادیۆ لەسەر ئینتەرنێت

لە هیچ شوێنێک بەڵگەی ئەوە نییە کە ئیختیارێک بەهێزتر هەبێت لەوەی دانانی سیگناڵی ڕادیۆ لەسەر ئینتەرنێت. هەلێکی بێ وێنەیە.

لەبەرئەوەی سیگنالەکان بە تەل دەگوێزرێنەوە، هیچ داوایەک نییە لەسەر بواری کارۆموگناتیسی. پێویست بەهیچ مۆڵەتێک ناکات وەربگیرێت لە لیژنەی پێوەندی و

گـەیاندنی فـیـدراڵ یان لە هەر دەزگـایەکی حکوومـەتی لە هەر شـوێنێک بێت. لەبەر تەکنۆلۆجـیای بەردەست، بەرنامـەیەک، گۆرانیـیـەک یان گـوتارێک لەسـەر ڕادیۆ داونلۆد بکرێت یانیش لە هەمان کاتدا گوێی لێ بگیرێت.

لەوەش گرینگتر، لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە هیچ وێستگەیەکی ڕادیۆ ناوەخۆیی نییە. جگە لە وەشـانی کـەناڵە سـاف و شـەپۆڵ کـورتەکـان نەبێت، ڕادیۆ بووەتە کـۆمـەڵگەیەکی تەکنۆلۆجی، ئەمـە جگە لەو ڕادیۆیانەی بە سـەتەلایتـەکـانیـشـەوە بەسـتـراونەتەوە. ئەو وەشـانکارەی نەتوانێت سـەرنجی زۆربەی بیسـەران ڕابکێشێت بۆ ڕادیۆکەی ئەوا تەمـەنی کورت دەبێت. بەڵام بەهۆی ڕادیۆی ئینتەرنێتەوە ئەو سنوورەش نامێنێت. بەئارەزووی خۆت دەتوانی کـەناڵە ڕادیۆیـیـەکـان ببـیـسـتی، تۆ بڵێ گـۆرانی، بەرنامـەکـان... تـاد. بەڵام هیچ شارێک لە ئەمەریکا ناتوانێت هاوکاریی خشتەی وەشانی ڕادیۆکەی بکات. بەڵام بە سەدان بیـسـەر لە مـێـمـفـیس، سـەدانی تر لـە دیزمـۆنیس، دوو سـەدی تر لە کـوێت و کـالکوتا، پرۆژەیەکی ڕادیۆ دەتوانێت پارەیەکی باش پەیدا بکات.

لە پاڵ مـوزیک، وێستگەی ڕادیۆی سەر ئینتەرنێت دەتوانێت کۆبوونەوەکان، گوتارەکان، کۆڕەکان، گفتوگۆ یان هەر شتێکی بیسراوی تر وەشان بکات. لە ١٩٩٦دا، وێستگەکانی ڕادیۆ لە هۆنگ کۆنگ، تایوان و مالیزیا وێڕای گەیشتن بە بیسـەرانی خـۆیان بە هەمـوو جیهانیشدا بڵاوبوونەوە. لە ڕۆژێکی کۆتاییی ساڵی ١٩٩٥دا ماڵپەڕی net.radio کرایەوە بۆ بازرگانی لەسەر تۆڕی فراوانی جیهانی، کە زیاتر لە ١٨٦هەزار کاڵای تۆمار کرد.

تۆڕی وێستگەکانی ڕادیۆ نەک هەر تەنیا دەتوانن ژمارەی تەواوی ئەو کەسانە بزانن کە سەردانی ڕادیۆکە دەکەن، بگرە نـاو، ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنیشیان دەزانرێت؛ چونکە بیسەران دەبووایە فۆرمێک پڕ بکەنەوە تا بتوانن گوێ لە ڕادیۆکە بگرن.

دەکرێ کەناڵە تەلەڤزیۆنەکانیش لە ڕێگەی تۆڕی جیهانییەوە لە هەموو جیهان وەشان بکرێ، بەڵام جۆرەکەیان زۆر لە ستانداردی وەشـانی ساڵی ١٩٩٦ باشترە. لەگەڵ ئەوەشدا، سـەرەتا لە سـاڵی ١٩٩٦ دەسـتی پێ کـرد بە بەرنامـەی record, emcarta on کـە لەلایەن ڕۆژنامـەنووسی تەلەڤزیۆنیی پێشـوو، لیندا ئێلەربییـەوە پێشکێش دەکـرا، بە دەنگ و ڕەنگەوە.

ئەندازیاری پێوەندی و گەیاندن میتافۆری بۆڕی بەکار دێن. هێڵێکی تەلەفۆن دەچێتە ناو مۆدەمی کۆمپیوتەر. ئەمە وەک بۆڕییەک وایە ئەو ئامێرانە بە یەکتری دەبەستێتەوە. کێبڵێک دەچێتە ناو تەلەڤزیۆنێک وەک بۆڕییەکی فراوان و گەورە وایە. هێڵی ڕیشـاڵی ئۆپتیکی دەچێتە ناو سندووقی کێبڵەوە، ئەمە وەک بۆڕییەکە بە درێژاییی ڕووباری نیاگارا.

فیلمەکان بە چەند چرکەیەک داونلۆد دەکرێن. بەستنی سندووقی کێبڵ بە ئینتەرنێتەوە ڕێگە دەدات بە داتایەکی ئێجگار زۆر بە چەند چرکەیەک بگوێزرێتەوە، هەروەها کلیپە ڤیدیۆییەکانیش زۆر بە ئاسانی لەسەر ئینتەرنێتەوە داونلۆد دەکرێن.

هەوڵدان بۆ شیکردنەوەی ئینتەرنێت وەک ئەو ئەفسانە کۆنە وایە کە پیاوێکی کوێر وەسفی فیلێک دەکات. وەک سیستمێکی تەلەفۆنی وایە، ئەوەی بیەوێت دەتوانێت پێوەندی لەگەڵ هەر یەکێک بکات لە جیهان، پێوەندییەکەش زۆر خێرایە و لە ڕێگەی مێسجێکی تایبەتەوەیە. نەخێر، وەک ڕادیۆ وایە، دەتوانێت یەک کەس بگەیەنێت بە ملیۆنان کەس. نەخێر، وەک ڕۆژنامە وایە، زانیاریی نوێ دەخاتە بەردەست، ڕیپۆرتاج بڵاو دەکاتەوە، شاباش و کۆڕە گشتییەکان دادەپۆشێت. نەخێر، وەک سێرڤسی پۆستە وایە، چونکە شوێنی ئیمەیلی تایبەتی و ئیمەیلی بێ کەڵکی تێدایە. نەخێر، وەک تەلەڤزیۆن وایە، دەتوانێت دەنگ، وشە و وێنە بەهەموو دنیادا بڵاو بکاتەوە. نەخێر، وەک پیشەسازیی کۆوار وایە، دەتوانێت بگاتە ملیۆنان کەس و گرووپی جۆراوجۆر. وەک دائیرەی بەریدێکی زۆر زەبەلاح وایە. ئینتەرنێت کتێبخانەیەکی زۆر زەبەلاحە. وەک سەکۆیەکی زۆر گەورە وایە بۆ قسەکردن، تاد.

## سندووقی ئیمەیل لە ناو کۆمپیوتەر

ئیمەیل و نامەی ئەلیکترۆنی نەک هەر تەنیا لە دائیرەی بەریدی تێپەڕاندووە بگرە لە تەلەفۆنیشی تێ پەڕاندووە. پێوەندی و گەیاندنە بەبێ هاتوچۆ و گواستنەوە. ناهێڵت بچیتە گۆشەیەکی دائیرەی بەریدەوە، پێویست ناکات خۆت ماندوو بکەیت بە نووسین لەسەر کاغەز، زەرفی نامە و پول. سیستمێکی پێوەندی و گەیاندنی بست بە بستە، سندووقی نامە Mailbox دێتە ناو ماڵت. لە ناو هەموو کۆمپیوتەرێک سۆفتویرێکی پێوەندی و گەیاندن هەیە. بۆیە خاوەن کۆمپیوتەرێک دەتوانێت نامەیەک لە ماڵەکەی خۆی بۆ یەکێکی تر بنێرێت کە کۆمپیوتەر و سندووقەکەی هەیە، یان دەتوانێت لە یەک کاتدا بۆ چەندان کەس ڕەوانە بکات جا لە هەر کوێیەکی جیهاندا بن.

بۆ بەکارهێنانی تەلەفۆن، ڕادیۆ یان تەلەڤزیۆن پێویستت بەکەناڵێکی پێوەندی و گەیاندنی کراوە هەیە لە نێوان نێرەر و وەرگر. تەنانەت لە ساتەکانی بێدەنگبووندا کەناڵەکە هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوە. بە پێچەوانەوە، ئیمەیل دەتوانرێت خەزن بکرێت و دواتر بۆ یەکێکی تر ڕەوانە بکرێتەوە. نامەیەک لە کەرتی ناردندا خەزن دەکرێت و دواتر بۆ یەکێکی تر ڕەوان دەکرێت و زانیارییەکانی پێ دەگات، ئەویش دەتوانێت خەزنی بکات لە کەرتی

وەرگرتندا، تا کاتی دەبێت بیخوێنێتەوە. بەم شێوەیە ئیمەیل کاریگەرییەکی زۆری هەیە و سوودەکەی لە بن نایە. بۆ نموونە، ١٥ هەزار کەس دەتوانن نامەیەکی یەک پەڕەیی بنێرن بۆ ١٥ هەزار هاوڕێ لە شارێک کە هەزار میل لێیانەوە دوورە، ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدرێت هەر بەو کەناڵەی کە کەسێک بەکاری دێنێت و تەلەفۆن بۆ یەکێکی تر دەکات بۆ ماوەی ١٠ خولەک. تاکە کەموکورییی ئیمەیل تا ئێستە ئەوە بووە ناتوانرێت لە یەک کاتدا داتایەکی زۆری وەک بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی بنێرێت.

ئەوەی ئیمەیلەکەی پێ دەگات دەتوانێت بە ئاسانی و خێرایی بە ئیمەیلێک وەڵام بداتەوە، ئەمەش سنووری سیستمی پۆستە و تەلەفۆن دەبەزێنێت. لە بەریتانیا، دەتوانی ئیمەیلێک بۆ هاوڕێیەکت بنێری ئەگەر هاوڕێکەت کۆمپیوتەریشی نەبێت. بە سێرڤسێک کە پێی دەگوترێت پۆستی ئەلیکترۆنی، تۆ ئیمەیلەکەت دەنێری بۆ نێزیکترین دائیرەی بەرید لە ماڵی هاوڕێکەت. پۆستەچییەکە نامەکە پرینت دەکات، لە ناو زەرفێکی دادەنێت و دەیباتە ماڵی هاوڕێکەت.

شانبەشانی بۆردی گرووپەکانی هەواڵ و چاتکردن، ئیمەیل ئەو کەسانە پێک دەگەیەنێت کە ئارەزووی تایبەتیان هەیە، بەئارەزووی سیاسیشەوە، گرینگ نییە چەند لێتەوە دوورە. ئەمانە هەمووی هیچ سانسۆریان لەسەر نییە. سانسۆرەکانی حکوومەت نازانن چی ڕوو دەدات لە وڵاتەکەدا، تەنانەت ئەگەر بشزانن، بە دەگمەن دەتوانن زانیارییەکە بووەستێنن لە سنووری خۆیان، ناتوانن نامەکان چاپ بکەن، ناتوانن مۆدەمی هەموو کۆمپیوتەرەکان بوەستێنن یانیش دوای هەموو تەلەفۆنە نێودەوڵەتییەکان بکەون.

سیستمی گواستنەوەی ئیمەیل بەتۆڕی تەلەفۆن دەچێت لە تواناکانیدا بۆ پێک بەستنەوەی خەڵک لە چەند چرکەیەکدا. هەروەها بە سێرڤسی پۆستە دەچێت لە توانای گواستنەوەی زانیاریی نووسراودا. لەگەڵ ئەوەشدا ئیمەیل "زۆر دیموکراسییە" بۆ هەندێ ناوونیشان. مەسەلەکە گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە ئەستێرەکانی سینەما و ناودارەکان ئیمەیل بەناوی خۆیانەوە دروست نەکەن؛ چونکە ئەگەر بەناوی خۆیان بێت ئەوا ڕۆژانە ڕەنگە بە ملیۆن ئیمەیلیان بۆ بێت. ناوونیشانی لیست نەکراوی ئیمەیل ئاساییە، بەڵام هاکەرەکان دەتوانن بە ئاسانی ئیمەیلەکەت بوەستێنن، چێژ لەوە وەردەگرن بچنە ناو ناوونیشانەکان و بۆردی چات و ئەلیکترۆنییەوە.

ئیمەیل دەتوانرێت لەسەر لیستێک بۆ هەموو کەسێک بەردەست بێت. هاکەر hacker (تێکدەر) وەک وەشان وایە. هاکەر وەک ئیمەیلی بێ کەڵک وایە، ناوی دیار نییە و هەرچی حەزی لێ بێت دەتوانێت بیڵێت. سندووقی ئیمەیلی/نامەی هەر کەسێک سەر بە گرووپێکی

هەواڵ بێت ڕۆژانە بە دەیان و بگرە سەدان نامەی پێ دەگات. زۆرێک لەو نامانە نایاسایین. هەروەها زۆر نامە هەیە خۆی هەڕەشەیەکە بۆ سەر ئیمەیلەکەت و هێڵی ئینتەرنێت. منداڵبازەکان توانییان ئیمەیلی منداڵانە دابنێن و نامە و وێنەی ڕووت بۆ منداڵان بنێرن. دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ وەستاندنیان وەها ئاسان نییە.

## شێوازی نووسین

ئیمەیل هونەری نووسینی نامەی زیندوو کردووەتەوە، بەڵام گۆڕانکاریی زۆری تێدا کردووە. نامەکانی ئینتەرنێت کورتن، ڕەسمی نین وەک ئەو نامانەی پێشوو لە ڕێگەی دائیرەی بەریدەوە ڕەوانە دەکران کە درێژ و شێوازێکی ڕەسمییان هەبوو. هەندێ بەکارهێنەر پێیان وایە ناردنی ئیمەیل، وەک گفتوگۆی تەلەفۆنی، سولفەی خەڵکی کەم دەکەنەوە. نامەکان زۆر ڕاستەوخۆ و کاریگەرن.

ئەو کەسانەی "ڕقیان لە نووسینی نامەیە" دەڵێن حەز ناکەن شتی زۆر بنووسن. بۆیە چەند وشەیەک بەهۆی کیبۆردەوە کارێکی ئاسانە بۆیان. هەندێ چاودێران سەرنجیان داوە کە نووسینی دۆکیومێنتەکان و فاکس شێوازێکی ڕاستەوخۆی وەرگرتووە و کەمتر ئەدەبین، زۆر ڕوون و سادەن. بەڵام دەیڤد گیلدنی فەیلەسووف لە بۆردی چاتکردندا ڕۆژێک شتێک دەبینێت و دەیباتەوە سەردەمی هونەری نامە نووسین:

هەرچەندە هونەری نووسین ڕەنگە مردبێت، فۆرمێکی تری نووسین سەری هەڵداوە: خەڵک لەسەر شاشەیەک شت بۆ یەکتر دەنووسن... وەک سەکۆ کۆنەکان وایە کە دادەنران بۆ گوتار خوێندنەوە، کۆڕی کۆمپیوتەری پەیدا بووە کە بۆ ئاڵوگۆڕی شتی نووسراو بەکار دێت.

لەگەڵ هەر تەکنۆلۆجیایەکی نوێدا هونەری نووسین دەگۆڕێت. کاتێ هێنری جەیمس وازی لە نووسین هێنا لەسەر کاغەز و دەستی کرد بە تایپکردن، ڕستەکانی درێژتر بوون و ڕۆمانەکانیشی زیاتر بڵاوبوونەوە. نووسینەکانی زیاتر قالبی قسەکردنی خۆی وەرگرت. بەهۆی نووسین لەسەر کۆمپیوتەر پەخشانەکانی چڕوپڕتر بوون، ئەمەش وای لێ کرد چەندان جار بەئاسانی بەسەر نووسینەکانیدا بچێتەوە.

ئەو شتەی لە سەردەمی تەلەفۆندا ون بوو وا خەریکە لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە زیندوو دەبێتەوە: هاوڕێیەتی ئەدەبی. هاوڕێیەتیی دەستی پێ کرد لە ڕێگەی گفتوگۆکانەوە، ئەم هاوڕێیەتییە کەمێک جیاوازە لە هاوڕێیەتی لە ڕێگەی نووسینەوە. هاوڕێیەتیی زارەکی تەمەنی کورتە، بەدەستەواژەیەکی ژیرانە دەست پێ دەکات. باسکردنە لە ژیانی ڕۆژانە،

کار، ئارەزوو، گەشت و شت کڕین و چیرۆکە سێکسییەکان. ئەو هاوڕێیەتییەی لە ڕێگەی نووسینەوە پەیدا دەبێت تەمەنی درێژترە.

## فاکس

لە دارستانە چڕەکانی ویلایەتی چیاپاسدا، سوپای مەکسیکی بە چوستی ڕاوەدووی یاخییەکانی ناوچەی زاپاتیستای دەنا کاتێ خەڵکی ناوچەکە لە ڕێگەی فاکسەوە بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە گوایە حکوومەت "منداڵ دەکوژێت، لە ئافرەتان دەدات و دەستدرێژیی سێکسیان دەکاتە سەر." خەڵک داوایان دەکرد و دەیانویست بزانن بەڕاستی چی لە ئارادایە، هێرشەکە وەستێنرا و پەیامنێران ڕێگەیان پێ درا بچنە ناوچەکە. بەڵام هیچ بەڵگەیەکی ئەو دڕندایەتییەی حکوومەتیان نەدۆزییەوە. هاوکات، زاپاتیستەکان بە ناو دارستانە چڕەکەدا پەرش و بڵاو بووبوونەوە، لاپتۆپیشیان بەپشتێوە بوو.

ئەلگۆری جێگری سەرۆکی ئەمەریکا پێشبینیی شەڕێکی ئەلیکترۆنیی کرد، لە شەڕەکەدا سەربازەکان تەلەفۆن، کۆمپیوتەر و فاکسیان پێ دەبێت:

لە کاتی بێدەنگیدا دەتوانن ژوان ڕێک بخەن، دەتوانن بزانن بۆ ئێوارە چی دەخۆن و چییان بۆ ئامادە دەکرێت، هەروەها دەتوانن بەبیر کۆمپیوتەری ماڵەوە بێننەوە کە ئێستە کاتی ئاودانی درەختەکانە.

گوتەبێژی کۆشکی سپی نیوت گینگریچ پێشبینیی کورسیی دەسکداری کرد بۆ جەنەراڵەکان.

... دەتوانی شەڕ لە کاتی ڕاستەقینەی خۆیدا ببینی. ئەوجا دەتوانی تەلەفۆنەکەت هەڵگری و قسە لەگەڵ کچەکەت یان کوڕەکەت بکەیت کە سەیری شەڕەکە دەکات. چاتیان لەگەڵ دەکەی لەبارەی چۆن تۆ لە ئۆپەراسیۆنەکانی سوپا بەشداری دەکەیت.

هەر کەسێک گوێی لەو تێڕامانانە بێت ڕەنگە بە گەمژەیی زانستی خەیاڵیان ناوزەد بکات، بەڵام ئەمانە هەمووی بەجدی گوتراون لەلایەن جێگری سەرۆکی ئەمەریکا و گوتەبێژی ئەنجومەنی نوێنەران، ئەو دوو پیاوەی کە لەسەر هیچ شتێک ڕێک نەکەوتن.

## فاکسیمێل خێرا

فاکسیمێل زۆر خێراترە لە سیستمی پۆستەی حکوومەت یان کۆمپانیای ئێکسپرێسی فیدراڵ بە بەکارهێنانی هێڵی ئاساییی تەلەفۆن. بۆ گەلێ خەڵک، بەکارهێنانی فاکس لە ئیمەیل ئاسانترە چونکە پێویستی بە کۆمپیوتەر نییە. بەپێچەوانەی ئیمەیل، فاکسێک

دەتوانێت وەک نووسین بەئاسانی گرافیکیشی تێدا بێت، کە ئەمە هەواڵێکی زۆر خۆش بوو بۆ ئەو کەسانەی بە زمانی ژاپۆنی یان چینی دەیاننووسی؛ چونکە نووسینی ئەو دوو زمانە دەوەستێتە سەر ئایدیۆگرافیەکی ئاڵۆز کە پشتی ئامێری تەلەتاپییان شکاند. فاکسیمێل سەلماندی کە ڕێگەیەکی میساڵییە بۆ گواستنەوەی نووسین. کەمێک سەیرەکە لەوەدایە کە ژاپۆن گەورەترین بەرهەمهێنەری ئامێری فاکسە کەچی هەر بۆخۆیشی زۆرترین فاکس بەکار دێنێت و بازاڕی لە ژاپۆن زیاترە.

ئیمەیل و فاکس هەردووکیان بەچەند چرکەیەک لە شوێنێکەوە دەگوێزرێنەوە شوێنێکی تر، یان لە یەک شوێن بۆ چەندان شوێنی تر. هەر میتۆدە و سوودی خۆی هەیە. ئیمەیل، تەواو ئەلیکترۆنییە، پێویستی بەکاغەز نییە. یەک کەس دەتوانێت پیت و ژمارە بنووسێت، یەکێکی تر دەتوانێت بەسەریدا بچێتەوە و بیگەڕێنێتەوە لای نووسەرەکە. بۆ نموونە کۆمەڵە نووسەرێک دەتوانن دۆکیومێنتێک لە ناو خۆیان بنێرن و وەرگرنەوە بێ ئەوەی یەک وشە لەسەر کاغەز بنووسن. بەڵام، ئیمەیل ناتوانێت وێنە وەشان بکات. فاکس تا نەخشەیەکی بچووکیش وەشان دەکات، چ وشە چ وێنە بۆ ئامێری فاکس جیاوازییان نییە. نووسینی بنەڕەتیی فاکسەکە دەکرێ لەسەر کاغەز یان لەسەر فایلی کۆمپیوتەرێک بێت.

ئامێری مۆدێرنی فاکسیمێل ئەوەی لەسەر کاغەز بێت دەیگوازێتەوە دوای سکانکردنی لە ژێر ڕووناکییەکی وەک تیشکی لێزەر بۆ خوێندنەوەی خاڵە تۆخ و ئاچوغەکانی، دواتر دەچێتە سەر داتایەکی دیجیتاڵی و دواتر لە ڕێگەی هێڵی تەلەفۆنییەوە ڕەوان دەکرێت بۆ ئامێری وەرگر، لەوێ کاغەز چاپ دەکرێت. زۆربەی ئەم کارەی ئامێری فاکسیمێل دەتوانرێت بە کۆمپیوتەرێک بکرێت ئەگەر بۆردی فاکسی تێدا بێت و بتوانێت هەموو ئامێرێکی فاکس بخوێنێتەوە، یان بەهۆی فاکسێکی سۆفتوێر بکرێت. پرینتەرێکی لێزەری لە کۆتاییی وەرگرتندا دەیخاتە سەر کاغەز.

## "فاکس" لە ناوێک زیاترە

وشەکە وەک ناوێک دەستی پێ کرد: فاکسیمێل facsimile. ئەم کورتکرایەوە بۆ فاکس. دوای بڵاوبوونەوەی بە نێو کۆمەڵگەدا وشەی فاکس بوو بە ئاوەڵناویش: ڕاپۆرتێکی فاکسی، هەروەها وەک فرمانیش بەکار هێنرا: زانیارییەکانم بۆ فاکس بکە، یان دەتوانی بە شێوەی ڕابردووش بەکاری بێنی: دوێنێ زانیارییەکانم بۆ فاکس کردی. سەدەیەک بەر لە ئێستە، تەلەفۆن بە هەمان ڕێگە و قۆناخدا دەستی پێ کرد. فاکسیمێل لە لاتینییەوە وەرگیراوە واتە " شتەکان لەیەک بچن"، دەکرێ بەو زانیارییە بگوترێت کە دەنێردرێت یان

ئەو ئامێرەی کە دۆکیومێنت و وێنەکان ڕەوانە دەکات، ئەو ئامێرەی دەتوانێت وێنەکان لە کیشوەرێکەوە بۆ کیشوەرێکی تر، لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر بنێرێت. ئەو ڕۆژنامەیەی کە لە جیاتی بە پۆستە بگاتە پێش دەرگەکەت دەچێتە ناو کۆمپیوتەرەکەت، ئەمە خەونێکی دووری داهاتوو بوو، بەڵام فاکسیمێل نێزیکی کردەوە. بۆ ناردنی دۆکیومێنت، نامە و نامەهەواڵە، فاکسیمێل لە پۆستەچیی تێ پەڕاندووە و زۆر خێراترە. ئەو کەسەی کۆپی دەکات بە تەلەفۆنەوە نووساوە. ئێستە پێشکێشکردن لە هەموو شوێنێکی جیهان چەند چرکەیەک دەخایەنێت.

ئامێری فاکس و مۆدەمی کۆمپیوتەر وەک سندووقی سیحرین بۆ ئەو کەسانەی لە بواری پێوەندی و گەیاندندا کار دەکەن کە بڕیاریان دا چی تر هەموو ڕۆژ نەچنە سەر کار تەنیا بەمەبەستی نووسین، وێنەکێشان یان بزانن هاوکارەکانیان چییان نووسیوە، کێشاویانە و چییان کردووە.

## ئەسڵی فاکسیمێل

هەرچەندە ئامێری فاکسیمێل، کە زۆر بە خێرایی لە دوا دەیەی سەدەی بیستدا بەنێو کۆمەڵگەکاندا بڵاو بووەوە، بەنوێترین ئالیەتی پێوەندی و گەیاندن دادەنرێت. ئەسڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٤٢، کاتێ ماوەیەکی زۆر پێش داهێنانی تەلەفۆن لەلایەن گراهام بێلەوە، تەلەگراف داهێنرا. مۆڵەت بەخشرایە سکۆتلەندییەکی داهێنەر بەناوی ئەلیکسەندەر بێن کە فلچەی ئاسنینی بەکار هێنا لەسەر مسێک دەیخشاند و پیتەکانی لەسەر دەردەچوواند، دواتر بە تەلێکی ئەلیکترۆنی سگنالەکانی دەگواستەوە، ئەمە کۆپییەکی لێ کەوتەوە پیتەکان لەسەر کاغەزێکی کیمیایی دەردەچوون. لە دەوروبەری هەمان کاتدا، بێیکوێل لە لەندەن پەرەی بە تەلەگرافێکی کیمیایی ئەلیکترۆنی دەدا بۆ کۆپیکردن کە نووسین و سکێچەکانی پێ نیشان دەدا. لە ساڵی ١٨٦٥دا، ئاب جین کاسێلی ئیتاڵی فۆتۆگرافێکی ڕاستەقینەی (کچە ئیمپراتۆری فرەنسا)ی نارد بەهۆی تەلێکەوە بە بەکارهێنانی سیلندەرێک بۆ سکانکردن. ئەمە تەکنۆلۆجیایەکی سەرەتایی بوو دواتر بەباشی پەرەی پێ درا لەلایەن ئەسۆشیەتد پرێس و (یو پی)یەوە بۆ وەشانکردنی وێنە بۆ ڕۆژنامەکانیان.

لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا، تەلەتۆگراف telautograph لە وێستگەکانی شەمەندەفەردا حیجزکردنی کورسییەکانی تۆمار دەکرد. دەیتوانی نامەیەکی نووسراویش بگوازێتەوە بەسەر هێڵێکی تەلەگرافدا بۆ دووری ٢٥٠ میل. ئەم ئامێرە لەلایەن ئیلیشا گرێیی داهێنرا

کە لە هەمان ڕۆژی گراهام بێڵدا داوای مۆڵەتی یاسایی کردبوو بۆ تەلەفۆن. لە ساڵی ١٩٠٢دا، سیستمی سکانکردنی وێنەی ئەلیکترۆنی لەلایەن دوکتۆر ئارسەر کۆرن پەرەی پێ درا، کە توانیی وێنە بەرهەمهێنراوەکان بگوازێتەوە ئاژانسی ئەسۆشیەتد پرێس دەستی کرد بە سێرڤسی ناردنی وێنەی ئەلیکترۆنی لە ساڵی ١٩٣٤ بۆ ڕۆژنامەکانی. هەردوو کۆمپانیای AT&T و RCA وێنە و نەخشەی کەشوهەوایان بەهۆی ڕادیۆوە گواستەوە.

هەوڵێکی سەرەتایی بۆ ناردنی ڕۆژنامەی فاکسی ڕاستەوخۆ بۆ ماڵ و کارەکان کەمێک سەرکەوتوو بوو. ئەمانە ئامێری هێواش و گرانبەها بوون و جۆری چاپەکەشیان خراپ بوو. لەوەش خراپتر ئەوە بوو ئامێری جیاجیا لە کارگەی جیاجیا دروست دەکران. نیو سەدە دواتر ئەم ئەزموونە زیندوو کرایەوە بۆ ئەو کەسانەی ئامادە بوون پارە بدەن تا ڕۆژنامە بێتە ناو ماڵەکانیان نەک پێش دەرگاکانیان.

خیرۆخ ئامێری تەلەکۆپیەری telecopier ئاشکرا کرد، یەکەم ئامێری فاکس بوو لە ساڵی ١٩٦٦ بۆ کۆمپانیاکان بەکار هێنرا. ئامێرەکە، لەلایەن ماگنۆڤۆخ دروست کرا، جۆری فاکسەکانی خراپ بوو، بەڵام هیچ شتێکی تر نەبوو تا ئامێرە ژاپۆنییەکان لە ساڵی ١٩٨٤دا ڕژانە ناو بازاڕەوە. ئامێرەکانی فاکس وێنەی باشتریان بەرهەم دەهێنا، هەروەها بە کاتێکی کەمتر لە تەلەکۆپیەر کارەکەی تەواو دەکرد. داوا لەلایەن کۆمپانیا گەورەکانەوە ئێجگار زۆر بوو، دواتر داوا لەلایەن ماڵەکانەوە دەستی پێ کرد، ئەم کارە سەدەیەک پێش ئێستە تەلەفۆنی بەدوادا هات، دواتریش کۆمپیوتەری و کۆپیەری بەدوادا هات.

تەقینەوەی فاکس بەهەموو دنیادا دوای حوکمێکی دادگە لە ساڵی ١٩٦٨ دەستی پێ کرد، ئەویش بڕیاری کارتەرفۆن بوو. ئەم بڕیارە ڕێگەی بە موشتەرییەکان دەدا ئامێرەکانی فاکس بلکێنن بە سیستمە بێڵییەکان و غەیرە بێڵییەکان. تەکنۆلۆجیا زیاتر پێشڤەچوو هەروەها هەموو لایەک ڕێک کەوتن لەسەر ستاندارێکی جیهانی بۆ وەشانکردن.

یەکێک لە قوربانییەکانی ئەو پێشڤەچوونە برێتی بوو لە بازاڕی تەلێکس. هەروەها پۆستەی ئەمەریکی و کۆمپانیای ئێکسپرێسی فیدرال زیانی زۆریان پێ گەیشت. ئەگەر ئامێرێکی فاکس هەبێت بۆ وەرگرتن، ئەوا فاکسیمێل هەرزانترە و خێراتر دەبێت لە هەر میتۆدێکی تری گواستنەوەدا. لە ڕاستیدا، نرخی فاکس زۆر دابەزی لە کاتێکدا نرخی پۆستە بەرز بووەوە. کەواتە لە ساڵی ١٩٩٠دا، فاکسکردنی نامەیەک هەرزانتر بوو لە ناردنی ئیمەیلێک بەپوولەوە.

## بەکارهێنانەکانی فاکس

فـاکس بۆ چـەندان شت بـەکـار دێت، لەگـەڵ پرۆسـەکـانی پـێـوەندی و گـەیاندنیش، وەک شاباشی ئاژانسێک کە دیزاینێک دەنێرێت بۆ موشتەرییەکەی تا ڕەزامەندیی لەسەر بدات، دەزگـای کەشـناسـیی ئەمـەریکی زانیـاریی کەشـوهەوای فـاکس دەکرد بۆ وێسـتگەکـانی تەلەڤـزیۆن، یان بۆ نـووسـینگەی ڕۆژنامـە و پەیامنێـرەکان، ئـەوانیش لە شـارێکی دوورەوە هـەواڵەکـانیـان لە ڕێگەی تەلەفـۆنەوە دەنـارد، پێـویسـتی نـەدەکـرد دووبارە هـەواڵەکـانیـان بنووسـنەوە. کـاتێ فاکس بەکـار هێنرا لە نێوان کـۆمـپـانیـاکـاندا، فاکس بووە بەمـایەی سەرنجی هەمـوو کەسێک، بـوو بە ناوەندێکی سـەرنجڕاکێشی پێوەندی و گەیاندن. بەلایەنی کەم وێسـتگەیەکی ڕادیۆ بە فـاکس گۆرانیی داواکراوی پێ دەگـەیشت. چێشـتخـانەکان بە فـاکس داواکـارییـەکـانی نانی نیـوەڕۆیان پێ دەگـەیشت. تیـمـەکانی بۆولینگی ژاپۆنی و ئەمەریکییەکان، ڕکابەرییان دەکرد لە بڕینی زەریای هێمن لە ڕێگەی فاکسکردنی گوڵەکان، ستراتیجییەکانیان و هاندانەکانیان.

ئامێری فاکس تەکنۆلۆجیـایەکی تری پێوەندی و گەیاندنـە و ئەنجامی بێ شـومـاری لێ دەکەوتەوە. خاوەنی ئامێرەکانی فاکس ئەوەندە سەرقاڵن پێ ڕاناگەن هەمـوو شتێک بنێرن، بۆیە چی گرینگتربێ ئەوە یەکەم جار ڕەوانە دەکرێت. یەکێک لە شاباشچییەکان جۆرێکی نوێی کاغەزی پێشکێش کرد، بەم شێوەیە شـاباشـەکانی زیاتر فرۆشران. ئەوانەی فـاکسی بێ مـانایان بۆ دەهات بێزار بـووبوون، بۆیە هەسـتان بە دانانی سیسـتـمێک کە ئەو جـۆرە فاکسانەیان پێ نەگات. فاکس هەبوو پێویستی بەکرتەی زیاتر و داخلکردنی زیاتر هەبوو، بۆیە بێزارکردنی خاوەن فاکسێک ئەوانی تریشی بێزار دەکرد.

تەکنۆلۆجیـای فـاکسـیـمێل، کە سـاڵ دوای سـاڵ زیاتر بڵاو دەبووەوە، ڕۆژنامـەوانییـەکی ڕاسـتـەقینەی بە ئەمـەریکا بەخـشی، چونکە لاپەڕەی ڕۆژنامـەکانی لـە ڕێگەی سـەتەلایتـەوە وەشان دەکرد بۆ شوێنی چاپکردن، واتە خێراتر بوو: چاپی چوارشەم لە ڕۆژی چوارشـەمدا ئامادە دەبوو نەک هـەر تەنیا لە نیو یۆرک بگرە لە هەمـان ڕۆژدا دەگەیشـتـە واشـنتـۆنیش، هـەروەها هـەمـوو شـارەکـانی تری ئەمـەریکاش هەمـان ڕۆژنامـەیان پێ دەگـەیشت. هەرکـە ئامێری فـاکس بەنـێـو کۆمـەڵگەدا بڵاو بووەوە، نرخـەکان دابەزین و ئەوانەی سـیـفـەتی زۆر باشـیان هـەبوو نرخەکـانیـان هەر گران بوو. نامەکان، وێنەکان و هێڵکارییەکان بۆ هـەمـوو شـوێنێکی جیـهان دەنێردران، بەمەرجێ ئەو شوێنە تـەلەفۆنی لێ بووایە. بەڵام دوای سەدەی بیستەم فاکس لە هەموو شوێنێکی جیهان هەبوو.

## چوونە ئەوسەری ڕێگە گشتییەکە

لە شانۆ و گۆڕەپانی وەرزشیی ڕۆمای کۆندا، بینەران بەپەنجە گەورە بۆ سەرەوە یان بۆ خوارەوە دەنگیان دەدا لەسەر مانەوەی یان مردنی شەڕەوانێک. لە ساڵی ١٩٨٢دا، ئێدی مێرفی ئەکتەری کۆمیدی لە شانۆی ساتردەی نایت لایڤ، ڕۆبیانێکی گەورەی زیندووی بەدەستەوە بوو ناوی نابوو لاری. بینەران دەیانتوانی تەلەفۆن بۆ ژمارەیەک بکەن، ئەگەر بیانویستایە لاری زیندوو بمێنێتەوە، یان ئەوەی بیویستبا لاری بچێتە ناو مەنجەڵێک و بکوڵێنرێت. نرخی هەر تەلەفۆنێک بە ٥٠ سەنت بوو، ١٢٣ هەزار تەلەفۆن کرا و گوتیان با لاری زیندوو بمێنێتەوە، ١١٧ هەزاریش دەنگیان دا بۆ مەنجەڵەکە. ئەم هەموو تەلەفۆنە بەلایەنی کەم تەنیا ئەنجامە ڕاگەیەنراوەکە بووە. دەنگۆکە ئەوە بوو کە دەنگدانەکە بەلایەکی تردا چوو، مەبەست لێنانی لاری نەبوو بگرە لێنانی هەڵبژاردنەکە بوو.

ڕەنگە داهاتوو ڕۆبیانمان زۆر بۆ نەگرێت، بەڵام دەرفەتی زیاترمان پێ دەدات بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە ئەلیکترۆنییانە. هیچ شتێک وەک پێوەندی و گەیاندن فراوان نییە، چەرداخەکانی ماڵەکانمان زۆر کاریان هەیە بیکەن، چونکە تەلەفۆن لە ڕێگەی کێبڵێکی دوو سەرەوە دەکرا، پێی دەگوترا ITV. لە کاتی دەنگدانی ئەنجوومەنەکانی شاردا، پاڵێوراوان بەڵێنیان دا بۆ پێشڤەبردنی کێبڵ و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاریی بواری پێوەندی و گەیاندن. بەڵێنەکان: وای لێ دێت کێبڵ شت دەکڕێت، کێبڵ قاوەتان بۆ دێنێت، ماڵەکانتان دەپارێزێت. سوپاس بۆ گواستنەوەی دوو سەرەی کێبڵ لە ماڵەوە بۆ شوێنی کار و لەوێشەوە بۆ ماڵ.

ئاخۆ خەڵک توانای تێکەڵی دەوێت؟ کاتێ کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت زۆر باو بوون، تێرمیناڵی تەلەڤزیۆن و کارەکانی تر "نەخێر" بوون. کۆمپانیای GTE بە ملیۆنان دۆلاری سەرف کرد لە شارۆکەی سیرۆتسی لۆس ئەنجلۆس بۆ تاقیکرنەوەی سیستمێکی تێکەڵکردن کە بتوانێت وا لە هاوولاتییان بکات لە ماڵەوە شت بکڕن، بخوێنن، یاری بکەن و سەیری فیلمەکان بکەن. تاقیکردنەوەکە سەری نەگرت. قایمقام گوتی " ڕاشکاوانە، نازانم کێ ئەمە بەکار دێنێت." ئەوەی ڕاستی بێت هوتێلەکان فیلمێکی زۆر پێشکێش دەکەن لەسەر داوای خەڵکی لە جیاتی ئەوە بە میوانەکان بڵێت فیلمەکە لەسەری سەعاتدا دەست پێ دەکات. هەروەها کەناڵی کێبڵی سێگا وا لە بەکارهێنەرە گەنجەکان دەکات لە ناو ٥٠ یاریی یارییەکان هەڵبژێرن. کاتێ سیستمی تێکەڵکردن زیاتر و ئاسانتر بەکار دەهێنرێت، ئەوا زیاتر گەشە دەکات.

## تاقیکردنەوەی کیوب

هەمان گوێ پێ نەدان بووە هۆی مردنی تاقیکردنەوەی کیوب. لە ساڵی ١٩٧٧دا، وارنەر ئامێکس سیستمێکی کراوەتری تێکەڵبوونی ئاشنا کرد بەناوی کیوب. ناسرابوو بە سیستمی کێبڵی کۆلۆمبس- ئۆهیو و دواتریش چەندان سیستمی تری تاقی کردەوە. ئابوونەدارانی کیوب کیپادێکیان پێ بوو لە ژمارە سفر تا نۆی لەسەر بوو. ئەو کیپادە دەیتوانی سیگناڵی ئەلیکترۆنی بنێرێت بۆ بانکی ناوەندیی کۆمپیوتەرەکان کە هەموو وەڵامەکانی شی دەکردەوە. بۆ وەڵامە شاراوەکان، ڕاگەیەنەرێک یان نامەیەکی نووسراو لە ناو شاشەکە پرسیاری لەسەر چەندان بابەت لە ئابوونەدارەکە دەکرد، وەک، ئاخۆ دەبێ یاسایەکی تایبەتی کۆنگرێسی دەربچێت یان نا. ئابوونەداران چەندان ئیختیاریان لەبەردەست بوو و یەکێکیان هەڵدەبژارد. کۆمپیوتەرێک تەلەفۆنەکانی دەژمارد و ڕێژەکانی چاپ دەکرد بۆ هەر ئیختیارێک لەسەر شاشەکە.

سیستمی تێکەڵبوون ڕاپرسیی دەکرد و ژنەکانی ماڵەوەی بەکار دەهێنا بۆ زانینی ئەوەی چی بەرنامەیەک زۆر تەماشا دەکەن. کیوب تواناکانی خۆی لە ساڵی ١٩٨١ زیاتر کرد، وای لێ هات ئابوونەدارانیش بانکێکی زانیارییان هەبوو لەسەر کۆمپیوتەر و زانیاریی بەسوودی تێدا بوو وەک هەواڵەکان، کەشوهەوا و بەخشیشی بەکاربەران. بینەران دەیانتوانی لە دژی یەک لەسەر نرخەکان ڕکابەری بکەن. هەروەها دەشیانتوانی کەتەلۆگێکی شت کڕین و شوێنی داواکردن سکان بکەن، هەروەها دەیانتوانی بەرنامەکانیش هەڵبژێرن. بەداخەوە، یان ئەوەتا بەرنامە تێکەڵاوبووەکان ئەوەندە داوایان لەسەر نەبوو یانیش دیزاینەرەکان یان وارنەر ئامێکس پێشبینیی ئەوەی نەکردبوو کیوب دەبێتە پێشەنگێکی دوڕاو لە فرۆشتنی سێرڤسی کێبڵەکەی. لە هەر حاڵەتێکدا، سێرڤسەکە زیاتر لە ٣٠ ملیۆن دۆلاری لە ماوەی حەوت ساڵدا زەرەر کرد و کۆمپانیاکە کۆتاییی بە تاقیکردنەوە چلێسەکەی هێنا.

بەڵام، وارنەر دەبووایە بە بیرۆکەکە حەپەسا بایە. ئەمجارەیان لەگەڵ کات تێکەڵ بوو، پێی گوترا وارنەر تایم. ئەمجارە تاقیکردنەوەیەکی گەورەتر دەستی پێ کرد لە ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ ڤیدیۆیەکی دیجیتاڵ دانرابوو بۆ داواکان لە ئۆرلاندۆ، فلۆریدا بۆ ٤ هەزار ماڵ. لە هەر کاتێکدا، هەزار ماڵ دەیانتوانی لە تۆڕەکەدا بەشدار بن، کە نێزیکەی ١٠٠ فیلمی تێدا بوو، کە بینەران بەکەیفی خۆیان دەیانتوانی لێیان هەڵبژێرن و خێرایان بکەن و بیانوەستێنن وەک بڵێی لە ماڵی خۆیان ڤیدیۆیان هەیە. بینەران دەیانتوانی لە ڕێگەی ئەو

سیستمەوە شت بکڕن، بانک بەکار بێنن و داوای پیزا بکەن. وارنەر تایم و کەناڵە زەبەلاحە میدیاکانی تری ئەمەریکا بەملیۆن دۆلاریان وەبەر هێنا بۆ پێشخستنی سێرڤسی مەڵتی میدیا و تێکەڵکردنی کەناڵەکان. ئامانجی سەرەکی برێتی بوو لە تێکەڵکردنی هەموو کەناڵەکانی سەر ڕیشاڵی ئۆپتیک لەگەڵ ئەوانەی لە ناو کۆمپیوتەرەکان خەزن کرابوون.

هەوڵەکانی دیکە بۆ تێکەڵکردن هەر لە ئارادا بوو و هەندێ جاریش دەوەستێنران. تەلەڤزیۆنی ACTV لە نەوەدەکان یاریی خستە بەردەست ئابوونەدارانی نیویۆرک کە ڕکابەرییان دەکرد لەسەر نرخ. بینەران یارییان دەکرد لەگەڵ دوگمەکان و شتەکانی ناو کۆمپیوتەر، یەکێکیش لە ناو کۆمپیوتەر گاڵتەیان پێ دەکردن و پێی دەگوتن " من لە گرەوەکەم بردەوە". هەروەها سیستمێکی تری لەو جۆرە هەبوو دەیتوانی پرسیار لە بینەران بکات، سەری بلەقێنێت، تێبینی بنووسێت و وا لە بینەر بکات شتێک بشارێتەوە. هەندێ لە بینەرانی کالیفۆرنیا هەردەم یاریی ویل فۆرچن و جیپەردیان دەکرد. هێڵە ئاسمانییەکانی سینگافوور لە ساڵی ١٩٩٦دا بەرنامەی ڕاستەقینەی قومارکردنیان دانا لەسەر پشتەوەی هەر کورسییەکی هەندێ باڵەفڕکانیان. گەشتیاران لە ڕێگەی کرێدیت کارتەکانیانەوە یارییان دەکرد.

دواجار بەکارهێنەران بڕیاریان دەدا ئەگەر تەلەڤزیۆنی تێکەڵبوو داهاتووی دەبێت یان نا. ئەگەر ئابوونەداران وازیان هێنابووایە ئەوا ژیانی ئەویش تەواو دەبوو. چەندان کۆمپانیای ئەمەریکی پلان دادەنێن بۆ دانانی ئەو سێرڤسانە، هەرچەندە فەرەنسا، بەریتانیا، ژاپۆن و کەنەدا سیستمی دوو سەرەیان داناوە کە هەم تاقیکردنەوەیە و هەمیش قازانجی خۆی دەکات، تەلەتێکست و ڤیدیۆتێکستی تێدایە.

## تەلەتێکست و ڤیدیۆتێکست

ڕۆژنامەکان دارستانەکان دەخۆن، بەڵام تەلەتێکست و ڤیدیۆتێکست نایخۆن. سینیکس ناویان لێ دەنێت " میدیایەکی مردوو." ڕۆژنامەکان دەگوێزرێنەوە، پێویستیان بە لۆری و ئۆتۆمۆبێل هەیە، هەندێ جار پاس و باڵەفڕەیش. هەموو ئەمانە بەنزین و گازیان گەرەکە. تەلەتێکست و ڤیدیۆتێکست ئەلیکترۆنین، پێویستیان بەهیچ یەکێک لەوانەی سەرەوە نییە. ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی ناو شار ڕەنگە کێشەکەی دوو پاوند بێت، نوسخەیەکی ڕۆژنامەی سەندەی دوو هێندەیە. بەشی هەرە زۆری ناو ڕۆژنامەکان ناخوێنرێنەوە و دەبن بە خاشاک. لە جیهانێک کە سەرچاوەکان ڕوو لە کەمین و پیسبوونی ژینگەش ڕوو لە زیادییە، پێوەندی و گەیاندنی ئەلیکترۆنیی هەواڵ و زانیاری مانای خۆی هەیە.

تەلەتێکست بریتییە لە گواستنەوەی یەک سەرەی تێکست بۆ بینەر لە ڕێگەی سیگنالی تەلەڤزیۆنی کە هێڵەکانی سکان ناکرێن، یانیش لە ڕێگەی سیگنالی ئاسۆیییەوە (وەشانی شاوڵی لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن ئەو کاتە دەبینرێت کە سێتی تەلەڤزیۆنەکە هێشتا بەتەواوی پێ نەکراوە). ئامێرێکی تایبەتی کۆد کردنەوە لەگەڵ سێتەکەدایە و زانیارییەکانی لەسەرە، لە فۆرمی لاپەڕە دەردەکەوێت و نووسینەکانی لەسەرە و بینەر دەتوانێت هەڵبژێرێت.

ڤیدیۆتێکست بریتییە لە سیستمێکی تێکەڵبوونی کۆمپیوتەری کە ڕێگە بەبینەر دەدات بگەن بە بانکی زانیارییەکان. بینەران دەتوانن مامەڵەشی پێوە بکەن. ئەم سیستمە کردەیی ترە لە تەلەتێکست چونکە زانیاریی زیاتر هەڵدەگرێت. بەکارهێنەرانی تەلەتێکست، شاشەی تەلەڤزیۆن بەکار دێنن، دەبێ چاوەڕێی "پەڕێک" بکەن پێیان بڵێت پێش ئەوەی بەدەستەوە بیگرن، بەڵام بەکارهێنەرانی ڤیدیۆتێکست، کە شاشەی کۆمپیوتەر بەکار دێنن، دەتوانن یەکسەر بە سەرچاوەکانی زانیاری بگەن. مەسەلەکان ئەو کاتە ئاڵۆزتر دەبن کە ئەو دوو زاراوەیە جاری وا هەیە لە جیاتی یەکتر بەکار دەهێنرێن.

ڕەخنەیەک لە ڤیدیۆتێکستی سەر ئینتەرنێت، وێڕای بە زەحمەت گەیشتن بە وشەکان لە کاتی دانیشتن لە بەرامبەر شاشەکە، بریتی بوو لە بە زەحمەت وەرگرتنی وێنەی هەواڵەکانی ڕۆژ، بەپێچەوانەی میتۆدە خۆش و ڕاحەتەکە کە لەسەر قەنەفە لێی پاڵ دەدەیەوە و تەماشای هەواڵەکان دەکەیت و لاپەڕەی ڕۆژنامەکان هەڵدەدەیتەوە. بەکارهێنانی ڤیدیۆتێکست بەراورد کراوە بە سەیرکردنی یاریگەی تۆپی پێ لەناو گلاسێکەوە.

بیرۆکەی سێرڤسی ڤیدیۆتێکست بۆ بواری بازرگانی دەستی پێ کرد کاتێ زانا بەریتانیاییەکان سەردانی پێشانگەی نیویۆرکیان کرد لە ساڵی ١٩٦٤ کە لەلایەن کۆمپانیای پیکچەرفۆنی AT&T بەڕێوە چوو. هەرچەندە گفتوگۆی تەلەفۆنیی ڕووبەڕوویان زۆر بەهەند وەرنەگرت، بیرۆکەی بەستنی شاشەکانی تەلەڤزیۆن بەتۆڕی تەلەفۆنەوە سەرنجیانی ڕاکێشا. ئەوان دەیانویست نەک هەر تەنیا ڕووەکان نیشان بدەن بگرە زانیاریش بخەنە بەر چاو. لە ئەسڵدا پێی دەگوترێ ڤیدیۆداتا، ڤیدیۆتێکست یەکەم جار لەلایەن پۆستەی بەریتانییەوە پێشکێشی بەکاربەران کرا لە ساڵی ١٩٧٩ لە ژێر ناوێکی بازرگانیدا، ناوەکەش پرێستەل بوو. بە بەکارهێنانی سیستمی پرێستەل، یەکێک سێتێکی تەلەڤزیۆنی ببەستایەتەوە بە مۆدەمێک، کیپادێکی هەبووایە لەگەڵ هێڵێکی تەلەفۆن دەیتوانی زانیارییەکانی بخاتە سەر کۆمپیوتەر لە بۆرسەوە بگرە تا دەگاتە خوێندنەوەی کەلووەکان. بەڵام، پرێستەل لەگەڵ خەڵکی گشتیی بەریتانیادا نەهاتەوە. کەمتر لە سەدا

٢ی خەڵک سێرڤسەکەیان بەکار هێنا، هەرچەندە لەلایەن هەندێ کۆمپانیاوە باو بوو وەک کۆمپانیاکانی گەشتکردن. لە هەمان کاتدا، سیستمی سیفاکس و ئۆراکلی بەریتانی، کە هەردووکیان تەلەتێکست بوون، هەواڵ، مەتەڵ، خەیاڵ و زانیارییان پێشکێش بە گرووپی تایبەتی دەکرد.

فرەنسا، ژاپۆن و کەنەدا پەرەیان بە سیستمی تەلەتێکست و ڤیدیۆتێکست دا. سیستمی نیشتمانی فرەنسا پێی دەگوترا تەلەتێل، دەگەیشتە هەریەک لە پێنج ماڵێک، بووە سەرکەوتووترین تەلەڤزیۆنی کەناڵ تێکەڵ. پۆستەی حکوومەتی فرەنسی بەناوی PTT مۆنیتەرێک و کیبۆردێکی (مینیتەل) بە بەلاش دەدا موشتەرییەکانی، دواتر کرێی بەشداریکردنی لێ وەردەگرتن. بەم شێوەیە ١٠ هەزار سێرڤسی تایبەتی لیست کران لە بەڕێوەبەرایەتییەکی ئەلیکترۆنی. خەڵک مینیتەلی بەکار دەهێنا بۆ شت کڕین و پارەدان، وەسڵەکانی تریشیان پێ دەدا، هەروەها سەیری خشتەی شەمەندەفەر و باڵەفڕەشیان پێ دەکرد، ژووریان لە هوتێل پێ دەگرت، تازەترین هەواڵیان پێ دەگەیشت، کەشوهەوا، کەلووەکانیان، یاریی سەر کۆمپیوتەرەکان، چاتیان لەگەڵ هاوڕێکانیان دەکرد. ئابوونەداران بۆ ئیمەیلیش بەکاریان دەهێنا. یاسای پێوەندی و گەیاندنی ساڵی ١٩٩٦ ئاکامی سێرڤسێکی لەم چەشنە بوو لە ئەمەریکا کاتێ تەلەفۆن و سیستمەکانی کێبڵ یەکیان گرت.

## خزمەتگوزارییەکانی سەر ئینتەرنێت (ئۆنلاین)

ئەمەریکا ئۆنلاین، پێشی دەگوترێ ئەی ئۆ ئێل AOL، هەوڵ دەدات گەنجان بکاتە ئامانجی سەرەکیی خۆی. ماڵپەڕی کۆمپوسێرڤ، وەک سێرڤسی ڤیدیۆتێکست دەستی پێ کرد، هەواڵەکانی ئەسۆشیەتد پرێس لەسەر داوا پێشکێش دەکات، هەروەها چەندان جۆری جیاوازی بۆردی چات، ئیمەیل و زانیاریی هەمەجۆر دەخاتە بەردەستی بەکاربەران. ئەم کارانە ئەی ئۆڵیش دەیانکات. کۆمپوسێرڤ وەک تۆڕێکی جدی و نێودەوڵەتیی بەکارهێنەرانی پسپۆڕ و کۆمپانیاکانی بەیەکتر بەستەوە لەگەڵ ژمارەیەک وڵاتی پیشەسازی. بەکارهێنەران دەیانتوانی بگەنە کتێبخانە و داتابەیسە تایبەتەکان. هەواڵی ئاژانسی داو جۆنز Dow Jones وەک بازرگانییەکی فرۆشتنی زانیاری دەستی پێ کرد پێش ئەوەی زانیاری بەخەڵک بدات. گەلێ لەو خزمەتانەی کە لە ڕێگەی خزمەتی بازرگانییەوە پێشکێشی دەکردن لەسەر سێرڤەرەکانی تۆڕی فراوانی جیهانی WWWیش بەردەست بوون و هەروەها لەسەر تەواوی ئینتەرنێتیش هەبوو لە ڕێگەی گەڕانی سۆفتوێر

وەک نێتسکێیپ ناڤیگەیتە Navigator Netscape.

یەکێک لە ڕەخنەکانی خزمەتی ئۆنلاین ئەوە بوو لەلایەن پیاوانەوە دیزاین کرابوو و زۆربەی بەکارهێنانەکانی بۆ پیاوان بوو، ئافرەت زۆر خۆی تێدا نەدەبینی. زیاتر لە چوار لە پێنجی ئابوونەدارەکانی لە سالآنی سەرەتادا پیاو بوون. کۆمپانیای پرۆدیگی وانەیەک لەمە فێر بوو و ئیتر ئافرەتی دامەزراند بۆ دیزاین و فرۆشتنی بەرهەمەکانی تاوەکو بەکاربەرانی ئافرەت زیاتر بکات. ئامانجەکەی برێتی بوو لە خێزانەکان لەگەڵ گرافیک و بۆردی چات کە بەهۆیەوە ئەوانەی تازە بوون لە بەکارهێنانی بەئاسانی دەیانتوانی بگەڕێن. بەڵام، ئەم هەوڵە ئافرەتێکی کەمی هێنایە ناو بازاڕەکە.

## چالاکییە تێکەڵکراوەکانی تر

وەڵامدانەوەی ئارەزووی زۆری خەڵک بۆ پێوەندی و گەیاندن بەبێ هاتوچۆ، یەکێک لە فۆرمە باوەکانی تەلەڤزیۆنی تێکەڵبوو برێتییە لە شت کڕین لە ماڵەوە، ئەمەش دیاردەی بەرنامەی کێبڵەکان بوو کە لە هەشتاکاندا سەری هەڵدا. لە ڕووی تێکەڵبوونەوە، ئابوونەداران بازاڕەکەیان گەرم کردبوو بەهۆی بەشداریکردنیان لە ڕێگەی سیستمی کێبڵی دوو سەرەوە. تەلەشۆپینگ، تەلەڤزیۆن و تەلەفۆن تێکەڵ دەکات، لەگەڵ کۆمپیوتەر بۆ ڕاییکردنی داواکان. لە شارۆکەی دیرفیلدی شیکاگۆ، بینەران لە تاقیکردنەوەیەکدا دەتوانن شت داوا بکەن لە دەیان دووکان لە یەک کاتدا بەهۆی بینینی کەتەلۆگەکان و کاڵاکان لەسەر شاشە.

توانای دوو سەرەی کێبڵ دزین، ئاگری لێ دەکەوێتەوە. هەروەها پێویستی بەزەنگێکی ئاگەدارکردنەوەیە بە سیستمی کێبڵەکەوە بلکێنرێت. هەر ماڵێکی بەشدار بوو لە هەر دە چرکەیەکدا دەپشکنرێت بەهۆی کۆمپیوتەرێک کە لە ناوەڕاستی وێستگەیەک دانراوە بۆ ئەوەی بزانرێت هەموو شتێک ئاساییە. ئەگەر هەر گرفتێک بەدیار کەوت، سیگنالێک دەچێت بۆ کۆمپانیای کێبڵەکە، ئەوانیش پۆلیس ئاگەدار دەکەنەوە. لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا، سیستمی کێبڵی تێکەڵکردن خزمەتگوزاری دابین دەکات وەک کۆنترۆلکردنی ترافیک لایت، ئیدارەی وزە و خوێندنەوەی دوورییەکان.

هەموو جۆرەکانی کێبڵی تێکەڵکردن ماڵئاوایان نەکردووە. ئەوەی خەڵک حەزیان لێیە ئەوەیە چەندان ئیختیاریان هەبێت و شتەکان هەمەجۆر بن وەک بۆردەکانی چات، ئیمەیل، یارییەکانی کۆمپیوتەر و ڤیدیۆتێکست، گەیشتن بە مانشێتەکانی هەواڵ، وەرزش، گۆڵەکان، ڕاپۆرتەکانی بۆرسە و هەواڵەکانی کەشوهەوا. ماڵپەڕی Knight-Ridder Viewtorn، خزمەتگوزارییەکانی تری وەک los angeles times-mirror و new york times کە تەنیا

هەواڵیان لەسەر داوای خەڵک پێشکێش دەکرد تێکشکان. خەڵک پارە نادات بۆ تێرمیناڵێکی تایبەتی کە هیچ خۆشیی تێدا نەبێت و هەمەڕەنگ نەبێت. تێرمیناڵە ئۆنلاینەکان لەلایەن گرووپە سەربەخۆ بێ قازانجەکان و تێرمیناڵەکانی بانک لە ماڵەوە کە خەڵکیان لکاند بە کۆمپیوتەرە کەسییەکانەوە زۆر باشتر نەبوون لەو ماڵپەڕانەی سەرەوە. لەوانەش خراپتر بریتی بوون لەو تێرمیناڵە ئۆنلاینانەی لە مۆڵەکان و باڵەفرگەکاندا زانیارییان دەبەخشی کاتێ یەکێک پلی بە دوگمەیەکەوە نابوو لەسەر شاشەکە. ئەوانە هەمووی بوون بە هەڵم. پێ دەچێت ڕواڵە کورەکان ئەمانەیان قەبووڵ نەبووبێ. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو سیستمانە تا ئێستەش هەر کار دەکەن.

## ئەگەرەکانی تێکەڵبوون

کێبڵی تێکەڵکردن دەکرێ ببەسترێت بەبێ تەکنۆلۆجیایەکی ئاڵۆز. وەرگرێک لە ماڵەوە چەندان کەناڵ بە بینەر دەبەخشێت، هەر شتێک لە ئەنجامی وەڵامێکی سادەی " بەڵێ یان نەخێر"ەوە لەگەڵ دووجار پل پێوەنان بە شاشەیەک چەندان ئیختیاری نیشان دەدا، ئەمانە هەمووی وەک ئەوە وا بوو لەگەڵ کیبۆردێک و کۆمپیوتەر قسە بکەیت و بگەیتە مەرام.

تەلەفۆن زۆر بە باشی کار دەکات ئەگەر ژمارەیەکی کەم کەس بەکاری بێنن، بەڵام لەسەر ئاستی نەتەوەییدا ئەگەر بە ملیۆن کەس لە یەک کاتدا تەلەفۆن بکات بۆ دەربڕینی ڕای خۆی، ئەوا زۆربەی تەلەفۆنەکان وەرناگیرێن. سیستمی بێڵ باشاری ئەو قەرەباڵغیە ناکات. دوای گوتاری سەرۆک بوش لە جانیوەری ساڵی ١٩٩٢ لەسەر یەکگرتنی ویلایەتەکان، بینەرانی سی بی ئێس CBS داوایان لێ کرا تەلەفۆن بکەن ڕای خۆیان لەو بارەیەوە دەربڕن. ٢٥ ملیۆن کەس هەوڵیان دا، بەڵام تەنیا ٣١٥ هەزار کەس بۆیان وەرگیرا.

ئەو ماڵانەی بەهۆی ڕیشاڵێکی ئۆپتیکەوە بە کۆمپیوتەرێکەوە بەسترابنەوە دەتوانن وانەکانی قوتابخانە وەربگرن و وەڵامی قوتابییەکانیان لە تاقیکردنەوەکان بنێرنەوە، ئەم جۆرە خوێندنێکی کۆنە، چونکە جاران کۆرسی خوێندن لە ماڵەکاندا بوو. بۆ نموونە لە قوتابخانەی لۆرێل سپرینگ لە ناوچەی ئۆجای لە کالیفۆرنیا، قوتابییان دەیانتوانی کۆرسی ئۆنلاین هەڵبژێرن کە تێیدا هەموو کەرەستەکانی خوێندن، ڕێنوێنی و ڕێبەرەکانی خوێندن بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی دەنێردرانە ماڵی قوتابییەکان. هەموو شتێک لە خوێندنە کۆمەڵایەتییەکانەوە تا زانست ئۆنلاین بوو، هەرچەندە دانی پێدا دەنێین کە خوێندنی ڕۆمانێک زۆر ئاسانتر بوو ئەگەر وەک جاران کتێبەکەت لە دەست بووایە. ئەرکی ماڵەوە ئۆنلاین دەدرا بە قوتابییەکان، بەنووسراو بۆ هەر کۆرسێک. زانیارییەکانی تر ڕەنگە لە

بانکی زانیارییەکان بەردەست بوونایە.

لیستی ڕۆژانەی شاباشە پۆلێنکراوەکان لە ڕکابەرێتیی ڕاستەوخۆدا لە ناو ڕۆژنامەکان لە گەڵێ شاردا واقیعێکە. باڵەخانەکان بۆ کرێ دەچوونە ناو داتابەیسێکی ئەلیکترۆنی و خێرا خێراش زانیاری لەسەریان تازە دەکرایەوە. ئەمە بازرگانییەکی دروست کرد بۆ کۆمپانیا عەقارییەکان کە نەک هەر تەنیا بوونە موشتەریی ڕۆژنامەکان، بگرە بوونە ڕکابەریش.

فرۆشتنی ئۆتۆمۆبێل بەهەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرا. لە ساڵی ١٩٩٥دا، نێزیکەی ٥٠ جۆرە ئۆتۆمۆبێل لە WWW شاباشیان بۆ دەکرا لەسەر سی دی ڕۆمێک کە پێی دەگوترا ڕێنوێنیی نوێ بۆ کڕینی ئۆتۆمۆبێل، ئەمەش بەدیلێکی بەو کڕیارانەی ئۆتۆمۆبێل بەخشی کە حەزیان نەدەکرد بچنە پێشانگەی ئۆتۆمۆبێل، چونکە لەوێ هەستیان دەکرد خاوەن پێشانگەکە پاڵەپەستۆیان دەخاتە سەر بۆ کڕین.

## ڤۆرخکردنی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن

ئەگەرەکانی تێکەڵکردنی کەناڵەکان لە ڕێگەی ڕیشاڵێکی ئۆپتیکەوە چەند ئامێرێکی هەبوو قسەی لەگەڵ بینەران دەکرد نەک تەنیا لەسەر ئیختیاری بەرنامەکان، بگرە لەسەر ئیختیارکردن لە ناو بەرنامەکانیش. ئابوونەدارانی سیستمی کێبڵی مۆنتریال لە نێو گۆشەکانی کامێرادا یارییەکانی بەیسبۆل و هۆکییان هەڵبژارد. دوای نموونەی مۆنتریال، بینەرێک لە کاتی سەیرکردنی یارییەکی تۆپی پێ، دەیتوانی بە چرکە بگۆڕێت و سەیری شتێکی تر بکات، ئێستە هەمان ئیختیار هەیە بۆ بەڕێوەبەرێکی تەلەڤزیۆنیش. بینەرێکی بەرنامەی یارییەکان دەتوانێت یاری بکات دژی ڕکابەرەکانی لە ستۆدیۆدا، وەڵامی پرسیارە فرە ئیختیارەکان بداتەوە، هەروەها دوای پل پێوەنان بەوەڵامێکی ناڕاست، لێرەدا یارییەکە پێت دەڵێت " بەڵێ لە ماڵەوە هەڵەی". بینەرێکی هەردەم لە ماڵەوە ماڵەکەی بە نیشتمانێک دەزانی کە لێی گەورە بووە و نوێترین هەواڵیشی پێ دەگات. لە داهاتوودا، بینەرێک سەیری درامایەک دەکات، ڕەنگە بتوانێت ئەو ڕێگەیە هەڵبژێرێت کە چیرۆکەکە دەیگرێتە بەر، ڕەنگە منداڵان ئەمەیان لا خۆشتر بێت لە چاو گەورەکان، بەڵام ئەوە دنیایە کێ دەزانێت؟

هەروەها چەند تاقیکردنەوەیەک ئەنجام دراون بۆ دیاریکردنی ئامانجی ئەو شاباشانەی دەگەنە ماڵەکان. ئەگەر ئەو جۆرە کەناڵە تێکەڵکراوانەی تەلەڤزیۆن لە کاتی کارکردندا بەکار بهێنرێت، کەپلێکی بە تەمەن لەگەڵ ئافرەتێکی گەنج ڕەنگە شاباشی جیاجیا ببینن لە کاتی سەیرکردنی هەمان بەرنامەدا. ڕۆژێک دێت ڕەنگە دیموکراتەکان هەمان گوتاری

سیاسیی کۆمارییەکانیان گوێ لێ نەبێت. هەر کەسە و ڕەنگە پەیامی جیاجیای پێ بگات.

جۆرج گاربنەر دەڵێت " ئەوەی ئێمە دووچاری دەبینەوە لەگەڵ کێبڵدا برێتییە لە گواستنەوەی جیهانەکەمان، وەک ئەو جیهانەی لە کاتی ڕۆژنامەوانیی چاپکراودا گوێزرایەوە".

## هەواڵی ئۆنلاین

ڕۆژنامەکان چی تر وەک جاران نین. ئێستە زۆر زیاترن لە مەرەکەبێکی ڕەش لەسەر کاغەزی سپی. ئێستە دەنگێکن لەسەر تەلەفۆن، لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرن، برێتین لە سی دی ڕۆمێک. ڕۆژنامە ئەمەریکییەکان دەچنە خانەی فرە میدیاوە. ئێستە خۆیان خۆیان دادەهێننەوە بۆ پێشکێشکردنی نەک هەر تەنیا هەواڵ بۆ خوێنەران، بگرە شتی هەمەجۆر بۆ هەموو تەمەنێک، ڕەنگێک، ئاینێک، زمانێک، ڕەگەزێک، لە سەرووی هەمووشیانەوە بۆ هەموو ئارەزوویێک. دووبارە هاتینەوە وەشانی تەسک (بەرنامە بۆ گرووپێکی تایبەت: بەرنامەی ئافرەتان بۆ ئافرەتان) و ئیختیار.

## ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی

ڕۆژنامەی بێ کاغەز، کە ڕەگەکانی دەگەڕێنەوە بۆ کۆتاییی حەفتاکان، دواجار گەیشتە ماڵەکانمان لە ڕێگەی خزمەتگوزاریی بانکی زانیارییەوە لەسەر هێڵی ئینتەرنێت، وەک پرۆدیگی. ئەمە بۆ ڕۆژنامەیەکی نیشتمانی دیزاین کرا، هەروەها دواتر گەلێ ڕۆژنامەی تریش چوونە سەر ئینتەرنێت. مانگانە بە چەند دۆلارێک، ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، بەتایبەتی ئەوانەی شارە گەورەکان، ٢٤ سەعات هەواڵیان بەخوێنەرانیان دەبەخشی لەگەڵ تازەکردنەوەی هەواڵەکان و زانیاری زیاتر لە چاو چاپی نووسراوی سەر کاغەز. وێڕای ئەمانەش چەندان ریپۆرتاج و چیرۆکی تر لەگەڵ هێڵی ئینتەرنێتیان بە خوێنەران دەبەخشی. ئەگەر خوێنەر چەند دۆلارێکی تر بدات ئەوا وەرزش و گۆڵەکان، ئەنجامەکانی ئەسپسواری، وەڵامی مەتەڵەکانی دنیا، کەلووەکان و هەواڵی تازە لەسەر فیلمەکانیان وەردەگرت.

ڕۆژنامەی لەم جۆرە لاپەڕەیەکی ڕۆژانەی دەبێت بۆ سەر وتار لەگەڵ لاپەڕەیەکی تر لە بەرامبەر سەروتار بۆ ڕای خەڵکی. کە ئەمەیان بەهیچ جۆرێک پێشتر لە ڕۆژنامەکاندا نەبووە. بەچاتکردنی سەر ئینتەرنێت دەچێت کە لەسەر چەندان بابەت و شتی تری وەک گۆرانی و مۆزیک گفتوگۆ ئەنجام دەدرێت. زۆربەی گفتوگۆکان دەلکێنرێن بە هەواڵەکان و

ناوەڕۆکی سەروتارەکانەوە.

لە جیهانی بۆچوونیشدا، ئەوا ڕەنگە بکرێ کۆڕێکی بەردەوام بکرێتەوە بۆ بۆچوونی خەڵکی شانبەشانی لاپەڕەی ڕای خەڵکی، کە هەرچەندە ئەمە زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە چاخی بەردین.

ئەوانەی دەزانن لە کوێیی ئینتەرنێت لە هەواڵ بگەڕێن دەتوانن کورتەی هەواڵەکان بدۆزنەوە لە ڕۆژنامەکانی سەرانسەری جیهان. بۆ نموونە، کلارینێت clarinet هەواڵ دابین دەکات بەپێی بابەت و ناوچە. ئاژانسی ئەسۆشیەتد پرێس و کەناڵی سی ئێن ئێن CNN ماڵپەڕی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ هەواڵەکان. هەروەها بەسەدان ڕۆژنامە، تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، گۆوار و هەواڵنامەی تر ماڵپەڕی تایبەتی خۆیان هەیە. ژمارەی ئەمان ڕۆژانە لە زیادبوون دایە.

## تەلکۆس، ڕۆژنامەکان و بڵاوکراوەی هەواڵ

لە ساڵی ١٩٩٥دا، لە کۆی هەموو کۆمپانیا هەرە گەورەکانی ئەمەریکا بۆ ڕۆژنامە هەشت کۆمپانیا ١٨٥ ڕۆژنامەی ڕۆژانەیان هەبوو. ئەو هەشت کۆمپانیایە لێکیان دا تۆڕێکی نیشتمانیان دروست کرد بۆ ڕۆژنامەی ناوەخۆی ئۆنلاین، هەروەها ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکانی تری ئەمەریکایان داوەت کرد ببن بەئەندام و زانیاریی خۆیان بڵاو بکەنەوە و بفرۆشن لە نێوان دابینکەر و بەکارهێنەردا. ئامانجی ئەمەیان ڕاگەیاند کە بریتی بوو لە فرۆشتنی زۆرترین زانیاری، هەواڵ، ڕیپۆرتاج، وەرزش، فرۆشتنی تکیت، شت کڕین لە ماڵەوە، ئیمەیل و بۆردی چاتکردن.

لەوانەیە کۆمپانیاکانی تەلەفۆن و ڕۆژنامەکان لە داهاتوودا ببن بە باشترین شەریکی یەکتر. ڕۆژنامەکان دەتوانن بەرهەمێکی ئێدیتۆری بە بەرپرسیارێتی بەرهەم بهێنن، هەروەها کۆمپانیاکانی تەلەفۆنیش دەتوانن بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی کێبڵەوە بیگوازنەوە بۆ ماڵەکان.

لێرەدا هەواڵ بەڕێگەیەکی نوێ وەردەگیرێت، بەبێ ئەوەی ڕۆژنامەکە بڵێت شوێنم نییە بۆ ئەم هەواڵە و با بیبڕین. هەر شتێک کە ڕۆژنامە سەرەکییەکان بیانەوێت بڵاوی بکەنەوە زۆر بە ئاسانی دەچێتە سەر ئینتەرنێت.

هەواڵەکانی تەلەڤزیۆن کاتیان زۆر سنووردارە. تاقیکردنەوە هەبووە بۆ تێکەڵکردنی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی هەواڵ لە تەلەڤزیۆن تا بتوانن هەواڵەکان بە دەنگ و ڕەنگ بڵاو بکەنەوە. ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو خاشاکەی کە لە ڕۆژنامەکانی

یەکشەمان دروست دەبێت، ئەو ڕۆژنامانەی لەبەردەرگا فڕێ دەدرێن و جاری وایە هەر ناخوێنرێنەوە. لە ئەمەریکا، ئەو خاشاکە دەگاتە چەندان پاوند لە کاغەزی بێ کەڵک و فڕێدراو. ئۆتۆمۆبێلانی فڕێدانی خاشاک جارێکیان ئەم پەیامەیان بەرز کردەوە: " دارستانەکانمان ڕزگار بکەن. نیویۆرک تایمزی یەکشەمان مەخوێننەوە".

هێشتا ئەو خەونەمان نەهاتووەتە دی کە ڕۆژنامە ڕۆژانەکانمان ببنە بێ کاغەز. لەو سۆنگەوە، زانیاری دێتە ناو ماڵەکانمان بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی، ئەو کاتە دەتوانین دارستانەکانی جیهان لە ئاگر بپارێزین، با جارێ هیچ نەڵێین لەسەر سەرچاوەکانی وزە، وەک ئەو گازەی کە لۆرییەکان بەگەڕ دەخات بۆ فڕێدانی خاشاک، هەواڵی چاپکراو و ئەو ڕۆژنامانەی کە لە بەردەرگا دەمێننەوە. پسپۆڕانی بواری داهاتوو، سەبارەت بە هۆشداریی کاغەزی بێ کەڵک لە کاتی پێشکێشکردنی ڕۆژنامەکان، پێشنیازی ئەوە دەکەن کە هەواڵ لەسەر داوا بێت باشترە لە ڕێگەی هێڵی تەلەفۆنەوە یان هێڵەکانی کێبڵ بۆ سەر تەلەڤزیۆنەکان یان بۆ سەر شاشەکانی کۆمپیوتەر. ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی هەر تەنیا هەواڵ بەبێ کاغەز ناهێنێتە ناو ماڵەکانمانەوە، بگرە زانیاریی زۆر زیاتر دابین دەکات لەسەر هەر بابەتێکی نائاسایی کە ڕۆژنامەی چاپکراوی سەر کاغەز خۆیان لە قەرەی نادەن. ئەو کاتە ئەمە ڕکابەریی کۆوارە تایبەتیەکان دەکات.

## فرۆشتنی هەواڵ لە جیاتی ڕۆژنامەکان

ڕۆژنامەکان تەنیا ئامرازێکن بۆ پێشکێشکردنی هەواڵ. ئەگەر هەواڵ بتوانرێت بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی پێشکێش بکرێت، ئەوا تێچووەکەی تەنیا لە کۆکردنەوەی و ئامادەکردنی دا دەبێت، نەک لە گواستنەوەی بۆ ناو ماڵەکان. چاپخانە گەورە و بەنرخەکان، هەواڵی چاپکراو و ژێرخانی ئاڵۆزی پێشکێشکردنی هەواڵەکان بۆ ناو ماڵەکان چی تر پێویست نابن لە نێو جیهانێکی تەواو ئەلیکترۆنیدا.

ئەگەر ئەو ڕۆژە بێت پەیامنێران خۆیان کار بۆ خۆیان پەیدا بکەن لە ڕێگەی فرۆشتنی هەواڵەکانیان بە دەنگ و ڕەنگ، ئەو ڕۆژە بێت هەواڵەکان بە چەند سەنتێک ڕاستەوخۆ بگاتە خوێنەر لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، ئەوا تەواوی بنچینەی ڕۆژنامەوانی دەهەژێت و فۆرمێکی تر وەردەگرێت. گەردووناسێک بە ناوی جین دیکسۆن کەلووەکانی ڕۆژی لەدایکبوونی خستە بەر دیدی ئابوونەدارانی ماڵپەڕی پرۆدیگی. هەر دۆلارێک کە ماڵپەڕەکە وەری دەگرت بەشێکی دەچووە سەر حسێبی گەردووناسەکە. بەلایەنی کەم یەک ڕۆژنامەنووسی بەڕێز بەناوی ڕۆبێرت پاری، پێشتر کارمەندی ئەسۆشیەتد پرێس و

کۆواری نیوزویک بووە، ڕیپۆرتاجەکانی خۆی بە بەلاش خستە سەر تۆڕی ئینتەرنێت. خوێنەران دەتوانن لە ڕێگەی ئابوونەوە داوای بکەن، بەتایبەتی ئەو خوێنەرانی کە حەز دەکەن لە ڕێگەی ئیمەیل، فاکس، یان پۆستەوە هەواڵیان پێ بگات.

لە تاقیگەی میدیای MITدا، نیوزسپیکدا (واتە: هەواڵ قسە دەکات) دامەزرا بۆ ئەو هەواڵانەی کە بەکارهێنەر دەیەوێت. توێژەرەکانی تر بۆیان دەرکەوت کە ئەو خوێنەرەی داوای هەواڵ دەکات کۆمپیوتەرەکەی بەندە بەهێڵێکی تەلەفۆنییەوە. ئەو کاتە دەتوانن نوێترین هەواڵ داونلۆد بکەن و لە کاتی ئازاددا بیخوێننەوە.

قەبارەی ڕێکنەخراو و ئێجگار گەورەی زانیارییەکان لەسەر ئینتەرنێت تەنیا بۆ ئەو خوێنەرانە باشە کە کاتی ئازادییان زۆرە. چونکە هەر ئەوانن پێڕادەگەن هەندێکی بخوێننەوە. بەهۆی ئەوەشەوە سەیری هەواڵی ڕۆژ دەکەن. بێگومان خوێنەر بەدوای ڕاپۆرتی ڕێک و تۆکمە دەگەڕێت، ئەمەش کاری ڕۆژنامەنووسانە.

## بەکۆمپیوتەرکردنی ڕۆژنامە

ڕۆژنامە مۆدێرنەکان لە هەموو هەنگاوێکی ڕۆژانەیاندا پشت بە کۆمپیوتەر دەبەستن. پەیامنێران چیرۆکەکانیان بە کیبۆرد تایپ دەکەن، بەرنامەی وێرد Word بەکار دێنن لەگەڵ سیستمی ڕاستکردنەوەی ڕێنووس و بانکی زانیاریی کتێبخانەکانیان ئۆنلاین لەبەردەستە. هەروەها ئەرشیڤی چیرۆکەکانی ڕۆژنامەکەیان بە ئەلیکترۆنی لەبەردەستە، ئەمەش شوێنی ئەرشیڤی کۆنی ڕۆژنامەکانی گرتووەتەوە. بەبەکارهێنانی تێرمیناڵەکانیان، پەیامنێران بەئاسانی تۆمارەکانی حکومەت بە دەست دێنن؛ چونکە هەمووی بە کۆمپیوتەر نووسراون. ئەسۆشیەتد پرێس و ئاژانسەکانی تری هەواڵ لە ڕێگەی مۆدەمێکەوە زۆر بەخێرایی هەواڵەکان ئامادە دەکەن . ئیدیتۆرەکانیش دواتر بە چیرۆکەکاندا دێنەوە و مانشێتیان بۆ دەنووسن. وێنەکان دەچنە سەر کۆمپیوتەر و بەپێی هەواڵەکە ڕێک دەخرێت و دادەبەزێت. دیزاینەر بەرنامەی سۆفتوێر بەکار دێنێت بۆ ڕێکخستنی لاپەڕەکە. شاباشە پۆلێنکراوەکانیش، کە بە تەلەفۆن وەرگیراون، یەکسەر دەچنە ناو کۆمپیوتەر. شاباشە نیشاندراوەکان لەسەر دیسکێک دەگەن. لاپەڕە تەواوبووەکان وەک پلێتێکی تەنک دەردەکەون و ئامادەن بۆ چاپ، کە لە هەمان کاتدا لە ژێر کۆنترۆڵی کۆمپیوتەردان.

ئەو کۆمەڵە کاغەزەی جاران لە ناو ئۆفیسی ڕۆژنامەکان لەسەر یەک کەڵەکە دەبوون باوی نەما، ئەو ڕۆژانە بەسەر چوون. لەگەڵ نەمانی ئەو جۆرە ڕۆژنامانەدا، دەنگ و هەرا، بۆنی مەرەکەب و لێک دانیش نەمان و مافوورێکی شیک شوێنیانی گرتەوە. تەنانەت هەفتانە

بچووکەکان و دووکاندارى شارۆکەکانیش سوودیان لە کۆمپیوتەر وەرگرتووە.

لە ناوەڕاستی نەوەدەکان بە سەدان ڕۆژنامە لە ئەمەریکا و کەنەدا بە کۆمپیوتەر دیزاینیان بۆ دەکرا. لە کاتێکدا گەلێ ڕۆژنامە وێنە و گرافیکەکانیان هەر بەدەست دەکرد، هەروەها ژمارە دانان بۆ لاپەڕەکان هەر بەدەست دەکرا.

هەندێ پەیامنێران، بە تایبەتی پەیامنێرانی وەرزشی لە کاتی خۆیاندا، تێبینییەکانیان لە سەر کۆمپیوتەر دەنووسی و ڕێکیان دەخستنەوە. لە ناو یاریگەدا، لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکەدا چیرۆکەکانیان دەنووسی. لید (ڕستەی سەرەتا) و گۆڵەکان لە کۆتایی یارییەکەدا دەنووسران. دواتر چیرۆکەکە بە پل پێوەنانێک دەنێردرا بۆ ئۆفیسی ڕۆژنامەکە یان بۆ نووسینگەی ئەسۆشیەتد پرێس. کۆمپیوتەرەکان بە هێڵەکانی تەلەفۆنەوە، بەسترابوونەوە، بۆیە پەیامنێران پێویستیان بەوە نەبوو بە دوای هێڵێکی تەلەفۆندا بگەڕێن. پەیامنێرە بیانییەکان، دووچاری گرفتی تەلەفۆنی بەگومان دەبوونەوە، زۆر سوپاسگوزاریی ئەو ئامێرە بوون کە بەیەک خولەک بە پل پێوەنانێک بابەتەکانیان دەگەیشتە شوێنی مەبەست. ئەمە زۆر باشتر بوو لەوەی لەسەر تەلەفۆن هاوار بکەیت و بڵێت " مەبەستم پیتی "ب"ایە، وەک پیتی یەکەمی باران.

## دابەشکردن لەسەر ئاستی نەتەوەیی

لەبەرئەوەی خوێنەرانی ڕۆژنامەی لۆکال قایل نەبوون تەنیا بە هەواڵە جدییەکانی سەرانسەری جیهان، ڕۆژنامەوانییەکی نەتەوەیی لە ئەمەریکا سەری هەڵدا کە ڕکابەری ڕاگەیاندنە نەتەوەیییەکانی ئەوروپای دەکرد؛ چونکە ئەو وڵاتانەی لە ڕووی جوگرافیاوە بچووک بوون حەزیان لە ڕۆژنامە بوو. تەکنۆلۆجیای مۆدێرنی پێوەندی و گەیاندن ڕاگەیاندنی نەتەوەییان لە ئەمەریکا ئاسایی کرد.

ئەو ڕۆژنامانەی کە سیستمی دابەشکردنیان هەبوو لەسەر ئاستی نیشتمانیدا، سەتەلایتێکیان هەبوو پەڕەکانی یەک دوای یەک دەنارد بۆ قاپێکی وەرگر کە لە ناو شارەکاندا چەسپ کرابوون و لەوێشەوە بۆ هەموو خاڵەکانی هەرێمی و نیشتیمانیان دەگواستەوە. چاپی سێشەمەی ئەو جۆرە ڕۆژنامە نەتەوەییانە وەک نیۆرک تایمز و وۆل ستریت جێرنال دەگەیشتە زۆربەی پێش دەرگەکانی ئەمەریکا هەر لە ڕۆژی سێشەمەدا.

وەک بڵێی هەموو ئەو شتانە بەس نەبن، هەندێ ڕۆژنامەی ژیر هەبوو کاتێ دەیانزانی فرۆشیان دابەزییەوە دەچوون تیراژیان کەم دەکردەوە بۆ ئەوەی بەلاش چاپ نەکەن. هەروەکو ئەو گۆرانییەی دەڵێت " کاتێک هەر دێت دەگۆڕێن."

## پوخته

له سـەردەمی هەر شـەش شـۆڕشـەکـەی زانیـاریدا، له هـەندێ ناوچەی لەبار بۆ گـۆڕان، بەلایەنـی کـەم ناوەندێکی نوێی گـەیاندنی پەیامـەکـان تێکەڵ دەکرا لـەگـەڵ بەلایەنـی کـەم ناوەندێکی نوێی دابەشکردنی ئـەو پەیامـانە بـۆ جـەمـاوەرێکی فـراوانتـر. ئەنجامی ئـەمـەش بریێتی بوو له گۆڕانێک که دەکرێ ناوی شـۆڕشی لێ بنێین، جا هـەندێ جار سست و هـەندێ جاریش خێرا، بەڵام جووڵەیەکی بێ وەستان بوو. له هـەمـان کاتدا، زەوینەی لەبار بۆ گۆڕان بووە هۆی بڵاوبوونەوەی میدیای نوێ.

هـەردەم پێوەندییـەکی چڕ هـەبووە له نێوان ئالیـەتەکانی پێوەندی و گـەیاندن و شـیرازەی کـۆمـەڵایەتیـدا. له سـەرپاکی مـێـژوودا ئـەو دووانە هـەر پێکەوە گـەشـەیان کـردووە له پێوەندییەکی هۆ و ئەنجامدا (واتە یەکێکیان هۆ و ئەوی تریان بووەتە ئەنجام)، هەریەکەیان تەکانی بەوی تر داوە.

لێکدانـەوەیەکی ئەقڵانـی بۆ چالاکیی ئەم سـیسـتـمـە توندوتۆڵە ئەوەندە زەحـمـەت نیـیـە، دەکرێ مرۆ خۆی له قەرەی بدات. ئەو سیستـمەی کە دەبێتە هۆی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی و پشـت ئەسـتـوورە بە توانای زانسـتی ژمـارەیەکی زۆر داهـێنەر. دەربـڕینی سـاتەکـانی سەرکەوتن هـەردەم پێویست بووە، بەڵام سەرکەوتن هـەر دەربڕینەکەی نییە.

ئەمەش دەکرێ بەم شـێوەیە لێک بدرێتەوە: زنجیرەیەک هەنگاوی لۆجیکی له ئارادا بوون، کاتێ ئەو هـەنگاوانە هـەڵگیران کە هەست کرا زەوینەیەکی لەبار هەیە لە نێو کۆمەڵگەدا، ئەو زەوینەیەش خـەڵکانێک دەیرەخـسـێـنن کـە دەیانەوێت هـەندێ گـۆڕان بکەن جـا چ گـۆڕانی سـیـاسـی یان ئەوەتا دەسکەوتی کـەسـی لەو شـوێنەی کـە پێـشـبـینی دەکـرێت بـوار بۆ سـەرکـەوتن لـەبارێت. لـە پێنـاو چاندنـی تۆوی گـۆڕان، ئەو خـەڵکانە هـەوڵیـان دەدا بڕوا بەکـەسـانی تر بێنن، هـەرچی لە تواناياندا هـەبوو بەکـاريان دەهێنا، بە تايبـەتی مـيـديا بۆ پێوەندی و گەياندن. لەو شـوێنەی سەرکەوتن پشت ئەستوور بوو بە قايلکردنی ژمـارەيەکی زۆری دانيشـتـوان، ئەو خـەڵکانە ناوەندەکـانی هۆگـەلی گـەياندنيـان بەکار دەهـێنا. ئەگـەر ناوەندە نـوێيـە داهـێنراوەکـانی پێـوەندی و گـەيـاندن سـەرکـەوتوو بووناية، ئەوا وەرگـرانی پێـوەندی و گـەياندن نـەک هـەر تـەنيـا بە پـەيامـەکـە ئاشـنا دەکـران بگرە ئەو ناوەندنەشيان پێ ئاشنا دەکرا کە پەيامەکەی بۆيان دەگوێزايەوە. کاريگەريی ئەوان دەبێتە بەڵگەيەکی خودی.

هـەندێ لە وەرگرانـی گـەياندن لەبەرامبـەردا نـاوەندە نوێيـەکان بۆ مـەرامـی خـۆيان بەکار

دێن، دەبن بە هەژێنەر و جووڵێنەری نوێی کۆمەڵگەکەیان. ئەنجامی ئەوەش فراوانبوونی ئەو شۆڕشی زانیارییەیە کە نەک تەنیا هەلومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دەگۆڕن بگرە دەرفەتی بەکارهێنانی ئالییەتەکانی گەیاندن زۆر فراوان دەکەنەوە. وانەیەکی مێژوو برێتییە لەوەی ئالییەتەکانی گەیاندن لەلایەن ئەو کەسانەوە بەکار دەهێنرێن کە دەیانەوێت کۆمەڵگەکەیان باشتر بکەن، یانیش سامان، خۆشی و خۆگونجاندنیان زیاتر بکەن.

هەردەم گوتراوە ئەو کۆمەڵگەیەی چەکی هەیە ڕێگەیەک هەر دەدۆزێتەوە بۆ بەکارهێنانی. لەوەش ڕاستتر ئەوەیە ئەو کۆمەڵگەیەی ئالیەتی گەیاندنی هەبێت بەکاری دێنێت و بەکارهێنانەکەش بە چەندان ڕێگەی هەڕەمەکی دەبێت. بەپێچەوانەی چەکەوە، هەرگیز مەبەست ئەوە نەبووە ئالیەتەکانی گەیاندن بمێننەوە تۆزیان لەسەر بنیشێت و چاوەڕێی ساتی پێویستبوونیان بکرێت. ئالیەتەکان دابەش کراون بۆ دامەزراندنی چالاک لە بواری بازرگانی، پەروەردە، گواستنەوەی زانیاری، پێوەندیی کەسی و چالاکییەکانی کاتی ئازاد. ئالیەتەکانی گەیاندن هەردەم بەردەستن بۆ ئەو کەسانەی قایل نین و نەکۆششێک دەکەن بەکار بێن، نەخۆیان دەخەنە مەترسییەوە بۆ بەکارهێنانی. قایل نەبوون هیچ شەرم نییە و لە هەموو شوێنێکیش بەدی دەکرێ.

## بەسەرکردنەوەی شەش شۆڕشەکەی زانیاری

یەکەم شۆڕش، ناسراوە بەشۆڕشی نووسین. لەم شۆڕشەدا، ئەلفوبێی فۆنەتیکی بۆ پێوەندی و گەیاندن تێکەڵ کراوە لەگەڵ پاپیرۆس بۆ پێشکێشکردنی. ئەمە بووە هۆی ئاڵوگۆڕیی زانیاری لە ناوچەکانی دەوروبەری زەریای ناوەڕاست و هەروەها بووە هۆی دروستبوونی سەرەتاکانی مێژووی تۆمارکراو، لەگەڵ پێشکەوتنی بەرچاو لە هونەر و زانستەکاندا. ئەمە برێتی بوو لە دەسپێکێکی ڕاستی بزووتنەوەی زانیاری لە کات و شوێنەکاندا. چی تر ئەقڵ (بیرەوەرییەکان) بەیادگارییەکان پڕ ناکرێتەوە؛ چونکە زانیاریی تێدا خەزن دەکرێت.

چاپی دووەم شۆڕشی زانیارییە. لەم شۆڕشەدا، سیستمی چاپی جووڵاوی گۆتنبێرگ، کە پەیامەکانی بەرهەم دەهێنا، لەگەڵ کاغەز، کە میکانیزمی پێشکێشکردنی دابین کرد، تێکەڵ کرا. پێکەوە، چاپ و کاغەز وشەیان نووسی و باڵیان بۆ ڕینێسانس، هیومانیزم، گێڕانەوەی حوکم و چاکسازی، دژە گێڕانەوەی حوکم و چاکسازی و بووژانەوەی ئابووری دروست کرد. هەردووکیان یارمەتیی بەکۆتاهێنانی سەردەمی وەستاوی دەرەبەگایەتییان

دا. شـۆڕشـی چاپ یارمـەتیی بڵاوبوونـەوەی خـوێندەواریـی دا، خـوێندەوارییش یارمــەتیی شۆڕشـەکەی دا. لەگەڵ چاپدا جیهانی مۆدێرن دەستی پێ کرد

هۆگەلی ڕاگەیاندن بریتین لـە شـۆڕشـی سێـیـەمی زانیـاری. لـەم شـۆڕشـەدا، کاغـەزێکی ئێـجگار زۆر بەرهـەم هێنرا بـۆ چاپکردنـی ڕۆژنامـە و گـۆواری جـۆراوجـۆر، بەو شـێـوەیە خـوێندەوارییش زۆر هـەڵکشـا. قـوتابخـانەی گـشـتی، کـتـێبـخـانەی گشـتـی، تەلەگـراف و فۆتۆگراف بەشدارییان لەم شـۆڕشـەدا کرد بەدابینکردنی مەعریفە و زانیاریی تازە بۆ چین و توێژە جیاجیـاکـانی خـەڵک. ئەم کارە بۆ یەکەم جار بوو لـە مێـژوودا. شـاباش شـۆڕشـی پیشـەسازیی گـەرموگوڕتر کرد بەهۆی فراوانکردنی بـازاڕەکان بۆ لەخۆگرتنی بەرهـەمی بە لێشاوی کارگەکان. لەبەر هۆگـەلی گەیاندن، دیموکراسی و سـەرمایەداری بەقـوڵی ڕەگیـان داکوتا.

چوارەم شۆڕشی زانیاری خۆشی بوو. ئەم شۆڕشـە خەڵکی لە چوارچێوەی مـاڵ دەرهێنا. چیرۆکە ڕاست و خـەیاڵییـەکانی شوێن و سـاتەکانی تر خـەڵکێکی ئێجگار زۆری لە بازنەی ناڕەحەتی، خەمناکی و حـەپەساوی دوور خستەوە. لەم شۆڕشـەدا، مـوزیک لەسـەر قەوان لێ دەدرا، ڕۆمـان لەسـەر لاپەڕەی جوان و لە بەرگێکی ڕێکدا دەخـوێندرایەوە، چیرۆک و گـوتار لە گۆوارەکان، هەواڵ و وێنەکان، کامێرای هـەرزانی کـەسی کە یادگارییەکانی دەپاراست، مـوزیک، دراما و شـتی گاڵتـەجاڕی بەهـۆی ڕادیۆوە پێشکێش دەکران، پیاوە قۆز و ئافرەتە شـۆخـەکان دەمـوچاویان ڕەش دەچووەوە لە ناو سـینـەمـای تاریکی ٥ سـەنت باوی بە دیار فـیلمـەکـانەوە. خـەڵکی چی تر پێـویسـتـیـان بـەوە نەبوو خـەون بەو ڕۆژانەوە ببـیـنن، بگرە خەونەکان خۆیان بووبوونە ڕاستی.

ئێمـە لە ناو شـۆڕشـی پێنجەمدا دەژین، گواسـتنـەوەی مـاڵ بۆ نێـو چەرداخی پێوەندی و گەیاندن. بۆ ملیـۆنان کەس، چی تر ماڵ ئەو شـوێنە نییە ئەندامانی خێزان لێی کۆ ببنەوە و پێکەوە نان بخـۆن، بخەون و پەرە بە پێوەندییەکانیان بدەن کـە هـەر ئەمەش خێزان دروست دەکات. لە جیـاتی ئەمـانە، مـاڵ بووەتە شوێنی هـەڵگرتنی ئالیـەتەکانی پێـوەندی و گەیاندن، بووەتە چەرداخـێک بۆ وەرگـرتن و ناردنی زانیـاری. هـەر لـە ناو چەرداخی مـاڵدایە خـەڵکی زۆربەی کاتەکانیـان تێدا بـەسـەر دەبەن، لە ڕووی جـەسـتـەیی و ئەقڵییەوە خـۆیان لەوانی تر جیا کردووەتەوە، زۆر سـەیری تەلەڤزیۆن دەکەن. ڤیدیۆ، ڕادیۆ، تەلەفۆن، کتێب، گۆوارەکان، ڕۆژنامەکان، کۆمپیوتەر ئەمانە هەمووی لە ماڵدا هـەیە. لەلایەکی ترەوە ئامێری وەڵامدانەوە، فـاکس، کێبڵ و قاپی سـەتەلایتیش بەشێکی ماڵەکانمانی داگیر کردووە. ئێمـە درکمـان بە هێـزی هۆگـەلی پێـوەندی و گـەیاندن کرد کـە دەتوانێت لێکمـان بکات، دیارە ئێمــەش بەو

لێککردنە ڕازین.

لە کۆتاییدا، ئێمە پێ دەنێینە ناو شۆڕشی شەشەم کە بریتییە لە شۆڕشی زانیاری. ئەم گەشتەمان پڕە لە ئیختیار شانبەشانی ڕێی گشتیی زانیاری. ڕەهەندەکانی ئەم شۆڕشە زۆر ڕوون نین، بەڵام بەڵێن دەدەن بە تەواوی پێوەندی و گەیاندن لە هاتوچۆ جودا بکەنەوە. کارکردن لەماڵەوە، فێربوون لە ماڵەوە، پێوەندیکردن لەگەڵ کەسە دوورەکان هەر لە ماڵەوە، زۆربەی خۆشییەکانی ژیان لە ماڵەوە هەیە، هەموو ئەمانە وا لە تاک دەکات بە دەگمەن پێش دەرگەکەی ببینێت. لەبەر ئەم ماڵە، چی تر پێویست ناکات خۆت بچیتە سەر کار، قوتابخانە، شوێنەکانی ڕابواردن و خۆشی یان بچیتە لای خۆشەویستانت. هەر شوێنێک حەزمان لێی بێت لەوێین. ئەمە لە کاتی خۆیدا، دوو سەدە پێشتر، دەیتوانی بە لێشاو خەڵکی سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی پەلکێش بکاتە ناو شارەکان. ئاکامێکی زۆری کۆمەڵایەتی، جا ئەرێنی و نەرێنی، لەو گۆڕانەی دانیشتووان دەکەوێتەوە. لەوەش دوورتر بڕۆین، زانیاری و بەهاکان هەرەشە لە ژێرخانی ئابووری ئەو ناوچانە دەکەن کە ئالیەتەکانی گەیاندنیان تێدا نییە.

لەسەر ئاستی کەسیدا، کاتێ هەر تەکنۆلۆجیایەکی گەیاندن بەکار دێت، هەمان تەکنۆلۆجیا ناوەندەکانی تری گەیاندن یان هەڵسوکەوت دەسڕێتەوە کە خەڵک تا بەر لە سەرهەڵدانی ئەم چەشنە تەکنولۆژیایە زۆر پابەندبوون پێیانەوە. نووسین لە سەردەمی سوقراتدا شوێنی یادگارییەکانی گرتەوە، هەمان شتیش ڕاستە بۆ ڕێی گشتیی زانیاری. ڕەنگە ئیمەیل شوێنی پۆستە بگرێتەوە، داونلۆدکردنی فیلم شوێنی چوونە دەرەوەی ئێواران بۆ سینەما بگرێتەوە، چات شوێنی ژوان بگرێتەوە، لەوانەشە هەندێ تەکنۆلۆجیا یان چالاکیی تر هەر نەمێنن. هەندێ جار ڕەنگە پێوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان مرۆڤەکان، هەرچەند خۆش بێت، لە دەست بچێت. وێڕای ئەوەی هەموو جیهان بۆ کۆشش دەگەن بە میدیای نوێ، دوورەپەرێزی و گۆشەگیری بەدوای وەرگرتنی زانیاری و خۆشیدا دێت، یان ئەوەتا لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبێکە، یان کات بەسەربردنە لەسەر ئینتەرنێت و گەڕان بەناو بانکی زانیاری. ئەم گۆشەگیرییە لە کاتی گۆڕانی کولتووری زارەکی بۆ کولتووری نووسین دەستی پێ کرد و لەو کاتەوە ئەوەندە فراوان بووە کە لێکترازانی کۆمەڵایەتی بووەتە خەمێکی گەورەی سەر ڕێی گشتیی زانیاری.

## پێوەندی و گەیاندن لە سێ سەردەمدا

با سێ مرۆڤ بێنینە بەرچاوی خۆمان. یەکێکیان لە شارستانییەتی خێڵەکی، یەکێکیان لە جیهانی سەردەمی ناوەڕاستدا و ئەوەی تریشیان لە جیهانی مۆدێرندا کە لە ناوەڕاستی پەیدابوونی ئالیەتە تازەکانی پێوەندی و گەیاندندا دەژیت. هەرچەندە دەکرێ ئەو سێ کەسە پیاو یان ئافرەت بن، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە لە ڕووی ڕەگەز، کولتوور، پەروەردە و مەنسەبەوە شتەکان جیاوازن. بۆیە دەبێ بڵێین گشتاندنی ئەو نموونەیە بەسەر هەموو کۆمەڵگە و کولتوورە جیاوازەکاندا کارێکی بەجێ نییە.

با بڵێین کەسە خێڵەکییەکە هی سەردەمی پێش مێژووە، هەرچەندە ئێستەش هەندێ کۆمەڵەی سەرەتایی هەن کە لە بیابان، دارستان و شوێنە سەهۆڵبەندانە دوورەکانی سەر زەویدا دەژین. مرۆڤی سەردەمی ناوەڕاست بەردەوام لە گەلێ شوێندا هەیە. مرۆڤی چەرداخەکە لەماڵەکەی تەنیشت تۆوە دەژیت، یانیش هەموو بەیانییەک لە ئاوێنەوە سەیری تۆ دەکات. مرۆڤە خێڵەکییەکە لە زۆربەی ئالیەتەکانی پێوەندی و گەیاندن بێ بەش بووە، ئەمە جگە لەو ئالیەتانەی لەگەڵ لەدایکبوونەوە هەر هەبوونە. تەنیا چەند کەسێکی تر نووسیویانە کە بازنەی ژیانی مرۆڤی خێڵەکی پێش مێژوو زانیارییان هەبووە. هەموومان دەزانین، مرۆڤی خێڵەکی ئەوساکە شتەکانی زیاتر بە بۆن ناسیوەتەوە نەک بینین. ژیانی مرۆڤی خێڵەکی لە حالەتی سروشتیدا، هونەر، نامە و کۆمەڵگەی گەورەتری نەبووە، بگرە ژیانی پڕ بووە لە ترس و دیاردە پڕ مەترسییەکان. تۆماس هۆبز، ژیانی مرۆڤەکانی ئەوساکەی بەم شێوە کورتە پێناس کردووە " ژیانێکی تەنیا، خراپ، دڕندانە، کورت و بێزارکەریان هەبووە". لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی مرۆڤێکی ئەو سەردەمە بەقەد ژیانی مرۆڤێکی نێو چەرداخی ماڵەکان تەنیا نەبووە؛ چونکە ئەو مرۆڤە لە ناو چەرداخەکەی تەنیا خەریکە بە ئالیەتەکانی پێوەندی و گەیاندن و ئامێرەکانەوە و ئاگای لە کەسی تر نەماوە. کەواتە بەڕاستی ژیانێکی زۆر تەنیای هەیە. سەبارەت بە مرۆڤە خێڵەکییەکەش، بێگومان ژیانی پڕ بووە لە مەترسی، هەرگاف پشتی بە ئەندامانی تری خێڵەکەی بەستووە، هەر پێنج یان شەش هەستەکەی بەکار هێناوە بۆ ئەوەی بزانێت ئەندامانی خێڵەکەی چی دەکەن و چی ناکەن. ئەگەر یەکێک بڵێت ئەگەر مرۆڤێکی خێڵەکی بیری بکردایەتەوە کە ژیان لە شوێنەکانی تر چۆن بووە، ئەوا ئەم مرۆڤە بە گاڵتەجاڕییەوە پرخەیەکی لێوە دەهات و دەچووەوە سەر کارەکەی.

بە پشتبەستن بەوەی مرۆڤی چاخی ناوەڕاست لە کوێی سەر زەوی و لە کامە چینی کۆمەڵایەتی لەدایک بووە، ئەوا ئەو کەسە زۆر نێزیکتر لە سەردەمی مرۆڤی ناو چەرداخی

ماڵدا ژیاوە، نێزیکتر بووە لە روح و ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤە خێڵەکییەکە. ئەگەر لە لادێدا لەدایک بووبێت، ئەوا ڕەنگە پیاوەکەی چاخی ناوەڕاست چەند کەسێکی تری بینیبێت. کەسێکی ئاسایی لە پارێزگای نۆرماندنی فرەنسی لە سەدەی حەوتەمدا نێزیکەی ١٠٠ تا ٢٠٠ کەسی لە ژیانیدا بینیوە، هەروەها ٦٠٠ وشەشی زانیوە.

مرۆڤی چەرخی ناوەڕاست، هەرچەندە ئاگەداری جیهانی دەرەوە بووە، زانیویەتی ئەمە کارێک نییە بۆ تاقیکردنەوە. ئەگەر لە گوندێک لەدایک بووبێت، مرۆڤی چەرخی ناوەڕاست هەر لە گوندەکەدا ماوەتەوە تا ئەو کاتەی دەرفەتێکی بۆ ڕەخساوە بەشداریی شەڕی خاچپەرستەکانی کردووە. ئەو برە زانیارییەشی کە هەبووە لەودیو گوندەکەیەوە لە ڕێگەی ئەو گەشتیارانەوە پێی گەیشتووە کە بە گوندەکەی ئەودا تێپەڕیون. بەڵام ئەگەر گەشتیارەکان هەواڵێکی نامۆ یان جیاوازیان بهێنایە ناو گوندەکە، هەروەک جارێکیان مارکۆ پۆلۆ وای کرد، مرۆڤی چەرخی ناوەڕاست هیچ هەڵوەستەیەکی نەدەکرد، ئەوە نەبێت پرخەیەکی گاڵتەجاڕییانەی لێو دەهات و دەچووەوە سەر کارە ڕۆژانەکەی. زۆربەی ئالیەتەکانی گەیاندن کە ئێمە ئێستە بەکاریان دێنین لە چەرخی ناوەڕاستدا بوونیان نەبوون. ئەوانەشیان بوونیان هەبوون برێتی بوون لە پارچمێنت، لەوانەیە کاغەز، کتێبی دەستنووس، کتێبەهەواڵ، خزمەتگوزاریی پۆستە، پەنجەرەی نەخشێنراوی ناو کڵێساکان یان دیواری نەخشێنراو کە چیرۆکەکانی ئینجلیان دەگێڕایەوە. ئاگەداربوون لە هەریەک لەمانەش دەوەستایە سەر شوێنی مرۆڤی ئەوساکە لە ژیانیدا. لە هەر ڕووداوێکدا، ئەو ئالیەتانە ئەوەندە بەهەند وەرنەدەگیران. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە مرۆڤی ئەو سەردەمە خوێندنەوە و نووسینی نەزانیوە. ئەوەی بە هەند وەردەگیرا پێوەندیی نێوان مرۆڤێکی ئەو سەردەمە بوو لەگەڵ گوندنشینەکانی، لەگەڵ خاوەن زەویوزار، هەروەها لەگەڵ ئەوانەی کەمێک زانیارییان هەبوو، ئەوانەی حوکمی خواوەندیان دەکرد و باڵادەست بوون لە جیهانەکەدا وەک مرۆڤە خێڵەکییەکە، ڕەنگە مرۆڤی چەرخی ناوەڕاستیش هەر پێنج هەستی بەکار هێنابێت بۆ تێربوون بەلانی کەم کاتێک بەخۆدا دەهاتەوە.

مرۆڤی ناو چەرداخەکانی ماڵ، ئاگەداری تەواوی جیهانە، ئاگەداری ملیۆنان کەسە، لە ڤیدیۆ و فیلمەکان خەڵک دەبینێت، سەیری خەڵک دەکات لەسەر تەلەڤزیۆن، گوێی لە موزیکیان دەبێت لەسەر سیدی، لەبارەی خەڵک لە ڕۆژنامەکان دەخوێنێتەوە، کتێب، کۆوار لەبارەیانەوە دەخوێنێتەوە، لەگەڵ هەندێکیان بە تەلەفۆن قسە دەکات و سوالفە دەکات، لەگەڵ هەندێکیشیان بە ئیمەیل و نامە. مرۆڤی چەرداخ زانیاریی هەیە لە ڕێگەی میدیای نووسراو، بیسرا و بینراو، نەک هەر خەڵکی ڕاستەقینە کە مرۆڤی خێڵەکی و چەرخی ناوەڕاست کەمێک لێی ئاگەدار بوون بگرە زانیاری لەسەر کەسە خەیاڵییەکانیش هەیە.

وەک ئەو باو و باپیرانە، مرۆڤی چەرداخ پێویستی بەپێوەندیی نێزیک هەیە، بەڵام زۆر بە کەمی ئەو پێوەندییە ڕاستەوخۆ، لە نێزیکەوە و ڕووبەڕوو دەبێت. ئەگەر هەر کەسێک باسی بۆنی لەشی یەکێکی تر بکات، نەک بۆنی خۆش بگرە بۆنی ئارەقە و چڵک و، ئەوا مرۆڤی چەرداخ پرخەیەکی گاڵتەجارییانە دەکات و دەچێتەوە سەرکار ڕۆژانەی خۆی، چونکە؛ مرۆڤی چەرداخ چاوەڕێی ئەوە دەکات یەکێک ببینێت کە ڕێکوپێک، بۆنخۆش و باش خۆی ئامادە کردبێت. ئەگەر مرۆڤێکی چەرداخ کەموکورتییەکی جەستەیی، هەبێت وەک کوێری، کەڕی یان نەجووڵان، ئەوا بەرنامە سۆفتوێر و هاردوێرەکان زۆر بە ئاسانی دەبن بەهاوڕێی و وای لێ دەکەن هەست نەکات دابڕاوە، بگرە زانیاری و خۆشیی بە بەردەوامی پێ دەبەخشن و شوێنی هەستەکانی بۆ دەگرنەوە.

وێڕای ئەوەی مرۆڤی چەرداخ ئاگەداری ملیۆنان کەسە، ڕەنگە پێوەندیی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕووی زۆر کەمتر بێت لە چاو مرۆڤێکی خێڵەکیی پێش مێژوو و مرۆڤێکی چەرخی ناوەڕاست، هەروەها کەمتر لە چاو ئەو دوو کەسە سەلامی لێ دەکرێت و سەلام لە کەس دەکات. مرۆڤی چەرداخ وای لێ هاتووە حەز بە تەنیایی و دوورکەوتنەوە و ونبوونی ناوی بکات، چونکە هەر پێوستییەکی سۆزداری، یان کۆمەڵایەتیی هەبێت ئەوا بە چەندان ڕێگە تەنیا بە پل پێوەنانێک دەتوانێت پراکتیزەی سێکس، توندوتیژی و قومار بکات. لە ڕاستیدا، مرۆڤی چەرداخ بەدەیان ڕاپۆرتی لەسەر واقیعی سێ دووری XXX خوێندووەتەوە، بۆیە هەرگیز چاوەڕێی تەکنۆلۆجیای ڕۆمانسی ناکات پێی بگات. سەبارەت بە پێنج هەستەکەش، تەنیا دووانیان بینین و بیستن زۆر بەکار دێنێت. هەستی بۆنکردنی مرۆڤێکی چەرداخ کەم بەکار دێت مەگەر بۆنێکی ناخۆش بێتە ناو ماڵەکەیەوە. هەستی دەست لێدان مانایەک بۆ ئەو نابەخشێت؛ چونکە گۆشەگیرە بە ڕۆمانسی دەرەوە. سەبارەت بە تامیش، ئەوا ژەمی دیار تەلەڤزیۆن دەمێکە تامی لە بیر بردوونەتەوە.

ئالیەتەکانی پێوەندی و گەیاندن گرێنتی هێز یان سامانی مرۆڤی چەرداخ ناکەن، بگرە بەبێ ئەو ئالیەتانەش هێز و سامان هەموو شتێک نین. ئەگەر حکوومەت ئالیەتەکان دابخات ئەوا بێگومان مرۆڤی چەرداخ هیچ هێزێکی نییە. ئەگەر مرۆڤی چەرداخ ببێتە خاوەنی ئالیەتەکان کە دەتوانن زانیاری و خۆشیی پێ ببەخشن و بەردەوام بەکاریان بێنێت، ئەوا ئەو مرۆڤە نابێتە خاوەن سامان. ئەگەر مرۆڤی چەرداخ ئەوە هەڵبژێرێت بە تەنیا بژیت، وەک جاڵجاڵۆکەیەک لە نێو تۆڕێکی ئەلیکترۆنی، ڕەنگە لەبەرئەوە بێت کە ژیان بەتەنیا شێوە ژیانێک بێت زۆر بێزاریی پێوە نەبێت، لەبەرئەوەشە کە زۆر تەداخولی تێدا نییە و مشتومڕیشی لەسەر ئیختیاری میدیا تێدا نییە. ئەگەر مێژووی گەیاندن تەنیا شتێکمان پێ بڵێت، بێگومان ئەو شتە بریتییە لەوەی سنووری بژار بەرینتر دەبێ.